# هێزی جوگرافیا



نووسینی: تیم مارشاڵ (ساڵی ٢٠١٥)

وەرگێڕانی لە ئاڵمانییەوە: نادر فەتحی (شوانە)

هاوینی ساڵی ٢٠٢٥ی زایینی

www.rojhalat.de

www.bokan.de

هەموو حکومەتەکانی ئەم جیهانە ملکەچی کۆت و بەندی جوگرافیایین. شاخ، دەشت، ئاو، زیخ، خۆڵ و سەهۆڵ چوارچێوەی بڕیاردانی مرۆڤ سنووردار دەکەن. بۆ نموونە لە ڕووسیا هەموو سەرۆک دەوڵەتان چ پێتەری مەزن، ستالین یان پوتین، ڕووبەڕووی کێشەی جیۆستراتیژی[١] بوونەتەوە: زۆربەی دوڕگەکان نیوەی ساڵ بە شێوەی سەهۆڵ بەستوویەتی و دەشت و دۆڵەکانی باکووری ئوروپا کە لە دەریای باکوورەوە تا ئۆرال درێژ دەبێتەوە، دەشتێکی تەختە و هەر کەسێک بیەوێ دەتوانێت هێرشی بکاتە سەر. تیم مارشال بە شەففافی و شێوەیەکی وروژێنەر ڕوونی دەکاتەوە چلۆن ئەمریکا توانی ببێتە ئەو زلهێزە جیهانییەی کە ئەمڕۆ هەیە، بۆچی پوتین ئەوەندە وەسوەسەی بۆ کریمە هەیە و چلۆن دەتوانرێت لە کاریگەرییە جیهانییەکانی چین تێبگەین. نیگایەکی ڕۆشنگەرانە لە پشت پەردەی سیاسەتی دەرەوەی جیهانی. تیم مارشال خۆی بریتانییە و پسپۆڕێکی ناودار و دانپێدانراوی سیاسەتی دەرەوەیە. سەرنووسەری ڕۆژنامەی سکای نیوز بووە و لە زیاتر لە سێ وڵاتی گەورەوە ڕاپۆرتی بۆ بی بی سی پێشکەش کردووە، لەوانە ناوچە قەیراناوییەکانی ئەفغانستان، سوریا و ئیسرائیل. بەهۆی ڕاپۆرتکردنەکانی چەندین خەڵاتی گەورەی وەرگرتووە.

---

[١] جیۆستراتیژی، چەمکێکی جیۆپۆلەتیکییە بۆ کردەوەی ئامانجدار بۆ بەکارهێنانی باڵادەستی، کۆنترۆڵکردن، یان کاریگەریی بەسەر ناوچەکاندا.

## پێرست:


پێشەکی ........................................................ ٤
بەشی یەك ........................................................ ١٩
ڕووسیا ........................................................ ١٩
بەشی دوو ........................................................ ٦٩
چین ........................................................ ٦٩
بەشی سێ ........................................................ ١١٥
ئەمریکا ........................................................ ١١٥
بەشی چوار ........................................................ ١٥٥
ڕۆژئاوای ئورووپا ........................................................ ١٥٥
بەشی پێنج ........................................................ ١٨٩
ئەفریقا ........................................................ ١٨٩
بەشی شەش ........................................................ ٢٣٥
ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ........................................................ ٢٣٥
بەشی حەوت ........................................................ ٢٩٨
هیندوستان و پاکستان ........................................................ ٢٩٨
بەشی هەشت ........................................................ ٣٤٣
کورەیا و ژاپۆن ........................................................ ٣٤٣
بەشی نۆ ........................................................ ٣٨٠

ئەمریکای لاتین ........................................................................ ٣٨٠
بەشی دە..................................................................................... ٤٢٥
جەمسەری باکوور "Arktis"........................................................... ٤٢٥
گوتەی کۆتایی ........................................................................... ٤٥٥

## پێشەکی

ڤلادیمێر پوتین خۆی بە کەسێکی ئایینی و ئەندامێکی پابەند بە کلیسای ئۆرتۆدۆکسی ڕووسیا وەسف دەکات. کارێکی گەلێك باش و بەسوود دەبوو کاتێک شەوانە دەچێتە ناو جێگاکەیەوە دوعای کردبا و لە خودای پرسیبا "بۆچی چەند کێو و شاخی لە ئوکرائین دانەناوە؟" ئەگەر سەوشت زنجیرە شاخێکی لە ئوکرائین دروست بکردایە، ئەوا زەوییە تەختە بەربڵاوەکانی دەشتی باکووری ئوروپا بانگهێشتی هێرشکردن بۆ سەر ڕووسیای لەسەر نەدەبوو، هەر وەک چۆن چەند جارێک لە ڕابردوودا ڕوویداوە. بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستای، هیچ بژاردەیەکیتر بۆ پوتین نامێنێتەوە: ئەو دەبێ لانیکەم هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دەشتەکانی ڕۆژئاوا بدات. کەم یان زۆر، بچووک یان گەورە، ئەمە پیشەیەکی هەموو وڵاتانی جیهانە. دیمەنی جوانی ناوچەکان سەرنجی سەرۆکی حکومەتەکان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و بژاردە و شوێنی مانۆڕکردنیان کەمتر لەوەیە مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە. ئەمەش بۆ ئیمپراتۆریەتی ئاتێنا، بۆ ئێران، هەروەها بابیلی و ئیمپراتۆریەتەکانی ڕابردوو گەلێك ڕاست بووە. هەروەها بۆ هەموو ئەو سەرکردانەش کە بۆ

پاراستنی عەشیرەتەکەیان بەدوای ناوەند یاخود مەڵبەندێکی بەرزدا دەگەڕان، ڕاست بووە. ئەم چەشنە زەویی یاخود ناوچە بەرزانە سوودی ستراتیژییان دابین کردووە، وەکوو چاوەدێریی باشتر و توانایی بەرگریکردن لە هێرشبەرە ئەگەرییەکان.

ئەو خاکەی ئێمە لەسەری دەژین بەردەوام مرۆڤی لە ڕوانگەی سیاسی، ئابووریی و کولتووریی لە قاڵب داوە. هێزی جوگرافیی شەڕەکان، دەسەڵات، سیاسەت و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی پەرە پێداوە. پێدەچێت تێکنۆلۆژیاکان سنووری دەروونی و جەستەیی نێوانمان تێبپەڕێنن، ئەمەش وا دەکات بە هاسانی لەبیرمان بچێتەوە ئەو خاکەی تێیدا دەژین و کاری تێدا دەکەین و منداڵەکانمان پەروەردە دەکەین، گرنگییەکی قووڵی هەیە. بڕیاری ئەو کەسانەش کە سەرکردایەتی هەشت ملیارد دانیشتووی ئەم هەسارەیە دەکەن هەمیشە تا ڕادەیەک لەلایەن ڕووبار، شاخ، دەشت، سارا، دەریاچە و ئەو زەریایانەی کە بازنەیەکی سنوورداری لە دەور هەموو مرۆڤی سەر ئەم هەردە کێشاوە، دەگۆڕێن.

ئەوە تەنیا فاکتەری جوگرافی نییە کە لە هەموو فاکتەرێکیتر گرنگتر بێت. شاخ لە ساراکان گرنگتر نین، ڕووباریش لە لێرەوارەکان گرنگتر نین. لە ناوچە جیاوازەکانی

جیهاندا، تایبەتمەندییە جوگرافییە جیاوازەکان فاکتەری باڵادەستن کە ئەرک بۆ مرۆڤ دیاریی دەکەن.

ئەگەر بڕێك ڕوونتر بیڵێین: جیۆپۆلیتیک نیشانی دەدات ئێمە چلۆن لەژێر ڕۆشنایی فاکتەرە جوگرافییەکاندا لە کاروباری نێودەوڵەتی تێبگەین. ئەمەش تەنیا پەیوەندیی بە دیمەنی ڕاستەقینەی ئاسۆییەوە نییە - ئەو بەربەستە سروشتیانەی شاخەکان دروستی دەکەن یان ئەو پەیوەندیانەی سیستەمی زەریا و ڕووبارەکان پێکی دێنن، پەیوەندیی بە کەش و هەوا، دیمۆگرافی، ناوچە کولتوورییەکان و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە سروشتییەکانیشەوە هەیە. ئەم چەشنە هۆکارانە دەتوانن کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر گەلێك بواری شارستانییەتمان هەبێت، لە ستراتیژی سیاسی و سەربازییەوە تا گەشەپێدانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، لەوانە زمان، بواری بازرگانی، ئایین، کولتوور و هتد.

جیهانی ڕاستەقینەی فیزیکی کە کارتێکەریی لەسەر بنەمای سیاسەتی نیشتمانی و نێودەوڵەتی هەیە، زۆرجار پشتگوێ دەخرێن - چ لە مێژوونووسی و چ لە ڕاپۆرتەکانی ئێستای جیهانیدا. جوگرافیا بە ڕوونی بەشێکی بنەڕەتییە لەسەر هۆکارەکانی دوو چەمکی "بۆچی" یان "چی". لەوانەیە هۆکاری بڕیاردەر نەبن، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو هۆکارانەن

کە زۆر جار چاوپۆشیان لێدەکرێت. بۆ نموونە با سەیری وڵاتانی چین و هیندوستان بکەین: دوو وڵاتی گەلێك مەزن کە دانیشتووانێکی زۆریان هەیە و سنوورێکی زۆر درێژیان لەگەڵ یەکتردا هەیە، بەڵام نە لە ڕووی سیاسییەوە هاوتەریین و نە لە ڕووی کولتوورییەوە. بۆیە سەیر نییە ئەگەر ئەم دوو هێزدارانە چەندین شەڕیان دژ بە یەکتر کردبێت - بەڵام جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کورتی یەك مانگەی ساڵی ١٩٦٢، ئەو کارەیان نکردووە. بۆچی؟ چونکە لە نێوانیاندا بەرزترین زنجیرە چیای جیهان هەیە و لە کردەوەدا کارێکی مەحاڵە لە ڕێگەی هیمالایا یان بەسەر هیمالایادا هێرشکاریی سوپایی بەرێوەبچێ. بێگومان لەگەڵ ئاڵۆزتربوون و پەرەسەندنی تێکنۆلۆژیاکان، دەرفەت هەیە بۆ تێپەڕاندنی ئەم بەربەستە، بەڵام وەك بەربەستی فیزیکی ئەم ڕێگرییە بەردەوام دەمێنێتەوە. بۆیە هەردوو وڵات سیاسەتی دەرەوەی خۆیان لەسەر ناوچەکانیتر چڕ کردۆتەوە و هاوکاتیش گەلێك وریایانە چاویان لەسەر یەکتر ڕاگرتووە.

کەسایەتیی سەرکردەی تاك، بیرۆکە، تێکنۆلۆژیاکان و هۆکارەکانی دیکە هەموویان ڕۆڵیان لە دارشتنی ڕووداوەکاندا هەیە، بەڵام گەلێك زوو تێپەڕ دەبن. هەر نەوەیەکی نوێ هەمیسان ڕووبەڕووی ئەو گەمارۆ فیزیکییە دەبێتەوە کە هیندۆکوش و هیمالایا بۆیان دروست کردوون.

به هەمان شێوە ڕووبەڕوووەستانی وەرزی بارانبارین و زیانەکانی بەهۆی سنووردداربوونی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە کانزاییەکان یان سەرچاوە خۆراکییەکانیش دۆخێکی لەو شێوەیەیان بۆ دروست دەکات.

من خۆم لە کاتی ڕووماڵکردنی شەڕەکانی باڵکان لە ساڵانی نەوەددا تامەزرۆییم بۆ ئەم بابەتە بۆ دروست بوو. لە نزیکەوە تێبینیم کرد کە چلۆن سەرکردەی گەلی جیاواز، جا سرب "Serben"، کروات "Kroaten" یان بۆسنی "Bosnier" بووبن، بە ئەنقەست "خێڵەکانیان" وەبیر دووبەرەکی و بێمتمانەیی سەردەمی کۆن لەم ناوچە هەمەچەشنانەدا دەخستەوە. هەر ئەوەندەی لە جیاکردنەوەی گەلان سەرکەوتوو دەبوون، ئیتر گەلێك بۆیان هاسانتر بوو لە دژی یەکتر هانیان بدەنەوە.

ڕووباری ئیبار "Ibar" لە کۆسۆڤۆ "Kosovo" نموونەیەکی گەلێك باشە. دەسەڵاتی عوسمانی بەسەر سربیادا بەهۆی شەڕی ئەمسێلفێڵد "Amselfeld" لە ساڵی ١٣٨٩ دا چەسپێندرا. لە نزیک ئەوێوە شارۆچکەی میترۆڤیکا "Mitrovica" جێی گرتووە کە ڕووباری ئیبار بەناویدا تێدەپەڕێت. لە ماوەی سەدەکانی دواتردا، دانیشتوانی سربیا بۆ پارێزگاریی لە خۆیان دەستیان کرد بە پاشەکشەکردن بۆ ئەودیوی ڕووبارەکە، چونکە موسڵمانانی ئاڵبانی لە ناوچەی

شاخاوی مالیسیا ئێ مادێ "Malësia e Madhe"وه ورده ورده کۆچیان دەکرد بۆ کۆسۆڤۆ و لەوێ تا ناوەڕاستی سەدەی ١٨ بوونە زۆرینە.

ئێستا بازدانێکی کاتیی دەکەین بۆ سەدەی بیستەم: هەر وەك پێشووش، دابەشبوونێکی ڕوونی نەتەوەیی و ئایینی هەبوو، کە بە ڕوونیی بە هەر دوو بەری ڕووبارەکەوە دیار بوو. لە ساڵی ١٩٩٩ سوپای یوگۆسلاڤیا (سربییەکان) کە لەلایەن ناتۆ لە ئاسمانەوە و لەلایەن "UÇK" (سوپای ڕزگاریی کۆسۆڤۆ) لە زەوییەوە بۆردوومانکرابوون، لە پشت ڕووباری ئیبارەوە کشانەوە دواوە و بە خێرایی زۆربەی ئەو مرۆڤە سربیایانەی لەوێ مابوونەوە وەدوایان کەوتن. ڕووبارەکە بووە سنووری دیفاکتۆ"de facto"، ئەو سنوورەی کە ئێستا هەندێک وڵات وەک کۆماری سەربەخۆی کۆسۆڤۆ دانیان پێدا ناوە.

هەروەها میترۆڤیکا "Mitrovica" ئەو شوێنە بوو کە پێشڕەویی ناتۆ و هێزەکانی زەمینی وەستاندبوو. لە ماوەی شەڕی سێ مانگەدا هەڕەشەی شاراوە هەبوو کە ناتۆ پلانی هەیە هەموو سربیا داگیر بکات. لە ڕاستیدا سنووردارbوونی هەردوو هۆکاری"جوگرافی" و "سیاسی" بەو مانایە بوو کە مەرج نییە ئەم بژاردە یاخود دەرەتانە بۆ سەرکردایەتی ناتۆ کراوە بێت. هۆنگاریا (مەجارستان) بە ڕوونی ڕایگەیاندبوو

ڕێگە بە داگیرکاریی لە خاکەکەیەوە نادات، چونکە ترسی لە تۆڵەسەندنەوەی ٣٥٠ هەزار مرۆڤی مەجاریی هەبوو کە لە باکووری سربیا دەژیان. ئاڵترناتیڤەکەی دەبوو لەشکرکێشی لە باشوورەوە بێ، کە ناتۆی دوو هێندە خێراتر دەگەیاندە پەنا ڕووباری ئیبار، بەڵام ئەم کارە بەهۆی شاخەکانی سەرووی شارەکەوە نەگونجاو دەبوو.

لەو سەردەمەدا لەگەڵ تیمێکی ڕۆژنامەوانیی سربی لە بێلگراد کارم دەکرد و پرسیم ئەگەر ناتۆ بگاتە ئەو ناوچەیە، چی ڕوودەدات؟ وەڵامەکەی ئەوە بوو: "ئێمە کامێراکانمان دادەنێین و تفەنگ بەدەستەوە دەگرین". ئەوان سربی لیبراڵ بوون، هاوڕێی باشی من بوون، دژایەتی حکومەتەکەیان دەکرد، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لەسەر نەخشە نیشانیان دەدام کە سربەکان لە کام شوێنی شاخەکاندا دەتوانن بەرگریی لە خاکەکەیان بکەن و ناتۆ لە کام شوێندا دەچەقین. تا ڕادەیەک دڵنیاکەرەوە بوو کە لەم وانە ئەزموونییەی جوگرافیا فێرببوون کە بژاردە و دەرەتانی ناتۆ گەلێك سنووردارە.

لەساڵانی دواتردا، هەستم بەو تێگەیشتنە کرد کە باڵکان سروشتی دیمەنەکەی چەندە گرنگایەتیی هەیە و گەلێك یارمەتیدەر بوو بۆ ڕاپۆرتەکانم. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠١، چەند هەفتەیەک دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر،

تێگەیشتم تا چ ڕادەیەك دۆخی کەش و هەوا تەنانەت بەسەر توانایيە سەربازییەکانی بەهێزترین تێکنۆلۆژیای سوپای جیهانی مۆدێرنی ئەمڕۆشدا زاڵە. من بە بەلەمێکی لاستیکییەوە لە ڕووباری سنووری تاجیکستانەوە پەڕیبوومەوە بۆ باکووری ئەفغانستان بۆ ئەوەی لە سەربازانی هاوپەیمانیی باکوور "Nordallianz NA" تێبگەم کە شەڕی دژ بە تاڵیبانیان دەکرد.

فڕۆکە جەنگییەکان و بۆمب هاوێژەکانی ئەمریکا لە ئاسمانەوە پێگەکانی تاڵیبان و ئەلقاعیدەیان لە دەشت و گردە سارد و تۆزاوییەکانی ڕۆژهەڵاتی مەزاری شەریف بۆمباردومان دەکرد و ڕێگەیان بۆ پێشڕەویکردن بەرەو شاری کابول خۆش دەکرد. دوای چەند هەفتەیەک، وا دیار بوو هاوپەیمانیی باکوور خۆی ئامادە دەکرد بۆ وەڕێکەوتن بەرەو باشوور. بەڵام دواتر لەناکاو بەهۆی کارەساتێکی سروشتییەوە جیهان ڕەنگێکیتری بەخۆوە گرت.

توندترین زریانی خۆڵ و زیخ کە تا ئەو کاتە تووشی شتێکی ئەوتۆ نەببووم، دەستپێکرد و هەموو شتێکی بە ڕەنگی زەردی خەردەل (ماسترد) داپۆشی. تەنانەت هەوای دەوروبەرمان کە هێندە خۆڵ و زیخی بچووکی تێدابوو، وێدەچوو ئەم ڕەنگە زەردەی گرتبێ. بۆ ماوەی ٣٦ کاتژمێر هیچ شتێک جگە لە خۆڵ و زیخەکە نەدەجووڵایەوە.

کاتێک زریانەکە لە لوتکەی خۆیدا بوو، مرۆڤ تەنیا دەیتوانی چەند میترێک پێش خۆی ببینێ و تاکە شتێک کە ڕوون بوو ئەوە بوو کە پێشڕەوییە سەربازییەکە دەبوو چاوەڕێی کۆتایی پێهاتنی ئەم دۆخەی کەش و هەوایە بکات.

تێکنۆلۆژیای ساتەلایتی دەستکردی ئەمریکی، کە ڕەمزێکی پێشکەوتوویی زانستیی بوو، بێ کەڵک و بەهۆی کەش و هەوای ئەم ناوچە ئاکارکێوییەوە کوێر مابۆوە. هەمووان، لە سەرۆککۆمار بوش و سەرۆکی ناوەندی سپاوە تا هێزی سەربازانی هاوپەیمانیی باکوور هیچ دەرەتانێکیان بۆ نەمابوو جگە لەوەی چاوەڕێی کۆتایی پێهاتنی ئەم دۆخە سروشتییە بکەن. پاشان باران باری و لەو خۆڵەی لەسەر هەموو شتێک نیشتبوو، شۆرباوێکی قوڕ و چڵپاوی گەلێك سەیری دروست کرد. بارانەکە ئەوەندە بەهێز و توند و زۆر بوو کە هەڕەشەی توانەوەی لە خشتی لیمیی دیواری ئەو ماڵەی ئێمە تێدا دەژیاین، دەکرد. دۆخی کەشوهەوای ناوچەکە جارێکیتر ڕوونی کردەوە کە پێشڕەویی بەرەو باشوور مەحاڵە. یاساکانی جوگرافیا کە هانیباڵ "Hannibal"، سون تز "Sunzi" و ئەسکەندەری مەزن سەریان بۆ دانەواندبوو، وادیارە تەنانەت لەمڕۆشدا بۆ سەرکردەکانی شەڕ ڕوون و ئاشکرا بێت.

دۆخی جیۆپۆلیتیك كاریگەریی لەسەر هەموو وڵاتان هەیە، جا وەک ئەم نموونانە لە شەڕدا بێت، یان لە ئاشتیدا. نموونەی ئەمەش دەتوانرێت لە هەموو ناوچەیەکدا بدۆزرێتەوە. دیارە ناتوانم لەم کتێبەدا هەموویان بخەمە ڕوو: بۆ نموونە ڕەنگە ئاماژەیەکی کورت بە وڵاتانی کانەدا، ئوستڕالیا و ئەندۆنیزیا بەس بێت، هەرچەندە ئوستڕالیا بە تەنیا و شێوازی داڕشتنی جوگرافیاکەی پەیوەندییە فیزیکی و کولتوورییەکانی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی جیهاندا خۆی شایەنی کتێبێکی تەواوە. لە جیاتی ئەوە سەرنجم خستۆتە سەر ئەو زلهێز و ناوچانەی کە بە باشترین شێوە خاڵە سەرەکییەکانی ئەم کتێبە دەخەنە ڕوو، هەروەها لەسەر میراتی مێژوویی جیۆپۆلیتیک (دەوڵەتسازی)، ئەو دۆخە زەقانەی ئەمڕۆ ڕووبەڕوومان دەبێتەوە (کێشەکانی ئوکرائین، کاریگەریی پەرەسەندنی سیاسەتی چین)، هەروەها چاوخشاندنێک بەسەر داهاتوو (بەرزبوونەوەی کێبڕکێ لە جەمسەری باکوور، کێشەی نێوان ئێران و گرووپە نیابەتییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل).

لە ڕووسیا کاریگەریی جەمسەری باکوور دەبینین کە چلۆن بارودۆخی کەشوهەوای سەهۆڵاویی ئەوێ توانایی ڕووسیای بۆ بوون بە زلهێزێکی ڕاستەقینەی جیهانی سنووردار کردووە. لە چین دان بەوەدا دەنێین کە دەسەڵات

بەبێ هێزی دەریایی جیهانی سنووردارە. واتە ئاماژەیەکە بە گرنگیی ستراتیژیی هێزی دەریایی کە لە ئاستی جیهانیدا کاردەکات و زلهێزێکی گەورەی وەک چینی سنووردار کردووە، چونکە لە ڕووی مێژووییەوە زلهێزەکانی جیهان لە ڕێگەی هێزی دەریایی بەهێزەوە دەستڕاگەیشتن و کاریگەریی جیهانی خۆیان سەلماندووە. لە چوارچێوەی وڵاتی چیندا، ئەم دۆخە نیشانی دەدات کە سەرەڕای بەرزبوونەوەی دۆخی ئابووریی و سەربازیی، دەسەڵاتی وڵاتەکە ڕەنگە بەهۆی هۆکارە جوگرافی و دۆخە دەریاییەکانەوە سنووردار بێت. لە بەشی ئەمریکادا نیشان دەدرێ تا چ ڕادەیەك بڕیاری ژیرانە بۆ فراوانکردنی خاک لە ناوچە سەرەکییەکان وایکردووە ئەمریکا پێگەی ئێستای خۆی وەک زلهێزێک لەسەر دوو ئۆقیانوس بەدەستبهێنێت. قوڕنەی ئوروپاش سوودی ناوچە نزمەکان و ڕووبارەکانی کەشتیوانیمان پیشان دەدات بۆ دروستکردنی پەیوەندیی نێوان ناوچەکان و پەرەپێدانی کولتوورێک کە سووتەمەنییەکی بەهێزە بۆ دروستکردنی جیهانێکی مۆدێرن، لە کاتێکدا ئەفریقا نموونەیەکی سەرەکییە لە کاریگەرییەکانی گۆشەگیری و تەنیایی.

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوە دەردەخات کە بۆچی هێڵ کێشان لەسەر نەخشە بەبێ ڕەچاوکردنی تۆپۆگرافی[٢] بە هەمان شێوە گرنگە، چونکە کولتووره جوگرافییەکانی ناوچەکان تەنیا دەتوانێت کێشە بەدوای خۆیدا بێنێت. کێشەگەلێک کە لەم سەدەیەدا لەگەڵمان دەبن. هەمان کێشە لە بەشەکانی سەبارەت بە ئەفریقا و هیندوستان - پاکستاندا سەرهەڵدەدات. زلهێزە کۆلۆنیالیستەکان سنووری دەستکردیان لەسەر کاغەز کێشاوەتەوە بەڵام بە هیچ شێوەیەک گرنگییان بە بارودۆخی فیزیکی ناوچەکان نەداوە. ئەمڕۆ هەوڵی خوێناوی بۆ ڕاستکردنەوەیان دەدرێت؛ ئەمەش چەند ساڵێکیتر بەردەوام دەبێت و دوای ئەوەش نەخشەی دەوڵەتە نەتەوەییەکان دەگۆڕێ و ئیتر لە هی ئەمڕۆ ناچێت.

دیارە ژاپۆن و کۆریا تەواو جیاوازن لەگەڵ کۆسۆڤۆ یان سوریا، چونکە زۆرینەیان لە ڕووی نەتەوەییەوە یەکسانن. بەڵام ئەوانیش کێشەی دیکەیان هەیە: ژاپۆن وڵاتێکی دوورگەییە و هیچ سەرچاوەیەکی سروشتی نییە، لە کاتێکدا بەشبوونی کۆریا کێشەیەکە کە هێشتا چاوەڕێی چارەسەرکردن دەکات. لە بەرامبەردا ئەمریکای لاتین گەلێك

[٢] تۆپۆگرافی بریتییە لە وەسف و نوێنەرایەتیکردنی ڕووبەری زەوی، تایبەتمەندییەکانی وەک بەرزیی، هەروەها تەنەکانی دروستکراوی دەستی مرۆڤ، وەک لە نەخشەی تۆپۆگرافی یان مۆدێلی دیجیتاڵیدا دەبینرێت. ئەم چەمکە لە زمانی یۆنانییەوە سەرچاوەی گرتووە و بە مانای وشەیی بە واتای "وەسفکردنی شوێنێک" دێت و لە جیۆزانستی، نەخشەسازی و تەنانەت ئەناتۆمیشدا بەکاردێت.

نائاسایيە. ناوچەی باشووری بەهۆی دووریی ڕێگاکەی ئەوەندە لە جیهان دابڕاوە کە بەشداربوونی لە بازرگانی جیهانی گەلێك قورس دەکات و جوگرافیای ناوەوەی وڵاتەکەی ڕێگری لە دروستکردنی بلۆکێکی بازرگانی سەرکەوتوو دەکات لەسەر شێوازی یەکێتی ئورووپا.

لە کۆتایی ئەم کتێبەدا دێینە سەر یەکێک لە بەشە هەرە دوور لە ژیانەکانی جیهان – جەمسەری باکوور. بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ مرۆڤی جەمسەری باکوور پشتگوێ دەخران، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا سەرچاوەی وزە لەوێ دۆزرانەوە و دیپلۆماسی سەدەی بیست و یەکەم لە داهاتوودا دیاریی دەکات کێ خاوەنی ئەو سەرچاوانەیە - و دەتوانێت بازرگانیان پێوە بکات.

ناساندنی دۆخی جوگرافیایی وەک فاکتەرێکی بەرچاو لە ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتیدا دەکرێ وەک جیهانبینییەکی ڕەشبینیش لێکبدرێتەوە، هەر بۆیەش لە هەندێک بازنەی فیکریدا باو نییە. چونکە ئەوە پیشان دەدات سروشت گەلێك لە مرۆڤ بەهێزترە و ئێمە تەنیا بەشێکی سەرەوەریی چارەنووسی خۆمانین. بێگومان هۆکارەکانی دیکەش بە ڕوونی کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەیە. هەر مرۆڤێکی عاقڵ دەتوانێت بزانێت کە تێکنۆلۆژیای مۆدێرن دەیهەوێ یاسا ئاسنییەکانی جوگرافیا تێك بشکێنێت. ئەو

ڕێگەی بۆ زاڵبوون بەسەر هەندێک لە بەربەستەکاندا دۆزیوەتەوە، چلۆن لە ژێرەوە، سەرەوە یان لە نێوانیەوە تێپەڕ بێ. ئێستا ئەمریکییەکان دەتوانن بە فڕۆکەی بۆمبڕێژکراو بە درێژایی ڕێگای میسۆرییەوە تا موسڵ بفڕن بەبێ ئەوەی پێویستیان بۆ پڕکردنەوەی سووتەمەنی لە ڕێگاکەدا هەبێ. بەهۆی ئەمەوە فڕۆکە جەنگییە گەورەکانی بۆمب هەڵگر هیچ پێویستیان بە هاوپەیمانێک یان کۆلۆنییەک نییە بۆ پەرەپێدانی دەستڕاگەیشتنەکانیان بە سەرانسەری جیهاندا. بێگومان بژاردەی زیاتریشیان دەبێ ئەگەر بنکەیەکی فڕۆکەیان لە دوورگەی دییەگۆ گارسیا "Diego Garcia" هەبێت یان بەندەری بەحرەین هەمیشە بۆیان کراوە بێت، بەڵام ئەمانە چیتر مەرجی سەرەکی نین.

کەواتە تێکنۆلۆژیای فڕۆکەوانی یاساکانی گۆڕیوە، هەروەها – بە شێوەیەکی جیاواز – ئینترنێتیش ئەو کارەی کردووە. بەڵام جوگرافیا و مێژووی چۆنیەتی جێگیربوونی دەوڵەتان لە چوارچێوەی جوگرافیاییەکەیاندا بۆ تێگەیشتنمان لە جیهان و داهاتوومان وەك جەوهەرێکی سەرەکی دەمێنێتەوە. سەرچاوەی ململانێکانی عێراق و سوریا ڕەگ و ڕیشەی خۆیان لە پشتگوێخستنی ڕێساکانی جوگرافیا لەلایەن زلهێزە کۆلۆنیالیستەکانەوە وەرگرتووە، لەکاتێکدا داگیرکاری چینی بۆ سەر تێبێت "Tibet" دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری

پێچەوانەکەی. سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەرانسەری جیهاندا لەلایەن بەربەستە جوگرافییەکانەوە دیاری دەکرێت. تەنانەت لێهاتوویی نوخبەکانی تێکنۆلۆژیا و دەسەڵاتی دوایین زلهێزەکانیش تەنیا دەتوانن ئەو یاسایانە لاواز بکەن کە سروشت پێی بەخشیوین. ئەم یاسایانە کامانەن؟ با لەو وڵاتەوە دەست بە گەڕان بکەین کە بەرگریکردن لەهەنبەر دەسەڵات گەلێك قورسە و سەرکردەکانی بە درێژایی چەندین سەدەیە خۆیان بە پاڵنانی بەرەو دەرەوە خەریك کردووە. ئەو وڵاتەی کە لە ڕۆژئاوا دا کێو و شاخی نییە: واتە "ڕووسیا".

[خاڵی گرنگی ئەم نووسراوەیە بە بڕوای من گەلێک سەرنجراکێشە چونکە سەرەڕای ئەوەی ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٥ نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە، زۆربەی بۆچوونەکانی نووسەر لەمڕۆدا(٢٠٢٥) بە ڕاست وەرگەڕاون.] شوانە

## بەشی یەك

## ڕووسیا

# "دوور" (سیفات؛ دوورتر، دوورترین): گەورەبوونەوەی فەزایەکی لێککشاوە، نەپێوراو و گەلێك مەزن



دۆخی جوگرافیایی ڕووسیا گەلێك بەرفراوان و لێككشاوەیە. قەبارەیەكی گەلێك مەزنی هەیە. گەورەییەكەی زیاتر لە ١٧ ملیۆن كیلۆمەتری چوارگۆشەیە، یازدە ناوچەی كاتیی دەگرێتەوە و گەورەترین وڵاتی جیهانە. دارستان، دەریاچە و ڕووبارەكانی، هەروەها دەشت، چەم و شاخەكانی هەموویان گەلێك گەورەن. ئەم قەبارە گەورانە لە مێژە لە بیرەوەریی بەكۆمەڵماندا چەسپاون. ئێمە لە هەر شوێنێک بین، ڕووسیاش لەوێیە. ڕەنگە لە ڕۆژهەڵاتی ئێمە بێت، ڕەنگە لە ڕۆژئاوا، ڕەنگە لە باكوور یان باشوور بێت - ورچی ڕووسیی هەمیشە لیمان نیزیكە.

بەڕێكەوت نییە كە ورچ هێمای مەزنی ئەم پێكهاتە گەورە بێئەندازانەیە. بەردەوام لەوێ وەستاوە، هەندێكجار لە خەوی زستانی دایە، هەندێكجار بە گوڕە گوڕ، شكۆمەند و ئاكاركێوی. وشەیەكی ڕووسیی هەیە بۆ ورچ، بەڵام ڕووسەكان خۆیان لە بانگكردنی ئاژەڵەكە لە ترسی وەبیرهێنانەوەی لایەنە تاریكەكەی، ناوی ڕاستەقینەی خۆی لێ نانێن. ئەوان پێی دەڵێن مێدڤێد "medved"، "ئەو كەسەی حەزی لە خواردنی هەنگوینە".

بەلایەنی كەمەوە ١٢٠ هەزار لەو مێدڤێدانە لە وڵاتەكەدا دەژین، ئەو شوێنەی خۆی بەسەر زۆربەی ناوچەكانی ئۆرووپا و ئاسیادا بڵاوكردۆتەوە. لە ڕۆژئاوای ئۆرال "Ural"

ڕووسیای ئورووپی هەڵکەوتووە، لە ڕۆژهەڵاتەوە سیبیریا جێی گرتووە کە درێژدەبێتەوە تا زەریای بێرینگ "Bering" و زەریای هێمن "Pazifik". تەنانەت لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا تێپەڕبوون لەو وڵاتە دوور و درێژە بە شەمەندەفەر شەش ڕۆژی دەوێت. سەرکردەکانی ڕووسیا پێویستە لەم مەودایانە تێبگەن – و جیاوازییەکان – و بەو پێیە سیاسەتەکانیان ڕێکبخەن. بۆ چەندین سەدە سەیری هەموو ئاراستەکانیان کردووە، بەڵام زیاتر سەرنجیان لەسەر ڕۆژئاوا چڕ کردۆتەوە.

کاتێک نووسەران دەیانەوێت بگەنە دڵی ورچەکە، زۆرجار قسە بەناوبانگەکەی وینستن چەرچیل "Winston Churchill" سەبارەت بە ڕووسیا لە ساڵی ١٩٣٩ دەهێننەوە: "نهێنییەکە، بە نهێنییەک دەورە دراوە و لەناو نهێنییەکدا شاردراوەتەوە." بەڵام کەم کەس باسی بەشی دووەمی دەکەن: "ڕەنگە کلیلێک بۆ کرانەوەی ئەو نهێنییە هەبێت. ڕەنگە ئەو کلیلە بەرژەوەندیی نەتەوەیی ڕووسەکان بێ." چەرچیل دوای حەوت ساڵ ئەم کلیلەی بەکارهێنا بۆ کردنەوەی وەشانی خۆی و چارەسەریی ئەم نهێنییە و ئیدیعای کرد: "من لەسەر ئەو قەناعەتم یەکیەتیی سۆڤیەت زیاتر سەرسامی هێزن و سووکایەتی بە لاوازیی دەکەن بە تایبەت لاوازیی سەربازی."

چەرچیل دەکرا باسی سەرکردایەتی ئێستای ڕووسیا بکات، کە هەرچەندە لەمرۆدا لە بەرگی دیموکراسیدا خۆی داپۆشیوە، بەڵام لە سروشتی تاکڕەوانەی خۆیدا ماوەتەوە و تامەزرۆیی بۆ بەرژەوەندیی ناسیۆنالیستیی لە ناوەڕۆکەکەیدا خەریکی هەڵقوڵانە.

کاتێک ڤلادیمێر پوتین بیر لە خودا و شاخەکان ناکاتەوە، بەڵام بیر لە پیتزا دەکاتەوە، و ئەگەر وردتر بڵێین: بیر لە لەتێك پیتزا دەکاتەوە. کۆتایی جەمسەرێکی گۆشە تیژەکەی پۆڵەنیایە. لێرەدا دەشتی بەرفراوانی باکووری ئوروپا کە لە فەرەنساوە تا ئۆرال درێژ دەبێتەوە (زیاتر لە ٢٠٠٠ کیلۆمتر لە ئەودیوی بازنەی جەمسەری باکوورەوە تا قازاخستان دەبڕێت و سنوورێکی سروشتی نێوان ئوروپا و ئاسیا پێکدەهێنێت)، کەمێک کەمتر لە ٥٠٠ کیلۆمتر پانایی نێوان زەریاچەی ڕۆژهەڵات و کارپات "Karpaten"ە. دەشتی باکووری ئوروپا، تەواوی ڕۆژئاوا و باکووری فەرەنسا و هەروەها بلژیک و هۆڵەندا و باکووری ئاڵمانیا و نزیکەی هەموو پۆڵەندا لەخۆدەگرێت.

لە ڕوانگەی ڕووسیاوە ئەمە شمشێرێکی دوودەمە. پۆڵەندا نوێنەرایەتی ڕێڕەوێکی تاڕادەیەک تەسک دەکات کە ڕووسیا ئەگەر پێویست بکات بۆ ڕێگریکردن لە پێشڕەویکردنی نەیارێک بەرەو مۆسکۆ دەتوانێت سوپای خۆی بنێرێتە

ناویەوە. بەڵام لەوێشەوە دوو جەمسەرییەکە فراوانتر دەبێتەوە: لە سنووری ڕووسیا زیاتر لە ٣٢٠٠ کیلۆمتر پانیی هەیە، و وڵاتەکە تا مۆسکۆ و ئەودیویشی دەشتێکی تەخت و بێ شاخە. تەنانەت بە سوپایەکی مەزنیشەوە، بە درێژایی ئەم هێڵە بەرگریکردنێکی سەرکەوتووانە گەلێك ئەستەمە. بەڵام هەرگیز ڕووسیا لەم ئاراستە یاخود لایەنەوە داگیر نەکراوە، ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ قووڵایی ناوچە ستراتیژییەکەی. تا ئەو کاتەی سوپایەک دەگاتە مۆسکۆ، دەبوو خزمەت بە هێڵەکانی دابینکردنی سوپاکە بکرێ کە بە شێوەیەکی ناسەقام درێژن - هەڵەیەک کە ناپلیۆن لە ساڵی ١٨١٢ کردوویەتی و هیتلەر لە ساڵی ١٩٤١ دووپاتی کردەوە.

بە هەمان شێوە جوگرافیای ڕووسیا ڕۆژهەڵاتی دووری دەپارێزێت. زەحمەتە سوپایەک لە بەری ئاسیاوە هێرش بکاتە سەر بەشی ئاسیای ڕووسیا چونکە جگە لە بەفر هیچشتێکیتر نییە هێرشی بکرێتە سەر. جگە لەوەش تەنیا تا ئۆرال دەتوانێ پێشڕەوی بکات. ئەنجامەکەی ئەوە دەبێت کە - لە ژێر بارودۆخێکی گەلێك دژواردا - مرۆڤ دەبێت ڕووبەرێکی گەورەی وڵاتەکە لەژێر چاوەدێریی خۆی بگرێت و هاوکاتیش سەرەڕای دابینکردنی پێداویستیی سوپایی کە هێڵێکی گەلێك دوور و درێژن، بەردەوام چاوەڕوانیی هێرشی پێچەوانەش بکرێت.

کەواتە مرۆڤ دێتە سەر ئەو قەناعەتە کەس پلانی داگیرکردنی ڕووسیای نییە، بەڵام ڕووسەکان خۆیان ئەم کێشەیە بە شێوەیەکی جیاواز دەبینن. ئەویش لەسەر هۆکاری زۆر باش. لە ماوەی ٥٠٠ ساڵی ڕابردوودا ڕووسیا چەند جارێک لە ڕۆژئاواوە هێرشکاریی کراوەتە سەر. لە ساڵی ١٦٠٥ پۆلەندییەکان بە دەشتی باکووری ئورووپادا هێرشیان کرد، دواتر سویدییەکان لە سەردەمی چارڵی دوازدەهەمدا لە ساڵی ١٧٠٨، فەرەنسییەکان لە سەردەمی ناپلیۆن ساڵی ١٨١٢ و ئاڵمانییەکان دووجار، لە هەردوو شەڕی جیهانیدا، ١٩١٤ و ١٩٤١. یان ئەگەر لە ڕوانگەیەکیترەوە سەیری بکەین و لە داگیرکاریی ناپلیۆنەوە واتە ساڵی ١٨١٢ تا شەڕی جیهانی دووەم لە ساڵی ١٩٤٥، هەروەها شەڕی کریمەی ١٨٥٣-١٨٥٦یشی لێ زیاد کەین، ڕووسەکان بە تێکڕا لە شەڕەکانی ناو دەشتی باکووری ئورووپا یان لە دەشتی باکووردا هەر ٣٣ ساڵ جارێک بەشدار بوون.

لە ساڵی ١٩٤٥ و لە کۆتایی شەڕی جیهانی دووەمدا، ڕووسەکان ئەو ناوچانەیان لە ئورووپای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵات داگیر کرد کە ئاڵمانیا داگیری کردبوون، دواتر هەندێکیان بوونە بەشێک لە یەکێتی سۆڤیەت، کە بە پێی کات زیاتر خۆی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی کۆنی ڕووسیادا

هاوتەریب کرد. لە ساڵی ١٩٤٩ هاوپەیمانیی دەوڵەتانی ئورووپا و ئەمریکای باکوور ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵانتیک بۆ پاراستنی ئورووپا و باکووری ئەتڵانتیک لە بەرامبەر هەڕەشەکانی هێرشکاریی سۆڤیەت (ناتۆ)یان دروست کرد. لە وەڵامدا زۆربەی دەوڵەتە کۆمۆنیستەکان لە ئورووپا - بە سەرکردایەتی ڕووسیا - لە ساڵی ١٩٥٥ چوونە ناو پەیمانی وارشۆ، کە پەیمانێک بوو بۆ بەرگری سەربازی و هاوکاریی یەکتر. بڕیار بوو ئەو پەیماننامەیە بڕیارێکی ئاسنین بێت، بەڵام لە ڕاستیدا سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو وردە وردە ژەنگی هێنا و دوای ڕووخانی دیواری بەرلین لە ساڵی ١٩٨٩ تەپ وتۆزێك زیاتر چی لێ نەمایەوە.

دیارە سەرۆک پوتین لایەنگری دوایین سەرۆکی سۆڤیەت میخائیل گۆرباچۆڤ نییە. تەنانەت پوتین بەوەی تۆمەتبار دەکات کە بە تێکدانی ئاسایشی ڕووسیا و ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵانی نەوەدەکاندا "گەورەترین کارەساتی جیۆپۆلەتیکی سەدەی ڕابردوو"ی خوڵقاند.

لەو کاتەوە ڕووسەکان بە نیگەرانییەوە سەیری ئەو دۆخە دەکەن کە ناتۆ تادێت لێیان نزیکتر دەبێتەوە و ئەو وڵاتانە دەکاتە ئەندامی خۆی کە پێشتر بەڵێنیی نەهاتنە ناو ناتۆیان بە ڕووسیە دابوو: کۆماری چیک، هەنگاریا و پۆڵەندا لە

ساڵی ١٩٩٩، بولگاریا، ئیستلاند "Estland"، لێتلاند "Lettland"، لیتوانیا "Litauen"، ڕۆمانیا و سلۆڤاکیا لە ساڵی ٢٠٠٤ و ئەلبانیا لە ساڵی ٢٠٠٩. ناتۆ ئیدیعا دەکات کە هیچ دڵنیاییەکی لەو شێوەیەی بە رووسیا نەدراوە.

ڕووسیاش وەک هەموو زلهێزەکان لە ١٠٠ ساڵی داهاتوو بیردەکاتەوە و وا گریمانە دەکات کە هەر شتێک لەم ماوەیەدا دەتوانێ ڕووبدات. کێ ١٠٠ ساڵ پێش ئێستا بیری لەوە دەکردەوە کە هێزەکانی ئەمریکا لە پۆڵەندا و باڵتیک جێگیر ببن کە تەنیا چەند سەد کیلۆمترێک لە مۆسکۆوە دوورن؟ تا ساڵی ٢٠٠٤، تەنیا ١٥ ساڵ دوای ساڵی ١٩٨٩، هەموو وڵاتێکی پێشووی ئەندامی پەیمانی وارشۆ جگە لە خودی ڕووسیا بوون بە ئەندامی ناتۆ یان یەکێتی ئورووپا. لەوێوە و لە مێژووی ڕووسیاوە ڕێنمایی بیرکردنەوەی حکومەتی مۆسکۆ دەکەن.

ڕووسیا وەك كۆنسێپتێك دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆ و یەکێتییەکی لاوازی هۆزە سلاڤیەکانی ڕۆژهەڵات کە بە کیڤی ڕوس (Kiewer Rus) ناسراو بوون، کە لە کیێڤ و شارەکانی دیکەی سەر ڕووباری دنیپەر"Dnjepr"، لە ئۆکرائینی ئێستا هەڵکەوتوون. لە کاتی خۆبڵاوکردنەوەی ئەم ناوچانەدا مەغۆلەکان لە باشوور و ڕۆژهەڵاتەوە هێرشیان کردە سەر ناوچەکە و دواجار لە سەدەی ١٣دا بەسەر ناوچەکەدا زاڵ

بوون. پاشان ڕووسیای هێشتا بێ ئەزموون جارێکی دیکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی مۆسکۆ و دەوروبەری نیشتەجێ بۆوە. ئەم ڕووسیایە سەرەتاییە[٣] کە بە میرنشینی گەورەی مۆسکۆ ناسراوە، بەرگری لێنەدەکرا. نە شاخ و نە کوێستانێکی هەبوو و تەنیا لە چەند ڕووبارێک پێکهاتبوو. دەشتی پان و بەرین بە هەموو ئاراستەکاندا درێژ ببوونەوە و لە ساراوە بەرەو باشوور و ڕۆژهەڵات، مەغۆلەکان جێیان خۆش کردبوو. داگیرکەران دەیانتوانی هەر شوێنێک بە ئارەزووی خۆیان داگیر بکەن و بەزەحمەت پێگەیەکی بەرگریی سروشتی هەبوو کە پێشیان پێ بگرێ.

سەرهەڵدانی ئیڤان "Iwan"ی ترسێنەر، یەکەم تزاری ڕووسی. ئەو کۆنسێپتی هێرشکردن لە جیاتی بەرگریی بە کردەوە بەرێوەبرد - واتە مرۆڤ سەرەتا پێویستە پێگەیەکی بەهێز و جێگیر لەناو ژینگەی خۆیدا (بۆ نموونە وڵات، یان کایەی دەسەڵاتی خۆی) دابمەزرێنێت پێش ئەوەی هەوڵی فراوانکردن یان بەدەستهێنانی کاریگەریی دەرەوەی وڵات بدات. هەر ئەمەش بووە هۆی گەورەبوونەوەی. لێرە بەولاوە هێزێك پێکهات بنەمای ئەو تیۆرییەی دامەزراند کە یەک کەس دەتوانێت مێژوو بگۆڕێت. بە بێ سیفەتی

[٣] میرنشینێکی لاوەکی ڕووسی بوو کە لە ڕێگەی باڵادەستی خۆی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ڕوس لە سەدەی ١٤ و بەربڵاوبوونی بەردەوامدا بەدەستی هێنا کە دەسەڵاتی سیاسی و جوگرافییەکەی بوو بە ناوەکی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا.

کارەکتەر و کەسایەتیی ئەو کە مرۆڤێکی بێبەزەیی و ڕوانگەیەکی نەگۆڕی لەخۆگرتبوو، مێژووی ڕووسیا گەلێك جیاواز دەبوو.

ڕووسیای تازەپێگەیشتوو لە سەردەمی باپیرەی ئیڤان، ئیڤانی مەزن، دەستی بە خۆبڵاوکردنەوەی تا ڕادەیەك باش کردبوو، بەڵام دوای ئەوەی ئیڤانی گەنج لە ساڵی ١٥٣٣دا هاتە سەر دەسەڵات، خێراییەکەی گورج بۆوە و لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ئۆرال[٤] و لە باشوورەوە بەرەو دەریای خەزەر و لە باکوورەوە بەرەو بازنەی جەمسەری باکوور پێشڕەوی کرد. دەرگای بۆ دەریای خەزەر و دواتر دەریای ڕەش کردەوە، بەم شێوەیە قەفقاز وەک بەربەستێکی "بەشەکی"[٥] لە نێوان خۆی و مەغۆلەکاندا بەکارهێنرا. بنکەیەکی سەربازی لە چیچان دامەزرا بۆ ڕێگریکردن لە هێرشبەرە ئەگەرییەکان، جا ئەو هێرشبەرانە مەنگۆلیا، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووبان، یان ئێرانییەکان. پاشەکشەش هەبوون، بەڵام لە سەدەکانی داهاتوودا ڕووسیا لە دەرەوەی ئۆرال پێشڕەوی دەکرد و چووە ناو

---

[٤] ئۆرال زنجیرە شاخێکە کە بەرزییەکەی دەگاتە ١٨٩٥ و درێژییەکەی نزیکەی ٢٢٠٠ میتر، لە باکوورەوە بۆ باشوور لە ناوەڕاستی ڕۆژئاوای ڕووسیادا درێژدەبێتەوە و بەشێک لە سنووری ئاسیا و ئورووپا پێکدەهێنێت.

[٥] بەربەستی بەشەکی ئەو بەربەستەیە کە تەنیا پاراستنی سنووردار پێشکەش دەکات. بە پێچەوانەی بەربەستێکی تەواو ڕێگە بە هەندێک لێشاو یان کارلێک دەدات، کە لێی تێپەڕ بن. بۆ نموونە لە چوارچێوەی پێچانەوەی ماکەی خواردەمەنی، بەربەستی بەشەکی ڕەنگە تەنیا ڕێگریی لە بەشێکی لە تێپەڕبوونی ئۆکسیژێن بکات. لە حاڵەتی فیزیکیدا ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ ئەو بەربەستانەی کە تەنیا بەشێکی گواستنەوەی وزە سنووردار دەکەن.

سیبیریا و لە کۆتاییدا تەواوی وڵاتەکەی تا ڕۆژهەڵاتی کەنارەکانی زەریای هێمن داگیر کرد.

ئێستا ڕووسەکان ناوچەیەکی پارێزراو و ناوچەیەکی ناوەوەیان هەبوو - قووڵایی ستراتیژی - شوێنێک کە لە ئەگەری هێرشکردنە سەریان دەیانتوانی بۆ ئەوێ پاشەکشە بکەن. لە ڕێگای زەریای جەمسەری باکوورەوە هەروەها بەسەر ئۆرالدا هیچ هێزێکی سەربازی نەیدەتوانی هێرش بکاتە سەریان. وڵاتەکەیان بوو بەو وڵاتەی کە ئەمڕۆ بە ڕووسیا دەیناسین و بۆ داگیرکردن لە باشوور یان باشووری ڕۆژهەڵاتەوە دەبوو مرۆڤ سوپایەکی گەورە و هێڵی دابینکردنی گەلێك درێژی هەبایە بۆ ئەوەی بتوانێ لە پۆستە بەرگرییەکان تێپەڕێت.

لە سەدەی ١٨دا، ڕووسیا – لە سەردەمی پیتەری گەورەدا کە لە ساڵی ١٧٢١ ئیمپراتۆریەتی ڕووسیای دامەزراند و تسارینا کاترینی "Zarin Katharina" مەزن – چاوی تەماحی لە ڕۆژئاوا بڕی و ئیمپراتۆریەتەکەی بۆ پێکهێنانی زلهێزێکی گەورەی ئورووپی پەرە پێدا، کە بە پلەی یەکەم بەهۆی بازرگانی و هەستی نەتەوەییەوە سووتەمەنی بۆ دابین کرد. ئەم ڕووسیا نوێیە کە گەلێك سەقامگیرتر و بەهێزتر بوو ئێستا توانی ئوکرائین داگیر بکات و پێشڕەوی بۆ ناو چیای کارپاتیا"Karpaten " بکات. زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی ئێستا

به دەوڵەتانی باڵتیک ناویان دێنن، وەك لیتوانیا "Litauen"، لێتلاند "Lettland" و ئیستلاند "Estland"ی کردە ژێردەستەی خۆی. بەم شێوەیە خۆی لە هەر لەشکرکێشییەک لە ڕێگەی وشکانی یان ئەودیوی دەریای باڵتیکەوە پارێزراو کرد.

ئێستا ئیتر بازنەیەك لە دەوروبەری مۆسکۆ پێکهاتبوو، کە پارێزگاریی لە دڵی وڵاتەکە دەکرد. لە جەمسەری باکوورەوە، ئیمپراتۆریەتەکە بەسەر باڵتیک و ئوکرائین و پاشان لە چیاکانی کارپاتیاوە بۆ دەریای ڕەش و قەوقاز درێژبووەوە تا دەگاتە دەریای خەزەر، پاشان بە دەوری ئۆرالدا کێشرابۆوە بۆ سەرەوە تا بازنەی جەمسەری باکوور.

لە سەدەی بیستەمدا ڕووسیای کۆمۆنیست (یەکێتی سۆڤیەت)ی دامەزراند. هەرچەندە بە فەرمی ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی لە باوەش گرت - بە دروشمی بەناوبانگی "کرێکارانی هەموو وڵاتان، یەکبگرن" (مانیفێستی کۆمۆنیستی مارکس و ئەنگڵس) - بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دروشمانە تەنیا بەردەوامیی ئیمپریالیزمی کۆنی ڕووسیای دەمامک(هەڵپێچ) کرد. دوای شەڕی جیهانی دووەم، لە زەریای هێمنەوە تا بەرلین، لە جەمسەری باکوورەوە تا سنووری ئەفغانستان درێژ بووەوە – زلهێزێکی ئابووریی و سیاسی و سەربازی کە تەنها ئەمریکا دەیتوانی هاوتای بێت.

ڕووسیا گەورەترین وڵاتی جیهانە، دوو هێندەی ئەمریکا، پێنج هێندەی هیندوستان، بیست و پێنج هێندەی شانشینی یەکگرتووە. بەڵام ژمارەی دانیشتووانەکەی کە نزیکەی ١٤٤ ملیۆن کەسە، کەمترە لە ژمارەی دانیشتوانی نەیجیریا یان پاکستان. وەرزی گەشەکردنی کشتوکاڵی کورتە، و کێشەیەکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی ئەو شتانەی دروێنەی دەکات بە شێوەیەکی یەکسان بەسەر ئەو یازدە ناوچە کاتییەیدا دابەشی بکات کە لە لایەن مۆسکۆوە بەڕێوەدەچێت.

تا شاخەکانی ئۆرال، ڕووسیا وڵاتێکی ئورووپییە بەو مانایەی کە هاوسنوورە لەگەڵ زەویە ئورووپییەکان، بەڵام سەرەڕای سنوورەکانی لەگەڵ کازاخستان، مەنگۆلیا، چین و کۆریای باکوور، هەروەها سنووره دەریاییەکانی لەگەڵ چەند وڵاتێک لەوانە ژاپۆن و ئەمریکا، بە زلهێزێکی ئاسیایی دانانرێ.

سارا پالین "Sarah Palin"، کاندیدی پێشووی جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکا، گاڵتەی پێکرا کاتێک وتی "لێرە لە ئەلاسکاوە دەتوانرێ لە زەویەوە ڕووسیا ببینیت"، لێدوانێک کە دواتر لە ڕاپۆرتە میدیاییەکان بوو بە "دەتوانم لە ماڵەکەمەوە ڕووسیا ببینم." بەڵام لە ڕاستیدا وتوویە: "لێرە لە ئەلاسکاوە، دەتوانیت ڕووسیا لە وشکانییەوە

ببینیت، لە دوورگەیەکی ئەلاسکاوە". ئەو خاتوونە ڕاستی دەکرد. دوورگەیەکی ڕووسی لە گەرووی بێرینگ "Bering" چوار کیلۆمتر لە دوورگەی "Little Diomede Island"وە دوورە کە دوورگەیەکی ئەمریکییە و بە چاوی ئاسایی دەبینرێت. واتە لە خاکی ئەمریکاوە دەتوانی ڕووسیا ببینیت.

لە لوتکەی شاخەکانی ئۆراڵەوە خاچێک چەقێندراوە کە سنووری نێوان ئوروپا و ئاسیا دیاری دەکات. لە ڕۆژێکی ڕووندا، ئەمە شوێنێکی گەلێك جوان و ڕازاوەیە، و دەتوانیت بە چەندین کیلۆمتر لە نێوان دارەکانی لێرەوارەوە ڕۆژهەڵاتی ناوچەکە سەیر بکەیت. لە وەرزی زستاندا ئێرە بەفر دایگرتووە، هەروەک ناوچە نزمەکانی سیبیریا لە خوارەوە، بەفرێکی پان و بەرین لەودیوی شاری یێکاتێرینبۆرگ "Jekaterinburg"ەوە خۆی ڕاکێشاوە. گەشتیاران لە هەموو جیهانەوە حەز دەکەن بێنە ئێرە بۆ ئەوەی پێیەکیان لە ئورووپا بێت و پێیەکەی تریان لە ئاسیا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی خاچەکە لە شوێنێکدایە کە تەنیا ڕێگایەکی کورتی وڵاتەکەت بڕیوە، ڕوونە خاکی ڕووسیا چەندە فراوانە. لە ڕێگای سانت پترسبۆرگەوە بۆ ئۆراڵ، ٢٥٠٠ کیلۆمترت بەرەو ڕۆژئاوای ڕووسیا بڕیوە، بەڵام هێشتا ٧٢٥٠ کیلۆمترت دەمێنێ بۆ ئەوەی بگەیتە گەرووی بێرینگ، کە

لەودیوەوە ئەلاسکا و ئەمریکا (و ماڵی خاتوو پێلین)ی لێ هەڵکەوتووە.

دوای ماوەیەکی کەم لە ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، من لە ئۆرال بووم، لەو خاڵەی کە سنووری ئورووپا و ئاسیایە. تیمێکی کامێرای ڕووسی لەگەڵم بوون. کامێراوانەکە تێکۆشەرێکی دێرین بوو لە زانستی فیلمسازیدا و کوڕی ئەو کامێراوانە بوو کە زۆربەی گرتە ڤیدیۆییەکانی لە کاتی گەمارۆدانی ستالینگراد لەلایەن ئاڵمانیاوە تۆمارکردبوو. لێم پرسی: لە ڕاستیدا تۆ ئورووپیت یان ئاسیایی؟ چەند چرکەیەک بیری لەو پرسیارەم کردەوە و پاشان وەڵامی دایەوە: "هیچ کامیان- من ڕووسیم".

ڕووسیا لە زۆر ڕووەوە زلهێزێکی ئاسیایی نییە. هەرچەندە لەسەدا ٧٥ی خاکەکەی لە ئاسیادایە، بەڵام تەنیا لەسەدا ٢٢ی دانیشتووانەکەی لە بەشی ئاسیایی دەژین. ڕەنگە سیبیریا " گەنجینەی ڕووسیا" بێت، کە زۆرینەی سەرچاوە کانزاییەکان و نەوت و گازی تێدا هەڵکەوتووە، بەڵام لە خاکێکی سەخت و دارستانی بەرفراوانی (تایگا "Taiga") و زەوییەکی تاڕادەیەك خراپ بۆ کشتوکاڵ و تاڵاوی بێکۆتایی پێکهاتووە کە بۆ ماوەی چەندین مانگی ساڵ بە شێوەی سەهۆڵبەندانە. تەنیا دوو هێڵی شەمەندەفەر لە ڕۆژئاوا- ڕۆژهەڵات تێپەڕدەبن – هێڵی ئاسنی ترانس-سیبیریا و هێڵی

سەرەکی بایکال-ئەمور"Baikal-Amur". هەروەها چەند ڕێگایەکی گواستنەوە بەرەو باکوور-باشوور لێدراون. ڕووسیا ناتوانێت وزە بۆ باشوور بۆ مەنگۆلیا یان چینی مۆدێرن دابین بکات: هێزی کار و لوولەی گواستنەوەی گازی پێویستی نییە.

تەواو ئەگەری ئەوە هەیە کە چین لە درێژخایەندا کۆنترۆڵی بەشێک لە سیبیریا بەدەستبهێنێت، بەڵام ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دابەزینی ڕێژەی لەدایکبوونی مرۆڤی ڕووسی و کۆچی لەڕادەبەدەری چینییەکان بۆ باکووری ناوچەکە. چێشتخانە چینییەکان پێشتر کەمێک بەرەو ڕۆژئاوای ناوچەکە ڕۆیشتبوون و لە زۆربەی گوند و شارە نزمە تاڵاوەکانی سیبیریای ڕۆژئاوا لە نێوان ئۆرال و ڕووباری یەنیسێی "Jenissei" کە ١٦٠٠ کیلۆمتر لە ڕۆژهەڵاتەوە دوورە، جێگایان خۆش کردووە. زۆر دامەزراوەی چینی تریش بەدوایدا هاتوون. لەوەش زیاتر ئەگەری ئەوە هەیە ناوچە چۆڵ و بێ دانیشتووەکانی ڕۆژهەڵاتی دووری ڕووسیا بخەنە ژێر هەژموونی کولتووریی و دواجار سیاسی چینییەوە.

لە دەرەوەی دڵی ڕووسیا، بەشێکی زۆری دانیشتوانی فیدراسیۆنی ڕووسیا لە ڕووی نەتەوەییەوە غەیرە ڕووسیین و دڵسۆزییەکی کەمیان بۆ مۆسکۆ هەیە، ئەمەش لە

ئەنجامدا دۆخێکی نائەمنی و شەڕانگێزیی هاوشێوەی سەردەمی سۆڤیەت دروست دەکات. لەو سەردەمەدا ڕووسیا زلهێزێکی دیفاکتۆی کۆلۆنیالیزم بوو، حوکمڕانی بەسەر ئەو وڵات و گەلانەدا دەکرد کە هیچ خاڵێکی هاوبەشیان لەگەڵ فەرمانڕەواکانیان نەدەبینی. بەشێک لە فیدراسیۆنی ڕووسیا - بۆ نموونە چیچان "Tschetschenien" و داگستان "Dagestan" لە قەفقاز- هێشتا هەست بەم چەشنە هەڵسوکەوتانە دەکەن.

لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا، تێچووی پارەی زیاتر لەوەی کە لەبەردەستدا بوو، ئاڵۆزیی ئابووریی بازاڕ لە وڵاتێک کە بۆ مرۆڤ دروست نەکراوە، هەروەها شکست لە چیاکانی ئەفغانستان بوونە هۆکاریی سەرەکی بۆ ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت. ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا کەم تا زۆر بۆ سنوورەکانی سەردەمی پێش کۆمۆنیزم بچووک بووەوە، بە چەشنێک خاکی ئورووپییەکەی لە سنوورەکانی ئیستلاند، لێتلاند، بیلاڕووس، ئوکرائین، جۆرجیا و ئازەربایجان لە دەست دا. لەشکرکێشی سۆڤیەت بۆ سەر ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٧٩ کە بۆ پشتیوانی لە حکومەتی کۆمۆنیستی ئەفغانستان لە دژی یاخیبووانی موسڵمانی دژە کۆمۆنیست داڕێژرابوو، هەرگیز پەیوەندیی بە هێنانی خۆشگوزەرانی مارکسیزم-لینینیزمەوە بۆ گەلی ئەفغانستان نەبووە. بەڵکوو ئەم کارە

زیاتر لەسەر پاراستنی کۆنترۆڵی مۆسکۆ بەسەر ناوچەکەدا بوو و دڵنیابوون لەوەی ئەم ناوچەیە نەکەوێتە دەستی بەرەیەکی دیکەوە. هەروەها شتێکی چارەنووسساز بوو، چونکە داگیرکردنی ئەفغانستان هیوای گەورەی سووتەمەنی ڕووسیا بوو کە سەربازانی ڕووسیا "پێڵاوەکانیان لە زەریای هیندوستاندا بشۆنەوە"، وەک سیاسەتمەداری نەتەوەپەرست ڤلادیمێر ژیرینۆڤسکی دەڵێت، و بەم شێوەیە شتێک بە وڵاتەکە دەبەخشێت کە هەرگیز خاوەنی نەبووە: بەندەرێک کە تەنانەت لە زستانیشدا بێ سەهۆڵ دەمێنێتەوە و دەستڕاگەیشتنێکی ئازاد بۆ گرنگترین ڕێگا بازرگانییەکانی جیهان پێشکەش دەکات. بەندەرەکانی سەر زەریای جەمسەری باکوور وەک مورمانسک "Murmansk" سالانە بۆ چەند مانگێک بەستوو دەبن. تەنانەت ڤلادیڤۆستۆک "Wladiwostok" کە گەورەترین بەندەری زەریای هێمن لە ڕووسیایە، نزیکەی چوار مانگ بەهۆی سەهۆڵەوە چالاکیی تێدا ناکرێت، هەروەها کەوتۆتە سەر زەریای داخراوی ژاپۆن کە لەلایەن ژاپۆنەوە کۆنترۆڵ دەکرێ. ئەمەش نەک هەر ڕێگریی لە بەلەمەکانی ڕووسیا دەکات کە بتوانن وەک یاریزانێکی جیهانی مامەڵە بکەن، بەڵکوو بە گشتیی ڕێگریی لە ڕەوتی بازرگانیشیان دەکات. جگە لەوەش گواستنەوە لە ڕێگەی ئاوەوە بە شێوەیەکی

بەرچاو هەرزانترە لە گواستنەوە لە ڕێگەی وشکانی یان ئاسمانەوە.

نەبوونی بەندەرێکی بێ سەهۆڵ کە دەستڕاگەیشتنێکی ڕاستەوخۆی بەسەر زەریاکانی جیهاندا هەبێت، کە لە ڕووی ستراتیژییەوە وەک دەشتی باکووری ئورووپا گرنگ بێت، هەمیشە پاژنەی ئەکیلی[٦] ڕووسیا بووە. ئەم زیانە جوگرافییە تەنیا بە هۆی نەوت و گازەکەیەوە قەرەبوو دەکرێتەوە. سەیر نییە کە پیتەری گەورە لە وەسیەتنامەکەیدا لە ساڵی ١٧٢٥ ئامۆژگاریی جێنشینەکانی کردووە و دەڵێت: "ڕووسیا دەبێت سنوورەکانی تا ئەو شوێنە درێژ بکاتەوە کە هیندوستان و قوستەنتینیە لەخۆ بگرێت. هەرکەسێک خاوەنی قوستەنتینیە بێت، خاوەنی جیهانە. بۆیە دەبێت ڕووسیا بەردەوام شەڕ لەگەڵ تورکیا و ئێران بکات... دەبێت... پێشڕەویی بکات بۆ کەنداوی فارس... و بۆ هیندوستان..."

کاتێک یەکێتی سۆڤیەت ڕووخا، دابەش بوو بەسەر ١٥ وڵاتدا. جوگرافیا تۆڵەی لە ئایدۆلۆژیای سۆڤیەت کردەوە و وێنەیەکی لۆژیکیتری لەسەر نەخشەکە دەرخست، وێنەیەک کە شاخ، ڕووبار، دەریاچە و زەریاکان نیشان دەدا

[٦] پاژنە تاکە شوێنێک بوو کە پاڵەوانی ئەفسانەیی "ئەکیل" لێی لاواز بوو. ئەم چەمکە ئەمڕۆ بە پلەی یەکەم وەک مەتافۆرێک بەکاردێت و باسی خاڵێکی لاواز لە سیستەمێک یان تاکتیکێکدا دەکات.

و دیاریی دەکات مرۆڤ لە کوێ دەژین و لە کوێ لە یەکتر جیادەبنەوە و چلۆن زمان و کولتووری جیاوازیان پەرەپێداوە. تاقانە یاخود ئیستسنای ئەم یاسایە "ستان (Stans)ەکانن"، وەک تاجیکستان کە سنوورەکانی بە ئەنقەست لەلایەن ستالینەوە کێشراوە بۆ لاوازکردنی ناوچەکە بە دڵنیابوون لەوەی کەمینەی ناوچەکانی دیکە تێیدا دەژین.

ئەگەر لەڕووی کاتی-مەکانی مێژوویی سەیری شتەکان بکرێت- کە زۆربەی دیپلۆماتکاران و ستراتیژیستەکانی سەربازیش دەیکەن - بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی کە بەشێک بوون لە یەکێتی سۆڤیەت، یان لە پەیمانی وارشۆ، هێشتا هەموو شتێک کراوەیە و دەتوانرێت بەسەر سێ گرووپدا دابەش بکرێن: بێلایەن، لایەنگری ڕۆژئاوا و لایەنگری ڕووسیا.

وڵاتانی بێلایەن- ئۆزبەکستان، ئازەربایجان و تورکمانستان - ئەو وڵاتانەن کە هۆکاری کەمتریان هەیە بۆ هاوپەیمانی خۆیان لەگەڵ ڕووسیا یان ڕۆژئاوا. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەرسێکیان وزەی خۆیان بەرهەم دەهێنن و پێویست ناکات لەڕووی هۆکاری بازرگانی و ئەمنییەوە مەیلیان بۆ لایەنێک هەبێت.

کازاخستان، قرغیزستان، تاجیکستان، بێلاڕوس و ئەرمینیا لە کەمپی لایەنگری ڕووسیادان. دۆخی ئابوورییەکانیان بە شێوەیەک بەستراوەتەوە بە ڕووسیاوە کە ئەویش خۆی بە بەشێکی زۆری ئابووریی ڕۆژهەڵاتی ئوکرائینشەوە بەستراوەتەوە (هۆکارێکی دیکەی ڕاپەڕین لەو ناوچەیە). گەورەترینی ئەو وڵاتانە، کازاخستانە، لە ڕووی دیپلۆماسییەوە لەگەڵ ڕووسیادا گەلێک هاوتەریبە و کەمینە ڕووسییە گەورەکەی بە باشی خۆی لەوێ گونجاندووە. لە کۆی پێنج وڵاتەکە، کازاخستان و بیلاڕووس، هاوشانی ڕووسیا، یەکێتیی نوێی ئۆرئاسیایان (چەشنێک لە یەکێتیی گەلی هەژار) پێکهێناوە، و هەموویان سەر بە هاوپەیمانییەکی سەربازین لەگەڵ ڕووسیا لە ژێر ناوی ڕێکخراوی پەیمانی ئاسایشی بەکۆمەڵ. ڕێکخراوی پەیمانی ئاسایشی بەکۆمەڵ"OVKS"[٧] بەدەست ئەو ڕاستییەوە دەناڵێنێت کە ناوەکەی ناتوانرێت کورت بکرێتەوە و وەشانێکی ئاوبەسەرداڕێژکراوی پەیمانی وارشەوە. ڕووسیا ئامادەیی سەربازیی خۆی لە قیرغیزستان و تاجیکستان و ئەرمینیا دەپارێزێت.

پاشان وڵاتانی لایەنگری ڕۆژئاوا هەن کە پێشتر ئەندامی پەیمانی وارشەو بوون بەڵام ئێستا هەموویان بەشێکن لە

---

[٧] Die Organisation des Vertrags über kollektive Sicherheit(OVKS)

ناتۆ - یان یەکێتی ئورووپا: پۆڵەندا، لێتلاند، لیتوانیا، ئیستلاند، کۆماری چیک، بولگاریا، هەنگاریا، سلۆڤاکیا، ئەلبانیا و ڕۆمانیا. دیارە ئەوە بە هەڵکەوت نییە کە زۆرێک لەوان لەو دەوڵەتانەدان کە لەژێر زوڵمی سۆڤیەتدا زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە. لەوانە گورجستان و ئۆکرائین و مۆڵداڤین کە حەز دەکەن بچنە ناو هەردوو ڕێکخراوەکەوە بەڵام بەهۆی ئەوەی لە لایەکەوە لە ڕووی جوگرافییەوە زۆر لە ڕووسیا نزیکن و لەولاشەوە سەربازانی ڕووسیا یان میلیشیاکانی لایەنگری ڕووسیا لەسەر خاکی هەر سێ وڵاتەکە ئامادەن، خۆیان لەو کێشەیە دوور ڕادەگرن. ئەندامێکی ناتۆ یان یەکێک لەم سێ وڵاتە دەتوانن شەڕ داگیرسێنن. هەموو ئەمانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە بۆچی مۆسکۆ لە ساڵی ٢٠١٣دا کاردانەوەی توندی لێکەوتەوە، کاتێک شەڕی سیاسی لەسەر ئاراستەی داهاتووی ئوکرائین گەلێك گەرم ببوو.

تا ئەو کاتەی حکومەتێکی لایەنگری ڕووسیا لە کییڤ دەسەڵاتدار بوو، ڕووسەکان دەیانتوانی متمانەیان بەوە هەبێت کە ناوچەی پاراستنیان وەک خۆی دەمێنێتەوە و دەشتی باکووری ئورووپا لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا دەبێ. تەنانەت ئۆکرائینێکی بێلایەنی یەکلاکەرەوە، کە بەڵێنی بدات نەچێتە ناو یەکێتی ئورووپا یان ناتۆ و ڕێز لە ڕێکەوتن

لەگەڵ ڕووسیا لەسەر بەندەری سیڤاستۆپۆل "Sewastopol" لە کریمە بگریێ، کە تاکە بەندەری بێ سەهۆڵە، هێشتا بۆ ڕووسیە جێی دان پێدانان بوو. ئەو ڕاستییەی کە ئوکرائین وابەستەی دابینکردنی وزەی ڕووسیا بوو، بە پێی کات هەڵوێستی بێلایەنیی گونجاوتر دەکرد، تەنانەت ئەگەر بێزارکەریش بووبێت. بەڵام ئۆکرائینێکی لایەنگری ڕۆژئاوا کە ئاواتەکانی پەیوەست بەو هاوپەیمانییە بوو، دەستڕاگەیشتنی ڕووسیا بە بەندەری دەریای ڕەشی دەخستە مەترسییەوە؟ ئۆکرئینێك کە تەنانەت ڕۆژێک بتوانێت میوانداریی بنکەیەکی دەریایی ناتۆ بکات؟ هیچ شانسێکی نییە.

ڤیکتۆر یانۆکۆڤیچ "Wiktor Janukowytsch" سەرۆکی ئوکرائین هەوڵیدا لەگەڵ هەردوولا دانووستان بکات. ئەو لەگەڵ ڕۆژئاوا دۆستایەتی دەکرد بەڵام هاوکات ڕێزی بۆ مۆسکۆش هەبوو - هەربۆیە پوتین هەستی لێبوردەیی بۆی هەبوو. کاتێک لە لێواری بەڕێوەبردنی ڕێککەوتنێکی بازرگانی دوور مەودا لەگەڵ یەکێتی ئورووپادا بوو، کە دەیتوانی ببێتە هۆی ئەندامێتی، پوتین دەستی کرد بە توندکردنەوەی پیچە سیاسییەکانی. بۆ نوخبەی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا، ئەندامێتی یەکێتی ئورووپا هەنگاوی یەکەم بوو بۆ ئەندامێتی ناو ناتۆ. ئەوەش دەزانین ئەندامێتی ناتۆ بۆ

ئۆکرائین هێڵی سووری ڕووسیا بوو. پوتین گوشارەکانی لەسەر یانۆکۆڤیچ بەرز کردەوە و پێشنیارێکی پێشکەش کرد کە نەیتوانی ڕەتی کاتەوە. سەرۆکی ئۆکرائین لە کاروباری یەکێتیی ئورووپا کشایەوە و لەگەڵ مۆسکۆ پەیمانێکی بەست و بەم شێوەیە نارەزایەتیی لێکەوتەوە کە دواجار بووە هۆی ڕووخانی دەسەڵاتەکەی.

ئاڵمانیی و ئەمریکییەکان پشتگیریان لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئوکرائین کرد، بەرلینیش ڤیتالی کلیچکۆ "Vitali Klitschko" پاڵەوانی پێشووی جیهانی بۆکس کە ئیتر هاتبووە ناو سیاسەتەوە، وەک پیاوی خۆی دەبینی. بە هاوکاریی ئۆکرائینیی لایەنگری ڕۆژئاوا، وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە ڕێگەی ڕاهێنان و یارمەتیی ماڵیی، گروپە ئۆپۆزسیۆنە دیموکراسیخوازە جیاوازەکانی ئۆکرائینییان لە ڕووی فیکری و ئابوورییەوە بۆ لای خۆیان ڕاکێشا.

لە کییێڤ شەڕی سەر شەقامەکان سەریهەڵدا و خۆپیشاندانەکان لە سەرانسەری وڵاتدا توندتر بوونەوە. هاوکات لە ڕۆژهەڵاتیش مرۆڤ بۆ پشتیوانی لە سەرۆک کۆمار ڕژانە سەر شەقامەکان. لە ڕۆژئاوای وڵاتەکە شارەکانی وەک لڤیف "Lwiw" یان لێمبێرگ "Lemberg" کە سەردەمانێک سەر بە پۆڵەندا بوو، چالاکانە هەر کاریگەرییەکی لایەنگریی ڕووسیایان لەرزۆک دەکرد.

تا ناوەڕاستی مانگی شوباتی ٢٠١٤، حکومەت کۆنترۆڵی شاری لڤیف و شارەکانی دیکەی لە دەستدا. لە ٢٢ی شوبات دوای مردنی دەیان کەس لە کییڤ، سەرۆک کۆمار لە ترسی ژیانی خۆی هەڵات. گروپی دژە ڕووسیا، هەندێک لایەنگری ڕۆژئاوا، هەندێکیتر لایەنگری فاشیستەکان، دەستیان بەسەر حکومەتدا گرت. لەو ساتەوە مۆرەی سیاسی هەڵخرا. سەرۆک پوتین لە بنەڕەتدا هیچ بژاردەیەکی نەبوو – ناچار بوو کریمیا بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، کە نەک هەر شوێنی زۆرێک لە ئۆکرائینیی ڕووسی زمان بوو، بەڵکوو لەوەش گرنگتر، شوێنی بەندەری سێڤاستۆپۆلی دەریای ڕەش بوو.

سیڤاستۆپۆل تاکە بەندەری ڕووسیایە کە بەڕاستی کەشوهەوای گونجاو و بێ سەهۆڵبەندانی بە درێژایی ساڵ هەیە. بەڵام دەستڕاگەییشتن بە دەریای ڕەش بۆ دەریای ناوەڕاست بەهۆی پەیماننامەی مۆنترۆکس "Montreux"ی ساڵی ١٩٣٦ سنووردار کراوە، کە تورکیا- ئێستا ئەندامی ناتۆ- کۆنترۆڵی بۆسپۆر "Bosporus" دەکات. کەشتییە دەرياییەکانی ڕووسیا بەناو شەقامی زەریادا دەڕۆن، بەڵام بە ژمارەیەکی سنووردار- لە ئەگەری ڕوودانی شەڕێکدا، چیتر ڕێگەیان پێنەدەدرا ئەو کارە بکەن. هەروەها دوای دەوردانی بۆسپۆر "Bosporus" و داردانێل "Dardanellen"،

ڕووسەکان دەبوو پێش ئەوەی بگەنە دەریای ناوەڕاست، دەریای ئیجە "Ägäis" ببڕن، لەوێشەوە بۆ ئەوەی بگەنە زەریای ئەتڵەسی یان ئوقیانووسی هیند دەبوو یان لە گەرووی جبل طارق، یان کاناڵی سوێزەوە تێپەڕن. هەروەها ڕووسەکان بەندەرێکی بچووکی دەریاییان لە تەرتوس "Tartus" لە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاستی سوریا هەیە (ئەمەش تا ڕادەیەک ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی پشتگیریان لە حکومەتی سوریا کردووە کاتێک شەڕ لە ساڵی ٢٠١١ ڕوویدا)، بەڵام بنکەیەکی سنووردارە بۆ دابینکاریی و ژێرخانی نیزامی، نەک بنکەیەکی سەرەکی.

کێشەیەکی ستراتیژی دیکەش ئەوەیە کە لە ئەگەری ڕوودانی شەڕدا هێزی دەریایی ڕووسیا لە ڕێگای گەرووی دەوروبەری دانمارکەوە ناتوانێت دەریای باڵتیک بەجێبهێڵێت، چونکە ڕێگای دەریای باکوور لەلایەن وڵاتانی ئەندامی ناتۆ واتە دانمارک و نەرویج کۆنترۆڵ دەکرێن. تەنانەت ئەگەر کەشتییەکان لەم ڕێڕەوەدا شارەزاش بن، ئەوا هێشتا دەبوو بەسەر ئەو بۆشاییەی دەریای باکووردا زاڵ بن کە " GIUK Gap" پێی دەوترێت (ڕێگایەکی تەنگ لە نێوان گرینلاند، ئایسلەندا و بریتانیا) لە ڕێگای زەریای ئەتڵەس – زیاتر لەسەر ئەم تەوەرە باس دەکەین کاتێک سەیری ئورووپای ڕۆژئاوا بکەین.

لە دوای لکاندنی کریماوە، ڕووسەکان هیچ کاتێکیان بەفیڕۆ نەداوە. ئەوان پەرە بە بەلەمەکانی دەریای ڕەش لە سێڤاستۆپۆل دەدەن و بەندەرێکی دەریایی نوێیان لە شاری نۆڤۆرۆسیسکی "Noworossijsk" دەریای ڕەشی ڕووسیا دروست کردووە، کە هەرچەندە بەندەرێکی سروشتی قووڵی ئاویی نییە، بەڵام توانایی زیاتریان بۆ لەنگەرگرتنی کەشتییەکانیان پێکهێناوە. هەشتا کەشتی نوێ و چەندین ژێردەریایی وەك پرۆژریەکی نوێ خراونەتە کەرتی جێبەجێکردن. ئەم کەشتییانە هێشتا ئەوەندە بەهێز نین کە لە کاتی شەڕدا بتوانن لە دەریای ڕەشەوە دەربچن، بەڵام تواناییەکانیان لە پەرەسەندندایە. وەڵامی چاوەڕوانکراو ئەوەیە کە لە ماوەی دەیەی داهاتوودا ئەمریکا هانی ڕۆمانیای هاوبەشی ناتۆ دەدات بۆ فراوانکردنی کەشتییەکانی لە دەریای ڕەشدا، لە هەمان کاتدا بە پلەی یەکەم پشت بە تورکیا دەبەستێت بۆ ڕاگرتنی بۆسپۆرس "Bosporus".

نزیکەی دوو سەدە، کریمیا سەر بە ڕووسیا بوو پێش ئەوەی سەرۆک خرۆشچۆف لە ساڵی ١٩٥٤دا بیگوازێتەوە بۆ کۆماری سۆڤیەتی ئوکرائین – لە سەردەمێکدا وا گریمانە دەکرا گەلی سۆڤیەت هەرگیز نامرن و بۆ هەمیشە لەلایەن مۆسکۆوە کۆنترۆڵ دەکرێن. ئێستا کە ئوکرائین سەر بە سۆڤیەت و تەنانەت لایەنگری ڕووسیاش نەبوو، پوتین

ناچار بوو هەڵوێست بگرێ. ئایا دیپلۆماتکارانی ڕۆژئاوا ئەمەیان دەزانی؟ ئەگەر نا، ئەوان یاسای"A"، وانەی یەکەمیان لە کتێبی "دیپلۆماسی بۆ مرۆڤی سەرەتایی" یان ئاگاداری نەبوون - کاتێک زلهێزێکی گەورە ڕووبەڕووی هەڕەشەیەک دەبێتەوە کە بوونی دەخاتە مەترسییەوە، ئەوا بە هێز وەڵامی دەداتەوە. ئەگەریش دەیانزانی، دەبێ لکاندنی کریمیا لەلایەن پوتینەوە وەک باجێکی گونجاویان بۆ هێنانی ئوکرائین بۆ ناو ئورووپای مۆدێرن و سیاسەتی ڕۆژئاوا سەیر کردبێت.

ڕوانگەیەکی ڕووکاریش ئەوەیە کە ئەمریکا و ئورووپییەکان دڵخۆش بوون بە پێشوازیکردن لە ئوکرائین و دامەزراوە لیبراڵەکانی وەک ئەندامێکی تەواو لە جیهانی دیموکراسیدا و مۆسکۆ دەستی بەسترابوو و نەیدەتوانی پێشگریی لەم کارە بکات. ئەمەش ڕوانگەیەکە کە چاوپۆشی لە ڕەوتی جیۆپۆلەتیک لە سەدەی بیست و یەکەمدا دەکات کە هێشتا بوونی هەیە و ڕووسیاش پابەند بە سەروەریی یاساییەکەیەوە نییە.

لە خۆشیی سەرکەوتنی خۆیدا، حکومەتی نوێی کاتیی ئۆکرائین دەستبەجێ هەندێک لێدوانی گەمژانەی دەربڕی بۆ نموونە ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی زمانی ڕووسی وەک زمانی فەرمی پلە دووەم لە ناوچە جیاوازەکاندا. بەو پێیەی

ئەمانە ئەو ناوچانە بوون کە زۆرترین ڕێژەی ئاخافتنی ڕەسەنی ڕووسی و هەستی لایەنگریی ڕووسیایان هەبوو، لەوانەش کریمیا، بە ناچاریی کاردانەوەی لێکەوتەوە. هەروەها ئەمانە سووتەمەنیی پاساوی بۆ پڕوپاگەندە بۆ سەرۆک پوتین دابین کرد کە پێویستی پێی هەبوو بۆ ئەوەی بانگەشەی ئەوە بکات ناوچە ڕووسییە نەتەوەییەکان لە ئوکرائین پێویستیان بە پاراستن هەیە.

کرێملین یاسایەکی دەرکرد کە حکومەتی پابەند دەکرد بە پاراستنی "نەتەوە ڕووسییەکان". پێناسەکردنی ئەم کارە لە بنەڕەتدا گەلێك ئاڵۆز جێی تێگەییشتن بوو، چونکە ڕووسیا دەیتوانی بە شێوەی گونجاو بە هەر قەیرانێکی ئەگەری کە ڕەنگە لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا سەریهەڵدابێ پێناسەیان بکات. ئەگەر لەگەڵ کرێملیندا بگونجێت، دەتوانرێت بە سادەیی نەتەوە ڕوسییەکان بەو کەسانە پێناسە بکرێت کە زمانی زگماکییان ڕووسییە. لە کاتەکانی دیکەشدا دەتوانرا لە یاسای نوێی هاووڵاتیبوون کەڵک وەربگیرێت، کە تێیدا هاتووە مرۆڤ دەتوانێت ڕەگەزنامەی ڕووسی بەدەستبهێنێت ئەگەر باو و باپیرەی لە ڕووسیا ژیابن و زمانی ڕووسی زمانی زگماکی خۆیان بووبێت. بەم شێوەیە کاتێک قەیرانێک سەرهەڵدەدات، ڕەنگە خەڵک مەیلیان هەبێت بۆ بەرژەوەندیی خۆیان یاری پێبکەن و

پاسپۆرتی ڕووسی پێ وەربگرن. پاشان ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕووسیا ڕێگای بۆ ئاواڵە بێ دەستوەردان لە ئەگەری ڕوودانی ململانێ بکات.

نزیکەی لەسەدا ٦٠ی دانیشتوانی کریمیا "ڕووسی نەتەوەیی"ن، بۆیە کرێملین لە دەرگا کراوەکانی دەدا و پوتین پشتگیریی لە خۆپیشاندانەکانی دژی کییێڤ کرد و ئەوەندە نائارامی و دووبەرەکی دروستکرد کە لە کۆتاییدا "دەبوو" سەربازەکانی بۆ پاراستنی خەڵک لەسەر شەقامەکان بنێرێت بۆ بنکەی دەریایی ئەو شوێنە. سوپای ئوکرائین لەم ناوچەیەدا بە تەواوی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەم دانیشتووان و هەم سوپای ڕووسیا ئامادە نەبوو و بەپەلە کشایەوە. کریمیا دیسانەوە بە شێوەیەکی دیفاکتۆ یاخود لە کردەوەدا بوو بە بەشێک لە خاکی ڕووسیا.

دەکرێت بڵێین پوتین بەدیلێکی بۆ ئەوکارە دەبوو: دەیتوانی ڕێز لە یەکپارچەیی خاکی ئوکرائین بگرێت، بەڵام مرۆڤ وای بۆ دەچێ تەنیا یاری بەو نەخشە جوگرافیایە بکات کە سروشت بۆ ڕووسیای دیاری کردووە، چونکە ئەوە هەرگیز بژاردەیەکی ڕاستەقینە نەبوو. بە دڵنیاییەوە پوتین بەنیازی ئەوە نییە وەک ئەو مرۆڤە بچێتە مێژووەوە کە "کریمیای لەدەستدا" - لەگەڵ ئەوەشدا چونکە تاکە بەندەری بێ

سەهۆڵە لە وڵاتەکەی، هەرگیز نەیدەتوانی دەستی لێ هەڵگرێ.

هیچ کەسێک بە هانای ئوکرائینەوە نەهات کاتێک بە قەبارەی بلژیکا یان ویلایەتی میریلاندی ئەمریکا خاکەکەیان لێ زەوت کرد. ئوکرائین و وڵاتانی دراوسێی ڕاستییەکی جوگرافیایی حاشا لێهەڵنەگر دەزانن: تا ئەو کاتەی لە ناتۆدا نەبن، مۆسکۆیان لێ نزیکە و واشنگتۆنیش دوور. بۆ ڕووسیا پرسیارێکی مان و نەمان بوو: توانایی لەدەستدانی کریمەی نەبوو. یەکێتی ئوروووپا سزای ئابووری بەسەردا سەپاند-دیارە بە شێوەی نیوە دڵ، چونکە چەند وڵاتێکی ئورووپی، لەوانەش ئاڵمانیا، بۆ گەرمکردنی ماڵەکانیان لە زستاندا پشت بە دابینکردنی وزەی گازی ڕووسیا دەبەستن. لوولەی گاز لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا دەڕۆن و کرێملین دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی شێرەی گازەکە بکاتەوە یان بیبەستێ.

وزە لە ساڵانی داهاتوودا چەندین جار وەک فاکتەری دەسەڵاتی سیاسی بەکاردەهێنرێت و کونسێپت یاخود چەمکی " نەتەوەی ڕووسی" بۆ پاساوهێنانەوە بۆ کردەوەکانی ڕوسیا بەکاردەهێنرێت. پوتین لە وتارێکی ساڵی ٢٠١٤دا بە کورتی ئاماژەی بە نۆڤۆرۆسیا"Noworossija" یان "ڕووسیای نوێ" کردووە. چاودێرانی کرێملین هەناسەیان لێبڕاوە. پوتین ئەو ناوە جوگرافییەی زیندوو

کردبووەوە کە سەردەمانێک ئەو خاکانەی لە دەوری یەکتر کۆ کردبۆوە کە ئێستا باشوور و ڕۆژهەڵاتی ئوکرائین پێکدەهێنێت، واتە دۆخی ڕووسیا لە کۆتایی سەدەی ١٨ کە لە سەردەمی کاترین"Katharina"ی مەزن (سەدەی ١٨) بە ئەنقەست ڕووسەکانی لەو ناوچەیەی کە باسی لێوە دەکرێت نیشتەجێ کرد، واتە خەڵکی ناوچەکانیتری ئیمپراتۆریەتی ڕووسیای لەوێ گواستەوە بۆ ئەوەی ناوچەکە زیاتر ڕووسی بکات و کۆنترۆڵی سیاسی بگرێتە دەست. هەروەها بڕیاریدا کە زمانی ڕووسی زمانی فەرمی بێت، یان باشتر بڵێین زمانی بەکارهێنانی گشتی و فەرمی (بۆ نموونە، کارگێڕی، پەروەردە، بازرگانی). ئەمەش بە مەبەستی پەرەپێدانی یەکگرتن بوو لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا. ئەو خاکەی کە ئەوکات ناوی "نۆڤۆرۆسیا" (ڕووسیای نوێ) (باشوور و ڕۆژهەڵاتی ئێستای ئوکرائین، بۆ نموونە، ئۆدێسا، دنیپرۆ، دۆنێتسک) تەنیا بە فەرمی بووە بەشێک لە کۆماری سۆڤیەتی ئوکرائین لە ساڵی ١٩٢٢. پێشتر ڕاستەوخۆ سەر بە ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا، یان باشتر بڵێین، یەکێتی سۆڤیەت بووە، وەک بەشێک لە کۆماری سۆڤیەتی ڕووسیا. " پوتین بە شێوەیەکی ڕیتۆریکی پرسیویە: بۆچی؟" "با ئەوە بۆ خودا جێبهێڵین کە خۆی حوکم بدات." پوتین لە وتارەکەیدا ناوچەکانی ئۆکراینی خارکیڤ "Charkiw"، لوهانسک "Luhansk"، دۆنێتسک "Donezk"، خێرسۆن

ئۆدێسای و "Mikolajiw" میکۆلایڤ ،"Cherson"
"Odessa" ناو هێنا و گوتی: "ڕووسیا ئەم خاکانەی لەسەر هۆکاری جیاواز لەدەستدا ، بەڵام خەڵکە ڕووسییەکە لەوێ مانەوە."

تا ئێستاش چەند ملیۆن بە نەتەوە ڕووسی لە چوارچێوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا دەژین، بەڵام لە دەرەوەی ڕووسیا. جێگای سەرسوڕمان نەبوو کە دوای لکاندنی کریمیا، لە ناخی پیشەسازی ڕۆژهەڵاتی ئوکرائین، لە لوهانسک و دۆنێتسک، ڕووسیا هانی ڕاپەڕینەکانی لایەنگریی ڕووسیای دەدا. ڕووسیا بە ئاسانی لە ڕووی سەربازییەوە دەتوانێت لە ڕووباری دنیپەر "Dnjepr" ڕۆژهەڵاتی کیێڤ پێشڕەوی بکات. بەڵام پێویستی بەو کێشانە نییە کە دەکرێ بەدوای خۆیدا بیهێنێ. گەلێك کەمتر ئازاربەخش و هەرزانتر ئەوەیە نائارامی لە سنووری ڕۆژهەڵاتی ئوکرائین پەرە پێبدات و وەبیر کیێڤی بخاتەوە کێ کۆنترۆڵی دابینکردنی وزە دەکات. بۆ دڵنیابوون لەوەی سۆز و خۆشەویستیی کیێڤ بۆ ڕۆژئاوا نابێتە هۆی هاوسەرگیریی لە ژووری نووستنی یەکێتی ئورووپا یان ناتۆ.

پاڵپشتی شاراوەی ڕاپەڕینەکانی ڕۆژهەڵاتی ئوکرائین لە ڕووی لۆجستیکییەوە گەلێك سادە بوون و سوودی تایبەتیی هەبوو بۆ ئەوەی لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی

ڕەتبکرێنەوە. گەلێك ئاسانە بەڕاشکاویی لە ژووری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا درۆ بکرێ لە کاتێکدا هاوتاکەم هیچ بەڵگەیەکی کۆنکرێتی لەسەر کارەکانی من نییە و لەوەش گرنگتر، بە هیچ شێوەیەک نایەوێت بەڵگەیەکی کۆنکرێتی لەسەر کردەوەکانی من هەبێ ئەگەر ناچار بە هەڵسوکەوت بکرێن. زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوا هەناسەیەکی ئارامیان هەڵکێشا و بە هێمنی لە پەنا گوێی یەکتردا گوتیان: "سوپاس بۆ خوا ئوکرائین لە ناتۆدا نییە، ئەگەرنا دەبوو خۆمان تێکەڵ بە کێشەکەیان بکەین."

لکاندنی کریمیا دەریدەخات کە ڕووسیا ئامادەیە دەستوەردانی سەربازی بکات بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی لەو شوێنەی کە ناوی "نزیک لە دەرەوەی وڵات"ی لێناوە. ئەوە مەترسییەکی حیسابکراو بوو کە زلهێزەکانی دەرەوە دەستوەردان نەکەن و کریمە کارێکی گونجاو بێت. لە نیزیکی ڕووسیاوە و کاروباری ڕۆژانەی دەتوانرێت لە ڕێگەی دەریای ڕەش و دەریای ئازۆڤەوە"Asowsche" دابین بکرێت و پشتیوانی ناوخۆیی لەلایەن بەشێکی زۆری دانیشتوانی نیمچە دوورگەکەشی لێ چاوەڕوان دەکرێت.

کاری ڕووسیا هێشتا لەگەڵ ئوکرائین یان ناوچەکانیتر تەواو نەبووە. تا ئەو کاتەی هەڕەشەی لەسەر نەبێت،

پێدەچێت سەربازەکانی بە درێژایی ڕێگاکە بۆ ویلایەتەکانی باڵتیک یان تەنانەت زیاتر لەوەی ئێستا هەیە نەنێرێتە ناو جۆرجیا، بەڵام پێگەی دەسەڵاتی خۆی لە جۆرجیا بەهێزتر دەکات و لەم کاتە ناجێگیرەدا ناتوانرێت کردەوەی سەربازی بە تەواوی ڕەت بکرێتەوە. هەرچۆنێك بێت، هەڵوێستگرتنی ڕووسیا لە شەڕی جۆرجیای ساڵی ٢٠٠٨دا، هۆشدارییەک بوو بۆ ناتۆ کە هاوینی ٢٠١٤ لە ڕووسیا نزیک نەبنەوە. مشتێک فڕۆکەی ناتۆ لە دەوڵەتانی باڵتیک جێگیرکران، مانۆڕی سەربازی لە پۆڵەندا ڕاگەیەندرا و ئەمریکییەکان دەستیان کرد بە پلاندانان بۆ "جێگیرکردنی پێشەکیی" ئامێری شەڕکەر لە دەوروبەر و نزیک ڕووسیا. هاوکاتیش چەندین سەردانی دیپلۆماسی لەلایەن وەزیرانی بەرگری و دەرەوە بۆ وڵاتانی باڵتیک و جۆرجیا و مۆڵدۆڤا "Moldawien" بۆ دڵنیابوون لە پشتیوانیکردنیان بەڕێوەچوو.

هەندێک لە شرۆڤەکاران تورەیی خۆیان لە کردەوەکان ڕانەگرت و ڕایانگەیاند کە شەش فڕۆکەی یۆرۆفایتەر تایفونی "RAF-Eurofighter Typhon" هێزی ئاسمانی بریتانیا کە بە ئاسمانی باڵتیکدا دەفڕن، پێناچێت بەس بن بۆ ئەوەی ڕووسیای پێ بترسێنن. بەڵام وەڵامەکە سەبارەت بە ناردنی سیگناڵی دیپلۆماسی گەلێك ڕوون بوون – ناتۆ

ئامادەیە دەستوەردان بکات. لە ڕاستیشدا دەبوو وا بایە، چونکە ئەگەر ناتۆ بەرامبەر هێرشکردنە سەر وڵاتێکی ئەندام کاردانەوەی نەبێت، ئیتر فەرمییەتی خۆی لە دەست دەدا. ئەمریکییەکان – کە لە ئێستاوە سیاسەتێکی دەرەکی نوێیان پیشە کردووە و بەهۆی پێکهاتەکانی کاتییەوە تێیدا کەمتر هەست بە سنووردداربوون دەکەن، تەنیا بەپێی پێویستیەکانیان پێکهاتەی نوێی دروست بکەن – تامەزرۆییەکی ئەوتۆیان لەسەر تێچووی ماڵیی بەرگریی وڵاتانی ئورووپایی نییە.

لە بارەی سێ دەوڵەتی باڵتیکیشەوە هەڵوێستی ناتۆ گەلێك ڕوونە. بەو پێیەی هەموویان ئەندامی هاوپەیمانییەکەن، هێرشێکی چەکداری ڕووسیا دژی هەریەکێکیان دەبێتە هۆی دژایەتی مادەی پێنجەمی پەیماننامەی باکووری ئەتڵەسی، کە دەڵێت: "لایەنەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی هێرشی چەکداریی دژی یەکێک یان چەند لایەنێکیان لە ئورووپا یان ئەمریکای باکوور بە هێرشێک لە دژی هەموویان هەژمار دەکرێت." لە درێژەدا هاتووە کە ئەگەر پێویست بکات ناتۆ هاوکاریی خۆی پێشکەش دەکات. دوای هێرشی تیرۆریستیی بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١دا

به پەنا بردن بۆ مادەی پێنجەم زەمینە یاخود بەستێن بۆ دەستێوەردانی ناتۆ لە ئەفغانستان خۆشکرا.

سەرۆک پوتین سەرقاڵی مێژووە. پێدەچێت لە وانەکانی ساڵانی سۆڤیەت فێربووبێت، کاتێک ڕووسیا ناچار بە پاشەکشە کرا. هێرشێکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر دەوڵەتانی باڵتیک بە هەمان شێوە زێدەڕۆیی دەبێت، بۆیە هێرشێکی لەو شێوەیە بەدوور دەزانرێت، بە تایبەت ئەگەر ناتۆ و سەرکردە سیاسییەکانی پوتین لە سیگناڵەکانیان تێبگەیێن.

دیارە پێویست ناکات ڕووسیا گرووپێکی چەکداری بنێرێت بۆ لێتلاند، لیتوانیا، یان ئیستلاند بۆ ئەوەی کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکانی ئەوێ دابنێت، بەڵام ئەگەر ئەو کارە بکات، دەبێ پاساوی ئەوەش بداتەوە کە بانگەشەی جیاکاریی کۆمەڵگە گەورەکانی ڕووسیا لەو شوێنانە دەکات.

لە ئیستلاند هەر وەك لێتلاند زیاتر لە یەك لە چواری دانیشتووانەکەی بە نەتەوە ڕووسین و لە لیتوانیاش ئەم ڕێژەیە لەسەدا ٥،٨ لەخۆ دەگرێت. دانیشتوانی ئیستلاند کە ڕووسی زمانن، دەڵێن نوێنەرایەتی کەمیان لە حکومەتدا هەیە، هەزاران کەسیش ڕەگەزنامەیان ڕوون نییە. ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەوان دەیانەوێت بەشێک بن لە ڕووسیا، بەڵکوو نوێنەرایەتی لایەنێك دەکەن کە ڕووسیا دەتوانێت

بەکاریبهێنێت بۆ کاریگەریکردن لەسەر ڕووداوەکان. دەتوانرێت دانیشتوانی ڕووسی زمان لە باڵتیک هان بدرێن بۆ ئەوەی ژیان لەوێ ئاڵۆزتر بکەن. پارتی سیاسی لە ئێستاوە بوونیان هەیە بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی ئەو مرۆڤانە بکەن. جگە لەوەش ڕووسیا کۆنترۆڵی سیستەمی گەرمکەرەوەی ناوەندیی ناو ماڵی خەڵک لە ناوچەی باڵتیک دەکات. دەتوانێت دیاریی بکات مانگانە چەند پارە بدەن یان ئەگەر بیەوێت تەنانەت سیستەمی ناوەندیی گەرمکەرەوەکە بکوژێنێتەوە.

ڕوسیا بەردەوام دەبێت لە بەدواداچوونی بەرژەوەندیی و تامەزرۆیی لە دەوڵەتانی باڵتیک. ئەوان نوێنەرایەتی یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی بەرگری ڕووسیا دەکەن لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، شکاندنێکی دیکەی دیوارەکە کە حەز دەکات وەک کەوانەیەک سەیر بکرێت کە لە دەریای باڵتیکەوە بەرەو باشوور و پاشان بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات تا ئۆرال درێژ دەبێتەوە.




چەند وڵاتێک کە سەردەمانێک بەشێک بوون لە یەکێتی سۆڤیەت، بەدوای پەیوەندییەکی نزیکتر لەگەڵ ئورووپادا دەگەڕێن. بەڵام هەندێک ناوچەش، وەک ترانسنیستریا "Transnistrien" کە بەشێکە لە مۆڵدۆڤا، بە توندی لایەنگری ڕووسیا ماونەتەوە و سەرچاوەیەکی کێشە و ناکۆکی دروست دەکەن.

ئەمەش دەمانباتە بۆشاییەکی دیکەی دیوارەکە و ناوچەیەکی دیکە کە مۆسکۆ وەک دەوڵەتێکی پۆتانسێلی پارێزەر سەیری بکات. مۆڵدۆڤا بە باشیی لە چاوەدێریی کرێملینندایە.

مۆڵدۆڤا کێشەی جیاواز بۆ هەموو لایەنێک دروست دەکات. هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئەو وڵاتە پێویستی بە تێپەڕبوون لە ئوکرائین و ڕووباری دنیپەرە و پاشان بەزاندنی سنووری دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرە بۆ داگیرکردنی مۆڵدۆڤا. دیارە ئەو کارە دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت –

لەسەر حیسابی ژمارەیەکی بەرچاو لە ژیانی مرۆڤ و بە بەکارهێنانی ئۆدێسا وەک خاڵێکی ناوەندیی - بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت ئینکاری بکرێت. لەوانەیە شەڕێک لەگەڵ ناتۆدا دەستپێنەکات (چونکە مۆڵدۆڤا ئەندام نییە)، بەڵام سزاکانی سەر مۆسکۆ بە شێوازێك کە پێشتر نەبینراوە و ئەزموون نەکراوە، دەستپێدەکات و ئەوەی نووسەری ئەم کتێبە لە ئێستاوە بە ڕاستییەکی دەزانێت پشتڕاست دەکاتەوە- کە پەیوەندییە لاوازەکانی نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوا لە ئێستاوە شەڕێکی ساردی نوێیان پێکهێناوە.

بۆچی ڕووسەکان بیانەوێت مۆڵدۆڤا داگیر بکەن؟ چونکە چیاکانی کارپاتیان بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەکێشرێن و دەبنە بەرزاییەکانی ترانسیلڤانیای ئالپ" Transsilvanischen Alpen". لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەوێوە دەشتێک هەیە کە بەرەو دەریای ڕەش دەڕوات. دەتوانرێت ئەم دەشتە وەک کۆریدۆرێکی تەخت بۆ ڕووسیا سەیر بکرێت، هەروەک چۆن ڕووسەکان حەز دەکەن دەشتی باکووری ئورووپا لە شوێنی خاڵە تەسکەکەی واتە لە پۆڵەندا کۆنترۆڵ بکەن، حەز دەکەن دەشتی دەریای ڕەش – کە بە مۆڵدۆڤا ناسراوە – لە ناوچەکەدا کۆنترۆڵ بکەن کە پێشتر پێی دەگوترا بێسارابیا"Bessarabien".

دوای شەڕی کریمە (کە لە نێوان ڕووسیا و هاوپەیمانەکانی ئورووپای ڕۆژئاوا بۆ پاراستنی تورکیای عوسمانی لە ڕوسیا ڕوویدا)، مۆڵدۆڤا لە ڕێگەی ئاشتی سێیەمی پاریسەوە لە ساڵی ١٨٥٦ بەشێک لە بێسارابیای وەرگرتەوە، کە خاکی ڕووسیای لە ڕووباری دانوب دابڕاند. نزیکەی سەد ساڵی خایاند تا ڕووسیا دەستی پێ بگاتەوە، بەڵام لەگەڵ ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت ناچار بوو بەرەو ڕۆژهەڵات پاشەکشە بکاتەوە.

لە ڕاستیدا ڕووسەکان لەمڕۆدا بەشێک لە مۆڵدۆڤا کۆنترۆڵ دەکەن – ناوچەیەک بە ناوی ترانسنیستریا "Transnistrien"، ئەو بەشەی مۆڵدۆڤا کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دنیستەر و هاوسنوورە لەگەڵ ئوکرائین. ستالین ژیرانە ژمارەیەکی زۆر لە ڕووسەکانی لەوێ نیشتەجێ کردبوو، هەروەک چۆن لە کریمیا کردبووی، دوای ئەوەی زۆربەی تاتارەکانی دیپۆرت کردبووەوە. لە ترانسنیستریای ئێستادا لانیکەم لەسەدا ٥٠ی دانیشتووانەکەی بە زمانی ڕووسی یان ئۆکرائینی قسە دەکەن و زۆربەیان لایەنگری ڕووسیان. کاتێک مۆڵدۆڤا لە ساڵی ١٩٩١ سەربەخۆیی بەدەستهێنا، دانیشتوانی ڕووسی زمان ڕاپەڕین و دوای ماوەیەکی کورت، کۆماری جیابووەوەی ترانسنیسترییایان ڕاگەیاند. دیارە ئەوەی کە ڕووسیا سەربازی لەوێ جێگیر

کردبوو گەلێك یارمەتیدەر بوو و تەنانەت تا ئەمڕۆش هێزێکی ڕووسی کە نیزیکەی دوو هەزار سەرباز لەخۆ دەگرێ هێشتا لەوێ ماونەتەوە.

ئەگەری لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ سەر مۆڵدۆڤا بەدوور نازانرێت، بەڵام کرێملین دەتوانێت ماسولکەکانی ئابووریی خۆی، هەروەها دۆخی نائەمنی ترانسنیستریا بەکاربهێنێت بۆ کاریگەریکردن لەسەر حکومەتی مۆڵدۆڤا بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لەوەی وڵاتەکە بچێتە ناو باوەشی یەکێتی ئورووپا یان ناتۆوە. مۆڵدۆڤا پشت بە دابینکردنی وزەی ڕووسیا دەبەستێت و دانەوێڵەکانی بۆ ڕۆژهەڵات هەناردە دەکات و هاوردەکردنی شەڕابی نایابی مۆڵدۆڤا لەلایەن ڕووسیا بە پێی دۆخی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات جاروبار بەرز دەبێتەوە یان دادەبەزێت.

ڕووبەڕووی مۆڵدۆڤا لە دەریای ڕەش وڵاتێکی دیکەی بەرهەمهێنەری شەڕاب هەیە: گورجستان. لەبەر دوو هۆکار لە لیستەی ئەو وڵاتانەی ڕووسیا دەیەوێت کۆنترۆڵیان بکات، نابینرێ. یەکەم: شەڕی ڕووسیا و گورجستان لە ساڵی ٢٠٠٨دا بووە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆری وڵاتەکە لەلایەن سەربازانی ڕووسیاوە داگیر بکرێت: ئێستا کۆنترۆڵی تەواوەتییان بەسەر ئەبخازیا "Abchasien" و ئۆسێتیای "ossetien"باشووردا هەیە. دووەم: گورجستان دەکەوێتە

باشووری قەفقازەوە، کە ڕووسیا سەربازەکانی لەو شوێنە جێگیر کردووە، واتە لە ئەرمینیای دراوسێی. لە کاتێکدا مۆسکۆ حەز دەکات بەشێکی دیکە لە ناوچەی پارێزەرەکەی زیاد بکات، بەڵام دەتوانێت بەبێ داگیرکردنی باقی گورجستان قەناعەت بکات. دیارە ئەم دۆخە دەتوانێت بگۆڕێت ئەگەر گورجستان دەست بکات بە بیرکردنەوەی ئەندامێتی ناتۆ. ڕێک ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی تا ئێستا ئەم وڵاتە لەلایەن حکومەتەکانی ناتۆوە ڕەتکراوەتەوە، کە حەز دەکەن خۆیان لە ململانێ حەتمییەکەی لەگەڵ مۆسکۆ بەدوور بگرن.

زۆرینەی خەڵکی گورجستان پێیان خۆشە پەیوەندییەکی نزیکتریان لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی ئورووپا هەبێت، بەڵام شۆکی شەڕی ساڵی ٢٠٠٨، کاتێک سەرۆک میخیل ساکاشڤیلی "Micheil Saakaschwili" گەلێك گەمژانە گریمانەی کرد کە ئەمریکییەکان دوای هاندانی ڕووسەکان بە یارمەتییانەوە دێن، وایکرد زۆرێک بێنە سەر ئەو باوەڕە کە ڕەنگە باشتر بێت بە پارێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت. لە ساڵی ٢٠١٣دا حکومەتێکی نوێ و سەرۆکێک بە ناوی جۆرجی مارگڤێلاشڤیلی "Giorgi Margwelaschwili" هەڵبژێردران کە زۆر زیاتر ئاشتیخوازتر بوون بەرامبەر بە مۆسکۆ. وەک لە ئۆکرائین، خەڵک بە خورسك لەو ڕاستییە

تێدەگەن کە هەموو کەسێک لە گەڕەکەکەیاندا ئاشنایە: واشنگتۆن دوورە، بەڵام مۆسکۆ نزیکە.

بەهێزترین چەکی ئەمڕۆی ڕووسیا، ئەگەر مووشەکی ئەتۆمییەکەی لەبەرچاو نەگرین، سوپا و هێزی ئاسمانی وڵاتەکەی نییە، بەڵکوو گاز و نەوتە. ڕووسیا لە دوای ئەمریکا گەورەترین دابینکەری گازی سروشتییە لە جیهاندا و شتێکی سروشتییە ئەم دەسەڵاتە بە قازانجی خۆی بەکاردەهێنێت. بەو ڕادەیەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕووسیا باشتر بن، بەو ڕادەیەش پارەی وزە کەمتر دەدرێت. بۆ نموونە فینلاند بارودۆخێکی گەلێك باشتری هەیە لە چاو دەوڵەتانی باڵتیک. ئەم سیاسەتە بە شێوەیەکی شەڕانگێزانە بەکارهێنراوە و ڕووسیا هێندە دەستی بەسەر دابینکردنی وزەی ئورووپادا گرتووە کە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ڕێوشوێنێکی تایبەت پێویستە. زۆرێک لە وڵاتانی ئورووپا هەوڵدەدەن لە پشتبەستنیان بە وزەی ڕووسیا ڕزگاریان بێت – بۆ ئەوەی ئەم کارە بکەن، ڕێگا و لوولەی هەڵگری وزە لە وڵاتانی کەمتر شەڕانگێزەوە دروست ناکەن، بەڵکوو پەرە بە دروستکردنی بەندەر دەدەن.

بە تێکڕا زیاتر لە سەدا ٢٥ی گاز و نەوتی ئورووپا لە ڕووسیاوە دێت، بەڵام زۆر جار بەم شێوەیەیە کە بەو ڕادەیەی وڵاتێک لە مۆسکۆ نزیکتر بێت، هۆگریی و

بەستراوەییشی بەو وڵاتەوە زیاتر دەبێت. لێتلاند، سلۆڤاکیا، فینلاند و ئیستۆنیا لەسەدا سەد پشت بە گازی ڕووسیا دەبەستن، کۆماری چیک، بولگاریا و لیتوانیا بەڕێژەی ٨٠ لەسەدا وابەستەی گازی ڕووسیان، یۆنان و نەمسا و هەنگاریاش بەڕێژەی لەسەدا ٦٠ پشت بە گازی ڕووسیا دەبەستن. نزیکەی نیوەی پێداویستیی گازی ئاڵمانیا لە سەرچاوە ڕووسییەکانەوە دێت، ئەمەش لەگەڵ ڕێککەوتننامەی بازرگانیی هەمەلایەنە، تا ڕادەیەک ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە بۆچی سیاسەتمەدارانی ئاڵمانیا دوودڵن لە ڕەخنەگرتن لە کردەوەی شەڕانگێزی کرێملین لە چاو وڵاتێکی وەک بریتانیا کە تەنیا لە سەدا ١٣ وابەستەیە، هەروەها پاشەکەوتکردنی سیستەمی گازی تایبەت بەخۆی کە تا نۆ مانگ پێداویستیی وڵاتەکەی بۆ دابین دەکات.

لە ڕووسیاوە چەندین لوولەی گەورە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا کێشراوە. هەندێکیان بۆ نەوتن، هەندێکیان بۆ گاز. لوولەی گاز گرنگترینیانە. لە باکوورەوە ڕێگای باکوور - ستریم ڕاستەوخۆ بە دەریای باڵتیکدا دەڕوات بۆ ئاڵمانیا. لە خوارەوە، لە ڕێگەی بیلاڕووسەوە، هێڵی لوولەی یامال "Jamal" هەیە کە پێداویستییەکانی پۆڵەندا و ئاڵمانیا دابین دەکات و لە باشووریشەوە، بلو ستریم "Blue-Stream" لە ڕێگەی دەریای ڕەشەوە گاز دەگوازێتەوە بۆ تورکیا. تا

سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ پرۆژەیەک بە ناوی ساوس ستریم "South Stream" پلانی بۆ دانرابوو، کە هەمان ڕێگا دەگرێتەبەر بەڵام دواتر لقەکانی بۆ هەنگاریا، نەمسا، سربیا، بولگاریا و ئیتالیا دەنێردرێت. ساوس ستریم هەوڵی ڕووسیا بوو بۆ دڵنیابوون لەوەی تەنانەت لە ئەگەری ڕوودانی ململانێکان لەگەڵ ئۆکرائین، هێشتا دەرفەتێکی گەورەتر لەبەردەستدا بێت بۆ خزمەتکردنی بازاڕە گەورەکانی ئورووپای ڕۆژئاوا و باڵکان. چەندین وڵاتی یەکێتی ئورووپا داوایان لە دراوسێکانیان کرد کە پلانەکە ڕەتبکەنەوە، لە کۆتاییدا بولگاریا ڕایگەیاند کە ڕێگە بە لوولەکان نادات بەناو خاکەکەیدا تێپەڕن. سەرۆک پوتین هەڵوێستی گرت و پێشنیارێکی نوێی پێشکەش بە تورکیا کرد، کە زۆرجار لە ژێر ناوی تورک ستریمدا باسی لێوەدەکرێ. پرۆژەکانی ڕوسیا ساوس ستریم و تورک ستریم بۆ دەوردانەوەی ئۆکرائین دوای ناکۆکی نرخەکانی نێوان هەردوو وڵات لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠١٠ هاتە ئاراوە، کە بۆ ماوەیەکی کاتی دابینکردنی گازی بۆ کۆی گشتی ١٨ وڵات تێکدا. ئەو دەوڵەتە ئورووپیانەی کە لە ساوس ستریم سوودمەند بوون، زۆر زیاتر خۆپارێز بوون لە ڕەخنەکانیان لەهەنبەر ڕووسیا لە کاتی قەیرانی کریمە لە ساڵی ٢٠١٤.

ئەمریکییەکان ستراتیژی (Win-Win)[٨]یان بۆ ئەمریکا و ئورووپا دەستپێکرد. ئورووپا پێویستی بە گاز هەیە، بەڵام نایەوێت لەبەرامبەر سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیادا لاواز دەربکەوێت. هەروەها ئەمریکییەکان پێیان وایە چارەسەری ئەم کێشەیەیان لایە. بووژانەوەی بەرفراوان لە بەرهەمهێنانی گازی شیل"Shell" نەک هەر وا دەکات ئەمریکا لە بواری وزەدا خۆبژێو بێت، بەڵکوو دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانرێت ئەو زیادەیە بفرۆشرێت بە یەکێک لە بەکارهێنەرانی سەرەکی وزە – واتە ئورووپا.

بۆ بەدەستهێنانی ئەمەش دەبێت گازی سروشتی تەراو بکرێتەوە و بە کەشتی بەسەر زەریای ئەتڵەسیدا بگوازرێتەوە بۆ ئورووپا. ئەمەش لە بەرامبەردا پێویستی بە دروستکردنی تێرمیناڵ و بەندەر بۆ گازی سروشتی شلکراو (LNG)[٩] لە کەنارئاوەکانی ئورووپا هەیە، کە بارەکە لەوێ وەردەگیرێت و لە حاڵەتی گازی شلەوە دەگۆڕدرێتەوە بۆ گاز. واشنگتۆن لێرەوە مۆڵەتی دامەزراوەکانی هەناردەکردن پەسەند دەکات و پڕۆژەیەکی درێژخایەن بۆ دروستکردنی تێرمیناڵی زیادەی LNG لە ئورووپا وەڕێ دەکەوێ. پۆڵەندا و

[٨] بە ستراتیژی دوو بردنەوە یان یاریی کۆی ئەرێنی ناسراوە، ئامانجی دڵنیابوونە لەوەی هەموو لایەنە بەشداربووەکان کاریگەرییان لەسەر سوودمەندبوون دەبێ. یاخود هەر هاوبەشێکی دانوستانکار ڕێز لە هاوتاکەی دەگرێت و هەوڵدەدەن بە شێوەیەکی گونجاو بەرژەوەندییەکانی هەردوک لایەن لەبەرچاو بگرن.

[٩] liquefied natural gas

لیتوانیا لە ئێستاوە سەرقاڵی دروستکردنی تێرمیناڵیLNG ن و وڵاتانی دیکەش وەک کۆماری چیک دەیانەوێت هێڵی لوولە دروست بکەن بۆ ئەوەی پەیوەندیی بەو تێرمیناڵانەوە بکەن، چونکە ئەمە ڕێگەیان پێدەدات نەک هەر لە گازی سروشتی شلکراوی ئەمریکی، بەڵکوو لە بەرهەمەکانی باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش سوودمەند بن. ئەو کاتە کرێملین چیتر ناتوانێ شێرەی لوولە گازییەکانیان بگرێتەوە.

ڕووسەکان کە ئەم مەترسییە درێژخایەنە دەبینن، جەخت لەوە دەکەنەوە کە گازی لوولە گەلێك هەرزانترە لە هی LNG، سەرۆک پوتینیش، بە نیگایەکی "لە کوێ و چ هەڵەیەکم کردووە؟" لە ڕووخساریدا، ڕایدەگەیەنێت کە ئوروپا لە ئێستاوە گازێکی جێی متمانە و هەرزانی لە پەنا وڵاتەکەی خۆیەوە هەیە. پێدەچێت LNG بە تەواوی جێگەی گازی ڕووسیا نەگرێتەوە، بەڵام پێگەی لاوازی پێشووی ئوروپا نەک هەر کاتێک باس لە دانوستانەکانی نرخ دەکرێت بەڵکوو لە سیاسەتی دەرەوەشدا، بەهێزتر دەکات. بۆ قەرەبووکردنەوەی هەر دابەزینێکی ئەگەریی لە فرۆشتندا، ڕووسیا پلانی لوولەکانی بە ئاراستەی باشووری ڕۆژهەڵات دادەنێت و هیوادارە فرۆشی بۆ وڵاتی چین پەر پێبدات.

ئەمە شەڕێکی ئابوورییە کە لەسەر بنەمای جوگرافیا دامەزراوە و نموونەیەکی مۆدێرنە کە چلۆن تێکنۆلۆژیا بۆ تێپەڕاندنی سنووردارکردنی جوگرافیای سەردەمی پێشوو بەکاردەهێنرێت. کاریگەریی سیاسی ڕوسیا تەنیا لە ناوەکی وڵاتی خۆیدا سنوردار نییە، بەڵکوو لە سەرانسەری جیهاندا درێژدەبێتەوە و بەکاریدەهێنێت. بۆ نموونە لە ئەمریکای لاتین کە خراپترین پەیوەندییان لەگەڵ ئەمریکادا هەیە، وەک ڤەنزوێلا. هەروەها ڕووسیا هەوڵدەدات مانۆڕەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆنترۆڵ بکات، یان لانیکەم دڵنیابێت لەوەی لەو ناوچانەشدا حیسابی بۆ دەکرێت. خەرجیەکی زۆری بۆ هێزە چەکدارەکانی لە جەمسەری باکووردا "Arktis"کردووە و بەرژەوەندییەکی بەردەوام لە گرینلاند دەپارێزێت بۆ پاراستنی ئیدیعای خاکی خۆی. دیارە لە دوای ڕووخانی کۆمۆنیزمەوە، گرنگیدان بە ئەفریقا کەم بووەتەوە، بەڵام ڕووسیا دەیەوێت زۆرترین کاریگەریی لەوێدا بهێڵێتەوە، هەرچەندە لە بەربەرەکانی دژی چیندا دەدۆڕێت.

لە ناوخۆدا ڕووسیا ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بۆتەوە، ڕەوتی دیمۆگرافی ڕۆڵێکی ئەوتۆ ناگێڕێت. ڕەنگە دابەزینی بەرچاوی گەشەی دانیشتوان وەستابێت، بەڵام کێشەکە هەر بەردەوامە. تێکڕای تەمەنی پیاوانی ڕووسی لە

خوار ٦٥ ساڵەوەیە، بەمەش ڕووسیا بۆ نیوەی خوارەوەی ڕیزبەندی ١٩٣ وڵاتی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەبەزێت و لەمڕۆدا ژمارەی دانیشتووانی تەنیا ١٤٤ ملیۆن کەسە (بەبێ کریمیا).

لە میرنشینی گەورەی مۆسکۆوە تا پیتەری مەزن و ستالین و ئێستاش پوتین، هەموو سەرکردەیەکی ڕووسیا ڕووبەڕووی کێشەیەکی هاوچەشن بوونەتەوە. بەبێ گوێدانە ئەوەی ئایا ئایدیۆلۆژیای ئەوانەی لە دەسەڵاتدان تزاری، کۆمۆنیستی، یان خزمایەتییە - بەندەرەکان لەژێر کاریگەریی سرووشتی بەردەوام بە شێوەی سەهۆڵ و دەشتی باکووری ئورووپا بە تەختی دەمێنێتەوە. ئەگەر سنووری دەوڵەتە نەتەوەییەکان بستێنرێنەوە، ئەو نەخشەیەی ئیڤانی مەزنی ترسهێنەر ڕووبەڕووی بۆوە هەمان ئەو نەخشەیە کە ئەمڕۆ ڤلادیمێر پوتین ڕووبەڕووی بۆتەوە.

## بەشی دوو

## چین

"چین شارستانیەتێکە کە خۆی وەک نەتەوە نیشان دەدات. "

لوسیان پای "Lucian Pye"، زانای سیاسی



له ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٦ کاروانێک بە سەرۆکایەتی کەشتی سوپەرهەڵگری ئەمریکی کیتی هۆک "Kitty Hawk" کە درێژییەکەی ٣٠٠ میتر بوو لە دەریای ڕۆژهەڵاتی چین لە نێوان باشووری ژاپۆن و تایوان لەسەر ئاو بوو، کاتێک بەبێ ئاگادارکردنەوە ژێردەریاییەکی هێزی دەریایی چین لە پەنا کەشتییەکە دەرکەوت. کەشتییەکی فڕۆکە هەڵگری ئەمریکیش بەم قەبارەیە لە لایەن دوانزە کەشتی جەنگی دیکەوە هەم لە ژێر ئاو و هەم لە ئاسمانەوە پارێزراون و ئاگادارییان لێدەکرێ. کەشتییە چینییەکە ژێردەریایی هێرشبەرە لە پلەی سۆنگ"Song"، دەتوانێت زۆر بە هێمنی بە موتوڕی دیزڵ-کارەباییەکەیەوە وەڕیکەوێت، بەڵام وەك ئەوە دەچێ کارگێڕانی کۆمپانیای پێپسی کۆلا لە کۆبوونەوەی دەستەی کارگێڕی کۆمپانیای کۆکاکۆلا دوای ئەوەی بۆ ماوەی نیو کاتژمێر گوێیان قوت کردبێتەوە لە ژێر مێزەکەوە بێنە دەرەوە.

ئەمریکییەکان هاوکات تووڕە بوون و سەریان سوڕما. سەریان سوڕما چونکە بڕوایان نەدەکرد ژێردەریایی چینی بتوانێت شتێکی لەو چەشنە بکات بەبێ ئەوەی ئاگادار ببنەوە، هەروەها تووڕە بوون چونکە هەستیان پێ نەکردبوو و ڕووداوەکەیان وەک هاندانێك و هێرشێك بۆ سەر خۆیان سەیر دەکرد - زیاتر لەبەر ئەوەی کیتی هۆک لە پەنا

ژێردەریاییەکە بووە. ئەمریکییەکان نارەزایەتیان دەربڕی، ڕەنگە زۆر بە دەنگی بەرزیش، چینییەکان وەڵامیان دایەوە: "ئۆها! کارێکی گەلێك بە هەڵکەوت بوو، ئێمە لە ناوەڕاستی گروپی شەڕکەرەکانتاندا دەرکەوتین، بە ڕاست ئێمە هیچمان لەوبارەیەوە نەدەزانی!".

ئەمە یەکەم دیپلۆماسی بەلەمی شەڕ بوو لە سەدەی بیست و یەکەمدا. لە کاتێکدا ئینگلیزەکان بە کەشتییەکی جەنگیی لە کەنارئاوەکانی دەریاوە تێدەپەڕین، چینییەکان بۆ ئەوەی ئیرادەی خۆیان نیشان بدەن، لە کەنارئاوەکانی خۆیانەوە بە پەیامێکی ڕوونەوە لە هاتوچۆدا بوون: "ئێمە ئێستا هێزێکی دەریایین، سەردەمی ئێمە هاتووە و ئەمە دەریای ئێمەیە". ٤٠٠٠ ساڵی خایاند، بەڵام چینییەکان ئێستا لە بەندەرەکاندا - و لەسەر ڕێڕەوی دەریایی – خۆیان گەیاندۆتە نزیک ئێوە.

تا ئەو سەردەمە چین بە هیچ شێوەیەك هێزێکی دەریایی بەرچاوی نەبووە – بە زەوییە فراوانەکەی و سنووری پان و بەرینی و ڕێگای دەریایی کورتی بۆ هاوبەشە بازرگانییەکانی، پێویستی بەو شتە نەبوو و ئاراستەیەکی فراوانخوازیی ئایدیۆلۆژی کەمی بۆ ئەو کارە هەبوو. بازرگانەکانی بەسەر دەریاکانەوە لە ڕێدابوون بۆ بازرگانیکردن، بەڵام هێزی دەریایی ئەو وڵاتە تامەزرۆیی بۆ خاکەکانی دەرەوەی

ناوچەکەی خۆی نەبوو و کێشە و سەختییەکانی دەوروبەری ڕێگا سەرەکییە دەریاییەکان لە زەریای هێمن، ئەتڵەسی و هیندوستان شایانی هەوڵدان بۆ چالاکی لەو ناوچانە نەبوون. چین هەمیشە زلهێزێکی وشکانی بووە و زەوییەکی فراوان و خەڵکی بێشوماری هەیە- ئێستا نزیکەی یەک ملیارد و ٤٠٠ ملیۆن نفووسی هەیە.

مێژووی نیشتەجێبوونی چینییەکان نزیکەی ٤٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەستی پێکردووە. شوێنی لەدایکبوونی شارستانیەتی چینی ئەو ناوچەیەیە کە بە دەشتی باکووری چین ناسراوە، کە چینییەکان خۆیان بە دەشتی ناوەڕاست ناوی دەبەن. زەوییەکی نزم و بەرفراوان و نزیکەی ٤١٥ هەزار کیلۆمتری چوارگۆشە کە لە ژێر مەنگۆلیای ناوەوە و باشووری مانچوریا"Mandschurei" و بە دەوری حەوزی ڕووباری زەرد و ئەودیوی ڕووباری یانگتسی "Jangtsekiangs" درێژدەبێتەوە، کە هەردوو ڕووبارەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەڕژێن. ئەو ناوچەیە لەمڕۆدا یەکێکە لە ناوچە چڕەکانی دانیشتووانی سەر زەوی.

دەوروبەری ڕووباری زەرد بەردەوام لە ژێر لافاوێکی زۆر و وێرانکەر دایە، ئەمەش وایکردووە ڕووبارەکە نازناوی "بەڵای کوڕانی هان"ی لێ بنرێت. پیشەسازیی سیستماتیکی ناوچەکە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی پێکردووە

و له ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا به خێرایی پەرەی ساندووه. ئەو ڕووبارە کە لەم دواییانەدا زۆر پیس بووه، ئاوەڕۆکەی هێندە بە پاشماوەی ژەهراوی گیراوه، تەنانەت هەندێک جار کێشەی گەیشتن بە دەریای بۆ دروست دەبێ. سەرەڕای ئەوەش، ڕووباری زەرد بۆ چین ئەوەندە گرنگە وەك ڕووباری نیل بۆ میسر- لانکەی شارستانیەتەکەی، ئەو شوێنەیە کە خەڵکەکەی دەستیان بە کشتوکاڵ کرد و کاغەز و باڕوتیان تێدا داهێنا.

له باکووری ئەم پرۆتۆ چینه دیمەنه نارێکەکانی بیابانی گۆبی "Gobi" هەیە کە بەشێکە لە مەنگۆلیای ئەمڕۆیی. له ڕۆژئاواوه زەوییەکه ورده ورده بەرز دەبێتەوه و دەبێتە فەلاتی تبت کە تا هیمالایا درێژ دەبێتەوه. لە باشووری ڕۆژهەڵات و باشووری وڵاتەکەش دەریا هەڵکەوتووه.

ناوچەی ناوەندیی و دڵی خاکەکەی کە بە دەشتی باکووری چین دادەنرێت، زەوییەکی نزم و بەپیتە و دوو ڕووباری سەرەکی پێدا دەڕوا و کەشوهەوایەکی هەیە کە ڕێگە بە دوو دانەوێڵەی برنج و سۆیا لە ساڵدا دەدات و بەم شێوەیە پشتگیری لە گەشەی خێرای دانیشتووانی دەکات. تا ساڵی ۱۵۰۰ پێش زایین، سەرەتاییترین شێوەی دەوڵەتی چینی – شانشینی شانگ – له سەدان شار-دەوڵەتی بچووکەوه سەریهەڵدابوو، کە زۆربەیان لە نێوان خۆیاندا بەردەوام

شەڕ و بەربەرەکانیان دەکرد. هەر لێرەشدا گەلی هان گەشەیان کرد و دڵی وڵاتەکەیان پاراست و ناوچەیەکی پارێزراویان لە دەوری خۆیان دروست کرد.

ئەمڕۆ زیاتر لە سەدا ٩٠ی دانیشتوانی چین هان"Han"ین و هەر ئەوانیش بەسەر سیاسەت و ئابووریی چیندا زاڵن. ئەوان لە ڕێگای زمانەکانیان، ماندارین "Mandarin"، کانتۆنی "Kantonesisch" و زۆر زمانی دیکەی ناوچەیی جیا دەکرێنەوە، بەڵام بەهۆی پەیوەندیی نەتەوەیی و لە ڕووی سیاسییەوە بەهۆی پاڵنەرە جیۆپۆلەتیکییەکانەوە بۆ پاراستنی خاکی ناوەندیی گەلێك یەکگرتوون. زمانی ماندارینی کە لە بەشی باکووری ناوچەکەوە سەرچاوە دەگرێت، بە ڕاشکاویی زمانی باڵادەست و میدیای حکومەت و تەلەفزیۆنی دەوڵەتی و پەروەردەیە. زمانی ماندارینی بە نووسراو هاوشێوەی زمانی کانتۆنی و زۆرێک لە زمانە ناوچەییەکانە، بەڵام بە ئاخافتن زمانی ماندارینی گەلێك جیاواز دەردەکەوێ.

دڵی ناوەندی سیاسی، کولتووری، دیمۆگرافی و - بە شێوەیەکی چارەنووسساز – کەرتی کشتوکاڵییە. نزیکەی یەک ملیارد کەس لەم بەشەی چین دەژین کە تەنیا نیوەی قەبارەی ئەمریکایە و ٣٢٢ ملیۆن کەسی تێدا دەژی. لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە بەردەوام هاندەری نیشتەجێبوون و

شێوازی ژیانی کشتوکاڵی بووە، خانەدانە سەرەتاییەکان خۆیان لەلایەن ناوچەکانی دەوروبەرەوە کە هیچ گەلێکی هانیان تێدا نەدەژیا، لە مەترسیدا دەبینی بەتایبەتی لەلایەن مەنگۆلیا کە لە کۆمەڵێک جەنگاوەری کۆچەری شەڕانگێز پێکهاتبوون.

چین هەمان ستراتیژی ڕووسیای پەیڕەو کرد: هێرش وەک بەرگری بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات. وەک دەبینین بەربەستی سروشتی هەبوون کە دەیانتوانی هانەکان بپارێزن ئەگەر توانیبێتیان بچنە ناوەوەی ئەم ناوچانە و کۆنترۆڵیان بکەن. ئەمەش خەباتێک بوو کە هەزاران ساڵی خایاند و تەنیا بە لکاندنی تبت لە ساڵی ١٩٥١ کۆتایی پێ هات.

لە ماوەی ژیانی فەیلەسوفی بەناوبانگی چینی کۆنفۆسیۆس "Konfuzius" (٥٥١-٤٧٩ پێش زایین)، هەستێکی بەهێزی بە ناسنامەی چینی بەخشی و جیاوازیی نێوان چینی شارستانی و ناوچەی "بەربەری" دەوروبەری دیاریی کرد. ئەم هەستە ناسنامەیە لە لایەن نزیکەی ٦٠ ملیۆن کەسەوە بە شێوەی هاوبەش هەستی پێدەکرا.

تا ساڵی ٢٠٠ پێش زایین چین بەرەو باکوور و دەشتی چیمەنتۆی ئاسیای ناوەڕاست، بەرەو باشوور تا دەریای باشووری چین و بەرەو باشووری ڕۆژئاوا تا تبت، گەورە

بۆوە. دیواری گەورەی چین (لە چین بە دیواری درێژ ناسراوە) لەلایەن شانشینی چینەوە دەستی پێکرد (٢٢١-٢٠٧ پێش زایین)، لەسەر نەخشەکەش چین وردە وردە ئەو هێڵکاریانەی گرتەبەر کە ئێمە لەبارەی دەوڵەتێکی مۆدێرنەوە دەیزانین. بەڵام دەبوو زیاتر لە دوو هەزار ساڵ بخایەنێت تا سنوورەکانی ئەمڕۆی بۆ مسۆگەر بکرێت.

کاناڵی قەیسەر کە چەندین سەدە کاری لەسەر کراوە و ئێستا درێژترین ڕێڕەوی ئاوی دەستکردە لە جیهاندا، لە نێوان ساڵانی ٦٠٥ بۆ ٦٠٩ پەرەی پێدرا و ئێستا ڕووباری زەردی بە ڕووباری یانگتزی "Jangtse" بەستۆتەوە. بۆ ئەم مەبەستە، سەلاسەی سوی "Sui-Dynastie" (٥٨١-٦١٨) بۆ پەرەپێدانی ڕێڕەوێکی ئاوی کەشتیوانی لە نێوان دوو ڕووبارەکەدا کرێکاری بێشوماری دامەزراندبوو. بەم شێوەیە هانی باکوور و باشوور لە هەموو کاتێک زیاتر لەگەڵ یەکتر یەکگرتوو بوون. پێنج ساڵی خایاند تا کارەکە لە لایاەن چەند ملیۆن کۆیلەوە تەواو کرا. ئەمەش کێشەی کۆنی تەمەن درێژیی بە گواستنەوەی خۆراک لە باشوورەوە بۆ باکوور چارەسەر کرد – بەڵام نەک ئەو کێشەیەی کە تا ئێستاش بەردەوامە: کارەساتی لافاو.

هانەکان لە نێوان خۆیاندا لە شەڕکردن بەردەوام بوون، بەڵام بە ڕادەیەکی کەمتر لە چاو پێشوو. لە سەرەتای

سەدەی یازدەهەمدا ناچار بوون هەڵسوکەوت لەگەڵ شەپۆلی هێرشی مەغۆلەکان بکەن کە لە باکوورەوە دەستیان بە داگیرکاریی کردبوو. مەغۆلەکان شکستیان بە هەموو خانەدانێک هێنا کە لە باکور و باشوور لەسەر ڕێگایان وەستابوو و لە ساڵی ١٢٧٩ کوبلای خان " Kublai Khan" سەرکردەی یوان"Yuan"، بوو بە یەکەم قەیسەری بیانی هەموو وڵاتەکە لەژێر ناوی سەلاسەی مەغۆلەکان. نزیکەی نەوەد ساڵ کاتی پێویست بوو تا هانەکان بتوانن چارەنووسی خۆیان بگرنەوە دەستی خۆیان و سەلاسەی مینگ "Ming" دامەزرێنن.

هاوکات پەیوەندییان لەگەڵ بازرگانان و نێردراوانی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ئورووپا کە لە گەشەکردنی ئابووریدا بوون، وەک ئیسپانیا و پورتوگال، بەرز بۆوە. سەرەڕای ئەوەی سەرکردەکانی چین دژی هەر چەشنە بوونی هەمیشەیی ئورووپا لە وڵاتەکیان بوون، بەڵام بە پێی کات ناوچە کەنار دەریاکانیان بەڕووی بازرگانیدا کردەوە. تا ئەمڕۆش وەك تایبەتمەندییەکی چینی لێهاتووە کە هەرکاتێک چین خۆی بۆ جیهانی دەرەوە کردۆتەوە، ناوچە کەنارییەکان سوودمەند بوون، بەڵام ناوەوەی وڵاتەکە لەو کراوەییە بێ بەش بووە. خۆشگوزەرانی بەهۆی سووتەمەنی بازرگانییەوە شارە کەنارییەکانی وەک شەنگەهای

دەوڵەمەند کردووە، بەڵام ئەم سامانە نەگەیشتە ناوەندی وڵاتەکە. ئەمەش خۆی هۆکار بووە لە کۆچی بەرفراوانی دانیشتووان بۆ شارەکان و نایەکسانی ناوچەیی نێوان شار و گوندەکانی ئاڵۆزتر کردووە.

لە سەدەی هەژدەهەمدا بەشێک لە میانمار و هیندوچین لە باشوور سەر بە چین بوون و لە باکووری ڕۆژئاواش شینجیانگ "Xinjiang" داگیرکرا و بووە گەورەترین پارێزگای ئەو وڵاتە. ئەم ناوچەیە پڕە لە شاخی نارێک و حەوزی بیابانی بەرفراوان، یەک ملیۆن و ٦٦٥ هەزار کیلۆمتری چوارگۆشە دەگرێتەوە کە دوو هێندەی قەبارەی تێکزاسە. یان ئەگەر بە شێوەیەکی دیکە بڵێین: ئەگەر شانشینی ئینگلیز، فەرەنسا، ئاڵمانیا، نەمسا، سویس، هۆڵەند و بێلژیك لەم ناوچەیەدا بگونجێندرێت، هێشتا شوێن بۆ لۆکسامبۆرگ و لیشتنشتاینیش دەمێنێتەوە.

بەڵام لەگەڵ بەربڵاوبوونەوە و فراوانکردنی خاکی چین، کێشەکانیشی بەرز بوونەوە. شینجیانگ کە زۆربەی دانیشتووانی موسڵمان بوو، سەرچاوەیەکی بەردەوامی ناسەقامگیری و تەنانەت یاخیبوونی لێکەوتەوە. بۆ ناوچەکانی دیکەش هەمان شت بوو. بەڵام بۆ هانەکان، دۆخەکە لەبەر ڕۆشنایی چارەنووسی وڵاتەکە دوای هاتنی

ئوروووپییەکان لە سەدەی نۆزدە و بیستەم، شایەنی ئەو کێشانە بوو.

زلهێزە ئیمپراتۆرییەکان بە سەرکردایەتی ئینگلیز هاتنە ئەو ناوچانە و وڵاتیان بە سەرِ چەندین پارێزگادا دابەش کرد. ئەمە گەورەترین زەلیلی بوو بۆ چین کە لە دوای لەشکرکێشیی مەغۆلەکانەوە ناچار بە قەبووڵکردنی کران. ئەمە وەشانێکە لە مێژوو کە زۆرجار لەلایەن حزبی کۆمۆنیستەوە کەڵکی لێوەردەگیرێ. بەشێکی ڕاستە، بەڵام یارمەتیدەرە بۆ تەم ومژاویکردنی شکستەکانی خودی حیزب و سیاسەتی سەرکوتگەرانەکەی.

دواتر ژاپۆنییەکان کە وەک زلهێزێکی جیهانی سەریان هەڵدا و هەوڵی فراوانکردنی خاکەکەیان دا، هێرشیان کردنە سەر: یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣٢ و هەمیسان لە ساڵی ١٩٣٧ هێرشیان کردە سەر چین. دواتر زۆربەی ناوچەی ناوەندیی و دڵی وڵاتەکەیان داگیرکرد، هەروەها مانچوریا و مەنگۆلیای ناوەوەش. خۆبەدەستەوەدانی بێ مەرجی ژاپۆن بە ئەمریکییەکان لە کۆتایی شەڕی جیهانی دووەم لە ساڵی ١٩٤٥ بووە هۆی کشانەوەی هێزەکانی ژاپۆن. بەڵام لە مەنچوریا لە شوێنی ژاپۆنییەکان سەربازانی ڕووسیا جێگیرکران، کە تا ساڵی ١٩٤٦ نەکشانەوە، هەندێک لە چاودێرانی دەرەوە پێیان وابوو کە قۆناغی شەڕِ دیموکراسی

لیبراڵی بۆ چین بەدیاری دێنێت. بەڵام ئەوە شتێك زیاتر لە فانتازیا نەبوو، هاوشێوەی ئەو قسە بێمانا و بێهەڵوێستانەی کە ڕۆژئاواییەکان لەم دواییانەدا لە سەرەتای ڕۆژانی "بەهاری عەرەبی"دا دەیانگوت. لێرەشدا وەک لە چین، ئەم هەڵوێستانە لەسەر بنەمای تێنەگەیشتن لە دینامیکی ناوخۆیی گەلان و سیاسەت و جوگرافیای ناوچەکە دامەزراوە.

لە جیاتی ئەمە هێزە ناسیۆنالیستەکان لە سەردەمی چیانگ کای شێک "Chiang Kai-shek" و سەربازە کۆمۆنیستەکان لە سەردەمی سەرۆک مائو بۆ باڵادەستی شەڕیان بەڕێوەبرد تا کۆمۆنیستەکان لە ساڵی ١٩٤٩ سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و ناسیۆنالیستەکان کشانەوە بۆ تایوان. هەر لەو ساڵەدا ڕادیۆی پێکین ڕایگەیاند: "سوپای ڕزگاریخوازی گەل دەبێت هەموو خاکی چین ڕزگار بکات، لەوانەش تبت، شینجیانگ، هاینان و تایوان."

مائو دەسەڵاتی تا ڕادەیەک ناوەندیی بەدەستەوە بوو کە پێشتر لەلایەن هیچ کام لە خانەدانەکانەوە نەبینرابوو. مائۆ ڕێگریی لە کاریگەریی ڕووسیا لە ناو مەنگۆلیای کرد و کاریگەریی پەکینی لەسەر مەنگۆلیا پەرە پیدا. لە ساڵی ١٩٥١ چین لکاندنی خاکی تبتی بە وڵاتی خۆیەوە تەواو کرد (خاکێکی دیکەی فراوان کە هیچ گەلێکی هانی تێدا نەدەژیا)،

کتێبی قوتابخانەکانی چینیش دەستیان کرد بە وێناکردنی نەخشەی چین کە تەنانەت بۆ کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاستیش درێژ کرابۆوە. وڵات لەو سەردەمەدا گەلێك یەکگرتوو بوو. مائو تا کۆتایی ژیانی بە دڵنیاییەوە کۆنترۆڵی حزبی کۆمۆنیستی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا چەسپاند، بەڵام وڵاتەکە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دوور دەکەوتەوە. دیارە وڵاتەکە بە شێوەیەکی ترسهێنەر بە هەژاری مایەوە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی دوور لە کەنارئاوەکان، بەڵام تا ڕادەیەك یەکگرتوو.

جێنشینەکانی مائو هەوڵیان دا بۆ ڕێگایەکی ئابووریی بۆ گەیشتن بە خۆشگوزەرانی ڕێگای درێژخایەنی مائو بۆ سەرکەوتن بگۆڕن. لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، دێنگ شیاوپینگ "Deng Xiaoping"، ڕێبەری چینی، دەستەواژەی "سۆسیالیزمی خاوەن تایبەتمەندیی چینی"ی داهێنا، کە وادیارە بە "کۆنترۆڵی دەربازبوون لەلایەن حزبی کۆمۆنیست لە ئابوورییەکی سەرمایەداریدا" وەرگێڕدراوە. چین گەشەی کرد و بوو بە یەکێک لە زلهێزە بازرگانییە گەورەکانی جیهان و زلهێزێکی سەربازی کە بەردەوام لە هەڵکشاندایە. تا کۆتایی نەوەدەکان لە شۆکی کۆمەڵکوژییەکەی ساڵی ١٩٨٩ی گۆڕەپانی تیانانمەن "Tiananmen" سارێژ بووەوە و هۆنگ کۆنگ و ماکاو

"Macau"ی لە دەست هێزی بەریتانی و پورتوگالی وەرگرتەوە و توانی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بڕوانێت و ئاسایشی خۆی هەڵسەنگێنێت و پلان بۆ هاتنە ناوەوەی خۆی بۆ جیهان دابنێت.

کاتێک سەیری سنوورە مۆدێرنەکانی چین دەکەین، زلهێزێکی گەورە دەبینین کە ئێستا هەستی متمانە بە خۆی هەیە کە بە تایبەتمەندییە جوگرافییەکەی بۆی مسۆگەر کراوە، و بە شێوەیەکی کاریگەر بەرگری لەخۆی داکات و بازرگانی بەڕێوە دەبات. لە چین هەمیشە ئاراستەی ڕوانگەکانی بە شێوەی ڕیزبەندی لە ڕۆژهەڵات، باشوور، ڕۆژئاوا و باکوور دەستپێکراون، بەڵام ئێمە لە باکوورەوە دەست پێدەکەین و بە ئاراستەی کاتژمێر کاردەکەین.

لە باکوورەوە سنووری ٤٦٧٧ کیلۆمتری لەگەڵ مەنگۆلیا دەبینرێت. بیابانی گۆبی بە هەردوو لادا درێژ دەبێتەوە. لە سەردەمی پێشوودا، ڕەنگە جەنگاوەرە کۆچەرییەکان توانیبێتیان پاڵ بە هێزەکانی باشوورەوە بنێن، بەڵام سوپایەکی مۆدێرن کە هەوڵی کۆکردنەوەی خۆی داوە، چەند هەفتەیەک پێش ئەوەی بۆ پێشڕەوی ئامادەبێت، دەدۆزرایەوە و دەبوو هێڵەکانی دابینکردنی دوور و درێژ و ناباوەڕی لە ڕێگەی زەوییە بپارێزێت پێش ئەوەی بتوانێت بۆ ناو مەنگۆلیا (بەشێکی چین) و بەرەو ناوچەی دڵی

وڵاتەکە پێشڕەوی بکات. کەم ڕێگا هەیە کە بۆ ئامێری شەڕی قورس گونجاو بێت هەروەها ئەو ناوچەیە گەلێك بەزەحمەت شوێنێکی گونجاوە بۆ ژیان. بیابانی گۆبی سیستەمێکی گەورەی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە و هێڵێکی بەرگرییە. خۆ بڵاوکردنەوەی چین بەرەو باکوور لە ڕێگەی سەربازییەوە بەدی نایەت، بەڵکوو تەنیا لە ڕێگەی ڕێککەوتنە بازرگانییەکانەوە بەدەست دێت، چونکە چین ئارەزووی ڕووتاندنەوەی سەرچاوە کانزاییەکانی مەنگۆلیای لەسەردایە. ئەمەش خۆی هۆکارێکی دیکەی بەرزبوونەوەی کۆچکردنە لە ناوچەی هانەکانەوە بۆ مەنگۆلیا.

پاشان لە ڕۆژهەڵاتەوە سنووری نێوان چین و ڕووسیایە کە تا زەریای هێمن – یان لانیکەم تا دەریای ژاپۆن درێژ دەبێتەوە. لە سەرووی سنوورەکەوە ڕۆژهەڵاتی دووری ڕووسیای شاخاوییە، کە خاکێکی فراوان و بێ بەرهەمە و دانیشتووانی زۆر کەمن. لە ژێرەوەی ئەو سنوورە مانچوریایە، کە ڕووسیا دەبوو لەو ڕێگەیەوە پێشڕەوی بکات ئەگەر بیەوێت دڵی چین داگیر بکات. ژمارەی دانیشتووانی مەنچوریا ١٠٠ ملیۆن کەسە - بەردەوام لە گەشەکردندایە - لە کاتێکدا ڕۆژهەڵاتی دووری ڕووسیا کەمتر لە ٧ ملیۆن کەسە و هیچ نیشانەیەک نییە بۆ بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووانی. چاوەڕوان دەکرێت کۆچێکی گەورەتر لە

باشوورەوە بۆ باکوور بەرێوەبچێت، ئەمەش لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیادا دەسەڵاتی زیاتر بە چین دەبەخشێ. لە ڕوانگەی سەربازییەوە باشترین شوێن بۆ داگیرکردن لە نزیک بەندەری ڤلادیڤۆستۆکی زەریای هێمن لە ڕووسیا دەبێت، بەڵام هۆکارێکی گەلێك کەم هەیە و لەمڕۆدا هیچ نیازێک نییە بۆ بەرێوەچوونی ئەو کارە. جگە لەوەش، سزا نوێیەکانی ئابووری ڕۆژئاوا لەسەر قەیرانی ئۆکرائین زیاتر ڕووسیای بۆ ڕێککەوتنە بازرگانییەکان لەگەڵ چین هان داوە - بەو مەرجانەی کە یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی ڕووسیا لەسەر پێی خۆی بمێنێتەوە بەڵام زیاتر سوودی بۆ چینییەکان هەیە. لەم پەیوەندییەدا ڕووسیا هاوبەشی بچووکی ئەو ڕێککەوتنەیە.

لە ژێر ڕۆژهەڵاتی دووری ڕووسیا و نیمچە دوورگەی کۆریادا دەریای زەرد و ڕۆژهەڵاتی چین و باشووری چین هەڵکەوتوون. ئەم دەریایانە بە زەریای هێمن و هیندوستانەوە بەستراوەتەوە و شانازی بە چەندین بەندەری باشەوە دەکەن کە هەمیشە بۆ بازرگانی بەکارهێنراون. بەڵام لە دەرەوەی شەپۆلەکان چەند دوورگەیەکی کێشەدار هەن- یەکێکیان شێوەی ژاپۆنی هەیە و لە لاپەرەکانی دواتری ئەم نووسراوەیەدا باسی دەکەین.

نزیکترین سنووره وشکانییەکان، بە ئاراستەی کاتژمێر، ڤێتنام، لائۆس"Laos" و میانمار"Myanmar"ن. ڤێتنام بەردەوام بۆ چین گەلێك سەرهێشەی دروست کردووە. ئەم دوو وڵاتە چەندین سەدەیە لەسەر خاک ململانێ دەکەن و بەداخەوە بۆ هەردووکیان، ئەمە تاکە ناوچەیە لە باشوور کە سنوورێک لەخۆ دەگرێت بۆ ئەوەی هێزی سوپایی بتوانێت بەبێ کێشەیەکی گەورە ببپڕێت - ئەمەش تا ڕادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی هەزارەی هەژموونی چینی و داگیرکردنی ڤێتنام (١١١ پێش زایین تا ٩٣٨ی زایینی) و شەڕی کورتی ساڵی ١٩٧٩. بەڵام لەگەڵ بەرزبوونەوەی توانایی سەربازیی چین، ڤێتنام کەمتر مەیلی ئەوەی بووە خۆی بخاتە ناو شەڕی ئاگرەوە. یان هەوڵی داوە بەهێزتر لە ئەمریکییەکان نیزیك بێتەوە بۆ پاراستنی خۆی، یان بە هێمنی دیپلۆماسیەتی خۆی دەگۆڕێت بۆ ئەوەی هاوڕێیەتی پەکین بکات. ئەوەی کە هەردوو وڵات بە ناو کۆمۆنیستین، پەیوەندییەکی کەمی بە هەڵسوکەوتی نێوانیانەوە هەیە: پەیوەندییەکەیان زیاتر بە تایبەتمەندیی جوگرافیای هاوبەشیان پێناسە دەکرێ. لە ڕوانگەی پەکینەوە، ڤێتنام هەڕەشەیەکی بچووکە و کێشەیەکی چارەسەرکراوە.

سنووری لائۆس بەناو جەنگەڵێکی شاخاویدا تێدەپەڕێت، کە بازرگانان بەزەحمەت دەتوانن لێی تێپەڕ بن. بۆ هێرشی

سەربازیی لەوەش قورستر دەبێ. لە ڕێگای سەرکەوتن بۆ ناو میانمار، گردە لێرەوارەکان دەبنە شاخ، لە کۆتایی ڕۆژئاوادا بەرزاییان دەگاتە ٦ هەزار میتر و دەکەونە ناو زنجیرە شاخەکانی هیمالایا.

ئەمەش دەمانگەیێنێتە تبت و گرنگییەکەی بۆ چین. هیمالایا تەواوی سنووری نێوان چین و هیندوستان دیاری دەکات پێش ئەوەی بۆ کاراکۆرام "Karakorum" نزم بێتەوە و سنووری خۆی لەگەڵ پاکستان، ئەفغانستان و تاجیکستان پێکبهێنێت. ئەمە وەشانی سروشتی دیوارێکی گەورەی چینە یان - لە ڕوانگەی نیودێهلییەوە - دیواری گەورەی هیندوستانە. ئەم دیوارە سروشتییە چ لە ڕووی سەربازی و چ لە ڕووی ئابوورییەوە دوو وڵاتی پڕ دانیشتووی جیهان لەیەکتر جیا دەکاتەوە.

بە دڵنیاییەوە ئەم دوو وڵاتە بەربەرەکانیشیان لە نێواندا هەیە: چین ئیدیعای ویلایەتی ئاروناچال پرادێشی "Arunachal Pradesh"ی هیندوستان دەکات، لە کاتێکدا هیندوستان بانگەشەی ئەوە دەکات کە چین ئاکسای چینی "Aksai Chin"ی داگیرکردووە. بەڵام تەنانەت بەو شێوەیەی لە سەرووی دیوارە سروشتییەکەوە تفەنگەکانیان ئاراستەی یەکتر کردووە، هەردوولا لەمڕۆدا دۆخێکی باشتریان هەیە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ کارەساتی شەڕ، کە لە ساڵی ١٩٦٢

دەستیان پێکردبوو. لەو سەردەمەدا زنجیرەیەک ناکۆکی خوێناوی سەر سنوورەکانیان بە شەڕی توند و بەرفراوانی ناوچە شاخاوییەکان گەیاندە لوتکەی خۆی. گرژیەکان بە بەردەوامی ماونەتەوە و هەر لایەنێک دەبێت بە وردی لەگەڵ ئەم دۆخە هەڵسوکەوت بکات.

بەدرێژایی سەدەکان بازرگانییەکی کەم لە نێوان چین و هیندوستاندا بەڕێوەچووە. هەروەها ئەوە بەدوور نازانرێت بەم زووانە دۆخەکە بگۆڕێت. بێگومان چونکە سنووری ڕاستەقینە لە نێوان تبت و هیندوستاندایە - ڕێک هەر لەبەر ئەوە چین هەمیشە ویستویەتی کۆنترۆڵی بکات.

ئەمە سیاسەتی جیۆپۆلیتیکی ترسە. ئەگەر چین تبتی کۆنترۆڵ نەکردایە، هەمیشە ئەگەری ئەوە هەبوو کە هیندوستان هەوڵی بەدەستهێنانی بدات. ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی هیندوستان لە ڕووی ستراتیژییەوە فەرماندەیی گرنگی فەلاتی تبت بەدەستەوە بگرێت و بنکەیەک دابین بکات کە لێیەوە پێشڕەوی بۆ ناو دڵی چین بکات. هەروەها کۆنترۆڵی سەرچاوە تبتییەکانی سێ ڕووباری سەرەکی چینی بە هیندوستان دەبەخشێ: ڕووباری زەرد، یانگتسی و میکۆنگ. ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی تبت بە "بورجی ئاوی چین" ناوزەد بکرێت. وەک وڵاتێک کە بە قەرا ئەمریکا ئاو بەکاردەهێنێت، بەڵام ژمارەی دانیشتووانەکەی پێنج

ئەوەندە زیاترە، بە دڵنیاییەوە چین هەرگیز ڕێگە نادات ئەم نیعمەتە لە دەستی دەربچێت.

گرنگ نییە هیندوستان بەنیاز بێ ئاوی ڕووبارەکانی چین ببڕێت؛ تەنیا ئەگەری ئەنجامدانی ئەو کارە بەسە. بۆ چەندین سەدە چین دڵنیایی داوە لەوەی کە هەرگیز ئەمە ڕوونادات. ڕیچارد گێر "Richard Gere" بەردەوام دەنگی خۆی وەک چالاکوانێکی تبتی دژی نافەرمیەتیی داگیرکاریی و نیشتەجێکردنی مرۆڤی چینی هان، بەرزکردۆتەوە بەڵام لە شەڕی نێوان دالای لاما "Dalai Lama"[١٠]، بزووتنەوەی سەربەخۆیی تبت، ئەستێرەی هۆلیوود و پارتی کۆمۆنیستی چین- کە دووەم هێزی گەورەی ئابووری جیهان بەڕێوەدەبات - تەنیا یەکیان سەرکەوتوو دەبن.

کاتێک ڕۆژئاواییەکان، جا بەڕێز "گێر" بێت یان "ئۆباما"، باسی تبت دەکەن، چینییەکان بە بێزارییەکی قووڵی دەزانن. دیار مەترسیدار نییە، وێرانکەریش نییە - تەنیا بێزارکەرە. ئەوان نەک لە پریزمای مافی مرۆڤەوە، بەڵکوو لە پریزمای ئاسایشی جیۆپۆلەتیکییەوە سەیری بابەتەکە دەکەن و تەنیا دەتوانن بەو ئەنجامە بگەن کە ڕۆژئاواییەکان هەوڵی تێکدانی ئاسایشی چین دەدەن. بەڵام ئاسایشی چین تێک

---

[١٠] دالای لاما نازناوی سەرکردەی ڕۆحیی ئایینی بودایی تبتە.

نەچووە و تێکیش نادرێت، تەنانەت ئەگەر ڕاپەڕینی زیاتریش لە دژی هانەکان ڕووبدات. سەربەخۆیی تبت لە بەرامبەر دیمۆگرافی و جیۆپۆلیتیک وەستاوە.

وەرزێرانی چینیی "ڕاستییەکانی سەر زەوی" لەسەر "میچی جیهان" دروست دەکەن: لە ساڵانی ۱۹۵۰دا، سوپای ڕزگاریخوازی گەلی حزبی کۆمۆنیستی چینی دەستیکرد بە دروستکردنی ڕێگا بۆ تبت و لەو کاتەوە، ئەمانە یارمەتیدەر بوون بۆ گەیاندنی جیهانی مۆدێرن بۆ شانشینی کۆن. بەڵام ڕێگاوبانەکان- و ئێستا هێڵی ئاسنیش- لەلایەن هانەکانەوە دابین دەکرێن.

بۆ ماوەیەکی زۆر بە مەحاڵ دادەنرا کە هێڵی شەمەندەفەر بەناو بەستەڵەکی هەمیشەیی و شاخ و دۆڵەکانی تبتدا دروست بکرێت. باشترین ئەندازیارانی ئورووپا کە ڕێگەی خۆیان بەناو بەرزاییەکانی زنجیرە چیای ئاڵپدا هەڵکەندبوو، ئەم کارەیان بە نەگونجاو ڕاگەیاندبوو. هەر لەم دواییانەدا لە ساڵی ۱۹۸۸، نووسەری گەشتیاریی، پۆڵ تێرۆکس " Paul Theroux" لە کتێبەکەی "سەرگەرمیی چینی"دا نووسیویەتی: "چیاکانی کونلون "Kunlun" گەرەنتی ئەوە دەکەن کە هەرگیز هیچ شەمەندەفەرێک نەگاتە لاسا (Lhasa)." زنجیرە شاخەکان پارێزگای شینجیانگ لە تبت جیا دەکاتەوە و تێرۆکس پێشوازی لەم بابەتە دەکات و

دەڵێت: "بە دڵنیاییەوە ئەوە نیعمەتێکە. تا تبتم نەبینی بوو، پێم وابوو حەزم لە هێڵی ئاسنە، بەڵام دواتر تێگەیشتم کە زیاتر حەزم لە سروشتی دەست لێنەدراوە." بەڵام چینییەکان هێڵی ئاسنیان دروستکرد. ڕەنگە تاکە کەسێك بوون کە بتوانن ئەو کارە بکەن. هێڵەکە بۆ شاری لاسا پێتەختی تبت لە ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن هو جینتاو " Hu Jintao" سەرۆکی ئەوکاتی چینەوە کرایەوە. ئێستا شەمەندەفەری نەفەر هەڵگر و بارهەڵگر ڕۆژانە چوار جار لە شەنگەهای و پەکینەوە دەگەنە ئێرە. هەموو ڕۆژێك.

گەلێك بەرهەم لەگەڵ خۆیان دەهێنن، وەک کاڵای بەکاربەری کامپیوتر، تەلەفزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ و مۆبایل. ئەوان گەشتیار دەهێنن کە دۆخی ئابووریی ناوخۆیی پێ بەهێز بکەن، مۆدێرنیتە دەهێننە وڵاتێکی کۆن و هەژار، پێشکەوتنێکی گەورە لە ئاستی ژیان و چاودێریی تەندروستیدا، هەروەها دەرفەتی هەناردەکردنی کاڵای تبت بۆ جیهانی دەرەوە دەڕەخسێنن. بەڵام چەندین ملیۆن دانیشتووی چینی "هان"یشیان هێناوەتە ئەو ناوچەیە.

دیاریکردنی ژمارەی وردی ئەستەم بەراوەرد دەکرێ. ڕێکخراوی تبتی ئازاد بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئێستا تبتییەکان کەمینەیەکن لەو ناوچە ڕۆشنبیرییەدا، لەکاتێکدا حکومەتی چین بانگەشەی ئەوە دەکات کە زیاتر لە سەدا

٩٠ی دانیشتوانی هەرێمی خۆبەڕێوەبەری فەرمی ناوچەکە، تبتین. دیارە هەردوولا زێدەڕۆیی دەکەن، بەڵام وێدەچێ حکومەت زیاتر زێدەڕۆیی بکات. ئامارەکانی ئەو کۆچبەرە هانیانە لەبەرچاو ناگرن کە لەوێ دەژین بەڵام هیچکات وەک دانیشتوو تۆمار نەکراون. بەڵام گەشتیاران دەتوانن بزانن کە ئێستا گەڕەکەکانی هان بەسەر ناوچەکانی تبتدا زاڵن.

سەردەمانێک زۆرینەی دانیشتوانی مانچوریا و مەنگۆلیای ناوەوە و شینجیانگ لە نەتەوەی مانچو، مەنگۆل و ئویغوری "Uiguren" پێکهاتبوون. ئەمڕۆ چینی "هان" لە هەر سێ ناوچەکەدا زۆرینەن یان نزیکە ببنە زۆرینە. لە تبتیش بە هەمان شێوەیە.

ئەمەش بەو مانایەیە کە ناڕەزایی دژە هان لە ڕاپەڕینەکانی وەک ساڵی ٢٠٠٨دا بەردەوام وەك خۆی دەمێنێتەوە، کاتێک خۆپیشاندەرانی دژە چینی تبت ئاگریان لە شاری لاسا بەردا، موڵک و ماڵی هانەکانیان تاڵان کرد و ٢١ کەس کوژران و سەدان کەسیش بریندار بوون. سەرکوتکردنی ئەم ناڕەزایەتییە لە لایەن دەسەڵاتداران بەردەوام دەمێنێتەوە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی بەردەوام بەڕێوە دەچێت، دەروێشەکان بەردەوام دەبن لە سووتاندنی خۆیان بۆ ڕاگەیاندنی دۆزی تبت بۆ جیهان - و ژمارەی هانەکانیش

بەردەوام لەو ناوچانە بەرز دەبێتەوە. دانیشتوانی بەرفراوانی چینی کە زۆرینەیان لە دڵی وڵاتەکەیدا چەقیون، بەدوای دەرفەتدا دەگەڕێن بۆ خۆ بڵاوکردنەوەیان. هەروەک چلۆن ئەمریکییەکان ڕۆژئیک کردیان، چینییەکانیش لاسایی ڕۆژئاوا دەکەنەوە.

لە درێژەی بابەتەکەدا بە ئاراستەی کاتژمێر دەگەینە سنوورەکانی پاکستان، تاجیکستان و قیرغیزستان (هەموویان لە زەویی شاخاوییدا) و پاشان سنوورەکانی کازاخستان کە بەرەو باکوور دەگەڕێتەوە تا مەنگۆلیا. ڕێگای ئاوریشمی کۆن بەم ناوچەیەدا تێدەپەڕێت، ڕێگایەکی وشکانی گەلێك گرنگ کە لە شانشینی ناوەڕاستەوە بۆ باقی جیهان، بازرگانان بۆ چەندین سەدە بەکاریان هێناوە. ئاوریشم کاڵای بازرگانی سەرەکی بوو، بەڵام ڕێگای ئاوریشم ڕێگایەکیش بوو بۆ ئاڵوگۆڕی ئایین، فەلسەفە، تێکنۆلۆژیا - و نەخۆشییەکانی وەک تاعون. لە ڕوانگەی تیۆریەوە ئەمە خاڵێکی لاوازە بۆ هێزی بەرگریی چین، کەلێنی نێوان شاخ و بیابانەکانە، بەڵام گەلێك دوور لە ناوەند و دڵی ناوچەکە. جگە لەوەش کازاخستان لە هیچ دۆخێکدا نەبوو کە هەڕەشە لە چین بکات و ڕووسیاش سەدان کیلۆمتر لێیەوە دوور بوو.

لە باشووری ڕۆژهەڵاتی سنووری کازاخستان، پارێزگای شینجیانگی چینی "نیمچە سەربەخۆ"ی نائارام هەڵکەوتووە، و دانیشتوانی ڕەسەنی ئویغوریان "Uiguren" کە موسڵمانن و بە زمانێکی شێوە تورکی قسە دەکەن، لەو شوێنەدا نیشتەجێ بوون. شینجیانگ هاوسنوورە لەگەڵ هەشت وڵات کە بریتین لە ڕووسیا، مەنگۆلیا، کازاخستان، قیرغیزستان، تاجیکستان، ئەفغانستان، پاکستان و هیندوستان.

لە شینجیانگ هەمیشە کێشە هەبووە و هەمیشەش دەمێنێتەوە. ئویغورەکان لە ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠دا دووجار دەوڵەتی سەربەخۆی "تورکستانی ڕۆژهەڵات"یان ڕاگەیاند. ئەوان شایەتحاڵی ئەوە بوون کە چۆن ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا دراوسێکانی پێشووی سۆڤیەتیان لە وڵاتانی "ستان(Stan)"دا گۆڕی بۆ دەوڵەتی خاوەن سەروەر و ئیلهامیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی تبت وەرگرتووە. ئێستا زۆرێک لە خەڵک دیسانەوە داوای جیابوونەوە لە چین دەکەن.

لە ساڵی ٢٠٠٩ ڕاپەڕینی نێوان نەتەوەکان سەریهەڵدا و زیاتر لە ٢٠٠ کەس کوژران. پەکین بە سێ شێوە وەڵامی دایەوە: بێبەزەییانە نارەزایەتییەکانی سەرکوت کرد، پارەی بەسەر ناوچەکەدا بڵاوکردەوە و هانی بەردەوامی بۆ لێشاویی

کرێکارانی چینی "هان"ی دەدا. شینجیانگ لە ڕووی ستراتیژییەوە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی چین ڕێگە بە گەشەکردنی بزووتنەوەی سەربەخۆیی بدات: نەک هەر هاوسنوورە لەگەڵ هەشت وڵات و بەم شێوەیە نێوان مەودایەك بۆ وڵاتی ناوەندیی پێکدەهێنێت، بەڵکوو خاوەنی نەوتیشە و وەک مەیدانی تاقیکردنەوە بۆ چەکی ئەتۆمی چینی کەڵکی لێوەردەگیرێ. زۆربەی ئەو شارۆچکە و شارە نوێیانەی لە دەوروبەری شینجیانگدا سەرهەڵدەدەن، زۆربەیان لە چینی "هان" پێکهاتوون، کە بۆ کارکردن لەو کارگە نوێیانەی حکومەتی ناوەندیی وەبەرهێنانیان تێدا دەکات، ڕاکێشراون. نموونەیەکی کلاسیکی شاری شیهێزییە "Shihezi" کە ١٤٠ کیلۆمتر لە باکووری ڕۆژئاوای ئورومقی "Ürümqi" پێتەختەوە دوورە. لە کۆی ٦٥٠ هەزار دانیشتووەکەی، پێدەچێت لانیکەم ٦٢٠ هەزار کەسیان چینی "هان" بن. بە گشتی بەپێی خەمڵاندنی کۆنەپەرستانە، لەسەدا ٤٠ی دانیشتوانی شینجیانگ "هان"ن- و تەنانەت لە ئورومکقیش، ڕەنگە ئێستا زۆرینە پێکبهێنن. بەڵام دەستڕاگەییشتن بە ئامارە فەرمییەکان ئەستەمە و بەهۆی هەستیاری سیاسییەوە زۆرجار جێی متمانە نین.

دیارە "کۆنگرەی جیهانی ئویغور" کە بنکەکەی لە ئاڵمانیایە، هەروەها "ڕێکخراوی ڕزگاریخوازیی تورکستانی

ڕۆژهەڵات" لە تورکیا هەن، بەڵام جوداخوازانی ئویغور کەسایەتییەکی وەک دالای لاما"Dalai Lama"یان نییە کە بتوانێ سەرنجی میدیای بیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشێت. بەم شێوەیە هۆکاری ئویغورەکان بە کردەوە بۆ زۆربەی مرۆڤی جیهان نەناسراوە. چین دەیەوێت دۆخەکە بەو شێوەیە بمێنێتەوە و هەوڵدەدات پەیوەندییەکی باش لەگەڵ زۆرترین وڵاتی دراوسێی خۆیدا بپارێزێت بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە هەر بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی ڕێکخراوەکانی ئویغور بۆ دەستڕاگەیشتنیان بە ڕێگایەك بۆ یارمەتی یان دۆخێکی گونجاو. جگە لەوەش پەکین جوداخوازان وەک تیرۆریستی ئیسلامی وێنا دەکات. ئەلقاعیدە و گرووپەکانی دیکە کە بنکەکانیان لە وڵاتانی وەک تاجیکستانە، بەڕاستی هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندیی لەگەڵ جوداخوازانی ئویغور دەدەن، بەڵام بزووتنەوەکە بە پلەی یەکەم ناسیۆنالیستییە و ئینجا ئیسلامییە. سەرەڕای ئەوەش، گریمانە دەکرێت هێرشەکان بە چەکی ئاگرین، بۆمب و چەقۆ دژی دامەزراوەکانی دەوڵەت - یان هان، وەک ئەوەی لە ساڵانی ڕابردوودا لە ناوچەکەدا ڕوویداوە، بەردەوام دەبێت و دەتوانێت بە باشی بۆ ڕاپەڕینێکی تەواو، پەرەبستێنێت.

چین دەست لەم خاکە نادات و وەک تبت، پەنجەرەی سەربەخۆیی بە داخراوەیی دەهێڵێتەوە. هەردوو خاکەکە

ناوچەیەکی پارێزراو یان شوێنێك بۆ وڵاتی ناوەند پێکدەهێنن، یەکیان ڕێڕەوێکی سەرەکی بازرگانی وشکانییە و گەلێك گرنگ، هەردووکیان بازاڕ (هەرچەندە توانای داهاتیان سنووردارە) بۆ دۆخێکی ئابووریی باش دابین دەکەن کە پێویستی بە بەرهەمهێنان و فرۆشتنی کاڵای زیاترە ئەگەر بیانەوێ لە گەشەکردن و دوورکەوتنەوە لە بێکاریی بەکۆمەڵ بەردەوام بن. پێدەچێت بێکاریی ببێتە هۆی نائارامی مەدەنی بەرفراوان و بەمەش دەسەڵاتی حزبی کۆمۆنیست و یەکگرتوویی چین بخاتە مەترسییەوە.

هۆکارەکانی حیزب بۆ دژایەتیکردنی دیموکراسی و مافی تاکەکەسی گەلێك هاوشێوەن. ئەگەر هەڵبژاردنێکی ئازاد هەبوایە، یەکگرتوویی "هان" و چین درزی تێدەکەوت، یان بە ئەگەری زیاتر، شار و گوندەکان تووشی ململانێ دەبوون. ئەمەش لە بەرامبەردا گەلانی ناوچە پارێزراوەکان بوێرتر دەکات و هاوکات چین لاواز دەکات. دوایین زەلیلکردنی چین کە تەنیا سەدەیەک لەمەوبەر لەلایەن زلهێزە بیانییەکانەوە بەڕێوەچوو گەلێک خراپ بەکارهێنرا. بۆ پەکین یەکگرتوویی و پێشکەوتنی ئابووریی گەلێك گرنگترە لە بنەما دیموکراسیەکان.

چینییەکان بە شێوەیەکی جیاوازتر لە ڕۆژئاوا سەیری کۆمەڵگا دەکەن. بیرکردنەوەی ڕۆژئاوایی لە دەوری مافی تاک

دەسورێتەوە، لە کاتێکدا لە ڕوانگەی چینەوە کۆمەڵگا لە سەرووی تاکەوە دادەنرێت. ئەوەی ڕۆژئاوا بە مافی مرۆڤی دەزانێت، بۆ سەرکردایەتی چین، تیۆرێکی مەترسیدارە کە هەڕەشە لە زۆرینە دەکات و دانیشتوانیش قبووڵی دەکەن کە – لانیکەم – مافی خێزان پێش تاک دەخرێت.

جارێک باڵیۆزێکی چینیم لە لەندەن بانگهێشت کرد بۆ چێشتخانەیەکی فەرەنسی، چونکە هیوادار بووم وەڵامێکی وەرگیراو لە ژۆ ئینلای "Zhou Enlai " سەرۆک وەزیرانی چین ببیستم. لەو دۆخەدا کاتێک پرسیاری سەبارەت بە کاریگەرییەکانی شۆڕشی فەرەنسای لێکرا، ڕیچارد نیکسۆن وەڵامی دایەوە: "زۆر زووە بۆ ئەوەی وەڵام بدەینەوە". بەداخەوە هیواکانم بەدی نەهاتن. لە جیاتی ئەوە وانەیەکی توندم وەرگرت کە بۆچی جێبەجێکردنی بێ بەربەستی "ئەوەی تۆ پێی دەڵێیت مافی مرۆڤ" لە چین دەبێتە هۆی توندوتیژییەکی بەربڵاو و مردنی بێشوماری مرۆڤ. هەروەها دواجار پرسیار کرا "پێتوایە بۆچی بەها ئینسانییەکانت لە کولتوورێکدا کاریگەر دەبن کە تۆ لێی تێناگەیت؟"

ڕێککەوتنی نێوان سەرکردایەتی حزب و خەڵک ئێستا بۆ نەوەیەک درێژەی بووە: "ئێمە هەوڵ بۆ خۆشگوزەرانی زیاتر دەدەین – ئێوەش سەر بۆ فەرمانەکانمان دانەوێنن." تا ئەو کاتەی دۆخی ئابووریی لە گەشەکردن بەردەوام بێت،

پەیمانەکەمان بەردەوام دەمێنێتەوە. ئەگەر گەشەکردن بوەستێت یان پێچەوانە ببێتەوە، ئەوە کۆتایی پێ دێت. ئاستی ئێستای خۆپیشاندان و توڕەیی لەسەر گەندەڵی و ناکارامەیی، شایەدی ئەوە دەدات کە ئەگەر ڕێککەوتنەکە سەر نەکەوێت، چی ڕوودەدات.

نیگەرانییەکی دیکەی پەرەسەندووی ئەو حیزبە ئەوەیە کە ئایا وڵات دەتوانێت خۆراک بۆ هەموو دانیشتووانی دابین بکات یان نا. بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، ئێستا زیاتر لە سەدا ٤٠ی زەوییە کشتوکاڵییەکانی چین ژەهراوییە و دۆخیان بۆ چاندن گەلێك نالەبارە. بەم شێوەیە چین لە دووڕیانێکدا گیری کردووە. بۆ مۆدێرنکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان، دەبێت پاڵ بە پیشەسازییەوە بنێت، بەڵام هەر ئەم پرۆسەیە هەڕەشە لە بەرهەمهێنانی ماکەی خواردەمەنی دەکات. ئەگەر نەتوانێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، نائارامی مەدەنی یەخەی دگرێت. بەگشتی ڕۆژانە نزیکەی ٥٠٠ نارەزایەتی لەسەر چەندین بابەتی جۆراوجۆر کە زۆربەیان ئاشتیانەن لە سەرانسەری وڵاتدا بەڕێوەدەچن. بەڵام ئەگەر بێکاریی بەکۆمەڵ یان برسێتی بێتە ئاراوە، هەم ژمارە و هەم ئاستی توندوتیژیی کە هەردوولا بەکاریدەهێنن، دەتەقێتەوە. هەربۆیە لە ڕووی ئابوورییەوە چین مامەڵەیەکی گەورەی لەگەڵ هەموو جیهاندا هەیە: "ئێمە

شتەکان بە هەرزان بەرهەم دەهێنین - ئێوەش بە کۆ بیکڕن".

با باسی ئەو ڕاستییە نەکەین کە لە لەمڕۆدا تێچووی کار لە چین بەردەوام بەرز دەبێتەوە و کێبڕکێ لە ڕووی نرخەوە نەك قەبارە، لە تایلەند و ئەندۆنیزیا بە پێی کات زیاتر دەبێتەوە. ئەگەر ئەو سەرچاوانەی کە پێویستن بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا وشک ببنەوە چی ڕوودەدات؟ ئەگەر کەسێکیتر دەستی پێ بگات، یان گەمارۆیەکی دەریایی هاتوچۆ بۆ ناو و دەرەوی کاڵاکان ڕابگرێت- چی ڕوو دەدات؟ لێرەدایە پێویستی بە بازەرگانیی دەریایی گەلێك گرنگە.

چینییەکان هەمیشە دەریاوانێکی باش بوون، بە تایبەت لە سەدەی پازدەهەمدا، کە زەریای هیندوستانیان دەکێڵا. گەشتەکەی دەریاوان ژێنگ هی"Zheng He" تا کینیا ڕۆیشت. بەڵام ئەمانە دامەزراوە بوون بۆ پارە پەیداکردن، نەک نمایشکردنی دەسەڵات، هەروەها مەبەست لێی دروستکردنی بنکەگەلێک نەبوون کە بتوانن پشتگیری لە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بکەن.

دوای ئەوەی چوار هەزار ساڵ لە هەوڵ بۆ چەسپاندنی بارستەی زەوییەکی پڕ لە گێژاوە ئەزموون کردووە، ئێستا چین خەریکی دروستکردنی هێزێکی دەریایی بێ وێنەیە. هێزێکی

دەریایی کە پارێزگاریی لە سنووورە دەریاییەکانی لە ئەستۆ بگرێت و تا قووڵایی زەریاکانی جیهان چاوەدێریی بکات. هێشتا سی ساڵی دیکەی دەوێت (بە گریمانەکردنی پێشکەوتنی ئابووریی) تا چین توانایی دەریایی خۆی پەرەپێبدات و لێهاتوویی ڕووبەڕوووەستانی گەورەترین هێزی دەریایی جیهانی هەبێت - واتە هێزی دەریایی ئەمریکا. بەڵام لە ماوەیەکی مامناوەند و کورتخایەندا هێزی دەریایی چین لە قۆناغەکانی بنیاتنانەوە، مەشقکردن و ڕاهێناندا لە دەریا ڕووبەڕووی ڕکابەرەکانی دەبێتەوە. هەروەها چلۆن ئەم پێکدادانانە - بە تایبەت چلۆنایەتیی ڕووبەڕوووەستانی نێوان چین و ئەمریکییەکان - بەڕێوەدەبرێن، سیاسەتی دەسەڵاتی گەورەی ئەم سەدەیە پێناسەی دەکات.

ئەو دەریاوانە گەنجانەی ئێستا لەسەر ئەو کەشتییە فڕۆکەهەڵگرە کۆنانەی چین لە کۆگایەکی پەککەوتووی ئۆکرائینی ڕزگاری کردوون، ئەو کەسانە دەبن کە تا ئەو کاتەی دەگەنە پلەی دەریاوان، دەتوانن ئەوەندە فێر بن کە بزانن چلۆن سەرکردایەتی گروپێکی فڕۆکە هەڵگر بە ١٢ کەشتی لە سەرانسەری جیهان بکەن و بگەڕێنەوە - هەروەها تەنانت ئەگەر پێویست بێت، شەڕێکیش لە ڕێگاکەدا بەڕێوەبەرن. وەک هەندێک لە دەوڵەتە

دەوڵەمەندەکانی عەرەبی بۆیان دەرکەوتووە، ناتوانرێت سەربازی کارامە لە ڕەفەکاندا ڕابهێندرێت.

ورده ورده چینییەکان کەشتیی زیاتر و زیاتر دەهێننە ناو ئاوە کەنارییەکان، هەروەها بۆ دەرەوەی زەریای هێمن. لەگەڵ دامەزراندنی هەرکام لەوانە، فەزای ئەمریکییەکان لە ئاوەکانی چیندا بچووک دەبێتەوە. ئەمریکییەکان ئەمە دەزانن، هەروەها دەشزانن چینییەکان کار لەسەر سیستەمی مووشەکی دژە کەشتییە وشکانییەکان دەکەن بۆ دوو هێندەکردنی ژمارەی ئەو هۆکارانەی ئەمریکییەکان یان هاوپەیمانەکانیان ڕۆژێک بیر لە گەشتکردن بە ناو دەریای چینی باشوور یان هەر دەریایەکی دیکەی"چینی"، بکەنەوە. هەروەها لەم ماوەیەدا، پرۆژەی ئاسمانیی چینی کە لە گەشەکردندایە چاودێریی هەموو جووڵەیەکی ئەمریکییەکان یان هەرکام لە هاوپەیمانەکانیان دەکات.




دەریای چینی باشوور ناوچەیەکی ململانێی گەرمە لە نێوان چین و دراوسێکانیدا، ئەمەش چەندین جار دەبێتە هۆی پێکدادان لەسەر خاوەندارێتی دورگەکان و سامانە سروشتییەکان، هەروەها کۆنترۆلکردنی دەریاکان و بەتایبەت ڕێگا دەریاییەکان.

کاتێك بە پێی ئاراستەی کاتژمێر سەیری سنوورە وشکانییەکان دەکەین، هاوکات بەرەو دەریا سەیری ڕۆژهەڵات، باشوور و باشووری ڕۆژئاوا دەکەین.

لە نێوان چین و زەریای هێمن ئەو دوورگانە هەیە کە پەکین بە "یەکەم زنجیرەی دوورگە" ناویان دەبات. هەروەها "هێڵی نۆ داش" هەیە، کە تەنیا لە ساڵی ٢٠١٣دا بۆ دە هێڵ فراوانکرا بۆ ئەوەی تایوانیش بگرێتەوە. لە ڕوانگەی چینەوە، ئەم هێڵە خاکی خۆی دیاری دەکات. ناکۆکی لەسەر سەروەریی لەسەر نزیکەی ٢٠٠ دوورگە و گاشەبەردی بچووک پەیوەندییەکانی چینی لەگەڵ

دراوسێکانی ژەهراوی کردووە. شانازیی نەتەوەیی ئارەزووی ئەوە دەکات چین لە ڕێگەی زنجیرەکەوە کۆنترۆڵی ڕێگای دەریایی بکات؛ دیارە جیۆپۆلیتیکش داوای دەکات. جیۆپۆلیتیك دەستڕاگەیشتن بە گرنگترین ڕێگا دەریاییەکان لە دەریای باشووری چین دابین دەکات. لە سەردەمی ئاشتیدا ڕێگاکە لە خاڵە جیاوازەکاندا کراوەیە، بەڵام لە ئەگەری ڕوودانی شەڕدا، دەکرێت ئەو خاڵانە بە ئاسانی دابخرێن و ڕێگری لە چین بکەن. هەموو وڵاتە گەورەکان بۆ ئامادەکاریی سەردەمی ئاشتی بەکاردەهێنن بۆ ئەو ڕۆژەی شەڕ هەڵدەگیرسێت.

چوونە ژوورەوەی ئازاد بۆ ناو زەریای هێمن بە پلەی یەکەم لەلایەن ژاپۆنەوە ڕێگری لێدەکرێت. ئەو کەشتییە چینیانەی کە لە دەریای زەردەوە بە دەوری نیمچە دوورگەی کۆریادا دەسوڕێنەوە، دەبێت بە دەریای ژاپۆن و لە سەرووی هۆکایدۆوە "Hokkaido" لە شەقامی لا پێرۆوزەوە "La-Perouse" بچنە ناو زەریای هێمن. بەشێکی زۆری ئاوی خاکی ژاپۆن یان ڕووسیایە و لە کاتی گرژی یان تەنانەت شەڕکردندا چین دەستی پێڕاناگات. بەڵام ئەگەر کەشتییەکانی بگەنە ئەو ئاستە، دەبێ لە دوورگەکانی کوریل "Kurilen" لە باکووری ڕۆژهەڵاتی هۆکایدۆدا تێپەڕن، کە

لەلایەن ڕووسیاوە کۆنترۆڵ دەکرێن بەڵام ژاپۆنیش ئیدیعای دەکات.

هەروەها ژاپۆن لەسەر زنجیرە دوورگەیەکی بێ دانیشتوو لە باکوری ڕۆژهەڵاتی تایوان ناکۆکی لەگەڵ چین هەیە کە ناوی سێنکاکو "Senkaku"ی لێناوە و لە چین ناوی دیاویۆ"Diaoyu"یە. ئەمەش مشتومڕ، ململانێ و کێشەی خاکی نێوان هەردوو وڵاتە. ئەگەر کەشتییە چینییەکان لە جیاتی دەریای زەرد بە دەریای چینی ڕۆژهەڵاتدا بڕۆن، یان ڕاستەوخۆ لەوێوە بێن، بۆ نموونە لە شەنگەهایەوە، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بەرەو زەریای هێمن بڕۆن، ئەوا دەبێت بە دوورگەکانی ڕیوکیو "Ryukyu"دا تێپەڕن، کە ئۆکیناوا "Okinawa" سەر بە دوورگەکانی ئەو وڵاتەیە. نەک هەر بنکەیەکی سەربازی گەورەی ئەمریکی لەوێ هەیە، بەڵکوو چەندین مووشەکی دژە کەشتییە وشکانییەکانیش هەن کە ژاپۆنییەکان دەتوانن لە نوکی دوورگەکەدا جێگیریان بکەن. پەیامەکەی تۆکیۆ ئەوەیە: "ئێمە دەزانین ئێوە دەتانەوێ بچنە ئەوێ، بەڵام باشتر وایە خۆ لە ئێمە مەدەن."

خاڵێکی دیکەی ناکۆکی لەگەڵ ژاپۆن، شوێنی ڕاگرتنی گازی سروشتییە لە دەریای ڕۆژهەڵاتی چین. پەکین ناوچەیەکی نوێی چاودێریی ئاسمانی دیاریی کردووە کە زۆربەی شوێنەکانی ئەم دەریایە کۆنترۆڵ دەکات و هەر چەشنە

هاتوچۆیەك دەبێ بە فەرمی پێی ڕابگەیێندرێت. زۆرجار ئەمریکی و ژاپۆنییەکان هەوڵدەدەن ئەمە پشتگوێ بخەن، بەڵام کاردانەوەی جیددی دەبێت کاتێك بۆ نموونە دوای ڕووداوێک هەڵسوکەوتی هەڵە بکرێت.

لە خوار ئۆکیناوا"Okinawa"، تایوان لە کەنارئاوەکانی چین جێی گرتووە و دەریای ڕۆژهەڵاتی چین لە دەریای باشووری چین جیا دەکاتەوە. چین، تایوان بە ٢٣هەمین پارێزگای خۆی دەزانێت، بەڵام لە ئێستادا هاوپەیمانێکی ئەمریکییە و هێزێکی دەریایی و ئاسمانی هەیە کە تا بنی ددان لەلایەن واشنگتۆنەوە چەکدار کراوە. لە سەدەی ١٧دا بووە بەشێک لە چین بەڵام لە سەدەی ڕابردوودا تەنیا بۆ ماوەی پێنج ساڵ (١٩٤٥-١٩٤٩) لە ژێر دەسەڵاتی چینیدا مابۆوە.

ناوی فەرمیی تایوان "کۆماری چین"ە بۆ ئەوەی لە "کۆماری گەلی چین"ی جیا کەینەوە، هەرچەندە هەردوولا پێیان وایە پێویستە دەسەڵاتی دادوەرییان هەبێت بەسەر هەردوو خاکەکەدا. پەکین دەتوانێت بەم ناوە بژی، چونکە تایوان وەک دەوڵەتێکی جیاواز ناناسێنێت. بەپێی یاسای پەیوەندیی تایوان لە ساڵی ١٩٧٩، ئەمریکا بەڵێنی دا لە ئەگەری لەشکرکێشی چینیدا بەرگری لە تایوان بکات. بەڵام ئەگەر تایوان بە فەرمی سەربەخۆیی خۆی لە چین

ڕابگەیەنێت، دیارە پەکین بە هەڵوێستی ڕاگەیاندنی شەڕ لێکی دەداتەوە، ئەوا پێویست ناکات ئەمریکا دەست لەو کارە وەردات، چونکە ڕاگەیاندنێکی لەو شێوەیە بە هاندانی وڵاتی چین دادەنرێ. هەردوو حکومەت لەبەر چاوی هەموو وڵاتانی جیهاندا بۆ دانپێدانان بە خۆیان کێبڕکێ دەکەن، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پەکین سەردەکەوێت. دیارە ئەگەر مرۆڤ بتوانێ بازاڕێکی پۆتانسێل پێشکەش بە ١،٤ ملیارد کەس لەبری ٢٣ ملیۆن کەس بکات، زۆربەی وڵاتان پێویست ناکات دووجار بیری لێ بکەنەوە. بەڵام ٢٢ ویلایەت هەن (زۆربەی وڵاتانی تازەپێگەیشتووی وەک سوازیلاند "Swasiland"، بورکینافاسۆ "Burkina Faso" یان ویلایەتی دوورگەیی ساو تۆمێ "São Tomé" و پرینسیپ"Príncipe") کە لە بەرەی تایوان وەستاون.

چینییەکان بە تامەزرۆییەوە تایوانیان دەوێت، بەڵام دوورن لەوەی بتوانن لە ڕووی سەربازییەوە هەوڵی ئەو کارە بدەن. بەڵکوو لە ڕێگای بازرگانی و گەشتیاریی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە زیاتر نەرم و نیانی بەکاردەهێنن. چین بە هەموو هەوڵێکەوە دەیەوێت تایوان بۆ باوەشی خۆی ڕابکێشێتەوە. کاتێک لە ساڵی ٢٠١٤دا نارەزایەتی خوێندکاران لە هۆنگ کۆنگ سەریهەڵدا، هۆکارێک ئەوە بوو کە بۆچی دەسەڵاتداران دەستبەجێ لەسەر شەقامەکان بەرەنگاری

خۆپیشاندەران نەبوونەوە – وەک ئەوەی بۆ نموونە لە "Ürümqi" کردیان –کامێراکانی هەموو جیهان بۆ نیشاندانی توندوتیژییەکان لەوێ حازر بوون. لە چین زۆربەی ئەم تۆمارانە سانسۆر دەکران، بەڵام لە تایوان خەڵک ئەوەی دەبینی کە باقی جیهانیش دەیانبینی.

مەبەست لە ڕێبازە نەرمەکە ئەوەیە قەناعەت بە تایوانییەکان بێنن کە پێویست ناکات لە یەکگرتنەوە لەگەڵ "نیشتمانی دایک" ترسیان هەبێت. ناوچەی بەرگری ئاسمانی و پەرەپێدانی هێزی دەریایی بەشێکە لە پلانێکی درێژخایەن بۆ لاوازکردنی ئیرادەی ئەمریکا و بەرگریی لە دوورگەیەک بکەن کە تەنیا ٢٢٥ کیلۆمتر لە ویشکانی چینەوە، بەڵام دە هەزار و ٣٠٠ کیلۆمتر لە کەناری ڕۆژئاوای ئەمریکاوە دوورە.

هەروەها بەبێ گوێدانە ئەوەی ئایا شوێنی مەبەستیان زەریای هێمن بێت یان زەریای هیند، تێپەڕین لە دەریای باشووری چین کێشە بۆ کەشتییە چینییەکان دروست دەکات. ئەم دووەمیان ڕێگای سەرەکی جیهانە بۆ گاز و نەوت، بەبێ ئەو ڕێگایە بازرگانیی چین پەکی دەکەوێت. بۆ ئەوەی کەشتییە چینییەکان بەرەو ڕۆژئاوا بگەنە وڵاتانی بەرهەمهێنەری وزە لەکەنداو، دەبێ دەوری ڤێتنام بدەنەوە، کە وەک ئاماژەمان پێدا، لەم دواییانەدا پەیوەندییان زیاتر

بە ئەمریکاوە هەیە. هەروەها لە فیلیپین نزیک دەبنەوە کە هاوپەیمانی ئەمریکایە، کەواتە زیاتر هەوڵ دەدەن بەناو شەقامی مەلاکا"Malakka"دا تێپەڕن. ئەمەش خۆی لە نێوان مالیزیا، سەنگاپوور و ئەندۆنێزیادایە – کە هەموویان لە ڕووی دیپلۆماسی و سەربازییەوە پەیوەستن بە ئەمریکاوە – درێژییەکەی نزیکەی ٨٠٠ کیلۆمتر و پانییەکەی کەمتر لە سێ کیلۆمتر لە تەسکترین شوێنەکەیدایە. ئەم ڕێگایە هەمیشە تەنگ بووە – چینییەکانیش بەردەوام لەو ناوچەیەدا هەستیار بوون. هەموو دەوڵەتەکانی سەر ڕێگاکە ترسیان لە باڵادەستی چین هەیە و زۆربەیان ناکۆکی خاکیان لەگەڵ پەکین هەیە.

چین بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئیدیعا دەکات تەواوی دەریای باشووری چین و ئەو سەرچاوە سروشتییانەی لە ژێرەوەیە، هی ئەوانە. بەڵام مالیزیا، تایوان، ڤێتنام، فیلیپین و برۆنێی، ئیدیعای مافی خاکی خۆیان لە دژی چین و لە نێوان خۆیاندا دووپات دەکەنەوە. بۆ نموونە فیلیپین و چین بە تاڵی مشتومڕ لەسەر میشیف ڕیف "Mischief-Riff" دەکەن، کە دوورگەیەکی سەر بە دوورگەکانی سپراتلییە لە دەریای باشووری چین. هەر یەکێک لەو شوێنە بێشومارانەی کە ناکۆکیان لەسەرە و هەندێکجاریش تەنیا ئەو بەردانەی کە بەزەحمەت لە سەرووی ئاوەوە دەبینرێن، دەتوانن

قەیرانێکی دیپلۆماسی دروست بکەن چونکە دەوری هەر گاشەبەردێك، دەتوانێ شوێنی ماسیگرتن یان دەرهێنانی ماکەی خاو بێت.

چین دەبێت لەم ڕێڕەوە ئاویانە پارێزگاریی بکات بۆ ئەوەی کاڵاکانی بگاتە بازاڕەکان و کەرەستەی خاو بۆ بەرهەمهێنان دابین بکات – لەوانەش زیاتر بتوانێ ڕێگای نەوت و گاز و کانزا بەنرخەکان – بۆ گەییشتن بە چین دابین بکات. دیارە توانایی بەرگریی گەمارۆدانی خۆی نییە. یەك لە چارەسەرەکان ڕێگای دیپلۆماسییە، چارەسەرێکی دیکە هێزی دەریاییە کە بەردەوام لە گەشەکردندایە. بەڵام باشترین گەرەنتی ڕێگای لوولەیی، ڕێگاوبان و بەندەرەکانن.

لەڕووی دیپلۆماسییەوە چین هەوڵ دەدات بە بەکارهێنانی تاکتیکی پێدانی نانی شیرین دەوڵەتەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە ئەمریکا دوور بخاتەوە. گوشارهێنانی بۆ وڵاتان، گەلێک قووڵتر دەیانباتە ناو هاوپەیمانی لەگەڵ واشنگتۆن؛ پێدانی نانی شیرین دەبێتە هۆی ئەوەی زۆر کەم ملکەچی ئیرادەی پەکین بن. لەمڕۆدا بۆ پاراستنی خۆیان هێشتا چاویان لە ئەودیوی زەریای هێمن بڕیوە.

ئەو نەخشە جوگرافیانەی ئەمڕۆ چینییەکان چاپی دەکەن، بە شێوەیەکی مەجازی تەواوی دەریای باشووری چین وەک خاکی خۆیان دەگرێتە بەر. ئەمەش نوێنەرایەتی ئەو نیازانەیە کە لەلایەن گەشتە دەریاییە شەڕانگێزەکان و لێدوانە فەرمییەکانەوە پشتگیری دەکرێن. پەکین دەیەوێت بە پشتگیریی کردن لە دەستووری کاری خۆی تا ئەو شوێنەی نەیارەکانی پاشەکشە بکەن، تێڕوانینی دراوسێکانی هەروەها بۆچوون و هەڵسوکەوتی ئەمریکییەکان بگۆڕێت. ئەوەی لێرەدا لە مەترسیدایە، کۆنسێپتی ئاوە نێودەوڵەتییەکان و ئازادی تێپەڕین لە کاتی ئاشتیدایە – شتێک کە زلهێزەکانی دیکە بە ئاسانی دەستبەرداری نابن.

ڕۆبێرت کاپلان "Robert Kaplan" نووسەری جیۆپۆلەتیکی تیۆرییەکی دارێژاوە کە دەریای باشووری چین بۆ چینییەکان لە سەدەی بیست و یەکەمدا تەواو بەو شێوەیە دەبینێت کە کارییبیک(Karibik) لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بۆ ئەمریکا بووە. دوای ئەوەی ئەمریکییەکان زەویەکەیان چەسپاند، هێزداری دوو دەریایی (ئەتڵەس و زەریای هێمن) بوون، هەنگاوی دواتریش کۆنترۆڵکردنی دەریاکانی دەوروبەریان و دەرکردنی ئیسپانییەکان بوو لە کوبا. چینیش بەنیازە ببێتە زلهێزێکی دوو دەریای ( زەریای هێمن و زەریای هیند). بۆ بەدیهێنانی ئەمە، چین وەبەرهێنان لە قووڵایی

بەندەرەکانی دەریاکان لە میانمار، بەنگلادیش، پاکستان و سریلانکا دەکات - بەم وەبەرهێنانانە، پەیوەندییەکی باش دەکرێت، ئەگەری ئەوەش هەیە کە هێزی دەریایی داهاتووی بنکەیەکی دۆستانە بێت بۆ میوانداریی یان وێستگەیەك بۆ مانەوە، و پەیوەندیی بازرگانی بۆ وڵاتەکەی خۆی پێ مسووگەر بکات.

بەندەرەکانی زەریای هیند و کەنداوی بەنگال بەشێکن لە پلانێکی گەورەتر بۆ دەستەبەرکردنی داهاتووی چین. لە کەنارەکانی ڕۆژئاوای میانمارەوە، چین لوولەی گازی سروشتی و نەوتی دامەزراندووە کە کەنداوی بەنگال بە باشووری ڕۆژئاوای چینەوە دەبەستێتەوە - هەوڵی چین بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستنی ترسهێنەری خۆیەتی بە تەنگەی مەلاگاوە، کە نزیکەی لەسەدا ٨٠ی دابینکردنی وزەی لەم ڕێگەیەوە دەگوازرێتەوە. ئەمەش تا ڕادەیەک ڕوونی دەکاتەوە بۆچی تەنیا چینییەکان نەبوون کە ڕوویان لە میانمار کرد کاتێک جونتا "Junta" لەوێ لە ساڵی ٢٠١٠ دەستی کرد بە کرانەوە بەڕووی جیهاندا. هەروەها ئەمریکیی و ژاپۆنییەکان بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکی باشتر لە هەوڵدا بوون، کاتێ سەرۆک ئۆباما و سەرۆکوەزیرانی ژاپۆن ئابێ "Abe" بە شێوەیەکی کەسیی ڕێزیان لێگرتن. دیارە هەبوونی کاریگەریی لەسەر میانمار یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی چین لە ژێر

کۆنترۆڵدا بمێنێتەوە. تا ئێستا پێدەچێت چینییەکان لەم یارییە شەترەنجە جیهانییە تایبەتەدا سەرکەوتوو بێنە دەر، بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە ئەمریکییەکان بتوانن لەو شوێنانەیان دووربخەنەوە تا ئەو کاتەی حکومەتی میانمار متمانەی هەبێت واشنگتۆن لە پاڵ ئەواندا وەستاوە.

هەروەها چینییەکان لە کینیا بەندەر و لە ئانگۆلا هێڵی شەمەندەفەر و بەنداوێک لە ئەتیوپیا دروست دەکەن. بۆ بەدەستهێنانی کانزا بەنرخەکان، ئەم لاو ئەو لای قورنەی ئەفریقایان هەڵکۆڵیوە. کۆمپانیا و کرێکارانی چینی لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوبوونەتەوە و سوپای چینیش بەرە بەرە بەدوایاندا دەڕوات. دیارە دەسەڵاتی گەورە بەرپرسیارێتی گەورە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. چین چاودێریکردنی هێڵەکانی دەریایی دەوروبەری خۆی بۆ ئەمریکییەکان بەجێ ناهێڵێت. ڕووداوگەلێک ڕوودەدەن کە پێویست دەکات چین لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی هەنگاو بنێت. لە ئەگەری ڕوودانی کارەساتی سروشتی، هێرشی تیرۆریستی، یان بارمتەگرتن کە زۆرێک لە کرێکارانی چینی دەگرێتەوە، چین ناچار دەبێت دەستوەردان بکات و ئەوەش پێویستی بە دامەزراندنی بنکەی پێش وەختە یان لانیکەم ئیزنی وڵاتانی دیکە دەبێت بۆ چوونە ناو خاکەکەیان. ئەمڕۆ دەیان ملیۆن چینی لە هەموو جیهاندا

کاردەکەن؛ لە هەندێک ناوچەی ئەفریقا لە شوێنی نیشتەجێبوونی مەزنی کرێکاراندا دەژین.

چین هەوڵ دەدات لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا چالاکی خۆی زیاتر بکات. دوای بوومەلەرزە وێرانکەرەکەی سیچوان "Sichuan" لە ساڵی ٢٠٠٨، بەزەحمەت توانی ئامێرەکانی سوپای گەل جێگیر بکات. دیارە توانی سوپا کۆبکاتەوە، بەڵام کەرەستەی پێویستی بۆ نەگۆزرایەوە؛ گواستنەوەی هەردووکیان(سوپا و کەرەستەی پێویست) بە خێرایی بۆ دەرەوەی وڵات، چالاکیی و ڕووبەڕووەوەستانێکی گەلێك مەزن دەبێت.

بە دڵنیاییەوە ئەم دۆخەش دەگۆڕێت. لە مامەڵە بازرگانییەکانی لەگەڵ جیهاندا، مافی مرۆڤ شتێک نییە کە چین لێی بترسێت و بۆ سنووردارکردنی کارەکانی یان پاڵنەرێکی دیپلۆماسی یان ئابووریی بەکاری بهێنێت. لەناو سنوورەکانی خۆیدا خەریکی پشوودانە، بەرەنگاری کۆت و بەندەکانی زنجیرەی دوورگەکان دەبێتەوە، ئێستا بە متمانەوە بە دەوری جیهاندا پیاسە دەکات. ئەگەر بتوانێت خۆی لە ململانێیەکی جیددی لەگەڵ ژاپۆن یان ئەمریکا بەدوور بگرێت، ئەوا تاکە هەڕەشەی ڕاستەقینە لەسەر چین تەنیا خۆیەتی.

١،٤ مليارد هۆكار هەیە بۆ ئەوەی چین بتوانێت وەک زلهێزێکی جیهانی پێش ئەمریکا بکەوێت، هەروەها ١،٤مليارد هۆكار هەیە کە بۆچی نەتوانێت ئەو کارە بکات. قەیرانێکی ئابووریی سەختی وەک ئەوەی لە ساڵانی ١٩٣٠دا ڕوویدا، دەتوانێت دەیان ساڵ دواى بخات. چین ئیتر خۆی تێکەڵ بە ئابووریی گلۆباڵی یاخود جیهانی کردووە. ئەگەر ئێمە بەرهەمەکانیان نەکڕین، چینییەکان بەرهەم ناهێنن. ئەگەریش چینییەکان بەرهەم نەهێنن، بێکاری بەکۆمەڵیان دەبێت. بە تایبەت چونکە چینییەکان گەلێکی قەرەباڵغن و لە شارەکاندا کۆبوونەتەوە، ئەگەر بێکارییەکی بەرچاو و درێژخایەن ڕووبدات، ئەوا نائارامییەکی کۆمەڵایەتیی حەتمیی بەدوایدا دێت - وەک هەموو شتێکیتری چینی مۆدێرن - دەتوانێت بگاتە ئاستێک کە پێشتر نەبینرابێ.

## بەشی سێ

## ئەمریکا

"ڕاپۆرتەکان لەسەر مردنم گەلێك زێدەڕۆییان تێدا کراوە".
مارك توین



شوێن بۆ ژیان، شوێن بۆ ژیان، شوێن بۆ ژیان. ئەگەر لە یاریی لاتاریدا بەرەندە بوویت و بۆ کڕینی ماڵ و ژیان بەدوای وڵاتێکدا بگەڕێیت، ئەوا یەکەم شوێن کە پسپۆری دۆزینەوەی شوێنی ژیان نیشانتی دەدات، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێت.

هەرچەندە مارک توین ئاماژەی بە ڕاپۆرتە درۆینەکان سەبارەت بە مردنی کردووە، بەڵام دەکرا بە هەمان شێوە باسی لەناوچوونی ئەمریکای بکردایە، کە چەندین جار لە میدیاکاندا بانگەشەی بۆ کراوە.

ئەمریکا لە ناوچەیەکی نایاب هەڵکەوتووە، دیمەنەکانی هەناسەبڕکێن و پێکهاتەی ئاوی سەرنجڕاکێشی تێدایە. شوێنێکی گواستنەوەی گەلێك نایاب و باشە. دراوسێکانی؟ دراوسێکان گەلێك مەزنن؛ هیچ کێشەیەک بە هیچ شێوەیەک لە نێوانیاندا نابینرێت.

ئەگەر ئەم فەزای ژیانە بۆ چەندین پارچەی بێشوماری خاک لەت و کوت بکرێت، بەهایەکی بەرچاو لەدەست دەدات - بە تایبەت ئەگەر دانیشتووانەکەی هەموویان بە یەک زمان ئاخافتن نەکەن و کرێی خانوو بە دراوی جیاواز بدەن. بەڵام بە گشتی، وەک ماڵێک بۆ خێزانێک، وڵاتێکی بێ ڕکابەرە.

پەنجا دەوڵەتی ئەمریکی هەن، بەڵام بە شێوەیەک یەکگرتوون و بوونەتە نەتەوەیەک کە ٢٨ دەوڵەتی خاوەن سەروەری یەکێتی ئوروپا خەونی پێوە دەبینێ. سەرەڕای ئەوەی لە زۆربەی وڵاتانی یەکێتی ئورووپادا، هۆشیاری نەتەوەیی تاکەکەسی زۆر بەهێزتر و بەرچاوترە لە هەر دەوڵەتێکی ئەمریکا، بەڵام ئاسانە فەرەنسییەک بدۆزیتەوە کە لە پلەی یەکەمدا فەرەنسی بێت و لە پلەی دووەم ئورووپی، یان کەسێک کە دڵسۆزییەکی کەم بۆ بیرۆکەی ئورووپا نیشان بدات. لە بەرامبەردا ئەمریکییەک بە شێوەیەک خۆی لەگەڵ یەکێتیەکەی خۆی دەناسێنێت کە کەمتر ئورووپی ئەو یەکێتییە لە خۆیان نیشان دەدەن. ئەمەش بە جوگرافیا و مێژووی یەکگرتنی ئەمریکا ڕوون دەکرێتەوە.

بە کێشانەوەی ئەم وڵاتە پان و بەرینە بەهۆی فڵچەیەکی ئاساییەوە دەکرێ سێ بەشی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا بناسرێتەوە.

یەکەم، دەشتی کەناری ڕۆژهەڵات و شاخەکانی ئەپالاچیان "Appalachen"ی تەنیشتیەوە – ناوچەیەکی ئاودێری باش و ڕووبارەکانی برێک کورت بەڵام کەشتیوانی تێدا بەڕێوەدەچێ و خاکێکی بەپیتی هەیە. لە ڕۆژئاوا دەشتی گەلێک گەورە هەڵکەوتوون کە تا شاخەکانی ڕۆکی "Rocky" درێژدەبنەوە.

ئەم ناوچەیە سەرچاوەکانی میسیسیپی"Mississippi"ش دەگرێتەوە، کە تۆڕی مەزنی ڕووبار و کەشتیوانی پێکدێنێ و دەڕژێتە ناو میسیسیپی، و لەوێوە دەڕژێتە خوارەوە بۆ کەنداوی مێکزیک. کەنداوەکە لەلایەن نیمچە دوورگەی فلۆریدا "Florida" و تاقمێك دوورگەیترەوە پارێزراوە. دوای بەزاندنی چیای ڕۆکی، دەڕژێتە ناو بیابان و چیای سیرا نیڤادا "Sierra Nevada"، دەشتێکی تەسکی کەنار دەریا و دواجار کەنارەکانی زەریای هێمن.

له باکوورەوە، لە سەرووی دەریاچە گەورەکانەوە، قەڵغانی کانەدا هەڵکەوتووە، کە گەورەترین ناوچەی بەردینی پێش کامبرینە لە جیهاندا و ڕێگریی لە نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە زۆر شوێنی ئەم ناوچەیە دەکات. هەروەها باشووری ڕۆژئاوای – بیابانە. دۆخی جوگرافیاییەکەی دیاریی کردووە ئەگەر قەوارەیەکی سیاسی بتوانێت زەوی ئێرە داگیر بکات و دواتر کۆنترۆڵی بکات، ئەوا دەبێتە هێزێکی گەورە، گەورەترین هێزی هەموو سەردەمێک. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە کەنارئاوێکەوە بۆ کەنارئاوێکیتر کە نزیکەی ٥ هەزار کیلۆمتر درێژاییەتی، ئەمە لە ماوەیەکی گەلێك کورتدا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر مسووگەر کرا.

کاتێک ئورووپییەکان لە سەرەتای سەدەی ١٧دا گەیشتنە ئێرە و نیشتەجێ بوون، هەر زوو بۆیان دەرکەوت کە کەناری

ڕۆژهەڵاتی ئەم خاکە دەستلێنەدراوە و گەلێک بەندەری سروشتی و خاکی بەپیتی دەوڵەمەندی هەیە. ئەمە شوێنێک بوو بۆ ژیان و بە پێچەوانەی زێدی خۆیانەوە هیوایان دەخواست بە ئازادیی تێیدا بژین. دیارە نەوەکانیان ئازادییان لە خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە بێبەش دەکرد، بەڵام ئەمە مەبەستی یەکەم دانیشتووەکان نەبوو. دۆخی جوگرافیایی ناوچەکە بەردەوام مرۆڤی بۆ ئەودیوی دەریاکە کە بە پێی کات ژمارەیان بەرز دەبۆوە، ڕاکێشا.

جۆرجیا "Georgia" دوا کۆلۆنی بوو لە ١٣ کۆلۆنی ڕەسەن کە لە ساڵی ١٧٣٢ دامەزرا. بیرۆکەی سەربەخۆیی لەم ١٣ وڵاتەدا بەهێزتر بوو و لە کۆتاییدا بە شەڕی شۆڕشگێڕیی ئەمریکا (١٧٧٥-١٧٨٣) گەیشتە لوتکەی بەرزی خۆی. لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا، کۆلۆنییەکان کە وردە وردە یەکتریان بەیەکەوە گرێدابوو، زیاتر لە ١٦٠٠ کیلۆمتر لە ویلایەتی ماساشوسێت"Massachusetts"ەوە لە باکوورەوە تا جۆرجیا درێژ بووەوە و کۆی ژمارەی دانیشتووانیان بە ٢،٥ ملیۆن کەس مەزەندە دەکرا. لە ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنوور بوون لەگەڵ زەریای ئەتڵەس، لە ڕۆژئاوا لەگەڵ چیای ئەپالاچی"Appalachen". ئەم زنجیرە شاخە بە درێژایی ٢٤٠٠ کیلۆمتر گەلێک سەرنجڕاکێشە، بەڵام بە بەراورد بە چیای ڕۆکی بە تایبەتی بەرز نییە. سەرەڕای ئەوەش، وەک

بەربەستێکی ترسهێنەر کاری دەکرد، ڕێگری لە دانیشتوانی سەرەتایی دەکرد کە بەرەو ڕۆژئاوا کۆچ بکەن. مرۆڤ هەوڵیان دەدا ئەو زەوییەی داگیریان کردبوو بیچەسپێنن و حکومەتی خۆیانی پێ دابمەزرێنن. جگە لەوەش، کۆلۆنیالیستەکان ڕووبەڕووی بەربەستێکی دیکە ببوونەوە - بەربەستێکی سیاسی. حکومەتی بریتانیا نیشتەجێبوونی مرۆڤی لە ڕۆژئاوای چیای ئەپالاچی قەدەغە کرد بۆ ئەوەی دڵنیابێت داهاتی بازرگانی و وەرگرتنی باج لە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتدا گەرانتی بکات.

لە جاڕنامەی سەربەخۆیی (١٧٧٦)دا هاتووە: " ئەگەر لە قۆناغێکی مێژووییدا پێویست بوو گەلێک لە گەلێکی دیکە جیا بێتەوە- واتە واز لە یەکگرتوویی سیاسی بهێنێت- و شوێنێکیتری سەربەخۆ لە نێو وڵاتانی دیکەی جیهاندا داگیر بکات (کە بەپێی یاسایی و مافی سروشتی مافی خۆیانە)، ئەوا گرنگە، لەبەر ڕەوشت و ڕێزگرتن لە جیهان، کە ئەم گەلە ڕوونی بکاتەوە بۆچی جیا دەبنەوە." دواتر وردەکارییەکی درێژخایەنی ئەم چەشنە هۆکارانە و (بەبێ هیچ ئاماژەیەکی تەشەرانە بۆ کۆیلایەتی) ئەو لێدوانەی کە "هەموو مرۆڤێک یەکسان خوڵقێندراون"بە دوایدا دێت. ئەم هەستە بەرزانە ئیلهامبەخش بوون بۆ سەرکەوتن لە شەڕی سەربەخۆییدا،

که له بەرامبەردا بوونە هۆی لەدایکبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی نوێ.

له سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، سەرکردایەتی ئەم وڵاتە نوێیە هێشتا بیرۆکەیەکی ئەوتۆی نەبوو کە هەزاران کیلۆمتر لە "دەریای باشوور" یان زەریای هێمن دوور بوو. چەند پشکێنەرێک کە بە کردەوە چەمکی "بوێر" بوو ئەوان پڕ بە پێست بوو، بەسەر شاخەکانی ئەپالاچیاندا بەرەو ڕووباری میسیسیپی بە درێژایی ڕێڕەوەکانی هیندوستان پێشڕەوییان کردبوو. ئەوان هیوایان دەخواست لەوێ ڕێڕەوێکی ئاویی بدۆزنەوە کە بەرەو دەریاکە بڕوات، بەم شێوەیەش ڕێگا بۆ ئەو زەوییە فراوانانەی کە ئیسپانییەکان لە باشووری ڕۆژئاوا و کەنارەکانی زەریای هێمن وەک ناوچەکانی ئێستای تێکزاس و کالیفۆرنیا، لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردبوون، بدۆزنەوە.

لەم کاتەدا ئەمریکای لاو لە دۆخی ئاسایش گەلێک دوور بوو و ئەگەر لە سنوورەکانی ئەوکاتەی خۆیدا بوەستایە، بۆ ئەوەی ببێتە زلهێزێکی گەورە، دەبوو خەباتێکی بێ وچانیان بکردایە. هاوڵاتیانی ئەو ناوچانە پێشتر گەیشتنە ڕووباری ئۆهایۆ کە لە ڕۆژئاوای چیای ئەپالاچیان بوو. بەڵام ئەو ڕووبارە دەڕژێتە ناو میسیسیپی، کە کەناری ڕۆژئاوای، تا نیو ئۆرلینز"New Orleans"، لەلایەن فەرەنسییەکانەوە کۆنترۆڵ

دەکرا. بەم شێوەیە فەرەنسا زاڵ بوو بەسەر بازرگانی ئەمریکادا کە لە ڕێگەی کەنداوی مێکزیکەوە بۆ جیهانی کۆن بەڕێوە بوو، هەروەها ناوچە بەربڵاوەکەی ڕۆژئاوای ئەو شوێنەی کە ئێستا دڵی ئەمریکایە. تۆماس جێفرسۆن "Thomas Jefferson" لە ساڵی ١٨٠٢دا، دوای ساڵێک بوون بە سەرۆک، نووسیویەتی: "یەک خاڵ لەسەر ئەم گۆی زەوییە هەیە کە خاوەنەکەی دوژمنی سروشتی و هەمیشەیی ئێمەیە. ئەویش نیو ئۆرلینزە."

کەواتە فەرەنسا هەم خاوەن و هەم کێشەکە بوو. بەڵام، بە شێوەیەکی نائاسایی، چارەسەری ئەم کێشەیە شەڕ نەبوو.

لە ساڵی ١٨٠٣ ئەمریکا بە سادەیی کۆنترۆڵی تەواوی کۆلۆنی لویزیانا"Louisiana"ی لە فەرەنسا کڕی. خاکەکە لە کەنداوی مێکزیکەوە بەرەو باکووری ڕۆژئاوا درێژببووەوە تا سەر ئاوی ڕووباری میسیسپی لە چیای ڕۆکی - ناوچەیەک بە گەورەیی وڵاتانی مۆدێرنی ئیسپانیا، ئیتالیا، فەرەنسا، بریتانیا و ئاڵمانیا پێکەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا دەستی بەسەر ڕووباری میسیسیپیدا گرت، کە ڕێگەی بۆ خۆ بڵاوکرنەوە و گەورەبوونەوە خۆشکرد.

به لێدانی قەڵەمێک - و ڕادەستکردنی ١٥ ملیۆن دۆلار-کڕینی لویزیانا قەبارەی ئەمریکای دوو هێندە گەورە کردەوە و سەروەری بەسەر گەورەترین سیستەمی ڕێڕەوی ئاوی ناوخۆیی جیهاندا بەخشی. مێژوونووس هێنری ئادەمز "Henry Adams" ئاماژەی بەوە کردووە: “هەرگیز ئەمریکا بە کەمترین تێچوو، هێندەی بەرژەوەندیی بەدەست نەهێناوە.”

ناوچەی مەزنی میسیسپی چەندین کیلۆمتر شوێنی کەشتیڕانی هەیە لە چاو وڵاتانی جیهان بەیەکەوە. کەمتر شوێنی دیکەی جیهان هەن ڕووبارەکەیان لە بەرزاییەوە سەرچاوەی نەگرتبێت و ئاوەکەی بە ئارامیی و بە مەودای ئاوا دوور و درێژ بڕژێتە ناو زەریاوە. ڕووباری میسیسپی کە دەتوانرێت کەشتیوانی تێدا بکرێت و زۆربەی سیستەمی ڕووبارەکانی ناو کانی یاخود حەوزەکانەوە خۆراکی ئاوی پێدەگەیێنن، لە نزیک مینیاپۆلیس "Minneapolis" دەست پێدەکات و دوای نزیکەی ٣ هەزار کیلۆمتر دەڕژێتە کەنداوی مێکزیکەوە. بەم شێوەیە ڕووبارەکان بوونە کاناڵێکی سروشتی بۆ بازرگانیی بەردەوام لە گەشەسەندندا، هەروەها بووە هۆی دروستبوونی بەندەرێکی گەورە و هەمووان توانیان ڕێڕەوی ئاو بەکاربهێنن، کە چەندین جار

هەرزانتر بوو لە گواستنەوە لە ڕێگەی شەقامە ئیشکانییەکانەوە.

ئێستا ئەمریکییەکان بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان خاوەنی قووڵایی جوگرافیایەکی ستراتیژیدار و ژمارێکی زۆر زەوی بەپیت و ئاڵترناتیڤێک بۆ بەندەرەکانی زەریای ئەتڵەس بوون. جگە لەوەش، ئەو ڕێگا و شەقامانە هەبوون کە بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا فراوانتر دەبوونەوە و کەناری ڕۆژهەڵاتیان بە خاکە نوێیەکەوە دەبەستەوە، هەروەها سیستەمی ڕووبارەکان کە لە باکوورەوە بۆ باشوور دەڕۆیشتن و وڵاتانی کەم دانیشتووانی ئەوکاتەیان بەیەکەوە دەبەستەوە. هەموو ئەمانە ئەمریکایان هان دا کە خۆی وەک یەکەیەکی یەکگرتووی جیهانی پێکبهێنێت.

ئێستا ڕوون دەبێتەوە کە بە هۆی دۆخی جوگرافییەوە نەتەوەیەک دەتوانێ ببێتە کۆلۆس"Koloss"[١١]، واتە زلهێزێکی جیهانی. بۆیە ئەمریکییەکان بەردەوام خۆیان بەرەو ڕۆژئاوا بەربڵاو و گەرەتر کردەوە، بەڵام هەمیشەش چاویان لە باشوور بوو و بە نیاز بوون گەوهەرەکە لەسەر تاجی سەریان جێگیر بکەن – واتە ڕووباری میسیسیپی. تا ساڵی ١٨١٤ ئینگلیزەکان کشابوونەوە و فەرەنسییەکان وازیان لە

[١١] "Koloss" لە زمانی ئەڵمانیدا ئاماژەیە بۆ پەیکەرێکی زۆر گەورە و مەزن، یان بە گشتی بۆ تەنێکی زۆر گەورە و بەهێز یان بوونەوەرێکی زیندووی مەزن.

لویزیانا هێنابوو. ئێستا پەرجۆکە تەنیا ئەوە بوو کە ئیسپانییەکان بە هەمان شێوە شوێنەکە بەجێهێڵن. ئەمەش کات سەلماندی کە کارێکی زۆر قورس نییە. ئیسپانییەکان لە شەڕی دژی ناپلیۆن لە ئورووپا ماندوو ببوون و ئەمریکییەکان گەلی ڕەسەنی سوورپێست، سێمینۆلیان"Seminolen" پاڵنا بۆ ناو خاکی فلۆریدای ژێر کونترۆڵی ئیسپانی. بۆ مادرید ڕوون بوو کە شەپۆلێکی مەزنی مرۆڤ بەدوای خۆیدا دێنێت، بۆیە لە ساڵی ١٨١٩ فلۆریدا و خاکێکی تاڕادەیەک گەورەیان دوو دەستیی ڕادەستی ئەمریکا کرد.

کڕینی لویزیانا، ناوەوەی ناوەڕاستی بە ئەمریکا بەخشیبوو، بەڵام پەیمانی ئادەمز ئۆنیس لە ساڵی ١٨١٩ شتێکی نزیکەی بە هەمان شێوە بەنرخی بۆ بە دیاریی هێنان: ئیسپانییەکان قبوڵیان کرد کە ڕۆژئاوای دوور لە باکوور بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی دادوەری ئەمریکا، واتە ناوچەی باکووری سنووری ئێستای نێوان ئۆریگۆن "Oregon" و "Kalifornien" کالیفۆرنیا. لە بەرامبەردا ئیسپانییەکان کۆنترۆڵی ناوچەکانی خوارەوە و ڕۆژئاوای خاکەکانی ئەمریکایان پاراست. ئەمریکا گەیشتبووە زەریای هێمن.

لەو سەردەمەدا زۆربەی ئەمریکییەکان پێیانوابوو سەرکەوتنی گەورە لە ساڵی ١٨١٩دا کونترۆڵی فلۆریدا

دەبێت، بەڵام جۆن کوینسی ئادەمز وەزیری دەرەوە لە یاداشتنامەکەیدا تۆماری کردووە: "بەدەستهێنانی هێڵێکی سنووری دیاریکراو لەگەڵ [زەریای هێمن] دەبێتە دەسپێکی سەردەمێکی گەلێک مەزن لە مێژووی ئێمەدا".

بەڵام کێشەیەکی دیکە بۆ ئیسپانییەکان هاتە ئاراوە: واتە مێکزیک. دوای ئەوەی کڕینی لویزیانا خاکی ئەمریکای دوو هێندە گەورە کردەوە، سەربەخۆیی مێکزیک لە ئیسپانیا لە ساڵی ١٨٢١ بەو مانایە بوو کە سنوورەکەی تەنیا ٣٠٠ کیلۆمتر لە بەندەری نیو ئۆرلینزەوە دوور بوو. دیارە لە سەدەی بیست و یەکەمدا مێکزیک هیچ مەترسییەکی خاکی بۆ ئەمریکا دروست ناکات، هەرچەندە نزیکییەکەی گەلێک کێشە بۆ ئەمریکا دروست دەکات، چونکە مێکزیک برسێتی دراوسێکانی بۆ کاری نایاسایی و مادده هۆشبەرەکان تێر و دابین دەکات. ئەوەش لە ساڵی ١٨٢١ جیاواز بوو، مێکزیک تا باکووری کالیفۆرنیا خاکەکەی کۆنترۆڵ دەکرد. ئەمریکا دەیتوانی لەگەڵ ئەوەدا بژی، بەڵام بەرەو ڕۆژهەڵاتیش درێژ بووەوە و تێکزاسی ئێستای گرتەوە، کە ئەو کاتە وەک ئێستا هاوسنوور بوو لەگەڵ لویزیانا. لەو کاتەدا مێکزیک ٦،٢ ملیۆن دانیشتووی هەبوو، لە کاتێکدا ئەمریکا ٩،٦ ملیۆن حەشیمەتی هەبوو. سوپای ئەمریکا توانیبووی سوپای بەهێزی بریتانیا دەربکات، سەرەڕای ئەوەی ئەمریکا

ناچاربوو لە پێنج هەزار کیلۆمتر ڕێگای دوورەوە و لە ماڵی خۆیەوە بە دابینکردنی ڕێگا بەسەر هێڵی زەریاییدا شەڕ بەڕێوەبەرێ، مێکزیکییەکان لە تەنیشت خۆیانەوە بوون.

واشنگتۆن بە بێدەنگی هانی ئەمریکییەکان و تازەهاتووانی بۆ ئەو وڵاتە دەدا کە لە هەردوو دیوی سنووری مێکزیک نیشتەجێ بن. شەپۆلی کۆچبەران گەیشتن و بەرەو ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوا بڵاوبوونەوە. مەترسی ئەوەی ئەوان لەو وڵاتەی ئێستای مێکزیکە ڕەگ داکوتن، ئاسمیلە بکرێن و دانیشتوانی ناوچەکە بەهێز بکەن، گەلێک کەم بوو. مێکزیک خاوەنی نیعمەتە جوگرافییەکانی ئەمریکا نەبوو. کوالیتی خراپی زەوی کشتوکاڵی هەبوو و سیستەمێکی ڕووباری گونجاوی بۆ گواستنەوە نەبوو. جگە لەوەش بە تەواوی دۆخێکی نادیموکراسی تێدا حاکم بوو و تازەهاتووان شانسی کەمیان هەبوو زەوییان بۆ تەرخان بکرێت یان بتوانن کارێکی ئاسایی بدۆزنەوە.

لەگەڵ پێشکەوتن و پەرەساندنی تێکزاس، واشنگتۆن "دوکتورینی مۆنرۆ"ی (کە ناوی سەرۆک جەیمس مۆنرۆی لێ نراوە) لە ساڵی ١٨٢٣دا بڵاو کردەوە. بە کورتی ئەم بڵاوکراوەیە هۆشدارییەک بوو بۆ زلهێزەکانی ئوورووپا کە لە نیوەگۆی ڕۆژئاوادا چیتر زەوی بۆ داگیرکردنیان نەماوەتەوە. ئەگەریش هەرکامیان موڵک و ماڵی ئێستایان لەدەستدابا،

ئیتر نەیاندەتوانی وەریبگرنەوە. لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٨٣٠دا، ئەوەندە دانیشتوانی سپی پێست لە تێکزاس دەژیان کە بتوانن پرسیاری مێکزیک چارەسەر بکەن. ژمارەی دانیشتوانی مێکزیکی، کاتۆلیک، ئیسپانی زمان بۆ نیزیکەی دوو سێ هەزار کەسێک نزم ببۆوە، لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی سپی پێست و پرۆتستانت نزیکەی ٢٠ هەزار کەس بوون. دیارە شۆڕشی تێکزاس لە ساڵی ٣٦/١٨٣٥ مێکزیکییەکانی لە وڵات دەرکرد، بەڵام دەرئەنجامەکەی تا ڕادەیەک تەسک بوو. ئەگەر دانیشتووانی دۆڕاو لە مەیدان هاتبایەنە دەر، سوپای مێکزیک دەیتوانی نیو ئۆرلینز بگرێت و ڕووباری خوارەوەی میسیسیپی کۆنترۆڵ بکات. ئەمە یەکێکە لە پرسیارە گەورەکانی "چ دەبوو ئەگەر..."ی مێژووی مۆدێرن.

بەڵام مێژوو ڕێڕەوێکی جیاوازی گرتەبەر و تێکزاس بەهۆی پارە و چەک و بیرۆکەی ئەمریکییەوە سەربەخۆ کرا. لە ساڵی ١٨٤٥ هاتە ناو پەیوەندیی یەکێتییەوە و لە ساڵی ١٨٤٦ تا ١٨٤٨ لە شەڕی دژی مێکزیکدا شانبەشانی یەکتر شەڕیان بەڕێوەبرد. لە کاتی شەڕدا بەسەر دراوسێی باشووری خۆیدا زاڵ بوو، کە دواتر ناچار بوو قبووڵی بکات خاکەکەی لە کەناری باشووری ڕیۆ گراندە "Rio Grande" کۆتایی پێ بێت.

به کالیفۆرنیا و نیو مێکزیکۆ و ئەو ناوچەیەی کە ئێستا ئەریزۆنا و نیڤادا "Nevada" و یوتا "Utah" و بەشێک لە کۆلۆرادۆ "Colorado" لەخۆدەگرێت، سنووره خاکییەکانی ئەمریکا زۆر وەک ئەمڕۆ و لە زۆر ڕووەوە سنووری گەلێک سروشتی و دەست لێنەدراو مانەوە. لە باشوورەوە ڕێۆ گراندە بە ناو بیابانێکدا تێپەڕ دەبێت؛ باکوور لە دەریاچەی گەورە و ناوچەیەکی بەردین پێکهاتووە کە بە تایبەت لە نیوەی ڕۆژهەڵاتی قورنەکەدا کەم کەس لە نزیک سنوورەکانیەوە دەژین. هەروەها لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئوقیانووسی مەزن دەوری گرتوون. بەڵام پێدەچێت لە سەدەی بیست و یەکەمدا یادەوەریی کولتووری-مێژوویی باشووری ڕۆژئاوا وەک وڵاتێکی ئەمریکای لاتین زیندوو بێتەوە، چونکە پێکهاتەی دیمۆگرافی بە خێرایی دەگۆڕێت و لە ماوەی چەند دەیەیەکدا زۆرینەی دانیشتووانەکەی لاتینی "Latinos" دەبن. بەڵام با بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ١٨٤٨.

ئوروپییەکان شوێنەکانیان جێ هێشتبوو، حەوزە حەیاتییەکانی ڕووباری میسیسیپی لە ژێر هێرشدا نەمابوون، گەیشتبوونە زەریای هێمن و پێشبینی دەکرا پاشماوەی گەلانی ڕەسەنی ئەمریکی کە تا ئەو سەردەمە مابوونەوە، ژێردەستە بکرێن: هیچ شتێک هەڕەشەی لە ئەمریکا نەکرد. کاتی ئەوە هاتبوو پارە پاشەکەوت بکەن و گوشار لەسەر زەریا درێژە پێبدەن و بۆ وەدەستهێنانی کونترۆڵی سێ کەناری

گرنگی ئەو ناوچەیە زلهێزی داهاتووی جیهانیی پێ گارانتی بکەن.

تامەزرۆیی بۆ دۆزینەوەی زێڕی کالیفۆرنیا لە ساڵی ١٨٤٨/٤٩ یارمەتیدەر بوو، بەڵام کۆچبەران بە هەر شێوەیەک بوو بەرەو ڕۆژئاوا ڕاکێشران. لە کۆتاییدا دەبوو ئیمپراتۆریەتێکی ناوچەیی بنیات بنرێت و لەگەڵ پەرەسەندنیدا کۆچبەری زیاتر بەدوای خۆیدا بێنێ. یاسای شار-نیشتمانی ساڵی ١٨٦٢ نزیکەی ٦٥ هێکتار زەوی دەوڵەتی وەک موڵک و ماڵ بە هەر کەسێک دەبەخشی ئەگەر بۆ ماوەی پێنج ساڵ کشتوکاڵیان تێدا بکەن و پارەیەکی کەم لە داهاتەکەیان بە دەوڵەت بدەن. بۆچی پیاوێکی هەژار لە ئاڵمانیا، سکاندیناڤیا، یان ئیتالیا بچێتە ئەمریکای لاتین و خزمەتکار بێت لە کاتێکدا دەتوانێت ببێتە خاوەن زەوییەکی ئازاد لە ئەمریکا؟

ئەلاسکایان لە ساڵی ١٨٦٧ لە ڕووسەکان کڕی، لەو کاتەدا ناوی "گەمژەیی سیوارد"یان لێنا، بە ناوی وەزیری دەرەوە ویلیام سیوارد "William Seward" کە دانوستانەکانی بۆ ئەو گرێبەستە کردبوو. ٧،٢ملیۆن دۆلاری پێدان، واتە ٢ سەنت بۆ هەر ٤ هەزار متری چوارگۆشە. ڕۆژنامەکان تۆمەتباریان کرد بە کڕینی بەفر، بەڵام ئەم بۆچوونانە گۆڕا کاتێک شوێنی زێڕی گەورەتر لە ساڵی ١٨٩٦ دۆزرایەوە،

پاشان دەیان ساڵ دواتر کێڵگەی نەوتی مەزنیشی لێ دۆزرایەوە. دوای دوو ساڵ لە ساڵی ١٨٦٩ هێڵی ئاسنی ناوچەیی دەستی بە کارکردن کرد. لێرەوە لە ماوەی هەفتەیەکدا دەکرا ئەم سەر و ئەو سەری وڵاتەکە تێپەڕێندرێت – پێشتر، چەند مانگێکی دەخایاند و ڕێگایەکی گەلێک مەترسیداریش بوو.

لەگەڵ گەشەکردنی وڵاتەکەدا، خۆشگوزەرانییش گەشەی کرد و مرۆڤ دەستیکرد بە دروستکردنی هێزی دەریایی. لە سەدەی نۆزدەهەمدا سیاسەتی دەرەوە تا ڕادەیەکی زۆر بە پەرەپێدانی بواری بازرگانی خۆی لە بازنەی دراوسێکانی دوور خستەوە. هەروەها کاتی ئەوە هاتبوو بەسەر ڕێگاوبانی ئاوەکاندا لە کەنارئاوەکان واتە سنووری نێوان ئیشکانی و ئاوەکان پارێزگاریی بکرێت. تاکە هەڕەشەی ڕاستەقینە لە لایەن ئیسپانیاوە بوو – هەرچەندە لە ویشکانی پاڵنرابوو، بەڵام هێشتا دوورگەکانی کوبا و پورتوگالی کۆنترۆڵ دەکرد، هەروەها بەشێک بوو لەوەی ئێستا کۆماری دۆمینیکانی پێ دەوترێت.

بە تایبەتی کوبا هەر وەک چۆن لە ساڵی ١٩٦٢ لە سەردەمی قەیرانی مووشەکی کوبادا ئەمریکاییەکانی نیگەران کرد، ئەمجارەش خەوی لە سەرۆکەکانی ئەمریکا حەرام کردبوو. دوورگەکە ڕاستەوخۆ لە دەرەوەی فلۆریدا

هەڵکەوتووە، لەسەر شەقامی فلۆریدا و یوکاتان "Yucatán" کە بەرەو کەنداوی مێکزیک دەڕوات. ئەم ڕێگایانە کە کوبا کۆنترۆڵی دەکات، دەروازەی هاتوچۆ بوو بۆ بەندەری نیو ئۆرلینز.

هەرچەندە دەسەڵاتی ئیسپانیا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا تا ڕادەیەک دابەزی، بەڵام وەک هێزێکی سەربازی ترسهێنەر مایەوە. لەساڵی ١٨٩٨ ئەمریکا شەڕی دژی ئیسپانیا ڕاگەیاند و سوپاکەی شکاند و کۆنترۆڵی کوبای بەدەستهێنا. بۆ ئەمەش کڕینی پورتوگال و گوام "Guam" و فیلیپینی لێ زیادکرا. دیارە هەموویان گەلێک بەسوود بوون، بەڵام بە تایبەتی گوام سەرمایەیەکی ستراتیژی و کوباش هەڕەشەیەکی ستراتیژی بوو ئەگەر لە دەستی زلهێزێکی گەورەتردا بووایەن.

لە ساڵی ١٨٩٨دا هەڕەشەی شەڕ لە دژی ئیسپانیا و لە ساڵی ١٩٦٢شدا لە دژی یەکێتی سۆڤیەت، کۆتایی پێ هات. ئەمڕۆ کوبا لەلایەن هیچ زلهێزێکی گەورەوە پشتیوانیی لە دۆخی ئابووریی ناکرێت و پێدەچێت چارەنووسی ئەوە بێت کە بکەوێتەوە ژێر کاریگەریی کولتووریی و سیاسییەکانی ئەمریکاشەوە. چالاکییەکانی ئەمریکا بە خێراییەکی گەلێک مەزن بەڕێوەچوو. لە هەمان ساڵدا کە تا ڕادەیەکی بەرچاو دەستی بەسەر کوبا و شەقامی فلۆریدادا گرت، دوورگەکانی

هاوایی لە زەریای هێمنیشی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و بەم شێوەیە توانی بە باشیی کەنارەکانی ڕۆژئاوای خۆی بپارێزێت. هەروەها لە ساڵی ١٩٠٣ ئەمریکا پەیماننامەیەکی واژۆ کرد کە مافی تایبەتی بە کاناڵی پاناما بەخشی. کەرتی بازرگانی گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی.

زۆربەی سەرۆکەکان ئەو ئامۆژگارییەیان لەبەرچاو گرت کە جۆرج واشنگتۆن لە وتاری ماڵئاوایی خۆیدا لە ساڵی ١٧٩٦ پێشکەشی کردبوو: خۆیان بە "دژایەتیی درێژخایەن دژی هەندێک نەتەوە و بەستراوەیی سۆزدارانە بە ئەوانی دیکە" خەریک نەکەن و خۆیان لە "هاوپەیمانی هەمیشەیی لەگەڵ هەر بەشێکی وڵاتانی دەرەوە" دوور ڕاگرن. جگە لە درەنگ هاتنە ناوەوەی - بەڵام یەکلاکەرەوە - بۆ شەڕی جیهانی یەکەم، ئەمریکا سەرەتا توانی خۆی لە تێکەڵبوون و هاوپەیمانییەکان لە سەدەی بیستەمدا، تا ساڵی ١٩٤١، لە کێشەکانی جیهانی بەدوور بگرێت. شەڕی جیهانی دووەم هەموو شتێکی گۆڕی. ئەمریکا لەلایەن ژاپۆنێکەوە هێرشی کرایە سەر کە دوای ئەوەی واشنگتۆن سزای ئابووریی بەسەردا سەپاند بۆ ئەوەی وڵاتەکە بخاتە سەر ئەژنۆ، بە پێی کات میلیتاریزە دەبۆوە. ئەمریکییەکان شەڕەکەیان قەبووڵ کرد. ئەوان دەسەڵاتی بێئەندازەی سووپایی خۆیان لە سەرانسەری جیهاندا بەکارهێنا بۆ ئەوەی شتەکان بەو

شێوەیە بمێننەوە کە بوون و ئەمجارەیان ئیتر نەگەڕانەوە ماڵەوە و زۆربەی ناوچە ستراتیژییەکانی جیهانیان داگیرکرد.

ئەمریکا وەک گەورەترین هێزی ئابووریی و سەربازیی دوای شەڕ لە جیهاندا، ئیتر دەبوو ڕێڕەوی دەریایی جیهان کۆنترۆڵ بکات و بۆ کاری بازرگانی ئارامی بپارێزێت و کاڵا بخاتە بازاڕەوە. ئەوان دوا هێز بوون کە چالاک مابوونەوە. ئۆرووپییەکان خۆیان ماندوو کردبوو، دۆخی ئابووریی و شارەکانیان لە وێرانەدا مابۆوە. ژاپۆنییەکان لەناوچووبوون، چینیەکان وێران بوون و خەریکی شەڕ لەگەڵ یەکتردا بوون و ڕووسەکانیش تەنانەت بەشدارییان لە گەمەی سەرمایەداریدا هەر نەبوو.

سەد ساڵ پێشتر ئینگلیزەکان فێرببوون پێویستیان بە بنکەی پێشەوە و بنکەی دابینکردن بۆ گەیاندنی یارمەتی لە پشت هێزەکانەوە دەبێ کە بتوانن پێشڕەوی بکەن و هێزی دەریایی خۆیان بسەلمێنن. ئێستا کە هێزی بریتانیا ئیتر لە دابەزیندا بوو، ئەمریکییەکان بە تەماحەوە چاویان لە سەروەت و سامانی بریتانیا بڕیبوو و دەیانگوت: "بنکەیەکی گەلێک شوش و باریکە - ئێمە بە تامەزرۆییەوە پێمان خۆشە خاوەنی بین."

نرخەکەی گەلێک گونجاو بوو. لە پاییزی ساڵی ١٩٤٠دا ئینگلیزەکان پێویستییەکی زۆریان بە کەشتی جەنگی زیاتر هەبوو. ئەمریکییەکان پەنجا کەشتیان مابۆوە و بەم گرێبەستەی "وێرانکەر لە بەرامبەر بنکە"[١٢]دا، بەریتانییەکان توانایی دەسەڵاتی جیهانی خۆیان بەو یارمەتییانە گۆڕیەوە کە ڕێگەی پێدان خۆیان لە شەڕەکەدا زیندوو ڕاگرن. نزیکەی هەموو بنکەیەکی دەریایی بریتانیا لە نیوەگۆی ڕۆژئاوا ڕادەست کران.

دروستکردنی ژێرخانی سەربازیی لە هەموو وڵاتان بەکارهاتووە و بەردەوام بەکاریش دەهێنرێ. لەم ژێرخانە بۆ دروستکردنی بەندەر، باند یاخود ڕێڕەوی فڕۆکەوانیی، ئەمباری سووتەمەنی، بەندەری وشک و شوێنی مەشقکردن بۆ ناوەندی سوپایی بەکاردەهێنرێت. لە ڕۆژهەڵات، ئەمریکا دوای هەرەس هێنانی ژاپۆن دەرفەتەکەی قۆستەوە و بنکەی لە سەرانسەری زەریای هێمن دروستکرد. پێشتر "گوام"یان هەبوو، ئێستا ئیتر بنکەیان تا دوورگەی ئۆکیناوای "Okinawa" ژاپۆن لە دەریای ڕۆژهەڵاتی چینیش لێ زیاد کرد.

[١٢] ڕێککەوتنێک لە ساڵی ١٩٤٠ کە تێیدا ئەمریکا کەشتی جەنگی کۆنی بە بەریتانیا بەخشی لە بەرامبەردا مافی دروستکردنی بنکەی سەربازی لەسەر خاکی بەریتانیا لێ وەرگرت.

هەروەها ئەمریکییەکان ناوچەکانیان بە تەواویی چاوەدێری دەکرد. ئەگەر بیانەویستبایە بە پێی پلانی مارشال لە ساڵی ١٩٤٨ تا ١٩٥٢، پارەی ئاوەدانکردنەوەی ئورووپا بدەن، دەبوو دڵنیابن لەوەی یەکێتی سۆڤیەت ناوچەکە وێران نەکات و پێشڕەوی بۆ کەنارەکانی ئوقیانووسی ئەتڵەس ناکات. هێزی زەمینی نەگەڕانەوە ماڵەوە. بەڵکوو لە ئاڵمانیا نیشتەجێ بوون و سوپای سووریان لە سەرانسەری دەشتی باکووری ئورووپادا لە ژێر چاودێریدا گرت.

واشنگتۆن لە ساڵی ١٩٤٩دا پێشەنگی پێکهێنانی ناتۆی گرتە ئەستۆ، بەمەش فەرماندەیی دیفاکتۆی ئەو هێزە چەکدارانەی کە لە جیهانی ڕۆژئاوا مابوونەوە، لە ژێر کونترۆڵی خۆی گرت. ڕەنگە ئەمیندار و سەرۆکی گشتی مەدەنی ناتۆ ساڵێک مرۆڤێکی بیلژیکی بووبێت و ساڵی دواتر بەریتانی، بەڵام فەرماندە سەربازییەکەی هەمیشە ئەمریکا مایەوە. هەروەها ئەمریکییەکان بە دڵنیاییەوە خاوەنی گەورەترین هێزی ئاگریی ناو ناتۆن.

گرنگ نەبوو پەیماننامەکە چی دەڵێت، فەرماندەی باڵای ناتۆ لە کۆتاییدا گوێڕایەڵی فەرمانەکانی واشنگتۆن دەمایەوە. شانشینی یەکگرتووی ئینگلیز و فەرەنسا لە کاتی قەیرانی سوێزی ساڵی ١٩٥٦دا باجێکی زۆریان دا: زانیان کە

ئەندامێکی ناتۆ بەبێ ئەوەی سەرەتا ڕاوێژ بە واشنگتۆن بکات، ناتوانی هیچ سیاسەتێکی ستراتیژی دەریایی سەربەخۆ پەیڕەو بکات. ئەوان ناچار بوون لەژێر گوشاری ئەمریکادا کۆتایی بە داگیرکردنی ناوچەی کاناڵەکان بهێنن، بەمەش زۆربەی کارتێکەریی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەدەستدا.

دوای ئەوەی ئیسلاند "Island"، نۆروێژ، بریتانیا و ئیتاڵیا (هەموویان ئەندامی دامەزرێنەری ناتۆ) دەستڕاگەیشتن و مافی چوونە ناو بنکەکانیان بە ئەمریکا بەخشی، ئەمریکییەکان بەسەر باکووری ئۆقیانووسی ئەتڵەس، دەریای ناوەڕاست، هەروەها زەریای هێمندا زاڵ بوون. لە ساڵی ١٩٥١، لە ڕێگەی هاوپەیمانی لەگەڵ ئوسترالیا و نیوزلاندا باڵادەستی خۆیان بەرەو باکوور، و دوای شەڕی کۆریا لە ساڵانی ١٩٥٠-١٩٥٣ بەرەو باشوور بەربڵاوتر کردەوە.

شکستی ڤێتنام لە ساڵانی شەستەکاندا متمانە بەخۆی ئەمریکای کەمکردەوە و وایکرد لە ئاڵۆزییە بیانییەکاندا زیاتر وریا بێت. بەڵام ئەم شکستە دیفاکتۆیە گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەسەر ڕوانگەی ستراتیژی جیهانی ئەمریکییەکاندا نەهێنا.

ئێستا تەنیا سێ هەرێم لە جیهاندا هەبوون کە دەیانتوانی مەترسی بۆ سەر هەژموونی ئەمریکا دروست بکەن، "ئورووپایەکی یەکگرتوو"، "ڕووسیا" و "چین". هەرسێکیان بە پێی کات بەهێزتر دەبوون، بەڵام دووشیان بگەنە سنووری خۆیان.

خەونی بەشێک لە ئورووپیەکان بۆ "یەکێتییەکی بەردەوام و نزیکتر" هەروەها سیاسەتێکی هاوبەشی دەرەوە و بەرگری، بەرە بەرە لە پێش چاوماندا بێ هێزتر دەبێت. تەنانەت ئەگەر ئەم کێشەیەش نەبووایە، وڵاتانی یەکێتی ئورووپا لە کۆتاییدا وابەستەی ئەمریکا دەمێننەوە، چونکە زۆر کەم خەرج بۆ هێزی سەربازیی تەرخان دەکەن. قەیرانی ئابووری ساڵی ٢٠٠٨ زلهێزەکانی ئورووپای بە توندی شۆکە کرد و ئارەزووی ئەوانی بۆ تامەزرۆییە دەرەکییەکان گەلێک بێهیوا کرد.

هەرەشەی ڕووسیا لە ساڵی ١٩٩١ لە ڕێگەی نالێهاتوویی ئابووریی سەرسوڕهێنەری خۆی، زێدەڕۆیی تێچووی لە ڕادەبەدەر لە بواری سەربازی و هەرەسهێنانی لە قەناعەت پێکردنی جەماوەری ژێردەستەی ناو ئیمپراتۆریەتەکەی لەسەر گولاگ[١٣] و زێدەڕۆیی لە بەرهەمهێنانی تراکتۆرەکانی

[١٣] گولاگس سیستەمێکی ئۆردوگای کاری زۆرەملێ بوو لە یەکێتی سۆڤیەت کە لە سەدەی بیستەمدا لە ژێر دەسەڵاتی جۆزێف ستالین بە شێوەیەکی سیستماتیک مرۆڤیان چەوساندەوە.

پاڵپشتیکراو لەلایەن دەوڵەتەوە کە بە ڕێگەی پێشکەوتوویی داهاتووی وڵاتەکەیان دادەنا، خۆی لەناوبرد. کێشەی ئێستای ڕوسیای پوتین دڕکێکە لە چاوی ئەمریکییەکان، بەڵام مەترسییەکی جیددی نییە بۆ سەر هەژموونی ئەمریکا. کاتێک سەرۆک ئۆباما لە ساڵی ٢٠١٤ ڕووسیای بە "تەنیا دەسەڵاتێکی ناوچەیی" وەسف کرد، ڕەنگە بە شێوەیەکی ناپێویست وروژێنەر بووبێت، بەڵام کارێکی هەڵە نەبوو. تەلی دڕکاویی زیندانی جوگرافیایی ڕووسیا، کە لە بەشی یەکەمدا باسم لێوە کرد، هێشتا هەر لە شوێنی خۆیەتی: هێشتا بەندەرێکی بێ سەهۆڵ بوونی نییە کە ڕاستەوخۆ بگاتە ڕێڕەوی دەریای جیهانی، و هێشتا توانایی سەربازیی نییە بۆ گەیشتن بە زەریای ئەتڵەس لە ڕێگەی دەریای باڵتیک و باکوور یان دەریای ڕەش و دەریای ناوەڕاست لە کاتی شەڕدا.

تا ڕادەیەک ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٤ لە پشت گۆڕینی حکومەتی ئوکرائین وەستابوو، ئەوان دەیانویست بە بیانوی بڵاوکردنەوەی دیموکراسی زیاتر لە جیهان هەروەها هەوڵی دوورخستنەوەی ئوکرائین لە ژێر کاریگەریی ڕووسیا لە پێناو لاوازکردنی سەرۆک پوتین بدەن. واشنگتون ئاگاداری ئەوە بوون ڕووسەکان سوودیان لەو ڕاستییە وەرگرتووە کە ئەمریکییەکان لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا سەرقاڵی کێشەی

عێراق و ئەفغانستان بوون، هەروەها خۆیان بە "وڵاتی بیانی نیزیک" ناودەبرد، بۆ ئەوەی پێگەیەکی هێمنی ئەمنی لە وڵاتانی وەک کازاخستان بەدەستبهێنن و ناوچەکانی گورجستان داگیر بکەن. ماوەیەک دواتر و بە نابەدڵییەوە ئەمریکییەکان هەوڵیان دا دەستکەوتەکانی ڕووسیا پووچەڵ کەنەوە. ئەمریکییەکان گرنگی بە ئورووپا دەدەن، گرنگی بە ناتۆ دەدەن، جاروباریش دەستوەردان دەکەن (دیارە کاتێک لە بەرژەوەندی ئەمریکادابێ)، بەڵام لە ڕوانگەی ئەوانەوە، ڕووسیا ئەمڕۆ بە پلەی یەکەم کێشەیەکی ئورووپییە، هەرچەندە کێشەیەک کە بەردەوام چاوەدێریی دەکەن. واتە تەنیا چین دەمێنێتەوە. چینێک کە بەردەوام لە گەشەکردندایە.

زۆربەی ئەو شیکارییانەی لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا نووسراون، پێشبینی ئەوە دەکەن چین پێش ئەمریکا بکەوێت و تا ناوەڕاستی سەدەی بیست و یەکەم ببێتە زلهێزی پێشەنگی جیهانی. لەبەر ئەو هۆکارانەی کە هەندێکیانم لە بەشی دووەمدا ڕوون کردنەوە، بە تەواوی قەناعەتم بەو بۆچوونانە نییە. لەوانەیە سەدەیەکی دیکە بخایێنێت.

لە ڕوانگەی ئابوورییەوە چینییەکان ڕێگایەکی باشیان پەیڕەو کردووە بۆ ئەوەی بتوانن بە ئەمریکییەکان بگەنەوە،

ئەمەش کاریگەرییەکی زۆریان پێدەبەخشێت و کورسییەکی باشیان لە سەرووی مێزەکەوە بۆ تەرخان دەکات، بەڵام لە ڕووی سەربازی و ستراتیژییەوە، دەیان ساڵ لەدوان. دیارە ئەمریکا هەموو هەوڵی خۆی بەکاردەهێنێت ئەم جیاوازییە بەو شێوەیە بهێڵێتەوە، بەڵام پێدەچێت نەتوانن پێشی پێبگرن و ئەم بۆشاییە لەناو بچێت.

نرخی دروستکردنی ژێرخانی سەربازیی گەلێک بەرزە. نەک تەنیا بە دامەزراندن و بونیاتنانی، بەڵکوو ئیزنی دامەزراندن و بونیاتنانی لەو شوێنەی مرۆڤ خۆی بیهەوێت. وەک لە گرێبەستی "وێرانکەر لە بەرامبەر بنکە"دا بینیمان، پشتگیریی ئەمریکا بۆ حکومەتەکانی دیکە هەمیشە بە تەواوی خۆبەخشانە نییە و بەستراوە بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاوەیە. نرخی پاڵپشتی ئابووری و لەوەش گرنگتر، پاڵپشتی سەربازیی، ئیزنی بونیاتنانی ژێرخانی سەربازییە.

بۆ نمونە واشنگتۆن تورە دەبێت لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە سوریا (دەوڵەتێکی دوژمنکارانە) و ئەمە بە دەنگی بەرز ڕادەگەیەنێت، بەڵام تورەیی خۆی لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە بەحرەین بەزەحمەت دەبینرێت و دەبیسترێت، چونکە بەهۆی فرۆکەکانی کەشتی ناوگانی پێنجەمی ئەمریکاوە کە وەک میوانی حکومەتی بەحرەین بنکەیان لەوێیە، دەنگیان کپ کراوە. لە لایەکی دیکەوە،

پشتیوانی ئەو دەرفەتەش دەکرێت کە پێشنیار بۆ حکومەتی B(بڵێین لە میانمار) بکات کە ڕەنگە نەیەوێت گوێ لە پێشکەوتنەکانی حکومەتی C (بڵێین لە چین) بگرێت. لەم حاڵەتە تایبەتەدا ئەمریکا لە پشت هێڵی کۆتاییەوە دەمێنێتەوە، چونکە حکومەتی میانمار تەنیا لەم دواییانەدا دەستیکردووە بە کرانەوە بەڕووی بەشێکی زۆری جیهاندا و پەکینیش لێرەدا لە پێش هەموو ئەوانیتردایە.

بەڵام کاتێک باس لە ژاپۆن، تایلەند، ڤێتنام، کۆریای باشوور، سەنگاپوور، مالیزیا، ئەندۆنێزیا و ئەوانی دیکە دەکرێت، ئەمریکییەکان لە دەرگایەکی کراوە دەدەن: ئەم وڵاتانە لە دراوسێ مەزنەکانیان دەترسن و بۆیە بە تامەزرۆییەوە هەوڵ بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ واشنگتۆن دەدەن. لە کاتێکدا خاڵی ناکۆکی لە نێوان هەموویاندا هەیە، بەڵام ئەم دەرفەتانە دەبنە شتێکی لاوەکی لە بەرامبەر ئەو تێگەیشتنەی کە ئەگەر پێکەوە پشت بە یەکتر نەبەستن، یەک بە یەک دەسڕدرێنەوە و دواجار دەکەونە ژێر هەژموونی چینەوە.

ئەمریکا هێشتا لە پرۆسەی سەرەتایی ئەو قۆناغەدایە کە هیلاری کلینتۆن "Hillary Clinton" وەزیری دەرەوەی ئەوکاتە لە ساڵی ٢٠١١دا بە "دەرگای چین" ناوی بردووە. ئەوەش دەستەواژەیەکی گەلێک سەرنجڕاکێش بوو، کە هەندێک بە

پشتکردن لە ئورووپا دەیانبینی، بەڵام کردنەوەی دەرگا بەڕووی وڵاتێک مەرج نییە بە مانای وازهێنان لە وڵاتەکەی دیکە بێت. زیاتر پرسیارەکە ئەوەیە کە چ قورساییەک دەخەیتە سەر کام قاچ.

زۆرێک لە ستراتیژیستەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پێیان وایە مێژووی سەدەی بیست و یەکەم لە ئاسیا و ناوچەکانی زەریای هێمن دەنووسرێت. نیوەی دانیشتوانی سەر ئەم هەردە لێرە دەژین و ئەگەر هیندوستانیشی لێ زیاد بکرێ، پێشبینی دەکرێت تا ساڵی ٢٠٥٠ ئەم ناوچەیە نیوەی بەرهەمی ئابووری جیهان پێکبهێنێت. بۆیە دەبینین ئەمریکا زیاتر کات و پارە بۆ ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و وەبەرهێنان تەرخان دەکات بۆ ئەوەی ئامادەیی هەبێ و بیرۆکەکانی خۆی لە ناوچەکەدا جێگیر بکات. بۆ نموونە ئەمریکییەکان بنکەیەکیان بۆ هێزی دەریایی خۆیان لە باکووری ئوسترالیا دامەزراندووە. بەڵام بۆ ئەوەی کاریگەریی ڕاستەقینە دروست بکەن، ڕەنگە پێویستیان بە بەشداریکردن لە هەندێک چالاکیی سەربازیشدا هەبێت بۆ ئەوەی هاوپەیمانەکانیان قەناعەت پێبکەن کە لە ئەگەری ڕوودانی دوژمنایەتیدا بە هانایانەوە دێن. هەروەها بۆ نموونە ئەگەر چین دەست بکات بە بۆردومانکردنی کەشتییەکی ژاپۆنی و ئەو بڕوایە پێک بێنێت کە بەنیازە هەنگاوی سەربازی زیاتر

هەڵگرێ، ئەوا هێزی دەریایی ئەمریکا ناچار دەبێت هۆشداریی خۆی بە هێزی دەریایی چین بدات یان تەنانەت ڕاستەوخۆ هێرشی بکاتە سەر بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە کە ئامادەیە شەڕێک لەسەر ڕووداوەکانی ناوچەکە دەستپێبکات. بە هەمان شێوە ئەگەر کۆریای باکوور هێرش بکاتە سەر کۆریای باشوور، باشوور وەڵامی دەداتەوە، بەڵام ئەمریکا لە ئێستادا ئەو کارە ناکات. بەڵکوو هێزە چەکدارەکانی بە شانازییەکی زۆرەوە دەخاتە حاڵەتی ئامادەباشەوە بۆ ئەوەی پەیامێکی ڕوون بنێرێت. ئەگەر دۆخەکە پەرە بستێنێت، هێرشی هۆشداریی و پاشان هێرشی ئامانجدار دەکرێتە ئامانجی کۆریای باکوور. ئەمە جۆرێکە لە پەرەسەندنی ناکۆکی بەبێ ڕاگەیاندنی شەڕ- و لێرەدایە کە دۆخەکان گەلێک مەترسیدار دەنوێنن.

ئەمریکا دەیەوێت بە هەموو ناوچەکە ڕابگەێنێت لە بەرژەوەندی خۆیاندایە لایەنگری واشنگتۆن بکەن – چین هەڵبژاردەیەکی هەڵەیە. کاتێک تووشی ڕووبەڕوووەستان دەبێتەوە، هەر لایەنێک دەبێت کاردانەوەی هەبێت، چونکە لەگەڵ هەر ڕووبەڕوووەستانێک کە خۆیانی لێ دوور خەنەوە، متمانەی هاوپەیمانەکانیان- بەڵام ترسی بەرامبەرەکەشیان- کەمێک زیاتر دەبێتەوە، تا دواجار

ڕووداوێک ڕوودەدات کە دەبێتە هۆی گۆڕینی هەڵسوکەوتی لایەنێک.

زۆرجار چاوەدێران لەسەر ئەو باسە دەنووسن کە لە هەندێک کولتووردا چەندە گرنگە سەبر و خۆڕاگریی بکرێت یان خۆ بەدەستەوە نەدرێت، بەڵام ئەمە تەنیا خوو و خدەی کولتووورە عەرەبییەکان و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا نییە – کێشەیەکی مرۆییە کە بە شێوازی جیاواز و بەستراوە بە تایبەتمەندیی ناوچەکان خۆی دەردەخات. ڕەنگە باشتر وابێت لە کولتوورەکاندا ئەم درزانە بە وردی پێناسە بکرێن و ئاشکراتر باسی لێوەبکرێت، بەڵام ستراتیژیستەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا وەک هەر دەسەڵاتێکی دیکە ئاگاداری ئەو باسە هەن. زمانی ئینگلیزی دوو مەتەڵی هەیە کە دەریدەخات ئەم بیرۆکەیە چەندە ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە: "قامکەکانیان پێ بدەی، هەموو دەستت لێ دەستێنن". هەروەها ئەو گوتەیەی کە لەلایەن سەرۆک تیۆدۆر ڕۆزڤێڵت"Theodore Roosevelt"ەوە لە ساڵی ١٩٠٠دا بڵاوکراوەتەوە، ئێستا بووەتە فەرهەنگی سیاسی: "بە نەرمی قسە بکە، و بەشێکی گەورە وەربگرە."

یاریی مەترسیداری ئەم سەدەیە ئەوە دەبێت کە چلۆن چینیی و ئەمریکییەکان و ئەوانی دیکە لە ناوچەکەدا، ئەو قیرانانەی تووشی دەبن بەبێ ئەوەی بیرێکی قووڵی ناڕەزایی و

تورەیی لە هەردوولا پێکبێنن، بەسەریاندا زاڵ بن. چارەسەرکردنی قەیرانی کوبا بە گشتی بە سەرکەوتنێک بۆ ئەمریکییەکان دادەنرێت. زۆر کەمتر ئاماژە بەوە دەکرێت کە تەنیا چەند مانگێک دوای ئەوەی ڕووسەکان هێزی مووشەکییان لە کوبا کشاندەوە، ئەمریکاش مووشەکەکانی موشتەری (کە ئامانجیان مۆسکۆ بوو) لە تورکیا کشاندەوە. لە ڕاستیدا سازشێک بوو کە لە کۆتاییدا ڕێگەی بە هەردوو لایەن دا هەڵوێستی خۆیان بە جیهان ڕابگەیەنن کە بە هیچ شێوەیەک خۆئان بەدەستەوە نەداوە.

لە سەدەی بیست و یەکەمدا لەسەر کونترۆڵی زەریای هێمن، دەبێت سازشی زیاتری دەسەڵاتە گەورەکان بکرێت. لە کورتخایەندا، زۆربەی ئەم هەوڵانە، پێدەچێت لەلایەن چینییەکانەوە ئەنجام بدرێن - نموونەیەکی ئەم دواییە کۆنترۆڵکردنی ناوچە ئاسمانییەکانە کە لەلایەن پەکینەوە ڕاگەیەندراوە. ئەمەش پێویستە هەموو ئەو فڕۆکە بیانیانەی کە دەیانەوێت بەناو خاکی ئەم شوێنانەدا بفڕن، دەبێ پێشتر نیازی خۆیان ڕابگەێنن. بەڵام ئەمریکییەکان بە ئەنقەست بەبێ ئاگادارکردنەوە بەو ناوچانەدا دەفڕن. دیارە چینییەکان بە ڕاگەیاندنی ئەم پرسە مشتومڕاوییانە دەسکەوتیان هەبووە. ئەمریکاش بە نیشاندانی ئەوەی کە خۆی بەدەستەوە نادات، سوودی خۆی بەدەستهێناوە. سیاسەتی

ئەمریکا بەرامبەر ژاپۆن ئەوەیە کە ژاپۆنییەکان دڵنیا بکاتەوە بەرژەوەندیی ستراتیژی هاوبەشیان هەیە لە بەرامبەر چین و دڵنیابوون لەوەی کە بنکەی ئەمریکا لە ئۆکیناوا "Okinawa" دەمێنێتەوە. ئەمریکییەکان یارمەتیدەرن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هێزەکانی پاراستنی خۆپارێزی ژاپۆن کاریگەر بن، بەڵام لە هەمان کاتدا توانایی سەربازی ژاپۆن سنووردار دەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوە لە هەنبەر ئەمریکا لە زەریای هێمن.

دیارە هەموو دەوڵەتەکانی ناوچەکە لەم مەتەڵە دیپلۆماسییە ئاڵۆزەدا گرنگن، بەڵام پێدەچێت دەوڵەتە سەرەکیی و هەرە گرنگەکان ئێندۆنێزیا، مالیزیا و سەنگاپور بن. لە هەردوو دیوی شەقامی مەلاکا هەڵکەوتوون کە لە تەسکترین خاڵیدا پانییەکەی ٢،٨ کیلۆمتر دەبێت. ڕۆژانە ١٢ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕێگەی خۆیان بۆ چین هەروەها بۆ شوێنەکانی دیکەی ناوچەکەش لێرەوە تێدەپەڕێت، کە بەردەوام پێویستییان بە نەوتی زیاتر هەیە. تا ئەو سێ وڵاتە لایەنگری ئەمریکا بن، ئەمریکییەکان سوودێکی یەکلاکەرەوەیان دەبێت.

لە لایەنی باشەوە چینییەکان لە ڕووی سیاسییەوە میسیۆنەری ئایدیۆلۆژی نین؛ ئەوان ئارەزووی بڵاوکردنەوەی کۆمۆنیزمیان نییە. جگە لەوەش، ئەوان

ئارەزووی خاکی (زۆر) زیاتریشیان نییە، وەک ئەوەی لە سەردەمی شەڕی سارددا لەگەڵ ڕووسەکاندا ڕوویدا. هەروەها هیچ کام لەم دوو لایەنە بەدوای ململانێدا ناگەڕێن. چینییەکان دەتوانن قبووڵی بکەن ئەمریکا زۆربەی ئەو ڕێگا دەریاییانە کۆنترۆڵ بکات کە کاڵا چینییەکان بۆ دەرەوە و بۆ جیهان دەگوازنەوە، بە مەرجێک ئەمریکییەکان سنووری کونترۆڵیان ڕاگرن و لەو سنوورەی چین بۆی دیاری کردوون نزیک نەبنەوە.

دیارە ناکۆکی دروست دەبێت و زۆرجار ناسیۆنالیزم بۆ بانگەوازکردنی یەکێتی گەلی چین بەکاردەهێنرێت، بەڵام هەر لایەنێک هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگاچارەی ژیرانە دەدەن. مەترسیی ناکۆکیی نیوانیان ئەو دەم دروست دەبێ ئەگەر لێکدانەوەی هەڵەیان لەسەر یەکتر هەبێ یان زێدەڕۆیانە ریسک بکەن.

هەروەها هەندێک خاڵی ئاستەم هەن. ئەمریکییەکان پەیماننامەیەکیان لەگەڵ تایوان واژۆ کردووە و تێیدا هاتووە، ئەگەر چینییەکان بیانەوێ ئەو خاکە داگیر بکەن کە بە ٢٣هەمین پارێزگای خۆیانی دەزانن، ئەمریکاییەکان شەڕ دەستپێدەکەن. هێڵی سووری چین، ناساندنی فەرمیی تایوان لەلایەن ئەمریکاوە یان ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی تایوانە کە ئەگەر ئەو هێڵە ببڕدرێت، دەتوانێت شەڕ ساز

بێت. بەڵام هیچ نیشانەیەک بۆ ئەم مەترسییە نییە و لەشکرکێشیی چینیش لە گۆڕێدا نییە. لەگەڵ بەرزبوونەوەی خواستی چین بۆ نەوت و گازی بیانی، خواستی ئەمریکا کەم دەبێتەوە. ئەمەش کاریگەرییەکی بێئەندازەی دەبێت لەسەر پەیوەندیی دەرەوەی وڵاتەکان، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها ئەوەش بە نۆبەی خۆی کاریگەریی دۆمینۆی دەبێت بۆ وڵاتانی دیکە.

بەهۆی هەڵقەندنی دەریایی لە کەنارئاوەکانی ئەمریکا و فراککردن(تێکنیکی گاز) لە ناوچە بەرفراوانەکانی وڵاتەکەدا، پێدەچێت ئەمریکا تا ساڵی ٢٠٢٠ نەک هەر لە بواری وزەدا خۆبژێو بێت، بەڵکوو هەناردەکاریش بێت. ئەمەش بەو مانایە دەبێت کە ئارەزووی دەستەبەرکردن و دابینکردنی بەردەوامی نەوت و گاز لە ناوچەی کەنداو کەم دەبێتەوە. دیارە ئەمریکا هێشتا لەوێ بەرژەوەندیی ستراتیژی دەبێت، بەڵام چیتر وەک ناوەندێکی گرنگ سەیری ناکات. لەگەڵ کاڵبوونەوەی تەرکیزی ئەمریکا لەسەر ئەم ناوچانە، دەوڵەتانی کەنداو بەدوای هاوپەیمانی نوێدا دەگەڕێن. یەک لەم کاندیدانە ئێران دەبێت، چینیش یەکێتریان، بەڵام ئەمە تەنیا کاتێک ڕوودەدات کە چینییەکان هێزی دەریایی خۆیان بنیات بنێن و بۆ جێگیرکردنی ئامادەبن.

ناوگانی پێنجەمی ئەمریکا بەم زووانە بەندەرەکەی لە بەحرەین بەجێناهێڵێت – ئەم ناوچەیە گەلێک گرنگە و هیچکات ئامادە نابێت دەستبەرداری بێت. بەڵام کاتێک دابینکردنی وزە لە سعودیە و کوێت و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و قەتەرەوە پێویست نەما بۆ ئەوەی گلۆپەکان داگیرسێن و ئۆتۆمبێلەکان لە ئەمریکا کاربکەن، خەڵکی ئەمریکا و کۆنگرە دەپرسن بۆچی ئەو ناوگانە لەوێیە. ئەگەر وەڵامەکە تەنیا"چاودێریکردن لەسەر ئێران" بێت، ڕەنگە ئەوە بۆ دامرکاندنەوەی مشتومڕەکە بەس نەبێت.

بە گشتی سیاسەتی کورتخایەنی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەیە کە ئەگەری بەهێزبوونی ئێران لە ناوچەکەدا هەیە. بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵ بۆ بەڕێوەبردنی "مامەڵەی گەورە"دەدرێت - ڕێککەوتنێک بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە زۆرانەی دوو وڵاتەکە هەیانە و کۆتایی هێنان بە زیاتر لە سێ دەیە و نیو، دوژمنایەتی نێوانیان بهێنرێت. ئێستا کە دەوڵەتانی عەرەبی ناچارن دەست بە خەباتێکی دەیان ساڵە دژی ئیسلامیستە چەکدارەکان بکەن، وا دیارە واشنگتۆن وازی لە پاڵنەری گەشبینانەی خۆی بۆ پێشخستنی گەشەپێدانی دیموکراسی جێفرسۆنیی هێنابێت، هەروەها پێدەچێت سەرنجی لەسەر سەروەر مانەوەی دۆخەکە بێت. لە هەمان کاتدا هەموو

هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی چەکمەی سەربازانی ئەمریکایی جارێکی دیکە لە خۆڵ و زیخدا نەچەقێن.

ڕەنگە پەیوەندیی نزیک لەگەڵ ئیسرائیل دۆخێکی نویێ بۆ گۆڕانی دیمۆگرافیای ئەمریکا پێک بێنێت، هەرچەندە بە هێواشیش بەڕێوە بچێت. بۆ منداڵانی کۆچبەرانی ئەمریکای لاتین و ئاسیایی کە ئەمڕۆ ڕوویان لە ئەمریکا کردووە، ئەمریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتی دوور سەرنجڕاکێشتر دەبن لە وڵاتێکی بچووکی لێواری ناوچەیەک کە چیتر بۆ ئەمریکا حەیاتی نییە.

سیاسەت لە ئەمریکای لاتین بریتی دەبێت لە دڵنیابوون لەوەی کاناڵی پاناما بە کراوەیی بمێنێتەوە، پشکنینی تێچووی گواستنەوە بۆ ناو زەریای هێمن لە ڕێگەی کاناڵی نیکاراگوای پلانی بۆ داڕێژرابێت، هەروەها چاودێریکردنی پەرەسەندنی بەرازیل ئەگەر بیەوێت کاریگەرییەکانی لە کاریبیکدا فراوانتر بکات.

لە ئەفریقا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیاسەتێکی دیکەیان هەیە و هەوڵدەدەن سامانە سروشتییەکانی قورنەکە بقۆزنەوە. بەڵام لێرە چین سەرکەوتووترین وڵاتە. هەروەک چۆن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمریکا لە نزیکەوە چاودێری خەباتی ئیسلامی لە باکووری ئەفریقا

دەکات، هاوکات هەوڵیش دەدات لە مەودای دە هەزار مەتری ئاسمانەوە لێیان نزیک نەبێتەوە. پێدەچێت تاقیکردنەوەی ئەمریکا لە نەتەوە دروستکردن لە دەرەوەی وڵات کۆتایی هاتبێت.

لە عێراق، ئەفغانستان و شوێنەکانی دیکەش ئەمریکا عەقڵیەت و هێزی دەوڵەتە بچووکەکان و کۆمەڵگە خێڵەکییەکانی بە کەم سەیر دەکرد. ڕەنگە مێژووی ئاسایشی فیزیکی و یەکگرتوویی وای لێکردبێت کە هێزی ئارگومێنتی عەقڵانی و دیموکراسی خۆی زێدەڕۆیانە هەست پێ کردبێت و لە کۆتاییدا سازش و کاری قورس و تەنانەت بڕیاردانی ژیرانە بەسەر ترسە قووڵ و دێرینەکانی "ئەوانی دیکە"دا زاڵ بووبێت، جا سوننە، شیعە، کورد، عەرەب، موسڵمان، یان مەسیحی بووبن. گریمانەکەی ئەوە بوو کە خەڵکی ئەو ناوچانە دەیانەوێت کۆدەنگ بن، بەڵام لە ڕاستیدا زۆرێک لە خۆیان ڕانابینن هەوڵی ئەم کارە بدەن و بەهۆی ئەزموونەکانیانەوە پێیان باشە جیا لەیەکتر بژین. ئەمەش ڕووناکییەکی خەمناک دەخاتە سەر مرۆڤایەتی، بەڵام پێدەچێت بە درێژایی مێژوو دووبارە و لە زۆر شوێن لەگەڵ ڕاستییە چارەڕەشەکەدا بگونجێت. چالاکییەکانی ئەمریکا سەریان لەسەر مەنجەڵێکی گەرم و کوڵیو هەڵگرت کە بۆ ماوەیەکی کاتیی ئەم ڕاستییەی شاردبووەوە.

ئەمەش نابێتە هۆی ئەوەی دارێژەرانی سیاسەتی ئەمریکا "بێهەڵوێست" بن، وەک هەندێک لە دیپلۆماتکارە ئورووپییە خۆبەزلزانەکان حەز دەکەن باوەڕیان پێ هەبێت، بەڵام هەڵوێستێکی "ئەنجامدان" و "بەڕێوەبردن"یان هەیە کە لەڕووی ناچاریی لە هەموو شوێنێک و بەردەوام کارناکات. بۆ ماوەی سی ساڵە بۆتە مۆد پێشبینی دابەزینی نزیکی ئەمریکا بە دەنگی بەرز قاوی بۆ دەکرا. ئەمەش هەر وەک ڕابردوو، لەمرۆشدا هەر ڕاستە. سەرکەوتووترین وڵاتی جیهان نزیکە لە دابینکردنی پێداویستییەکانی وزەی خۆی، هەروەها هەر وەک هێزی ئابووریی پێشەنگ دەمێنێتەوە و خەرجییەکانی بۆ توێژینەوە و پەرەپێدانی کەرتی سەربازی لە بودجەی بەرگریی هەموو وڵاتانی دیکەی ناتۆ بە یەکەوە زیاترە. ژمارەی دانیشتووانی وەک ئورووپا و ژاپۆن بە تەمەن نین و ڕاپرسییەکی گلاوپ "Gallup" لە ساڵی ٢٠١٣دا دەریخستووە کە لەسەدا ٢٥ی هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێت کۆچ بکەن، ئەمریکایان لە پێشەنگی لیستی ئارەزووەکانیان داناوە. هەر لەو ساڵەدا زانکۆی شەنگەهای لیستێکی کۆکراوەی شارەزایان لە ٢٠ زانکۆی سەرەکی جیهان بڵاوکردەوە: ١٧ لەوانە لە ئەمریکا بوون.

دەوڵەتمەداری پرۆس ئۆتۆ ڤۆن بیسمارک " Otto von Bismarck" زیاتر لە سەد ساڵ لەمەوبەر ئاخافتنێکی

گوماناوی کردووە: "چارەنووس، منداڵ، مرۆڤی گەمژە، سەرخۆشەکان... و ئەمریکا دەپارێزێت". وادیارە ئەمە گوتەیەی هێشتا هەر ڕاستە.

## بەشی چوار

### ڕۆژئاوای ئورووپا

"لێرەدا ڕابردوو لە هەموو شوێنێکدا بوو، بە تەواوی قورنەیەک پڕ بوو لە بیرەوەریی." میراندا ڕیچمۆند مۆیلۆت، "Miranda Richmond Mouillot" [بێدەنگییەکی پەنجا ساڵە: خۆشەویستی، شەڕ و ماڵێکی وێران لە فەرەنسا]




ناوچەی دووناو"Donau" سوودی جوگرافیی بەشەکانی ئورووپا دەخاتە ڕوو: ڕووباری بەیەکەوە بەستراو لە ناوچەیەکی نزمدا سنووری سروشتی و تۆڕێکی گواستنەوەی باشیان دابین کردووە کە ڕێگا خۆشکەرە بۆ سیستەمێکی بازرگانی گەشەسەندوو.

ڕووباری دووناو کە درێژاییەکەی دوو هەزار و ٨٦٠ کیلۆمترە و دووەم ڕووباری درێژە لە ئورووپا، دۆخێکی گەلێک ئاساییە. لە لێرەواری ڕەش لە ئاڵمانیا سەرچاوەی گرتووە و بەرەو باشوور دەڕژێتە دەریای ڕەشەوە. بە گشتی ١٨ وڵات سوود لەو ڕووبارە وەردەگرن، هەروەها ئەم ڕووبارە چەندین سنووری سروشتی پێکدەهێنێت، لەوانە سنوورەکانی نێوان سلۆڤاکیا و هەنگاریا، کرواتیا و سربیا، سربیا و ڕۆمانیا، هەروەها ڕۆمانیا و بولگاریا.

دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر، دووناو یەکێک بوو لە سنوورەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم، کە بۆ گەشەکردنی مەزنترین تۆڕی بازرگانی سەدەکانی ناوەڕاست کەڵکی لێ وەرگیراوە و بۆ سەرهەڵدانی پێتەختەکانی ئەمڕۆ ڕۆڵیکی گەلێک گرنگی گێڕاوە: بۆ پێکهاتنی ڤیەن، براتیسلاڤا، بوداپێست و بەلگراد گەلێک گرنگ بووە. هەروەها سنووری سروشتی دوو ئیمپراتۆریەتی دواتری پێکهێنا: نەمسا-مەجار و ئیمپڕاتۆڕیی عوسمانی. کاتێک ئەو دوو ناوچانە ئیتر نەمان، گەلان سەریان هەڵدایەوە و دواجار بوون بە دەوڵەتی نەتەوەیی. هەرچۆنێک بێت، جوگرافیای ناوچەی دووناو و بە تایبەت بەشی باشووری، ئەوە نیشان دەدات کە بۆچی گەلی بچووک لە پێوەندیی لەگەڵ وڵاتە گەورەکانی ناو دەشتی باکووری ئورووپا و دەوروبەری، لەوێ گەلێک زۆرن.

چەند سەدەیەکە وڵاتانی ئورووپای باکوور لە ڕوانگەی ماڵییەوە دەوڵەمەندترن لە وڵاتانی ئورووپای باشوور. پیشەسازی لە وڵاتانی باکووری ئورووپا زووتر لە وڵاتانی باشوور دەستپێکرا، هەر بۆیە لە ڕووی ئابوورییەوە سەرکەوتووتر بوون. بەو پێیەی زۆرێک لە وڵاتانی باکوور سەر بە ناوچەکانی ناوەندیی ئورووپای ڕۆژئاوا بوون، پەیوەندییە بازرگانییەکان بۆ پاراستنیان ئاسانتر بوو و دراوسێ دەوڵەمەندەکان دەیانتوانی بازرگانی لەگەڵ یەکتردا بکەن - لە کاتێکدا ئیسپانییەکان بۆ نموونە دەبوو یان شاخەکانی پیرینی"Pyrenäen" ببڕن یان بۆ بازرگانیکردن چاو لە بازاڕە سنووردارەکانی پورتوگال و باکووری ئەفریقا ببڕن.

هەروەها تیۆریی نەسەلمێنراو هەن کە دەڵێن باڵادەستی ئاینی کاتۆلیکی بووە هۆکار بۆ وەدواکەوتوویی ناوچەکانی باشوور، لە کاتێکدا ئەخلاقی کارکردنی پرۆتستانتی وڵاتانی باکووری بەرەو پێشکەوتوویی زیاتر بردووە. هەر جارێک دێمە مونیخ و بە ئۆتۆمبێلەکەم بە پەرستگا درەوشاوەکانی بارەگاکانی بی ئێم وێ(BMW) و ئەلیانز "Allianz" و زیمێنز "Siemens"دا تێدەپەڕم بیر لەم تیۆرییە دەکەمەوە و هۆکارێکی زۆر بۆ گومان لێکردنی، دەدۆزمەوە. لە ئاڵمانیا لە سەدا ٣٤ی دانیشتوانی کاتۆلیکن و پارێزگای بایەرن زۆرینەیان کاتۆلیکن، بەڵام وادیارە پەیوەندیی ئاینی هیچ

کاریگەرییەکی نەبووە لەسەر پێشکەوتن یان لەسەر پێداگریی لەسەر ئەوەی یۆنانیەکان پێویستە زیاتر کاربکەن و باجی زیاتر بدەن.

جیاوازیی نێوان باکوور و باشووری ئورووپا، لانیکەم بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی لە باشوور کەمتر زەوی و دەشتی پەنا ئاو هەن کە بۆ کشتوکاڵ گونجاو بن. هەروەها باکوور زیاتر بەدەست وشکەساڵی و کارەساتی سروشتییەوە دەناڵێنێت. وەک لە بەشی یەکەمدا ڕوون کراوەتەوە، قووڵایی دەشتی باکووری ئورووپا ڕێڕەوێکە کە لە فەرەنسەوە تا ئۆرالی ڕووسیا درێژ دەبێتەوە، لە باکوورەوە لەگەڵ دەریای باکوور و دەریای باڵتیک هاوسنوورە. زەوییەکەی ڕێگە بە چاندنی سەرکەوتووانەی دانەوێڵەکان دەدات، ڕێڕەوی ئاویی یاخود ڕووبارەکانی ڕێگە بۆ گواستنەوەی ئاسانی بەرهەم و کاڵاکانی دیکە خۆش دەکەن.

لە نێو هەموو وڵاتانی ناو ئەو دەشتە گەورەیەدا، فەرەنسا باشترین پێگەی هەیە بۆ ئەوەی سوود لەم دۆخە وەربگرێت. فەرەنسا تاکە وڵاتی ئورووپایە کە هەم لە باکوور و هەم لە باشوور زلهێزێکی گرنگە. گەورەترین زەوی بەپیت لە ئورووپای ڕۆژئاوا لەخۆدەگرێت و زۆرێک لە ڕووبارەکانی بەیەکەوە گرێدراون. یەکێکیان ڕووباری (سێین"Seine")

بەرەو ڕۆژئاوا دەڕژێتە زەریای ئەتڵەس، ئەویتریان ڕووباری ڕون(Rhone) بەرەو باشوور دەڕژێتە دەریای ناوەڕاست. ئەم فاکتەرانە لەگەڵ تەختبوونی ڕێژەیی ناوچەکە، یەکگرتنی ناوچەیی – بە تایبەت لە سەردەمی ناپلیۆنەوە –دەسەڵاتی هێز لەو گۆشەیەی جیهان بووە.

بەڵام لە باشوور و ڕۆژئاوا، زۆرێک لە وڵاتان لە پلە دووی دەسەڵاتی ئۆرووپا لە ئەژمار دێن – بەشێکیان بەهۆی هەڵکەوتە و دۆخی جوگرافیاییانەوە. بۆ نموونە هێشتا باشووری ئیتالیا لە ڕووی گەشەسەندنەوە گەلێک لە باکوور دواکەوتووترە و هەرچەندە وڵاتەکە (بە ڤێنیدیگ و ڕۆمیشەوە) لە ساڵی ١٨٧١ەوە گەلێک یەکگرتوو بوون، بەڵام بەربەست لەسەر ئەم گرێبەستەی نێوان باکوور و باشوور لەمڕۆدا زیاتر لە هەر سەردەمێکی پێش شەڕی جیهانی دووەمەوە هەست پێدەکرێت. پیشەسازی قورس و کەرتی گەشتیاری و ناوەندە داراییەکانی باکوور لە مێژە هەوڵیان بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان و پێکهێنانی پارتە سیاسییەکان داوە کە بانگەشە بۆ بڕین یان تەنانەت نەهێشتنی یارمەتییەکانی دەوڵەت بۆ باشوور دەکەن.

ئیسپانیاش بەهۆی دۆخی جوگرافیاکەیەوە بەردەوام خەباتی کردووە. دەشتە تەسکەکانی پەنا دەریاکان خاکێکی تا ڕادەیەک خراپیان هەیە و دەستڕاگەیشتن بە بازاڕەکان

بەهۆی ڕووباری کورت و نیو دورگەکان کە لە ناوچەیەکی بەرز هاوسنوور لەگەڵ زنجیرە شاخەکان ناوچەیەکەی پارچە پارچە کراوە، ڕێگری لێدەکرێت. هەروەها ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ئورووپای ڕۆژئاوا بەهۆی زنجیرە شاخەکانی پیرینیەوە ئاستەنگی بۆ دروست کردووە و هەموو بازاڕەکانی باشوور، لە دیوەکەی دیکەی دەریای ناوەڕاست، لە وڵاتانی تازەپێگەیشتو پێکهاتوون کە داهاتیان گەلێک سنووردارە. ئەم دۆخەی ئیسپانیا لە دوای شەڕی جیهانی دووەمەوە بەهۆی ئەو سەردەمە ساردوسڕە سیاسییەی کە لە نێوان خۆی و زۆربەی ئورووپای مۆدێرن لە سەردەمی دیکتاتۆری فرانکۆ"Franco"دا هەبوو، دەستی پێکرد. فرانکۆ ساڵی ١٩٧٥ کۆچی دوایی کرد، دیموکراسی تازەپێگەیشتووی ئیسپانیا لە ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندیی بە یەکێتی ئورووپاوە کرد، لە ساڵانی نەوەدەکاندا وردە وردە لەگەڵ باقی ئورووپای ڕۆژئاوادا ڕێکەوت، بەڵام لاوازیی سروشتی جوگرافی و دارایی بەردەوام ئاستەنگی بۆ دروست کردووە و کێشەکانی گەورەتر کردۆتەوە کە بەهۆی قەرز و کۆنترۆڵی لاوازی دارایی ناوەندیی وڵاتەکەیەوە بۆی دروست بووە. ئیسپانیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بەهۆی قەیرانی ئابووری ساڵی ٢٠٠٨زۆرترین زیانی بەرکەوتووە.

یۆنانیش تووشی چارەنووسێکی هاوشێوە بووە. کەنارئاوەکانی بە شێوەیەکی سەرەکی لە گاشەبەردی بەرز پێکدێن و بەزەحمەت دەشتێکی کەنار دەریایی گونجاوی بۆ کشتوکاڵ هەیە. لە ناوخۆی وڵاتەکەشیدا، گاشەبەردی بەرز و ڕووبار هەڵکەوتوون کە پێش بە هاتوچۆی کەشتی دەگرن و خاوەنی چەند دۆڵێکی کەم، بەڵام بەپیتە. زەوییە کشتوکاڵییەکانی واتە ئەو شوێنانەی دانەوێڵە و بەرهەمەکانیتری تێدا دەچێندرێت کوالیتی بەرزیان هەیە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ژمارەیان زۆر کەمە بۆ ئەوەی یۆنان بکاتە هەناردەکارێکی بەرچاوی کشتوکاڵی. تەنیا چەند ناوەندی شاری گەورە توانیویانە گەشە بکەن، کە دانیشتووانێکی خوێندەوار، تایبەتمەند و پێشکەوتووی تێکنۆلۆژیای تێدا پەروەردە بکرێت. ئەم دۆخە بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەیەوە خراپتریش بووە – ئاتێنی پایتەخت لە نوکی نیمچە دوورگەیەکدا هەڵکەوتووە و بە کردەوە لە بازرگانی وشکانی لەگەڵ ئورووپا دابڕاوە. بۆ دەستڕاگەیشتن بە بازرگانی دەریایی لە ناوچەکەدا پشت بە دەریای ئیجە "Ägäis" دەبەستێت، بەڵام لە سەرانسەری دەریای ئیجە سنووری نێوان یونان و تورکیایە کە وەک دوژمنێکی مێژینەسەیر دەکرێ. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا چەندین شەڕ لەنێوان یۆنان و تورکیا ڕوویداوە، یۆنانیش بەردەوامە لە خەرجکردنی

پارەیەکی زۆر بۆ هێزی بەرگری کە لە ڕاستیدا نیشیەتی و بەردەوام پارەی بۆ قەرز دەکات.

ناوچەکانی وشکانی سەرزەوی یونان بە شاخ پارێزراون، نیزیکەی ١٤٠٠ دوورگەی هەیە (تەنانەت ٦ هەزاریش ئەگەر ئەو بەردە جۆراوجۆرانەی لە دەریای ئیجە دەردەکەون حیساب بکەین) کە نزیکەی ٢٠٠ دوورگەیان مرۆڤ تێدا نیشتەجێن. تەنیا بۆ بەرگریکردنی ئەم ناوچەیە هێزی دەریایی بەرچاو پێویستە - هێزێکی دەریایی بەهێز کە بتوانێت لە داگیرکردنی ئەگەریی دوورگەکان پارێزگاریی بکات. دەرئەنجامەکەی تێچووی سەربازییە لە ئاستێکدا کە یۆنان توانایی ئەوەی نییە. لە سەردەمی شەڕی ساردا، ئەمریکییەکان و تا ڕادەیەکی کەمتر ئینگلیزەکانیش، ئامادەبوون بەشێک لە پێداویستییە سەربازییەکانی یۆنان گەرەنتی بکەن بۆ ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە دەریای ئیجە و دەریای ناوەڕاست دوور بخرێتەوە. کاتێک شەڕی سارد کۆتایی هات، یارمەتی ئەم وڵاتانەش وەستا. بەڵام یۆنانیەکان لە ڕووی ناچاریی لە خەرجکردنی پارەکە بەردەوام ماونەتەوە.

ئەم دابەشبوونە مێژووییە لە دوای ئەو قەیرانە داراییەی لە ساڵی ٢٠٠٨دا ڕووی لە ئورووپا کرد و دابەشبوونی ئایدیۆلۆژی لەناو چواچێوەی وڵاتانی یۆرۆدا پێکهێنا، تا

ئەمرۆش کاردانەوەی بەردەوامی بەدواوەیە. کاتێک پرۆسەی دارشتنەوە لە ساڵی ٢٠١٢ دەستی پێکرد و داوای ڕێوشوێنی خۆپارێزیی بۆ کەرتی ئابووری بەرز بۆوە، زۆری نەخایاند دابەشبوونی جوگرافی خۆی دەرخست. وڵاتانی باکوور بەخشێنەر و هاندەر بوون، وڵاتانی باشووریش وەرگر و داواکار بوون. زۆری نەخایاند ئاڵمانییەکان بەو ڕاستییە گەییشتن کە تا تەمەنی ٦٥ ساڵە دەبێت کار بکەن و باج بە دەوڵەت بدەن بۆ ئەوەی ئەم پارەیە بڕژێتە ناو وڵاتی یۆنان بۆ ئەوەی مرۆڤی یونانی بتوانن لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا خانەنشین ببن. خەڵکی ئاڵمانی بە حەق پرسیاریان کردووە "بۆچی؟"بەڵام وەڵامەکەی "بە باش یان بە خراپ" جێگەی ڕەزامەندیی ئاڵمانییەکان نەبوو.

ئاڵمانییەکان سەرکردایەتی داواکاریی ڕێوشوێنی پاشەکەوتکردن و دەست بە پارەوە گرتن دەکرد بۆ دارشتنەوەی ڕەوتی دووبارە، یۆنانیەکان سەرکردایەتی پێچەوانەی داواکاریی ئاڵمانییەکانیان دەکرد. بۆ نموونە، ڤۆڵفگانگ شویبلە"Wolfgang Schäuble "، وەزیری داراییی ئاڵمانیا ڕایگەیاند، "دڵنیا نییە ئایا هەموو بەرپرسیارێکی پارتە سیاسییەکانی یۆنان ئاگاداری بەرپرسیارێتی خۆیانن بەرامبەر بەو دۆخە سەختەی لە وڵاتەکەیان پێکهاتووە." کە کارۆلۆس پاپۆلیاس "Karolos Papoulias" سەرۆکی یۆنان کە

خۆی دژی نازییەکان شەڕی کردبوو، وەڵامی دایەوە: "ناتوانم قبوڵ بکەم شویبلە سووکایەتی بە وڵاتەکەم بکات... شویبلە کێیە، سووکایەتی بە یۆنان بکات؟ هۆڵەندییەکان کێن؟ فینلاندییەکان کێن؟" هەروەها بە وردی شەڕی جیهانی دووەمی وەبیرهێنانەوە: "ئێمە نەک هەمیشە شانازیمان بە بەرگریکردن لە ئازادیی خۆمان کردووە، بەڵکوو شانازیمان بە ئازادیی ئورووپاشەوە کردووە". زۆری نەخایاند کلیشەکانی باشووری بەفیڕۆدەر و بێ خەیاڵ هەروەها باکووری وریا و ماندوونەناس قوت کرانەوە، کە میدیاکانی یۆنان بە ئاماژەی بەردەوام و نادادپەروەرانە بە ڕابردووی ئاڵمانیا وەڵامیان دەدایەوە، لەوناوەدا وێنەی ئانگێلا مێرکڵ بە سمێڵی هیتلەرەوە لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانیاندا لە چاپ درا.

باجدەرانی یۆنان – کە بۆ پشتگیریکردن لە بودجەی وڵات گەلێک کەمن – شتەکان تەواو جیاواز دەبینن و دەپرسن: "بۆچی ئاڵمانییەکان دەبێت هەر ئەرکێکمان بۆ دیکتە بکەن لەکاتێکدا زیاتر لە هەموو وڵاتێک سوودمەند دەبن لە بوونی یەکەی یۆرۆ؟" لە یۆنان و شوێنەکانی دیکە، ڕێوشوێنی دەستپێوەگرتنی پارە و خۆپارێزیی کە باکوور داوای دەکات، وەک هێرشێک بۆ سەر سەروەری خۆیان سەیری دەکەن.

له چوارچێوەی "خێزانی یەکیەتی ئورووپی"دا درزی تێکەوتووە. قەیرانی دارایی وایکردووە یۆنان ببێتە ئەندامێکی بەڕواڵەت "نیوە دڵ" کە لە پەراوێزی ئورووپای ڕۆژئاوا و ململانێی ڕۆژهەڵات هەمیسان سەریان هەڵداوە. ئەگەر ناتەواوی حەفتا ساڵ ئاشتی تا ئەم سەدەیەش بەردەوام بێت، ئەوا ئەم ئاشتییە پێویستی بە خۆشەویستی، پەروەردە و چاودێری هەمەلایەنەوە هەیە.

نەوەکانی دوای شەڕ لەگەڵ ئەم دۆخە گەورە بوون کە ئاشتی وەک نۆرم سەیر بکرێ، بەڵام جیاوازیی لەگەڵ نەوەی ئەمڕۆدا ئەوەیە کە ئورووپییەکان بەزەحمەت دەتوانن پێچەوانەکەی لە خەیاڵی خۆیاندا وێنا بکەن. شەڕەکان وەک ئەرکێکی سەر بە ڕابردوو یان ڕوودانیان لە شوێنێکی دیکە، دەردەکەون – لە خراپترین حاڵەتدا، لە "پەراوێزی" ئورووپا ڕوودەدەن. درامای دوو شەڕی جیهانی و دواتر حەوت دەیە ئاشتی و پاشان دارمانی یەکێتی سۆڤیەت، قەناعەتی لە زۆر کەسدا پێک هێناوە کە ئورووپای ڕۆژئاوا هەرێمێکە کە کێشە و ململانێکانی تێدا تێپەڕێنراوە.

گەلێک هۆکار هەیە بۆ ئەوەی بڵێین ئەم دۆخە بەردەوام بە ڕاست وەردەگەڕێت، بەڵام سەرچاوەی ئەگەری ململانێ لە ژێر زەویدا لە حاڵی کوڵیندایە و گرژییەکانی نێوان

ئورووپییەکان بەتایبەت لەگەڵ ڕووسیا دەتوانێت ببێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکهێنانی شەڕ. بۆ نموونە سیاسەتی دەرەوەی پۆڵەندا بارگرانی مێژوو و گۆڕانکارییە جوگرافییەکانە، هەرچەندە لەمڕۆدا وڵاتەکە لە ئاشتی و ئاوەدانیدا ژیان دەکەن و بە ٣٨ ملیۆن دانیشتووییەوە یەکێکە لە دەوڵەتە گەورەکانی یەکێتی ئورووپا. هەروەها لە ڕووی ڕووبەرەوە یەکێکە لە ئەندامە گەورەکان و دۆخی ئابوورییەکەی لەو کاتەوە لە پشت پەردەی ئاسنییەوە نەماوە دوو هێندە زیادی کردووە، سەرەڕای ئەوەی هەمیشە چاوی لەسەر ڕابردووە هاوکات هەوڵدەدات داهاتووەکەی گارانتی بکات.

ڕێڕەو یاخود کۆریدۆری دەشتی باکووری ئورووپا لە نێوان کەنارەکانی باڵتیکی پۆڵەند لە باکوور و سەرەتای چیای کارپاتیان لە باشوور. تەسکترین شوێنە. ئەمە ئەو خاڵەیە کە – لە ڕوانگەی سوپایی ڕووسیاوە – دەتوانرێت باشترین هێڵی بەرگری لەخۆبگرێت، یان – لە ڕوانگەی دەستدرێژکارییەوە – هەر هێزی سوپایی پێش ئەوەی بتوانن بچنە ناو ڕووسیا، لەو شوێنە تەنگەدا کۆ و چڕ ببنەوە.

پۆلەندییەکان هەردوو حاڵەتیان ئەزموون کردووە، کاتێک سوپاکان بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەڕێدا بوون و چەندین جار شوێنی سنوورەکانیان گۆڕیون. ئەگەر ئەتڵەسێکی

مێژووی ئورووپا بەدەستەوە بگرین و لاپەڕەکانی وەک کتێب هەڵدەینەوە، دەبینین چلۆن پۆڵەندا لە دەوروبەری ساڵانی هەزاری دوای زایین دێتە ئاراوە و دواتر بەردەوام شێوەی دەگۆڕێت و ون دەبێت و دووبارە دەردەکەوێتەوە تا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا فۆڕمی ئێستای خۆی وەردەگرێت.

دۆخی هەردوو وڵاتی ئاڵمانیا و ڕووسیا، لەگەڵ ئەزموونی پۆڵەندا لە نێوان ئەم دوو وڵاتانە، هیچ کامیانی نەکردۆتە هاوپەیمانی سروشتی وارشۆ. وڵاتی پۆڵەندا هاوشێوەی فەرەنسا دەیەوێت ئاڵمانیا بە شێوەیەکی پارێزراو لە یەکێتی ئورووپا و ناتۆدا یەکگرتوو بمێنێتەوە، لە کاتێکدا ترس لە ڕووسیا و قەیرانی ئۆکرائین زەق بۆتەوە و کەوتۆتە سەرووی کێشەکانەوە. بەدرێژایی سەدان ساڵ، پۆلەندییەکان بینیویانە کە بەردەوام کێشە و گوشاری ڕووسیا بەسەریاندا شۆڕ دەبێتەوە و لێیان دوور دەکەوێتەوە. دوای لاوازبوون و کۆتایی پێهاتنی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەت (ڕووسیا)، تەنیا ئەو ڕێگایەیان بۆ مابۆوەکە بتوانن پێیدا بڕون.

بەڵام پەیوەندییەکان لەگەڵ بریتانیا کە لە یەکێتی ئورووپادا قورسایی مەزنی دژی ئاڵمانیا بوو، بۆ یەکلاکردنەوە گەلێک ئاسان بوو – سەرەڕای خیانەتەکەی ساڵی ١٩٣٩. بریتانیا و فەرەنسا پەیماننامەیەکی گەرەنتییان

واژۆ کردبوو کە لە ئەگەری داگیرکردنی ئاڵمانیادا یارمەتی پۆڵەندا بدەن. کاتێک هێرشەکە سەرکەوت، وەڵامی "خێرای دوای شەڕ" بوو بە "دانیشتنی دوای شەڕ": هەردوو هاوپەیمانەکە لە پشت هێڵی ماجینۆت"Maginot"[١٤]ەوە دانیشتن و هاوکاتیش پۆڵەندا قووتدرا. سەرەڕای ئەوەش پەیوەندییەکان لەگەڵ بریتانیا بەهێز ماونەتەوە، هەرچەندە ئەو هاوپەیمانە نوێیەی لەلایەن پۆڵەندای ئازادەوە لە ساڵی ١٩٨٩دا هەڵبژێردرا، ئەمریکا بوو.

ئەمریکییەکان هەروەک چۆن پۆڵەندیش پێشوازییان لە ئەمریکییەکان کرد بە باوەشی کراوە پێشوازییان لێ کردن، هەردووکیشان ڕووسەکانیان چاوەدێری دەکرد و ئاگاداریان بوون. لە ساڵی ١٩٩٩ پۆڵەندا هاتە ناو ناتۆوە و هاوپەیمانییەکەی ٦٥٠ کیلۆمتر لە مۆسکۆ نزیکتر کردەوە. تا ئەو کاتە چەندین وڵاتی دیکەی پێشووی پەیمانی وارشۆ پێشتر ببوونە ئەندامی ناتۆ و ڕووسیاش بێدەسەڵاتانە سەیری دەکرد چلۆن ناتۆ لە ساڵی ١٩٩٩ دژی سربیا هاوپەیمانەکەی دەچێتە شەڕەوە. لە ساڵانی نەوەدەکاندا ڕوسیا نەیتوانی وەڵام بداتەوە، بەڵام دوای نارێکوپێکی ساڵانی یەڵتسین "Jelzin"، پوتین هاتە هێڵی پێشەوە و

[١٤] هێڵی ماجینۆت"Maginot" ، سیستەمێکی بەرگری بوو کە پێکهاتبوو لە هێڵێک بەدرێژایی سنووری فەرەنسا لەگەڵ بەلجیکا، لۆکسمبۆرگ، ئەڵمانیا و ئیتاڵیا.

بەشداریی شەڕەکەی کرد. بەناوبانگترین گوتە دەگەڕێتەوە بۆ هێنری کیسینجەر کە لە ساڵانی حەفتاکان گوتوویەتی: "ئەگەر بمەوێت تەلەفۆن بۆ ئورووپا بکەم، دەبێ پەیوەندیی بە چ کەسێکەوە بگرم؟" پۆلەندییەکان پرسیارێکی نوێژەنکراوەیان لێ سازکردووە: "ئەگەر ڕووسەکان هەڕەشە بکەن، ئایا دەبێ تەلەفۆن بۆ برۆکسل بکەین یان واشنگتۆن؟" ئێوە وەڵامەکەی دەزانن.

هەروەها وڵاتانی باڵکانیش لە ئیمپراتۆریەت خۆیان ڕزگار کردووە. زەوییە شاخاوییەکانیان بووەتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین دەوڵەتی بچووک لە ناوچەکەدا - سەرەڕای هەموو هەوڵەکان بۆ دروستکردنی یەکێتی سلاڤی باشوور، کە زیاتر بە یوگۆسلاڤیا ناسراوە، دۆخی جوگرافیی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ڕێگریی لە یەکگرتنیان.

لە دوای بەجێهێشتنی شەڕی ساڵانی نەوەدەکان، زۆربەی وڵاتانی یوگۆسلاڤیای پێشوو بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوانن، بەڵام لە سربیا بە ئایینی ئۆرتۆدۆکسی و دانیشتوانی سلاڤییەوە، ڕاکێشانیان بەرەو ڕۆژهەڵات بەهێز ماوەتەوە. ڕووسیا کە هێشتا لە بۆردومانەکەی ساڵی ١٩٩٩ بۆ سەر سربیا و جیابوونەوەی کۆسۆڤۆ لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا خۆش نەبووە، بە بەکارهێنانی هێزی کێشیی، زمان، نەتەوە، ئایین و

گرێبەستی وزە تا ئێستاش لە هەوڵی ڕاکێشانی سربیادایە بۆ خولگەی خۆی.

گوایە بیسمارک پێشبینی ئەوەی کردووە شەڕێکی گەورە بەهۆی هەڵەیەکی باڵکانەوە دەستپێدەکات – ئەمەش لە ڕاستیدا ڕووی دا. ئێستا ناوچەکە گۆڕەپانێکی شەڕی ئابووری و دیپلۆماسییە کە یەکێتی ئورووپا، ناتۆ، تورک و ڕووسیەکان کێبڕکێ لەسەر کاریگەریی و بەرژەوەندیی خۆیان دەکەن. ئەلبانیا، بولگاریا، کرواتیا و ڕۆمانیا بڕیارەکەیان داوە و ئەندامی ناتۆن – و جگە لە وڵاتی ئەلبانیا، هەمووشیان لە یەکێتی ئورووپادان، کە ئەندامییەتی ئورووپا سلۆڤینیاش دەگرێتەوە.

گرژییەکان بەرەو باکوور درێژدەبنەوە تا دەگاتە وڵاتانی سکاندیناڤیا. دانمارک ئیتر ئەندامی ناتۆیە و سەرهەڵدانەوەی ئەم دواییەی ڕووسیا مشتومڕێکی لە وڵاتی سوید دروستکردووە سەبارەت بەوەی ئایا کاتی ئەوە هاتووە واز لە بێلایەنی دوو سەد ساڵەی خۆی بهێنێت و بچێتە ناو هاوپەیمانیی ناتۆوە. لە ساڵی ٢٠١٣ بۆمب هاوێژی ڕووسی هێرشێکی ساختەیان لە شەودا کردە سەر سوید. وادیارە سیستمی بەرگری سوید ئەو دەرفەتەی لەدەست دا و نەیتوانی هیچ کام لە فڕۆکە جەنگییە جێتەکان پاشەکشە پێبکات. بە یارمەتی هێزی ئاسمانی دانمارک ڕووسەکان

ناچار بە پاشەکشە کران. سەرەڕای ئەوەش، زۆرینەی سویدییەکان دژایەتی ئەندامێتی ناتۆ دەکەن، بەڵام مشتومڕەکە بەردەوامە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە مۆسکۆوە ڕاگەیەندرا کە ئەگەر سوید یان فینلاند پەیوەندیی بە ناتۆوە بکەن، مسکۆ ناچار دەبێ هەڵوێست بگرێ.

وڵاتانی یەکێتی ئورووپا و ناتۆ دەبێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم ڕووبەڕوووەستانە بەرەیەکی یەکگرتوو پێکبێنن، بەڵام ئەمە تەنیا لەو کاتەدا دەکرێت کە پەیوەندییە چارەنووسسازەکەی ناو یەکێتی ئورووپا وەک خۆی بمێنێتەوە – پەیوەندیی نێوان فەرەنسا و ئاڵمانیا.

وەک ڕوونکرایەوە، فەرەنسا باشترین دۆخی جوگرافیایی هەیە بۆ ئەوەی سوود لە کەشوهەوا و ڕێڕەوی بازرگانی و سنووورە سروشتییەکانی ئورووپا وەربگرێت. جگە لە یەک شوێن هەموو وڵاتەکە پارێزراوە- باکووری ڕۆژهەڵات، کە زەوییە تەختەکەی دەشتی باکووری ئورووپا بە ئاڵمانیای ئەمڕۆوە دەچەسپێنێ. دیارە پێش ئەوەی ئاڵمانیا وەک دەوڵەتی نەتەوەیی بوونی هەبێت، ئەمە کێشەیەکی جیددی نەبوو. فەرەنسا لە ڕووسیا گەلێک دوور بوو، دوور بوو لە مەغۆلە بەربەرەکان و کاناڵی ئینگلیزی "Ärmelkanal" لە نێوان فەرەنسا و ئینگلیز جێی گرتبوو. ئەمەش بەو مانایە بوو

که هەر هەوڵێک بۆ داگیرکارییەکی تەواو بە ئەگەرێکی زۆرەوە بەرپەرچ دەدرایەوە. لەڕاستیدا بە کردەوە فەرەنسا لەسەر ویشکانی دەسەڵاتی باڵا بوو: دەیتوانی کارلێکی دەسەڵاتی خۆی تەنانەت تا دەروازەکانی مۆسکۆش پەرە پێبدات. بەڵام دواتر یەکگرتوویی ئاڵمانیا هاتە ئاراوە.

ماوەیەکی زۆر بوو هەوڵەکان بۆ تامەزرۆیی ئەو کارە لە ئارادا بوون. بۆ چەندین سەدە ئەم"بیرۆکەیە" لە ئاڵمانیا بوونی هەبوو: زەوییە فرانکییەکانی ڕۆژهەڵات کە لە سەدەی دەیەمدا بوونە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی پیرۆز، زۆرجار بە گشتی بە "ئاڵمانیا" ناودەبرا، چونکە زیاتر لە ٥٠٠ شانشینی بچووکی گێرمانییان لەخۆگرتبوو. دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی پیرۆز لە ساڵی ١٨٠٦، کۆنفیدراسیۆنی ئاڵمانیا لە ٣٩ دەوڵەتی بچووکەوە لە کۆنگرەی ڤیەنا لە ساڵی ١٨١٥ دامەزرا، ئەمەش لە بەرامبەردا بووە هۆی دروستبوونی کۆنفیدراڵی ئاڵمانیای باکوور و دواتر بووە هۆی یەکگرتنی ئاڵمانیا لە دوای شەڕی فەرەنسا-پروسیا لە ساڵی ١٨٧١، کە تێیدا سەربازە سەرکەوتووەکانی ئاڵمانیا شاری پاریسیان داگیرکرد. ئێستا ئیتر فەرەنسا دراوسێیەکی هەبوو ڕاست لەسەر سنوورەکەی کە لە لایەکەوە پانتایی ڕووبەرەکەی لە خۆی گەورەتر بوو، بە هەمان ڕادەش دانیشتووانەکەی زیاتر

بوون، بەڵام لەولاشەوە ڕێژەی گەشەکردنی باشتر و خاوەنی پیشەسازیی بەهێزیش بوو. ئەم ڕێککەوتنە دوای سەرکەوتنی ئاڵمانیا لە کۆشکی ڤێرسا"Versailler"ی نزیک شاری پاریس ڕاگەیەندرا. خاڵی لاوازی بەرگریی فەرەنسا، دەشتی باکووری ئورووپا، ئیتر پێشێلکرابوو. ئەمەش لە حەفتا ساڵی داهاتوودا دوو جاریتر ڕوودەدات، دوای ئەوە، فەرەنسا بۆ بێلایەنکردنی هەڕەشەکانی ڕۆژهەڵات لە جیاتی چەک و هێزی سوپایی دیپلۆماسی بەکارهێنا.

ئاڵمانیا هەمیشە کێشەی جوگرافیایی گەورەتری هەبوو لە فەرەنسا. دەشتی تەختی باکووری ئوورووپا دوو هۆکاری بۆ ترسی ئالمانیا بۆ دروست کردبوو: لە ڕۆژئاوا ئاڵمانییەکان فەرەنسای دراوسێی یەکگرتوو و بەهێزیان دەبینی و لە ڕۆژهەڵاتیش ورچی مەزنی ڕووسییان لێ قوت ببۆوە. گەورەترین ترسیان ئەوە بوو کە زەوییە تەختەکەی ئەم ڕێڕەو یاخود کوریدۆرە دەبێتە هۆی هێرشی هاوکات لەلایەن هەردوو زلهێزەوە. دیارە هەرگیز ناتوانین بزانین ئەوە ڕووی دەدا یان نا، بەڵام ترسەکە دەرئەنجامی کارەساتباری بەدوادا دەهات.

فەرەنسا ترسی لە ئاڵمانیا هەبوو، ئاڵمانیاش ترسی لە فەرەنسا هەبوو، کاتێک فەرەنسا لە ساڵی ١٩٠٧ لەگەڵ ڕووسیا و بریتانیا وڵاتانی سێ لایەنەیان پێکهێنا، ئینجا

ئاڵمانیا ترسی لە هەر سێ وڵاتەکە هەبوو. ڕەهەندێکی دیکەی زیادکراو ئێستا ئەوە بوو کە هێزی دەریایی بریتانیا دەیتوانی لە هەر کاتێکدا ڕێگریی لە چوونە ژوورەوەی ئاڵمانیا بۆ دەریای باکوور و زەریای ئەتڵەس بکات. چارەسەری ئەم کێشەیە لە ڕوانگەی ئاڵمانیا، ئەوە بوو کە سەرەتا هێرش بکاتە سەر فەرەنسا.

ئەو دووڕیانەی کە بەهۆی شوێنی جوگرافیای ئاڵمانیا و شەڕانگێزییەوە هاتە ئاراوە، بە "پرسیاری ئاڵمانی" ناسرا. وەڵامی دوای ڕوخساری ترسهێنەری شەڕی جیهانی دووەم، یان وردتر بڵێین، دوای چەندین سەدە شەڕ، سەردانەواندنی بەردەوام لەهەنبەر بوونی یەک زلهێز، واتە ئەمریکا بوو لە وڵاتانی ئورووپایی. ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی ناتۆ و لە کۆتاییدا بووە هۆی دروستبوونی یەکێتی ئورووپا. ئورووپییەکان بەهۆی شەڕی بەردوامەوە ماندوو ببوون و ڕووبەڕووی ئەو "گەرەنتی" ئەمنییەی کە لەلایەن سوپای ئەمریکاوە دابینکرابوو، دەستیان بە تاقیکردنەوەیەکی سەرسوڕهێنەر کرد. پابەند بوون بە متمانەکردن بە یەکتر.

خاڵی دەستپێکی ئەوەی ئێستا یەکێتی ئورووپای ناوە بە شێوەیەک بونیات نرابوو و فەرەنسا و ئاڵمانیا هێندە بە توندیی خۆیان لە باوەشی خۆشەویستیدا گوشار دەدا کە

هیچ کامیان نەیاندەتوانی دەستی خۆیان ئازاد بکەن بۆ ئەوەی بتوانن زیان بەیەکتر بگەێنن. ئەمەش بە شێوەیەکی درەوشاوە بەڕێوەچوو و ئەو ڕووبەرە جوگرافییە فراوانەی دروستکرد کە ئەمڕۆ گەورەترین ناوچەی ئابووریی جیهان دەگرێتەوە.

ئەمەش بە تایبەتی بۆ ئاڵمانیا بە باشی کاریگەریی هەبوو، کە لە خۆڵەمێشی ساڵی ١٩٤٥ خۆی ڕزگار کرد و سوودی لەو بەربەستە جوگرافیایە وەرگرت کە ڕۆژێک لێی دەترسا. بوو بە بەرهەمهێنەری سەرەکی کەلوپەل لە ئورووپا. لەبری هێزی سوپایی، کاڵاکانی کە مۆری کوالیتی "دروستکراوی ئاڵمان"یان لەسەر بوو، بەسەر ناوچە نزمەکاندا، بۆ خوارەوەی ڕووباری ڕاین و ئێلب"Elbe"، بەسەر شەقامەکاندا بۆ ئورووپا و جیهان، بەرەو باکوور، باشوور، ڕۆژئاوا و لە ساڵی ١٩٩٠ەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتیش هەنارده دەکرێت.

ئەوەی لە ساڵی ١٩٥١ وەک پەیماننامەی کۆمەڵگەی خەڵوز و پۆڵا لە ئورووپا دەستی پێکرد و شەش وڵات واژۆیان کرد، بووەتە یەکێتی ئورووپا کە لە ٢٨ دەوڵەت پێکهاتووە، ناوکی ئایدیۆلۆژییەکەشی بریتییە لە: "یەکێتیی بەردەوام تەنگتری ئورووپا." بەڵام دوای ئەوەی یەکەم قەیرانی دارایی مەزن یەکێتی ئورووپای گرتەوە، ئەم

ئایدۆلۆژیایە لەسەر بەستێنێکی لەرزۆکە و پەیوەندیی و یەکیەتییەکە خەریکە تێکدەچێتەوە. لەناو یەکێتی ئوروپادا ئەو نیشانەیەی ڕۆبەرت کاپلان "Robert Kaplan" ناوی "تۆڵەی جوگرافیا"ی لێ ناوە، خەریکن سەرهەڵدەدەن.

یەکیەتییەکە کە بەردەوام تەنگتر دەبۆوە، بووە هۆی ئەوەی دراوێکی هاوبەش، "یۆرۆ"، بۆ ١٩ وڵات لە کۆی ٢٨ وڵات دروست بکرێت. جگە لە دانمارک و بریتانیا، هەموو وڵاتان پابەند بە پەیوەستبوون بە یۆرۆوە بوون. ئەوەی ئێستا ڕوونە، و پێشتریش بۆ هەندێک لەو سەردەمەدا ڕوون بوو، ئەوەیە کاتێک لە ساڵی ١٩٩٩ ناسێندرا، هەندێک لەو وڵاتانەی چوونە ناو ئەو پەیمانەوە زۆر بە سادەیی هێشتا ئامادەی ئەو کارە نەبوون.

زۆرێک لە وڵاتان بە چاوی داخراوەوە چوونە ناو کۆمەڵگەی تازە پێناسەکراو. قەرز و بێکاریی و ئینفلاسیۆن "Inflation" واتە هەڵاوسان لە ڕوانگەی ئابوورییەوە بە بەرزبوونەوەی نرخ و بایەخی پارە یان ئاستی نرخ لە وڵاتێکدا دەبوو سنوورێکی دیاریکراویان بۆ دابنرێت. کێشەکە لەوەدابوو تاقمێک وڵات بە تایبەت یۆنان گەلێک بەڵگەی ساختەیان خستبووە ڕوو. زۆربەی شارەزایان ئەمەیان دەزانی، بەڵام بەو پێیەی یۆرۆ نەک هەر دراوێک، بەڵکوو

ئایدۆلۆژیایەکیش بوو، ئەندامان لەسەر ئەو کێشەیە چاویان لێ قووچاند.

وڵاتانی چوارچێوەی یۆرۆ لە ڕووی ئابوورییەوە یەکگرتوو بوون، وەک یۆنانیەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە، "هەم لە کاتی باش و هەم سەردەمی خراپ"دا، بەڵام کاتێک قەیرانی ئابووری لە ساڵی ٢٠٠٨ هاتە ئاراوە، وڵاتانی دەوڵەمەندی ئەم پەیمانە ناچار بوون یارمەتی هەژارەکان بدەن و ناکۆکییەکی تاڵی ناوخۆیی سەریهەڵدا. تا ئەمڕۆش هاوپەیمانان وەک یاریی پینگ پونگ کێشەکە بۆ سەر یەکتر دەگەڕێننەوە.

قەیرانی "یۆرۆ" و کێشە ئابوورییەکانی دیکە کەلێن و درزەکانی ناوماڵی ئورووپییان ئاشکرا کردووە (بەتایبەت بەدرێژایی هێڵی جیاوازیی کۆنی نێوان باکوور و باشوور). پێدەچێت خەونی یەکێتییەکی بەردەوام نزیکتر لە وەستاندایە، یان تەنانەت لەوانەیە لە لێواری کەوتنەخوارەوەبووندا بێت. ئەگەر وابێت، دەکرێت "پرسیاری ئاڵمانی" سەرهەڵبداتەوە.

دیارە ئەگەر ئەم کێشەیە لە چاویلکەی حەفتا ساڵەی ئاشتییەوە سەیر بکرێت، ڕەنگە ئەمە وەک ترساندنێک دەرکەوێت، چونکە ئاڵمانیا یەکێکە لە ئاشتیخوازترین و

دیموکراسیترین ئەندامانی بنەماڵەی ئورووپی. بەڵام ئەگەر لە چاویلکەی حەوت دەیەی شەڕەکانی ئورووپاوە سەیر بکرێت، ناتوانرێت ئەمە ڕەت بکرێتەوە.

ئاڵمانیا بڕیاریداوە وەک ئورووپییەکی باش بمێنێتەوە. ئاڵمانییەکان لە ڕووی خورست و غەریزەوە هەست دەکەن ترسە کۆنەکان سەبارەت بە ئاڵمانیا زیندوو دەبنەوە ئەگەر یەکێتیەکە بڕووخێت، بەڵام چونکە دەزانین زۆرترین دانیشتوان و دەوڵەمەندترین وڵاتی ئورووپییە و ٨٢ ملیۆن دانیشتووی هەیە و چوارەم گەورەترین هێزی ئابووریی جیهانە، ئەو کارە بە دوور دادەنرێت. یەکێتییەکی هەرەسهێنراو لە ڕووی ئابووریشەوە زیان بە ئاڵمانیا دەگەیەنێت: سێیەم گەورەترین هەناردەکاری جیهان ئامادە نابێت بازاڕی بەردەرگای ماڵەکەی تێکبڕووخێت و بەرەو سیاسەتی پارێزگاریی بەرهەمی ناوەوەی بڕوات. دەوڵەتی نەتەوەیی ئاڵمانیا، هەرچەندە هێشتا ١٥٠ ساڵە بوونی هەیە، بەڵام ئێستا بۆ ئورووپا پێویستییەکی گەلێك گرنگە. لە کەرتی ئابووریدا ئاڵمانیا بێ ڕکابەرە؛ بە دەنگێکی نەرم و نیان قسە دەکات، و گۆپاڵێکی گەورە و شێوە یۆرۆی بە دەستەوە گرتووە و قورِنەکەش گوێ لەم دەنگەی دەگرێت. بەڵام کاتێک باس لە سیاسەتی دەرەوەی نێودەوڵەتی دەکرێت، تەنیا بە دەنگێکی نزم قسە دەکات،

هەندێکجار بێدەنگ دەمێنێتەوە و جار و باریش تەنانەت ڕق و کینەی لە گۆپاڵەکە هەیە.

سێبەری شەڕی جیهانی دووەم هێشتا بەسەر ئاڵمانیادا ئاسەواری خۆی هێشتۆتەوە. ئەمریکییەکان و دواجار ئورووپیەکانی ڕۆژئاوا لە ژێر ڕۆشنایی هەڕەشەی سۆڤیەتدا ڕازی بوون ئاڵمانیا چەکدار کەنەوە، بەڵام ئاڵمانیا بە دوو دڵیی خۆی چەکدار کرد و ئامادە نەبوو کەڵک لە هێزی سەربازی خۆی وەربگرێت. لە شەڕەکانی کۆسۆڤۆ و ئەفغانستان ڕۆڵی پاڵپشتی گێڕا، لە ململانێی لیبیاشدا پێی باشتر بوو وەک چاوەدێر بمێنێتەوە.

گەورەترین هەنگاوی دیپلۆماسی ئەو لە قەیرانێکی نائابووریدا پەیوەندیی بە ئوکرائین هەبوو. ئەمە زۆر شتمان پێدەڵێت کە ئاڵمانیا ئەمڕۆ چلۆن سەیری جیهان دەکات. ئاڵمانییەکان لەو فێڵانەدا بەشدار بوون کە بووە هۆی ڕووخانی یانۆکۆڤیچ سەرۆکی ئوکرائین لە ساڵی ٢٠١٤ و ڕەخنەی توندیان لە لکاندنی دواتری کریمیا لەلایەن ڕووسیاوە گرت. بەڵام سەرەڕای لوولە گازییەکانی کە لە لایەن ڕووسیاوە بۆی دابین دەکرێت، بەرلین لەم ڕەخنانە و لە جێبەجێکردنی سزاکاندا زۆر زیاتر خۆگرتوو بوو لە چاو، بۆ نموونە ئینگلیزی یەکگرتوو کە زۆر کەمتر پشت بە وزەی ڕووسیاوە دەبەستێت. لە ڕێگەی یەکێتی ئورووپا و ناتۆوە

ئاڵمانیا لە ڕۆژئاوای ئوورووپا لەنگەری گرتووە، بەڵام لەنگەرەکەی دەتوانێت لە دەریا تۆفاناوییەکاندا بخلیسکێ و بەرلینیش پێگەی جوگرافیای هەیە کە ئەگەر پێویست بێت ڕوانگەی ناوەندیی خۆی بەرەو ڕۆژهەڵات بگۆڕێت و پەیوەندییەکی زۆر بەهێزتر لەگەڵ مۆسکۆدا دروست بکات.

شانشینی یەکگرتووی ئینگلیز لە پەراوێزی زەریای ئەتڵەسەوە چاودێری هەموو ئەم ڕووداوە قورنەییانە دەکات. هەندێک جار لەسەر ویشکانی خۆی ئامادە ڕادەگرێ، هەندێکجار لە گۆشەگیرییەکی نایابدا دەمێنێتەوە، بەڵام هەمیشە هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی هیچ هێزێک لە ئوورووپادا سەرهەڵنادات کە لێی تێپەڕێت. ئەمەش ئەمڕۆ لەسەر قۆناغی پاکەتی دیپلۆماسی یەکێتی ئوورووپا هەر وەک چۆن لە بەرەکانی شەڕی ئەگینکۆرت"Azincourt"، واتەرو "Waterloo " یان بالاکلاڤا"Balaklawa"دا جێبەجێی کرد، گونجاوە. هەرکاتێک بتوانرێت، شانشینی یەکگرتووی ئینگلیز دەستوەردان دەکات لە هاوپەیمانییە گەورەکانی فەرەنسا-ئاڵمانیا لەناو یەکێتی ئوورووپادا. ئەگەر ئەوە شکستی هێنا، ئەوا لە نێوان وڵاتانی ئەندامی دیکە و بچووکتردا بەدوای هاوپەیماندا دەگەڕێت و دەنگێکی هێندە

زۆر کۆدەکاتەوە کە دژایەتی بڕیارە سیاسییە ناپەسەندەکان بکات.

لە ڕووی جوگرافیاییەوە ئینگلیزەکان لە دۆخێکی باشدان. زەوییەکی باشی کشتوکاڵی، ڕووباری بەکارهێنراو، ڕێڕەوێکی نایاب بۆ دەریاکان و دەستڕاگەییشتن بە ماسی، هەروەها مەودایەکی نزیک لە ویشکانی ئورووپا بۆ بازرگانیکردنیان هەیە، سەرەڕای ئەوەش وەک نەتەوەیەکی دوورگەیی پارێزراون. بریتانیا لەو سەردەمانەدا شەڕ و شۆڕشەکان لە وڵاتانی دراوسێیدا پەرەیان سەندووە، هەمیشە سوپاسگوزاری دۆخی جوگرافیای خۆی بووە.

ئەزمونی ڕاستەوخۆی شەڕ هەروەها خەسارەکانی لایەنی بەریتانی لە شەڕە جیهانییەکاندا نابێ بە کەم سەیر بکرێن، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی لە سەدەی بیستەم و پێشتر لەسەر گۆڕەپانی شەڕی ئورووپا ڕوویدا، پێدەچێت گەلێک کەم بووبێت. ئینگلیزەکان بە مەودایەکی دیاریکراو لە یادەوەرییەکی بەکۆمەڵی داگیرکاریی و گۆڕینی بەردەوامی سنوورەکانی ژیانیان کردووە.

تیۆرییەک هەیە کە دەڵێت ئاسایشی ڕێژەیی شانشینی یەکگرتوو(بریتانیا) لە ماوەی سەدەکانی ڕابردوودا هۆکارک بووە بۆ ئەوەی لە چاو وڵاتانی سەرانسەری کاناڵی

ئێرمل"Ärmelkanals" زیاتر ئازادیی و کەمتر ستەمکاریی ئەزموون بکات. ئەم تیۆرییە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە تامەزرۆیی کەمتر بۆ"پیاوە بەهێزەکان" یان دیکتاتۆرەکان هەبووە، ئەمەش چەندین ساڵ پێشتر بووەتە هۆی دروستبوونی فۆرمەکانی دیموکراسی بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ وڵاتانی دیکە، کە سەرەتا بە ماگنا کارتا " Magna Charta" لە ساڵی ١٢١٥ و ڕێککەوتننامەکانی ئۆکسفۆرد "Oxford" ساڵی ١٢٥٨ دەستیپێکرد.

ئەمە ئارگومێنتێکی باشە، بەڵام مەحاڵە مرۆڤ بتوانێت بیسەلمێنێت. ئەوەی حاشا هەڵنەگرە ئەوەیە کە ئاوەکانی دەوروبەری وڵات و دارەکانی سەرسەریان بوونە هۆی پەرەپێدانی هێزی دەریایی مەزن و ئەو بارودۆخە ئابوورییەی کە بووە هۆی یەکەم پڕیشکەی شۆڕشی پیشەسازیی - بووە هۆی ئەوەی بریتانیا بەسەر ئیمپراتۆریەتێکی مەزنی جیهانیدا زاڵ بێت. هەرچەندە دوورگەکانی بریتانیا گەورەترین دوورگەی ئورووپان، بەڵام بریتانیا خۆی وڵاتێکی گەورە نییە. بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتەکەی لە سەرانسەری جیهاندا لە سەدەی ١٨ و ١٩ و بیستەمدا جێگەی سەرنجە، سەرەڕای ئەوەی لەو کاتەوە پێگەی دابەزیووە.

بارودۆخی شوێنەکەی گەرەنتی هەندێک سوودی ستراتیژییکی پێ دەبەخشێت. یەکێک لەوانە بۆشایی"GIUK"ە

(لە نێوان گرینلاند، ئایسلەندا و بەریتانیا). گەرووبەکی تەنگە لە ڕێگا دەریاییە جیهانییەکان و هەرچەندە بەزەحمەت وەک تەنگەی هورمز یان مەلاکا، گرنگایەتیی هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی نەریتی لە باکووری زەریای ئەتڵەسدا سوودێکی مەزنی بە شانشینی یەکگرتووی بریتانیا بەخشیوە. ڕێگایەکی ئاڵترناتیڤی بۆ زەریای ئەتڵەس، بۆ کەشتییەکانی باکووری ئۆرووپا (لەوانەش کەشتی بێلژیکی و هۆڵەندی و فەرەنسی) لە کاناڵی ئێرمل"Ärmelkanals"ەوە پێکهێناوە - بەڵام ڕێڕەوێکی تەنگە (کەمتر لە ٣٠ کیلۆمتر پانی لە ناوچەی دۆڤەر"Dover ") و زۆر بە باشی بەرگری لێدەکرێت. هەروەها هەموو کەشتییەکی دەریایی ڕووسیا لە ڕێگای جەمسەری باکوورەوە بۆ زەریای ئەتڵەس دەبێت بە بۆشایی "GIUK"دا تێپەڕێت.

ئەم سوودە ستراتیژییە لەگەڵ کەمبوونەوەی ڕۆڵ و هێزی زەریایی "Royal Navy" کەم بووەتەوە، بەڵام لە ئەگەری شەڕدا دیسانەوە سوودی بۆ بەریتانیا دەبێت. کەلێن یان بۆشایی"GIUK" یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کە لەندەنی تووشی شۆک کرد کاتێک بۆ ماوەیەکی کورت وا دەرکەوت ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی سکاتلەند بە بەڵێ کۆتایی پێبێت. لەدەستدانی دەسەڵات لە دەریای باکوور و باکووری زەریای

ئەتڵەس، دەبووە گورزێکی ستراتیژی و برینێکی سەخت بۆ ئەو هێزانەی لە بەریتانیا دەمانەوە.

یادەوەریی بەکۆمەڵی ئەمڕۆی ئینگلیزەکان بیرەوەرییەکی مەزنە. ئەم یادەوەرییە وادەکات زۆرێک لە خەڵکی ئەو دوورگەیە باوەڕیان بەوە هەبێت کە هەرکاتێک پێویست بێت شتێک لە جیهاندا ئەنجام بدرێت، پێویستە بەریتانیا یەک لەو وڵاتانە بێت کە ئەو کارە بەڕێوەدەبەن. ئینگلیزەکان لە ئوروپان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە دەرەوەی وەستاون. ئەم کێشەیە هێشتا چاوەڕێی چارەسەرکردن دەکات.

ناتۆ لە لێوارەکانیەوە خەریکە دەڕزێت و هەمان شت بۆ یەکێتی ئورووپاش ڕاستە. دەتوانرێت دۆخی هەردووکیان چاک بکرێنەوە، بەڵام ئەگەر ئەوە ڕوونەدات، هەردووکیان دەتوانن بە تێپەڕبوونی کات یان شوێنیان بگیردرێتەوە، یان بێ بایەخ بکرێن. پاشان دەگەڕێنەوە بۆ ئورووپای دەوڵەت - نەتەوەیی خاوەن سەروەر، کە تێیاندا هەر وڵاتێک لە چوارچێوەی سیستەمێکی هاوسەنگی هێزدا بەدوای هاوپەیمانییەتیدا دەگەڕێت. ئاڵمانییەکان جارێکی دیکە لە گەمارۆدانی ڕووس و فەرەنسییەکان دەترسن، فەرەنسییەکان جارێکی دیکە لە دراوسێ گەورەکەیان دەترسن و هەمووومان دەگەڕێینەوە ئەو شوێنەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لێی بووین.

دۆخێکی ئەوتۆ بۆ فەرەنسییەکان دەبێتە کابوسێک. ئەوان بە سەرکەوتوویی بۆ بەستنەوەی ئاڵمانیا بە یەکێتی ئورووپاوە هەوڵیان دا، پاشان دوای یەکگرتنەوەی ئاڵمانیا دەبوو خۆیان لە دۆخی شەریکێکی بچووکی فرۆکەیەکی دوو موتورەدا ببینن تەنیا لەبەر ئەوەی دەیانویست خۆیان هیدایەتی بکەن. ئەمەش کێشەیەک دەخاتە بەردەم پاریس کە بە ڕواڵەت ناتوانێت چارەسەری بکات. تا ئەو کاتەی بە بێدەنگی قبوڵی نەکات کە بەرلین سەرۆکە لە ئورووپا، مەترسی لاوازبوونی زیاتری یەکێتییەکەی لەسەرە. بەڵام ئەگەر دان بە سەرکردایەتی ئاڵمانیادا بنێت، دەسەڵاتی خۆی کەم دەبێتەوە. فەرەنسا توانایی پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەرەوەی سەربەخۆی هەیە - بەو ڕێگرییە ئەتۆمییەی کە لەلایەن "هێزی فراپ"(Force de frappe)ی خۆیەوە، خاکەکانی دەرەوەی وڵاتەکەی و هێزەکانی پاڵپشتیکراو لە لایەن هێزی هەواییەوە تەنیا ئەو کارە دەکات - بەڵام بەو زانیارییەوە کە لایەنی ڕۆژهەڵاتەکەی پارێزراوە، توانایی ئەوەی هەیە سەیری ئاسۆیەکی ڕوون بکات.

لەمڕۆدا هەردوو وڵات، فەرەنسا و ئاڵمانیا بۆ ئەوەی یەکێتییەکە پێکەوە بمێنێتەوە هاوکاریی یەکتر دەکەن: لەمرۆدا وەک هاوبەشی سروشتی سەیری یەکتر دەکەن.

بەڵام لە ڕووی تیۆریەوە بڵێی ئاڵمانیا پلانێکی "B"ی لەگەڵ ڕووسیادا نەبێت؟

کۆتایی هاتنی شەڕی سارد وایکرد زۆربەی زلهێزەکان تێچوو و بودجەی بەرگری و هێزە چەکدارییەکانیان کەمبکەنەوە. تەنیا شۆکەکانی شەڕی ڕووسیا و گورجستان لە ساڵی ٢٠٠٨ و لکاندنی کریمە لە ساڵی ٢٠١٤ بە ڕووسیاوە، سەرنجی لەسەر کێشەی تەمەن درێژیی شەڕێکی ئەگەریی لە ئورووپا دوبارە زیندوو کردەوە. ئێستا ڕووسەکان بە بەردەوامیی فڕۆکەکانیان دەخەنە هەوا و دەیانەوێت سیستەمی بەرگریی ئاسمانی ئورووپای پێ تاقی کەنەوە و سەرقاڵی دامەزراندنی خۆیانن لە کریمیا، ئۆسێتیای باشوور "Südossetien"، ئەبخازیا "Abchasien"، ترانسنیستریا "Transnistrien" و ڕۆژهەڵاتی ئوکرائین. ئەوان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ نەتەوە جیاوازەکانی ڕووسیا لە وڵاتانی باڵتیک دەپارێزن و تا ئێستاش خاوەنی کۆشکی کالینینگراد "Kaliningrad"ن لەسەر دەریای باڵتیک.

ئورووپییەکان دەستیان کردووە بە هەندێک حیساباتی جیددی بۆ خەرجییەکانی بەرگریی لەخۆ، بەڵام پارەیەکی زۆریان بە دەستەوە نییە و ڕووبەڕووی بڕیارێکی قورس بوونەتەوە. لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بڕیارانە، نەخشەکان تۆزیان لێهەڵدەستێت و دیپلۆماتکاران و

ستراتیژیستەکانی سەربازی دەبینن لە کاتێکدا ڕەنگە هەڕەشەکانی کارلی مەزن، ناپلیۆن، هیتلەر و سۆڤیەت نەمابن، بەڵام هێشتا دەشتی باکووری ئورووپا و چیای کارپاتیا و دەریاکانی باکوور و باڵتیک هەر لە شوێنی خۆیاندا ماونەوە.

ڕۆبێرت کاگان "Robert Kagan"، مێژوونووسی ناودار لە کتێبی *دەسەڵات و بێدەسەڵات*دا دەنووسێت، ئورووپییە ڕۆژئاواییەکان لە بەهەشتدا دەژین، بەڵام نابێت هەوڵبدەن بە پێی یاساکانی بەهەشت مامەڵە بکەن کاتێک دەچنە ناو جیهانی دەسەڵاتەوە. کاتێک لەم بەهەشتەدا بە دەوروبەرماندا بڕوانین، دوای کەمبوونەوەی قەیرانی یۆرۆ، ڕەنگە پاشەکشە شتێکی مەحاڵ دەربکەوێت. بەڵام مێژوو فێرمان دەکات چەندە بە خێرایی شتەکان دەتوانن لە ماوەی تەنیا چەند دەیەیەکدا بگۆڕدرێن. هەروەها جوگرافیا فێرمان دەکات یاساکانیان هەرەسمان پێدێنن ئەگەر ئێمەی مرۆڤ بۆ زاڵبوون بەسەریاندا بێوچان خەبات نەکەین. بە باوەڕی هێلموت کۆل "Helmut Kohl" کاتێک سەردەمی سەرۆکایەتیی لە ساڵی ١٩٩٨دا کۆتایی پیهات، مرۆڤی بیر هێنایەوە کە دوا سەرکردەی ئاڵمانیا بووە کە شەڕی جیهانی دووەم و لایەنە ترسهێنەرەکانی ئەم شەڕەی لەگەڵ خۆیدا بۆ مرۆڤی ناوچەکەی بە دیاریی هێناوە، ئەزموون کردووە.

له ساڵی ٢٠١٢ بابەتێکی بۆ ڕۆژنامەی بیلد"BILD" نووسیوە کە ترسی ئەوەی هەیە سیاسەتوانانی ئورووپی ئەمڕۆ لە کاتی قەیرانی داراییدا ڕێگە بدەن متمانەی نێوان وڵاتانی ئورووپایی لەناو بچێت. پەیامەکەی ئەوە بوو: هەرکەسێک بە چاوی خۆی شەڕی ئەزموون نەکردبێت و ئێستا بپرسێت یەکگرتنی باشی ئورووپا چییە، دەتوانێت وەڵام بداتەوە: زیاتر لە ٦٥ ساڵ دۆخی ئاشتی بۆ ئێمە بە دیاریی هێناوە - سەرەڕای هەموو ئەو کێشانەی کە تا ئێستاش بوومانە.

## بەشی پێنج

## ئەفریقا

"زۆرجار وێدەچێت کارێک تاوەکو بەڕێوەدەچێت، شتێکی مەحاڵ بێت".
نێلسۆن ماندێلا



کەنارئاوەکانی ئەفریقا؟ کەنارئاوی بەڕاستی گەلێک نایاب و بەندەری سروشتی ترسهێنەر! ڕووبارەکان؟ ڕووبارە سەرنجڕاکێشەکان، بەڵام زۆرجار مرۆڤ پەشیمان دەبێتەوە ئەگەر بیەوێت بە کەشتیی یان بەلەم شتێک لە ڕێگای ئاوەوە بگوازیتەوە، چونکە لە هەر چەند کیلۆمترێکدا تووشی تاڤگەیەک دێت. ئەمانە تەنیا چەند خاڵی سەرنجڕاکێش لە لیستەیەکی درێژی کێشەکانن کە تا ڕادەیەک ڕوونی دەکەنەوە بۆچی ئەفریقا لە ڕووی تێکنەلۆژیا و سیاسییەوە وەک ئورووپای ڕۆژئاوا یان ئەمریکای باکوور سەرکەوتوو نییە.

ناوچەیەکی زۆر لەم جیهانە هەن کە سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام کەمتر شوێن بە ڕادەی ئەفریقا سەرکەوتوو نەبوون – هەرچەندە ئەم قوڕنەیە ڕۆژێک دەسپێکێکی باشی هەبووە، چونکە هەر لێرە بوو کە هۆمۆ ساپیێنس ٢٠٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر پەرەی سەند. وەک چۆن جارێد دایمۆند " Jared Diamond"، کە لەناو هەموو نووسەراندا گەلێک وردبینە، لە وتارێکی درەوشاوەدا لە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ ناشناڵ جیۆگرافیک نووسیویە: "ئەمە پێچەوانەی ئەوەیە کە لە ڕاکەرێک چاوەڕێ دەکرێت کاتێک لە هێڵی دەسپێکردنەکەوە لە پێش هەموو ئەوانیتردا دەرچووە." واتە کەسێک یان شتێک کە لە سەرەتادا بە ڕوونی پێشەنگ

بووە (لێرەدا لەگەڵ ڕاکەرێک هەڵدەسەنگێندرێت کە لە پێش هەمووانەوە هێڵی دەستپێکی تێپەڕاندووە)، بەڵام ئەنجامی کۆتایی تەواو پێچەوانەی ئەوەیە کە مرۆڤ چاوەڕێی کردووە. بەڵام ڕاکەرانی سەرەتایی بەهۆی بەربەستی سارا و زەریای هیند و زەریای ئەتڵەس لە هەموو ئەوانیتر جیاکرانەوە. بە شێوەیەکی بنەڕەتی هەموو قوڕنەکە بە دابڕان لە زەوییە ئۆرئاسیاییەکان و بە دابڕان لەوان گەشەیان کردووە، کە بیرۆکە و تێکنەلۆژیاکان لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات ئاڵوگۆڕ دەکران - بەڵام لە باکوورەوە بۆ باشوور ئەو دەرفەتە بە هیچ شێوەیەک نەبووە.

ئەفریقا قوڕنەیەکی گەلێک فراوانە و هەمیشە لە ناوچە و کەشوهەوا و کولتووری جیاواز پێکهاتووە، کە تاکە هاوبەشییان دابڕانیان بووە لە یەکتر و لە باقی جیهان. دیارە ئەمە بۆ ئەمڕۆ ڕاست نییە، بەڵام میراتەکەی هێشتا هەر بەردەوام ماوەتەوە. تێڕوانینی جیهان لەسەر دۆخی جوگرافیای ئەفریقا کەموکوڕیی تێدایە. کەم کەس هەیە درک بەوە بکات کە ئەفریقا چەندە گەورەیە، چونکە زۆربەمان نەخشەی جیهان بەکاردەهێنین کە لەسەر

پێشبینی ستانداردی مێرکاتۆر "Mercator"[١٥] دامەزراوە. وەک نەخشەکانی دیکە، گۆییەک لەسەر ڕووبەرێکی دوو ڕەهەندی نیشان دەدات، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەیشێوێنێت. ئەفریقا زۆر زۆر درێژترە لەوەی بەو شێوە باوە، وێنا بکرێت – هەر بۆیەش دەوردانەوەی کاپ"Kap"ی لووتکەی باشووری ئەفریقا دەستکەوتێکی باش بوو کە بۆچی کاناڵی سوێس هێندە بۆ بازرگانی جیهانی گرنگە. دۆزینەوەی ڕێگای کورتی کاناڵی سوێس لە جیاتی دەوردانەوەی کاپی ئەفریقا پێشکەوتنێکی بەرچاو بوو، بەڵام کاتێک ئیتر پێویستی پێ نەما، ڕێگای دەریایی لە ئورووپای ڕۆژئاواوە بۆ هیندوستان نزیکەی ٤٠٠٠ مایلی دەریایی کورتکرایەوە. ئەگەر نەخشەی جیهان بە دەستەوە بگریت و ئالاسکا بە کالیفۆرنیاوە بچەسپێنیت و ئەمریکا لەسەر میحوەرەکەی بسووڕێنیت، پێکهاتەکە بە پتوونی لە ئەفریقادا جێی دەبێتەوە، و لەوانەیە هێشتا چەند بۆشاییەکی لێرە و لەوێ بمێنێتەوە. لە ڕاستیدا ئەفریقا زیاتر لە سێ هێندەی ئەمریکایە. دیسانەوە سەیری نەخشەی ستانداردی مێرکاتۆر بکە: قەبارەی گرینلاند بە گەورەیی ئەفریقا کێشراوەتەوە. بەڵام لە واقیعدا ئەفریقا چواردە ئەوەندەی گرینلاند گەورەترە! دەکرێ ئەمریکا، گرینلاند،

[١٥] گێرهارد مێرکاتۆر جوگرافیناس و نەخشەسازێک بوو کە تەنانەت لە ماوەی ژیانیدا بە بەتلیمۆسی سەردەمی خۆی دادەنرا و ناوبانگێکی زۆری بەدەستهێنا. ئەمڕۆ بە پلەی یەکەم بە دروستکەری نەخشە و گۆی زەوی ناسراوە، مێرکاتۆر کەسایەتییەکی ناسراوی سەدەی ١٦ بووە.

هیندوستان، چین، ئیسپانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا و بەریتانیا بخەیتە ئەفریقا و هێشتا شوێن بۆ بەشێکی زۆری ئورووپای ڕۆژهەڵاتیشی تێدا دەمێنێتەوە. دیارە ئێمە دەزانین کە ئەفریقا زەوییەکی بێئەندازەی هەیە، بەڵام نەخشەکان بە دەگمەن نیشانمان دەدەن کە گەورەییەکەی چەندەیە.

جوگرافیای ئەم قوڕنە فراوانە دەتوانرێت بە شێوازی جیاواز ڕوون بکرێتەوە، بەڵام سادەترین ڕێگا بیرکردنەوە لە ئەفریقایە لەسەر یەک لە سێی سەرەوە و دوو لە سێی خوارەوە. یەک لەسەر سێی سەرەوە لە کەنارئاوەکانی دەریای ناوەڕاستی وڵاتانی باکووری ئەفریقا و عەرەب زمانەوە دەست پێدەکات. دەشتە کەنارییەکان بە خێرایی خەریکە دەبنە سەحرا کە گەورەترین بیابانی وشکە لەسەر زەوی و قەبارەکەی هێندەی ئەمریکا گەورەیە. ڕاستەوخۆ لە ناو سەحرای مەزنی ئەفریقا ناوچەیەکی سەحلی هەیە، کە بەشێکی نیمچە وشک و بەردین و خۆڵاوییە و لە پانترین خاڵیدا زیاتر لە ٥ هەزار کیلۆمتر درێژاییەتی و لە کەنارەکانی زەریای ئەتڵەس لە گامبیا بەسەر ڕێگەی نیجەر "Niger" و چاد "Tschad"ەوە تا ئێریتریا "Eritrea" لەسەر دەریای سوور درێژ دەبێتەوە. ناوی ساحێل "Sahel" لە زمانی عەرەبی ساحیلەوە وەرگیراوە کە بە واتای کەنار دەریا دێت و تایبەتمەندیی ئەو خەڵکەی لەوێ دەژین دیاری دەکات:

وەک کەناری دەریایەکی بێ کۆتایی بەڵام لە خۆڵ و زیخ واتە سارایەکی ئیشک و برینگ. ئەمەش خۆی چەشنێکیتری کەنارێکە، کەنارێک کە کاریگەریی ئایینی ئیسلامی تێیدا کەمتر دەبێتەوە. لە ساحێلەوە تا دەریای ناوەڕاست، زۆرینەی خەڵک موسڵمانن. لە باشووری ئەویشەوە هەمە چەشن ئایینی تێدایە.

لە ڕاستیدا لە باشووری ساحل، لە دوو لەسەر سێی ناوچەی خوارەوەدا، لە هەمەچەشنی نەتەوەیی و ئایینی پێکهاتووە. لەوێوە کەشوهەوای ناوچەکە مامناوەندتر دەبێت، ڕووەکی سەوز ناوچەکەی داگرتووە، کە لەگەڵ گەیشتنمان بە کۆنگۆ و کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست، زەوییەکەی دەبێتە لێرەوارێکی مەزن. بەرەو کەناری ڕۆژهەڵات، تووشی دەریاچە گەورەکانی ئۆگاندا و تانزانیا دەبین، لە کاتێکدا بەرەو ڕۆژئاوا لە ئەنگۆلا و نامیبیا، بیابانی زۆرتر دەبینرێت. کاتێک دەگەینە نووکی ئەفریقای باشوور، کەشوهەوا جارێکی دیکە "مەدیتەرانەیی" دەبێتەوە، هەرچەندە ئێستا نزیکەی ٨ هەزار کیلۆمتر لە باکوورترین خاڵەوە دوورین کە تونس لەسەر دەریای ناوەڕاستە.

بەو پێیەی مرۆڤ خۆی لە ئەفریقاوە سەرچاوەی گرتووە، هەمووومان ئەفریقین، بەڵام تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕەگەزە لە دەوروبەری ساڵی ٨٠٠٠ پێش زایین گۆڕانی بەسەردا

هات، کاتێک هەندێکیان کۆچیان بۆ ناوچەکانی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان دەریای ناوەڕاست کرد و تامەزرۆییان بۆ کۆچیتر لەدەستدا، نیشتەجێ بوون، دەستیان بە کاری کشتوکاڵ کرد و پاشان گوند و شارەکانیان پێکهێنا.

لە خوارەوەی ناوچەی باشوور، ڕووەکی کەم هەبوو - و تەنانەت ئاژەڵێکی کەمتریش - کە بتوانرێت ماڵی بکرێت. زۆربەی زەوییەکە لە لێرەوار، تاڵاو(زلقاو)، بیابان، یان فەلاتی بەرز پێکهاتبوو، کە هیچیان بۆ چاندنی گەنم یان برینج هەروەها بۆ لەوەڕاندنی مەڕ و ئاژەڵەکانیتر گونجاو نەبوون. کەرگەدەن و ئاسکەکێویی و زەڕافەکانی ئەفریقا بە سەرسەختییەوە ڕەتیانکردەوە ببنە ئاژەڵی بارهەڵگر - یان وەک دایمۆند "Diamond" لە بڕگەیەکی سەرنجڕاکێشدا دەنووسێت: "ڕەنگە مێژوو گەلێک جیاواز بووایە ئەگەر سوپاکانی ئەفریقا کە لە گۆشتی زەڕافە بەخێوکراوەکانی ئاژەڵداران لە مەزراکان خۆراکیان پێدرابا و لەلایەن شەپۆلی سوارکەری سەر پشتی کەرگەدەن پاڵپشتی کرابان، هێرشیان کردبایە سەر ئورووپا و بەسەر ئەو سەربازە ئەسپ سوارە لاوازانەدا زاڵ بایەن کە تەنیا لە گۆشتی مەڕ خۆیان تێر دەکرد". هەروەها سەرەتای دەسپێکی ئەفریقا لە مێژووی هاوبەشماندا کاتێکی زیاتری پێدرا بۆ پەرەپێدانی شتگەلیتر کە

تا ئەمڕۆش کارتێکەریی هەیە: کۆمەڵێک نەخۆشی وەک مەلاریا و هەڵامەتی زەرد، کە بەهۆی گەرماوە هاتوونەتە ئاراوە و ئێستا بەهۆی چڕیی زۆری دانیشتووان و خراپبوونی ژێرخانی تەندروستی هێندەیتر ئاڵۆز بوونەتەوە. ئەمە بۆ ناوچەکانی دیکەش ڕاستە – بۆ نموونە وڵاتی هیندوستان و ئەمریکای باشوور – بەڵام باشووری سەحرای ئەفریقا بە تایبەتی زیانێکی زۆری بەرکەوتووە، بۆ نموونە بە ڤایرۆسی ئایدز، هەروەها کێشەیەکی تایبەتیش هەیە کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی چەشن مێشوولەیەک بە ناوی مێشوولەی تسێس "Tsetsefliege"پێک دێت.

هەروەها زۆربەی ڕووبارەکانی ئەم قورنەیە کێشەیەکی جیددی دروست دەکەن چونکە لە بەرزاییەکانەوە سەرچاوە دەگرن و لە ڕێگەی تاڤگە بەرەو دەریا دەڕژێن کە دەبێتە هۆی ئەوەی کەشتیوانی بە تەواویی لەو ناوچانە مەحاڵ بێت. ئاوی ڕووبارەکانی بە شەش وڵاتدا تێدەپەڕێت و بە بەرزی ١٥٠٠ متر دادەبەزێت پێش ئەوەی بچێتە ناو زەریای هیند لە مۆزامبیک "Mosambik". لە بەشێکی ئەم ناوچانە بە بەلەمی تەخت دەتوانرێت هاتوچۆ بکرێت، بەڵام چونکە ئەم ڕێگایانە بەیەکەوە نابەسترێنەوە، گواستنەوەی بەرهەمی بازرگانی سنووردار دەکات.

بەپێچەوانەی ئورووپا کە ڕووبارەکانی دانوب و ڕاین وەک ڕێڕەوی ئابووری کەڵکیان لێوەرگیریّ، ڕووبارەکانی ئەفریقا بوونەتە ڕێگر لەبەردەم پەیوەندیی و بازرگانی نێوان هەرێمەکان – کە لە بەرامبەردا کاریگەریی لەسەر گەشەسەندنی ئابووری هەیە و پێشی بە خوڵقاندنی ناوچەیەکی بازرگانی گەورە گرتووە. ڕووبارە سەرەکییەکانی قورِنەکە – نیجەر"Niger"، کۆنگۆ"Kongo"، زامبێزی "Sambesi"، نیل"Nil" و ئەوانی دیکە – پەیوەندییان بەیەکەوە نییە و لەم نەبوونی پەیوەندییەدا فاکتەری مرۆییش هەن. لە کاتێکدا بەشێکی گەورەی ڕووسیا، چین و ئەمریکا زمانێکی هاوبەشیان هەیە کە پشتگیری لە بازرگانی بەهێزیان دەکات، مرۆڤ لە ئەفریقا بە هەزاران زمانی جیاوز ئاخافتن دەکەن و ناتوانن ببنە هۆی پەرەسەندنی کولتوورێکی هاوبەش کە بتوانێت بەسەر هەموو ناوچەکاندا زاڵ بێت. لەولاشەوە ئورووپا هێندە بچووک بوو کە بتوانێت زمانێکی هاوبەشیان "lingua franca"[١٦] هەبیّ و دیمەنێکی هەبوو کە هاندەری پێکەوە ژیان بێت.

تەنانەت ئەگەر دەوڵەتە نەتەوەییە بەرهەمدارە تێکنۆلۆژییەکانیش سەریان هەڵدابا، بەڵام بەشێکی زۆری

[١٦] زمانێکی هاوبەش کە خەڵکی کۆمەڵگاکان بە زمانی جیاوازەوە بتوانن لە بوارە بابەتییە تایبەتەکاندا لەگەڵ یەکتر پەیوەندی بگرن و لێک تێبگەن.

قوڕنەکە هێشتا بەزەحمەت پەیوەندییان بە باقی جیهانەوە دەبوو، چونکە ناوچە سەرەکییەکانی وڵاتەکە لەلایەن سارا "Sahara"، زەریای ئەتڵەس و زەریای هیندییەوە لێک جیا کراونەتەوە. بۆ هەزاران ساڵ ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و تێکنەلۆژیا بەزەحمەت لە سەحرای باشووری ئەفریقا بەڕێوەچووە. سەرەڕای ئەوەش، چەندین ئیمپراتۆریەتی ئەفریقا و شار-دەوڵەت لە دوای سەدەی شەشەم گەشەیان کرد: بۆ نموونە، ئیمپراتۆریەتی مالی "Mali" (سەدەی ١٣-١٦) و شار-دەوڵەتی زیمبابۆ"Simbabwe"ی گەورە (سەدەی ١١-١٥). دووهەمیان لە نێوان ڕووبارەکانی زامبێزی "Sambesi" و لیمپۆپۆ "Limpopo" هەڵکەوتووە. بەڵام ئەم کولتوورانە و کولتوورەکانی دیکەش لە بلۆکێکی ناوچەیی تاڕادەیەک بچووکدا سنووردار بوون و لە کاتێکدا کولتووریی بێشومار لە سەرانسەری قوڕنەکەدا سەریان هەڵدا، دیارە ڕەنگە لە ڕووی سیاسییەوە ئاڵۆز بووبن، بەڵام دیمەنی فیزیکی و دۆخی سروشتیان بەردەوام وەک بەربەستێک لەبەردەم گەشەسەندنی تێکنەلۆژیادا وەستابوون. لەگەڵ گەورەبوونەوەی بە کۆمەڵی باقی جیهان، هێشتا زۆربەی کولتوورەکان دەبوو نووسین، کاغەز، باڕووت و چەرخ داهێنن و بیدۆزنەوە.

کاسبکاران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەریای ناوەڕاستەوە دوای یارمەتیوەرگرتن لە وشتر نزیکەی دوو هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە هاتبوونە سەحرا و بەرژەوەندیی سەرەکییان بەدەستهێنانی خوێی بەرفراوان بوو لەوێ. بەڵام تەنیا لەگەڵ داگیرکارییەکانی عەرەب لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا بوو کە بناغەکانی پێشڕەویی بەرەو باشووری بونیات نرا. تا سەدەی نۆیەم عەرەبەکان سەحرایان بەزاندبوو و تا سەدەی ١١ش تا باشووری نیجیریای ئێستا بە باشیی خۆیان جێگیر کردبوو. هەروەها عەرەبەکان بە کەشتی بە درێژایی کەنارەکانی ڕۆژهەڵات گەشتیان دەکرد و لە شوێنەکانی وەک زانزیبار "Sansibar" و دارئەلسەلام "Daressalam" لە تانزانیای ئێستا نیشتەجێ ببوون.

کاتێک ئورووپییەکان دواجار لە سەدەی پازدەهەمدا بەدرێژایی کەنارەکانی ڕۆژئاوا پێشڕەوییان بۆ باشوور کرد، بەندەری سروشتی کەمیان بۆ کەشتییەکانیان دۆزیەوە. بە پێچەوانەی ئورووپا یان ئەمریکای باکوور کە لە شوێنی بەندەری سروشتی کەنارئاوی نارێک و قووڵ پێکدەهێنن، کەنارئاوەکانی ئەفریقا زۆربەیان لە لێوارێکی نزم پێکهاتوون. کاتێکیش ئورووپییەکان گەیشتنە ئەو شوێنانە، بەهۆی نەگونجاوبوونی کەشتیوانی لەسەر ڕووبارەکانی، هەروەها

کەشوهەوای سەخت و نەخۆشیی، نەیاندەتوانی زیاتر لە ١٥٠ کیلۆمتر بۆ ناوەوەی وڵات بڕۆن.

دیارە هەردوو عەرەب و ئورووپییەکان تێکنەلۆژیای نوێیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، بەڵام زۆربەیان تەنیا بۆ خۆیانیان دەهێشتەوە و هەموو ئەو شتانەیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرت کە بەلایانەوە بەنرخ بوون – بە شێوەیەکی سەرەکی کەرەستەی خاو و هێزی کۆیلەی مرۆڤ.

کۆیلایەتی زۆر پێش ئەوەی باقی جیهان بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێیەوە هاتبوو(ئەفریقا)، بوونی هەبووە. لە دەوروبەری کەنارئاوەکان، بازرگانان هەزاران کۆیلەیان بۆ گواستنەوەی ژومارێکی زۆر لە گەورەترین گەنجینەی ناوچەکە لەو کاتەدا کە خوێ بوو، بەکارهێنا - بەڵام ئەوە تەنیا عەرەبەکان بوون کە دەستیان کرد بە تامەزرۆکردنی سەرکردەی هۆزەکان بۆ بازرگانی کۆیلەی مرۆڤی ئەفریقایی. تا لوتکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سەدەی ١٥ و ١٦ سەدان هەزار ئەفریقی (زۆربەیان خەڵکی ناوچەی سودان) بۆ ئەستەنبوڵ، قاهیرە، دیمەشق و باقی جیهانی عەرەبی هەناردە کران. ئورووپیەکانیش بە چاولێکەریی عەرەبەکان ئەو کارەیان کرد، بەڵام لەوانیش تەماحکارتر بوون و هەڵسوکەوتی خراپتریان لەگەڵ ئەو کۆیلانەی بە کەشتیی دەهێنرانە ڕۆژئاوا دەکرد.

له ماڵەوە لە پێیتەختەکانیان لە لەندەن، پاریس، برۆکسل و لیسابۆنەوە، ئورووپییەکان نەخشەیان لە گەڵ خۆیان هەڵدەگرت کە ئەفریقایان تێدا کێشرابۆوە و سنوورەکانیان بۆ دیاریی کردبوون - یان ئەگەر بە شێوەیەکی شەڕانگێزانە بڵێین، درۆیان دەکرد و لە چوارچێوەی ئەم دێڕانەدا ناوی وەک کۆنگۆی ناوەڕاست یان ڤۆڵتای سەرەوەیان دەنووسی و بە وڵاتیان دەناساندن. دیاریکردنی ئەم هێڵانە زیاتر پەیوەندییان بەوەوە هەبوو کە پشکێنەران، (گرووپی سوپایی و بازرگانی) کە دەسەڵاتی ئورووپی لەوانەوە سەرچاوەیەن دەگرت، تا چ ڕادەیەك بەرژەوندییان هەبووە، و هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نەبوو ئەو مرۆڤانەی لەناو هێڵەکاندا دەژیان چلۆن هەستیان کردووە یان چلۆن ویستوویانە خۆیان ڕێکبخەن. زۆرێک لە ئەفریقییەکانی ئەمڕۆ تا ڕادەیەک زیندانی ئەو جوگرافیا سیاسییەن کە لە لایەن ئورووپییەکانەوە بۆیان دیاریی کراوە و ئەو بەربەستانەی کە سروشت لەبەردەم گەشەسەندنی زیاتردا بەسەریاندا سەپاندوونی. ئەمڕۆ لە ئەفریقا ٥٦ دەوڵەت هەن. لە دوای " هەوای پاک"ی بزووتنەوە سەربەخۆییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە، هەندێک لە وشەکانی نێوان هێڵەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە - بۆ نموونە ڕۆدێسیا "Rhodesien" لە زیمبابۆی- بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، سنوورەکان زۆربەیان وەک خۆیان

ماونەتەوە. بۆیە زۆرێک لە ناوچەکان هەمان ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە سەردەمی خۆی کێشراون و ئەم دابەشبوونە فەرمیانە بەشێکن لەو میراتە زۆرانەی کە کۆلۆنیالیزم لە قورنەکەدا لە خۆی بەجێ هێشتووە و بەسەریانیدا سەپاندووە.

ململانێ نەتەوەییەکان لە سودان، کینیا، ئەنگۆلا، کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ، نەیجیریا، مالی و شوێنەکانی دیکە بەڵگەن لەسەر تێگەییشتوویی و وێناکردنی ئورووپی بۆ جوگرافیا، کە لەگەڵ واقیعی دیمۆگرافیای ئەفریقادا بە هیچ شێوەیەک ناگونجێت. بێگومان بەردەوام ململانێ هەبووە: زولو "Zulu" و ژۆسا "Xhosa" زۆر پێش ئەوەی یەکەم ئورووپیەکان لە تەنیشت خۆیان ببینن ناکۆکیان هەبووە. بەڵام کۆلۆنیالیزم ناچاری کردن ئەو ناکۆکییانە لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی دەستکرددا چارەسەر بکەن - چەمکی ئورووپی "دەوڵەت – نەتەوە". شەڕە ناوخۆییەکانی ئەمڕۆ بەشێک لەو ڕاستییە سەرچاوە دەگرن کە کۆلۆنیالیستەکان بە گەلی جیاواز و یەک گەل لە یەک دەوڵەتدا سەیریان دەکردن، پاشان دوای ئەوەی کۆلۆنیالیستەکان لە وڵات دەرکران، "یەک گەل لەناو دەوڵەت" دەستی کرد بە زاڵبوون و هەرکام ویستیان

حوکمڕانی بەسەر هەموو ئەوانیتردا بکەن - بەم شێوەیە توندوتیژیی بەرنامەڕیزیی کرا.

بۆ نموونە با لیبیا لەبەر چاو بگرین، بنیاتێکی دەستکرد کە تەمەنی تەنیا چەند دەیەیەک بوو، لە یەکەم حاڵەتی تاقیکردنەوەدا، بۆ فۆڕمی سەرەتایی خۆی، کە بەسەر سێ ناوچەی جوگرافی جیاوازدا دابەشکرابوو، گەڕایەوە. لە ڕۆژئاوا تریپۆلیتانیا "Tripolitanien" لە سەردەمی یۆنانیدا هەبوو(لە تری پۆلی یۆنانییەوە، واتە سێ شار کە لە کۆتاییدا یەکیان گرت و تریپۆلیسیان پێکهێنا)، لە کاتێکدا ناوچەی ڕۆژهەڵات کە لەسەر شاری بەنغازی "Bengasi" ناوەندەکەی چڕ ببۆوە بەڵام تا چاد درێژدەبووەوە، لە سەردەمی یۆنانی و ڕۆمییەکان بە کیرینایکا "Kyrenaika" ناسرابوو. لە نێوان ئەم دووانەدا، لە کەنارەکانی باشووری ڕۆژئاوای وڵاتی ئەمڕۆیدا، ناوچەی فێزان "Fessan" هەڵکەوتووە.

تریپۆلیتانیا هەمیشە ئاراستەی باکوور و باکووری ڕۆژئاوا بووە و پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ دراوسێکانی باشووری ئورووپادا پاراستووە. کیرینایکا ڕووی لە ڕۆژهەڵات بوو بەرەو میسر و وڵاتانی عەرەبی - تەنانەت شەپۆلی کەنارئاوەکانی بەنغازی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کەشتییەکان بەرەو ڕۆژهەڵات دەبات. فێزان بە شێوەیەکی

نەریتی خاکێکی کۆچەری بووە کە دانیشتووانەکەی هاوبەشییەکی کەمیان لەگەڵ دوو ناوچەی کەنار دەریاکەدا هەبووە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە چلۆن یۆنانی، ڕۆمیی، تورکەکان و هتد... حوکمڕانی ناوچەکەیان کردووە – هەروەها مرۆڤ چلۆن بۆ چەندین سەدە سەیری پەیوەندایەتی و هەستی خۆیان بەو ناوچانەوە کردووە. ڕێکخراوەی ئۆرووپی لیبیا دەبێت بۆ مانەوەی خۆی خەبات بکات. ئێستا زۆریەک لە گروپە ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵات "ئیمارەتی کیرینایکا"یان ڕاگەیاندووە. تەنانەت ئەگەر ئەمە بە ڕاستیش وەرنەگەڕێت، خۆی نموونەی ئەوەیە کە پێکهێنانی هەرێم جگە لەو هێڵانەی لەلایەن کەسانی دەرەکییەوە بۆیان کێشراون، مانایەکیتری نییە.

بەڵام یەکێک لە گەورەترین شکستەکانی هێڵکێشانی ئۆرووپی دەتوانرێت لە ناوەندی قوڕنەکەدا بدۆزرێتەوە، لە چاڵە ڕەشە مەزنەکەدا کە بە کۆماری دیموکراتیی کۆنگۆ ناسراوە – "DR Kongo". لەم وڵاتەدا جۆزێف کۆنراد "Joseph Conrad" گێڕاوەکەی خۆی بەناوی "دڵی تاریکیی" لە ناو کۆمەڵدا چەسپاندووە و بۆ هەمیشە وەک شوێنێک دەمێنێتەوە کە تاریکی شەڕ ڕووپۆشی مەرگی بەسەردا کێشاوە. وڵاتەکە نموونەیەکی سەرەکییە کە چلۆن سەپاندنی سنوورە دەستکردەکان دەتوانێت ببێتە هۆی

دەوڵەتێکی لاواز و دابەشکراو، کە بەهۆی نائارامی ناوخۆییەوە وێران بووە و سەروەت و سامانە سروشتییەکانی مەحکوم بە ڕووتاندنەوە لە لایەن کەسانی بیانییەوە کراون.

کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ ڕوونی دەکاتەوە بۆچی هەموو ئەو وڵاتانەی کە بەشێک نین لە جیهانی پیشەسازیی مۆدێرن ناتوانرێت بە سادەیی بە "وڵاتانی گەشەسەندوو" وەسف بکرێن. کۆماری کۆنگۆی دیموکراتیک لە گەشەکردندا نییە و هیچ نیشانەیەکیش نییە کە لە داهاتوودا گەشە بکات. هەرگیز نەدەبوو کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ پێک بێت؛ لە کردەوەدا ئەو کۆمارە هەڵوەشاوەتەوە و ناوچەیەکی شەڕی لە جیهاندا پێکهێناوە کە کەمترین ڕاپۆرتی لەسەر دەکرێ، سەرەڕای ئەو ڕاستییەی لە کۆتاییەکانی نەوەدەکانەوە لێرە شەش ملیۆن مرۆڤ لەو شەڕانەدا گیانیان لەدەستداوە.

کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ نە دیموکراتیکە و نە کۆمار. دووەم وڵاتی گەورەی ئەفریقایە و ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی ٧٥ ملیۆن کەسە (بەهۆی دۆخی ئێستایەوە، دەستکەوتنی ئاماری ورد گەلێک ئەستەمە). پانتایی وڵاتەکە گەورەترە لە ئەڵمانیا، فەرەنسا و ئیسپانیا بەیەکەوە و دارستانی باراناوی کۆنگۆ لەخۆدەگرێت کە لەدوای ئەمازۆن

دووەم دارستانی گەورەیە لە جیهاندا. دانیشتووانەکەی لە زیاتر لە ٢٠٠ نەتەوە پێکهاتوون کە گەورەترینیان بانتۆیە "Bantu" و چەند سەد زمانی جیاوازی تێدایە. بەڵام بەکارهێنانی زمانی فەرەنسی بە گشتی تا ڕادەیەک ئەم بۆشاییە پڕدەکاتەوە. ناوی فەرەنسی لە ساڵانی کۆلۆنیی بلژیک (١٩٠٨-١٩٦٠) و قۆناغەکانی پێش ئەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پاشای بلژیک لیۆپۆڵدی دووەم "Leopold II" وڵاتەکەی بە موڵکی تایبەتی خۆی دەزانی، و دەستی بە دزین و ڕووتاندنەوەی کەرەستە خاوەکانی ئەم ناوچانە کرد بۆ ئەوەی گیرفانەکانی خۆی پێ پڕکاتەوە. دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی بلژیکی لە سەرەتاوە تا کۆتایی، بێبەزەییانە و دڕندە بوو و تەنانەت هەوڵێکی کەمیشیان نەدا بۆ دروستکردنی ژێرخانێک کە سوود بە دانیشتووان بگەیەنێت. کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و فەرەنسی بە بەراوردکردن دەکرا ناوی خێرخوازیی لەسەر دابنرێت. کاتێک بلژیکیەکان لە ساڵی ١٩٦٠دا وڵاتەکەیان بەجێهێشت، هیچ شانسێکیان بۆ نەمابۆوە کە وڵاتەکە بەیەکەوە ڕابگرێت.

شەڕە ناوخۆییەکان دەستبەجێ دەستیان پێکرد و دواتر بەهۆی ڕۆڵی پشتیوانی خوێناوی لە شەڕی ساردی جیهانیدا ناکۆکییەکانیان توندتریش بوونەوە. حکومەت لە کینشاسا

"Kinshasa"ی پێتەخت پشتگیری یاخیبووانی شەڕی ناوخۆی ئەنگۆلای دەکرد، بەم شێوەیە خۆی لای ئەمریکا خۆشەویست نیشان دەدا چونکە ئەمریکاش لایەنگریی بزووتنەوەی یاخیبووانی دژی حکومەتی ئەنگۆلا دەکرد کە سۆڤیەت پشتیوانی دەکردن. هەردوولا بە بەهای سەدان ملیۆن دۆلار چەکیان هێنایە ناو وڵاتەکەوە.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، هەروەها کەمبوونەوەی بەرژەوەندیی هەر دوو زلهێزەکە، کەمتر تامەزرۆییان بۆ وڵاتەکە هەبوو، کە ئێستا ئیتر ناوی زایر "Zaire" بوو، دەوڵەتیش بە دەستبەسەرداگرتنی کەرەستەی خاوی وڵاتەکە خۆی زیندوو ڕاگرت.

دۆخی جوگرافی ئەفریقای ناوەڕاست بە شێوەی کەوانەیەک بەسەر باشوور و ڕۆژهەڵاتی کۆماری دیموکراتی کۆنگۆدا دەڕوات و بەتایبەتی لە پارێزگای کاتانگا "Katanga" ژمارێکی زۆر لە کۆبالت، مس، ئەڵماس، زێڕ، زیو، خەڵوز، مەنگەنیز و کانزاکانی دیکەی لە خۆ گرتووە. لە سەردەمی شا لیۆپۆڵددا، جیهان بۆ پیشەسازیی ئۆتۆمبێلی گەشەسەندوو داوای لاستیکی "Kautschuk" ناوچەکەی دەکرد؛ ئەمڕۆ چین زیاتر لە سەدا پەنجای هەناردەی کۆنگۆ دەکڕێت، بەڵام دانیشتووانەکەی هێشتا لە هەژاریدا دەژین. لە پێوەرەکانی گەشەپێدانی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ

ساڵی ٢٠١٤، کۆماری کۆنگۆی دیموکراتیک لە کۆی ١٨٧ وڵات لە پلەی ١٨٦دایە. ١٨ پلەی کۆتایی ئەم ڕیزبەندییە تەنیا سەر بە وڵاتانی ئەفریقایین.

لەبەر ئەوەی وڵاتەکە زۆر گەورەیە و بەهۆی سامانە سروشتییەکانیەوە زۆر دەوڵەمەندە، هەر مرۆڤێک دەیهەوێ بەشێک لەم نیعمەتە سروشتییەی پێ بگات، بەڵام بەو پێیەی بەزەحمەت حکومەتێکی ناوەندی بەهێز هەیە، ناوچەکان ناتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر و دیموکراتیک هەڵسوکەوت بکەن.

نۆ وڵات ناوچەکەیان دەورە داوە و هەموو ئەو وڵاتانەش کەم تا زۆر ڕۆڵیان لە مەرگ و ئازارەکانی کۆماری دیموکراتیکی کۆنگۆدا هەبووە. ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە شەڕەکانی کۆنگۆ بە "شەڕی جیهانی ئەفریقا" دەناسێنێت. لە باشوور ئەنگۆلا "Angola" هەڵکەوتووە، لە ڕۆژئاوا و باکوورەوە کۆماری کۆنگۆ و کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست و لە ڕۆژهەڵاتەوە باشووری سودان، ئۆگاندا، ڕواندا، بۆروندی، تانزانیا و زامبیا. ڕەگ و ڕیشەی شەڕەکان دەگەڕێتەوە بۆ دەیان ساڵ لەمەوبەر، بەڵام خراپترینیان بەهۆی ئەو کارەساتەوە سەریهەڵدا کە لە ساڵی ١٩٩٤ لە ڕواندا ڕوویدا، کە کارتێکەرییەکانی ڕۆژئاواشی خستە دۆخێکی نالەبارەوە.

دوای جینۆسایدی ڕواندا، ڕزگاربووانی توتسی و هوتۆی میانەڕەو حکومەتێکیان بە سەرۆکایەتی توتسی پێکهێنا. میلیشیای هوتو ئینتەراهامویَ "Interahamwe" بەرەو ڕۆژهەڵاتی کۆنگۆ هەڵاتن و لەوێوە دەستیان بە هەڵکوتانە سەر وڵاتانی دراوسێ کرد. هەروەها لەگەڵ سوپای کۆماری کۆنگۆی دیموکراتیک بۆ کوشتنی ئەو توتسیانەی کە لە ناوچەی سنووری کۆماری دیموکراتیکی کۆنگۆ دەژیان یەکیان گرت. بە پاڵپشتی بوروندی "Burundi" و ئێریتریا "Eritrea"، سوپای ڕواندا و ئۆگانداش هاتنە ناو مەیدان. پێکەوە لەگەڵ میلیشیاکانی ئۆپۆزسیۆن هێرشیان کردە سەر ئینتەراهامویَ و حکومەتی کۆماری کۆنگۆی دیموکراتیان ڕووخاند. هەروەها کۆنترۆڵی زۆربەی سامانە سروشتییەکانی وڵاتەکەیان بەدەستهێنا، بەتایبەتی ڕواندا دەستی بەسەر زیاتر لە تۆنێک ماکەی کۆڵتان"Coltan" کە بۆ مۆبایل و چیپی کامپیۆتر پێویستە، داگرت. بەڵام هێزەکانی پێشووی حکومەت کۆڵیان نەدا و بە پاڵپشتی ئەنگۆلا و نامیبیا و زیمبابۆی درێژەیان بە شەڕەکەدا. وڵات بوو بە گۆڕەپانێکی بەرفراوانی شەڕ کە زیاتر لە بیست لایەنی شەڕکەری جیاواز شەڕیان لەسەر دەکرد.

بەپێی خەمڵاندنی کۆنەپەرستەکان، دەیان هەزار کەس لەو شەڕانەدا کوژراون و شەش ملیۆنی دیکەش بەهۆی

نەخۆشی و بەدخۆراکییەوە گیانیان لەدەستداوە. نەتەوە یەکگرتووەکان مەزەندە دەکات کە نزیکەی لەسەدا ٥٠ی قوربانییەکان منداڵانی خوار تەمەنی پێنج ساڵان بوون.

شەڕ و پێکدادانەکان لە ساڵانی ڕابردوودا کەمبوونەتەوە، بەڵام کۆماری دیموکراتیکی کۆنگۆ شوێنی کوشندەترین ململانێیە لە دوای شەڕی جیهانی دووەمەوە و هێشتا بۆ ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی شەڕ پێویستی بە گەورەترین ئەرکی ئاشتیپارێزیی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە. ئێستا ئەرکەکە ئەوە نییە کە چلۆن لە دەوری یەکتر کۆبکرێنەوە، چونکە کۆماری دیموکراتیی کۆنگۆ هەرگیز یەکگرتوو نەبووە. بەڵکوو ئەوەیە کە پارچەکان لە یەکتر دوور ڕاگیرێن تا ڕێگەیەک دەدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی مانادار و ئاشتیانە پێکەوەژیانیان گونجاو بکرێت. کۆلۆنیالیستە ئورووپییەکان هێلکەیەکی بێ جووجکەیان خوڵقاند، ئەمەش دیارە شتێکی گەلێک بێمانا بوو بەڵام بەداخەوە لە سەرانسەری قوڕنەکەدا دووبارە بووەوە و تا ئێستاش هەر بەردەوام دووپات دەکرێتەوە.

سەرچاوە سروشتییەکانی ئەفریقا ئەوەندەی نەفرەتیان بۆ وڵات بەدیاری هێنا، ئەوەندەش نیعمەتیان بۆ هێنان – نیعمەت چونکە سامانی ماکە خاوەکانی گەلێک مەزنە، نەفرەت چونکە لە مێژە لەلایەن وڵاتانی بیانییەوە تاڵان

کراوە و دەکرێت. لەم دواییانەدا دەوڵەتە نەتەوەییەکان توانیویانە داوای پشکی ئەم سامانە بکەن و وڵاتانی دیکەش ئێستا ستراتیژی خۆیان گۆڕیوە و لەبری دزیکردن، وەبەرهێنان دەکەن، بەڵام هێشتا خەڵکی ناوچەکە بەزەحمەت سوود لەم سەرچاوانە وەردەگرن. جگە لە کەرەستەی خاو، ئەفریقا شانازیی بە چەندین ڕووباری گەورەشەوە دەکات – هەرچەندە بۆ کاری بازرگانی لەبار نین، بەڵام بە باشی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا گونجاون. بەڵام ئەمەش خۆی پۆتانسێلی ململانێیە بۆ سەرچاوەی وزە.

ڕووباری نیل بە درێژایی زیاتر لە ٦٦٠٠ کیلۆمتر درێژترین ڕووباری جیهانە و ئاوەڕۆی یازدە وڵاتی لەخۆگرتووە: بوروندی، کۆماری دیموکراتیی کۆنگۆ، ئێریتریا، ئەتیوپیا، کینیا، ڕواندا، سودان و باشووری سودان، تانزانیا، ئۆگاندا و میسر. هەر لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین، مێژوونووس هێرۆدۆت گوتوویە: "میسر ڕووباری نیلە و نیل میسرە". ئەمەش تا ئەمڕۆش ڕاستە و هەر مەترسییەک لەسەر دابینکردنی ئاو بۆ ناوچەکانی میسر کە درێژییەکەی ١١٠٠ کیلۆمترە و بە تەواوی کەشتیوانی تێدا دەکرێت، نیگەرانییەکی جددییە بۆ قاهیرە - نیگەرانییەک کە دەتوانێت ببێتە هۆکار بۆ دەستپێکی شەڕێک. ئەگەر ڕووباری نیل نەبوایە، میسر چۆڵ دەبوو. لەوانەیە وڵاتەکە

گەورە بێت، بەڵام زۆرینەی ٨٤ ملیۆن دانیشتووەکەی لە دەوروبەر و نیزیکیی ڕووباری نیل دەژین. بە لەبەرچاوگرتنی تەنیا ناوچە دانیشتووەکانی، میسر یەکێکە لەو وڵاتانەی جیهان کە ژمارەی چڕی دانیشتوانی گەلێک بەرزە.

دادپەروەرانە دەبێت ئەگەر بڵێین میسری سەردەمی خۆی دەوڵەتێکی نەتەوەیی و هاوکاتیش زلهێزێکی ناوچەیی بووە لە کاتێکدا زۆربەی وڵاتە ئورووپییەکان هێشتا لە چواردەوری لیم و قوڕدا دەژیان. لە سێ لاوە لە لایەن بیابانەکانەوە پارێزراوە، ئەگەر کێشەیەک نەبوایە دەیتوانی ببێتە زلهێزێکی سەرەکی لە ناوچەی دەریای ناوەڕاستدا: لە ڕاستیدا هیچ دارێک لە وڵاتی میسردا نییە و بۆ زۆربەی مێژووەکەی، بە بێ دار بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتەکەی نەیتوانیوە هێزێکی دەریایی گەورە دروست بکات. بەردەوام هێزی دەریایی میسر هەبووە - بۆ دروستکردنی بە تێچووی زۆر دەبوو لە لوبنانەوە دار هاوردە بکرێت - بەڵام هەرگیز وەک هێزێکی دەریایی بەهێز نەبووە.

میسری ئەمڕۆ لە سایەی هاوکاریی سەربازیی ئەمریکاوە بەهێزترین هێزی سوپایی لەناو هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکاندا هەیە، بەڵام هەر وەک پێشووش بەهۆی بیابان و دەریا، بە پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل بەستراوەتەوە. بەردەوام لە هەواڵەکاندا دەمێنێتەوە، چونکە

ڕۆژانە خەبات دەکات بۆ ئەوەی خۆراک بە ٨٤ ملیۆن کەس بگەیێنێت، هاوکاتیش خەریکی ململانێی لەگەڵ یاخیبووانی ئیسلامی لە سینایە و دەبێ پارێزگاریی کاناڵی سوێس بکات، کە ڕۆژانە لەسەدا ٨ی سەرجەم بازرگانی جیهانی لێیەوە تێدەپەڕێت. هەروەها ڕۆژانە لە سەدا ٢،٥ی نەوتی خاوی جیهان لێرەوە تێدەپەڕێت. ئەگەر کاناڵەکە دابخرێت، گواستنەوە بۆ ئورووپا ١٥ ڕۆژ و بۆ ئەمریکا ١٠ ڕۆژ درێژ دەبێتەوە - دیارە لەگەڵ بەرزبوونەوەی تێچووە ماڵییەکانی.

سەرەڕای ئەزموونی سەرجەم پێنج شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل، پێدەچێت وڵاتی داهاتووی میسر کە دەکرێ لەگەڵیدا ڕووبەڕوو ببێتەوە ئەتیوپیا بێت کە خاڵی مشتومڕیان ڕووباری نیلە. دوو وڵاتی کۆنی قوڕنەکە کە گەورەترین سوپایان هەیە، لەسەر گرنگترین سەرچاوەی ئاوی ناوچەکە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی یەکتریان هەیە. ڕووباری نیلی شین کە لە ئەتیوپیاوە سەرچاوە دەگرێت لەگەڵ ڕووباری نیلی سپی لە خەرتومی پایتەختی سودان یەکدەگرنەوە، پاشان ڕووباری نیل بە بیابانی نوبیاوە دەڕژێتە ناو میسرەوە. تا ئەم شوێنە زۆربەی ئاوەکە لە ڕووباری نیلی شینەوە دێت.

ئەتیوپیا هەندێک جار بەهۆی بەرزییەکەی و بوونی زیاتر لە ٢٠ شوێنی پاشەکەوتکراوی ئاو کە بەهۆی بارانبارینەوە لە بەرزاییەکانیدا کۆدەبنەوە، بە "قەڵای ئاوی ئەفریقا" ناودەبرێت. لە ساڵی ٢٠١١ ئەدیس ئەبابا پرۆژەیەکی هاوبەشی لەگەڵ چین ڕاگەیاند: بەنداوی گەورەی ڕێنێیسانس، وێستگەیەکی گەورەی کارەبای ئاوییە کە لەسەر ڕووباری نیلی شین لە نزیک سنووری سودان دروست دەکرێت و بڕیارە تا ساڵی ٢٠٢٠ تەواو بێت. مەبەست لە بەنداوەکە بەرهەمهێنانی کارەبایە، هەروەها ڕێڕەوی ئاو بۆ میسریش وەک جاران بمێنێتەوە. بەڵام لە ڕووی تیۆریەوە بەنداوەکە دەتوانێت پێداویستیی ساڵێکی تەواو ئاو لەخۆیدا پاشەکەوت بکات و بەربەستی دۆڵە تەواوبووەکەش دەرفەت دەدات بە ئەتیوپیا کە ئاوەکە بۆ مەبەستی خۆی ڕاگرێت، بەم کارەش ئاوەکە بە شێوەیەکی بەرچاو بۆ میسر کەم دەبێتەوە.

لە ئێستادا میسر خاوەنی هێزی چەکداری بەهێزترە، بەڵام ئەمە بە پێی کات دەگۆڕێت چونکە ئەتیوپیا کە وڵاتێکی ٩٦ ملیۆن کەسییە، هێزێکی بەرەو گەشەسەندنە. قاهیرە ئەمە دەزانێت، هەروەها لەناوچوونی بەنداوەکە دوای بەکارهێنانی دەبێتە هۆی کارەساتی لافاو لە هەردوو وڵاتی ئەتیوپیا و سودان. بەڵام لە ئێستادا هیچ بەهانەیەک نییە

که پێشەکی هەڵسوکەوتی لەهەنبەردا بگرن. هەرچەندە وەزیرێکی کابینەی میسر پێشنیاری بۆردومانەکەی کردووە، بەڵام ئەگەری ئەوە زیاترە لە ساڵانی داهاتوودا دانوستانێکی چڕ بەڕێوەبچێت و لە ڕێگەیەوە میسر بەدوای گەرەنتی متمانەپێکراودا بگەڕێت کە دابینکردنی ئاو بۆ وڵاتەکەی هەرگیز ناوەستێت. پێشبینی دەکرێت ململانێکانی ئەم سەدەیە شەڕ لەسەر ئاو لەخۆ بگرێت. هەروەها ئەمە یەکێکە لەو کێشانەی داهاتوو کە پێویستە چاودێریی بکرێت. کێشەیەکی دیکەشیان کە کێبڕکێیەکی گەرمی لەسەرە، نەوتی خاوە.

لە قوڕنەی ئەفریقا، نەیجیریا گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتە و سەرجەم نەوتی کوالیتی بەرزی دەکەوێتە باشووری ئەو وڵاتە. خەڵکی باکووری نەیجیریا گلەیی ئەوە دەکەن کە قازانجی نەوت سوودی بۆ هەموو ناوچەکان بە یەکسانی نییە. ئەم جیاوازییە، گرژیی نەتەوەیی و ئایینییەکانی نێوان گەلانی دێڵتای نەیجەر و گەلانی باکووری ڕۆژهەڵات بەرز دەکاتەوە.

لە ڕووی قەبارە و ژمارەی دانیشتووان و سامانە سروشتییەکانەوە، نەیجیریا بەهێزترین وڵاتی ڕۆژئاوای ئەفریقایە. بە ژمارەی دانیشتووانی ١٧٧ ملیۆن کەسەوە، زۆرترین دانیشتووانی ئەو قوڕنەیەی پێکهێناوە. ئەمەش بە

یەکگرتنی قەبارە و سەرچاوە سروشتییەکانی، نەیجیریا دەکاتە هێزی پێشەنگی ناوچەیی. لە چەندین شانشینی کۆن پێکهاتووە، کە ئینگلیزەکان بۆ یەکەیەکی ئیداری لە دەوری یەکتر کۆیان کردۆنەتەوە. لە ساڵی ١٨٩٨دا "پارێزگاری بەریتانیای نیجەر"یان دامەزراند، کە دواتر بوو بە نەیجیریا. ڕەنگە ئەم وڵاتە لەمڕۆدا زلهێزێکی سەربەخۆی ناوچەیی بێت، بەڵام دانیشتووانی و سامانە سروشتییەکانی دەیان ساڵە تووشی بەڕێوەبردنێکی خراپ بوون. لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا ئینگلیزەکان پێیان باشتر بوو لە ناوچەی کەنار دەریاکانی باشووری ڕۆژئاوا بمێننەوە. "شارستانیەت" بەزەحمەت بە بەرزاییەکانی ناوەندی وڵات یان دانیشتوانی موسڵمان لە باکوور گەییشت، هەر بۆیە ئەم نیوەیەی وڵاتەکە کەمتر گەشەسەندووە بوو لەچاو باشووری وڵاتەکە. بەشێکی زۆری پارەی فرۆشتنی نەوت بۆ بەرتیلدان بە کەسانی کاریگەر و بەهێز لە سیستەمی عەشیرەتی ئاڵۆزی نەیجیریا تەرخان دەکرا. هەروەها پیشەسازیی نەوتی وشکانی لە دێڵتا لەژێر گوشاری بزووتنەوەی ڕزگاریی دێڵتای نەیجەر (MEND)دابوو[١٧] – ناوێکی خەیاڵیی بۆ گروپێک کە لە ناوچەیەکدا چالاکی دەکەن کە تێیدا پیشەسازیی نەوت وێران کراوە بەڵام ئەمە وەک سەرپۆشێک بۆ تیرۆر و

[١٧] Movement for the Emancipation of the Niger Delta

زەوتکردن بەکاردەهێنن. بە ڕفاندنی کرێکارانی نەوتی بیانی دۆخێکیان پێکهێناوە کە دڵنیا بۆ کارکردن شوێنێکی کەمتر سەرنجڕاکێش و ئەمن بێت. کێڵگە نەوتییەکانی کەناردەریایی بەزەحمەت کاریگەری ئەم چەشنە چالاکییانەیان لەسەرە و هەربۆیە بوونەتە ئەو شوێنەی وەبەرهێنانەکانی تێدا ئاراستە دەکرێت.

گرووپی ئیسلامیی بۆکۆحەرام "Boko Haram" کە لە ناوچە موسڵمانەکان هەوڵی دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی دەدات، لەو هەستە نادادپەروەرییەی بەهۆی گەشەسەندنی کەم لە ناوچەکە دروست بووە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی لە باکوور، کەڵکی نابەجێ وەردەگرێت. چەکدارانی بۆکۆحەرام زۆرتر لە نەتەوەی کانورین "Kanuri" و خەڵکی باکووری ڕۆژهەڵاتن و بە دەگمەن لە دەرەوەی خاکی خۆیان چالاکی دەکەن. ئەوان تەنانەت بۆ ڕۆژئاوا بۆ ناوچەی هاوسا"Hausa"، و بە دڵنیاییەوە بۆ باشوور بۆ ناوچەی کەنار دەریاکانیش ناڕۆن. ئەمەش بەو مانایەیە کە سوپای نەیجیریا هەوڵدەدات لەسەر ناوچەکانی خۆیان هەنگاو دژی بۆکۆحەرام بگرنەبەر. زۆرێک لە خەڵکی ناوچەکە لەبەر ئەوەی ترسیان لە تۆڵەسەندنەوە هەیە یان ناڕەزایی هاوبەشیان بەرامبەر بە باشوور هەیە، هاوکاریی سوپا ناکەن.

ئەو خاکەی تا ئێستا بۆکۆحەرام دەستی بەسەردا گرتووە، بۆ هەڕەشەکردن لەسەر نەیجیریا بەس نییە. دیارە ئەو گروپە تەنانەت مەترسی لەسەر ئەبوجا"Abuja"ی پێتەختیش دروست ناکەن، سەرەڕای ئەوەی دەکەوێتە نیوەی ڕێگای باکوورەوە. بەڵام بۆکۆحەرام هەڕەشەیەکی ڕۆژانەیە بۆ سەر خەڵکی باکوور و زیان بە ناوبانگی نەیجیریا لە نێو هاوبەشە بازرگانییەکانی دەرەوەی وڵاتی دەگەیەنێت.

زۆربەی ئەو گوندانەی لەلایەن بۆکۆحەرامەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، دەکەوێتە زنجیرە چیای مەندەرە "Mandara" کە سنووری وڵاتی کامێرون پێکدەهێنن. ئەمەش بەو مانایەیە کە سوپای دەوڵەت لە ڕێگایەکی گەلێک دوورەوە ناتوانێت هێزەکانی بۆکۆحەرام بخاتە ژێر کارتێکەرییەوە. دیارە حکومەتی کامێرون بە باوەشی کراوە پێشوازی لە بۆکۆحەرام ناکات، بەڵام دیمەنەکە پەناگەیەک پێشکەش بە شەڕڤانانی دەکات، کاتێک پێویستیان پێی دەبێت. پێدەچێت ئەم دۆخە بۆ چەند ساڵێک بەردەوام بێت و ئەمەش کات دەدات بە بۆکۆحەرام بۆ دروستکردنی پەیوەندیی و هاوپەیمانی لەگەڵ جیهادیستەکانی ناوچەی کەنائاوەکان.

ئەمریکیی و فەرەنسییەکان ماوەی چەند ساڵێکە چاودێری کێشەکە دەکەن و ئێستا فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی

چاودێریی بەکاردەهێنن بۆ وەڵامدانەوەی گشتی بەو مەترسییە پەرەسەندووانەی توندوتیژیی کە لە ناوچەی سەحرا/کەنارئاو سەرهەڵدەدات و پەیوەندیی لەگەڵ باکووری نەیجیریادا هەیە. ئەمریکییەکان لە بنکەی جیاوازەوە کاردەکەن، یەکێکیان لە جیبۆتییە "Dschibuti" و بەشێکە لە فەرماندەیی ئەفریقا-ئەمریکا کە لە ساڵی ٢٠٠٧ دامەزراوە، فەرەنسییەکان لە چەند وڵاتێکدا لەو شوێنەی کە ناوی ئەفریقای فەرەنسیفۆن، " frankophonen Afrika"یان لەسەر داناوە، وێستگە یاخود بنکەی زەمینییان هەیە.

مەترسی تەشەنەسەندنی ئەو کێشەیە بۆ چەند وڵاتێک زەنگی ئاگادارکردنەوەی لێکەوتەوە. ئێستا نەیجیریا و کامیرۆن و چاد چالاکیی سەربازیی بەرێوەدەبەن و لەگەڵ ئەمریکیی و فەرەنسییەکان چالاکییەکانیان هەماهەنگ دەکەن.

لە باشوورەوە، لە کەنارەکانی زەریای ئەتڵەس، ئەنگۆلا هەڵکەوتووە کە دووەم گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتە لە باشووری کەنارەکانی ئەفریقا. ئەم کۆلۆنیەی پێشووی پورتوگال یەکێکە لە دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ئەفریقا کە سنووری جوگرافیای سروشتی هەیە. سنوورەکانی بریتین لە زەریای ئەتڵەس لە ڕۆژئاوا، لێرەوارەکانی باکوور و بیابان لە باشوور. ناوچەکانی ڕۆژهەڵات لە زەوی نارێک و پێک و

بەرز و نشێو پێکهاتوون کە وەک ناوچەیەکی پارێزەر بۆ کۆماری دیموکراتیی کۆنگۆ و زامبیا کاردەکەن. زۆرینەی زیاتر لە ٢٢ ملیۆن دانیشتووانی ئەو وڵاتە لە نیوەی ڕۆژئاوای وڵاتدا دەژین، کە ئاوی پێویست بۆ کشتوکاڵی هەیە. زۆربەی کێڵگە نەوتییەکانی ئەنگۆلا لە کەنارئاوەکانی ڕۆژئاوای وڵاتەکەیان هەڵکەوتووە. سەکۆکانی دەرەوەی زەریای ئەتڵەس زیاتر خاوەندارێتی کۆمپانیا ئەمریکییەکان دەکەن، بەڵام زیاتر لە نیوەی ئەم بەرهەمانە دەچێتە وڵاتی چین. ئەمەش وایکردووە ئەنگۆلا (بەپێی هەڵاوسانی فرۆشتن) دووەم گەورەترین دابینکەری نەوتی خاو بۆ چین لەدوای سعودیە بێت.

ئەنگۆلا وڵاتێکی دیکەیە کە کێشەی ململانێ بە باشیی دەناسێت. شەڕی سەربەخۆیی لە ساڵی ١٩٧٥ بە کشانەوەی پورتوگال کۆتایی هات، بەڵام یەکسەر بۆ شەڕێکی ناوخۆیی خێڵەکی کە خۆی لە شەڕێکی ئایدیۆلۆژیدا حەشار دابوو، گۆڕدرا. ڕووسیا و کوبا پشتگیریان لە "سۆسیالیستەکان" کرد، لە کاتێکدا ئەمریکا و ئەفریقای باشووری سەردەمی ئاپارتاید "Apartheid" لایەنگری "یاخیبووان"یان کرد. زۆربەی سۆسیالیستەکانی MPLA (بزووتنەوەی گەل بۆ ڕزگارکردنی ئەنگۆلا) سەر بە هۆزی ئەمبوندو "Ambundu" بوون، لە کاتێکدا چەکدارە

یاخیبووەکانی ئۆپۆزسیۆن زیاتر سەر بە باکۆنگۆ "Bakongo" و ئۆڤیمبوندو "Ovimbundu" بوون کە دوو هۆزیتری گەورەی ناوچەکەن. بەرگی سیاسی ئەوان بریتی بوو لە "FNLA" (بەرەی نیشتمانی بۆ ڕزگاری ئەنگۆلا) و "UNITA" (یەکێتی نیشتمانی بۆ سەربەخۆیی تەواوی ئەنگۆلا). زۆرێک لە شەڕە ناوخۆییەکانی شەستەکان و حەفتاکان ئەم شێوازەیان پەیڕەو دەکرد: کاتێک ڕووسیا پشتیوانی لایەنێکی دیاریکراوی دەکرد، لەناکاو بیریان دەهاتەوە کە خاوەنی پرەنسیپی سۆسیالیستین، لە کاتێکدا نەیارەکانی دەبوونە دژە کۆمۆنیست.

ئەمبوندو"Ambundu"ەکان سوودێکی جوگرافییان هەبوو، بەڵام نەک لە ڕووی ژمارەییەوە. ئەوان لواندای پێیتەختیان بەدەستەوە بوو، دەستیان دەگەیشتە کێڵگە نەوتییەکان و گرنگترین ڕووباری کوانزا، هەروەها لەلایەن ئەو وڵاتانەوە پشتیوانی دەکران کە چەکی ڕووسی و سەربازی کوبایان بۆ دابین دەکردن. ئەوان لە ساڵی ٢٠٠٢دا دەستی باڵایان بەدەستهێنا، بەڵام سەرکردایەتییەکەی یەکسەر متمانەی سۆسیالیستییان کە پێشتریش جێگەی پرسیار بوو، تێکدا و پەیوەندییان بە فەرمانڕەوا کۆلۆنیالیزم و ئەفریقییەکانەوە کرد کە لەسەر حیسابی خەڵک خۆیان دەوڵەمەند کردبوو. ئەم مێژووە دڵتەزێنەی داگیرکاریی و

تاڵانکاریی ناوخۆیی و دەرەکی تا سەدەی بیست و یەکەم بەردەوامە.

وەک بینیمان چینییەکان لە هەموو شوێنێکدان، مەبەستیان گەلێک جیددیە، ئێستاش وەک ئورووپی و ئەمریکییەکان لە سەرانسەری قوڕنەکەدا خۆیان بڵاو کردۆتەوە. نزیکەی یەک لەسەر سێی هاوردەکردنی نەوتی چین لە ئەفریقاوە دێت، ئەمەش - لەگەڵ ئەو کانزا بەنرخانەی کە لە زۆرێک لە وڵاتانی ئەفریقادا دەبینرێن- بەو مانایەیە کە لێرەن و بۆ مانەوە خۆیان داکوتاوە. دیارە کۆمپانیا نەوتییە ئورووپی و ئەمریکییەکان و کۆمپانیا فرەنەتەوەییە گەورەکان هێشتا زۆر زیاتر بەشدارییان لە کاروباری ئەفریقادا هەیە، بەڵام چین بە خێرایی بەرەو پێشەوە لەڕێدایە.

بۆ نموونە چین لە لیبێریا "Liberia" بەدوای کانزای ئاسندا دەگەڕێت، لە کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ و زامبیا مس، و لە کۆماری کۆنگۆی دیموکرات کۆبالت لە زەوی دەردێنێت. پێشتر پشتگیری لە پەرەپێدانی بەندەری مۆمباسا "Mombasa"ی کینیا دەکرد و ئێستا بەشداریی لە پڕۆژە گەورەکانی دیکەدا دەکات، چونکە سەرچاوە پاشەکەوتکراوەکانی نەوتی کینیا وردە وردە لە ڕووی بازرگانییەوە دەتوانێت بەردەوام بێت.

کۆمپانیای چینی ڕێگاوبان و پرد سەر بە دەوڵەتی چین کار لەسەر پڕۆژەیەکی هێڵی ئاسنین دەکات کە بە بڕی ١٤ ملیارد دۆلار بۆ بەستنەوەی مۆمباسا و نایرۆبی پێتەخت هەوڵ دەدات. شرۆڤەکاران دەڵێن، ئەم پڕۆژەیە ماوەی گواستنەوەی کەلوپەلی بازرگانی لەنێوان هەردوو شارەکەدا لە ٣٦ کاتژمێرەوە بۆ هەشت کاتژمێر کەمدەکاتەوە، هەروەها تێچووی گواستنەوەش بەڕێژەی لەسەدا ٦٠ کەمدەکاتەوە. تەنانەت پلانیش هەیە بۆ ڕێگاکانی نایرۆبی بۆ باشووری سودان، هەروەها بۆ ئۆگاندا و ڕواندایش. کینیا بەنیازە بە هاوکاریی چین ببێت بە هێزی ئابووریی کەنارەکانی ڕۆژهەڵات.

لە باشووری سنوورەکانی کینیا، تانزانیا کەوتۆتە کێبڕکێ بۆ سەرکردایەتیکردن لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا و ڕێککەوتنی چەند ملیارد دۆلاری لەگەڵ چینییەکان سەبارەت بە پڕۆژەکانی ژێرخانی وڵاتەکەی ئەنجامداوە. هەروەها تانزانیا ڕێککەوتنێکی هاوبەشی لەگەڵ چین و کۆمپانیایەکی بیناسازی عومانی کردووە بۆ چاکسازی و پەرەپێدانی بەندەری باگامۆیۆ"Bagamoyo"، چونکە بەندەری دارەسەلام بە شێوەیەکی بێهیوا بارگرانییەکی زۆری لەسەرە. بەپێی پلانەکان، پێشبینی دەکرێت باگامۆیۆ بتوانێت ساڵانە ٢٠ ملیۆن کۆنتێنەر"Container" مامەڵەی بازرگانی بکات،

بەمەش دەبێتە گەورەترین بەندەری ئەفریقا. هەروەها تانزانیا پەیوەندیی گواستنەوەی باشی هەیە لەناو ڕێڕەوی گەشەی کشتوکاڵی باشووری تانزانیا (ساگکۆت"Sagcot")، و لەولاشەوە پەیوەندییەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەی گەشەپێدانی باشووری ئەفریقا (SADC) کە لە ١٥ وڵات پێکهاتووە. ئەمەش خۆی پەیوەندیکردنە بە ڕێڕەوی باکوور-باشوورەوە کە بەندەری دوربان "Durban" بە ناوچە مسییەکانی کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ و زامبیا دەبەستێتەوە و لە ڕێگەی لقەکانەوە بەندەری دارەسەلام بە دوربان و مالاوی دەلکێنێت.

سەرەڕای ئەوەش وا دیارە تانزانیا وەک هێزی پلە دووی کەنارەکانی ڕۆژهەڵات دەمێنێتەوە. ئابوریی کینیا زلهێزی کۆمەڵگەی ناو پێنج وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقایە و لەسەدا ٤٠ی بەرهەمی گشتی ناوخۆی ناوچەکە پێکدەهێنێت. هەرچەندە کینیا زەوی کشتوکاڵی کەمتری هەیە لە چاو تانزانیا، بەڵام بە شێوەیەکی کاریگەرتر بەکاری دەهێنێت. ئەم کاراییە بەرزە بواری پیشەسازییەکەی دەگرێتەوە و سیستەمەکەی بۆ هێنانی بەرهەمەکان بۆ بازاڕیش باشتر دەکات - چ لە ناوخۆ و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. ئەگەر کینیا بتوانێت سەقامگیریی سیاسی بپارێزێت، ئەوا گونجاوە

له کورتخایەن و مامناوەنددا وەک دەسەڵاتی باڵادەستی ناوچەکە بمێنێتەوە.

ناودەرکردنی چین تا نیجەر ڕۆییشتووە، کە کۆمپانیای نەوت و کۆمپانیای چینی نیشتمانی نەوت وەبەرهێنان لە کێڵگەی نەوتی بچووکی تێنێرێ "Ténéré" لە ناوەندی وڵاتەکەدا دەکات. هەروەها لە ئەنگۆلا وەبەرهێنانی چینی لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا هەشت ملیارد دۆلاری تێپەڕاندووە و ساڵانەش بەردەوام گەشە دەکات. کۆمپانیای ئەندازیاری هێڵی ئاسنی چینی (CREC) پێشتر نزیکەی دوو ملیارد دۆلاری وەبەرهێنان کردووە لە مۆدێرنکردنی هێڵی ئاسنی بێنگوێلا "Benguela" کە کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی بە بەندەری لۆبیتۆ"Lobito"ی ئەتڵەسی ئەنگۆلا دەبەستێتەوە و ١٣٠٠ کیلۆمتر لێیەوە دوورە. ئەم ڕێگایە کۆبالت، مس و مەنگەنیز دەگوازێتەوە کە خۆی لەخۆیدا هەم نیعمەتێکە و هەم نەفرەتێکە بۆ پارێزگای کاتانگای کۆنگۆ.

لە لواندا، "CREC" فرۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتی دروست دەکات و لە دەوروبەری پێتەختیشدا، بلۆکی شوقەی گەورەی شێوازی چینی سەریان هەڵداوە بۆ ئەوەی ١٥٠ بۆ ٢٠٠ هەزار کرێکاری چینی لە وڵاتەکەدا نیشتەجێ بکرێن. هەروەها ئەگەر چین پێویستی پێ هەبێت هەزاران لەو

کرێکارانە کە دەورەی مەشقی سەربازییان بینیوە، لە شوێنی خۆیان میلیشیایەکی ئامادە پێکبێنێت.

پەکین، ئەو شتەی لە ئەنگۆلای دەوێت، لە هەموو شوێنێکی تریشدا دەیەوێت: ئەو کەرەستە خاوانەی بەرهەمی چینییان لێ دروست دەکرێت، هەروەها سەقامگیریی سیاسی بۆ دڵنیابوون لە هاتوچۆی کەرەستە و بەرهەمەکان. کەواتە ئەگەر سەرۆک جۆسێ ئێدواردۆ دۆس سانتۆس "José Eduardo dos Santos" کە لە ساڵی ١٩٧٩ەوە دەستبەکاربووە، بڕیار بدات ملیۆنێک دۆلار بدات بە ماریا کاری "Mariah Carey" بۆ ئەوەی لە ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوونیدا گۆرانی بڵێت، وەک چۆن لە ساڵی ٢٠١٣دا کردی، ئەوە بە دڵنیاییەوە دەیکات. ئەگەریش ئەمبوندو "Ambundu" کە سەر بە دۆس سانتۆسە، بەردەوام بێت لە حوکمڕانی، ئەوەش بە دڵنیاییەوە دەیکەن. بەشداریکردنی چین بژاردەیەکی سەرنجڕاکێشە بۆ زۆرێک لە حکومەتەکانی ئەفریقا. پەکین و کۆمپانیا گەورەکانی چین پرسیاری توند سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ ناکەن، داوای چاکسازی ئابووری ناکەن و بە دڵنیاییەوە پێشنیاری ئەوە ناکەن کە هەندێک سەرکردەی ئەفریقا دەستبەرداری خۆبەدەستەوەدانی سامانی وڵاتەکانیان بن، وەک ئەوەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی یان بانکی نێودەوڵەتی ڕەنگە

بیکەن. بۆ نموونە چین گەورەترین هاوبەشی بازرگانی سودانە، ئەمەش تا ڕادەیەک ڕوونی دەکاتەوە بۆچی چین بەردەوام لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرگریی لە سودان دەکات و پاڵپشتیی سەرۆکەکەی عومەر بەشیر دەکات تەنانەت کاتێک دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرکرد. سەرەڕای ئەوەش پەکین ڕەخنەکانی ڕۆژئاوا لەم بارەیەوە لەبەرچاو ناگرێت؛ تەنیا وەک یارییەکی دیکەی دەسەڵات سەیر دەکرێت بۆ ڕێگریکردن لە بازرگانیکردنی چین، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ڕابردووی ڕۆژئاوا لە ئەفریقا بە کارێکی دووڕوویی لە ئەژمار دێت.

چینییەکان تەنیا تامەزرۆییان بۆ نەوت، کانزا و سەرچاوە بەنرخەکان و بازاڕەکانیان هەیە. ئەمە ڕێککەوتنێکە لە نێوان حکومەتەکاندا کە ڕەنگە دادپەروەرانە و هەرزان بێت، بەڵام هاوکات چاودێریی پەرەسەندنی گرژییەکانی نێوان دانیشتوانی ناوچەکە و هێزی کاریی چینی دەکرێ، کە زۆرجار بۆ پشتگیریکردنی پرۆژە گەورەکان دەهێنرێنە ئەو ناوچانەوە. ئەمەش لە لایەکیترەوە دەتوانێت پەکین قووڵتر ڕابکێشێتە ناو سیاسەتی ناوخۆیی ئەو وڵاتانەوە و ببێتە هۆی ئەوەی چەشنێک ئامادەبوونی سەربازی بچووکتری لە هەموو ئەو وڵاتانەدا هەبێت.

گەورەترین هاوبەشیی بازرگانی چین لە ئەفریقا کۆماری ئەفریقای باشوورە. هەردوو وڵات مێژوویەکی دوورودرێژی سیاسی و ئابووریيان هەیە و پێگەیەکی باشیان هەیە بۆ هاوکاریکردنی یەکتر. ئێستا سەدان کۆمپانیای چینی کە خاوەندارێتی دەوڵەتی و تایبەتین، نوێنەرایەتیان لە دوربان "Durban"، یۆهانسبێرگ "Johannesburg"، پریتۆریا "Pretoria"، کاپستات "Kapstadt" و پۆرت ئەلیزابێت " Port Elizabeth" هەیە.

ئابوریی ئەفریقای باشوور لەدوای ئابوریی نیجێریا دووەم گەورەترین هێزی قورنەکەیە. بێ گومان وڵاتەکە لە ڕووی ئابووریی (سێ هێندەی ئەنگۆلا)یە و سەربازی و ژمارەی دانیشتووان کە (٥٣ ملیۆن) کەسن، هێزی بڕیاردەری باشوورە. ئەفریقای باشوور لە زۆرێک لە وڵاتانی ئەفریقا پێشکەوتووترە – بەهۆی هەڵکەوتەکەی لە لوتکەی باشووری قورنەکە و دەستڕاگەیشتن بە دوو ئۆقیانوس، سەرچاوە کانزاییەکانی زێڕ، زیو، خەڵوز و کەشوهەواکەی و خاکێک کە بە قەبارەیەکی گەورە ڕێگە بە بەرهەمهێنانی ماکەی خۆراکی دەدات.

لەبەرئەوەی دەکەوێتە باشوور و دەشتی کەنارئاوەکان بەخێرایی بەرەو بەرزاییەکان بەرز دەبێتەوە، باشووری ئەفریقا یەکێکە لەو وڵاتە دەگمەنانەی ئەفریقا کە

بەدەست بەڵای نەخۆشیی مەلاریاوە ناناڵێنێت، بەو پێیەی مێشوولە هەڵگرەکان ناتوانن بەو ئاسانییە لەوێ زاوزێ بکەنەوە. ئەمەش وایکرد کۆلۆنیالیستە ئورووپییەکان بۆ نیشتەجێبوون و دامەزراندنی پیشەسازیی بچووک کە ئێستا بوونەتە گەورەترین پیشەسازیی ئەفریقای باشوور، زیاتر و خێراتر لە ناوخۆی وڵاتدا پێشبکەون بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ناوچە گەرمەکانی تووشبوو بە مەلاریا.

بۆ زۆربەی خەڵکی ئەفریقای باشوور، بازرگانیکردن لە دەرەوەی وڵات بە مانای بازرگانیکردن لە پریتۆریا "Pretoria" و بلۆمفۆنتێن "Bloemfontein" و کاپستات "Kapstadt"ە.

ئەفریقای باشوور سەرچاوە سروشتییەکانی و شوێنی خۆی بەکارهێناوە بۆ تێکەڵکردنی دراوسێکانی لە سیستەمی ترانسپۆرتی خۆیدا: هێڵی شەمەندەفەرێکی دوو هێڵی و ڕێگای باش هەیە کە لە بەندەرەکانی ڕۆژهەڵاتی لەندەن، کاپستات، پۆرت ئەلیزابێت و دوربانەوە بەرەو باکوور بە زیمبابۆی، بۆتسوانا، زامبیا، مالاوی و تانزانیادا تێدەپەڕێت، لەوێشەوە دەگاتە پارێزگای کاتانگا لە کۆماری کۆنگۆی دیموکرات و ڕۆژهەڵات تا مۆزامبیک. هەروەها هێڵی ئاسنی نوێی دروستکراوی چینی لە کاتانگاوە بۆ کەنارەکانی ئەنگۆلا بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی ئەم باڵادەستییە و ڕەنگە

بەشێک لە تڕافیکی هاتوچۆی کۆماری دیموکراتیکی کۆنگۆ کەم کاتەوە، بەڵام پێدەچێت ئەفریقای باشوور بڕیاری بۆ وەرگرتنی سوودی خۆی دابێت. لە سەردەمی ئاپارتایددا "Apartheid"، کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقا (ANC) لە خەباتی دژی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی پورتوگال پشتگیری لە پارت (MPLA) لە ئەنگۆلا دەکرد. بەڵام ئێستا بە حوکمڕانی وڵاتەکانی خۆیان و کێبڕکێی هەردوو حیزب لە ئاستی ناوخۆییدا، سۆزی خەباتی هاوبەشیان سارد بووەتەوە. ئەنگۆلا هێشتا ڕێگایەکی دوور و درێژی لە پێشە بۆ ئەوەی بتوانێت بە باشووری ئەفریقا بگاتەوە. بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە ئارادا نییە: باڵادەستی ئەفریقای باشوور گەلێک گشتگیرە. لەشکرێکی تەیارکراوی باشی هەیە کە نزیکەی ١٠٠ هەزار سەرباز، دەیان فڕۆکەی شەڕکەر، هێلیکۆپتەر، چەندین ژێردەریایی و فرێگاتی مۆدێرنیشی لە خۆ گرتووە.

لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیادا، کۆنترۆڵکردنی باشووری ئەفریقا بە واتای کۆنترۆڵکردنی "Kap"ی لووتکەی باشووری ئەفریقا و بەم پێیەش ڕێڕەوی دەریایی نێوان زەریای ئەتلەس و هیندی بوو. کەشتییەکانی دەریایی مۆدێرن دەتوانن زۆر دوورتر لە کەنارئاوەکانی ئەفریقای باشوورەوە بڕۆن، بەڵام "Kap" وەک پارچە زەوییەکی سەرنجڕاکێش

لەسەر نەخشەی جیهان دەمێنێتەوە و ئەفریقای باشوور هێزێکی سەرنجڕاکێشە لە سەرانسەری یەک لە سێی خوارەوەی قوڕنەکەدا.

ئەم سەدەیە ئەفریقا کێبەرکێیەکی دیکەی نۆێ بەخۆیەوە دەبینێت، بەڵام ئەمجارەیان دوولایەنەیە. بەرژەوەندیی و ڕکابەریی بیانی باش بەڵگەدار کراو لەسەر کێبڕکێی سەرچاوەکان هەیە، بەڵام "کێبەرکیی ناوخۆیی"ش هەیە و ئەفریقای باشوور بەنیازە خێراترین وڵات بێت و دوورترین مەوداش بپێوێت.

لە کۆمەڵگەی گەشەپێدانی باشووری ئەفریقا (SADC) کە لە ١٥ وڵات پێکهاتووە، زاڵە و کورسییەکی هەمیشەیی لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی هەرێمی دەریاچە گەورەکاندا دەستەبەر کردووە، سەرەڕای ئەوەی ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیەش نییە. ڕکابەرەکەی "SADC" کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقایە "EAC"کە بریتییە لە بوروندی، کینیا، ڕواندا و تانزانیا. دووەمیان ئەندامی "SADC" ە و ئەویتریان ئەندامی دیکەی "EAC"یە و ئەفریقای باشوور بە تامەزرۆییەوە سەیر ناکەن. ئەفریقای باشوور لە ڕوانگەی خۆیەوە پێدەچێت تانزانیا وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی کاریگەریی زیاتر لەسەر ناوچەی دەریاچە گەورەکان و دەرەوەی ئەو وڵاتە سەیر بکات.

تیپێکی سوپای ئەفریقای باشوور لە کۆماری کۆنگۆی دیموکراتیک جێگیرە – بە فەرمی لە ژێر فەرماندەیی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە، بەڵام لەلایەن نوخبە سیاسییەکانیەوە نێردراوە بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی ئەفریقای باشوور لە غەنیمەتەکانی شەڕ لەم ناوچە دەوڵەمەندە بێ بەش نەبێ و دەستی خاڵی نەمێنێتەوە. ئەمەش وڵاتەکە دەخاتە کێبڕکێ لەگەڵ ئۆگاندا و بوروندی و ڕواندا کە بیرۆکەی خۆیان هەیە سەبارەت بەوەی کێ دەبێت بەرپرسیار بۆ کۆماری دیموکراتیکی کۆنگۆ بێت.

لە ڕابردوودا ئەفریقا هیچ بژاردەیەکی نەبوو – دۆخی جوگرافیاییەکەی لە قاڵبی دابوو. پاشان ئورووپییەکان بە شێوەیەکی دەستکرد زۆربەی سنوورەکانی ئەمڕۆیان بۆ دیاری کرد. ئێستا لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان و گەشەسەندنی شارە گەورەکانی، ئەفریقا هیچ بژاردەیەکی نییە جگە لە کردنەوەی خۆی بەڕووی جیهانی مۆدێرن و گلۆبالیزم کە لەڕووی ناچارییەوە پێیەوە پەیوەستە. سەرەڕای هەموو ئەو کێشانەی کە ئاماژەیان پێکرا، پێشکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنێت.

هەمان ئەو ڕووبارانەی کە ڕێگرییان لە بازرگانی دەکرد، ئێستا لە هێزی ئاوەکەی بۆ کارەبا بەکاردەهێنرێن. لەو خاکەی کە بەرەنگاری بەرهەمهێنانی ماکەی خۆراکی دەبۆوە،

کانزا و نەوت سەر دەردێنن، دیارە هەندێک وڵات دەوڵەمەند دەکەن، بەڵام کەمێکیش لەم خۆشگوزەرانییە دەگاتە دەستی خەڵکی ناوچەکە. سەرەڕای ئەوەش: لە زۆربەی وڵاتان، هەرچەندە هەموو وڵاتەکانیش ناگرێتەوە، هەژاریی کەمی کردووە، هاوکاتیش دۆخی چاودێریی تەندروستی و پەروەردە باشتر بووە. زۆرێک لە وڵاتان زمانی ئینگلیزی دەزانن، ئەمەش سوودێکی گەورەیە لە ئابوورییەکی جیهانیدا کە ئینگلیزی باڵادەستە و قورنەکە لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا تا ڕادەیەکی زۆر گەشەی ئابووریی بەخۆیەوە بینیوە.

هۆکارێکی نەرێنی ئەوەیە کە گەشەی ئابووری لە زۆرێک لە وڵاتان پەیوەستە بە نرخی بازاڕی جیهانی کانزاکان و وزە. بۆ نموونە ئەو وڵاتانەی تێچوو یاخود بودجەی نیشتمانییان لەسەر بنەمای نرخی نەوتی ١٠٠ دۆلارە بۆ هەر بەرمیلێک، ئەگەر نرخەکەی بۆ ٨٠ یان ٦٠ دۆلار دابەزێت، پارەیەکی کەمیان بۆ ژیان بۆ دەمینێتەوە. ئاستی بەرهەمهێنانی کاڵاکان بەزەحمەت زیاترە لەوەی کە لە ساڵانی حەفتاکان بوو. گەندەڵی لە سەرانسەری قورنەکەدا بەربڵاوە و جگە لەو چەند ململانێی "گەرم"ەی (بۆ نموونە، نێوان سۆماڵ، نەیجیریا، سودان)، زۆربەیان تەنیا وەک سەهۆڵ بە بەستوویی ماونەتەوە.

بەڵام سالانە ڕێگا و هێڵی ئاسنی زیاتر دروست دەکرێن بۆ بەستنەوەی ئەم فەزا هەمەچەشنە باوەڕپێنەکراوانە. لێکبڵاوبوونەوەی بەرفراوانی ئۆقیانوس و بیابانەکان کە ئەفریقایان لە جیهان دابڕیبوو، بەهۆی گەشتە ئاسمانییەکانەوە ڕێگایان بۆ کراوەتەوە و هێزی میکانیکیی بەندەریان لەو شوێنانەدا دروست کردووە کە سروشت مەبەستی دروستکردنی لێ سەندبوونەوە.

لە دوای شەستەکانەوە، مرۆڤی گەشبین دەنووسن کە ئەفریقا لە لێواری تێپەڕاندنی ئەو چارەنووسەدایە کە مێژوو و سروشت بۆی دیاری کردبوو. ڕەنگە ئەمجارەیان ئیتر ڕاست بێت. زۆر بە سادەیی دەبێ هەر وا بێت. بەپێی خەملاندنەکان ١،١ ملیارد کەس لە ئێستادا لە وڵاتانی باشووری ئەفریقا دەژین - تا ساڵی ٢٠٥٠، ئەم ژمارەیە دەتوانێت بۆ ٢،٤ ملیارد کەس بەرزبێتەوە.

## بەشی شەش

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

# چەکدارێکی دەوڵەتی ئیسلامی: "ئێمە سایکس-پیکۆتمان (Sykes-Picot)[18] لەناوبردووە!" ، ساڵی ٢٠١٤




---

[18] ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ ڕێککەوتنێکی نهێنی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا بوو لە ساڵی ١٩١٦ کە دابەشکردنی پارێزگا عەرەبییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم ڕێکخستبوو.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ ناوەڕاستی کویێ؟ ڕۆژهەڵاتی کویێ؟ ناوی هەرێمەکە لەسەر بنەمای جیهانبینییەکی ئورووپی بونیات نراوە، ڕوانگەیەکی ئورووپییە بۆ ناوچەکە و هەر خۆشیان لە قاڵبیان داوە. ئورووپییەکان سەتڵێک ڕەنگیان بەدەستەوە گرت و دەستیان کرد بە کێشانەوەی هێڵ لەسەر نەخشەکە: بەو هێڵانەی لە ڕاستیدا بوونیان نەبوو، هەندێک لە سنوورە دەستکردەکانی جیهانیان خوڵقاند. ئێستا، هەوڵێک دەدرێت بۆ دووبارە کێشانەوەیان، بەڵام ئەمجارەیان بە خوێن نەک بە ڕەنگ.

یەکێک لە گرنگترین گرتە ڤیدیۆییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵی ٢٠١٤دا سەریهەڵدا، هەمان ساڵیش بە گرتە ڤیدیۆییەکانی تەقینەوەی بۆمب و بڕینی سەری مرۆڤ، سێبەری کەوتە سەر. ڤیدیۆکە کە پارچەیەکی ئاڵۆزی پڕوپاگەندەی دەوڵەتی ئیسلامیی (داعش)بوو، نیشان دەدات کە بولدۆزەرێک سنووری نێوان عێراق و سوریا دەشێوێنێت - یان باشتر بڵێین دەیسڕێتەوە. سنوورەکە تەپۆڵکێکی زیخ و خۆڵ زیاتر نییە. ئەگەر خۆڵ و زیخەکە لابەریت، سنوورەکە لە ڕووی فیزیکییەوە بوونی نامینێت. بەڵام لە ڕووی تیۆریەوە ئەم "هێڵ"ە بوونی هەیە. ساڵانی داهاتوو ئەوەمان بۆ دەردەخات ئایا گوتەی ئەو چەکدارە داعشەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە

پێغەمبەرانە بووە یان تەنیا  شانازیکردنێک زیاتر نەبووە: "ئێمە سنوورەکان وێران دەکەین و بەربەستەکان دەڕووخێنین، سوپاس بۆ خوا."

دوای شەڕی جیهانی یەکەم، لە ناوچەی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سنوور بە گشتی کەمتر هەبووە لە چاو ئەمڕۆ. ئەوانەی کە هەشبوون زۆربەیان تەنیا بە هۆی دۆخی جوگرافیاییەوە دیاری کرابوون. ناوچەکانی ناو سنوورەکان بە شێوەیەکی تا رادەیەک ئاسایی دابەش کرابوون و بەپێی جوگرافیا، نەتەوە و ئایین جیاواز بوون، بەڵام هەوڵێکی جیددی بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئارادا نەبوو.

پانتایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات ١٦٠٠ کیلۆمتر درێژ دەبۆوە، لە دەریای ناوەڕاستەوە تا چیاکانی ئێران. لە باکوورەوە بۆ باشوور، ئەگەر لە دەریای ڕەشەوە دەست پێ بکەین و لە عومان لە کەنارەکانی دەریای عەرەبی کۆتایی پێ بێنین، ٣٢٠٠ کیلۆمتر درێژاییەتی. ئەم ناوچەیە لە بیابانێکی زۆر، ئۆئازە"Oasen"[١٩] و شاخی بەفراوی و ڕووباری درێژ و شاری گەورە هەروەها دەشتی نێوان ئیشکانی و ئاوەکان پێکهاتووە و خاوەنی سامانێکی زۆر

[١٩] ئۆئازە  بریتییە لە پارچە ڕووەکێک لە بیابانێکدا، زۆرجار لە نزیک کانییەک، چاڵێکی ئاو، یان لە کۆتایی قەناتێکی دروستکراوی مرۆڤدا هەڵکەوتووە.

لەو سەرچاوە سروشتیانەیە کە هەموو وڵاتێکی پیشەسازیی لە سەرانسەری جیهان پێویستی پێیەتی- "نەوت و گاز". هەروەها ناوچەی بەپیت کە بە میزۆپۆتامیا ناسراوە و "زەوی نێوان ڕووباری فورات و دیجلە" لەخۆدەگرێت. بەڵام دیمەنە باڵادەستەکە، بیابانی بێکۆتایی عەرەبی و ساڤانای بووش "Buschsavanne"ە لە ناوەوەی ناوچەکە، کە درێژدەبێتەوە بۆ بەشێک لە ئیسرائیل، ئوردۆن، سوریا، کوەیت، عێراق، عومان، یەمەن و بەشێکی زۆری خاکی سعودیەش دەگرێتەوە. پاشان ڕوب ئەلخالی "Rub al-Chali" دەگرێتەوە کە بە "چوارگەی چۆڵ"ناسراوە و گەورەترین بیابانی خۆڵ و یەک لە دوای یەک لە جیهاندایە، کە پانتاییەکەی دەتوانێت بە ئاسانی تەواوی خاکی فەرەنسا لەخۆبگرێت. بەهۆی ئەم هەلومەرجانەوە نەک هەر زۆرینەی دانیشتووانی هەرێمەکە لە دەوروبەر و پەراوێزی ئەو ناوچەیە دەژیان، بەڵکوو تا دەسپێکی کۆلۆنیالیزمی ئورووپی، بۆ زۆربەی خەڵکی ناوچەکە نائاسایی بوو لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی و سنوورێکی دیاریکراوی یاسایی بیربکەنەوە.

لەو سەردەمەدا ئەو بیرۆکەیە هیچ مانایەکی نەبوو: کەسێکی دیاریکراو ئیزنی پێ نەدرێت لە ناوچەکەیدا سەردانی خزمێکی بکات بە بێ ئەوی بەڵگەنامەیەکی نەبێت

که لەلایەن کەسێکی سێیەمەوە کە بۆی بێگانە بووە بۆی دەرچووبێت و کەسەکە لە شارێکی دوور لە ناوچەیەکیتردا ژیابێت. وێناکردنی بیرۆکەیەک کە بەڵگەنامە بەهۆی ئەوەوە دەرچووبێت، چونکە کەسێکی بیانی بۆی دیاریی کردووە ئێستا خاکەکە بەسەر دوو هەرێمدا دابەش بووە و تەنانەت ناوی تایبەتیشی بۆ داناوە، بە تەواوی بێمانا دەردەکەوت و دژایەتی شێوازی ژیانی ئەو سەردەمەی دەکرد کە بۆ چەندین سەدە بەردەوام و نەگۆڕ بووە.

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی (١٢٩٩-١٩٢٢) لە ئەستەنبولەوە حوکمڕانی دەکرا. لە لوتکەی دەسەڵاتی خۆیدا لە دەروازەکانی ڤیەننا بەسەر ئەنادۆڵ و عەرەبستانەوە تا زەریای هیند درێژببۆوە. لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات، دەوڵەتانی ئێستای جەزائیر، لیبیا، میسر، ئیسرائیل/فەلەستین، سوریا، ئوردۆن، عێراق و بەشێک لە ئێرانی لەخۆ گرتبوو. هەروەها بۆ زۆربەی ئەم ناوچانە هیچ هەوڵێک نەدرا بۆ داهێنانی ناوێکی تایبەت بۆیان. لە ساڵی ١٨٦٧دا بە سادەیی دابەشکرابوون بەسەر ناوچەی ئیداریدا کە بە "ڤیلایەت" ناسرابوون، زۆربەشیان لەسەر بنەمای شوێنی هەندێک هۆز، جا کورد لە باکووری عێراقی ئێستا بایەن یان کۆمەڵە خێڵەکییەکانی ئەو ناوچەیەی ئێستا ناوچەی سنووری نێوان سوریا و عێراقە.

کاتێک ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەستی کرد بە دارمان ئینگلیز و فەرەنسییەکان بیرۆکەیەکی جیاوازیان هەبوو. لە ساڵی ١٩١٦ دا دیپلۆماتکاری بەریتانی کۆلۆنێل سێر مارک سایکس "Colonel Sir Mark Sykes" قەڵەمێکی ئەستووری گرتە دەست و هێڵێکی زبری بەسەر نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشا. لە دەریای ناوەڕاستەوە لە نزیک حەیفا "Haifa"(ئێستا لە ئیسرائیل) لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە تا کەرکوک (ئێستا لە عێڕاقدایە) و بووە بنەمای ڕێککەوتنێکی نهێنی لەگەڵ هاوبەشی دانوستانکاری فەرەنسی سایکس، فرانسوا جۆرج پیکۆت "François Georges-Picot". ئامانج لێی دابەشکردنی ناوچەکە بوو بەسەر دوو پارێزگادا ئەگەر هاوپەیمانانی هێزی سێ گانە لە شەڕی جیهانی یەکەمدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بشکێنن، ناوچەی باکووری هێڵەکە لە ژێر کۆنترۆڵی فەرەنسادا و ناوچەی باشووری هێڵەکەش لە ژێر کۆنترۆڵی بەریتانیادابێت.

دەستەواژەی "Sykes-Picot" بووەتە هاواتای بڕیاری جۆراوجۆر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کە ئەو بەڵێنییانەی بە هۆزەکانیان دابوو، شکاندیان و خستیانە ژێر پێی خۆیان و تا ڕادەیەک نائارامی و زێدەڕۆیی ئەمڕۆشی پێ ڕوون دەبێتەوە. ڕەنگە ئەم ئیدیعایە برێک زیادەڕەۆیانە بنوێنێت، چونکە توندوتیژیی و توندڕەویی تەنانەت پێش

هاتنی ئورووپییەکانیش بەردەوام هەبووە. بەڵام وەک لە ئەفریقا بینیمان، دروستکردنی "دەوڵەتی نەتەوەیی" لەسەر ئارەزووی داگیرکاران لەگەڵ خەڵکێکدا کە بە پێکەوە ژیان لەگەڵ یەکتر ڕاهاتوون و خوویان بەوە نەگرتووە لەگەڵ کۆمەڵانیتردا بژین، ڕێچکەیەکی باش بۆ دادپەروەریی، یەکسانی و سەقامگیریی نییە.

پێش "Sykes-Picot" (بە مانای گشتیی) دەوڵەتی سوریا بوونی نەبووە، هەروەها دەوڵەتی وەک لوبنان، ئوردۆن، عێراق، سعودیە، کوێت، "ئیسرائیل - فەلەستینیش" هێشتا بوونیان نەبوو. دیارە نەخشە مۆدێرنەکان سنوور و ناوی دەوڵەتە نەتەوەییەکان نیشان دەدەن، بەڵام ئەمانە گەنج و ناسەقامگیر بوون.

ئیسلام ئایینی باڵادەستە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام چەندین ئایینی جیاوازیش لەخۆدەگرێت. گرنگترین دابەشبوون لەناو ئیسلامدا بەقەرا خودی ئایینەکە کۆنە: دابەشبوونی سوننە و شیعە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٦٣٢، ئەو ساڵەی کە پێغەمبەر "محمد" مرد و ناکۆکی لەسەر جێنشینی لەناو موسوڵمانان سەریهەڵدا.

سوننە زۆرینەی عەرەبەکان و ئایینی ئیسلام لە سەرانسەری جیهان و نزیکەی لەسەدا ٨٥ی سەرجەم

موسڵمانان پێکدەهێنن. بەڵام لە هەندێک وڵاتی عەرەبیدا ڕێژەکان بە شێوەیەکی بەرچاو جیاوازن. چەمکی "سوننی" لە "سوننەت" یان "نەریتی پێغەمبەر"ەوە هاتووە. دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر، ئەوانەی بوون بە سوننە، داوایان کرد کە جێنشینەکەی بە پێی نەریتی عەشیرەتی عەرەبی هەڵبژێردرێت. ئەوان خۆیان بە موسڵمانی ئۆرتۆدۆکس دادەنێن. وشەی "شیعە" کە شیعە لێیەوە وەرگیراوە، واتە "شیعەت عەلی"، یاخود "پارتی عەلی"، ئاماژەیە بۆ زاوا و کوڕی مامی محەمەد واتە عەلی. عەلی و هەردوو کوڕەکانی حەسەن و حوسێن کوژران. ئەمەش وای لێکردن کە شیعەکان پێیانوابوو سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵگەی ئیسلامی دوای محەمەد مافی لەدایکبووی خۆیانە. کە بووە هۆی دروستبوونی ناکۆکی و پراکتیزەی کولتووری جۆراوجۆر کە دوو لایەنی سەرەکی ئیسلامی لێ کەوتەوە. دیارە ئەم کارە ناکۆکی و شەڕی هەڵگیرساند، بەڵام ماوەیەکی درێژخایەنی پێکەوەژیانی ئاشتیانەشیان پێکەوە هەبووە.

لەناو ئەو دوو ڕەوتە سەرەکییەدا دابەشبوونی لاوەکی زیاتریش ڕوویداوە: بۆ نموونە لقە جۆراوجۆرەکانی ئیسلامی سوننە کە شوێن هەندێک زانای گەورەی ڕابردوو کەوتبوون و بۆچوونەکانیان پەیڕەو دەکردن، لەوانەش نەریتی توندی حەنبەلی، کە ناوی ئەحمەد کوڕی حەنبەل، زانای ئایینی

سەدەی نۆهەمی عێراقە. زۆرێک لە سوننەکان لە قەتەر و سعودیە پەیڕەوی ئەو ڕێبازەن، ئەمەش بە نۆبەی خۆی کاریگەریی لەسەر سەلەفیزمی زێدەڕۆ لەنێو جیهادیستەکاندا داناوە.

سێ قوتابخانەی سەرەکی شیعە هەیە. ناسراوترینیان دوانزە شیعەن، کە پابەندن بە عەقیدەی دوانزە ئیمامەوە؛ بەڵام تەنانەت لەناو ئەم قوتابخانانەشدا گروپی لاوەکی هەیە. قوتابخانەی ئیسماعیلی "Ismailiten" باوەڕیان بە حەوت ئیمام هەیە، قوتابخانەی زەیدیش "Zaiditen" باوەڕیان بە پێنج ئیمام هەیە. لە نێو مەزهەبە جۆراوجۆرەکانی ئایینی سەرەکی شیعەدا، عەلەویی و دروزەکان هێندە بە دوور لە بیری ئیسلامی تەقلیدی دادەنرێن کە زۆرێک لە موسڵمانانی دیکە بە تایبەت سوننەکان تەنانەت بە لایەنگری ئایینی ئیسلامیان نازانن. میراتی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی ئورووپا تێکەڵەیەک لە کۆمەڵی عەرەبەکانە کە لە دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا کۆکراونەتەوە، و سەرکردەکانیان زیاتر لایەنگریی ئەو لقە ئیسلامە بوون کە خۆیان لێیەوە هاتوون (هەروەها کۆمەڵەی خێڵەکی هاوتا). ئەم دیکتاتۆرانە ماکینەی دەوڵەتیان بەکارهێنا بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دوکتورینی ئەوان لە چوارچێوەی ئەو سنوورە دەستکردانەی کە

ئورووپییەکان بۆیان کێشاون بەسەر هەموو خاکەکەدا حاکمن - بەبێ گوێدانە ئەوەی ئایا ئەمە لە ڕووی مێژووییەوە لەگەڵ ئەو هۆز و ئایینە جۆراوجۆرانەی لێرە بەسەر ناوچەکاندا بڵاوبوونەوە، ڕەوا و گونجاوە.

عێراق نموونەیەکی سەرەکیی ئەنجامی ئەو ململانێ و ئاژاوەگێڕییەیە. شیعە مەزهەبیەکان هەرگیز قبوڵیان نەکرد حکومەتێکی سوننە شارە پیرۆزەکانیان کۆنترۆڵ بکات، وەک نەجەف و کەربەلا، کە دەوترێت شەهیدەکانیان عەلی و حوسێن لەوێ نێژراون. ئەم چەشن هەستە خاوەندارییە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە لەمەوبەر؛ چەند دەیەیەک ناولێنانی "عێراق" نەیتوانی گۆڕانیان بەسەردابێنێت و شلیان کاتەوە.

حاکمەکانی تورکیای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ناوچەیەکی نارێک و شاخاوییان بینی کە نەتەوەی کورد بەسەریدا زاڵ بوو و لەودیوەوە و لە ڕۆژهەڵاتی سوریای ئێستا خاکێکیان بینی کە بەرەو بەغدا تەخت ببۆوە و زۆرینەی دانیشتووانەکەی عەرەبی سوننە بوون. پاشان دوای تێکەڵبوونەوەی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات بۆ پێکهێنانی شەتولعەرەب، لە تاڵاوەکان و ناوچەکانی شاری بەسرەدا ڕووبەڕووی عەرەبی زیاتر دەبنەوە کە زۆربەیان شیعە بوون. بەو پێیە حکوومەتیان بەسەر ئەم ناوچانەدا دەکرد: بەسەر

سێ هەرێمی ئیداریدا دابەشیان کردن: موسڵ، بەغدا و بەسرە.

لە سەردەمی کۆندا ئەو ناوچانە کە تا ڕادەیەک هاوتای ئەو ناوچانە بوون کە لە سەرەوە باسمان کرد، بە ئاشوور و بابل و سۆمەر ناسراو بوون. کاتێک فارسەکان حوکمڕانی ناوچەکەیان بەدەستەوە گرت، بەشێوەیەکی هاوشێوە دابەشیان کردن، هەروەک ئەسکەندەری مەزن و دواتر ئیمپراتۆریەتی ئومەوی. ئینگلیزەکان هەمان خاکیان چاوەدێری کرد و سێ ناوچەکەیان کردە یەک، ئەمەش کارێکی نەگونجاو بوو کە مەسیحییەکان بتوانن بە "سێیەی پیرۆز"[٢٠] چارەسەری بکەن، کە خۆی بووەتە هۆی گێژاوێکی ترسهێنەر لە عێراقدا.

زۆرێک لە چاودێران دەڵێن تەنیا پیاوێکی بەهێز دەتوانێت ئەم سێ خاکە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێک یەکبخاتەوە و لە عێراقیشدا پیاوی بەهێز یەک لە دوای یەک هاتوونەتە سەر کار بەڵام لە ڕاستیدا خەڵکی ئەو ناوچانە هەرگیز یەکگرتوو نەبوون؛ ئەوان تەنیا لە ترسی حاکمان بێدەنگ ببوون. لەڕاستیدا، لە قووڵایی و ناخی دڵەوە، کەم کەس باوەڕی بە پڕوپاگەندەی دەوڵەت هەبوو، کە بەردەوام

[٢٠] "سێی پیرۆز" زاراوەیەکی ئەڵمانییە بۆ باوەڕی مەسیحی و ئاماژەیە بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە خودا لە سێ کەس پێکدێ: خودای باوک، خودای کوڕ (عیسا مەسیح) و ڕۆحی پیرۆز.

هەوڵی بۆ دادا: ئاسمیلیرەکردنی سیستماتیکی و حاشا کردن لە نەتەوەی کورد، هەژمووونی خێڵی سوننەی سەدام لە زێدی خۆی واتە تکریت، یان سەربڕینی بەکۆمەڵی شیعەکان لە دوای ڕاپەڕینی هەرەسهێنراویان لە ساڵی ١٩٩١.

یەکەم کەس کە لە حکوومەت جیابوونەوە نەتەوەی کورد بوون. لە حکوومەتی دیکتاتۆریدا، بچووکترین کەمینەکان هەندێک جار وا خۆیان نیشان دەدەن کە باوەڕ بە بانگەشەی پڕوپاگەندای حکوومەت دەکەن کە مافەکانیان دەپارێزێت، چونکە ئەوەندە بەهێز نین کە بتوانن بەرەنگاری ڕاستەقینە ببنەوە. بۆ نمونە کەمینەی مەسیحی عێراق و مشتێک جولەکە وایان زانی ئەگەر لەژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری وەک سەدامدا بێدەنگ بن، سەلامەتتر دەبن، و خۆیان لە مەترسی ڕیسکی گۆڕانکاریی لەگەڵ ئەو دەرئەنجامە ترسهێنەرانەی ئەوکات بەدوایدا دەهات دەپارێزن. لە بەرامبەردا نەتەوەی کورد لە ڕووی جوگرافییەوە شوێنەکەی پێناسە کرابوو و لە هەمووشتێک گرنگتر ژمارەیان هێندە زۆر بوو کە بتوانن لە هەنبەر هەر دیکتاتۆرێک بەرگری لە خۆیان بکەن.

پینج ملیۆن کورد لە عێراق دەژین کە زۆرینەیان لە باکور و باکووری ڕۆژهەڵات، لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و

دەهۆک و ناوچەکانی دەوروبەری نیشتەجێن. هیلالێکی بەرفراوان و زۆرینەی ناوچەکانی شاخاوی و گردە. کورد سەرەڕای هێرشی بەردەوامی کولتووری و سەربازی لە لایەن حاکمانی ناوچەکەوە توانیویەتی ناسنامەی خۆی بپارێزێت. یەکێک لەوانە ئۆپەراسیۆنی ئەنفال بوو لە ساڵی ١٩٨٨ کە تێیدا گوندەکان لە ئاسمانەوە بە گازی ژەهراوی بۆردومان کران. لە ماوەی هەڵمەتی هەشت قۆناغیدا هێزەکانی سەدام هیچ دیلێکیان لە کوردەکان نەگرت و هەموو ئەو مرۆڤانەیان کوشت کە تەمەنیان لە نێوان ١٥ بۆ ٥٠ ساڵدا بوو. لەو هێرشانەدا نیزیکەی ١٠٠ هەزار کورد کوژران و لە سەدا ٩٠ی گوندەکانیان خاپوور کران و لەسەر نەخشەی جوگرافیی پاک کرانەوە.

کاتێک سەدام لە ساڵی ١٩٩٠دا کوەیتی داگیرکرد، کورد ئەو دەرفەتەی قۆستەوە بۆ ئەوەی مێژوو تۆمار بکات و لە کردەوەدا ئەو مافە وەرگرێت کە لە پەیمانی سیڤەر لە دوای شەڕی جیهانی یەکەمی ساڵی ١٩٢٠ بەڵێنی پێدرابوو، بەڵام هەرگیز ئەو مافەی پێی نەدرا: "پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردستان". لە کۆتایی شەڕی کەنداودا کورد هەڵسانەوە، هاوپەیمانان "ناوچەیەکی ئەمن"یان دامەزراند کە لە چوارچێوەیدا سوپای عێراق لە فڕین بەسەر ناوچەی کوردستاندا قەدەغە کرا و شتێکی وەک کوردستانێکی

دیفاکتۆ دەستی بە سەرهەڵدان کرد. لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا، ئەو ڕاستییە ئاشکرایەی چەسپاند: بەغدا ئیتر جارێکی دیکە حوکمڕانی کورد ناکاتەوە.

کوردستان هێشتا دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری و فەرمی نییە، بەڵکوو خاوەنی زۆرێک لەو تایبەتمەندییانەیە و ڕووداوەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر ئەگەری بوونی دەوڵەتێکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی بە ناوی کوردستان بەرز دەکاتەوە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: دەوڵەتێکی کوردی چلۆن دەبێت؟ سوریا و تورکیا و ئێران چۆن کاردانەوەیان دەبێت ئەگەر خاکە کوردییەکانیان هەوڵی پەیوەستبوون بەوەوە بدەن و کوردستانێکی هاوپێچ و یەکگرتوو دروست بکەن کە دەستیان بە دەریای ناوەڕاست بگات؟

کێشەیەکی تریش دروست دەبێت: یەکیەتیی و یەکڕیزیی نێوان خودی کورد. کوردستانی عێراق لە مێژە لە نێوان دوو بنەماڵەی ڕکابەردا دابەش بووە. کوردەکانی سوریا هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی بچووک دەدەن بە ناوی ڕۆژئاوا. ئەوان وەک بەشێک لە کوردستانێکی گەورەی داهاتوو سەیری دەکەن، بەڵام ئەگەر دروستکردنێکی لەو شێوەیە ڕووبدات، ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کێ چەند دەسەڵاتی دەبێت و لە کوێدا ئەم دەسەڵاتە بەڕێوەدەچێت. ئەگەر

کوردستان ببێته دەوڵەتێکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی، شێوەی جوگرافیی عێراق دەگۆڕێت. ئەمەش لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراوە ئایا وڵاتێک بە ناوی عێراق بوونی دەبێت؟ دیارە ڕەنگە واش نەبێت.

شانشینی هاشمی، وەک چلۆن لە ئوردۆنیش ناوی لێ دەنرێت، دەوڵەتێکی دیکەیە کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لە ناو بیاباندا خوڵقێندراوە، کە لە ساڵی ١٩١٨دا ناچاربوون سەرکردایەتیی خاکێکی گەورە و یەک لە دوای یەک بکەن و کێشە جۆراوجۆرەکانیان چارەسەر بکەن.




سەرەڕای ئەوەی کوردوستان دەوڵەتێکی دانپێدانراو نییە، بەڵام هەرێمێک هەیە بە ناوی "کوردستان". لەبەرئەوەی خۆی بەسەر چەند سنوورێکدا درێژدەکاتەوە، ئەگەر ناوچە کوردنشینەکان هەوڵی دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆ بدەن شوێنێکی گەلێک ئاستەم دەبێت.

عەشیرەتە جیاوازەکانی عەرەب لە شەڕی جیهانی یەکەمدا لە دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پاڵپشتی ئینگلیزەکانیان کردبوو، بەڵام لەندەن بەڵێنی بە دوو لایەنیان دا کە دوای شەڕ پاداشتی تایبەتی وەردەگرن. سەیر ئەوەیە بە هەردووکیان بەڵێنی یەک شت درابوو، ئەویش کۆنترۆڵکردنی نیمچە دوورگەی عەرەبی بوو. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هۆزی سعودی و هاشمی زۆرجار ڕووبەڕووی یەکتر ببوونەوە و شەڕیان دژ بە یەکتر بەرێوەبردبوو، ئەمە تا ڕادەیەک ناشیانە بوو. بۆیە لە لەندەن تۆزیان لەسەر نەخشەکان لادا و هەندێک هێڵی نوێیان کێشاوە و ڕایانگەیاند سەرۆکی بنەماڵەی سعودی دەتوانێت خاکێک و بنەماڵەی هاشمیەکان حوکمڕانی خاکەکەیتر بکات. بەڵام هەردووکیان پێویستیان بە "دیپلۆماتکارێکی" بەریتانی دەبوو بۆ ئەوەی چاودێریی کارەکانیان بکات. سەرکردەی سعودیە لە کۆتاییدا ناوی خۆی لەسەر خاکی فەرمانڕەوایيەکەی دانا. لێرەوە، ئێمە ناوچەکە بە سعودیە دەناسین – ئەو کارە وەک ئەوەیە ناوی شانشینی یەکگرتوو بە "Windsorlan" ناو بەرین.

وەک مەشقێکی بچووکی ئیداری، بەریتانییەکان خاکەکەی دیکەیان بە "Transjordanien" ناو لێنا، کە کورتکراوەی "زەوی ئەودیوی ئوردۆن"ە. شارۆچکەیەکی بچووکی تۆزاوی

به ناوی عەممان بووە پایتەختی ترانس ئوردۆن و کاتێک ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩٤٨ وڵاتەکەیان بەجێهێشت، ناوەکەی گۆڕدرا بۆ "ئوردۆن". بەڵام هاشمیەکان لە ناوچەی عەممانەوە نەهاتبوون: لە بنەڕەتدا سەر بە هۆزی قورەیشی بەهێز بوون لە ناوچەی مەککە، لە کاتێکدا دانیشتوانی عەممان زۆرینەیان بەدەوی "Beduinen" بوون. ئەمڕۆ زۆرینەی دانیشتوانی فەلەستینین: کاتێک ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧ کەرتی ڕۆژئاوای ئۆردۆنی داگیرکرد، زۆرێک لە فەڵەستینییەکان بەرەو ئوردۆن هەڵاتن، کە تاکە وڵاتی عەرەبی بوو ڕەگەزنامەی پێشکەش دەکردن. لە ئەنجامدا زۆربەی دانیشتوانی ئوردۆن کە ٦،٧ ملیۆن دانیشتووی هەیە فەلەستینین و بەشێکی زۆریان خۆیان بە هاوشارییەکی دڵسۆزی حاکمی ئێستای هاشمی، شا عەبدوڵڵا نازانن. هاوکات لەگەڵ ئەم کێشەیە یەک ملیۆن پەنابەرە لە عێراق و سوریاوە لە لایەن ئەم وڵاتەوە وەرگیران، ئەمەش گۆشارێکی گەورەی خستۆتە سەر سامانی وڵاتەکە کە خۆی لە خۆیدا گەلێک سنووردارە.

ئەم چەشنە گۆڕانکاریانە لە دیمۆگرافیای وڵاتێکدا دەتوانن کێشەی گەورە دروست بکەن - ئەم کێشەیە لە هیچ شوێنێکی دیکەدا هێندە گەورە نییە وەک لوبنان. تا سەرەتای سەدەی بیستەم، عەرەبەکان تەنیا وەک

پارێزگایەکی ناوچەی سوریا تەماشای ناوچەی نێوان چیاکانی لوبنان و دەریایان دەکرد. فەرەنسییەکان کە دوای شەڕی جیهانی یەکەم دەستیان بەسەردا گرت، ئەمەیان جیاوازتر دەبینی.

فەرەنسییەکان لە مێژە لە ناوچەکەدا هاوپەیمانی مەسیحییە عەرەبەکان بوون و وەک نیشانەی سوپاسگوزاریی وڵاتێکیان لە شوێنێکدا بۆ دیاریی کردن کە پێدەچوو لە ساڵانی ١٩٢٠دا دانیشتوانی باڵادەست بووبن. بەو پێیەی ناوێکی دیکە بۆ ئەم وڵاتە نەبووە، فەرەنسییەکان بە ناوی چیاکانی نزیکەوە ناویان ناوە و لوبنان لەدایک بوو. ئەم گۆڕانکارییە جوگرافییە تا کۆتایی ساڵانی ١٩٥٠ بەردەوام بوو. لەو کاتەدا ڕێژەی لەدایکبوون لە نێوان شیعە و سوننە لە لوبنان خێراتر لە مەسیحییەکان گەشەی دەکرد، هەروەها بەهۆی ئەو فەلەستینیانەی کە لە شەڕی عەرەب و ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨ لە ئیسرائیل-فەلەستینی دراوسێ هەڵاتبوون ژمارەی موسڵمانان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردبوو. لوبنان لە ساڵی ١٩٣٢ سەرژمێرییەکی فەرمی ئەنجامدا، چونکە دیمۆگرافیا پرسێکی هەستیارە و سیستەمی سیاسی بەشێکی لەسەر بنەمای پێکهاتەی دانیشتوان دامەزراوە.

شەڕی درێژخایەن لە نێوان گروپە ئایینییە جیاوازەکانی ناوچەکەدا بەڕێوەدەچوو. ئەوەی هەندێک لە مێژوونووسان پێی دەڵێن یەکەم شەڕی ناوخۆی لوبنان لە ساڵی ١٩٥٨ لە نێوان مەسیحییە مارۆنیەکان و موسڵمانەکاندا سەریهەڵدا، کە لەوانەیە لەو سەردەمەدا زۆرینەیەکی کەمیان بەسەر مەسیحییەکاندا پێکهێنابێت. ئەمڕۆ بە ڕوونی زۆرینەن، بەڵام هێشتا هیچ ئامارێکی فەرمی نییە و ئەو توێژینەوە زانستیانەی کە ئاماژەیان پێدەکەن، کێبڕکێیەکی گەرمیان لەسەرە.

هەندێک ناوچەی بەیرووتی پێتەخت ، هەروەها بەشێکی زۆری باشووری لوبنانیش لە شیعە پێکهاتوون. حیزبوڵڵای شیعە (کە ئێرانی شیعە پاڵپشتی دەکات) لەوێ گەلێک زاڵە. قەڵایەکی دیکەی شیعەکان ناوچەی بێکا"Bekaa"یە، کە حیزبوڵڵا وەک گۆڕەپانی هێزەکانی بۆ دەستدرێژیەکانی بۆ سەر سوریا بەکاری دەهێنێ و لەوێ پاڵپشتی هێزی حکومەتی دەکات. لە شارەکانی تریش سوننە زۆرینەن. بۆ نموونە تەرابلوس لە باکوور بە لە سەدا ٨٠ی سوننە دادەنرێت، بەڵام کەمینەیەکی بەرچاوی عەلەوییەکانیشی تێدایە. بە سەرنجدان بە ئاڵۆزییەکانی نێوان سوننە و عەلەوییەکان لە سنوورەکانی سوریای دراوسێ، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی شەڕ و پێکدادانی نێوانیان.

لوبنان تەنیا لەسەر نەخشە وەک دەوڵەتێکی یەکگرتوو دەردەکەوێت. تەنیا چەند خولەکێک دوای گەیشتن بە فڕۆکەخانەی بەیروت، ڕوونە کە زۆر لەو شتە دوورە. ڕۆیشتن لە فڕۆکەخانەوە بۆ ناوەندی شارەکە بەناو گەڕەکەکانی باشووردا دەڕوات کە زۆرینەیان شیعەن، و لە زۆر شوێن میلیشیای حزبوڵڵا دەسەڵاتی هەیە و هێزی پۆلیسی بەدەستەوەیە. ڕەنگە میلیشیا کارامەترین هێزی سەربازی بێت لە وڵاتەکەدا. لە کاتێکدا سوپای لوبنان تەنیا لەسەر کاغەز بوونی هەیە، لە شەڕێکی دیکەی ناوخۆدا لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥ بۆ ١٩٩٠ هەڵوەشایەوە، چونکە سەربازەکانی زۆربەی یەکەکان گەڕانەوە بۆ شارەکانی خۆیان و پەیوەندییان بە میلیشیا ناوخۆییەکانەوە کرد. کارێکی لە هەمان شێوە بەسەر هێزە چەکدارەکانی سوریادا هات کاتێک شەڕێکی ناوخۆی جیددی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١دا سەریهەڵدا.

هەروەها سوریا دەوڵەتێکی فرە ئایینی، فرە فیرقە و فرە عەشیرەتییە کە لە یەکەم نیشانەی ناسنامەکەیدا لێک بڵاو بۆوە. هەر وەک چلۆن بۆ ناوچەکە ئاساییە، زۆربەی دانیشتووانەکەی- نزیکەی لەسەدا ٧٠ - سوننەن، بەڵام کەمینەیەکی بەرچاو لە ئایینەکانی دیکەش لەخۆ دەگرێت.

تا ساڵی ٢٠١١ زۆرێک لە کۆمەڵگاکان لە شار و شارۆچکە و ناوچە گوندنشینەکاندا شانبەشانی یەکتر دەژیان، بەڵام هەمیشە ناوچە هەبوون کە گروپێکی دیاریکراو بە ڕوونی بەسەریدا زاڵ بوون. وەک لە عێراق، خەڵکی ناوچەکە هەمیشە ڕوونیان دەکردەوە: "ئێمە یەک گەلین، هیچ جیاوازییەک لە نێوانماندا نییە." بەڵام هەر وەک لە عێراقیش مرۆڤ دەتوانێت بە ئاسانی دەرەنجامی لە کوێوەهاتنی لەسەر بنەمای ناو، شوێنی لەدایکبوون، یان شوێنی نیشتەجێبوون ڕوون بکاتەوە. هەروەها وەک لە عێراق دابەشکردنی یەک گەل بۆ چەندین گەل ئەستەم و دژوار نەبوو.

کاتێک فەرەنسییەکان دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرت، ڕەوتی ئینگلیزیان لە دابەشبوون و حوکمڕانیدا پیشە کرد. لەو سەردەمەدا عەلەوییەکان بە نوسەیریس "Nusairier" ناسرابوون. زۆرێک لە سوننەکان بە موسڵمانیان دانەدەنان و لەبەرئەوەی دوژمنایەتی بەرامبەریان زۆر بەهێز بوو، بۆ جەختکردنەوە لەسەر باوەڕی ئیسلامی، ناوی خۆیان نا عەلەویی"پەیڕەوانی عەلی". ئەوان وەک گەلێکی پشتەوەی لیرەوار سەیر دەکران و لە کۆتایی پلیکانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی سوریادا جێیان گرتبوو. فەرەنسییەکان ئەوانیان هێنایە ناو ڕیزی پۆلیس و سەربازییەوە، لەوێشەوە خۆیان

وەک هێزدارێکی گەورە لە وڵاتەکەدا بەدرێژایی ساڵان جێگیر کرد.

لە بنەڕەتدا هەمووان ئاگاداری سەرهەڵدانی ئەو گرژیانە بوون کاتێک سەرکردەی کەمینەیەک حوکمڕانی زۆرینە بکات. خێڵی ئەسەد، کە بەشار ئەسەد سەرۆک کۆماری سوریا لێیەوە هاتووە، سەر بە عەلەوییەکانن و نزیکەی لە سەدا ١٢ی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنن. ئەو بنەماڵەیە لەو سەردەمەوە حافز باوکی بەشار لە ساڵی ١٩٧٠دا بە کودەتایەک دەسەڵاتی گرتە دەست، حوکمڕانی وڵاتەکەیان کردووە. لە ساڵی ١٩٨٢ حافز ڕاپەڕینێکی ئیخوان ئەلموسلیمینی سوننەی لە حەما "Hama" سەرکوت کرد. لەو ڕووداوەدا کە تەنیا ماوەیەکی کورتی خایاند نیزیکەی ٣٠ هەزر مرۆڤ گیانیان لە دەست دا. ئیخوان ئەلموسلیمین نە لێیان خۆش بوون و نە لەبیریان کرد و کاتێک نائارامییەکانی سەرانسەری وڵات لە ساڵی ٢٠١١ دەستی پێکرد، حیسابێکی کراوەیان مابۆوە. لە هەندێک ڕووەوە شەڕی ناوخۆی حەمە"Hama" وەک بەشی دووەمی شەڕی نێوانیان سەیر دەکرا.

شێوە و ئاڕاستەی کۆتایی جوگرافی سوریا هێشتا جێی مشتومڕە، بە ڵام سیناریۆیەک هەیە دەری دەخات ئەگەر دیمەشق بکەوێت (ئەمەش ئەگەری زۆر کەمە)،

عەلەوییەکان پاشەکشە دەکەن بۆ قەڵا کۆنەکانیان لە کەنارئاو و لە چیاکان و دەوڵەتێکی بچووکی وەک ئەو دەوڵەتە دادەمەزرێنن کە لە ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ خاوەنی بوون. ئەمەش لەڕووی تیۆریەوە مومکینە، بەڵام سەدان هەزار سوننە لە ناوچەکەدا دەمێننەوە و ئەگەر حکومەتێکی نوێی سوننەی باڵادەست لە دیمەشق پێکبهێنرێت، ئەولەویەتەکانی دەستەبەرکردن، پارێزگاریی لە کەنارئاوەکان و پێش گرتنی بەرخۆدان دەبێت.

لە داهاتوویەکی نزیکدا پێدەچێت سوریا وەک زنجیرەیەک لە دەسەڵاتی ناوچەیی بەڕێوەبچێت کە لەلایەن سەرۆکی شەڕکەری جیاوازەوە حوکمڕانی دەکرێت. لە کاتی نووسینی ئەم هەواڵەدا، سەرۆک ئەسەد بە سادەیی بەهێزترین سەرکردەی جەنگە لە نێوان سەرکردەکانیتردا. [لە کاتی وەرگێڕانی ئەم نووسراوەیەدا سەرۆک ئەسەد هەڵاتووە بۆ ڕووسیا و ڕژیمەکەی ڕووخاوە.شوانە] لە لوبنان دوایین شەڕی ناوخۆ ١٥ ساڵی خایاند و لە هەندێک کاتدا وڵاتەکە بە شێوەیەکی مەترسیدار لە شەڕێکی دیکە نزیک دەبێتەوە. ڕەنگە سوریاش تووشی چارەنووسێکی هاوشێوە بێت.

سوریاش هاوشێوەی لوبنان بووەتە وڵاتێک کە زلهێزە بیانییەکان بۆ بەدواداچوونی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەکاریدەهێنن. ڕووسیا و ئێران و حزبوڵای لوبنان پشتیوانی

هێزەکانی حکومەتی سوریا دەکەن. وڵاتانی عەرەبی پشتیوانی ئۆپۆزسیۆن دەکەن، بەڵام دەوڵەتە جیاوازەکان پشتگیری لە گروپی جیاوازی ئۆپۆزسیۆن دەکەن: بۆ نموونە سعودییەکان و قەتەر هەردووکیان ململانێ دەکەن بۆ کاریگەریی زیاتری خۆیان، بەڵام هەریەکەیان هەوڵدەدەن لەڕێگەی نوێنەرێکی جیاوازەوە ئەمە بەدەستبهێنن.

ڕاگرتنی ئەم ناوچە زۆرانە وەک فەزای یەکگرتوو و حوکمڕانی، پێویستی بە ئەزموون، بوێری و سازش هەیە - ئەم بوێری و سازشە توخمێکە کە زۆرجار کەمایەسی دێنێ. بە تایبەتی چەکدارانی جیهادی سوننە هەوڵدەدەن ناوچەکان لەیەکتر جیابکەنەوە بۆ ئەوەی فەزا بۆ "خەلافەت"ەکەیان فراوانتر بکەنەوە. هەروەها گروپەکانی وەک ئەلقاعیدە و لەم دواییانەدا دەوڵەتی ئیسلامی داعیش بەهۆی زەلیلیی ژێر کۆلۆنیالیزم و دواتر شکستی ناسیۆنالیزمی پان عەرەبی - هەروەها تا ڕادەیەک پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی عەرەبی، پشتیوانیان بەدەستهێناوە. سەرکردە عەرەبەکان نەیانتوانیوە خۆشگوزەرانی یان ئاشتی پێکبهێنن و پرۆپاگەندای دڵگیری ئیسلامیزم کە بەڵێنی چارەسەری هەموو کێشەکان دەدات، بۆ زۆر کەس لە ناوچەکان کە بە تێکەڵەیەکی کوشندە لە تەقوا، بێکاری و چەوساندنەوە تایبەتمەندە، سەرنجڕاکێش دەنوێنێ.

ئیسلامییەکان خوازیاری گەڕانەوەن بۆ سەردەمێکی زێڕین کە تێیدا ئیسلام حوکمڕانی ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی دەکرد و لە بواری تێکنۆلۆژیا، هونەر، پزیشکی و ئیدارە پێوەر بوو. هەروەها ئیسلامییەکان لە سەرهەڵدانەوەی بێمتمانەیی کۆن لەهەنبەر "ئەوانی دیکە" لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆڵیان گێڕاوە.

"دەوڵەتی ئیسلامی" لە کۆتاییەکانی ۲۰۰۰ لە دڵی گروپی "ئەلقاعیدە لە عێراق" سەریهەڵدا، کە بە ناو لەلایەن پاشماوەکانی ئەلقاعیدە سەرکردایەتی دەکرا. تا ئەو کاتەی شەڕی ناوخۆی سوریا بەتەواوەتی لە گەشەکردندا بوو، ئەو گرووپە لە ئەلقاعیدە جیاببۆوە و ناوی خۆی گۆڕیبوو. سەرەتا هەموو جیهان بە داعش (دەوڵەتی ئیسلامی لە شام) دەیناسی، بەڵام بەو پێیەی وشەی عەرەبی بۆ "Levante"، ئەلشامە، بوو بە "ISIS". ئەو گرووپە لە هاوینی ساڵی ۲۰۱٤ دەستیان کرد بە ناونانی خۆیان بە "دەوڵەتی ئیسلامی" دوای ئەوەی وەک دەوڵەتێک بۆ بەشێکی بەرفراوانی عێراق و سوریا پرۆپاگاندایان دەکرد.

داعش هەر زۆر زوو بووە ئەو گرووپە جیهادیستەی کە گەنجانی موسوڵمان "دەبوو" بچنە ناویەوە، هەزاران موسڵمانی بیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بەشێکی بەهۆی ڕۆمانسیزمە خواپەرستەکەیەوە و بەشێکیش بەهۆی

دڕندەییەکەیەوە بوو. بەڵام سەرنجی سەرەکییەکەی دروستکردنی خەلافەتێکی سەرکەوتوو بوو. لەو شوێنانەی کە ئەلقاعیدە خەڵکی کوشت و خۆی لە مێدیاکانی جیهاندا پێ گەورە کردەوە، داعش خەڵکی کوشت و خاکی داگیرکرد.

هەروەها داعش بەشێکی ئەو فەزایەی داگیرکرد کە لە سەردەمی ئینترنێتدا تادێت گرنگتر دەبێت - فەزای دەروونی. داعش لەسەر کارە پێشەنگەکانی ئەلقاعیدە لە سۆشیال میدیادا کارەکانی خۆی بنیات نا و گەیاندیە بەرزایی نوێی وردبینی و دڕندەیی. تا ساڵی ٢٠١٥ داعش بە قەبارە ئەو پرۆپاگەندایەی لە مێدیا دەجیتالییەکاندا بڵاوی دەکردەوە، لە هەموو حکومەتێک تێپەڕی. بۆ ئەم مەبەستەش ئەو جیهادیستانەی بەکارهێنا کە بە کاریگەرییە دڕندەیەکانیان لەسەر گەنجانی موسوڵمان بە تایەبەت ئەوانەی لە ڕۆژئاوا گەورەببوون، لەناو ئینترنێت و وەسوەسەی توندوتیژیی و سێکس ڕاهاتبوون. ئەوان جیهادیستی نەوەی جاکاس "Jackass"ن و لە پێش هەر یارییەکی کوشندەدان.

چەکدارانی ئیسلامی سوننە لە سەرانسەری جیهانەوە، وەک مۆتەکە تا ملیاردێک پێکسل وەک پەروانە دەسووڕانەوە، دابەشبوونی سێ لایەنەی نێوان کورد، سوننە و شیعەیان لە عێراقدا قۆستەوە. ئەوان تێکەڵەیەکی سەرخۆشکەر پێشکەش بە عەرەبی سوننە دەکەن کە

بەڵێنی گەڕاندنەوەی شوێنی "مافی" خۆیان لە ناوچەکە و دووبارە دامەزراندنەوەی خەلافەتیان پێ دەدات، کە تێیدا هەموو باوەڕدارە ڕاستەقینەکان (بەپێی وەشانی خۆیان، موسڵمانانی سوننە) لە ژێر یەک فەرمانڕەوادا دەژین. بەڵام ڕێک ئەوە کۆنەپەرستی بیروباوەڕ و کردارەکانیانە کە ڕێگرییان لێدەکات لە بەدیهێنانی خەیاڵە یۆتۆپیاییەکانیان.

یەکەم: تەنها بەشێک لە عەشیرەتە سوننەکانی عێراق پشتگیریان لە ئامانجی جیهادیستەکان کرد و ئەویش تەنیا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان - کە بە مانای گەڕانەوە بۆ سەدەی شەشەم نەبوو. کاتێک ئەوەی دەیانەویست بەدەستیان هێنا، پشت لە جیهادیستەکان دەکەن، بەتایبەتی جیهادیستە بیانییەکان. دووەم: جیهادیستەکان بە کردەوە نیشانیان داوە هەر کەسێک دژایەتیان بکات هیچ ڕەحمێکی پێ ناکەن و "مرۆڤی جیا لەسوننە" سزای لەسێدارەدانە. بەم شێوەیە هەموو موسڵمانانی غەیرە سوننە و هەموو کەمینەکانی عێراق، مەسیحی، کلدان، ئێزیدی و ئەوانی دیکە، بە دژی خۆیان دادەنین – هەروەک دەیان دەوڵەتی ڕۆژئاوایی و موسڵمانیش بەو شێوەیە سەیر دەکەن.

ئەو سوننە عێراقییانەی پشتیوانی جیهادیستاکانیان نەدەکرد خۆیان لە دۆخێکی گەلێک سەختدا دەبینییەوە.

ئەگەر عێراق دابەش بکرێت یان بە شێوەیەکی یاسایی فیدراڵی بەڕێوەبچێت، ئەوا خۆیان لە ناوەڕاستی وڵاتەکەدا دەبیننەوە، کە بە خۆڵ دەورە دراوە، لە ناوچەیەکدا کە بە سێگۆشەی سوننە ناسراوە، و لوتکەکانی لە ڕۆژهەڵاتی بەغدا و ڕۆژئاوای ڕەمادی و باکووری تکریت یەکتر دەگرنەوە. زۆرجار ئەو سوننانەی لێرە دەژین، زیاتر هاوبەشییان لەگەڵ هۆزە پەیوەندیدارەکانی سوریاوە هەیە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ کوردەکانی باکور یان شیعەکانی باشوور.

فرەچەشنی ئابووریی بەس نییە بۆ پشتیوانی لە دەوڵەتێکی سوننە. مێژوو نەوتی وەک خاڵاتێک بە "عێراق" داوە، بەڵام دابەشبوونی تەواوەتی وڵات بەو مانایە دەبێت کە زۆرینەی خاکی وڵات ناوچە کوردنشینەکان و شیعەنشینەکان پێک دێنێ. ئەگەر عێراقێکی بەهێز و یەکگرتوو بوونی نەبێت، پترۆدۆلارەکان دەڕژێنەوە بۆ ئەو شوێنەی کە نەوتەکە دەدۆزرێتەوە. سوننەکان ناتوانن ناوچە کوردنشینەکان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان؛ شارەکانی باشووری بەغدا وەک نەجەف و کەربەلا زۆرینەیان شیعەن و بەندەرەکانی بەسرە "Basra" و ئوم قەسر "Umm Qasr" گەلێک لە خاکی سوننەکانەوە دوورن. ئەم دووفاقییە وایکردووە سوننەکان شەڕ بکەن بۆ

بەدەستهێنانی پشکێکی یەکسان لە خاکێکدا کە سەردەمانێک حوکمڕانییان تێدا کردووە. هەندێک جار یاریی بە بیرۆکەی جیابوونەوە دەکەن، بەڵام دەزانن کە ئەو کاتە داهاتوویان چارەنووسێک دەبێت لەسەر دەستکەوتێکی زۆر کەم.

لە ئەگەری دارماندا، شیعەکان لە ڕووی جوگرافییەوە بۆ سوود وەرگرتن باشترین پێگەیان هەیە. ئەو ناوچەیەی کە بەسەریدا زاڵن، کێڵگەی نەوتی هەیە، نزیکەی ٦٠ کیلۆمتر کەنار دەریای لەخۆ گرتووە، ڕێڕەوی ئاوی شەتولعەرەبی هەیە، بەندەری هەیە، گەیشتن بە جیهانی دەرەوەی بۆ گونجاوە و هاوسێی ئێرانە، وەک هاوپەیمانێکی ئایینی، ئابووریی و سەربازی.

ئامانجی جیهادیستەکان، هەژموونی جیهانی ئیسلامی سەلەفییەکانە. لە ساتەوەختی گەشاوەیاندا، بەڵام گەلێک مەترسیدار، پلانیان بۆ بە ئامانج گەییشتنی – بەرنامەڕیزیی بۆ خەلافەت لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە. یەکێک لە قاوکردن بۆ شەڕی جیهادیەکان "لە موسڵەوە بۆ قودس!" هەروەها مەبەست لێی دەربڕینی هیواداریيانە بۆ ئەوەی ناوچەی نێوان موسڵ لە عێراق، بەیروت لە لوبنان، عەممان لە ئوردۆن و قودس لە ئیسرائیل بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. بەڵام قەبارەی ڕاستەقینەی جوگرافیایی

خەلافەتی داعش گونجاوبوونی ئەم ئارەزووە سنووردار دەکات.

ئەمەش دەبێ لای کەم پشتیوانیی لە کێشەکە یان ئەو شتەی پانتایی وەشانی عەرەبی شەڕی سی ساڵە (١٦١٨-١٦٤٨) لە خۆ دەگرێت، بکات. بەڵام کێشەکە تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە. زۆرێک لەو جیهادیستە نێودەوڵەتیانەی کە لە ژیاندا ماون دەگەڕێنەوە وڵاتەکانیان بۆ ئورووپا، ئەمریکای باکوور، ئەندۆنێزیا، بەنگلادیش، قەفقاز... و بە دڵنیاییەوە لەوێ ژیانێکی ئارام بەڕێوەنابەن. دەزگای ئەمنیی لە لەندەن لەسەر ئەو باوەڕەن موسڵمانانی بەریتانیا زۆر زیاتر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست شەڕ بۆ گروپە جیهادیستەکان دەکەن بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەو موسوڵمانانەی لە سوپای بەریتانیادا خزمەت دەکەن. بەرنامەی ڕادیکاڵکردنی گەنجانی موسوڵمان لە لایەن جیهادیستەکانەوە چەند دەیە پێش دەستپێشخەرییەکانی دژە ڕادیکاڵکردن کە ئێستا لە وڵاتانی ئورووپادا بەرنامەیان بۆ داناوە، دەستی پێکردووە.

زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە کەم یان زۆر لەم ململانێی نەوی نوێیەدا ڕووبەڕووی وەشانی ئیسلامیستیی تایبەت بە خۆیان دەبنەوە. بۆ نموونە سعودیە لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا لە هەنبەر توخمەکانی ئەلقاعیدەدا وەستاوە و

ژومارێکی زۆریانی لەناویان بردووە. ئێستاش ڕووبەڕووی چالاکیی نوێی نەوەی داهاتووی جیهادیستەکان دەبێتەوە. کێشەیەکی دیکەی ئەم وڵاتە لە باشووردا ڕووبەڕووی بۆتەوە، ئەویش لەسەر سنووری یەمەن، کە هەمیسان ئەوان خۆشیان بەهۆی توندوتیژیی، بزووتنەوەی جوداخوازیی و بنەمای توندوتیژی جیهادییەوە لێک بڵاو بوونەتەوە.

هەروەها بزووتنەوەیەکی ئیسلامی لە ئوردۆن، بە تایبەتی لە شاری زەرقا "Zarqa" خەریکە گەشە دەکات کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە، بەرەو سنوورەکانی سووریا و عێراق. زەرقا شوێنی چەند هەزار لایەنگری گروپەکانی وەک ئەلقاعیدە و داعشە. دەسەڵاتداران ترسیان لەوە هەیە کە گروپێکی جیهادیستی لە عێراق یان سوریاوە بگاتە ئەو سنوورەی ئێستا گەلێک کراوەیە و لەوێوە ژمارەیەکی زۆر مرۆڤی زێدەڕۆ بڕژێنە ناو ئوردۆنەوە. سوپای ئوردۆن کە لەلایەن بەریتانیاوە ڕاهێنراوە و بە یەکێک لە بەهێزترین سوپای ناوچەکە دادەنرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام ئەگەر ئیسلامیستە ناوخۆییەکان و چەکدارە بیانییەکان شەڕی گەریلا دەستپێبکەن، ئەگەری زۆرە ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی کێشەیەکی جیددی ببێتەوە. ئەگەر ئوردۆنییە

فەلەستینییەکان ڕەتیدەکەنەوە بەرگری لە وڵاتەکە بکەن، ئەوە شتێکی ناڕاستەقینە نییە ئەو وڵاتە بەرەو دۆخی پشێوی هاوشێوەی سوریا دابەزێت. ئەوە دوا شتە کە فەرمانڕەواکانی هاشمی - هەروەها دوا سناریۆشە کە ئیسرائیلییەکان ئارەزووی دەکەن.

شەڕی چارەنووسی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی تا ڕادەیەک ڕوناکایی لەسەر کێشەی عەرەب و ئیسرائیل لاداوە. چربوونەوە لەسەر کێشەی ئیسرائیل-فەلەستین جارجارە دەگەڕێتەوە، بەڵام پانتایی ئەو ڕووداوانەی لە شوێنەکانی دیکەدا ڕوودەدەن، دواجار وایکردووە لانیکەم هەندێک لە چاودێران بێنە سەر ئەو باوەڕە کە کێشەکانی ناوچەکە تەنیا لە بوونی ئیسرائیلدا کورت ناکرێتەوە. ئەمە درۆیەکە کە دیکتاتۆرە عەرەبەکان بۆ سەرقاڵکردن لە دڕندەیی خۆیان بە خەڵکیی دەفرۆشن و لەلایەن زۆر کەسی ناوچەکە و مرۆڤی گەمژەی ڕۆژئاواوە وەرگیراوە کە تەنیا سوودیان بۆ دیکتاتۆرەکانە. سەرەڕای ئەوەش، کارەساتی هاوبەشی ئیسرائیل - فەلەستین بەردەوامە و وەسوەسەکە ئەوەندە مەزنە کە ئەم پارچە زەوییە بچووکە بەم زووانە جارێکی دیکە لەلایەن هەندێک کەسەوە وەک زەقترین کێشە لە جیهاندا دەهێنرێتەوە سەر گۆڕەپانی شانۆی جیهانی.

بۆ عوسمانییەکان، ئەو ناوچەیەی لە نێوان کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری ئوردۆن و دەریای ناوەڕاستە، بەشێک بوو لە ناوچەی سوریا. ناویان لێنا "Filistina". دوای شەڕی جیهانی یەکەم، لە ژێر هێزی بەریتانیادا، بوو بە فەلەستین.

جولەکەکان لەو خاکەدا کە پێی دەگوترا ئیسرائیل هەزاران ساڵ ژیابوون، بەڵام وێرانکارییەکانی مێژوویی ئەوانی بەسەر هەموو ناوچەکانی جیهاندا بڵاو کردبووەوە. سەرەڕای ئەوەش ئیسرائیل وەک "خاکی خۆشەویست" بۆ ئەوان و بە تایبەتی قودس وەک شوێنێکی پیرۆز مابۆوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٤٨ موسڵمان و مەسیحییە عەرەبەکان زیاتر لە هەزار ساڵ بوو زۆرینەی مرۆڤی ناوچەکەیان پێکهێنابوو.

کاتێک فەلەستین لە سەدەی بیستەمدا کەوتە ژێر کونترۆڵی کۆمەڵەی گەلان، بزووتنەوەی جولەکەکان گەشەی کرد: جولەکەکان بە تامەزرۆییەوە دەیانویست پەیوەندییان بە هاوئاینییە کەمینەکانیانەوە ڕاگرن، بە تایبەتی گوشاری ئورووپای ڕۆژهەڵات بۆ سەر جوولەکەکان بووە هۆی ئەوەی زۆر کەس بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی پێشووی خۆیان. ئینگلیزەکان بە ڕەزامەندییەوە سەیری "دامەزراندنی ماڵێکی نەتەوەیی لە فەلەستین بۆ گەلی جولەکە"یان دەکرد و ڕێگەیان بۆ جولەکەکان خۆش کرد ڕووبکەنەوە زێدی پێشووی خۆیان و زەوی لە عەرەبەکان

بکرن. دوای شەڕی جیهانی دووەم و کارەساتی هۆلۆکۆست، جولەکەکان هەوڵیاندا بە ژمارەیەکی زیاتریش بگەڕێنەوە بۆ فەلەستین. گرژییەکانی نێوان جوولەکە و غەیرە جوولەکە گەیشتە لووتکەی بەرزی خۆی و بەریتانیا لە ساڵی ١٩٤٨دا ئەم کێشەیەی ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و ئەنجامەکەی بووە هۆی دابەشبوونی ناوچەکە بەسەر دوو وڵاتدا. جولەکەکان دەنگیان بەو پێشنیارە دا، عەرەبەکان وتیان نەخێر. ئەنجامەکەی شەڕێک بوو کە بووە هۆی وەڕێکەوتنی شەپۆلی یەکەمی کۆچی پەنابەرانی فەلەستینی و جولەکە و لە باقی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە مرۆڤێکی زۆر گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان.

ئوردۆن ناوچەی ڕۆژئاوا و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی قودسی داگیرکرد، میسریش ناوچەی غەززەی داگیرکرد، کە وەک درێژکراوەی خاکەکەی خۆی سەیری دەکرد. هیچکام لەو دوو نەتەوەیە بە مەبەستی پێدانی مافی شاروەندیی یان سەروەری بەسەر خەڵکی نیشتەجێی فەلەستین چالاکییان نەدەکرد، هەروەها داواکارییەکی بەرچاو لە نێو دانیشتووانی ناوچەکە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی فەلەستینی نەبوو. لەو لاشەوە سوریا هەموو ناوچەکەی وەک بەشێک لە سوریایەکی گەورە و خەڵکی ناوچەکەی وەک سوریایی سەیر دەکرد.

تا ئەمڕۆش میسر، سوریا و ئوردۆن گومانیان لە سەربەخۆیی فەلەستین هەیە و ئەگەر ڕۆژێک ئیسرائیل نەمێنێت و فەلەستین جێگەی بگرێتەوە، هەرسێکیان دەتوانن ئیدیعای بەشێک لە خاکەکە بکەن. بەڵام لەم سەدەیەدا ململانێیەکی توند بۆ سەروەری لە نێو فەلەستینییەکان پێکهاتووە و هەر دیکتاتۆریەتێکی عەرەبی هەوڵی لکاندنی پارچەیەک لە خاکی گەورەی فەلەستینی بدات، بە لەبەرچاوگرتنی چلۆنایەتیی پێکهاتنی دەوڵەتەکە، ڕووبەڕووی بەرخۆدانی بەرفراوان دەبێتەوە. فەلەستینی باش دەزانن کە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی کە بەشێکیان لە سەدەی بیستەمدا پەنایان بۆ ئەو وڵاتانە هێنابوو، ڕەتیدەکەنەوە ڕەگەزنامەیان پێبدەن. هەر بۆیە ئەو وڵاتە عەرەبانە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن منداڵ و نەوەکانی فەلەستینییەکان پێگەی پەنابەری خۆیان بپارێزن و هەموو هەوڵێک بدەن بۆ ئەوەی نەتوانن خۆیان لەناو کۆمەڵگا عەرەبەکاندا ئینتیگریرە بکەن یاخود بگونجێنن.

شەڕی شەش ڕۆژەی ساڵی ١٩٦٧ وایکرد ئیسرائیل هەموو قودس و کەناری ڕۆژئاوا و ناوچەی غەززە کۆنترۆڵ بکات. لە ساڵی ٢٠٠٥ ەوە لە غەززە کشاونەتەوە، بەڵام سەدان هەزار دانیشتووی غەززە لە ناوچەکانی ڕۆژئاوادا ماونەتەوە.

ئیسرائیل قودس بە پێتەختی ئەبەدی و دابەشنەکراوی خۆی دەزانێت. بەپێی باوەڕی جولەکەکان، ئەو بەردەی کە ئیبراهیم نیازی بووە ئیسحاقی کوڕی لەسەر بکاتە قوربانی لێرەدایە - ڕاستەوخۆ لە سەرووی گۆڕی پەرستگای پاشا سلێمانە. هەروەها بۆ فەلەستینییەکانیش قودس گرنگییەکی ئایینی ئەوتۆی هەیە کە بە قووڵی لە سەرانسەری جیهانی موسڵمانانیدا دەنگی داوەتەوە: شارەکە بە سێیەم پیرۆزترین شوێنی ئیسلام دادەنرێت، بەو پێیەی دەوترێت پێغەمبەر محەمەد لە هەمان بەردەوە بەرەو ئاسمان فڕیوە. ئەمڕۆ بەردەکە دەکەوێتە سەر گۆڕەپانی "شوێنی نزرگەی دوور" (مزگەوتی ئەقسا). لە ڕوانگەی سەربازییەوە، قودس گرنگییەکی جوگرافی و ستراتیژیی کەمی هەیە - پیشەسازییەکی بەرچاوی نییە، نە ڕووبارێک و نە فڕۆکەخانەیەک - بەڵام لە ڕووی کولتووری و ئایینییەوە، گەلێک گرنگە: پێویستی ئایدیۆلۆژییایی شوێنەکە لە خودی شوێنەکە گرنگترە. گەیشتن بە قودس و کۆنترۆڵکردنی شارەکە پرسێک نیە کە بە ئاسانی سازشی لەسەر بکرێت.

بە هەڵسەنگاندن، بۆ ئیسرائیلییەکان گەلێک هاسانترە واز لە غەززە بهێنن (هەرچەندە هێشتا بۆیان گەلێک قورسە). بەڵام ئایا ئەو خەڵکەی لەوێ دەژین لە ڕۆیشتنی ئیسرائیلدا قازانجێکی زۆر دەکەن یان نا، تا ئێستاش پرسیارێکی کراوەیە.

غەززە بە دڵنیاییەوە بەشی گەشەنەکراو لە دوو خاکی ناوچەی سەربەخۆی ئێستای فەلەستینییەکانە. درێژی ئەم ناوچەیە تەنیا ٤٠ کیلۆمتر و پانایی ١٢ کیلۆمترە و یەک ملیۆن و ٨٠٠ هەزار کەس لەم پانتاییەدا پێکەوە دەژین. لە ڕاستیدا "شار- دەوڵەت"ە، بەڵام دەوڵەتێکی هەژار و بێ دەسەڵات. بەهۆی ململانێ لەگەڵ ئیسرائیل، دانیشتووانەکەی لە سێ لاوە بە دیوارێکی گەلێک ئەمن پارێزراون: لەلایەن ئیسرائیل، میسر، هەروەها زەریای ڕۆژئاوای شارەکە. ئەوان تەنیا تا مەودایەکی دیاریکراو لە سنووری ئیسرائیلەوە ڕێگەیان پێدەدرێت خانۆبەرە دەوست کەن، چونکە ئیسرائیلییەکان دەیانەوێت چوارچێوەی هێرشی ئەگەریی لە غەززەوە سنووردار بکەن. لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، کێبڕکێیەکی ناهاوسەنگی چەک پەرەی سەندووە، چەکدارانی فەلەستینی لە غەززە بەدوای موشەکی دوور مەودا دەگەڕێن و ئیسرائیل سیستەمی بەرگری مووشەکی پەرە پێداوە.




بەرزاییەکانی جۆلان و کەناری ڕۆژئاوا و دۆخی غەززە لە دوای شەڕی شەش ڕۆژەی ساڵی ١٩٦٧ەوە.

بەهۆی چڕیی دانیشتوانی ناوچەی غەززە ناوچەیەکی شەرکەری باشی بۆ بەرگریکاران پێکهێناوە، بەڵام بۆ خەڵکی ئاسایی، کە هیچ پارێزگارییەکیان نییە لە کاتی هێرش و هیچ دەرفەتێکیان بۆ پەیوەندیی بە کەناری ڕۆژئاواوە نییە، دۆخێکی گەلێک مەترسیداریان بۆ دروست بووە، هەرچەندە مەودای نێوان ئەو دوو بەشە لە تەسکترین خاڵەکەیدا تەنیا ٤٠ کیلۆمترە. تا ئەو کاتەی ڕێککەوتنی

ئاشتی لە نێوانیاندا نەبێت، دانیشتوانی غەززە هیچ شوێنێکیان بۆ ئەوەی بتوانن هاتوچۆی تێدا بکەن، نییە و لەو شارەش بە دەگمەن کار دەدۆزنەوە.

کەناری ڕۆژئاوای ئوردۆن نزیکەی حەوت ئەوەندەی غەززەیە، بەڵام لە هەموو لایەکەوە بە سنووری وشکانی دەوری گیراوە. زۆربەی ناوچەکانی لە زنجیرە شاخێک پێکهاتووە کە لە باکوورەوە بەرەو باشوور دەڕوات. هەرکەسێک ئەم شوێنە بەرزە کۆنترۆڵ بکات، سوودی سەربازی هەیە، چونکە لە ڕۆژئاوای ناوچەکە دەشتی کەنار دەریا و لە ڕۆژهەڵاتی ئەویشەوە دۆڵی ئوردۆن سنووردراری کردووە. ئەگەر ئایدۆلۆژیای ئەو دانیشتووانەی جولەکە کە ئیدیعای مافی ئینجیلی دەکەن بۆ ژیان لە "Judäa" و "Samaria" لەبەر چاو نەگرین ، وەک خۆیان ناویان لەسەر ئەو شوێنانە داناوە، حوکمی سوپای ئیسرائیل ئەوەیە کە هیچ هێزێکی غەیرە ئیسرائیلی نابێت ئەو بەرزاییانە کۆنترۆڵ بکات، چونکە لەوێوە بە چەکی قورس دەتوانرێت هێرش بۆ سەر دەشتی کەنار دەریاکان بکرێت، کە لەسەدا ٧٠ی دانیشتوانی ئیسرائیلی تێیدا دەژین. هەروەها ئەم دەشتە شوێنی ڕێگا سەرەکییەکان و زۆرێک لە کۆمپانیا سەرکەوتووەکانی تێکنەلۆژیای بەرز و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی و زۆربەی پیشەسازییە قورسەکانە.

ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی داواکاریی ئیسرائیل بۆ "ئاسایش" و پێداگریی لەسەر ئەوەی تەنانەت دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستینیش نابێت ڕێگەی پێبدرێت سوپایەک بە چەکی قورسەوە لەسەر ئەم ڕیزبەندییە هەبێت و ئیسرائیل دەبێ دەرەتانی ئەوەی هەبێ کۆنترۆڵی سنوورەکانی خۆی لەگەڵ ئوردۆن بپارێزێت. لەبەر ئەوەی ئیسرائیل هێندە بچووکە کە هیچ "قووڵاییەکی ستراتیژی" ڕاستەقینەی نییە، هیچ شوێنێکی پاشەکشەی نییە ئەگەر بەرگرییەکانی هەرەس بێنێت. کەواتە، سەرنجی سەربازییەکەی لەسەر ئەوە چڕ کردۆتەوە هیچ کەس یان هێزێک لێی نیزیک نەبێتەوە. جگە لەوەش سنووری لە ڕۆژئاوای ئوردۆنەوە تەنیا ١٥ کیلۆمتر لە تێلاڤیڤەوە دوورە. لە بەرزاییەکانی ڕۆژئاوای ئوردۆنەوە، هەر هێزێکی سەربازی شایستە دەتوانێت ئیسرائیل بەسەر دوو بەشدا دابەش بکات. بۆیە لە ڕۆژئاوای ئوردۆنەوە ئیسرائیل بە هەموو هێزی خۆی تێدەکۆشێت لەوەی هیچ گروپێک ئەوەندە بەهێز نەبێت کە بتوانێت هەڕەشە لە بوونی بکات.

لە هەلومەرجی ئێستادا، ئاسایشی ئیسرائیل و ژیانی هاووڵاتیانی لە ژێر هەڕەشەی هێرشی تیرۆریستی و هاویشتنی موشەک لە گەڕەکێکی نزیکەوەیە، بەڵام هێشتا هەڕەشە لە بوونی خۆی نییە. میسر کە دەکەوێتە باشووری

ڕۆژئاواوه هیچ مەترسییەکی بۆ دروست ناکات. پەیمانی ئاشتی لە نێوان هەردوولادا هەیە و نیمچە دورگەی سینا کە بەشێکی زۆری چالاکیی سەربازی تێدا نییە، وەک ناوچەیەکی پارێزراو لە نێوانیاندا سەیر دەکرێت. لە ڕۆژهەڵاتەوە، ئەودیوی دەریای سوور لە عەقەبە "Akaba"ی ئوردۆن، نەک هەر بیابانەکان ئیسرائیل دەپارێزن، بەڵکوو پەیمانی ئاشتی لەگەڵ عەممانیش هەیە. لە باکوورەوە، مەترسییەکی ئەگەریی لە لوبنانەوە هەیە، بەڵام تارادەیەک بچووکە، چونکە هێرشکردنە سەر سنوورەکان تەنیا تۆپبارانی سنووردار لەخۆدەگرێت. بەڵام ئەگەر حیزبوڵڵای لوبنان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی بە مووشەکی گەورەتر و دوور مەودا قووڵایی ناو ئیسرائیل نیشانە بگرێت، ئەوا ڕووبەڕووی وەڵامدانەوەی جیددی دەبێتەوە.

مەترسی ئەگەریی جددیتر لە بەری سوریایەوەیە کە دراوسێی گەورەتری لوبنانە. دیمەشق دەیەوێت و پێویستی بە گەیشتنی ڕاستەوخۆیە بۆ کەنارئاوەکان کە هەمیشەش هەیبووە. لوبنان وەک بەشێک لە سوریا بووە و سەیر دەکرێت (کە بەڕاستیش هەر وا بووە) و گەلێک تاڵ و ناخۆش بوو کە سەربازانی سوریا لە ساڵی ٢٠٠٥ ناچار بوون وڵاتەکە بەجێبهێڵن. ئەگەر ئەم ڕێگایە بۆ دەریا بگیرێت،

ئەوا ڕێگای ئاڵترناتیف بەسەر بەرزاییەکانی جۆلان و گردەکانی دەوروبەری دەریاچەی "Genezareth" دەڕواتە خوارەوە بۆ دەریای ناوەڕاست. بەڵام بەرزاییەکانی جۆلان لە دوای هێرشی سوریاوە لە ساڵی ١٩٧٣ لەلایەن ئیسرائیلەوە داگیرکراوە و پێویستی بە هێرشێکی زۆر توند دەبێت لەلایەن سوپای سوریاوە بۆ ئەوەی بتوانێت بچێتە دەشتی کەنار دەریاکانەوە کە بەرەو ناوەندە گەورەکانی نیشتەجێبوونی ئیسرائیل دەچێت. دیارە ئەمە بۆ داهاتوویەکی دوور ناتوانرێت ڕەت بکرێتەوە، بەڵام بۆ ماوەی ئێستا بە ئەگەرێکی زۆرەوە نەگونجاوە – هەروەها تا ئەو کاتەی شەڕی ناوخۆی سوریا بەردەوام بێت، کارێکی مەحاڵە. ئەوەی دەمێنێتەوە پرسی ئێرانە – بابەتێکی جددیتر، چونکە لێرەدا پرسیار لەسەر مەترسیی چەکی ئەتۆمییە.

ئێران وڵاتێکی فراوانە کە زمانی فارسی زمانی فەرمییە نەک عەرەبی. پانتاییەکەی گەورەترە لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا بەیەکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتێکدا ٢٠٠ ملیۆن کەس لەو سێ وڵاتە دەژین، ئێران تەنیا ٧٨ ملیۆن کەسی تێدا دەژیت. شوێنی نیشتەجێبوونیان سنووردارە: زۆربەیان لە شاخەکاندا دەژین، چونکە بیابان و دەشتە خوێیە بەرفراوانەکانی ناوەوەی ئێران بۆ نیشتەجێبوونی مرۆڤ

نەگونجاون. تەنانەت لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لە ڕێگەیانەوە دەتوانێت مرۆڤ تووشی خەمۆکی بکات؛ ژیان لەوێ خەباتێکە کە کەم کەس هێزی ڕووبەڕووەوەستانی هەیە.

لە ئێران دوو زنجیرە چیای بەرفراوان هەن: زاگرۆس و ئەلبورز. چیای زاگرۆس لە باکوورەوە بۆ زیاتر لە ١٥٠٠ کیلۆمتر درێژ دەبێتەوە - بە درێژایی سنووری تورکیا و عێراق، و تا تەنگەی هورمز لە کەنداو. لە لای باشووری زنجیرەکە دەشتێک بەرەو ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە، ئەو شوێنەی شەت ئەلعەرەب سنووری نێوان ئێران و عێراق پێکدەهێنێت. هەروەها لەم شوێنە گرنگترین کێڵگە نەوتییەکانی ئێران هەڵکەوتووە (کێڵگەکانی دیکە لە بەشەکانی باکوور و ناوەڕاست هەڵکەوتوون). ئەم کێڵگانە پێکەوە نوێنەرایەتی سێیەم گەورەترین سەرچاوەی نەوت دەکەن لە جیهاندا. سەرەڕای ئەو هەموو سەروەت و سامانە ئێران تاڕادەیەک بە هەژاری ماوەتەوە. هۆکارەکانیش بریتین لە خراپ بەڕێوەبردن، گەندەڵی، تۆپۆگرافیای شاخاوی کە پەیوەندییەکانی گواستنەوە ئاڵۆزتر دەکات، سزا ئابوورییەکان کە بەشێکی ڕێگریان لە مۆدێرنکردنی هەندێک کەرتی پیشەسازی کردووە.

زنجیرە چیای ئەلبورز لە باکوورەوە دەست پێدەکات، بەڵام لە سنووری ئەرمەنستان، و بە درێژایی تەواوی

کەنارەکانی باشووری دەریای خەزەر و بە درێژایی سنووری تورکمانستاندا تێدەپەڕێت تا پێش ئەوەی بگاتە ئەفغانستان. ئەمە ئەو زنجیرە چیایەیە کە لە باکووری تارانی پێتەختەوە دیارە. دیمەنێکی جوان پێشکەش دەکات و نهێنیەکی شاراوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران لەخۆدەگرێت: لێرەدا بارودۆخێکی نایابی خلیسکێنی سەر بەفر بۆ چەند مانگێکی ساڵ گونجاوە.

به بوونی شاخ لە سێ لاوە و تاڵاو لە لای چوارەمەوە، ئێران بە هێزی جوگرافیا بەرگری لێدەکرێت. هێزەکانی مەغۆل دواجار هێز بوون کە هێرشێکی بەرچاویان بۆ ناو ئەو ناوچانەوە کرد - لە ساڵانی ١٢١٩-١٢٢١. لەو کاتەوە هێرشبەران بۆ هەوڵی هێرش بەسەر شاخەکاندا تەنیا خۆیان ماندوو کردووە. تەنانەت گەورەترین هێزی سەربازی جیهان ئەمریکا، ئەوەندە ژیر بوو کە دوای داگیرکردنی عێراق لە کاتی شەڕی سێهەمی کەنداو لە ساڵی ٢٠٠٣دا بۆ لای ڕاست وەرنەگەڕێتەوە: دەیزانی تەنانەت بە هێزی باڵای نیزامیشەوە، ئێران وڵاتێک نییە کە بتوانرێت وا بە هاسانی داگیر بکرێت. تەنانەت سوپای ئەمریکا لەو کاتەدا دروشمی ئەوە بوو" "ئێمە بیابانمان لە بەرنامەکەماندا هەیە نەک شاخ".

کاتێک شەڕی یەکەمی کەنداو لە ساڵی ١٩٨٠ سەریهەڵدا، عێراقییەکان بۆ لکاندنی پارێزگای خوزستانی ئێران بە عیراقەوە بە شەش لەشکر شەتولعەرەبیان بەزاند. تەنانەت نەیانتوانی لە دەشتە تالاوەکان دەربچن، چ جای گەیشتن بە دامێنی چیای زاگرۆس. شەڕەکە هەشت ساڵی خایاند و لانیکەم ژیانی یەک ملیۆن کەسی کردە قوربانی خۆی.

زەوییە شاخاوییەکانی ئێران، پەرەپێدانی ئابوورییەکی یەکگرتوو قورس دەکات و چەندین کەمینە بە تایبەتمەندی جیاوازەوە دروست دەکات. بۆ نموونە لە خوزستان زۆرینەی مرۆڤ عەرەبن. لە شوێنەکانیتر کورد، ئازەری، تورکمان و گورجی لەنێو زۆریەک لە نەتەوەکانیتردا دەژین. زۆرترین ڕێژە لەسەدا ٦٠ی دانیشتوانی ئەو وڵاتە بە زمانی فارسی قسە دەکەن کە زمانی زۆرینەی باڵادەستی ئێرانە. بەهۆی ئەم فرەچەشنییە، ئێران بە شێوەیەکی نەریتی دەسەڵاتی ناوەندیی پێکهێناوە و هێز و تۆڕێکی هەواڵگریی ترسهێنەری بۆ پاراستنی سەقامگیری ناوخۆیی بەکارهێناوە. تاران تا ڕادەیەک دەزانێت هیچ کەسێک هێرش ناکاتە سەر وڵاتەکە، بەڵام زلهێزە دوژمنکارەکانی دەتوانن لە نەتەوە کەمینەکانی بۆ هاندان و وروژاندنی نارەزایەتی کەڵکوەرگرن، بەمەش شۆڕشی ئیسلامیی وڵاتەکە بخەنە ژێر مەترسییەوە.

هەروەها ئێران پیشەسازی ئەتۆمی بە دەستەوەیە، کە زۆرێک لە وڵاتان و بەتایبەت ئیسرائیل پێیان وایە بۆ ئامادەکاریی بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی بەکاریدەهێنێت. ئەمەش گرژی و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکەی پەرە پێداوە. بیرۆکەی ئەوەی کە ئێران بتوانێت چەکی ئەتۆمی هەبێت، ترسی لەناو بەرپرسانی ئیسرائیلدا دروست کردووە. ترسەکە تەنیا ئەوە نییە ئێران بتوانێت لەگەڵ هێزی سەربازیی ئیسرائیل هاوتا بکرێت و بە تاقە بۆمبێکی ئەتۆمی ئیسرائیل لەسەر گۆی زەوی بسڕێتەوە: ئەگەر ئێران بۆمبی ئەتۆمی هەبێت، ئەگەری زۆرە وڵاتانی عەرەبی تووشی شڵەژان بن و ئەوانیش هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی بدەن. بۆ نمونە سعودییەکان ترسیان لەوە هەیە کە ئایەتوڵڵاکان بیانەوێت بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بن و هەموو عەرەبە شیعەکان بخەنە ژێر سەرکردایەتی خۆیان و تەنانەت پلانیان هەبێت بۆ کۆنترۆڵکردنی شارە پیرۆزەکانی مەککە و مەدینە. ئێرانێکی چەکدار بە بۆمبی ئەتۆمی بە شێوەیەکی نایاب دەبێتە زلهێزی ناوچەکە و بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هەڕەشەیە، پێدەچێت سعودییەکان هەوڵی کڕینی چەکی ئەتۆمی بدەن لە پاکستان (کە پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵدا هەیە). میسر و تورکیاش بە هەمان شێوە دەتوانن وە دوای سەعوودییەکان کەون.

ئەمەش بەو مانایەیە کە هەڕەشەی هێرشی ئاسمانی ئیسرائیل بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران بەردەوام دەمێنێتەوە، بەڵام هەلومەرجێکی زۆریش هەن کە دژ بەم بۆچوونەن. یەکەمیان ئەوەیە کە مەودای نێوان ئیسرائیل و ئێران ١٦٠٠ کیلۆمترە. فڕینی فڕۆکەکەنی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل دەبێ بەسەر سنووری دوو دەوڵەتی خاوەن سەروەری ئوردۆن و عێراقدا تێپەڕێت. دووەمیش بە دڵنیاییەوە تاران دەزانێت کە هێرشەکە دەستی پێکردووە. کێشەیەکیتر ئەوەیە کە هەر ڕێگایەکی دیکە پێویستی بە توانایی پڕکردنەوەی سووتەمەنی بۆ فڕۆکەکان دەبێت، کە لەوانەیە ئیسرائیل هەیێ بەڵام (لە ڕێگای باکوورەوە) پێویستی بە ئاسمانی دەوڵەتەکانی سەر ڕێگاکەی دەبێت. هەروەها لە کۆتاییدا، هۆکارێک هەیە کە ئێران کارتێکی گرنگی بەدەستەوەیە - توانایی داخستنی تەنگەی هورمز. ڕۆژانە نزیکەی لە سەدا ٢٠ی پێداویستییەکانی نەوتی جیهان لەوێوە تێدەپەڕێت. لە تەسکترین خاڵیدا، گەرووی هورمز کە لە ڕووی ستراتیژیشەوە بە گرنگترین شوێنی ئابووریی جیهان دادەنرێت، تەنیا ٣٣ کیلۆمتر پانییەتی. گەلانی پیشەسازیی ترسیان لە دەرئەنجامەکانی هەیە ئەگەر تەنگەی هورمز بۆ چەند مانگێک دابخرێت و ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی بەرهەمە جیهانییەکان. ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە زۆرێک لە وڵاتان گوشار دەخەنە

سەر ئیسرائیل بۆ ئەوەی هیچ کارێک دژ بە ئێران نەکات. لە ساڵانی ۲۰۰۰دا ئێرانییەکان ترسیان لە گەمارۆدانی ئەمریکییەکان هەبوو. هێزی دەریایی ئەمریکا لە کەنداو و سەربازانی ئەمریکیش لە عێراق و ئەفغانستان جێگیر بوون. لەگەڵ کشانەوەی هێزی سەربازی ئەمریکا لە هەردوو وڵات، ترسەکانی ئێران کەمبوونەتەوە و ئێران خۆی لە پێگەیەکی باڵادەستدا دەبینێتەوە و هێڵی ڕاستەوخۆی بۆ هاوپەیمانەکانی لەگەڵ عێراقی شیعە خۆش کردووە. هەروەها باشووری عێراق پردێکە بۆ ئێران بۆ هاوپەیمانیان لەگەڵ عەلەوییەکانی دیمەشق و شیعەکانی لوبنان (بەشێوەی حزبوڵڵای لوبنان)، کە دەکەونە سەر دەریای ناوەڕاست.

لە سەدەی شەشەم تا چوارەمی پێش زایین، ئیمپراتۆریەتی ئێران لە میسرەوە تا هیندوستان درێژ ببۆوە. دیارە ئێرانی مۆدێرن ڕەهەندی ئیمپراتۆریی لەو چەشنەی نییە، بەڵام هێشتا بە هەموو توانابیەوە هەوڵی پەرەپێدانی کارتێکەریی خۆی دەدات. ئاراستەی ئاشکرای بەرەو دەشتەکانی ڕۆژئاوایە - بۆ ناو جیهانی عەرەبی و کەمینە شیعەکان. لە عێراقیش لەو کاتەوەی لەشکرکێشی ئەمریکا وڵاتەکەی خستە دەستی حکومەتێکی زۆرینەی شیعە، کارتێکەریی ئێرانی لەو شوێنەدا بەرز کردۆتەوە و دەستی بەسەردا

گرتووە. ئەمەش وڵاتی سعودیەی سوننەی باڵادەستی بۆ پەرەپێدانی شەڕێکی سارد لەلایەن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە کە ناوەندی پەیوەندییەکانی سعودیە و ئێرانە، وشیار کردۆتەوە. لە کاتێکدا لە ڕوانگەی پانتایی جوگرافییەوە سعودیە لە ئێران گەورەترە و لە ڕوانگەی ماڵییەوە بەهۆی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز کە بە باشی پەرەی سەندووە چەندین جار دەوڵەمەندترە، ژمارەی دانیشتووانەکەی زۆر کەمترە و ٢٨ ملیۆن سعودی بە بەراورد بە ٧٨ ملیۆن ئێرانییە، هەروەها لە هێزی سەربازییەکەی دڵنیا نییە ئایا دەتوانێت ڕکابەری دراوسێ ئێرانییەکەی بکات ئەگەر ئەم شەڕە ساردە پەرە بستێنێت و ببێتە شەڕێکی گەرم و هێزە چەکدارەکانیان ڕووبەڕووی ڕاستەوخۆی یەکتر ببنەوە. هەر لایەنێک تەماحی ئەوەی هەیە کە دەسەڵاتی باڵادەست بێت لە ناوچەکەدا و هەریەکەیان خۆی وەک پێشەنگێک لە وەشانی تایبەتی خۆی لە ئیسلامدا دەبینێت. کاتێک عێراق لە ژێر پەنجەی گەورەی سەدام حوسێندا بوو، ناوچەیەکی بەهێز وەک بەربەستێک سعودیە و ئێرانی لەیەک جیاکردبۆوە. بە نەمانی ئەم بەربەستە، هەردوو وڵات لە سەرانسەری کەنداودا بە تووڕەییەوە سەیری یەکتر دەکەن.

لە ڕۆژئاوای ئێران وڵاتێک هەڵکەوتووە کە هەم ئورووپی و هەم ئاسیایە. تورکیا هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، بەڵام عەرەب نییە. هەرچەندە زۆربەی ناوچەکەی سەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەوڵدەدات خۆی لە ململانێکانی ئەوێ دوور ڕابگرێت.

تورکەکان هەرگیز بەڕاستی لەلایەن دراوسێکانیانەوە لە باکوور و باکووری ڕۆژئاوا وەک سەر بە ئورووپا نەناسراون. ئەگەر تورکیا بە ئورووپی دابنرێت، ئەوا ئورووپا لە دەرەوەی ناوچەکانی فراوانی ئەنادۆڵ درێژ دەبێتەوە و هاوسنوور لەگەڵ سوریا و عێراق و ئێران دەبێت. ڕەنگە کەم کەس ئەم بیرۆکەیە بسەلمێنێت. بەڵام ئەگەر تورکیا بەشێک لە ئورووپا نەبێت، ئەدی سەر بە کام قورنەیە؟ ئەستەنبوڵ کە گەورەترین شاریەتی، لە ساڵی ٢٠١٠ پێتەختی ڕۆشنبیری ئورووپا بووە، وڵاتەکە بەشداریی لە پێشبڕکێی ئاوازەکانی ئورووپا و پاڵەوانێتی وەرزشیی ئورووپای کردووە، هەروەها لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا داوای ئەندامێتی لەو وڵاتانەی ئێستای یەکێتی ئورووپا کردووە – سەرەڕای ئەوەی کەمتر لە سەدا ٥ی خاکەکەی لە ئورووپادایە. زۆربەی جوگرافیناسان ئەو خاکە بچووکەی تورکیا کە لە ڕۆژئاوای بۆسپۆڕ "Bosporus" هەڵکەوتووە بە ئورووپا دەزانن و باقی وڵاتەکە واتە ئەو بەشەی باشوور و باشووری

ڕۆژهەڵاتی بۆسپۆر، دەگرێتەوە بە مانا فراوانەکەی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دادەنێن.

ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە تورکیا هەرگیز لە یەکێتی ئورووپا وەرناگیرێ. هۆکارەکانی تریش بریتین لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەتایبەتی دژی نەتەوەی کورد و دۆخی ئابوورییەکەی. ژمارەی دانیشتووانی ٧٥ ملیۆن کەسە و وڵاتانی ئورووپا ترسیان لەوە هەیە کە ئەندامێتی لە یەکێتی ئورووپا ببێتە هۆی کۆچی بەکۆمەڵی کرێکاران بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی ئاستی ژیان. فاکتەرێکی دیکە، هەرچەندە لە یەکێتی ئورووپادا بەڕوونی باس نەکراوە، بەڵام ئەوەیە کە تورکیا وڵاتێکی موسڵمانە و زۆرینەیان موسڵمانن (لەسەدا ٩٨). یەکێتی ئورووپا نە ڕێکخراوێکی عیلمانییە و نە مەسیحی(ئایینی)، بەڵام مشتومڕێکی قورس لەسەر "بەها ئینسانییەکان" دروست بووە. بۆ هەر ئارگیومێنتێک لە بەرژەوەندی ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئورووپا، دژە ئارگیومێنتێک هەیە و لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، شانسی پەیوەستبوونی تورکیای گەلێک کەم کردۆتەوە. ئەمەش وایکردووە وڵاتەکە بیر لە بژاردەیەکی دیکە بکاتەوە.

لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، لانیکەم بۆ یەک مرۆڤ، هیچ بژاردەیەک نەبوو. ناوی مستەفا کەمال بوو،

تاکە ژەنەراڵێکی تورک بوو کە لە شەڕی جیهانی یەکەمدا ناوبانگی دەرکردبوو. دوای ئەوەی زلهێزە سەرکەوتووەکان تورکیایان پارچە پارچە کرد و ڕووخاندیان، پۆستی سەرۆککۆماری پێدرا، بەڵام هاوکاتیش تورکیای مۆدێرن کرد و کردی بە بەشێک لە ئورووپا. کۆدە یاساییەکانی ڕۆژئاوا و ساڵنامەی زاینی هێنایە ئاراوە، دامەزراوە گشتییە ئیسلامییەکان هەڵوەشێنرانەوە، لەسەر دانانی پێچکەی قەدەغەکرد، ئەلفوبێی لاتینی جێگەی ڕێنووسی عەرەبی گرتەوە، تەنانەت مافی دەنگدانیشی بە ژنان بەخشی (دوو ساڵ پێشتر لە ئیسپانیا و ١٥ ساڵ پێش لەفەرەنسا). کاتێک تورکیا لە ساڵی ١٩٣٤ ناوی بنەماڵەی یاسایی پابەندکەری بۆ هەموو شارووەندان ناساند، ناوی ئەتاتورکی بە فەرمی بە "باوکی تورک" بە خەڵکیی ناساند. کەماڵ لە ساڵی ١٩٣٨ کۆچی دوایی کرد، جێنشینەکانی بەردەوام بوون لە چالاکیی بۆ ئەوەی تورکیا بەرەو باوەشی ئورووپای ڕۆژئاوا هیدایەت کەن و ئەوانەی ئەو کارەیان نەکرد خۆیان لە بەرەی هەڵەی کودەتاکاندا بینییەوە کە لەلایەن سوپایەکەوە بەڕێوەدەچوو کە بڕیار بوو میراتی ئەتاتورک جێبەجێ بکات.

بەڵام لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لە بەرامبەر ڕەتکردنەوەی بەردەوامی ئورووپا و ڕەتکردنەوەی سەرسەختانەی زۆرێک لە تورکەکان بۆ ئەوەی کەمتر

خۆیان بە ئایینەوە هەڵواسن، جیرێکی نوێی سیاسەتوانان سەریان هەڵدا کە دەستیان کرد بە بیرکردنەوە لەو شتانەی زۆر کەم بیریان لێ دەکرایەوە – یەک لەوانە ڕەنگە تورکیا پێویستی بە پلانێکی دووهم هەبێت. تورگوت ئۆزال "Turgut Özal"، پیاوێکی ئایینی، لە ساڵی ١٩٨٩ پۆستی سەرۆکایەتیی وڵاتەکەی گرتە ئەستۆ و دەستپێشخەری گۆڕانکارییەکەی کرد. ئەو هانی تورکەکانی دا کە تورکیا وەک پردێکی گەورەی وشکانی لە نێوان ئورووپا و ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەیر کەن - هەروەها وەک وڵاتێک کە جارێکی دیکە دەتوانێت ببێتە زلهێزێکی گەورەی ناوچەکە. تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی ئێستای تورکیا، تەماحێکی هاوشێوەی هەیە، ڕەنگە لەوەش گەورەتر بێت، بەڵام ڕووبەڕووی بەربەستی جۆراوجۆر بۆتەوە. ئەم بەربەستانە بەشێکی دۆخی جوگرافیین.

لەڕووی سیاسییەوە وڵاتانی عەرەبی بەردەوام گومانیان هەیە کە ئەردۆغان بیەوێت لەڕووی ئابوورییەوە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زیندوو کاتەوە و هەربۆیە پەیوەندییەکی نزیک لەگەڵ تورکیا ڕەتدەکەنەوە. ئێران لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە بە بەهێزترین ڕکابەر لە سنووری ماڵەکەی خۆیاندا دەبینن. ئەو پەیوەندییانەی پێشتریش بوویان کە هەرگیز دۆستانە نەبوون، لەو کاتەوە لە

پشتیوانیکردنی شەڕی ناوخۆی سوریادا، خۆیان لە لایەنی بەرامبەردا بینیەوە، هێندەیتر سارد بووەتەوە. پاڵپشتی توندی تورکیا بۆ حکومەتی ئیخوان موسلیمین لە میسر سیاسەتێک بوو کە پاشەکشەی لێکەوتەوە کاتێک سوپای ئەوێ کودەتای دووەمی ئەنجامدا و دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت. ئێستا پەیوەندییەکانی نێوان قاهیرە و ئەنقەرە گەلێک سارد و سڕە.

نوخبەی تورکیا زانیان کە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی خاڵی بەسوود لە ئیسلامیستەکان لە ڕێگەی شەڕی بچووک لەگەڵ ئیسرائیل تەنیا بووە هۆی ئەوەی ئیسرائیل هاوپەیمانییەکی سێ قۆڵی وزە لەگەڵ قوبرس و یۆنان پێکبهێنێت بۆ ئەوەی دەست بەسەر کێڵگەی گازی سروشتیی کەنارئاوەکاندا بگرێت. ناوبانگی خراپی تورکیا لە میسر یارمەتیی بە تامەزرۆیی بەشداریی قاهیرە دەکات بۆ بەرژەوەندیی وڵاتەکی و بۆ ئەوەی ببێتە بەکارهێنەرێکی سەرەکی بەرهەمی ئەم سەرچاوە نوێیەی وزە. لەبەرامبەردا تورکیا کە دەکرا سوود لە وزەی ئیسرائیل وەربگرێت، تاڕادەیەکی زۆر وابەستەی ڕووسیای نەیارە کۆنەکەی بووە بۆ وزە و هاوکاتیش لەگەڵ ڕووسەکان کار لەسەر هێڵی بۆری نوێ دەکات بۆ گواستنەوەی وزە بۆ وڵاتانی یەکێتی ئورووپا.

ئەمریکییەکان بەهۆی شەڕی ساردی نوێی نێوان تورکیا و ئیسرائیل کە هەردووکیان هاوپەیمانیان لەگەڵ خۆی هەیە، تووشی شۆک بوون و کار بۆ نیزیکبوونەوەیان دەکەن. ئەمریکا دەیەوێت بۆ بەهێزکردنی پێگەی ناتۆ لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست پەیوەندیی باشتر لە نێوان ئەو دووانەدا هەبێت. لە ڕوانگەی ناتۆوە تورکیا دەوڵەتێکی سەرەکییە، چونکە ئەو وڵاتە لەگەڵ بۆسپۆر"Bosporus" دەروازەی دەریای ڕەش کۆنترۆڵ دەکات. ئەگەر ئەم ڕێگایە دابخرێت کە لە تەسکترین شوێنیدا پانییەکەی ٧٠٠ متر دەبێت، ئەوا کەشتی دەریای ڕەشی ڕووسیا ناتوانێت لەناو دەریای ناوەڕاست و زەریای ئەتڵەسەوە تێپەڕ بێت. هەروەها تەنانەت ئەگەر مرۆڤ بە بۆسپۆریشدا تێپەڕێت، سەرەتا لە دەریای مەرمەرا دەبێت و پێش ئەوەی بگاتە دەریای ئیجە "Ägäis"، دەبێت بە گەروویەکی تری تورکیادا واتە داردانێل تێپەڕێت.

تورکیا بەهۆی پانتایی ئیشکانییەکەیەوە، بە دەگمەن بە زلهێزێکی دەریایی دادەنرێت، بەڵام هاوسنوورە لەگەڵ سێ دەریا و کۆنترۆڵکردنی ئەو ئاوانەش هەمیشە وایکردووە کە وەک زلهێزێکی بەرچاو سەیر بکرێت. جگە لەوەش وڵاتەکە وەک پردێک بۆ بازرگانی و گواستنەوە کاردەکات، ئورووپا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەفقاز و لەودیویشیەوە بە وڵاتانی

ئاسیای ناوەڕاستەوە دەبەستێتەوە. لەگەڵ ئەمەی دووەمیاندا، مێژووی هاوبەشی هەیە و لە هەندێک بواردا ڕەگ و ڕیشەی نەتەوەیشی لەگەڵدا هەیە.

تورکیا دەیەوێت لەسەر چوارڕێی مێژوودا بێت، تەنانەت ئەگەر هاتوچۆ لە چوارڕێیانەکەدا هەندێکجار کوشەندەش بێت. ماڵپەڕی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە وەشانی ئینگلیزی بەشی "پوختەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا"دا جەخت لەوە دەکاتەوە: "ناوچەی جوگرافی ئەفریقا - ئوراسیا کە تورکیا لە ناوەندی ناوچە بۆمەلەرزەکەیدایە، شوێنێکە کە کارتێکەریی لەسەر دەرفەت و مەترسییەکان بە چڕیترین شێوە دادەنێت". هەروەها دەڵێت: "لە چوارچێوەی هەوڵی دوو سەد ساڵەی تورکیا بۆ گەیشتن بە بەرزترین ئاستی شارستانیەتی هاوچەرخ، بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە لەسەر ڕێگای پەیوەستبوون بە یەکێتی ئورووپا بەرەو پێشەوە دەڕوات ."

دیارە لە کاتێکی کورتخایەن یان مامناوەنددا، پێدەچێت ئەمە مەحاڵ بێت. تا چەند ساڵێک لەمەوبەر تورکیا بە نمونەیەکی باش دادەنرا کە چلۆن وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شانبەشانی ئیسرائیل دەتوانێت حکوومەتێکی دیموکراسی پێک بێنێت. ئەم وێنەیە لەم دواییانەدا لە ژێر ڕۆشنایی کێشەی چارەسەرنەکراوی کورد و ئەو

سەختییانەی کە ڕووبەڕووی هەندێک پێکهاتەی بچووکی ڕێکخراوە مەسیحییەکان دەبنەوە و پشتیوانی بێدەنگ لە گروپە ئیسلامیستەکانی شەڕی حکومەتی سوریا دەکەن، هەروەها پێشلکردنی مافی مرۆڤ، تورکیای تووشی کێشە و پەڵە و هەڵسوکەوتی نادێمۆکراتییانە کردووە. لێدوانەکانی سەرۆک ئەردۆغان سەبارەت بە جولەکەکان، ڕەگەز و یەکسانی ژن و پیاو، لەگەڵ بە ئیسلامیکردنی خشکەی وڵاتەکە، زەنگی ئاگادارکردنەوەی بەرز کردۆتەوە. بەڵام بە بەراورد لەگەڵ زۆرینەی دەوڵەتە عەرەبییەکان، تورکیا هێشتا زۆر پێشکەوتووترە و لە بڕێک ڕوانگەوە ئاسەواری وڵاتێکی دیموکراسی پێوە دیارە. ڕەنگە ئەردۆغان بەشێک لە کارەکانی ئەتاتورکی هەڵوەشاندبێتەوە، بەڵام نەوەکانی باوکی تورک بە شێوەی ڕادەیی لە هەموو مرۆڤێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی ئازادتر دەژین.

لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی عەرەبی کرانەوەیەکی هاوشێوەیان بەخۆوە نەبینیبوو و لەژێر کۆلۆنیالیزمدا ئازاریان چەشتووە، هێشتا ئامادە نەبوون ڕاپەڕینەکانی عەرەب (ئەو شەپۆلی نارەزایەتییەی کە لە ساڵی ٢٠١٠ دەستی پێکرد) بگۆڕن بۆ بەهارێکی ڕاستەقینەی عەرەبی. لە جیاتیانە لە نائارامی و شەڕی ناوخۆی بەردەوامدا نوقم بوون.

بەهاری عەرەبی زاراوەیەکی چەواشەکارانەیە، داهێنانێکی میدیاییە کە تێڕوانینی ئێمە لەسەر ئەوە ڕووداوانەی لە ڕاستیدا ڕوودەدەن لێڵ دەکات. زۆرێک لە ڕۆژنامەوانان بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو گەنجە لیبراڵە ئازادیخوازانە کە لە گۆڕەپانەکانی شارەکاندا وەستابوون و پلاکارتی زمانی ئینگلیزییان بە دەستەوە بوو، بە هەڵە بە دەنگی خەڵک و ڕەوتی مێژووییان بە جیهان ناساندن. هەندێک لەو ڕۆژنامەنووسانە لە کاتی "شۆڕشی سەوز"دا هەمان کاریان کرد، خوێندکارانی باکووری تارانیان بە "گەنجانی ئێران" ناوزەد کرد، هاوکاتیش چاویان لە گەنجانی دیکەی ئێرانی قووچاند کە پەیوەندییان بە میلیشیای بەسیجی کۆنەپەرستانە و سپای پاسدارانەوە کردبوو.

لە ساڵی ١٩٨٩دا تەنیا یەک شێوەی تۆتالیتاریزم لە ئوروپای ڕۆژهەڵاتدا زاڵ بوو، ئەویش کۆمۆنیزم بوو. لە مێشکی زۆرینەی دانیشتووانیدا، تەنیا یەک ڕێگا هەبوو کە دەبوو بەرەو ئەو بڕۆن: ئەویش بەرەو دیموکراسی بوو، چلۆن لە دەرەوەی پەردەی ئاسنییەوە گەشە دەکات. ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا یادەوەرییەکی مێژوویی هاوبەشیان لە قۆناغەکانی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەبووە. جیهانی عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١دا هیچ شتێکی لەو چەشنە وەک تایبەتمەندییەک نەبوو و بە چەندین ئاراستەی

جیاوازدا دەیانڕوانی. ئەمانە دیموکراسی بوون و هەن، دیموکراسی لیبراڵ (کە جیاوازە لە یەکەمیان)، ناسیۆنالیزم، کولتوری سەرکردەیەکی بەهێز و ئەو ئاراستەیەی کە زۆر کەس بە درێژایی کات ئامانجیان بووە - ئیسلام بە فۆرمەکانی جۆراوجۆری خۆیەوە، لەوانەش ئیسلامیزم.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەسەڵاتی سیاسی بەڕاستی لە لوولەی تفەنگەوە سەرچاوە دەگرێت. ڕەنگە هەندێک لە هاووڵاتییە باشەکانی شاری میسراتە "Misrata" لە لیبیا بیانەوێت پارتی لیبراڵی دیموکرات دابمەزرێنن، تەنانەت ڕەنگە هەندێکیان داکۆکی لە مافی هاوڕەگەزبازان بکەن، بەڵام بژاردەکانیان سنووردار دەکرێت کاتێک دەسەڵاتی ناوخۆیی ڕاستەقینە، لیبراڵ دیموکراتەکان و هاوڕەگەزبازان لە سێدارە دەدات. عێراق نموونەیەکی باشە: دیموکراسیی تەنیا بە ناو هەیە، گەلێک دوور لە لیبڕاڵ و شوێنێک کە تەنیا بەهۆی هاوڕەگەزباز بوون بە شێوەیەکی ئاسایی لە سێدارە دەدرێن.

ئێستا قۆناغی دووەمی ڕاپەڕینەکانی عەرەب لە ئارادایە: ئەمە ململانێی ناوخۆیی ئاڵۆزە لەناو کۆمەڵگادا، کە تێیدا ئایین، کۆدە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندیی خێڵەکی و چەکەمەنیی هێزێکی گەلێک بەهێزترن لە ئایدیاڵی "ڕۆژئاواییەکان" وەک یەکسانی، ئازادیی قسەکردن و مافی

مرۆڤ و مافی دەنگدانی گشتگیر. وڵاتانی عەرەبی ئالوودەی بڕیاری پێشوەختەیی و تەنانەت ڕق و کینە بوون، کە ڕۆژئاواییە ئاساییەکان هێندە لەو هەڵسوکەوتانە بێ ئاگان کە زۆرجار تەنانەت کاتێک بە چاپکراویی دەیبینن باوەڕیان پێناکەن. ئێمە ئاگاداری بڕیاری پێشوەختەی خۆمانین کە یەکجار زۆریشن، بەڵام زۆرجار چاومان لەهەنبەر ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەقوچێنین.

دەربڕینی بێگانەپەرستی لە جیهانی عەرەبیدا ئەوەندە باو و لە هەموو شوێنێکدا هەیە کە بەزەحمەت کەس دەدۆزرێتەوە هەڵوێستی لەهەنبەردا بگرێت – جگە لە کەمینەی لیبراڵی ناوچەکە کە زۆربەیان پەروەردەیەکی ڕۆژئاواییان هەیە و دەستڕاگەیشتنیان بە پلاتفۆرمی میدیای گشتی سنووردارە. کاریکاتۆری دژە جوولەکە کە درێژە بە نەریتی پڕوپاگەندەی نازییەکان دەدات لە ڕۆژنامەی "Stürmer"'دا گەلێک باون. هەفتە بە هەفتە، بانگخوازانی ڕق و کینە لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکاندا کە بینەرێکی زۆریان هەیە بۆ پڕۆپاگاندا دەرفەتیان پێدەدرێت.

هەندێک لە ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوایی لەم چەشنە ڕەفتارانە ترسیان هەیە نەکا وەک ئێدوارد سەعید "ڕۆژهەڵاتناس" ناویان لێبنرێت. ئەم ترسە وایان لێدەکات نکۆڵی لە بەها لیبراڵەکانی خۆیان بکەن و خۆیان وا نیشان بدەن ئەم

هەڵسوکەوتانە هەموو مرۆڤێک ناگرێتەوە. هەندێکی تریش لە بێهەڵوێستی خۆیاندا ڕایدەگەیەنن ئەو چەشنە هاندانانە شتێکی ئاسایی نییە و دەبێت لە چوارچێوەی زمانی عەرەبیدا ببینرێت کە حەزی لە تووناکردنی ڕیتۆریکییە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەوان لە "ڕێگای عەرەبی"، ڕۆڵی میدیای سەرەکی عەرەبی تێناگەن و ڕەتیدەکەنەوە دان بەوەدا بنێن ئەو کەسانەی ڕق و کینەیان تێدا پەروەردە بووە، ئەو شتەی دەیڵێن، مەبەستی ڕاستەقینەیانە.

کاتێک حوسنی موبارەک دەستی لە پۆستی سەرۆک کۆماری میسر کێشایەوە، لەڕاستیدا ئەوە دەسەڵاتی جەماوەری بوو کە ئەوی ڕوخاندبوو. بەڵام ئەوەی کە باقی جیهان چاوپۆشی لێکرد، ئەوە بوو کە سوپای وڵاتەکە ساڵانێک بوو چاوەڕێی ئەو دەرفەتە بوو لە دەستی خۆی و جەمالی کوڕی ڕزگاریان بێت. تەنیا کاتێک ئیخوان ئەلموسلیمین لایەنگرانی خۆی بانگ کردە سەر شەقامەکان، پشتیوانییەکی تەواو سەریهەڵدا. لە میسر تەنیا سێ دامەزراوە بوونیان هەبوو: پارتی دیموکراتی نیشتمانی موبارەک، سوپا و ئیخوان ئەلموسلیمین. ئەو دووانەی دوایی دامەزراوەی یەکەمیان لەناوبرد، ئیخوان ئەلموسلیمین لە هەڵبژاردنێکدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و دەستیان کرد بە گۆڕینی میسر بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامی، پاشان

به ڕووخاندنی خۆیان ناچار به دانی باجەکەی کران - لەلایەن سوپاوە، دەسەڵاتی ڕاستەقینەی وڵاتەکە.

ئیسلامیستەکان ڕەنگە بە شێوەی چالاکیی شاراوە بەڵام وەک دەسەڵاتی دووەم مانەوە. لە لوتکەی خۆپیشاندانەکانی دژ بە موبارەک، چەند سەد هەزار کەس لە قاهیرە بۆ سەر شەقامەکان ڕاکێشران. کاتێک هاندەری زێدەڕۆی ئیخوان ئەلموسلیمین یوسف قەرەداوی دوای ڕووخانی موبارەک لە وڵاتی غوربەت لە قەتەر گەڕایەوە، لانیکەم ملیۆنێک کەس بۆ پێشوازیکردنی کۆبوونەوە، بەڵام کەم کەس لە میدیاکانی ڕۆژئاوادا بە "دەنگی گەل" وەسفیان کرد. لیبراڵەکان هەرگیز دەرفەتیان پێ نەدرا. هەروەها ئێستاش نیانە. هۆکارەکە ئەوە نییە کە خەڵکی ناوچەکە ڕادیکاڵن، بەڵام کاتێک برسییەتی گوشاری بۆ هێناون و دەترسن و ناچار دەبن لە نێوان نان و ئاسایش و چەمکی دیموکراسیدا یەکێکیان هەڵبژێرن، هەڵبژاردنەکە زۆر قورس نییە.

لە کۆمەڵگا هەژارەکاندا کە دامەزراوەی متمانەپێکراوی کەمیان هەیە، باندەکان کە خۆیان وەک "میلیشیا" یان "پارتی سیاسی" نیشان دەدەن، دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی خەبات بۆ دەسەڵات دەکەن، هەندێکجار لەلایەن هاوسۆزیی بێهەڵوێستی ڕۆژئاواوە

هاندەدرێن، زۆر کەسی بێتاوانیش دەبنە قوربانی. پێدەچێت ئەمە لە ساڵانی داهاتوودا لە لیبیا، سوریا، یەمەن، عێراق وابێت و ئەگەری هەیە وڵاتانی دیکەش بگرێتەوە.

ئەمریکییەکان حەز دەکەن بەشداری سیاسی و سەربازی خۆیان لە ناوچەکەدا کەم بکەنەوە، چونکە بەهۆی پەرەپێدانی سەرچاوەی وەزی ناوخۆیی، پێویستییان بە هاوردەکردنی وزە کەم بووەتەوە. ئەگەر ئەمریکا خۆی لە ناوچەکە دوور خاتەوە، چین و تا ڕادەیەکی کەمتر هیندوستان، هەنگاو دەنێن بۆ قەرەبووکردنەوەی سوودی ناوچەکە. چینییەکان لە ئێستاوە ڕۆڵێکی گەورەتریان لە وڵاتانی سعودیە، عێراق و ئێراندا هەیە. ئەم سیناریۆیە لەسەر ئاستی جیهانی یاریی پێدەکرێت و لە ڕاوێژکاریی پێتەختی زلهێزەکاندا دیاری دەکرێت. لە ئاستی ناوخۆییدا، یارییەکە سەرەتا بە بیرۆکە، ئارەزوو، هیوا و پێداویستییەکانی خەڵکەوە خۆ خەریک دەکات – هەروەها بە یاریکردن بە ژیانیشیان بەڕێوەدەچێت.

هێڵی سایکس-پیکۆ لە قۆناغی شکاندندایە. دووبارە بەستنەوە و نۆژەنکردنەوەی، تەنانەت بە فۆرمێکی دیکەش، کارێکی درێژخایەن و خوێناوی دەبێت.

## بەشی حەوت

## هیندوستان و پاکستان

"هیندوستان نە دەوڵەتە نە وڵات، قوڕنەیەکی لاوەکیی نەتەوەییە" محەمەد عەلی جینا "Muhammad Ali Jinnah"



ئەگەر هیندوستان و پاکستان بتوانن لەگەڵ یەکتر ڕێکبکەون، بەو مانایە دەبێت هیچ کام لەو دوانە ئەویتریان لە پەنا خۆی ناوێت. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە سنوورێکی دوو هەزار و ۹۱۲ کیلۆمترییان پێکەوە هەیە، ئەمە تا ڕادەیەک کێشەیان بۆ دروست دەکات. هەر دوو وڵاتەکە لیپاولیپن لە دوژمنایەتی، هەردووکیشیان چەکی ئەتۆمییان هەیە. پرسیارەکە ئەوەیە چلۆن مامەڵە لەگەڵ پەیوەندییە خۆشەویستییە نەخوازراوەکەیان دەکەن، چونکە بۆ دەیان ملیۆن کەس پرسێکی مان و نەمانە.

هیندوستان نزیکەی یەک ملیار و ۳۰۰ ملیۆن مرۆڤی تێدا دەژین، لە کاتێکدا لە پاکستان تەنیا ۱۸۲ ملیۆن کەس نیشتەجێیە. ڕەنگە پاکستان بە پێچەوانەی هیندوستان خۆی هەژار، ناسەقامگیر و پارچەپارچە پێناسە بکات، لە کاتێکدا هیندوستان سەرەڕای وەسوەسەکانی، لە زۆر ڕووەوە خۆی وەک هێزێکی جیهانی نوێ کە ئابوورییەکی پەرەپێدراو و چینێکی ناوەڕاستی گەشەسەندووی هەیە، پێناسە دەکات. کاتێک لەم ڕوانگەیەوە سەیری پاکستان دەکات، بۆی دەردەکەوێت لە هەموو پێوەرەکانی ئابووریی و دیموکراسیدا لە دراوسێکەی سەرترە.

هەردوو وڵات چوار شەڕی گەورە و شەڕ و پێکدادانی بچووکی زۆریان لە دژی یەکتر بەڕێوەبردووە. هەستی سۆزدارییان بەرزە و لە حاڵی کوڵیندایە. ئەو ئیدیعایەی ئەفسەرێکی پاکستانی زۆرجار ئاماژەی پێدەکرێ و دەڵێت پاکستان، هیندوستانی لە هەزار شوێنی بچووکەوە بریندار و خوێناوی کردووە، لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن شرۆڤەکاری سوپایی دکتۆر ئامارجیت سینگ "Dr. Amarjit Singh"ەوە دەنگی دایەوە کە لە ڕۆژنامەی (ایندین دیفنس ریویو"Indian Defence Review")دا نووسیویەتی: "سەرەڕای ئەوەی هەرچۆنێک ئەوانیتر بیر دەکەنەوە، بۆچوونی من ئەوەیە، باشترە هیندستان ئازابێت لە ئەگەری هێرشێکی ئەتۆمی لەلایەن پاکستانەوە و کارەکە ئەنجام بدات، تەنانەت بە تێچووی دەیان ملیۆن کوژراویش، نەک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تووشی شەرمەزاری و ئازاری هەزاران لێدانی لێرەولەوێ بێت و وزە بەفیڕۆ بدات لەسەر تواناییە بەکارنەهێنراوەکانی." ڕەنگە ئەمە سیاسەتی فەرمی حکومەت نەبێت، بەڵام ئاماژەیە بۆ ئەوەی چەندە هەستی قووڵ لەسەر ئەم پرسە لە ئاستی جیاوازدا لە هەردوو کۆمەڵگادا بەڕێوەدەچێت. دەوڵەتە مۆدێرنەکانی پاکستان و هیندوستان لە ئاگردا لەدایک بوون؛ بەڵام جارێکیتر بە ئاگر دەتوانن ژیانی خۆیان توونا بکەن.

ئەم دوو وڵاتە بە جوگرافیای شێوە قوڕنەی هیندوستانەوە بەیەکەوە گرێدراون، کە چوارچێوەیەکی سروشتی پێکدەهێنێت. کەنداوی بەنگال، ئوقیانووسی هیند و دەریای عەرەبی لە باشووری ڕۆژهەڵات، باشوور و باشووری ڕۆژئاوا و هیندوکووش لە باکووری ڕۆژئاوا و زنجیرە چیای هیمالایا لە باکوور هەڵکەوتوون. ئەگەر بە ئاراستەی کاتژمێر سەیری بکەین، فەلاتی بیابانی بەلوچستان بە شێوەیەکی بەردەوام بەرز دەبێتەوە و بەرەو شاخەکانی پارێزگای سنووری باکووری ڕۆژئاوا دەڕوا، کە دواتر بەرزتر دەبنەوە و دەبنە هیندوکووش. مرۆڤ بە کەمانەکردن بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات دەگاتە کاراکۆروم "Karakorum" کە پەیوەندیی بە هیمالایا پێکدەهێنێت و بە درێژایی تەواوی سنوورەکانی چین لەگەڵ چین تا میانمار هاوسنوورە. لێرەوە کە هیندوستان بە دەوری بەنگلادیشدا درێژ دەبێتەوە، زەوییەکەی بەرەو باشوور و بەرەو کەنداوی بەنگال نزم دەبێتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا هیندوستان، پاکستان، بەنگلادیش، نیپاڵ و بوتان"Bhutan"ی ئەمڕۆیی جێگیر بوون. دوو وڵاتی دوایین، وڵاتانی هەژار و بێ وشکانین کە دراوسێی مەزنیان چین و هیندوستان بەسەریاندا زاڵن. بەڵام کێشەی بەنگلادیش ئەوە نییە کە دەستڕاگەیشتنی بە دەریا نییە،

بەڵکوو ئەوەیە کە دەریا دەستڕاگەیشتنی زۆری بەسەر بەنگلادیشدا هەیە: ئاوی کەنداوی بەنگال بەردەوام زەوییە تەختەکانی دەخاتە ژێر ئاوەوە. کێشەی جوگرافی دیکەی وڵاتەکە ئەوەیە کە بە تەواویی لەلایەن هیندوستانەوە دەورە دراوە. بە درێژایی ٤٠٩٥ کیلۆمتر سنوورەکە کە لە ساڵی ١٩٧٤ دانرا، هیندوستان وڵاتەکەی دەورە داوە، تەنیا سنوورێکی کورت لەگەڵ میانمار ڕێگایەکی وشکانی بەدیلی بۆ باقی جیهان بۆ ئاواڵە هێشتۆتەوە.

بەنگلادیش ناسەقامگیرە و شوێنی ئیسلامییە چەکدارەکانە و نیگەرانی گەورەی هیندوستانیش هەر ئەمەیە، بەڵام هیچ کام لەم سێ وڵاتە بچووکە لە شێوە قوڕنەی خوارەوەدا هەرگیز ناتوانن ئەوەندە گەورە بن کە هەڕەشە لە سەروەری ڕزگارکەری خۆیان هیندوستان بکەن. پاکستانیش بە هەڕەشە بۆ سەر هیندوستان لە هەژمار نەدەهات ئەگەر لە دەیان ساڵی دوای دابەشکردنی ناوچەکە لە ساڵی ١٩٤٧ لە پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی سەرکەوتوو نەبووایە.

وڵاتەکە لە چوارچێوەی خۆیدا، سەرەڕای ئەوەی تاڕادەیەک تەختە، بەڵام بۆ ئەوەی پشتگیری لە حکومەتێکی ناوەندیی بەهێز بکات هەمیشە زۆر گەورە و هەمەچەشن بووە. تەنانەت فەرمانڕەوا کۆلۆنیالیزمەکانی

بەریتانیاش بە سیستەمی کارگێڕیی بەناوبانگ و سیستەمی هێڵی ئاسنی بەیەکەوە گرێدراویان، ڕێگەیان بە سەربەخۆیی ناوچەیی داوە و ئەم دۆخەیان بەکار هێنا بۆ ئەوەی یاریی بە فەرمانڕەوا ناوخۆییەکان بکەن و دژی یەکتر هانیان بدەن. فرەچەشنی زمانەوانی و کولتووریی بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی کەشوهەوا – بۆ نموونە باکووری سەهۆڵ بەستوو لەگەڵ هیمالایا بە پێچەوانەی جەنگەڵەکانی باشوور – بەڵام بەهۆی ڕووبارەکان و ئایینە جیاوازەکانی ئەم شێوە قورنەیەشە.

شارستانیەتی جۆراوجۆر بەدرێژایی ئەم ڕووبارانە گەشەیان کردووە - لەوانەش گەنجس "Ganges"، براهماپوترا "Brahmaputra" و ئیندوس "Indus". تا ئەمڕۆش شارە ناوەندییەکان لە کەنارئاوەکاندا هەڵکەوتوون و ئەو ناوچانەی کە گەلێک جیاوازن لە یەکتر- وەک پەنجاب "Punjab" کە زۆرینەی سیکەکان و ئەو دانیشتوانەی بە زمانی تامیل "Tamil" لە پارێزگای تامیل "Nadu"ئاخافتن دەکەن - لەسەر بنەمای ئەم تایبەتمەندییە جوگرافییانە گەشەیان کردووە.

بەدرێژایی سەدەکان زلهێزە جۆراوجۆرەکان هێرشیان کردووەتە سەر ئەم قورنە لاوەکییە، بەڵام هیچیان بەڕاستی و تەواویەتی داگیریان نەکردووە. ئەمڕۆش نیودێهلی "-Neu

"Delhi" بەڕاستی کۆنترۆڵی هیندوستانی لە دەستدا نییە و ئیسلام ئابادیش وەک دەبینین تا ڕادەیەکی کەمتر پاکستانی کۆنترۆڵ کردووە. موسڵمانان سەرکەوتووتر بوون لە یەکخستنی ئەم قوڕنە لاوەکییەی لەژێر یەک سەرکردایەتیدایە، بەڵام تەنانەت ئیسلامیش هەرگیز نەیتوانی جیاوازیی زمانەوانی و ئایینی و کولتووری تێپەڕێنێت.

یەکەم داگیرکاریی موسڵمانان لە سەدەی هەشتەمدا دەستی پێکرد، کاتێک عەرەبەکانی خەلافەتی ئومەوی پێشڕەوییان بۆ پەنجاب کرد کە ئێستا بەشێکە لە پاکستان. لەو کاتەوە تا سەدەی هەژدەهەم، لەشکرکێشی جۆراوجۆری دەرەکی ئایینی ئیسلامیان گەیاندە ئەو قوڕنە لاوەکییە. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی دۆڵی ئیندوس "Indus" زۆرینەی دانیشتوانی هیندۆسەکان بەرەنگاری گۆڕینی ئایین بوونەوە و بەم شێوەیە تۆوی دابەشکردنی دواتری هیندوستانیان چەقاند.

ئینگلیزەکان دەهاتن و دەچوون و کاتێکیش ڕۆیشتن، ناوەندەکە نەیتوانی خۆڕاگریی بکات و دۆخەکە لێکی بڵاوکردنەوە. لە ڕاستیدا هەرگیز ناوەندێکی ڕاستەقینە نەبووە: ناوچەکە هەمیشە بەهۆی ناتەبایی زمانەوانییە کۆنەکانی پەنجاب و گوجارات"Gujarat"، لە نێوان شاخ و

بیابانەکان، هەروەها لە نێوان ئیسلام و هیندۆسیدا دابەش ببوون. تا ساڵی ١٩٤٧ هێزەکانی ناسیۆنالیزمی دوای کۆلۆنیالیزم و جوداخوازیی ئایینی دواجار ئەم قوڕنە لاوەکییەیان بەسەر دوو بەشدا دابەش کرد، کە دواتر بوو بە سێ بەش: هیندوستان، پاکستان و بەنگلادیش. ئینگلیزەکان لە دوو شەڕی جیهانیدا ماندوو ببوون و هاوکاتیش ئاگاداری ئەوە بوون کە ڕۆژانی ئیمپراتۆریەت کۆتایی پێ هاتووە، لەسەر شێوازی کشانەوەیان خۆیان شکۆمەند هەست پێ نەدەکرد. لە ڕۆژی ٣ی حوزەیرانی ١٩٤٧ لە ئەنجومەنی کۆمۆنەکاندا لێدوانێک بەڕێوەچوو: ئینگلیزەکان دەکشێنەوە - و هیندوستان بەسەر دوو خاکی سەربەخۆدا دابەش دەبێت، هیندوستان و پاکستان. تا ١٥ی ئاب، تەنیا ٧٣ ڕۆژ دواتر، هەموو هێزەکان کشانەوە.

ئەم دۆخە کۆچێکی نائاسایی بەدوای خۆیدا هێنا، کاتێک ملیۆنان موسڵمان سنوورە نوێیەکانی هیندوستانیان بەجێهێشت و بەرەو ڕۆژئاوا و بەرەو پاکستان هەڵاتن و ملیۆنان هیندۆس و "سیک"یش ڕێگەی پێچەوانەیان گرتەبەر. کاروانی ٣٠ هەزار کەسی لەسەر ڕێگاکان بوون، تەواوی کۆمەڵگاکان خەریکی کۆچ بوون. شەمەندەفەرەکان کە پڕ بوون لە پەنابەران بەسەر ئەم قوڕنە لاوەکییەدا گەشتیان دەکرد و خەڵکیان بۆ ناو شارەکان تێدەئاخنی و بە

هەمان شێوە پڕ دەبوون لەو کەسانەی کە بەرەو ئاراستەی دیکە دەڕۆیشتن.

ناوچەکە ببووە حەمامێکی خوێن. ئاژاوە و کێشە لە سەرانسەری هەردوو وڵاتەکەدا سەریهەڵدا، کاتێک موسڵمانان، هیندۆس، سیکەکان و ئەوانی دیکە لە بێ متمانەیی و ترس لە یەکتر دژی یەکتر وەستابوون و بەربەرەکانیان دەکرد. حکومەتی بەریتانیا دەستی لەو کارە شۆرد و بۆ بەکارهێنانی ئەو چەند سەربازەی کە هێشتا لە وڵاتەکەدا بۆ پاراستنی ڕێکوپێکی لەوێ مابوونەوە، داواکاریی سەرکردایەتییە نوێیەکانی هیندوستان و پاکستانی بۆ ئارامکردنەوەی دۆخەکە ڕەتکردەوە. خەمڵاندن بۆ ژمارەی ڕاستەقینەی قوربانییەکان گەلێک جیاوازن، بەڵام لانیکەم یەک ملیۆن کەس گیانیان لەدەستداوە و ١٥ ملیۆن کەسیش ئاوارەبوون. ئەو دوو ناوچەیەی موسڵمانان بەسەریدا زاڵ بوون، ناوچەی ڕۆژئاوا - دۆڵی ئیندوس لە ڕۆژئاوای بیابانی تار"Thar" - بوو بە ڕۆژئاوای پاکستان، و ناوچەی ڕۆژهەڵات - حەوزی گەنجس "Ganges" لە ڕۆژهەڵاتی "Kalkutta" (ئێستا Kolkata) - بوو بە پاکستانی ڕۆژهەڵات.

پاکستان لەم کارە چی وەدەست کەوت؟ زۆر کەمتر لە هیندوستان. بوو بە میراتگری زۆرترین سنووری ململانێی

هیندوستان، کە سنووری باکووری ڕۆژئاوای ئەفغانستان بوو و لە دوو بەشی جیاواز پێکهاتبوو و گەلێک کەم پێکەوە ڕاهاتبوون، چونکە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی پاکستان بە درێژایی ١٦٠٠ کیلۆمتر خاکی هیندوستان، لەیەکتر جیاکرابوونەوە. ئەلاسکا و باقی ئەمریکا بە ئاسانی کێشەی تەنیشت یەکتریان تێپەڕاندووە، بەڵام لە ڕووی کولتووریی، زمانەوانی و ئابوورییەوە بەیەکەوە گرێدراون و لە ژینگەیەکی سەقامگیردا پێکەوە کاردەکەن. تاکە پەیوەندیی نێوان ئەو دوو بەشەی پاکستان ئایینی ئیسلام بوو. دەنا هەرگیز بەڕاستی یەکگرتوو نەبوون، بۆیە سەیر نەبوو کە لەیەکتر جیا ببنەوە. پاکستانی ڕۆژهەڵات لە ساڵی ١٩٧١ لە سەرپەرشتیی ڕۆژئاوای پاکستان یاخی بوو، هیندوستان دەستوەردانی کرد و دوای خوێنڕشتنێکی زۆر، پاکستانی ڕۆژهەڵات جیا بووەوە و بوو بە بەنگلادیش.

بەڵام لە ساڵی ١٩٤٧ و ٢٥ ساڵ دوای کۆتایی هاتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، جینا "Jinnah" و سەرکردەکانی دیکەی پاکستانی نوێ، بە دانی بەڵێنی زۆر بۆ داهاتوویەکی مەزن، ڕایانگەیاند کە نیشتمانێکی یەکگرتووی موسڵمانانیان پێکهێناوە.

پاکستان لە ڕووی جوگرافی، ئابووریی، دیمۆگرافی و سەربازییەوە لە هیندوستان لاوازتر بوو. هەروەها هەستی

ناسنامەی نەتەوەییشی بەو شێوەیە بەهێز نەبوو. سەرەڕای قەبارە و پانتایی گەورە و هەمەچەشنی کولتووریی و بزووتنەوە جودایی خوازیی، هیندوستان دیموکراسییەکی عیلمانی بە هەستێکی هاوبەشی ناسنامەی نەتەوەیی هیندوستان بنیات نابوو. پاکستان دەوڵەتێکی ئیسلامییە بە مێژوویەکی دیکتاتۆرییەوە و دانیشتووانێک کە زۆرجار دڵسۆزییان بۆ ناوچەی کولتووریی خۆیان هەیە نەک بۆ دەوڵەت.

دیموکراسی سێکۆلار بۆ هیندوستان گەلێک باش بوو، بەڵام دابەشبوونی لەساڵی ١٩٤٧دا سوودێکی زیاتری پێبەخشی. لەناو سنوورە نوێیەکانی هیندوستاندا زۆرینەی ڕەهای پیشەسازیی قورنەی لاوەکی، زۆربەی داهاتی وەرگرتووی باج هەروەها زۆربەی شارە گەورەکانی تێدا هەڵکەوتبوو. بۆ نموونە کەلکەتا بە بەندەرەکەی و ناوچەی بانکییەکەیەوە، کەوتە بەری هیندوستان، بەمەش پاکستانی ڕۆژهەڵاتی لە سەرچاوە سەرەکییەکەی داهات و گرنگترین پەیوەندییەکەی بە جیهانی دەرەوە بێبەش کرد.

پاکستان تەنیا لەسەدا ١٧ی ئەو پارە پاشەکراوەی حکومەت پێش دابەشبوونی حکومەت هەیبوو، پێی برا. بە بێ پارە بۆ وەبەرهێنانی گەشەپێدان لەگەڵ وڵاتێکی کشتوکاڵی و سنوورێکی ناسەقامگیری ڕۆژئاوا و دەوڵەتێکی

دابەشکراو لە زۆر ڕووەوە بە تەنیا مابۆوە. ناوی پاکستان ئاماژەیە بۆ ئەم دابەشبوونانە "pak" :لە زمانی ئوردودا بە واتای "پاک"، و ستان بە واتای "پارێزگا"، واتە پارێزگای پاکەکان. هەروەها کورتکراوەی "P": بۆ پەنجاب، "A" بۆ ئەفغانستان (ناوچەی پشتووەکان لەسەر سنووری ئەفغانستان)، "K"بۆ کشمیر، "S" بۆ سیند"Sindh" و "T" بۆ تان"tan"، وەک بەلوچستان.

لەم پێنج هەرێمە جیاوازە کە هەریەکەیان زمان و زاراوەی تایبەتی خۆیان هەیە، دەوڵەتێکی هاوبەش دروست بوو، بەڵام نەتەوەیەک دروست نەبوو. پاکستان هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ دروستکردنی هەستی یەکگرتوویی، بەڵام وەک تاقانەیەک یان پەرجۆیەک ماوەتەوە بۆ ئەوەی پەنجابییەک هاوسەرگیری لەگەڵ بەلوچێک یان سیندییەک هاوسەرگیری لەگەڵ پەشتووێکدا بکات. پەنجابیەکان لەسەدا ٦٠ی دانیشتووان پێکدەهێنن، سیندییەکان لەسەدا ١٤، پشتووەکان لەسەدا ١٣،٥ و بەلووچەکان لەسەدا ٤،٥. گرژییە ئاینییەکان لە هەموو شوێنێکدا هەن - نەک تەنیا دوژمنایەتیی نێوان کەمینەی مەسیحی و هیندۆسەکانی پاکستان، بەڵکوو لە نێوان سوننە (زۆرینە) و شیعە (کەمینە)ی ئیسلامیشدا. پاکستان ماڵی چەندین نەتەوەیە لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا.

زمانی فەرمی ئوردو- زمانی زگماکی ئەو موسڵمانانەیە کە لە ساڵی ١٩٤٧ لە هیندوستان هەڵاتوون و زۆربەشیان لە پەنجاب نیشتەجێ بوون. ئەمەش وای کردووە زمانەکەیان لەلای باقی وڵاتدا پەسەند نەکرێت. ناوچەی سیند لە مێژە تورەیە لەوەی باڵادەستی پەنجابی هەست پێدەکرێت و زۆرێک لە سیندییەکان هەست دەکەن وەک هاوڵاتی پلە دوو هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێت. پشتووەکانی ناوچەی سنووری باکووری ڕۆژئاوا هەرگیز حکومەتی بیانییان قبوڵ نەکردووە: بەشێک لە ناوچە سنوورییەکان بە ناوچەی خێڵەکی ئیدارەی فیدراڵی ناودەبرێن، بەڵام لە ڕاستیدا هەرگیز لەلایەن ئیسلام ئابادەوە ئیدارە نەکراون. کشمیر هێشتا لە نێوان پاکستان و هیندوستاندا دابەش بووە و هەرچەندە زۆرینەیەک لەوێ داوای سەربەخۆیی دەکەن، بەڵام لەسەر ئەو کێشەیە هیندوستان و پاکستان بەردەوام یەکگرتوون. لە بەلوچستانیشدا بزووتنەوەیەکی سەربەخۆیی هەیە کە زۆرجار دژی دەوڵەت قوت دەبێتەوە.




ئەو ناوچانەی کە هیندوستان و پاکستان پێکدەهێنن: زۆربەیان تایبەتمەندیی، کارەکتەر و زمانی جیاوازی خۆیان هەیە.

پارێزگای بەلوچستان گرنگییەکی زۆری بۆ پاکستان هەیە هەرچەندە تەنیا ژمارەیەکی کەمی پاکستانی تێدایە و بۆ ئەو وڵاتە پارێزگایەکی بنەڕەتییە. نزیکەی لەسەدا ٤٥ی ڕووبەری زەوی وڵاتەکەی پێکدەهێنێت و زۆرێک لە سەرچاوە نەوتیی و کانزا و گازە سروشتییەکانی لەوێ هەڵکەوتووە. سەرچاوەیەکی دیکەی سەرنجڕاکێشی داهاتی وڵاتەکە

بریتییە لە پەیوەندیی وشکانی پلانی دارێژراو بۆ گواستنەوەی نەوت لە ئێران و دەریای خەزەرەوە لە ڕێگای پاکستانەوە بۆ چین. گەوهەری"Juwel" سەر ئەم تاجە شاری کەنار دەریا واتە گوادار"Gwadar"ە. زۆرێک لە چاودێران پێیان وایە ئەم سەرمایە ستراتیژییە ئامانجی ڕاستەقینەی یەکێتی سۆڤیەت بووە کاتێک لە ساڵی ١٩٧٩دا ئەفغانستانی داگیرکرد: گوادار خەونی لەمێژینەی مۆسکۆی بەدی دەهێنا کە بەندەرێکی بە بێ سەهۆڵ و سەرما بوو. چینییەکانیش بۆ ئەم گەوهەرە سەرنجیان ڕاکێشراوە و ملیاردها دۆلاریان لە ناوچەکەدا وەبەرهێناوە. بەندەرێک لە قووڵایی دەریا لە ساڵی ٢٠٠٧ کرایەوە و هەردوو وڵات کار بۆ بەستنەوەی بە وڵاتی چینەوە دەکەن. لە درێژخایەندا چین دەتوانێت پاکستان وەک ڕێڕەوێکی وشکانی بۆ دابینکردنی وزە بەکاربهێنێت. ئەمەش ڕێگەی پێدەدات تەنگەی مالاکا "Malakka" تێپەڕێنێت، کە وەک لە بەشی چیندا باسکرا، نوێنەرایەتی خنکاندنێک بۆ چین دەکات کە دەتوانێت گەشەی ئابووری چین تێکبدات.

لە بەهاری ساڵی ٢٠١٥ هەردوو وڵات لەسەر دروستکردنی ڕێگاوبان، هێڵی ئاسن و بۆری بە بڕی ٤٦ ملیارد دۆلار کە زیاتر لە ٢٩٠٠ کیلۆمتر لە گوادارەوە تا پارێزگای شینجیانگی چین درێژ دەبێتەوە، ڕێککەوتن. ڕێڕەوی

ئابووریی چین و پاکستان، هەر وەک ناوی پڕۆژەکە، ڕێگە بە چین دەدات ڕاستەوخۆ بگاتە زەریای هیند و لەویش دوورتر.

تەرخانی سەرمایەی بێئەندازەی چینی بۆ دروستکردنی ڕێڕەوێکی وشکانی وەک ئەوەی باس کرا دەتوانێت پاکستان زۆر دڵخۆش بکات و یەکێکە لەو هۆکارانەی هەمیشە هەوڵی بۆ دەدات هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی جیاوازیخواز لەو پارێزگایەدا سەرکوت بکات. بەڵام تا ئەو کاتەی ئەم سامانانەی لە بەلووچستان وەدەست دەکەوێت زیاتر بۆ ناوچەکە و بۆ گەشە پێدانی خۆی بەکاربهێنرێت، دڵنیان ئەو ناوچەیە بە نائارامی و زۆرجار بە توندوتیژی دەمێنێتەو.

ئاییتی ئیسلام، دەزگای هەواڵگری نهێنی، سوپا و ترس لە هیندوستان ئەوانەن کە پاکستانیان بەیەکەوە ڕاگرتووە. هیچ کام لەمانە ناتوانێ پێش بە جوداخوازەکان بگرێت کاتێک هێزیان بەدەستەوە بێت. لە ڕاستیدا پاکستان بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵ لە دۆخێکی شەڕی ناوخۆیی گیری کردبوو، هەمیشەش دوای شەڕی ڕێکوپێک و ئامۆژگاریی هەڵە لەگەڵ دراوسێ مەزنەکەی کە هیندوستانە تووشی قەیران هاتووە.

بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٤٧، ماوەیەکی کەم دوای جیابوونەوە، کێشەکە لەسەر کشمیر و دەرئەنجامەکەی دابەشکردنی کشمیر بوو لە ساڵی ١٩٤٨ بەدرێژایی هێڵی کۆنترۆڵ (کە بە دیواری بەرلینی ئاسیا ناسراوە). بەڵام هیندوستان و پاکستان بەردەوامن لە جەختکردنەوە لەسەر ئیدیعاکانیان.

دوای نزیکەی ٢٠ ساڵ، پاکستان بەهۆی کەوتنی نالەباری هیندوستان لە شەڕی سنووری هیندوستان و چین لە ساڵی ١٩٦٢دا، بە هەڵە هەڵسەنگاندنی بۆ هێزی سوپای هیندوستان کرد. گرژییەکانی نێوان هیندوستان و چین بەهۆی لەشکرکێشی چینی بۆ سەر تبت زیاتر بوونەوە، ئەمەش وایکرد هیندوستان مافی پەنابەری بە دالای لاما "Dalai Lama"بدات. لەم ململانێ کورتەدا سوپای چین باڵادەستی خۆی نیشان دا و تا پەنا ویلایەتی ئاسام کە نزیک بوو لە دڵی هیندوستان پێشڕەوی کرد. سوپای پاکستان بە خۆشحاڵییەوە چاودێری دۆخەکی کرد و توانایيەکانی خۆی زێدەڕۆیانە خەملاند و لە ساڵی ١٩٦٥ شەڕێکی لەگەڵ هیندوستان دەستپێکرد و دۆڕا.

لە ساڵی ١٩٨٤ شەڕ و پێکدادان لە نێوان پاکستان و هیندوستان لە بەرزایی ٦٧٠٠ متر لەسەر سەهۆڵبەندی سیاچن "Siachen" ڕوویدا - کە بە بەرزترین شەڕ دادەنرێت

لە مێژووی جیهاندا. شەڕی زیاتریش لە ساڵانی ١٩٨٥ و ١٩٨٧ و ١٩٩٥ لە نێوانیاندا ڕوویدا. پاکستان بەردەوام لە ڕاهێنانی میلیشیاکانی بۆ بەزاندنی هێڵی کۆنترۆڵ چالاک مایەوە و شەڕێکی دیکە لەسەر کشمیر لە ساڵی ١٩٩٩ هەڵگیرسا، تا ئەم کاتە هەردوو وڵات خاوەنی چەکی ئەتۆمی بوون و هەڕەشەی ڕانەگەیەنراوی پەرەسەندنی شەڕی ئەتۆمی بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک بەسەر ململانێکاندا هەڵواسرا تا دیپلۆماسی ئەمریکایی کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و هەردوولا ئەهۆن کرانەوە. لە ساڵی ٢٠٠١دا جارێکی دیکە لە لێواری شەڕێکیتردا بوون و زۆرجاریش لە سنوورەکان تەقە لە یەکتر دەکەن.

هیندوستان و پاکستان لە ڕووی سەربازییەوە ساڵیانی درێژە دوژمنایەتی یەکتر دەکەن. هەر لایەنێک ئیدیعای هەڵوێستی بەرگری لە خۆ دەکات، بەڵام هیچ کامیان باوەڕ بە لایەنی دیکە ناکەن و بەردەوامن لە ناردنی ژمارەیەکی زۆر لە سەرباز بۆ سەر سنوورەکان، ئەم هێزانە لەسەر سنووری هەر دوو وڵاتەکە دامەزراون و لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کوشندەدا وەها بە یەکەوە بەستراونەوە کە دەتوانێ کارەساتێکی مەزنی لێ بخوڵقێندرێت.

پەیوەندیی نێوان هیندوستان و پاکستان هەرگیز دۆستانە نابێت، بەڵام ئەگەر دڕکی کشمیر لە گۆشتی هەردوولا نەچەقایە، دەکرا بە ئەگەرێکی زۆرەوە دۆستانە بێت. بەو شێوەیەی هەیە هیندوستان پێی خۆشە پاکستان لە ناوخۆدا دابەش بێت و هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی بەو شێوەیە بمێنێتەوە. پاکستان بەردەوامە لە هەوڵدان بۆ تێکدانی دۆخی هیندوستان لە ڕێگەی توخمە تاوانکارییەکانی ناوەوە، تەنانەت پشتگیری لە هێرشە تیرۆریستییەکانی وەک کۆمەڵکوژییەکەی ساڵی ٢٠٠٨ی مومبای "Mumbai" کردووە.

کێشە و پرسی کشمیر بەشێکی مەسەلەی شەرەفی نەتەوەییە، بەڵام مەسەلەیەکی ستراتیژیشە. کۆنترۆڵی بەتەواویی کشمیر دەبێتە هۆی ئەوەی هیندوستان پەنجەرەیەک بەڕووی ئاسیای ناوەڕاستدا بکاتەوە و سنوورێک لەگەڵ ئەفغانستان پێک بێنێت. هاوکاتیش پاکستان لە سنوورەکانی لەگەڵ چین بێبەش دەکات و بەمەش سوودی پەیوەندییەکانی پاکستان و چین کەم دەبێتەوە. حکومەتی پاکستان حەز دەکات شانازی بەوە بکات کە دۆستایەتییەکەی لەگەڵ چین "بەرزترە لە شاخەکان و قووڵترە لە دەریاکان". لە کاتێکدا ئەمە ڕاست نییە، بەڵام یارمەتیدەرە، چونکە ئەگەر پێویست بێت، وا

له ئەمریکییەکان دەکات لە کەمکردنەوەی ئەو یارمەتییە داراییە گەورەیەی کە پاکستان لە واشنگتۆن وەریدەگرێت وریا بن.

ئەگەر پاکستان کۆنترۆڵی تەواوی کشمیری هەبوایە، ئەوا بژاردەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیسلام ئاباد بەرز دەبۆوە و بژاردەکانی هیندوستان سنووردار دەکران. هەروەها ئەم کۆنترۆڵە یارمەتیدەر دەبێت بۆ دەستەبەرکردنی ئاوی پاکستان. ڕووباری ئیندوس "Indus" لە هیمالایای تبتییەوە سەرچاوە دەگرێت و پاشان پێش ئەوەی بگاتە پاکستان بەناو بەشێکی کشمیردا تێدەپەڕێت کە لە ژێر دەسەڵاتی هیندوستاندایە و لە پاکستاندا دەمێنێتەوە تا دەڕژێتە دەریای عەرەبی لە نزیک کەراچی.

ئیندوس و لقە ئاوییەکانی دیکەی ئاوی دوو لەسەر سێی وڵاتەکە دابین دەکەن: بەبێ ئەو ڕووبارە، پیشەسازیی لۆکە و زۆرێک لە پایە سەرەکییەکانی دیکەی ئابووریی پاکستان کە بێ ئەویش گەلێک لەرزۆکن، لەناودەچن. لە پەیماننامەیەکدا کە تەنانەت لە شەڕەکانیشیاندا هەرگیز ژێر پییان نەخستووە، هیندوستان و پاکستان لەسەر دابەشکردنی ئاوی ئەم ڕووبارە ڕێککەوتوون. بەڵام ژمارەی مرۆڤی هەردوو وڵاتەکە بە ڕێژەیەکی مەترسیدار گەشە دەکەن و گەرمبوونی کەشوهەوای جیهان دەتوانێت ئاوی

ڕووبارەکە کەم بکاتەوە. لکاندنی بە تەواویی کشمیر دەبێتە هۆی مسۆگەرکردنی ئاوی پاکستان. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو شتەی یارییەکە دیاری دەکات، وێدەچێ هیچ کام لە لایەنەکان خۆ بەدەستەوە نەدەن، تا ئەو کاتەی لەسەر پرسی کشمیر نەگەنە ڕێککەوتن، ناتوانن کلیلی کۆتایی هێنان بە دوژمنایەتی خۆیان بدۆزنەوە. ڕەنگە چارەنووسی کشمیر ئەوە بێت کە وەک شوێنی شەڕی نێوان شەڕڤانانی ڕاهێنراوی پاکستان و سوپای هیندوستان بمێنێتەوە - ململانێیەک کە هەمیشە مەترسی پەرەسەندنی بۆ شەڕی تەواو و بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی بەدواوەیە.

هەروەها هەردوو وڵات بەردەوام دەبن لە شەڕێکی دیکە - کە لە ئەفغانستان پێکدێت - بە تایبەت ئێستا کە زۆربەی سەربازەکانی ناتۆ لە ناوچەکە کشاونەتەوە.

پاکستان "ستراتیژییەکی قووڵی" لەناو وڵاتەکەی خۆیدا لە بەرامبەر هیندوستاندا نییە؛ کێشەکەی نەبوون یاخود کەمبوونی شوێنە، بۆ ئەوەی تێدا هاتوچۆی مانۆڕدانی هەبێ ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتەوە هێرشی بکرێتە سەر. سنووری نێوان پاکستان و هیندوستان لە باشوورەوە بەناو تاڵاوەکاندا و دواتریش بیابانی تار "Thar" و شاخەکان لە باکوورەوە تێدەپەڕێت. هەموو ئەمانە بۆ داگیرکاریی خاکێکی گەلێک سەختن، بەڵام ئەوە دەکرێت و هەردووولاش پلانی

شەڕیان هەیە بۆ ئەوەی چلۆن لەوێ شەڕ بکەن. پلانی سوپای هیندوستان بریتییە لە گەمارۆدانی بەندەری کەراچی و شوێنی پاشەکراوە نەوتییەکانی لە وشکانی و دەریاوە، بەڵام ڕێگایەکی ئاسانتر بۆ داگیرکردنی وشکانی لە نێوان باکوور و باشووردا هەیە - لە ناوەڕاستدا، لە پەنجاب کە گەلێک سەرنجڕاکێشترە، و ئیسلام ئابادی پێتەختی پاکستانی لێیە.

ئیسلام ئاباد کەمتر لە ٤٠٠ کیلۆمتر لە سنووری هیندوستانەوە دوورە و زەوییەکی تەواو تەختی هەیە. لە ئەگەری هێرشێکی گەورە و سەرسەختی ئاساییدا، سوپای هیندوستان لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا دەگاتە پێتەختەکەی. ئەوەی کە خواستی خۆی بۆ ئەو کارە دەرنابڕێت، کەمتر جێی سەرنجە: لە ڕوانگەی پاکستانەوە دەتوانێت ئەوە بکات و دۆخی جوگرافیشی بۆ ئەو کارە گونجاوە، هەروەها پاکستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکە پێویستی بە پلانی A و پلانی B دەبێت.

پلانی A بریتییە لە وەستاندنی پێشڕەویی هیندوستان بۆ ناو پەنجاب و ئەگەر بتوانرێت هێرشی پێچەوانە لە سنوورەکانەوە دەستپێبکات و ڕێگای "A١"ی هیندوستان بگرێت کە هێڵێکی دابینکردنی گرنگە بۆ سوپای هیندوستان. سوپای هیندوستان هێزی زیاتر لە ملیۆنێک سەربازی هەیە، کە زیاتر لە دوو هێندەی سوپای پاکستانە، بەڵام لە

ئەگەری نەگەیشتنی پێداویستی نیزامی، ناتوانێت شەڕەکە درێژە پێبدات. پلانی B بریتییە لە پاشەکشەکردن لە پشت سنووری ئەفغانستانەوە ئەگەر پێویست بوو - ئەوەش ئەوەیە کە حکومەتێکی هاوسۆز لە کابول داواکاریەتی. بەم شێوەیە ئەمە هێزی جوگرافیایە دیاریی دەکات کە پاکستان پێویستیی بە ئەفغانستان دەبێت، ئەوکارەی هیندوستانیش بە هەمان شێوە دەیکات.

بۆ پووچەڵکردنەوەی پلانی دوژمن، هەر لایەنێک بە پێی خواستی خۆی لە ئەفغانستان هەوڵ دەدات حکومەتێک دروست بکات – بە واتایەکیتر هەر لایەنێک دەیەوێت کابول دوژمنی دوژمنەکەی بێت.

کاتێک سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٧٩ ئەفغانستانی داگیرکرد، هیندوستان پاڵپشتی دیپلۆماتیکی مۆسکۆی کرد، لە کاتێکدا پاکستان خەریکی یارمەتیوەرگرتنی ئەمریکیی و سعودییەکان بۆ چەکدارکردن و ڕاهێنان و پارەدان بە ئیسلامیستەکان بوون بۆ ئەوەی دژی سوپای سۆڤیەت بەرگری لە خۆیان بکەن. دوای ئەوەی ڕووسەکان شکستیان هێنا، دەزگای هەواڵگری نهێنی پاکستانی "ISI" یارمەتی پێکهێنان و دواتر پشتگیریکردنی تاڵیبانی ئەفغانستانیان دا، کە دەستیان بەسەر وڵاتەکەدا گرت.

پاکستان "تامەزرۆیی"یەکی سروشتی بۆ تاڵیبانی ئەفغانستان هەیە. زۆربەیان پشتوون، هەمان نەتەوەی زۆرینەی پاکستانییەکانی پارێزگای سنووری باکووری ڕۆژئاوا (ئێستا بە "Khyber Pakhtunkhwa" ناسراوە). هەرگیز خۆیان بە دوو گەل نەزانیوە و سنووری نێوانیان بە داهێنانێکی چێکراوی ڕۆژئاوا دەزانن کە لە ڕوانگەیەکی دیاریکراووە گەلێک ڕاستە.

سنووری ئەفغانستان و پاکستان بە هێڵی دوراند "Durand" ناسراوە. "Sir Mortimer Durand"، وەزیری دەرەوەی حکومەتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا لە هیندوستان، لە ساڵی ١٨٩٣دا هێڵی سنوورەکەی دیاری کرد و فەرمانڕەوای ئەوکاتەی ئەفغانستان پەسەندی کردووە. بەڵام لە ساڵی ١٩٤٩ حکومەتی ئەفغانستان ڕێکەوتنەکەی "هەڵوەشاندەوە" ئەم کارەی بە شوێنەوارێکی دەستکردی سەردەمی کۆلۆنیالیزم دانا. لەو کاتەوە پاکستان هەوڵی ڕازیکردنی ئەفغانستان دەدات بۆ گۆڕینی بیروڕای خۆی، بەڵام ئەفغانستان ڕەتیدەکاتەوە و پشتووەکانی هەردوو دیوی چیاکان هەوڵدەدەن لەو کارە هەر وەک چەندین سەدەی پێشووش بەردەوام بن: "پشتگوێخستنی سنوور و پاراستنی پەیوەندییە دێرینەکانیان."

له ناوەندی ئەم خاکەدا کە هەندێک جار بە پشتووستان ناودەبرێت، شاری پێشەوار "Peschawar" هەڵکەوتووە، کە چەشنێکە لە کۆمەڵگەی سەربازی-پیشەسازیی شارستانی ئاڵۆزی تاڵیبان. کڵاشینکۆفی ئۆتۆماتیکی و تێکنۆلۆژیای دروستکردنی بۆمب و شەڕکەری لێ بەرهەم دێت و پشتیوانی کەرتەکانی حکومەتیش دەڕژێتە ناوەوەی.

هەروەها بنکەیەکە بۆ نوێنەرانی ڕێکخراوەی نهێنی "ISI" سەر ڕێگای ئەفغانستان کە بە پارە و ڕێنمایی یارمەتی گروپە شێوە نیزامییەکانی تاڵیبان لەودیوی سنوور دەکەن. پاکستان دەیان ساڵە لە ڕووی سەربازییەوە لە ئەفغانستان دەستی هەیە، بەڵام لەوەش تێپەڕیوە و ئەو پڵینگەی سواری بووە، گازی خۆی دەمێکە گرتووە.

گرووپی تاڵیبان کە لەلایەن پاکستانەوە خولقێنراوە، چەند ساڵێک بوو چەکدارانی بیانی ئەلقاعیدەی پەنا داوبوو، پێش ئەوەی ئەلقاعیدە لە ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١ هێرش بکاتە سەر ئەمریکا، لە ئۆپەراسیۆنێکدا لە ئەفغانستان پلانی ئەو هێرشە داڕێژرابوو. لە بەرامبەردا سوپای ئەمریکا تاڵیبان و ئەلقاعیدەی لە وڵات دەرکرد. هێزەکانی دژە تاڵیبانی هاوپەیمانی باکووری ئەفغانستان پێشڕەوییان کرد بۆ باشوور بۆ ئەوەی دەست بەسەر وڵاتەکەدا بگرن و هێزی نیزامی ناتۆشی بەدوای خۆیدا هێنا.

لەودیوی سنوورەوە، دوای ١١ی ئەیلول، ئەمریکییەکان هێرشێکی دیپلۆماسییان لە دژی پاکستانییەکان دەستپێکرد و داوای بەشداریکردنیان لە "شەڕی تیرۆر" و کۆتاییهێنان بە پشتیوانیکردنیان لە تیرۆریستان کرد. کۆڵین پاول " Colin Powell" وەزیری دەرەوەی ئەوکاتە پەیوەندیی بە سەرۆک موشەڕەفەوە کرد کە لە کۆبوونەوەیەکدا بەشدار بوو، بەڵام ناچار بە هاتنەدەر لە کۆبوونەوەکە کراوە و پێی وتووە: "ئێوە یان لەگەڵمانن یان دژی ئێمەن".




گرووپە نەتەوەییە سەرەکییەکانی ناوچەی ئەفغانستان-پاکستان لەناو ئەو سنوورانەی کە لە ساڵی ١٨٩٣هێڵی "دوراند"یان دامەزراندبوو، نەدەگونجان، زۆربەیان پەیوەندییان لەگەڵ هۆزەکانیان لە دەرەوەی سنوورەکان هەبوو نەک لەگەڵ دەوڵەت.

ئەم کارە هەرگیز لەلایەن ئەمریکییەکانەوە پشتڕاست نەکرایەوە، بەڵام بەپێی گێڕانەوەی نووسراویی موشەڕەف، ئەم گفتوگۆیە دوای پەیوەندیی تەلەفۆنی جێگری پاول، ڕیچارد ئارمیتاج "Richard Armitage"، لەگەڵ سەرۆکی ڕێکخراوی "ISI" بووە، کە پێیان وتبوو "ئەگەر ئێمە بەرەی تیرۆریستان هەڵبژێرین، دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین کە بۆ سەردەمی بەردین بگەڕێینەوە". پاکستان هاوکاریی کرد و گوایە کێشەکە داخرا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاریی تەواویان نەکرد و کێشەکەش کۆتایی پێ نەهات.

ئیسلام ئاباد ناچار بوو مامەڵە بکات و کردی. بەڵام هەموو لایەنەکان لە سیستەمی پاکستانیدا لەناو گۆڕەپانەکەدا نەبوون. حکومەت چەندین گروپی چەکداری قەدەغەکرد و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەو گروپە ئایینیانەی دا کە بە زێدەڕۆ دادەنران.

ساڵی ٢٠٠٤ وڵاتەکە ڕێوشوێنی سەربازیی لە دژی گروپەکانی پارێزگای سنووری باکووری ڕۆژئاوا گرتەبەر و بە بێدەنگی ڕەزامەندیی بۆ هێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئەمریکا بۆ سەر خاکەکەی دەربڕی ، لەگەڵ ئەوەی هاوکات بە ئاشکرا ئەو کارەی ئەمریکایان مەحکووم دەکرد.[ئەو هەڵسوکەوت و هەڵوێستانە وەبیر خامنەیی و کاربەدەستانی ئێرانم دەهێنێتەوە کە بەردەوام لە پشت پەردە کەین و بەینیان لەگەڵ ئەمریکا و

وڵاتە ڕۆژئاواییەکان هەیە و لەبەر چاوی خەڵکیش جوێنیان پێ دەدەن و "مرگ بر ئامریکا" دەڵێن. شوانە]

ئەمانە بڕیارێکی گەلێک سەخت بوون. سوپای پاکستان و ڕێکخراوەی نهێنی"ISI" ناچار بوون دژی هەمان ئەو سەرکردانەی تاڵیبان ببنەوە کە لە ساڵانی نەوەدەکاندا ڕاهێنانیان پێکردبوون و هاوڕێیەتییان کردبوون. گرووپەکانی تاڵیبان کاردانەوەی تووڕەییان نیشان دا و ناوچە جۆراوجۆرە خێڵەکییەکانیان خستە ژێر کۆنترۆڵی تەواوەتی خۆیانەوە. موشەڕەف کرایە ئامانجی سێ هەوڵی تیرۆری هەرەسهێنراو، بێنەزیر بۆتۆ "Benazir Bhutto" جێنشینی ئەگەریی و داهاتووی کوژرا و زیاتر لە ٥٠ هەزار هاوڵاتی مەدەنی پاکستانی لە ئاژاوەی تەقینەوەکان و هێرشە سەربازییەکاندا گیانیان لەدەستدا.

ئۆپەراسیۆنی ئەمریکا و ناتۆ لە ئەفغانستان و چالاکییەکانی پاکستان لە دەرەوەی سنوورەکانی، چەکدارانی عەرەب و چیچانی و چەکدارانی دیکەی ئەلقاعیدەی بیانی بەسەر هەموو گۆشەکانی جیهاندا بڵاوکردەوە، ئەو شوێنانەی زۆربەی سەرکردەکانیان دوزرانەوە و کوژران. بەڵام تاڵیبان هیچ شوێنێکی دیکەیان نەبوو بۆ ئەوەی لێی بمێننەوە - ئەوان ئەفغانی و پاکستانی بوون - و وەک ئەوەی بۆ داگیرکەرانی نوێ و پێشکەوتووی تێکنۆلۆژیای ئەمریکا و

ئورووپایان ڕوونکردەوە: "ڕەنگە ئێوە کاتژمێرتان هەبێت، بەڵام ئێمە کاتمان هەیە". ئەوان لە بیانییەکان زیاتر خۆڕاگرییان دەکرد، گرنگ نەبوو چییان بەسەردا دەباری، هەندێک لایەن لە پاکستان لەم کارەدا پشتگیریان دەکردن.

لە ماوەی چەند ساڵێکدا دەرکەوت کە تاڵیبان شکستی نەهێناوە، بەڵکوو لەو شوێنەی لێیەوە سەرچاوەیان گرتبوو، یەکیان گرتەوە - واتە نەتەوەی پشتوو. هەروەها لەوێشەوە ئێستا هەرکات و لە هەر شوێنێک حەزیان لێ بێت، سەر هەڵدەدەنەوە.

ئەمریکییەکان ستراتیژی "چەکوش و سندان"یان بەکارهێنا. ئەوان دەیانویست تاڵیبانی ئەفغانستان لە دژی "سندان" سەنگەری ئۆپەراسیۆنەکانی پاکستان لەودیوی سنوورەوە بە چەکوش لێبدەن. بەڵام لە ناوچە خێڵەکییەکاندا، "سندان" بوو بە هەورێکی ئیشک کە هەرچییەک بکەوتایەتە سەری، هەڵیدەمژی، واتە هەر تاڵیبانێکی ئەفغانی کە لە چەکوشی ئەمریکی پاشەکشەی کردبوو، هەڵدەمژرا.

لە ساڵی ٢٠٠٦ ئینگلیزەکان بڕیاری سەقامگیرکردنی پارێزگای هێلمەند "Helmand"یان لە باشوور دا، ئەو شوێنەی دەسەڵاتی حکومەتی ئەفغانستان لە دەرەوەی

پێتەختی پارێزگاکە کە لەشکرگا"Laschkar Gah"بوو تێپەڕ دەبوو. ئەمە ناوەندی دڵی پشتووەکانی ئەفغانستان بوو. ئینگلیزەکان بە نیازێکی باشەوە ناوچەکەیان بەجێهێشت، وادیارە لە وانەی مێژوویدا باشیان سەرنجداوە، بەڵام وا دیارە لەناکاو هەموو شتێکیان لەبیرچۆتەوە - بۆچی ئەو کێشەیە وەک پەرجۆیەک ماوەتەوە. جۆن ڕید " John Reid" وەزیری بەرگری بەریتانیا بە هەڵە قسەی لەسەر دەکرێت و بە نادادپەروەرانە تۆمەتبار دەکرێت بەوەی هیوای خواستووە لەو هاوینەدا "هیچ تیرێک لە ڕووی تورەییەوە نەهاویشترێت". لەڕاستیدا وتوویە: "ئێمە لە باشوورین بۆ هاوکاریکردن و یارمەتیدان و پاراستنی گەلی ئەفغانستان بۆ ئەوی دۆخی ئابووریی و دیموکراسی خۆیان بنیات بنێنەوە. ئێمە گەلێک ڕازی دەبین ئەگەر دوای سێ ساڵ بتوانین ئێرە بەجێ بێڵین بەبێ ئەوەی گولەیەکمان هاویشتبێت".

لەوانەیە ئەوە هیوایەکی گەورە بووبێت، بەڵام ئایا هەرگیز واقیعی بووە؟ ئەو هاوینە، دوای ئەوەی لە وەزارەتی دەرەوە لە لەندەن لێدوانێکی کورتی پێشکەش کرد، گفتوگۆیەکی کورتم لەگەڵ وەزیری دەرەوە کرد:

"نیگەران مەبە، تیم"Tim". ئێمە بەدوای تاڵیباندا نین، ئێمە لە ئەفغانستانین بۆ پاراستنی خەڵک".

"منیش وەڵامم دایەوە: هیچ نیگەران مەبە جەنابی وەزیری دەرەوە ، تاڵیبان دوای ڕۆیشتنی ئێوە دێنە ئێرە ."

ئەم گفتوگۆیە ئاڵوگۆڕێکی دۆستانە بوو کە پێش کوژرانی زیاتر لە ٤٥٠ سەربازی بەریتانیا ڕوویدا، بەڵام تا ئەمڕۆ نازانم ئایا حکومەتی بەریتانیا هەوڵی ڕازیکردنی خەڵکی دا پێش ئەوەی سەربازەکان جێگیر بکرێن، لەکاتێکدا بە نهێنی پێشبینی شەڕێکی توندی کردبوو، یان بە شێوەیەکی ناباوەر بێهەڵوێستییان سەبارەت بەو شتانەی کە لە داهاتوودا ڕوویان دەدا، لەخۆ نیشان دا.

تاڵیبان سەرەتا ئینگلیزەکان، پاشان ئەمریکییەکان و دواجار ناتۆیان لاواز و ماندوو کرد. ئەوان خۆڕاگرییان کرد - و دوای ١٣ ساڵ، ناتۆش ناچار بە کشانەوە کرا.

بە درێژایی تەواوی ئەم قۆناغە ئەندامانی پلە باڵای دامەزراوەی پاکستان یارییەکی دووانەیان ئەنجامدا. ڕەنگە ئەمریکا ستراتیژی خۆی بەدەست هێنابێ، بەڵام پاکستان ئەو شتەی دەزانی کە تاڵیبانیش دەیزانی: ڕۆژێک ئەمریکییەکان دەڕۆن و کاتێک ئیتر لەوێ نەمابن، سیاسەتی دەرەوەی پاکستان بە دڵنیاییەوە لە ئەفغانستان پێویستی بە حکومەتێکی دۆستانەی لایەنگری پاکستان دەبێت. گرووپ و دەستەکانی ناو سوپا و حکومەتی پاکستان لە

پشتیوانیکردن له تاڵیبان بەردەوام بوون، چونکە لەسەر ئەو بۆچوونە ڕاستە بوون کە دوای کشانەوەی ناتۆ لانیکەم نیوەی باشووری ئەفغانستان دەگەڕێتەوە بۆ هەژموونی تاڵیبان. ئەمەش دڵنیایی داوە کابول لەڕووی ناچارییەوە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئیسلام ئاباد نەپچڕێنێت.

خیانەتی پاکستان کاتێک دەرکەوت کە ئەمریکییەکان دواجار شوێن ئوسامە بن لادن سەرۆکی ئەلقاعیدە کەوتن کە لە شارۆچکەی ئەبۆتاباد "Abbottabad" دوور لە چاوی حکومەت خۆی حەشاردابوو. تا ئەو کاتە متمانەی ئەمریکا بە "هاوپەیمانەکەی" ئەوەندە کەم بووبووەوە کە نەیانتوانی پێشوەختە سەبارەت بەو هێزە تایبەتەی کە بۆ کوشتنی بن لادن ناردبوونی، ئیسلام ئاباد ئاگادار بکەنەوە. ئەمەش پێشێلکردنی سەروەری وڵاتەکە بوو کە هێزی سوپا و حکومەتی پاکستانی زەلیل کرد، هەروەک ئەو ئارگیومێنتە دەڵێ: "ئەگەر نەتزانیبوو ئوسامە لەوێیە، ئەوا گەلێک بێتوانایت؛ ئەگەریش زانیبووت، ئەوا تۆ لەو کارەدا هاوبەشیت."

حکومەتی پاکستان هەمیشە ڕەتیکردبووەوە ئەو یارییە دووانەیەی ئەنجامدابێت کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی ژمارەیەکی زۆر لە ئەفغانی و پاکستانی هەروەها ژمارەیەکی تاڕادەیەک کەمی ئەمریکی. دوای میسیۆنی ئەبۆتاباد

"Abbottabad"، ئیسلام ئاباد بەردەوام ئینکاری ئەو کارەی دەکرد، بەڵام ئێستا خەڵکێکی کەمتر باوەڕیان پێی هەیە. ئەگەر توخمەکانی دامەزراوەی پاکستان ئامادە بوون پشتگیری لەو پیاوەی ئەمریکا وەدوای کەوتبوو بکەن، هەرچەندە ئەو لەو کاتەدا بەهایەکی سنوورداری بۆ ئەوان هەبوو، وا دیارە بۆ کاریگەریدانان لەسەر ڕووداوەکانی ئەفغانستان پشتگیری لەو گروپانەشیان کردبێ کە خزمەتیان بە خواستی ئەوان کردووە. کێشەکە ئەوە بوو ئێستا ئەم گرووپانە لە پاکستان بوونیان هەیە و دەیانوێ لێرە کاریگەرییان لەسەر ڕووداوەکان هەبێت. ئەوی خۆی گازی دەگرت، ئێستا گازیان لیدەگرت.

تاڵیبانی پاکستان پەرەسەندنێکی سروشتی وەشانی ئەفغانییە. هەردووکیان زۆرینەیان پشتوون و هیچ کامیان هەرگیز قبوڵ ناکەن لەلایەن زلهێزێکی غەیرە پشتووەکانەوە حوکمڕانی بکرێن، جا سوپای بەریتانیا بووبێت لە سەدەی نۆزدەهەمدا یان سوپای پاکستانی سەدەی بیست و یەکەم کە پەنجابیەکان بن.

ئەمە هەمیشە لە ئیسلام ئاباد شتێکی ناسراو و سەلمیندراو بوو. حکومەتی پاکستان خۆی وا نیشان دا کە حوکمڕانی تەواوی وڵاتەکەی دەکات و پشتووەکانی پارێزگای سنووری باکووری ڕۆژئاوا خۆیان وا نیشان دەدا کە

دڵسۆزییان بۆ دەوڵەتی پاکستان هەیە. ئەم پەیوەندییە تا ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ بەردەوام بوو.

لەو کاتەوە ژیان بۆ پاکستان بە شێوەیەکی نائاسایی دژوار بۆتەوە. ژمارەی کوژراوانی مەدەنی زۆر بەرزە و وەبەرهێنانی بیانی کەمیکردووە و ژیانی ڕۆژانەی قورستر کردۆتەوە. سوپا کە ناچارە دژی هاوپەیمانێکی دیفاکتۆ شەڕ بکات، تا پێنج هەزار پیاوی لەدەستداوە و شەڕی ناوخۆش هەڕەشە لە یەکێتی لاوازی دەوڵەت دەکات. لە بەهاری ٢٠١٥ەوە دۆخەکە گەلێک دژوارتر بۆتەوە. ناتۆ لە ئەفغانستان کشاوەتەوە، ئەمریکییەکان کۆتاییان بە ئەرکی شەڕکردنیان هێناوە و تەنیا هێزێکی پاشماوەی لەوێ بەجێهێشتووە. بە فەرمی ئەرکی بەڕێوەبردنی هێزێکی تایبەت و مەشقی سوپایی پێسپێردراوە؛ بە شێوەیەکی نافەرمیش ئەرکی ڕێگریکردنە لە کەوتنی کابول بۆ ناو دەستی تاڵیبان.

لەوەتا ناتۆ وازی لە وێرانکارییەکانی تاڵیبان لە دیوی سنوورەکانی ئەفغانستان هێناوە، هێندەی دیکە بۆ پاکستان قورستر بووە کە شەڕی تاڵیبانی ناو وڵاتی خۆی بکات. واشنگتۆن بەردەوامە لە گوشارخستنە سەر ئیسلام ئاباد، ئەمەش چەندین سیناریۆی ئەگەری لێدەکەوێتەوە:

١-سوپای پاکستان هەموو هێزی خۆی لە پارێزگای سنووری باکووری ڕۆژئاوا جێگیر دەکات و دەستی تاڵیبان کورت دەکاتەوە.

٢- هەڵمەتی دژی تاڵیبان، خێرایی بە پارچەپارچەبوونی پاکستان دەدات تا ئەو کاتەی دەوڵەت هەرەس بهێنێت.

٣- ئەمریکییەکان بەرژەوەندیی و تامەزرۆییان لەدەست دەدەن، گوشارەکان لەسەر ئیسلام ئاباد سووک دەبن و حکومەت لەگەڵ تاڵیبان دەسازێت. دۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە و پارێزگای سنووری باکووری ڕۆژئاوا بە تەنیا دەمینێتەوە، بەڵام پاکستان بەردەوام دەبێ لە پاڵنانی بەرنامەی خۆی لە ئەفغانستان.

لەم سیناریۆیانەدا یەکەمیان کەمترین ئەگەری هەیە. هیچ هێزێکی بیانی تا ئێستا شکستی بە هۆزەکانی پارێزگای سنووری باکووری ڕۆژئاوا نەهێناوە و سوپای پاکستانی کە لە پەنجابی و سیندی و بەلوچ و کشمیری (و هەندێک لە پشتوو) پێکهاتووە، هەر کە دەچێتە ناو ناوچە هۆزەکانەوە بە هێزێکی بیانی دادەنرێت...

سیناریۆی دووەم مومکینە، بەڵام دوای ساڵانێک کەڕبوون لە هەنبەر ئەو هەموو بانگەوازانەی بۆ ئاگادارکردنەوە بەڕێوەچوون، کۆمەڵکوژیی تاڵیبان کە لە

ساڵی ٢٠١٤دا لە پێشەوار "Peschawar" بۆ سەر ١٣٢ منداڵی قوتابخانە ئەنجامدرا، وێدەچێت بەڕادەیەک توێژەکانی حکوومەتی پاکستانی وەخەبەر هێناوە کە بزانن ئەو بزووتنەوەیەی خۆیان هاوکارییان کردووە، ئێستا دەتوانێت لەناویان ببات.

ئەمەش وا دەکات سیناریۆی سێیەم زۆرترین ئەگەری هەبێت. بەرژەوەندیی ئەمریکا لە ئەفغانستان سنووردار بووە بە مەرجێک تاڵیبان بە بێدەنگی ڕازی بێت هەرگیز جارێکیتر میوانداری گروپێکی جیهادی نێودەوڵەتی نەکاتەوە. پاکستانییەکان پەیوەندییەکی تەواو لەگەڵ تاڵیبانی ئەفغانستان دەپارێزن بۆ ئەوەی دڵنیابن حکومەتی داهاتووی کابول گوێ لە ئیسلام ئاباد بگرێت و لەگەڵ هیندوستان ڕێک نەکەوێت. هەروەها کاتێک گوشارەکان کەم بوونەوە دەتوانن ڕێککەوتن لەگەڵ تاڵیبانی پاکستانی بکەن.

ئەگەر تاڵیبانی ئەفغانستان کە بەشێکی دروستکراوی ڕێکخراوەی نهێنی پاکستانی "ISI" بوو، ئەوەندە گەمژە نەبووایە میوانداریی عەرەبەکانی ئەلقاعیدەی بن لادن بکات و پاشان لە دوای ١١ی سێپتەمبەرەوە، پێداگریی لەسەر بنەماکانی میوانداریی پشتووەکان نەکردایە، هەروەها کاتێک ئەمریکییەکان لەبەردەم دەرگاکەیان قوت بوونەوە، لە

ڕادەستکردنیان خۆیان کێشابەیەتە دواوە، هیچکام لەم کارانە پێویست نەدەبوو.

لە لایەکتریشەوە هیندوستان توانایی چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکەی هەیە – و لەڕاستیشدا دەبێت ئەوە بکات، چونکە پێویستە زیاتر لە وڵاتی پاکستان خەمخواری زۆر شتیتر بێت، تەنانەت ئەگەر ئەمە پرسێکی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی نیودێهلیش بێت. بوونی دەوڵەتێکی دوژمنکارانەی چەکدار بە هێزی ئەتۆمی ڕاست لە تەنیشت ماڵەکەیەوە دەتوانێت لە ڕووی دەروونییەوە سەرقاڵییەکی تەواو بێت، بەڵام هیندوستان دەبێت هاوکات دانیشتووانی ١،٣ ملیارد کەسی خۆی ڕازی ڕاگرێت و وەک پۆتانسێل بۆ هێزێکی جیهانی تێبکۆشێت.

پەیوەندییەکەی لەگەڵ وڵاتی چین بەسەر سیاسەتی دەرەوەیدا زاڵ دەبوو ئەگەر هیمالایا وەک بەربەستێکی جوگرافیی سروشتی نەبوایە. ئەگەر بەرزترین زنجیرە شاخەکانی جیهان لە نێوانیاندا نەبوایە، ڕەنگە پەیوەندییە گەرمەکەی ئێستا گەلێک ساردوسڕتر بایە. چاوخشاندنێکی خێرا بە نەخشەی جوگرافیان، دوو وڵاتی بەرفراوان لە نزیکەوە دەردەخات، بەڵام ئەگەر لە نزیکەوە بە وردی سەیریان بکەین، دەردەکەوێت دیوارێک، کە بەپێی کتێبی فاکتبووکی جیهانی "World Factbook" سی ئای ئەی،

دیوارێکە بە درێژایی سنووری ٢٦٥٩ کیلۆمتر کە ئەم دوو وڵاتە لێک جیا دەکاتەوە.

دیارە خاڵی مشتومڕ هەیە کە دەبێتە هۆی پێکهێنانی کێشە. سەرەکیترینیان تبتە کە بەرزترین ناوچەی جیهانە. وەک پێشتر ڕوونکرایەوە، چین هەوڵی سەروەریی تبت دەدات، لە لایەکەوە بۆ ئەوەی هیندوستان نەتوانێت هەیبێت، لەولاشەوە- بە هەمان شێوە خراپ لە ڕوانگەی پێکینەوە- ڕێگری لە تبتێکی سەربەخۆ بکات، کە ڕێگە بە هیندوستان دەدات هێزی سەربازی لەوێ جێگیر بکات، و لە ئاکامدا فەرماندەیی ناوچەکەی پێ بسپێرێت.

وەڵامی هیندوستان بۆ لکاندنی تبت لەلایەن چینەوە، پێدانی ماڵێکی نوێیە بە دالای لاما "Dalai Lama" و بزووتنەوەی سەربەخۆیی تبت لە دارامسالا "Dharamsala" لە هیماچال پرادێشە"Himachal Pradesh". ئەمە بیمەیەکی درێژخایەنی سیاسییە، هیندوستان پارە تەرخان دەکات بەبێ ئەوەی چاوەڕێی ئەوە بکات هەرگیز پارەکەی بۆ بگەڕێتەوە.

وەک چلۆن روونە سەربەخۆیی تبت مەحاڵ بێت، بەڵام ئەگەر مەحاڵەکان ببنە مومکین، تەنانەت دوای چەندین دەیە، هیندوستان دەتوانێت حکومەتێکی ئەگەریی تبت بیر

خۆی بێنێتەوە کە هاوڕێکانی لە سالآنی دەربەدەریدا کێ بوون.

چینییەکان وا گریمانە دەکەن سیناریۆیەکی ئەوتۆ گەلێک بەدوور لە لۆژیک بێت، بەڵام هێشتا دارامسالا دەبێتە هۆی تورەبوونیان. وەڵامەکە لە نیپاڵ دەبیسرێت، کە پێکین لە ڕێگەی بزووتنەوەی مائۆییستەکان لەوێ کاریگەری خۆی دەسەپێنێ.

هیندوستان نایەوێت لە کۆتاییدا نیپاڵێک ببینێت کە لەلایەن مائۆییستەکانەوە بەڕێوەدەچێت، بەڵام دەزانێت کە پێکین بە پارە و بازرگانی کاریگەریی لەسەر دادەنێت. ڕەنگە ئەمڕۆ چین گرنگییەکی کەم بە مائۆیزم بدات، بەڵام نیپاڵ ئەوەندە بۆی گرنگە کە بە هیندوستان ڕابگەیێنێت توانایی هەیە بەشداریی لە سیاسەتی بیمەی درێژخایەندا بکات. هەر "دەستێوەردانێک" لە تبت دەتوانرێت بە "دەستوەردان" لە نیپاڵ بەرپەرچ بدرێتەوە. تا هیندوستان زیاتر خەمی دەوڵەتە بچووکەکانی دراوسێکەی بخوات، کەمتر دەتوانێت نیگەرانی چین بێت.

خاڵێکی دیکەی ناکۆکی نێوان ئەو دوو وڵاتە ویلایەتی ئارۆناچال پرادێشە "Arunachal Pradesh" لە باکووری ڕۆژهەڵاتی هیندوستان کە چین ناوی "تبتی باشوور"ی لێ

ناوە. لەگەڵ پەرەسەندنی متمانەبەخۆی چین، ژمارەی ئەو خاکانەی چین ئیدیعای دەکات، بەرز دەبێتەوە. تا ئەم دواییانە چین تەنیا ئیدیعای پارێزگەی تاوانگ"Tawang"ی ڕۆژئاوای دووری ویلایەتەکەی دەکرد. بەڵام لە سەرەتای سالآنی ٢٠٠٠دا، پێکین هەموو ناوچەی ئارونا‌چال پرادێشی بە چینی ڕاگەیاند، ئەمەش پێشهاتێکی نوێ بوو بۆ هیندوستان کە لە ساڵی ١٩٥٥ەوە دەستی بەسەر سەروەری ئەو ناوچەیەدا گرتووە. داواکاریی چینی بەشێکی جوگرافی و بەشێکی دەروونییە. ئاروناچال پرادێش هاوسنوورە لەگەڵ چین و بۆتان و میانمار، ئەمەش وایکردووە لەڕووی ستراتیژییەوە گەلێک بەنرخ بێت، بەڵام ئەو دەرفەتە بۆ چین بۆیە بەسوودە بۆ ئەوەی بیربخاتەوە کە تەنیا سەربەخۆیی شوێنێک(تبت)، نابێتە بژاردە بۆ دەست لێنەدانی.

هەروەها هیندوستان دەبێت جار جارە ئەم پەیامە بۆ هەندێک لە ناوچەکانی خۆی وەرگرێت. بزووتنەوەی جوداخوازیی بێژومار هەن، هەندێکیان لەویتر چالاکترن، هەندێکیان خەوتوون، بەڵام پێناچێت بەم زووانە هیچیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ئامادەبن. بۆ نموونە بزووتنەوەی سیکەکان کە دەیانەوێت لە بەشێک لە پەنجابی هیندوستان و پاکستانەوە دەوڵەتی سیک دروست

بکەن، لە ئێستادا بێدەنگە، بەڵام دەتوانێت جارێکی دیکە هەڵگیرسێتەوە. لە ویلایەتی ئاسام "Assam" چەندین بزووتنەوەی کێبڕکێکار هەن، لەوانە هۆزەکانی بۆدۆ "Bodo" زمان کە داوای دەوڵەتێکی جیاواز دەکەن، هەروەها پڵنگەکانی ئازادی یەکگرتووی موسڵمان " United Liberation Tigers of Assam" لە ئاسام کە داواکاری پێکهێنانی وڵاتێکی جیاواز بۆ موسڵمانان لە چوارچێوەی ئاسامدان.

تەنانەت بزووتنەوەیەک هەیە بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی مەسیحی لە ناگالاند "Nagaland" کە لەسەدا ٧٥ی دانیشتووانەکەی باپتیستین"Baptisten". لە هەر حاڵدا ئاسۆی گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی ناگالاند بەقەرا ئەو خاکەی دووره کە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دەدات. هەروەها ئەگەر زێدەڕۆییمان نەکردبێت ئەمە بۆ هەموو بزووتنەوە جوداخوازەکان ڕاستە.

جیا لەمانە و گروپەکانی دیکە کە داوای سەربەخۆیی دەکەن، سەرەڕای ٢١ ملیۆن سیک و کەمینەیەکی موسڵمان کە ڕەنگە ١٧٠ ملیۆن کەس بن، هیندوستان هەستی بەهێزی ناسنامەی و هۆشیاریی یەکێتی هەمەچەشنیی خۆی پاراستووە. ئەمەش بە دڵنیاییەوە سوودی دەبێت، چونکە بەردەوام هەوڵی خۆی بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگ لەسەر شانۆی جیهانی دەدات.

جیهان لە سەرهەڵدانی سەرسوڕهێنەری چین و گەیشتن بە دەسەڵاتی جیهانی ئەوەندە سەرسام بووە کە زۆرجار چاوپۆشی لە دراوسێکەی دەکات. بەڵام هیندوستان دەتوانێت پێش کۆتایی ئەم سەدەیە وەک هێزی ئابووری ناوچەکە ڕکابەری چین بکات. حەوتەم وڵاتی گەورەی جیهانە و ژمارەی دانیشتوانی پلەی دووەمی جیهانی هەیە. سنووری هاوبەشی لەگەڵ شەش وڵاتدا هەیە (ئەگەر ئەفغانستانیش بگرێتەوە دەبێتە حەوت وڵات). هەروەها هیندوستان خاوەنی ١٥ هەزار کیلۆمتر ڕێڕەوی ئاوی کەشتیوانییە لە ناوەوەی وڵاتەکەیدا، دابینکردنی ئاوی پارێزراو و زەوییەکی بەرفراوانی کشتوکاڵی و سەرچاوەی بەرچاوی خەڵوز و ژمارێکی بەسوود لە نەوت و گازی هەیە، هەرچەندە بەهۆی حەشیمەتی زۆرییەوە، دەبێت بەردەوام هەر سێ بەرهەمەکان هاوردە بکرێن و تێچووی سووتەمەنی و گەرمکەرەوە بارگرانییەکی قورسە لەسەر بودجەی وڵاتەکەی.

سەرەڕای سەرچاوە سروشتییەکانی، گەشەکردنی هیندوستان ناتوانێت هاوتای چین بێت و لەگەڵ ئەوەی ئێستا چین لە هەموو جیهانیش چالاکە، ئەو دووانە دەتوانن پێکدابدرێن - نەک لە سنووری وشکانی، بەڵکوو لە دەریاشدا. بۆ ماوەی هەزاران ساڵ ئەو ناوچانەی ئێستا

وەک چین و هیندوستان ناو نراون بە هۆی ناوچەکانیانەوە توانیویانە یەکتر پشتگوێ بخەن. دیارە لەو سەردەمانەدا خۆ بڵاوکردنەوە بەسەر هیمالایادا بۆ ناو خاکی ئەوی دیکە مەحاڵ بوو. جگە لەوەش هەرکامیان زیاتر لە پێویست زەوی کشتوکاڵییان هەبوو. بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی بەرزبوونەوەی تێکنۆلۆژیاوە، هەردووکیان پێویستیان بە ژمارێکی زۆری وزە هەیە و جوگرافیاش بەم سەرچاوانەی بەختەوەر نەکردوون. بۆیە هەردوو دەوڵەت ناچار بوون ئاسۆی خۆیان فراوانتر بکەن و خۆیان لە ڕێگای دەریا بۆ دەرەوە ڕاکێشن و هەر لەوێشدا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە.

بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر هیندوستان سیاسەتی "چاوەدێریی ڕۆژهەڵات"ی گرتەبەر، دیارە بەشێکی بۆ ڕێگریکردن لە بەرزبوونەوەی نزیکبوونەوەی بێ ئەملاوئەولای چین بوو. وڵاتەکە"ئاگاداری بازرگانی بوو"، بازرگانی لەگەڵ چین (بە شێوەیەکی سەرەکی هاوردەکردن) کە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەرزی کردەوە و هاوکاتیش پەیوەندیی ستراتیژی لەو شوێنەدا دروستکرد کە چین بە حەوشەی پێشەوەی خۆی دادەنا. هیندوستان پەیوەندییەکانی لەگەڵ میانمار، فیلیپین و تایلەند بەهێزتر کردووە و لەوەش گرنگتر لەگەڵ ڤێتنام و ژاپۆن هاوکاریی

دەکات بۆ بەرپەرچدانەوەی پەرەسەندنی باڵادەستی چین لە دەریای باشووری چین.

هاوپەیمانێکی نوێشی هەیە، هەرچەندە هاوپەیمانێک لە رێگای دوورەوە: "ئەمریکا". بۆ دەیان ساڵ هیندوستان ترسی ئەوەی هەبوو ئەمریکییەکان وەک بەریتانییایەکی نوێ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا نەکەن، تەنیا بە زاراوەیەکی جیاواز و پارەی زیاترەوە. لە سەدەی بیست و یەکەمدا هیندوستانێکی متمانەبەخۆتر، لە جیهانێکی فرە جەمسەریدا کە تادێت فرە جەمسەرتریش دەبێتەوە، هۆکاری خۆی هەیە بۆ هاوکاریی لەگەڵ ئەمریکا. کاتێک سەرۆک ئۆباما لە ساڵی ٢٠١٥ بەشداریی نمایشی سەربازی ڕۆژی کۆماری هیندوستانی کرد، نیودێهلی بە نمایشدانی فڕۆکەی "C-١٣٠" هێرکۆلیس "Hercules" و "C-١٧" گڵۆبماستەر "Globemaster" کە لەم دواییانە لە ئەمریکای کریبوو، هەروەها تانکەکانی ڕووسی، خۆی نیشان دا. دوو وڵاتی دیموکراسی مەزن وردە وردە لە یەکتر نزیک دەبنەوە.

هیندستان هێزی دەریایی گەورە و ئامێری باش و مۆدێرن و هاوچەرخی هەیە، لەنێویاندا کەشتییەکی فڕۆکە هەڵگر، بەڵام ناتوانێت ڕکابەری ئەو هێزە دەرياییە گەورەیە بکات کە چین پلانی بۆ داناوە. بەڵکوو هیندوستان خەریکە پەیوەندیی بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەوە دەکات بۆ

ئەوەی پێکەوە کاتێک بە تەنگەی مەلاکا و کەنداوی بەنگال و بە دەوری نوکی هیندوستاندا دەڕواننە دەریای عەرەبی و بەرەو بنکەکانی تێدەپەڕن، باوەکوو بەسەریشیدا زاڵ نەبن، بتوانن لانیکەم سێبەر بخەنە سەر هێزی دەریایی چین - ئەو بەندەرەی چین لە گوادار لە پاکستان دروستی کردووە. هیندوستان بەردەوام هەڵسوکەوتی پاکستان دەکات – و پاکستانیش بە شێوەی خۆی ئەو کارە دەکات.

## بەشی هەشت

### کورەیا و ژاپۆن

من... ویستم کەمێک قسەی جەفەنگ لەسەر کیم جۆنگ ئیل "Kim Jong-il" بەم شێوەیە: "ئۆ،سەرکردەی ئازیز" دەست پێ بکەم، بەڵام پێش ئەوەی دەست پێبکەم، لەسەر لێوەکانم سەکتەی کرد".

کریستوفر هیچنز"Christopher Hitchens"، خۆشەویستی، هەژاریی و شەڕ: "گەشت و وتار".



چلۆن مرۆڤ کێشەیەکی وەک ڕژیمی کۆریا چارەسەر دەکات؟ مرۆڤ چارەسەری ناکات، تەنیا خۆڕاگریی لەهەنبەردا دەکات - زۆر شتی دیکە لە جیهاندا هەن کە لەم دنیایەدا ڕوودەدەن و پێویستە دەستبەجێ چارەسەر بکرێن.

تەواوی ناوچەکە لە مالیزیاوە تا بەندەری ڤلادیڤۆستۆکی ڕووسیا بە چاوێکی ڕەخنەگرانە سەیری پرسی کۆریای باکوور/کۆریای باشوور دەکەن. هەموو دراوسێکان دەزانن بۆشکەیەکی پڕ لە باڕووتە و توانایی ئەوەی هەیە لە هەر ساتێکدا لەبەردەم چاویاندا بتەقێتەوە و کێشە بۆ وڵاتانی دیکە بخوڵقێنێت و دۆخی ئابوورییان لەناو ببات. چینییەکان نایانەوێت شەڕ بۆ بەرژەوەندییەکانی کۆریای باکوور بکەن، هەروەها تامەزرۆییشیان نییە کۆریایەکی یەکگرتوو و بنکەی ئەمریکیی لە نزیک سنوورەکانیانەوە ببینن. دیارە مەرج نییە ئەمریکییەکان بیانەوێت شەڕ لە بەرژەوەندیی کۆریای باشوور بکەن، بەڵام ناشیانەوێت وەک وڵاتێک سەیر بکرێن کە دۆستە سیاسییەکەی بە تەنیا هێشتبێتەوە. ژاپۆنییەکان کە مێژوویەکی دوور و درێژیان لە نیمچە دوورگەی کۆریادا هەیە، دەبێت بە وریاییەوە هەڵسوکەوت بکەن، چونکە دەزانن هەر

کارەساتێک کە ڕوویدات، دەتوانێ داوێنی ئەوانیش بگرێتەوە.

چارەسەرەکە بە ئەگەری زۆر سازش و پێکهاتنێک دەبێت، ڕەنگە ئارەزووی سنووردارێی کۆریای باشوور ئەوە بێت، بەڵام سەرکردایەتی کۆریای باکوور بە هیچ شێوەیەک ئەو خواستەی نییە. داهاتوو بە هیچ شێوازێک ڕوون نییە؛ وا دیارە بەردەوام ئاسۆیان لێڵ و نادیارتر دەبێتەوە.

ساڵانێکە ئەمریکا و کوبا بە بێدەنگی دوور لە یەکتر وەستاون و ئاماژە بە ڕێبازێکی هاوبەش دەکەن، ئەمەش بووەتە هۆی پێشکەوتنێک و دەستپێکردنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لە ساڵی ٢٠١٥بەولاوە. لە لایەکی دیکەوە وێدەچێت کۆریای باکوور بە تووڕەییەوە چاوی لە هەر ئاماژەیەکی لەو چەشنە بێ و زۆرجار ڕوخساری خۆی تێکدەدا و بە لیچی بەربووەوە سەیری ڕووداوەکان دەکات.

کۆریای باکوور وڵاتێکی هەژارە و بە نزیکەی ٢٥ ملیۆن کەس دەخەملێندرێت کە لەلایەن ڕژێمێکی بێهیواوە بەڕێوەدەچێت – لە لایەن دەسەڵاتێکی پاشایەتی کۆمۆنیستی گەندەڵ و وەرشکەستەوە. لەلایەن چینەوە پشتگیری دەکرێت، ڕەنگە زیاتر لە ترسی ملیۆنان پەنابەر بێت کە دەکرێ بەسەر ڕووباری یالو "Yalu"دا بەرەو باکوور

برژێنە وڵاتەکەوە. ئەمریکاش لە بەرامبەردا ترسی ئەوەی هەیە بە کشانەوەی سەربازیی سیگناڵێکی هەڵە بنێرێت و یاریی سیاسی کۆریای باکوور بەهێزتر بکات، هەر بۆیەش بەردەوامە لە جێگیرکردنی نزیکەی ٣٠ هەزار سەرباز لە کۆریای باشوور. کۆریای باشوور لە ترسی ئەوەی نەکا خۆشگوزەرانییەکەی بخرێتە مەترسییەوە هەر وەک پێشووش تامەزرۆیی کەمی بۆ پێشخستنی یەکگرتنەوە هەیە.

هەموو ئەکتەرەکانی بەشدار لەم درامایەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەزانن ڕیسکی مەترسی خراپترکردنی دۆخەکە هەیە ئەگەر لە کاتێکی نەخوازراودا هەوڵ بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان بدەن. ترس نەک هەر لەبەر ئەوەی ئیتر دوو پێتەخت دووکەڵی دوو وڵاتی کاولکراوی لێ هەڵدەستێت، بەڵکوو وەرێخستنی شەڕێکی ناوخۆ، کارەساتێکی مرۆیی، ڕاکێت کە لە تۆکیۆ و دەوروبەری دەدرێ، هەروەها شەڕێ داگیرکاریی دیکەی چین و ئەمریکا لە نیمچە دوورگەیەکی دابەشکراو کە لایەنێکیان خاوەنی چەکی ئەتۆمییە، بە هیچ شێوەیەک زێدەڕۆیی نییە.

ئەگەر کۆریای باکوور لە ناوخۆوە برژێت، ئەوا دەتوانێت بتەقێتەوە و ناسەقامگیری لە شێوەی شەڕ بۆ سەر سنوورەکانی دروست بکات، شەپۆلیکی تیرۆر یان لافاوێکی

پەنابەران وەڕێخات. بۆیە ئەکتەرەکان گیریان خواردووە. چارەسەرەکە بەردەوام دەکەوێتە سەر شانی نەوەی داهاتووی سەرکردەکان - یان تەنانەت ئەوانەی دوای ئەوان دێن.

تەنانەت ئەگەر سەرکردەکانی جیهان بە ئاشکرا باسی ئامادەکاریی بۆ ئەو ڕۆژە بکەن کە کۆریای باکوور بڕووخێت، مەترسی ڕیسککردن لە هاتنی ئەو ڕۆژەیان لەسەرە. بەو هۆیەی کەس پلانێکی ڕوونی بۆ ئەو ڕۆژە نییە، باشتر وایە بێدەنگ بن. ئەوە پەرجۆیەکی بە بێ ڕێگاچارەیە.

کۆریای باکوور بەردەوام بە سەرکەوتووییەوە ڕۆڵی کەسێکی لاواز، زۆرجاریش بەهێز و سەرشێتانە دەگێڕێت. سیاسەتی دەرەوەی لە بنەڕەتدا پێکهاتووە لە گومانکردن لە هەموو وڵاتان جگە لە چینییەکان. هەروەها تەنانەت پەکینیش بە تەواوی جێی متمانەی ئەوان نییە، هەرچەندە لەسەدا ٨٤،١٢ی هاوردەکردنی کۆریای باکوور دابین دەکات و لەسەدا ٨٤،٤٨ی هەناردەکردنی دەکڕێت (بەپێی ئامارەکانی "Observatory of Economic Complexity" ٢٠١٤). کۆریای باکوور هەموو هەوڵێکی خۆی بەکاردێنێت بۆ ئەوەی هەموو وڵاتانی دەرەکی بە چینییەکانیشەوە بەرامبەر یەکتر یاریان پێ بکات بۆ ئەوەی ڕێگری لە بەرەیەکی یەکگرتوو لە دژی خۆی بکات.

بە دانیشتوانی بەندکراوی ناو وڵاتەکەی ڕایدەگەیێنێت دەوڵەتێکی بەهێز، بەخشندە و شایستەیە و بەرەنگاری هەموو ناخۆشی و وڵاتە بیانییە شەڕخوازەکان دەبێتەوە و خۆی بە کۆماری گەلی دیموکراتی کۆریا (DPRK) ناودەبات. ئەم وڵاتە خاوەنی فەلسەفەی سیاسی ناوازەیە کە بە "Juche" ناسراوە، و ناسیۆنالیزمی زێدەڕۆ لەگەڵ کۆمۆنیزم و پشتبەستن بە هەستی نەتەوەیی تێکەڵ بە یەک کردووە.

لە ڕاستیدا دەوڵەتێکی گەلێک نادیموکراسییە لە جیهاندا: نە خزمەتی خەڵک دەکات و نە کۆمارەکەی. خانەدانێکە کە لە یەک بنەماڵە و یەک حیزب پێکهاتووە. لەسەر تایبەتمەندیی دیکتاتۆرییەتی، هەموو ئەو بژاردانە دەگرێتەوە: دەستگیرکردنی ڕەمکی، ئەشکەنجەدان، دادگاییکردنی نمایشی، کەمپی کاری بەزۆریی، سانسۆر، حاکمییەتی ترس و گەندەڵی و لیستەیەکی ترسهێنەر کە قەبارەکەی لە سەدەی بیست و یەکەمدا بێ وێنەیە. وێنەی ماهوارەکان و گێڕانەوەی شایەتحاڵ ئەوە دەردەخەن کە لانیکەم ١٥٠ هەزار زیندانی سیاسی لە ئۆردوگای گەورەی "پەروەردەکردنەوەی نوێ" و کاری بەزۆرەملیدا ڕاگیراون. کۆریای باکوور پەڵەیەکی ڕەشە لەسەر ویژدانی جیهان، بەڵام کەمتر کەس ئاگاداری بەتەواویی ئەو ڕووداوە ترسهێنەرانەی لەوێ ڕوودەدەن، هەن.

گۆشەگیریی خۆسەپێنراوی وڵات و سانسۆری دەوڵەتی هەموو شتێک لەخۆ دەگرێت، ئەوەندە کاریگەرە کە تەنیا دەتوانین پێشبینی بکەین خەڵکی بیر لە چی دەکەنەوە سەبارەت بە وڵات، سیستەم، سەرکردەکانیان و ئایا بە دڵەوە پشتگیری لە ڕژێم دەکەن یان نا.

ئەو هەوڵانەی بۆ شیکردنەوە لە ڕووی سیاسییەوە ڕوودەدن وەک ئەوە وایە هەوڵبدەیت لە ناو شووشەیەکی بە ڕەنگی شیرەوە سەیر بکەیت هاوکاتیش چاویلکەی خۆرت لەسەر چاوەکانت دانابێت. جارێک باڵیۆزێکی پێشووی پیۆنگیانگ "Pjöngjang" پێی وتم "وەک ئەوە وایە لە دەرەوەی پەنجەرەیەکەوە وەستابیت و هەوڵبدەیت ناوەوە ببینیت، بەڵام هیچ شتێک بۆ سەیرکردن نەبێ".

ئەفسانەی دامەزرێنەری کۆریا باس لەوە دەکات کە بەپێی پلانێکی خودایی لە ساڵی ٢٣٣٣ پێش زایین خوڵقێندراوە. پەروەردگاری ئاسمان کوڕەکەی هوانونگی "Hwanung" نارد بۆ سەر زەوی، لەسەر چیای پاکتو "Paektu"دایبەزاند و ژنێکی هێنا کە پێشتر ورچ بووە و کوڕەکەیان دانگون "Dangun" چووەتە هەندەران بۆ جێبەجێکردنی ئەم نموونە سەرەتاییەی بنیاتنانی نەتەوەییە.

کۆنترین وەشانی نووسراوەیی ئەم ئەفسانەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٣ی زایینی. ڕەنگە لە هەندێک ڕووەوە ئەوە ڕوون بکاتەوە کە بۆچی دەوڵەتی کۆمۆنیستی سەرکردایەتییەکی هەیە کە لەناو خێزانێکدا ماوەتەوە و پێگەی خودایی پێدراوە. بۆ نموونە، کیم جۆنگ ئیل " Kim Jong-il" لەلایەن ئامێری پڕوپاگەندەی پیۆنگیانگەوە وەک "سەرکردەی ئازیز، کە وێناکردنی سەرکردەیەکی ڕاستەقینە و تەواوە، ئەو تایبەتمەندییەی سەرکردەیەکی خودا پێدراو دەبێت هەیێ" نێویان لێ ناوە: "هیدایەتکەری تیشکی خۆر"، "ئەستێرەی گەشاوەی چیای پاکتو"، "سەرکردەی جیهانی سەدەی بیست و یەکەم"، "پیاوی شکۆمەندی دابەزیو لە ئاسمانەوە" و "زاهیدی ئەبەدی خۆشەویستی پڕ لە سۆز". باوکیشی نازناوی زۆر هاوشێوەی هەبووە و دیارە بۆ کوڕەکەیشی هەمان شتی بە میرات بەجێهێشتووە.

خەڵکێکی ئاسایی لە وڵاتیکی ئەوتۆدا چلۆن لەسەر ئەو پەیوەندییە بیر دەکاتەوە؟ تەنانەت شارەزاکانیش تەنیا دەتوانن پێشبینی بکەن. ئەگەر سەیری گرتە ڤیدیۆییەکانی مێژووی جەماوەریی کۆریای باکووری خەمگین دوای مردنی کیم جۆنگ ئیل لە ساڵی ٢٠١١ بکەیت، دەبینیت کە جیا لە ڕیزەکانی یەکەمی خەڵکی کە بە گریان و هاوار نیشان دەدرێن، پێدەچێت ئاستی خەمخۆریی ڕیزەکانی پشتەوە بە

پێی دووربوونیان لە ڕیزی پێشەوە، کەم دەبێتەوە. ئایا ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەوانەی لە ڕیزی پێشەوە بوون دەیانزانی کامێراکە لەسەریانە و لەڕووی ناچارییەوە ئەوەی لێیان چاوەڕوان دەکرا دەبوو لە پێناو سەلامەتی خۆیاندا بیکەن؟ یان بەرپرسانی حزبی لە ڕیزی پێشەوە وەستابوون؟ یان هاووڵاتیی ئاسایی بوون و بەڕاستی خەم و پەژارەیان هەبووە، یاخود کۆرەیای باکووری لە چەشنێکی سۆزداریی کە لە بەریتانیا دوای مردنی شاژن "دیانا" بینیمان؟

ڕەگ و ڕیشەی کاری شێتانە و مەترسیداری کۆماری دیموکراتیکی کورەیا"DVRK"، تا ڕادەیەک، لە دۆخ و مێژووی وڵاتەکەدا دەدۆزرێتەوە: کە لە نێوان دوو زلهێزی، چین و ژاپۆندا زیندانی کراوە.

کۆریا نازناوی "شانشینی گۆشەگیر"ی لە سەدەی هەژدەهەمدا لەسەر دانرا کاتێک دوای چەندین سەدە بە هەژموون، داگیرکاریی و تاڵانککاریی هەوڵیدا خۆی لە جیهانی دەرەوە بکێشێتەوە. لە باکوورەوە، کاتێک لە ڕووباری یالو "Yalu" دەپەڕیتەوە، هێڵی بەرگری سروشتی سەرەکی گەلێک کەمی لەسەر ڕێگای دابەزین بۆ دەریا هەیە. پێچەوانەکەی ڕاست دەردەکەوێت کاتی لە دەریاوە بێیت. مەغۆلەکان هەروەها سەلاسەی مینگ "Ming"ی چینی و

مانچوسەکان "Mandschuren" و چەندین جاریش ژاپۆنییەکان بەردەوام دەهاتن و دەچوون. بۆیە بۆ ماوەیەک بۆ وڵاتەکە بە سوود بوو پەیوەندیی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا نەکات و ناچار بوو زۆرێک لە پەیوەندییە بازرگانییەکانی بپچڕێنێت بەو هیوایەی بە تەنیا بمێنێتەوە.

ئەمەش سەرکەوتوو نەبوو. چونکە لە سەدەی بیستەمدا ژاپۆنییەکان گەڕانەوە و لە ساڵی ١٩١٩دا هەموو وڵاتەکەیان داگیر کرد و دواتر دەستیان کرد بە چەوسانەوەی کولتووریی. زمانی کۆرەیی و فێرکردنی مێژووی ئەو وڵاتە قەدەغە کرا و سەردانی مەزارگە شینتۆکان "Shintu" بە ئەرکیکی ئیجباری دادەنرا. ستەمکاریی ئەم دەیان ساڵە میراتێکی بەجێهێشت کە تا ئێستاش کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ژاپۆن و دوو بەشی کۆریا داناوە.

شکستی ژاپۆن لە ساڵی ١٩٤٥ بووە هۆی دابەشبوونی کۆریا بەسەر دوو باشی باکوور و باشووردا. لە باکوور ڕژێمێکی کۆمۆنیستی جێگیر بوو، سەرەتا لەلایەن سۆڤیەت و دواتر لە لایەن چینی کۆمۆنیستەوە کۆنترۆڵ دەکرا. لە باشووری هێڵەکەوە، دیکتاتۆرێکی لایەنگری ئەمریکا پێکهات کە خۆی بە کۆماری کۆریا ناودەبرد. ئەمە سەرەتای ڕاستەقینەی شەڕی سارد بوو، کاتێک هەر بستێکی خاکەکە

کێبڕکێی لەسەر دەکرا، هەر لایەنێک هەوڵی بەدەستهێنانی کاریگەریی یان کۆنترۆڵکردنی بەشەکەیتری دەدا، هیچکام لە لایەنەکان ئامادە نەبوون ڕێگە بە ئەوی دیکە بدەن بە تەنیا هەڵسوکەوت بکات.

هەڵبژاردنی هێڵی(مەداری پلە ٣٨)ی دابەشکەر لە چەند ڕوویەکەوە جێگەی داخە و بە گوتەی مێژوونووسی ئەمریکی دۆن ئۆبەردۆرفەر "Don Oberdorfer"، گەلێک ئارەزوومەندانە بوو. دەنووسێت واشنگتۆن هێندە سەرنجی لەسەر تەسلیمبوونی ژاپۆن کە لە ١٠ی ئابی ١٩٤٥ ڕوویدا، چڕ کردبۆوە کە هیچ ستراتیژییەکی ڕاستەقینەی بۆ کۆریا پێ نەبوو. بە لەبەرچاوگرتنی جوڵەی سەربازانی سۆڤیەت لە باکووری نیمچە دوورگەکە، کۆشکی سپی کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی شەوانەی پێکهێنا کە تێیدا دوو ئەفسەر کە تەنیا نەخشەی ناشناڵ جیۆگرافیکیان پێ بوو، (مەداری پلە ٣٨)یان هەڵبژارد بۆ ئەوەی وەک هێڵی بەرگریی وڵاتەکەی نیوە دەکرد بە سۆڤیەتی پێشنیار بکەن.

نە کۆرییەکان و نە پسپۆڕانی کۆریا لەو کارە ئاگادار و بەشدار نەبوون. ئەگەر ئەوان لەوێ بوونایە، دەیانتوانی بە سەرۆک ترومان "Truman" بڵێن ئەم هێڵە بە وردی ئەو هێڵەیە کە ڕووسەکان و ژاپۆنییەکان نزیکەی نیو سەدە پێشتر، دوای شەڕی ڕووسیا و ژاپۆن لە ساڵانی ١٩٠٤-

١٩٠٥، وەک هێڵێکی دابەشکردن لە نێوان خۆیاندا باسیان کردبوو. جێگای لێبوردنە کە مۆسکۆ پێیوابوو ئەمە قبوڵکردنی دیفاکتۆ، واتە بە کردەوەیە بۆ ئەو پێشنیارە، و بەمجۆرە دانپێدانانە بە دابەشبوونەکە و باکوورێکی کۆمۆنیست، چونکە ئەوان چاوەڕوان نەبوون ئەمریکییەکان خۆیان بڕیار بۆ ئەو کارە بدەن. گرێبەستەکە وەک خۆی ماوە، وڵات دابەش کرا و تاسی یارییەکە هاویشترا.

سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤٨دا و ئەمریکییەکانیش لە ساڵی ١٩٤٩ سەربازەکانیان لە باکوور کشاندەوە، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٠دا، سوپایەکی بوێری کۆریای باکوور لە کاتی شەڕی ساردا ستراتیژی جیۆپۆلەتیکی ئەمریکای بە شێوەیەکی کوشندە کەم کردەوە و بۆ یەکخستنی نیمچە دوورگەکە لە ژێر حکومەتێکی یەکێتی کۆمۆنیستدا لە (مەداری پلە ٣٨) تێپەڕی. هێزەکانی کۆریای باکوور تا لوتکەی کەنارەکانی باشوور پێشڕەوییان کرد و لە واشنگتۆن زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدرا.

سەرکردایەتی کۆریای باکوور و پشتیوانە چینییەکانی بە دروستی حیسابیان کردبوو کە تەنیا لە ڕوانگەی سەربازییەوە، کۆریا بۆ ئەمریکییەکان شتێکی حەیاتی نییە. بەڵام ئەوان لەو شتە تێنەگەیشتبوون کە ئەمریکییەکان

دەیانزانی: ئەگەر ئەوان لە پشت کۆریای باشووری هاوپەیمانیانەوە نەوەستایەن، متمانەی هەموو هاوپەیمانەکانی دیکەیان لە سەرانسەری جیهان لە دەست دەدا. ئەگەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە لوتکەی شەڕی سارددا دەستیان بەو یارییە کردبا یان لایەنی کۆمۆنیستەکانیان گرتبایە، ئەوا تەواوی ستراتیژی جیهانی ئەمریکا تێکدەچوو. لێرەدایە هاوتەریبی لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا لە ئاسیای ڕۆژهەڵات و ئورووپای ڕۆژهەڵاتی هاوچەرخدا دەبینرێت. وڵاتانی وەک پۆڵەندا، دەوڵەتانی باڵتیک، ژاپۆن و فیلیپین پێویستیان بە دڵنیابوونە لەوەی کە ئەمریکا لە پشتیانەوە وەستاوە کاتێک باس لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕووسیا و چین دەکرێت.

لە ئەیلولی ساڵی ١٩٥٠ ئەمریکا بە سەرۆکایەتی هێزێکی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆریای داگیرکرد و هێزەکانی لە باکوورەوە بۆ ئەودیوی (مەداری پلە ٣٨) پاڵ پیوەنا و پاشان بەرەو سەرەوە و تا ڕووباری یالو و سنووری چین پێشڕەویی کرد.

ئێستا ئیتر نۆرەی پەکین بوو بڕیارێک بدات. هەبوونی سەربازانی ئەمریکی لە نیمچە دوورگەکەدا خۆی تەوەرێک بوو، بەڵام هەبوونی ئەوان لە باکوور – واتە بە وردی باکووری شاخەکانی سەرووی هامهۆنگ "Hamhung" - و

لە مەودای گەلێک سەرنجڕاکێش لە خودی چینەوە، تەواو تەوەرێکی جیاواز بوو. سەربازە چینییەکان لەودیوی ڕووباری یالو تێپەڕ ببوون و ٣٦ مانگ شەڕی توندی بەدوای خۆیدا هێنا و لە هەموو لایەکەوە زیانی گیانیی بێشوماریان لێکەوتەوە، پێش ئەوەی بەدرێژایی سنوورەکانی ئێستایان بە بنبەست بگەن و لەسەر ئاگربەست ڕازی بن، بەڵام پەیمانی ئاشتیان ئیمزا نەکرد. بۆیە لەوێ لە قوڕ چەقین، لە (مەداری پلە ٣٨)دا گیریان خوارد و لەوێ مانەوە.

جوگرافیای نیمچە دوورگەکە تەواو ڕوونە، تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە دابەشبوونی نێوان باکوور و باشوور چەندە دەستکردە. دابەشبوونی ڕاستەقینە (ڕادەیی) لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادایە. ڕۆژئاوای نیمچە دوورگەکە زۆر تەختترە لە ڕۆژهەڵات و زۆربەی مرۆڤ لەوێ دەژین. بەشی ڕۆژهەڵاتیش چیاکانی هامگیۆنگ "Hamgyong" لە باکوور و زنجیرە چیا نزمەکان لە باشوور لەخۆدەگرێت. ناوچە پاککراوەکان لە هێزی سوپایی کە نیمچە دوورگەکە دوو بەش دەکات، بەدوای بەشێکی ڕووباری ئیمجینگانگ "Imjingang"دا دەڕوات، بەڵام هەرگیز سنوورێکی سروشتی نێوانیان بوون نەبووە، بەڵکوو تەنیا ڕووبارێک بووە لە ناوەڕاستی شوێنی جوگرافیای یەکتردا، کە زۆرجار لەلایەن هێزی نامۆوە داگیرکراوە.

به وردی بڵێین، هێشتا هەردوو بەشی کۆریا لە شەڕدان و بە لەبەرچاوگرتنی گرژییە دەمارگیرییەکانی نێوانیان تەنانەت ڕووداوێکی بچووک، وەک هێرشی تۆپخانە، دەتوانێت لە هەر کاتێکدا ململانێیەکی گەورەی لێ بخوڵقێندرێت.




یەکێک لە نیگەرانییە سەرەکییەکانی کۆریای باشوور نزیکیی ناوچەی سیئۆلە لە سنووری کۆریای باکوور. ئەم شوێنە وایکردووە سیئۆل بەرەوڕووی هێرشی لەناکاوی ئەو وڵاتە دراوسێیە ببێتەوە کە پێتەختەکەی زۆر دوورترە و زیاتر بەهۆی زەوییە شاخاوییەکانەوە پارێزراوە.

ژاپۆن و ئەمریکا و کۆریای باشوور نیگەرانن لە چەکی ئەتۆمی کۆریای باکوور، بەڵام شمشێری دامۆکلس

"Damokles"[٢١] هەڕەشە لە کۆریای باشوور دەکات. ئایا کۆریای باکوور دەتوانێت قەبارەی تێکنۆلۆژیای ئەتۆمی خۆی بچووکتر بکاتەوە و چەکی ئەتۆمی دروست بکات یان نا، دڵنیا نییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە وەک لە ساڵی ١٩٥٠دا نیشانیدا توانایی هێرشی ئاسایی سەرسوڕهێنەری هەیە.

پێتەختی کۆریای باشوور کە مەگالۆپۆلی سیئۆل "Megastadt Seoul"ە، کەمتر لە ٦٠ کیلۆمتر لە باشووری (مەداری پلە ٣٨) و "DMZ"واتە ناوچەی پاککراوە لە هێزی سوپایی دوورە. نزیکەی نیوەی ٥٠ ملیۆن دانیشتووی کۆریای باشوور لە ناوچەی گەورەی سیئۆل دەژین و زۆربەی ناوەندە پیشەسازی و داراییەکانیش لەوێ هەڵکەوتوون - هەموو ئەمانەش لە چوارچێوەی مەودای تۆپخانەکانی کۆریای باکووردان.

لە شاخەکانی سەرووی "DMZ" کە درێژییەکەی ٢٣٨ کیلۆمترە، سوپای کۆریای باکوور نیزیکەی ١٠ هەزار پارچە تۆپخانەیی دامەزراندووە. هەموویان بە باشی جێگیر کراون، هەندێکیان لە بنکەر یان ئەشکەوتی زرێپۆشدا پارێزراون. دیارە هەموویان ناتوانن بگەنە ناوەندی سیئۆل، بەڵام

[٢١] چەمکی "شمشێری دامۆکلس" سەرچاوەی لە ئەفسانەیەکی یۆنانی کۆنەوە هەیە کە لەلایەن فەیلەسوفی ڕۆمانی سیسێرۆوە باسی لێوەکراوە. دامۆکلی دەرباری، بەهۆی دەسەڵات و سامانەکەیەوە ئیرەیی بە ستەمکار دیۆنیسیۆسی سیراکیوز دەبرد. بۆ ئەوەی وانەیەکی فێر بکات، دیۆنیسیۆس شمشێرێکی ڕاستەوخۆ لە سەرووی کورسی دامۆکلیسەوە هەڵواسی.

هەندێکیان دەتوانن و هەمووشیان دەتوانن مەترسی بۆ سەر شارە گەورەکان پێک بێنن. گومانی تێدا نییە کە لە ئەگەری هێرشدا هێزی یەکگرتووی ئاسمانی کۆریای باشوور و ئەمریکا بتوانن لە ماوەی دوو سێ ڕۆژدا زۆربەی ئەو بنکانە لەناوبرن، بەڵام تا ئەوکاتە سیئۆل لە بڵێسەی ئاگردا دەسووتێت. لە بەر چاوی خۆمان وێنای بکەین کاریگەریی تەنیا یەک تۆپ یان خۆمپارە لە ١٠ هەزار شوێنی تۆپخانەوە کە بەر ناوچە شاریی و نیمچە شارەکان دەکەوێت، چەندەیە و ئەویش دەیان جار دووپات بکەوە.

دوو پسپۆڕی کۆریای باکور بە ناوەکانی ڤیکتۆر چا " Victor Cha" و دەیڤید چانگ "David Chang" کە بۆ گۆڤاری "Foreign Policy" دەنووسن، مەزەندە دەکەن کە هێزە چەکدارەکانی کۆریای باکوور دەتوانن لە یەکەم کاتژمێری پێکدادانێکدا تا ٥٠٠ هەزار تۆپ و خومپارە ئاراستەی شارەکان بکەن. پێدەچێت ئەوە خەمڵاندنێکی زۆر زێدەڕۆ بێت، بەڵام تەنانەت ئەگەر تەنیا یەک لەسەر پێنجی ئەو خەمڵاندنەش گریمانە بکەین، ئەنجامەکەی گەلێک وێرانکەر دەبێت. پاشان حکومەتی کۆریای باشوور ناچار دەبێ شەڕێکی گەورەتر بەڕێوەبەرێت و لە هەمان کاتدا هەوڵی مودیرییەتی ئەو ئاژاوەیەی بەهۆی هەڵاتنی ملیۆنان کەس لە باشوورەوە پێکدێت بکات، هەروەها هێزەکانی

سنووری بەو سەربازانەی کە لە باشووری سیئۆل جێگیرکراون، بەهێزتر بکات.

شاخەکانی سەرووی ناوچەی پاککراوە لە هێزی سوپایی زۆر بەرز نین، هەروەها زەوییەکی تەختی زۆر لە نێوان ئەوان و سیئۆلدا هەیە. لە هێرشێکی لەناکاودا، سوپای کۆریای باکوور دەتوانێت زۆر بە خێرایی هێزە تایبەتەکانی لە رێگەی ئەو تونیلە ژێرزەمینییانەی کۆریای باشوور پێی وایە پێشتر هەڵکەندراون، پێشڕەوی بکات و خۆی بگەیێنێتە ناوەوەی ناوچەکە. مرۆڤ وای بۆ دەچێت پلانەکانی شەڕی کۆریای باکوور بریتی بن لە هێزی کەشتییە ژێردەرياییەکان کە لە باشووری سیئۆل نیشتەجێ کراون، هەروەها تۆڕی مرۆڤی شاراوە لەنێو دانیشتوانی کۆریای باشووردا کە چالاک دەکرێن. مەزەندە دەکرێت کۆریای باکوور زیاتر لە ١٠٠ هەزار سیخۆری هێزی تایبەتی هەبێت.

هەروەها کۆریای باکوور بە مووشەکی بالیستیک بۆ گەیشتن بە تۆکیۆ پێشتر بە هاویشتنی چەندین مووشەک لە دەریای ژاپۆنەوە بۆ ناو زەریای هێمن، رێڕەوێک کە ڕاستەوخۆ بەسەر خاکی ژاپۆندا تێدەپەڕێت و چەندین جار تاقیکاریی کردووە، توانایی خۆی نیشانداوە. ژمارەی هێزە چەکدارەکانی کۆریای باکوور زیاتر لە ملیۆنێک سەربازن، بەمەش کۆریای باکوور یەکێکە لە گەورەترین هێزەکانی

سوپایی جیهان. تەنانەت ئەگەر زۆربەشیان بە باشی ڕانەهێنرابن، بۆ پیۆنگیانگ کە بە دڵنیاییەوە تەنیا مەبەستی هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی ململانێکانە، وەکوو خۆراکی شەڕ سەیر دەکرێن.

ئەمریکییەکان لە بەرەی کۆریای باشوور شەڕ دەکەن، سوپای چین لە ئامادەباشییەکی بەرزدا دەبێت و بەرەو ڕووباری یالو پێشڕەوی دەکەن و ڕووسی و ژاپۆنییەکانیش چاودێرانی دەمارگیر دەبن.

شەڕێکی گەورە لە کۆریا لە بەرژەوەندیی کەسدا نییە، بەو پێیەی هەردوولا وێران دەکرێن، بەڵام ئەوە نابێتە هۆکار بۆ ئەوەی لە ڕابردوودا شەڕ ڕوونەدات. کاتێک کۆریای باکوور لە ساڵی ١٩٥٠دا (مەداری پلە ٣٨)ی بەزاند، پێشبینی نەدەکرد شەڕێکی سێ ساڵەی لێبکەوێتەوە کە چوار ملیۆن کەس کوژران و لە کۆتاییشدا بە بنبەست گەییشتن. لەمڕۆدا پێدەچێت شەڕێکی دیکەی نێوانیان گەلێک کارەساتبارتر بێت. دۆخی ئابووریی کۆریای باشوور هەشتا هێندەی ئابووریی کۆریای باکوور بەهێزترە، ژمارەی دانیشتووانەکەی دوو هێندە زیاترە و بە دڵنیاییەوە هێزە سەربازییە یەکگرتووەکانی کۆریای باشوور و ئەمریکا لە کۆتاییدا کۆریای باکوور دەشکێنن، بە مەرجێک چین جارێکی دیکە نەچێتە ناو ململانێکانەوە.

کۆتاییەکەی چی دەبێت؟ هیچ پلانێکی جیددی بۆ ئەگەرێکی لەو شێوەیە بوونی نییە. وادیارە باشوور هەندێک مۆدێلی کامپیوتری دروستکردووە بۆ ئەوەی حیسابی بکەن لە ئەگەری شەڕێکی ئەوتۆدا چ کارگەلێکی پێویست بێت، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت بە گشتی گریمانە بکات کە دۆخەکە گەلێک ئاڵۆز و پشێو دەبێت. ئەگەر شەڕ تەنیا ڕێگا بێت، ئەو کێشانەی لە ئەگەری ڕووخان یان تەقینەوەی کۆریا سەرهەڵدەدەن، چەند هێندە زیاتر دەبنەوە. زۆر وڵات کاریگەرییان لەسەر دەبێت، و ناچار بە بڕیاردان دەکرێن. تەنانەت ئەگەر چین نەشیەوێت بەشداری شەڕەکە بکات، ڕەنگە بۆ ئاسایشی باکوور و بۆ ئەوەی وەک ناوچەیەکی پارێزراو لە نێوان خۆی و هێزەکانی ئەمریکادا بیپارێزێت، بڕیار بدات سنوورەکی تێپەڕێنێت. لەوانەیە بەو ئەنجامە بگات کۆریایەکی یەکگرتوو کە هاوپەیمانی ئەمریکا بێت کە ئەویش خۆی هاوپەیمانی ژاپۆنییەکانە، مەترسییەکی گەورەتری ئەگەری بۆ دروست بکات. ئەمریکا دەبێ بڕیار بدات تا چ ڕادەیەک دەیەوێت لە سەرانسەری ناوچەی پاککراوە لە هێزی سوپایی پێشڕەوی بکات و ئایا پێویستە هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی هەموو بنکەکانی چەکی ئەتۆمی و چەکی کۆمەڵکوژیی دیکەی کۆریای باکوور بکات. چینیش ڕەچاوکردنی هاوشێوەی دەبێت، دۆخەکە بە جیددی

دەگرێت چونکە بەشێک لە بنکە ئەتۆمییەکان کەمتر لە ٦٠ کیلۆمتر لە سنوورەکەیەوە دوورن.

لە بەرەی سیاسیدا، ژاپۆن دەبێ بڕیار بدات ئایا تامەزرۆیی بۆ کۆریایەکی بەهێز و یەکگرتووە لەودیوی دەریای ژاپۆن هەیە یان نا. بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان تۆکیۆ و سیئۆل، ژاپۆن هۆکارێکی زۆری هەیە بۆ نیگەرانیی، بەڵام نیگەرانییەکی زۆرتری لەهەنبەر چین دەبێت، پێدەچێت لە کۆتاییدا خۆی لە پەنا ئەو کەسانەدا ببینێتەوە کە پشتگیری لە یەکگرتن دەکەن - هەرچەندە پێدەچێت بەهۆی داگیرکردنی درێژخایەنی نیمچە دوورگەکە لە لایەن ژاپۆنەوە لە سەدەی بیستەمدا، داوای هاوکاری دارایی لێبکرێت. بەڵام ئەوەش دەزانێت کە سیئۆل دەیزانێت: کۆریای باشوور دەبێ بەشێکی زۆری تێچووی ئابووری یەکگرتنەوەکە لە ئەستۆ بگرێت و ئەمەش گەلێک لە تێچووی یەکگرتنەوەی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا مەزنتر دەبێت. هەرچەندە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات زۆر لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دواکەوتووتر بوو، بەڵام لە چاو زۆر وڵاتانیتر ئەویش پێشکەوتوو بوو، هێزێکی پیشەسازیی و دانیشتووانێکی خوێندەواری هەبوو. پەرەپێدانی کۆریای باکوور بە مانای دەستپێکردن دەبێت لە سفرەوە و تێچوونەکانیشی دۆخی ئابووریی نیمچە دوورگەیەکی

یەکگرتوو بۆ دەیان ساڵ دوادەخات. دوای ئەوەش چاوەڕوان دەکرێت سامانە کانزاییە دەوڵەمەندەکانی باکوور وەک خەڵوز، ڕۆح، مس، ئاسن و زەوییە تایبەتەکانی سوودیان هەبێت و بەرنامەکانی مۆدێرنیزاسیۆن بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام ئەو هەستە لە ئارادایە ئایا سەرەتا دەبێ خۆشگوزەرانی یەکێک لە پێشکەوتووترین وڵاتانی جیهان بخرێتە مەترسییەوە؟

ئەم چەشنە بڕیارانە لە داهاتوودایە. لە ئێستادا هەر لایەنێک بەردەوامە بۆ ئامادەکاریی شەڕ. کۆریای باکوور و باشوور وەک پاکستان و هیندوستان بە ترس و بێمتمانەییەوە بەیەکەوە گرێدراون.

کۆریای باشوور ئەمڕۆ ئەندامێکی چالاک و یەکگرتووی بنەماڵەی گەلانی جیهانییە و سیاسەتی دەرەوە پەیڕەو دەکات. بەهۆی کراوەیی ڕێگای دەریای بەرەو ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵات، باشوور و کەمیی سەرچاوەی سروشتی، لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا بە دروستکردنی هێزی دەریایی مۆدێرن، هێزێکی دەریایی بەرز کە توانایی گەشتکردنی دەریای ژاپۆن و دەریای ڕۆژهەڵاتی چین و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری کۆریای هەیە، پەرەی بە پێشکەوتوویی خۆی داوە. هاوشێوەی ژاپۆن پشت بە سەرچاوە بیانییەکان دەبەستێت بۆ دابینکردنی

پێداویستییەکانی وزە و بەو هۆیەوە چاودێریی ڕێڕەوی دەریایی تەواوی ناوچەکە دەکات. لە کات کەڵکی وەرگرتووە و سەرمایەی دیپلۆماسی لە پەیوەندییەکی نزیکتر لەگەڵ ڕووسیا و چیندا وەبەرهێناوە- ئەمەش بۆتە هۆی تووڕەیی پیۆنگیانگ.

حیساباتی هەڵە لە لایەن هەر لایەنێکەوە دەتوانێت ببێتە هۆی شەڕێک کە نەک هەر بۆ خەڵکی نیمچە دوورگەکە وێرانکەر دەبێت بەڵکوو دۆخی ئابووریی ناوچەکە وێران دەکات و ئەمەش لە بەرامبەردا کاردانەوەی زنجیرەیی توندوتیژ لە دۆخی ئابووریی ئەمریکادا پێک دێنێت. ئەوەی ئەمریکا بە داکۆکی لە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ڕوسیا لە سەردەمی شەڕی سارددا دەستیپێکرد، بۆ پرسێکی گرنگی ستراتیژی بۆ دۆخی ئابووریی ئەمریکا و چەند وڵاتێکی دیکە، گەشەی پێدراوە.

کۆریای باشوور هێشتا خاڵگەلێکی ناکۆکی لەگەڵ تۆکیۆ هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ داگیرکاری ژاپۆن، هەروەها پەیوەندیی نێوان ئەو دووانە، تەنانەت لە باشترین سیناریۆشدا، کە بە دەگمەن ڕوودەدات، زۆر کەم دۆستانەیە. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥دا، کاتێک ئەمریکا، کۆریای باشوور و ژاپۆنییەکان بۆ هاوبەشکردنی زانیاریی هەواڵگریی خەریکی کۆکردنەوەی هێزە سەربازییەکانی خۆیان

لەسەر کۆریای باکوور بوون و وردەکاریی ڕێککەوتنێکیان کۆتایی پێهێنا، سیئۆل ڕایگەیاند کە ژمارێکی سنووردار لە زانیارییە نهێنییەکان لەگەڵ تۆکیۆ لە ڕێگەی واشنگتۆنەوە گۆستراوەتەوە. کۆریای باشوور ڕاستەوخۆ پەیوەندیی لەگەڵ ژاپۆن ناکات.

هێشتا ناکۆکی لەسەر خاکی نێوان هەردوو وڵات بە تایبەت لەسەر گاشەبەردەکانی لیانکۆرت "Liancourt" هەیە کە کۆریای باشوور بە دۆکدۆ"Dokdo" (دوورگەی تەنیا) و ژاپۆن بە تاکێشیما "Takeshima" (دوورگەی بامبوز) ناوی دەبەن. لە ئێستادا کۆریای باشوور ئەم گاشەبەردانە کە لە شوێنیکی ماسیگرتنی باشدا هەڵکەوتوون و لەوانەیە نەوت و گازی سروشتیشی تێدابێت، مودیرییەت دەکات. بەڵام لە سەرووی ئەم دڕکەوە لەلای هەریەکەیان و یادەوەرییە زیندووەکانی داگیرکاریی، هەردوو وڵات هۆکاریان هەیە بۆ هاوکاریکردن و لەبیر بردنەوەی ڕابردووی ئاڵۆزیان.

مێژووی ژاپۆن زۆر جیاواز بوو لەگەڵ مێژووی کۆریا و ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ هێزی جوگرافیای ژاپۆن. ژاپۆن وڵاتێکی دوڕگەییە و زۆرینەی ١٢٧ ملیۆن دانیشتوانی لەو چوار دوورگە گەورەیەدا دەژین کە لە بەرامبەر دەریای ژاپۆن و بەرامبەر کۆریا و ڕووسیا  هەڵکەوتوون. تەنیا کەمینەیەک لە بەشێک لە ٦٨٤٨ دوورگەی بچووکتردا

دەژین. گەورەترین دوورگەی سەرەکیی بریتین لە هۆنشو "Honshu" کە تۆکیۆیی لی هەڵکەوتووە و گەورەترین کەڵە شارە لە جیهاندا و ٣٩ ملیۆن نفووسی تێدا دەژین.

کورتترین مەودای نێوان ژاپۆن و خاکی ئۆرئاسیا نیزیکەی ١٩٠ کیلۆمترە، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە هەرگیز تووشی لەشکرکێشییەکی سەرکەوتوو و جیددی نەبووە. چینییەکان زیاتر لە ٨٠٠ کیلۆمتر لە دەریای ڕۆژهەڵاتی چینەوە دوورن. هەرچەندە خاکی ڕووسیا زۆر نزیکترە، بەڵام هێزەکانی ڕووسیا بە گشتی بەهۆی کەشوهەوای زۆر سەخت و چڕی کەمی دانیشتووان لەسەر دەریای ئۆخۆتسک "Ochotsk" لەو ناوچەیە گەلێک دوورن. لە سەدەی ١٣دا مەغۆلەکان دوای ئەوەی چین و مەنچوریا و کۆریایان گرت، هەوڵی داگیرکردنی ژاپۆنیان دا. لە هەوڵی یەکەمدا بەرپەرچدرانەوە و لە هەوڵی دووەمدا زریانێک بەلەمەکانیانی لەناوبرد. ژاپۆنییەکان دەڵێن، دەریای گەرووی کۆریا بەهۆی "بایەکی خوداییەوە" قامچی لێ وەشاندن، کە ناویان لێنا کامیکازێ "Kamikaze".

بەم شێوەیە مەترسییەکە لە ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوا هەروەها لە باشووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتیش کە تەنیا زەریای هێمن بوو، گەلێک سنووردار بوو. تێڕوانینی ئەم ئاڕاستەیەی دوایی هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی ژاپۆنییەکان

خۆیان بە نیپۆن"Nippon"، یان "خاکی خۆری هەڵهاتوو" ناوبەرن: کاتێ سەیری ڕۆژهەڵاتیان دەکرد، هیچیان لە نێوان خۆیان و ئەو ئاسۆیەدا نەدەبینی کە هەموو بەیانیەک خۆر لێییەوە هەڵدەهات. جگە لە دەستدرێژیی جاروبار بۆ ناو کۆریا، تارادەیەکی زۆر پێش هاتنی جیهانی مۆدێرن کۆمەڵگای خۆیان پاراستبوو. دوای ئەوەی لە سەرەتادا ئەم ڕوانگەیەیان ڕەتکردەوە، ڕێگەی خۆیان بۆ جیهانی دەرەوە گرتەبەر.

هیچ کۆدەنگییەک نییە کە دوورگەکان کەی بوونەتە بەشێک لە ژاپۆن، بەڵام نامەیەکی بەناوبانگ هەیە کە لە ساڵی ٦١٧دا لە خاکی ژاپۆنەوە بۆ ئیمپراتۆری چین نێردراوە. تێیدا مرۆڤێکی پلە باڵای ژاپۆنی نووسیویەتی: "من قەیسەری ئەو خاکەم خۆری لێ هەڵدێت، لێرەوە نامەیەک بۆ قەیسەری ئەو خاکە دەنێرم کە خۆری لێی ئاوا دەبێت." ئایا تەندروستیت باشە؟" مێژوو تۆمار دەکات کە ئیمپراتۆری چین ئەمەی بە بێئەدەبی زانیوە و پێی دڵخۆش نەبووە. ئیمپراتۆریەتەکەی گەلێک بەربڵاو بوو، لە کاتێکدا دوورگە سەرەکییەکانی ژاپۆن بە شێوەیەکی لاواز یەکگرتوو بوون - دۆخێک کە تا دەوروبەری سەدەی ١٦ نەگۆڕدرا.

ڕووبەر و پانتایی دوورگەکانی ژاپۆن گەورەترە لە کۆریای باکوور و باشوور بە یەکەوە، یان بە بەراوەرد لەگەڵ

ئورووپا لە ئەڵمانیا گەورەترە. بەڵام سێ لەسەر چواری ئەم ڕووبەرە زەوییە بۆ مرۆڤ شوێنی نیشتەجێبوون نییە - ئەمە بە تایبەتی ناوچە شاخاوییەکان دەگرێتەوە - هەروەها تەنیا لەسەدا ١٣ی خاکەکەی گونجاوە بۆ چاندن و کاری کشتوکاڵی. ئەمەش بەو مانایەیە کە ژاپۆنییەکان لە دەشتە کەنارییەکان و ئەو چەند ناوچە ناوخۆییانەی کە دەتوانرێت هەندێک کێڵگەی برینج بە شێوەی پلیکانی لە شاخەکاندا بچێنرێن، زۆر نیزیک لە یەکترەوە دەژین. شاخەکان گارانتی دەکەن ژاپۆن ئاوێکی زۆری هەبێت، بەڵام نەبوونی زەوی تەخت بەو مانایەیە کە ڕووبارەکانی بۆ کەشتی و بەو هۆیەشەوە وەک ڕێڕەوی بازرگانی نەگونجاو بێت، کێشەیەکیتر کە بەهۆی ئەوەی ڕووبارەکان بەیەکەوە گرێ نەدراون، دۆخەکەی هیندەیتر ئاڵۆز کردووە.

ژاپۆنییەکان بوونە نەتەوەیەکی دەریاوان، بەدرێژایی کەنارئاوەکانی دوورگە بێشومارەکانیان پەیوەندیی و بازرگانییان کردووە، بەردەوام هێرشیان کردۆتە سەر کۆریا و دواتر دوای چەندین سەدە گۆشەگیری، بۆ ئەوەی بەسەر هەموو ناوچەکەدا زاڵ بن، خۆیان بە دەریاوانییەوە خەریک کردووە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ژاپۆن سەری هەڵدا و بوو بە هێزێکی پیشەسازیی و خاوەنی سێیەم هێزی گەورەی

دەریایی لە جیهاندا. لە ساڵی ١٩٠٥ ژاپۆن لە شەڕێکدا کە لەسەر وشکانی و دەریا ئەنجامدرا، شکستی بە ڕووسیا هێنا. ڕێک ئەو دۆخە جوگرافییەی بوو کە وەک وڵاتێکی دوورگەیی ژاپۆنی بۆ ماوەیەکی زۆر گۆشەگیر هێشتبۆوە، ناچاری کردبوو پەیوەندیی لەگەڵ جیهاندا بکات. بەڵام کێشە سەرەکییەکە ئەوە بوو بڕیاریدا لە ڕووی سەربازییەوە ئەو کارە بکات. هەردوو شەڕی یەکەمی نێوان چین و ژاپۆن و شەڕی ڕووسیا و ژاپۆن بۆ کاریگەریی چین و ڕووسیا لەسەر کۆریا بەڕێوەچوون. بە وتەی ڕاوێژکاری سەربازی پرۆسەکەی، مەیجر جاکۆب مێکل "Major JacobMeckel"، کۆریا بۆ ژاپۆن "خەنجەرێک بوو کە ئامانجی لێدان لە دڵی ژاپۆن بوو". کۆنترۆڵکردنی نیمچە دوورگەی کۆریا مەترسی هەڕەشەکەی لەسەر لابرد. هەروەها کۆنترۆڵکردنی مەنچوریا چین و - تا ڕادەیەکی کەمتر - ڕووسیای دڵنیا کردەوە کە لە خەنجەرەکە دوور کەوێتەوە. جگە لەوەش سەرچاوەی خەڵوز و ئاسنی کۆریا بۆی زۆر بەسوود بوو.

ژاپۆن بۆ ئەوەی ببێتە نەتەوەیەکی پیشەسازیی خۆی خاوەنی کەمێک لە سەرچاوە سروشتییەکان بوو. ئەوان تەنیا خاوەنی خەڵوزی پلە نزم و سنووردار، نەوت و گازی سروشتی گەلێک کەم و ژمارێکی سنوورداری کاوچووک "Kautschuk" هەروەها بەدەست کەمبوونی چەندین

کانزایترەوە  دەنالّی. ئەم کێشانەی ئەمڕۆش وەک ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر، سەرەڕای کەڵکوەرگرتنی لە نەوت و گازی دەریایی و کانزا بەنرخەکانی ژێر بنی دەریا، هەر ماوەتەوە. ژاپۆن لەمڕۆدا وەک گەورەترین هاوردەکاری گازی سروشتی و سێیەم هاوردەکاری نەوت لە جیهاندا ماوەتەوە.

ئەمە برسێتی بەدوای ئەم بەرهەمانەوە بوو، وای کرد ژاپۆن لە ساڵانی ١٩٣٠ هێرش بکاتە سەر چین و دواتر لە سەرەتای چلەکاندا هێرش بکاتە سەر باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. پێشتر لە ساڵی ١٨٩٥ تایوانی داگیرکردبوو، پاشان لە ساڵی ١٩١٠ دەستی بەسەر کۆریادا گرت، لە ساڵی ١٩٣٢ مانچوریای داگیرکرد و لە ساڵی ١٩٣٧دا هێرشێکی گەورەی بۆ سەر چین دەستپێکرد. لەگەڵ کەوتنی هەر بەردێکی دۆمینۆدا، ئیمپراتۆریەت گەورەتر و ژمارەی دانیشتوانی زیاتر دەبوونەوە و وڵاتەکە پێویستی زیاتری  بە نەوت، خەڵوز، کانزا، کاوچووک و ماکەی خۆراکی دەبوو.

لە کاتێکدا زلهێزەکانی ئورووپا سەرقاڵی شەڕی ئورووپا بوون، ژاپۆن خۆی بۆ داگیرکردنی باکووری هیندۆچین ئامادە دەکرد. لە کۆتاییدا ئەمریکا کە لەو کاتەدا زۆربەی پێداویستییەکانی نەوتی ژاپۆنی دابین دەکرد، ئۆلتیماتۆمی پێدا: "کشانەوە یان بڕینی نەوت". ژاپۆنییەکان وەڵامی ئولتیماتۆمەکەیان بە هێرش کردنە سەر پیرڵ هاربەر " Pearl

"Harbor" دایەوە، ئینجا هێرشیان کردە سەر باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و دەستیان بەسەر میانمار، سەنگاپور، فیلیپین و چەند وڵاتێکی دیکەدا گرت.

بەم کارەیان، بە شێوەیەکی بەرفراوان سنوورەکانیان تێپەڕاندبوو – نەک هەر بە هێرشکردنە سەر ئەمریکا، بەڵکوو دەستیان بەسەر ئەو سەرچاوانەدا گرت کە ئەمریکا بۆ پیشەسازییەکەی خۆی پێویستی پێی بوو، وەک کاوچووک. زلهێزی مەزنی سەدەی بیستەم بۆ شەڕی تەواو خۆی ئامادا کرد. پاشان، دیارە جوگرافیای ژاپۆن ڕۆڵی خۆی هەبوو لە گەورەترین کارەساتی ئەو سەردەمەدا: بومبارانی هیرۆشیما "Hiroshima" و ناگازاکی "Nagasaki".

ئەمریکییەکان بەسەر زەریای هێمندا، دوورگە بە دوورگە شەڕیان کرد و زیانێکی زۆریان بەرکەوت. کاتێک لە کۆتاییدا ئۆکیناوا "Okinawa" یان گرت کە بەشێکە لە زنجیرە دوورگەکانی ڕیوکیۆ "Ryukyu" و لە نێوان تایوان و ژاپۆندا هەڵکەوتووە، دوژمنێکیان لە سەر ڕێگا بوو کە زێدەڕۆیانە ئامادە بوون لە بەرامبەر داگیرکارییەکی دەریایی، بەرگری لە چوار دوورگەی سەرەکی خۆیان بکەن. زیانی قورسی ئەمریکا پێشبینی دەکرا. ئەگەر مەیدانەکە ئاسانتر بووایە، ڕەنگە ئەمریکییەکان بڕیارێکی جیاوازیان دابا و تا تۆکیۆ شەڕیان کردبایە - بەڵام بڕیاری بۆمبی ئەتۆمییان هەڵبژارد و ترسێکی

تیرۆری نوێیان بەسەر ژاپۆن و هۆشیاریی بەکۆمەڵی جیهاندا حاکم کرد.

دوای کەوتنەخوارەوەی تیشکدەری ڕادیۆئاکتیوی و خۆبەدەستەوەدانی بێ مەرجی ژاپۆن، ئەمریکییەکان یارمەتی وڵاتەکەیان دا بۆ ئاوەدانکردنەوەی دوبارە، بەڵام زیاتر لەبەر ئەوەی قەڵایەکی بەهێزیان دژی چینی کۆمۆنیست هەبێت. ژاپۆنی نوێ لێهاتوویە کۆنەکەی خۆی نیشان دا و لە ماوەی سێ دەیە بوو بە هێزێکی ئابووری جیهانی.

بەڵام شەڕانگێزیی و میلیتاریزمی پێشوو بە تەواوی لەناو نەچوو: بەڵکوو تەنیا لە ژێر ئاوار و کاولکاریی هێرۆشیما و ناگازاکی و دەروونێکی نەتەوەیی دڵشکاودا نێژرابوون. دەستووری یاسایی ژاپۆن دوای شەڕ ڕێگەی بە وڵاتەکە دا نە سوپا و نە هێزی ئاسمانی، بەڵکوو تەنها "هێزی بەرگریی لەخۆ"ی پەرە پێدا کە بۆ دەیان ساڵ تەنیا سێبەری سەربازی پێش شەڕ مایەوە. ڕێککەوتنی دوای شەڕ کە ئەمریکا بەسەر ژاپۆنیدا سەپاند، تێچووی سەربازیی بۆ لەسەدا یەک لە بەرهەمی گشتی نیشتمانی سنووردار کرد و مانەوەی دەیان هەزار سەربازی ئەمریکی لەسەر خاکی ژاپۆن گارانتی کرد - کە ٣٢ هەزاریان هێشتا ئەمرۆش لە وڵاتەکەدا ماونەوە.

لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، جارێکی دیکە هەست بە وروژاندنێکی بێهێزی ناسیۆنالیزم کرا. بەشێک لە نەوەی بەتەمەن هەرگیز دانیان بە تاوانە جەنگییەکانی ژاپۆن نەنابوو و بەشێکیش لە نەوەی گەنج ئامادە نەبوون تاوانی گوناهی باوکیان لە ئەستۆی خۆیان بگرن. زۆرێک لە منداڵانی خاکی خۆری هەڵهاتوو دەیانویست شوێن "سروشتی" خۆیان لە ژێر خۆری جیهانی دوای شەڕ بکەون.

لێکدانەوەیەکی نەرم و نیان بۆ دەستووری یاسای ژاپۆن بوو بە نۆرم و هێزەکانی بەرگری لەخۆ وردە وردە پەرەیان پێدرا و بوون بە هێزێکی شەڕکەری مۆدێرن. ئەمەش لە کاتێکدا ڕوویدا کە سەرهەڵدانی چین زیاتر دەردەکەوت و ئەمریکییەکان تێگەیشتن کە لە ناوچەی زەریای هێمن پێویستیان بە هاوپەیمانی سەربازیی دەبێت و هەر بۆیە ئامادەبوون ژاپۆنێکی چەکدار بە هێزی سەربازیی لە بەرەی خۆیان بسەلمێنن.

لە سەدەی ئێستادا ژاپۆن سیاسەتی بەرگریی خۆی گۆڕیوە و ڕێگە بە هێزە چەکدارەکانی دەدات شانبەشانی هاوپەیمانەکانی لە دەرەوەی وڵات جێگیربن. چاوەڕوان دەکرێت هەموارکردنی دەستوورێک بەدوای خۆیدا بهێنێت بۆ ئەوەی ئەمە بخرێتە سەر بنەمایەکی یاسایی قایم و خۆڕاگر. بەڵگەنامەی سیاسەتی ئەمنی ساڵی ٢٠١٣ یەکەم

بەڵگەنامە بوو کە لێهاتوویی دوژمنێکی ئەگەریی دەستنیشان کرد: "چین خۆی وا نیشان دەدا کە دەتوانرێت وەک هەوڵێک بۆ گۆڕینی دۆخی ئێستا سەیر بکرێت."

بودجەی بەرگریی ژاپۆن بۆ ساڵی ٢٠١٥ نیزیکەی ٤٢ ملیارد دۆلار بوو، گەورەترین بودجەی ژاپۆن لە مێژووی خۆیدا. خەرجییە گەورەکانی بریتی بوون لە ئامێری هێزی دەریایی و هێزی ئاسمانی: بۆ نموونە شەش فڕۆکەی شەڕی "F-٣٥A" کە لەلایەن ئەمریکاوە دروستکرابوون. هەروەها لە بەهاری ساڵی ٢٠١٥دا تۆکیۆ فڕۆکەیەکی نوێی بەناو "ناوشکێنی هێلیکۆپتەری - وێرانکەر" خستە کار. مرۆڤ پێویستی بە شارەزاییەکی سەربازیی ئەوتۆ نەبوو بۆ ئەوەی بزانێت ئەم کەرەسەیە بەقەد ناوی فڕۆکە هەڵگری ژاپۆنی شەڕی جیهانی دووەم گرنگ بوو کە لە کاتی خۆبەدەستەوەدانی ساڵی ١٩٤٥ لێی قەدەغەکرابوون. هەروەها دەتوانرا ئەو ناوشکێنە بۆ فڕینی فڕۆکەی شەڕ کەڵکی لێوەرگیرێت، بەڵام وەزیری بەرگری بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: "بەنیازی ئەوە نییە وەک ناوێکی فڕۆکە هەڵگر بەکاری بهێنێت." وەک ئەوە وایە کەسێک موتۆڕسکلێتێک بکڕێت و دواتر بڵێت مادام بەنیازی ئەوە نیە وەک موتۆڕسکلێت بەکاری بهێنێت، وەک دووچەرخە

کەڵکی لێوەردەگرێ، کەواتە، ژاپۆنییەکان ئێستا ئیتر خاوەنی ناوێکی فڕۆکەهەڵگر بوون.

ئەو پارەیەی کە بۆ ئەم ئامێرە و ئامێرە نوێیەکانی دیکە خەرج دەکرێت- هەروەها بۆ پێگەی خۆیان – وێناکردنی مەبەستێکی گەلێک ڕوون بوو: "ژێرخانی سەربازیی ئۆکیناوا "Okinawa" کە لێیەوە دەستڕاگەیشتن بە دوورگە سەرەکییەکان مسۆگەر دەکرێت، بڕیاری دۆخی باشتری بۆ دراوە." ئەمەش ڕێگە بە ژاپۆن دەدات نەرمییەکی زیاتری لە چاودێریکردنی ناوچەی بەرگریی ئاسمانی خۆیدا هەبێت، کە بەشێکی لەگەڵ ناوچەی چینی هاوتادا تێکەڵ دەبێت دوای ئەوەی پەکین لە ساڵی ٢٠١٣دا شوێنی چاوەدێریی نوێی خۆی ڕاگەیاند. هەردوو ناوچەکە ئەو دوورگانە دەگرێتەوە کە ژاپۆنییەکان بە سێنکاکو "Senkaku" و چینییەکان بە دیاویۆ "Diaoyu" ناساندوویانە. ئەوان لەلایەن ژاپۆنەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، بەڵام چینیش هێشتا ئیدیعایان دەکات. هەروەها بەشێکن لە زنجیرە دوورگەکانی ڕیوکیو "Ryukyu" کە ناوچەیەکی هەستیارە بە تایبەتی چونکە هەر هێزێکی دوژمن لەسەر ڕێگەی خۆیدا بۆ گەییشتن بە ویشکانی ژاپۆن، دەبێت بەم دوورگانەدا تێپەڕێت. هەروەها ئاو و خاکێکی بەرفراوانیان بۆ ژاپۆن دابین کردووە، کە دەتوانێت

کێڵگەی گاز و نەوت لەخۆبگرێت. بۆیە تۆکیۆ بەنیازە بە هەر ڕێگەیەکی پێویست دەستیان بەسەردا بگرێت.

ناوچەی کۆنترۆڵکردنی ئاسمانی بەربڵاوی چین لە دەریای چینی ڕۆژهەڵاتدا بەسەر ئەو خاکەدا درێژدەبێتەوە کە چین، ژاپۆن، تایوان و کۆریای باشوور ئیدیعای دەکەن. کاتێک پەکین ڕایگەیاند هەر فڕۆکەیەک بیەوێت لەم ناوچەیەدا بفڕێت، یان دەبێت خۆی بناسێنێت یان "ڕووبەڕووی کردەوەی بەرگری دەبێتەوە". ژاپۆن، کۆریای باشوور و ئەمریکا بەبێ خۆناساندن بەو ناوچەیەدا فڕین و وەڵامی خۆیان دایەوە. تا ئێستا هیچ وەڵامێکی دوژمنکارانە لەلایەن چینەوە نەدراوەتەوە، بەڵام ئەمە پرسێکە کە پەکین دەتوانێت لە هەر کاتێکدا ئۆڵتیماتۆمی لەسەر دەربکات.

هەروەها ژاپۆن ئیدیعای دوورگەکانی کوریل "Kuril" دەکات کە دەکەوێتە باکووری هۆکایدۆ "Hokkaido" و لە شەڕی جیهانی دووەمدا یەکێتی سۆڤیەت دەستی بەسەردا گرتن و تا ئێستاش لە ژێر کۆنترۆڵی ڕووسیادایە. ڕووسیا پێی باشە باسی ئەو بابەتە نەکات، بەڵام مشتومڕەکە بە هەر شێوەیەک بێت لە ئاستی ناکۆکییەکانی ژاپۆن لەگەڵ چیندا نییە. تەنیا نزیکەی ١٩ هەزار کەس لە دوورگەکانی کوریل دەژین و سەرەڕای ئەوەی دوورگەکان لە شوێنی ماسیگرتنی باشدا هەڵکەوتوون، بەڵام ناوچەکە هیچ گرنگییەکی

ستراتیژی تایبەتی نییە. ئەم کێشەیە پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و ژاپۆن بە ساردوسڕیی دەهێڵێتەوە، بەڵام لەم دۆخە سەرمایەشدا هەردوو وڵات پرسی دوورگەکانیان بە باشی حەل کردووە.

چین ئەو وڵاتەیە کە خەوی شەوانەی سەرکردایەتی ژاپۆنی لێ تاڵ کردوون و ناچاری کردوون نزیکیی دیپلۆماسی و سەربازی لەگەڵ ئەمریکا بپارێزن. زۆرێک لە ژاپۆنییەکان، بەتایبەتی لە ئۆکیناوا "Okinawa"، نارەزایی خۆیان لە ئامادەبوونی سەربازی ئەمریکا دەربڕیوە، بەڵام هێزگرتنی چین هاوکات لەگەڵ کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی ژاپۆن، ڕنگە دڵنیاکەرەوەی ئەوە بن پەیوەندییەکانی دوای شەڕی نێوان ژاپۆن و ئەمریکا، هەرچەندە لەسەر بنەمایەکی یەکسانیش نەبێت، بەردەوام بمێنێتەوە. ئامارناسانی ژاپۆن ترسیان لەوە هەیە تا ناوەڕاستی ئەم سەدەیە ژمارەی دانیشتووانی بۆ کەمتر لە ١٠٠ ملیۆن کەس نزم بێتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی دانیشتوانی زۆری چین کە زیاتر لە یەک ملیارد و ٣٠٠ ملیۆن مرۆڤە، ژاپۆن لە ناوچەکەدا پێویستی بە هاوڕێی نیزامیی دەبێت.

کەواتە ئەمریکییەکان لە هەردوو وڵاتی کۆریا و ژاپۆن دەمێننەوە. ئەمڕۆ وەک لە ڕێککەوتنە هەواڵگرییەکەی پێشوودا ئاماژەی پێکرا، پەیوەندییەکی سێگۆشەیی لە

نێوانیاندا پێکهاتووە. زۆر شت هەیە کە ژاپۆن و کۆریای باشوور دەتوانن مشتومڕی لەسەر بکەن، بەڵام هەردووکیان دان بەوەدا دەنێن کە ترسی هاوبەشیان لە چین و کۆریای باکوور گەلێک لە کێشەی نێوانیان بەهێزترە.

تەنانەت ئەگەر خۆیان بە چارەسەرکردنی کێشەیەکی وەک کۆریاوە خەریک بکەن، هێشتا پرسی چین وەک خۆی دەمێنێتەوە و ئەوەش مانای ئەوەیە کە ناوگانی حەوتەمی ئەمریکی لە کەنداوی تۆکیۆ و هێزی دەریایی ئەمریکا لەسەر ئۆکیناوا بەردەوام دەمێننەوە بۆ ئەوەی ڕێگاکانی نێوان زەریای هێمن و دەریاکانی چین هێمن کەنەوە.

## بەشی نۆ

## ئەمریکای لاتین

"ئێمە حەز دەکەین ناوی خۆمان بنێین "قورنەی هیوا"... ئەم هیوایە وەک بەڵێنییەکی ئاسمانیی وایە، تاواننامەیەک کە ڕزگارکردنی بەردەوام دوادەخرێت".

پابلۆ نێرودا، شاعیری شیلی و وەرگری خەڵاتی نۆبڵ



ئەمریکای لاتین و بە تایبەت باشوورەکەی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دەتوانرێت زانست و تێکنۆلۆژیای جیهانی کۆن بگەیەنرێتە دۆخێکی نوێ، بەڵام سەرکەوتنەکەی سنووردار دەمێنێتەوە ئەگەر هێزی جوگرافیا دژی بێت و سیاسەت بە هەڵە حوکمی لەسەر بدات. وەک چۆن هێزی جوگرافیا یارمەتی ئەمریکای دا بۆ ئەوەی ببێتە زلهێزێکی گەورەی جیهانی، جوگرافیای بیست ویلایەتی باشووریش گارانتی دەکات لەوەی هیچ کامیان ئەوەندە گەورە نەبن بتوانن بە شێوەیەکی جیددی ڕووبەڕووەوەستانی ئەمریکای باکوور بکەن، یان لە پێکهێنانی یەکیەتیی بۆ ئەو کارە ڕێگرییان لێبکات.

ئەو بەربەستانەی هیزی جوگرافیای ئەمریکای لاتین بۆ پێکهاتنی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی سەپاندوویە، گەلێک بەهێزن. لە ئەمریکا ئەو زەوییانەی لە دانیشتوانی پێشووی ناوچەکان زەوت کرابوون، زۆربەیان فرۆشران یان دابەش کران. لە ئەمریکای لاتین بە پێچەوانەوە سیستەمی جیهانی کۆنی خاوەن زەوی و نۆکەرە بەهێزەکانیان دامەزراند و بوونە هۆی پێکهاتنی نایەکسانی. جگە لەوەش، کۆچەرانی ئورووپی کێشەیەکی دیکەی جوگرافییان دروستکرد کە تا ئێستاش ڕێگری لە زۆرێک لەم وڵاتانە دەکات کە توانایی خۆیان بە تەواوی پەرەپێبدەن: ئەوان لە نزیک کەنارئاوەکان

مانەوە، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە پڕ بوو لە مێشوولە و نەخۆشی (هەروەک لە ئەفریقاش کە دۆخێکی هاوچەشنی هەبوو). بۆیە زۆربەی شارە گەورەکانی ئەم وڵاتانە هەروەها پێتەختەکانیشن، لە نزیک کەنارئاوەکان هەڵکەوتوون و هەموو ڕێگا سەرەکی و ناوخۆییەکانیش پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە پێتەختەکانەوە هەیە نەک پەیوەندیی نێوان یەکتر.

لە هەندێک وڵاتی وەک پیرۆ "Peru" و ئارژانتین "Argentinien" زیاتر لە سەدا ٣٠ی کۆی دانیشتووانیان لە پێتەخت دەژین. کۆلۆنیالیستەکان لە هەر ناوچەیەک سەرنجیان زیاتر لەسەر دەرهێنانی گەنجینە و کانزاکان و گواستنەوەیان بۆ کەنارئاوەکان و دواتر بۆ بازاڕەکانی دەرەوە بوو. تەنانەت دوای سەربەخۆییش، نوخبە کەنارئاوەکان کە زۆرینەیان ئورووپی بوون، نەیانتوانی وەبەرهێنان لە ناوخۆدا بکەن و لەو شوێنانەی ناوەندی دانیشتوانی ناوخۆیی بوو، پەیوەندییەکانیان گەلێک لاواز مایەوە.

لە سەرەتای ئەم دەیەدا، ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی بازرگانی، پرۆفیسۆر و شیکارانی میدیا بە سۆزەوە سەرهەڵدانی "دەیەی ئەمریکای لاتین"یان ڕاگەیاند. هەرچەندە بە دڵنیاییەوە ناوچەکە خاوەنی گەلێک لێهاتوویی و توانایی بەکارنەهێنراوە، بەڵام ئەمە هەرگیز

ئاشکرا نەکرا، چونکە بەردەوام لەگەڵ ئەو چارەنووسەی سروشت و مێژوو پێی بەخشیبوون بەربەرەکانی دەکرا.

مێکزیک گەشە دەکات و دەبێتە زلهێزێکی ناوچەیی، بەڵام هەمیشە بیابانەکانی لە باکوور، شاخەکانی لە ڕۆژهەڵات و لێرەوارەکانی لە باشووریدا دەمیننەوە کە لە ڕووی فیزیکییەوە گەشەی ئابوورییەکەی سنووردار دەکەن. بەرازیل گەییشتۆتە قۆناغی جیهانی، بەڵام ناوچەکانی ناوخۆی وڵاتەکەی لە یەکتر دابڕاو ماونەوە و ئارژانتین و شیلی سەرەڕای دەوڵەمەندیی سامانە سروشتییەکانیان، زۆر دوورتر لە نیویۆرک و واشنگتۆن دەمێننەوە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ پاریس یان لەندەن.

دوای دوو سەد ساڵ لە دەستپێکی خەباتیان بۆ سەربەخۆیی، وڵاتانی ئەمریکای لاتین لە زۆر ڕوانگەوە لەدوای وڵاتانی ئەمریکای باکوور و ئورووپین. کۆی ژمارەی دانیشتووانیان (بە کاریبیک"Karibik"ەوە) زیاتر لە ٦٠٠ ملیۆن کەسە، بەڵام بەرهەمی ناوخۆیی گشتییان لەگەڵ بەرهەمی فەرەنسا و بەریتانیا کە پێکەوە ژمارەی دانیشتووانیان نزیکەی ١٢٥ ملیۆن کەسە، وەک یەکە. دیارە ئەوان لە دوای کۆلۆنیالیزم و سەردەمی کۆیلایەتییەوە ڕێگایەکی دووریان بڕیوە، بەڵام هێشتا ڕێگایەکی دوور و درێژیشیان لە پێشە.

ئەمریکای لاتین لە سنووری نێوان ئەمریکا و مێکزیکەوە دەست پێدەکات و نزیکەی ١٢ هەزار کیلۆمتر لە نێوان ئەمریکای ناوەڕاست و باشوورەوە تا زنجیرە دورگەی"Feuerland" درێژ دەبێتەوە و لە کاپ هۆرن " Kap Hoorn" کۆتایی دێت، ئەو شوێنەی دوو زەریای مەزنی هێمن و ئەتڵەس یەکدەگرنەوە. لە پانترین خاڵی خۆیدا، لە بەرازیل لە ڕۆژهەڵاتەوە تا پیرۆ لە ڕۆژئاوا، ٥ هەزار و ١٥٠ کیلۆمترە. لە ڕۆژئاوا زەریای هێمن، لە ڕۆژهەڵاتەوە کەنداوی مێکزیک و دەریای کاریبیک و زەریای ئەتڵەس هەن. هیچ کام لە کەنارئاوەکانی بەندەری سروشتی ئاوی قووڵیان نییە، ئەمەش هاتوچۆی بازرگانیی لەو ناوچانە گەلێک سنووردار کردووە.

ئەمریکای ناوەڕاست ناوچەیەکی شاخاوییە و دۆڵی قووڵی هەیە، پانییەکەی لە تەسکترین خاڵیدا کەمتر لە ٢٠٠ کیلۆمترە. پاشان هاوتەریب لەگەڵ زەریای هێمن، ئەندێن"Anden" درێژترین زنجیرە چیای جیهانە و بەرزاییەکەی نیزیکەی ٧٥٠٠ کیلۆمەتر دەبێت. بە درێژایی تەواوی ناوچەکە بەفر داپۆشیوە و تا ڕادەیەکی زۆر تێپەڕین لێی گەلێک دژوارە، بە شێوەیەک کە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای قورنەکەی لە ڕۆژهەڵات دابڕیوە. هەروەها بەرزترین خاڵ لە نیوەگۆی ڕۆژئاوا، ئاکۆنکاگوا

"Aconcagua"یە بە بەرزیی ٦٩٦٢ متر. ئەو ئاوەی لە زنجیرە شاخەکانەوە دێتە خوارەوە، سەرچاوەی کارەبا بۆ وڵاتانی شیلی، پیرۆ، ئیکوادۆر، کۆڵۆمبیا و ڤەنزوێلا دابین دەکات. لە کۆتاییدا زەوییەکە تەختتر دەبێتەوە، سەهۆڵبەندان و دارستانەکان دەردەکەون و دەگەینە دوورگەکانی شیلی و نووکی باشووری وڵاتەکە. بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەمریکای لاتین وڵاتی بەرازیل و ئەمازۆنی تێدا هەڵکەوتووە، کە دووەم ڕووباری درێژی جیهانە لە دوای ڕووباری نیل.

لە نێو ئەو شتە کەمانەی ئەم وڵاتانە هاوبەشین، زمانە لاتینییەکەیانە. زمانی ئیسپانی لە زۆربەی وڵاتان ئاخافتنی پێ دەکرێت، بەڵام لە بەرازیل زمانی پورتوگالیی، لە گویانا "Guyana" فەرەنسییە. ئەم نزیکییە زمانەوانییە جیاوازیی قورنەکە کە بەسەر پێنج ناوچەی جیاوازی کەشوهەوادا دابەش بووە، دەشارێتەوە. زەوی تاڕادەیەک تەختی ڕۆژهەڵاتی شاخەکانی ئاندن "Anden" و کەشوهەوای مامناوەندیی یەک لە سێی خوارەوەی ئەمریکای باشوور کە بە گۆچکەی باشوور ناسراوە، جیاوازییەکی بەرچاویان لەگەڵ شاخ و لێرەوارەکانی باکوور هەیە، ئەمەش تێچووی چاندن و بیناسازی لەو ناوچەیە کەم دەکاتەوە، و وایکردووە ئەم ناوچانە پڕقازانجترین ناوچە بێت لە تەواوی قورنەکەدا- لە کاتێکدا بەرازیل، هەر وەک دەیبینین، بۆ

ئەوەی تەنانەت بەرهەمەکان لە نێوان ناوچە ناوخۆییەکانی خۆیدا بۆ بازاڕەکان بگوازێتەوە، کێشەی هەیە.

ئەکادیمیی و ڕۆژنامەنووسان حەز دەکەن بنووسن قورنەکە لەسەر "دوو ڕێیان"وەستاوە، واتە بەو مانایە لە لێواری دەستپێکردنی داهاتوویەکی مەزن دایە. من پێم باشترە بڵێم، لە ڕوانگەی جوگرافییەوە، لەسەر دوو ڕێیان نەوەستاوە، بەڵکوو لەو شوێنەدایە کە ڕێوی و کەروێشک شەو باش بە یەکتر دەڵێن. زۆر شت لە سەرانسەری ئەم خاکە فراوانەدا ڕوودەدات، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە زۆربەیان دوور لە یەکتر ڕوودەدەن.[ لە کاتێکدا زۆر شت لەم فەزایەدا ڕوودەدات، لە ڕوانگەی ناوەندە جیهانییەکانی دەسەڵاتەوە، هەمووی "لە لێواری جیهاندایە"- دوور لەو شوێنانەی کە سیاسەت و دۆخی ئابووری نێودەوڵەتی بە پلەی یەکەم بەرێوەدەچێت. شوانە] ڕەنگە ئەمە وەک ڕوانگەیەکی نیوەگۆی باکوور دەرکەوێت، بەڵام ڕوانگەی زلهێزە گەورە ئابووری، سیاسی، سەربازی و دیپلۆماسییەکانیشە.

سەرەڕای دابڕانیان لە ناوەندە سەرەکییەکانی دانیشتوانی مێژووی جیهان، نزیکەی ١٥ هەزار ساڵە لە باشووری سنووری ئێستای نێوان مێکزیک و ئەمریکا مرۆڤی لێ دەژین.

پێدەچێت لە ڕووسیاوە هاتبن و بە پێ شەقامی بێرینگ[٢٢] "Beringstraße"یان لە سەردەمێکدا کە هێشتا پردێکی وشکانی بووە، بڕبێت. مرۆڤی نیشتەجێبووی ئەمڕۆ تێکەڵەیەک لە ئورووپی - ئەفریقی و هۆزە ڕەسەنەکان و مێستیزۆکانن "Mestizen"، کە لە ڕەچەڵەکی ئورووپی و ئەمریکییەوە هاتوون.

ئەم تێکەڵاوییە دەگەڕێتەوە بۆ پەیمانی تۆردێسیلا "Tordesillas" کە لە نێوان ئیسپانیا و پورتوگال لە ساڵی ١٤٩٤ بەسترا، و نموونەیەکی بەرچاوە لەسەر ئەوەی کۆلۆنیالیستە ئورووپییەکان لەخۆوە و لە گۆترە هێڵیان لەسەر نەخشەی ناوچە دوورەکان کێشاوە کە زانیارییەکی کەمیان لەبارەیەوە هەبووە یان لەم حاڵەتەدا هیچ زانیارییەکیان لەسەری نەبووە. لە کاتێکدا بۆ گەڕان بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشتوون، دوو زلهێزی دەریایی گەورەی ئورووپا ڕێککەوتوون هەر زەوییەک لە دەرەوەی ئورووپا بدۆزرێتەوە لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن. پاپای کلیساش بەم کارە ڕازی بووە. ڕووداوەکانیتریش چیرۆکێکی گەلێک خەمباریان هەیە، لە درێژەی ئەو چیرۆکەدا زۆرینەی ڕەهای دانیشتوانی

[٢٢] شەقامی بێرینگ گەرووی نێوان قوڕنەکانی ئاسیا و ئەمریکایە. ئەم گەرووە زەریای جەمسەری باکوور بە زەریای هێمن دەبەستێتەوە. وەک دەریای بێرینگ لە باشووری خۆیەوە، ناوی لە کەشتیی دانیمارکی ڤیتۆس بێرینگەوە وەرگرتووە، کە لە ساڵی ١٧٢٨دا وەک ئەفسەرێکی دەریایی لە خزمەت ڕووسیادا بە کەشتی بەناو گەرووەکەدا تێپەڕیوە.

ڕەسەنی ئەو شوێنانەی ئێستا ئەمریکای باشوور پێکدەهێنن، سڕدرانەوە.

بزووتنەوەی سەربەخۆ لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی پێکرد و لەلایەن سیمۆن بۆلیڤار "Simón Bolívar" لە ڤەنزوێلا و خۆسێ دی سان مارتین "José de San Martín" لە ئارژانتین سەرکردایەتی دەکرا. بە تایبەتی بۆلیڤار خۆی لە هۆشیاریی بەکۆمەڵی ئەمریکای باشووردا گرێدابوو: بۆلیڤیا لەسەر ڕێزدانان بۆ ئەو ناونراوە و وڵاتە چەپەکانی قوڕنەکەش تا ڕادەیەک بە ئایدۆلۆژیای "بۆلیڤاری" دژە ئەمریکی، یەکیان گرتووە. ئەمە تێکەڵەیەکی بیرۆکەی دژە کۆلۆنیالیزم/لایەنگریی سۆسیالیستییە کە زۆرجار بەرەو ناسیۆنالیزم دەڕوات کاتێک لەگەڵ ئەو سیاسەتمەدارانەدا بگونجێت کە نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزم دەکەن. لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا زۆرێک لە وڵاتانی تازە سەربەخۆ یان لە ڕێگەی شەڕی ناوخۆیی یان ناکۆکی سنوورەکانەوە، لەیەکتر جیابوونەوە، بەڵام تا کۆتایی سەدەکە سنووری دەوڵەتە جیاوازەکان تا ڕادەیەکی زۆر وەک خۆی مایەوە. سێ وڵاتی دەوڵەمەندتر – بەرازیل، ئارژانتین و شیلی – ئێستا دەستیان بە پێشبڕکێیەکی وێرانکەر و گرانبەهای چەکی دەریایی کردووە کە هەر سێ وڵاتەکەیان لە گەشەسەندنیاندا دواخستووە. ناکۆکییە

سنوورییەکان لە سەرانسەری قوڕنەکەدا بەردەوامە، بەڵام سەقامگیرکردنی دیموکراسی بەو مانایەیە کە زۆربەیان چەقبەستوون یان لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە خەریکی چارەسەر کردنن.

پەیوەندیی نێوان بۆلیڤیا و شیلی بە تایبەتی گرژە، مێژووەکەی نێوانیان دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی زەریای هێمن لە ساڵی ١٨٧٩، کە تیایدا بۆلیڤیا بەشێکی زۆری خاکەکەی واتە ٤٠٠ کیلۆمتر هێڵی کەنار دەریاکانی لەدەستدا - و وایکرد کە وڵاتەکە لە زەریا دابڕێت. بۆلیڤیا هەرگیز دوای ئەم زیانە خۆی نەگرتەوە، ئەمەش تا ڕادەیەک ڕوونی دەکاتەوە بۆچی بۆلیڤیا یەکێکە لە هەژارترین وڵاتانی ئەمریکای لاتین. ئەمەش لە بەرامبەردا درزی نێوان دانیشتوانی ناوچە نزمەکان کە زۆرینەیان ئوروووپین، هەروەهاخەڵکی ڕەسەنی بەرزاییەکانی، گەورەتر کردۆتەوە.

کات نە برینی نێوانیانی سارێژ کردووە و نە برینی نێوان دەوڵەتەکان. بۆلیڤیا خاوەنی سێیەم سەرچاوەی گەورەی گازی سروشتییە لە ئەمریکای باشوور، بەڵام گازەکەی بە شیلی نافرۆشێت، کە پێویستی بە دابینکەرێکی متمانەپێکراو هەیە. دوو سەرۆکی بۆلیڤیا کە ڕەخنەیان لەو بیرۆکەیە گرتبوو، پۆستەکەیان لەدەستداوە. سەرۆکی کاتیی ئیڤۆ مۆرالێس "Evo Morales" سیاسەتی "گاز بۆ شیلی"ی لە

بەرنامەدا هەیە، بەڵام بریتییە لە بازرگانیکردن بە "گاز لە بەرمبەر ناوچەیەکی کەناری دەریا"، کە شیلی سەرەڕای پێویستی حەیاتی بە وزە، ڕەتی کردۆتەوە. شانازی نەتەوەیی و پێویستی جوگرافی بەسەر سازانێکی دیپلۆماسی لە هەردوولادا سەرکەوتوون.

ململانێیەکی دیکە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم، پەیوەندیی بە سنووری نێوان خاکی بەریتانیای بیلیز"Belize" و گواتیمالا"Guatemala"ی دراوسێیەوە هەیە. لێرەشدا کێشە لەسەر کێشانی هێڵەکانە، تەواو وەک ئەوانەی لە ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بینیمان و لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کێشرابوون. گواتیمالا ئیدیعای ئەوە دەکات کە بیلیز بەشێکە لە خاکی سەروەریی خۆی، بەڵام بە پێچەوانەی بۆلیڤیا ئامادە نییە ئەو پرسە بخاتە ڕوو. شیلی و ئارژانتین لەسەر کاناڵی بیگل "Beagle" دەمەقاڵەیان هەیە، ڤەنزوێلا ئیدیعای نیوەی گویانا "Guyana" دەکات، ئیکوادۆریش ئیدیعای دێرینی لە دژی پیرۆ هەیە. ئەم دوایین وڵاتانە یەکێکن لە ناکۆکی جددیتر لە قورنەکەدا کە کێشەی خاکیان هەیە و لە ماوەی ٧٥ ساڵی ڕابردوودا سێ شەڕی سنووریی لێکەوتەوە کە دوایینیان لە ساڵی ١٩٩٥ ڕوویدا، بەڵام لێرەشدا سەرهەڵدانی دیموکراسی گرژییەکانی تا ڕادەیەک کەمکردووەتەوە.

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، ئەمریکای ناوەڕاست و ئەمریکای باشوور گۆڕەپانی شەڕی سارد بوون، کە کودەتا و دیکتاتۆریی سەربازی و پێشێلکاریی بەرچاوی مافی مرۆڤی لێکەوتەوە، وەک لە نیکاراگوا. کۆتایی هاتنی شەڕی سارد وایکرد زۆرێک لە دەوڵەتەکان بەرەو دیموکراسی هەنگاو بنێن و بە بەراورد لەگەڵ سەدەی بیستەم، ئێستا پەیوەندییەکانی نێوانیان تاڕادەیەک سەقامگیرتر ببێتەوە.

خەڵکی ئەمریکای لاتین، یان لانیکەم ئەوانەی باشووری پاناما، بە شێوەیەکی سەرەکی لە کەناراوەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، یان نزیک ئەو شوێنانە دەژین، لە کاتێکدا ناوچەکانی ناوەوە و باشوور کە کەشوهەوای سارد و سەهۆڵاوی هەیە، دانیشتووانی زۆر کەمن. لە ڕووی دیمۆگرافیی یاخود ڕادەی نیشتەجێبوونەوە، ئەمریکای باشوور قورنەیەکی تاڕادەیەک خاڵی لە مرۆڤە. ئەم دۆخە کەمتر بۆ ئەمریکای ناوەڕاست و بەتایبەتی مێکزیک دەگونجێ کە ژمارەی دانیشتووانەکەیان بە یەکسانی بەسەر ناوچەکاندا دابەش بووە. بەڵام بە تایبەتی مێکزیک زەوییەکی گەلێک کێشەداری هەیە، ئەمەش هیوا، تامەزرۆیی  و سیاسەتی دەرەوەی سنووردار کردووە.

له باکوورەوە مێکزیک سنوورێکی هاوبەشی لەگەڵ ئەمریکا هەیە کە درێژییەکەی ٣٢٠٠ کیلۆمترە، و زۆربەی ئەم سنوورە تەواو بە بیابانەکاندا تێدەپەڕێت. خاکی ئەوێ ئەوەندە بێ بەرهەمە کە بۆ شوێنی ژیانی مرۆڤ گونجاو نییە. تەنیا وەک ناوچەیەکی پارێزەر لە نێوان مێکزیک و دراوسێ مەزنەکەی لە باکوور کاردەکات - هەرچەندە بەهۆی جیاوازیی تێکنۆلۆژیایی، ئەم هێڵە پارێزەرە بۆ ئەمریکییەکان سوودی زیاتری هەیە تا مێکزیکییەکان. لە ڕووی سەربازییەوە تەنیا هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا توانیویانە دەستدرێژی بکەنە ناوچەکە؛ هەر هێزێک لە ئاراستەی پێچەوانەوە هاتبێتە ئەو ناوە، لەناو دەچێت. ئەم سنوورە وەک بەربەستێک لەبەردەم چوونە ژوورەوەی نایاسایی بۆ ئەمریکا، یارمەتیدەرە، بەڵام پرسی سەرەکی ئەوەیە کە ناوچەکە ڕەنگە لە ڕووی سەربازییەوە پارێزراو بێ بەڵام لە ڕووی سیاسەتی کۆچەرییەوە ناپارێزراوە – کێشەیەک کە ئەمریکا دەبێت چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

هەموو مێکزیکییەکان دەزانن پێش شەڕی ١٨٤٦-١٨٤٨ لەگەڵ ئەمریکا، ئەو خاکانەی کە ئێستا تێکزاس، کالیفۆرنیا، نیو مێکزیکۆ و ئەریزۆنا پێکدەهێنن بەشێک بوون لە خاکی مێکزیک. ئەو شەڕ و ململانێیە بووە هۆی ئەوەی مێکزیک ناچار کرا نیوەی خاکەکەی بداتە دەست ئەمریکا. بەڵام

هیچ بزووتنەوەیەکی سیاسی جیددی بۆ وەرگرتنەوەی خاکەکە بەڕێوە نەچووە، هەروەها هیچ ناکۆکییەکی توندی سنووریش لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا ڕووی نەداوە. لە سەدەی بیستەمدا بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر پارچە زەوییەکی بچووک دوای ئەوەی ڕیۆ گراندە "Rio Grande" لە ساڵانی ١٨٥٠دا ڕێڕەوی خۆی گۆڕی، ململانێیان دروستکرد بەڵام لە ساڵی ١٩٦٧ هەردوولا لەسەر ئەوەی ئەو خاکە بە شێوەیەکی یاسایی سەر بە مێکزیک بێت، ڕێککەوتن.

تا ناوەڕاستی سەدەی بیست و یەکەم، پێدەچێت لاتیۆنس "Latinos" گەورەترین گرووپی نەتەوەیی لە چوار ویلایەتی ئەمریکا مابنەوە کە لە سەرەوە باسمان کرد و زۆربەیان بە ڕەچەڵەک لە مێکزیکەوە سەرچاوەیەن گرتووە. لە کاتێکدا ڕەنگە بزووتنەوەی سیاسی "ئیسپانی زمان"، لە هەردوو دیوی سنوورەکەدا سەرهەڵبدەن و داوای یەکگرتنەوە بکەن، بەڵام ئەم داواکارییە بەهۆی ئەو ڕاستییەوە هێور کراوەتەوە کە زۆرێک لە لاتینییەکانی ئەمریکا "US-Latinos " ڕەگ و ڕیشەی مێکزیکییان نییە و بە ئەگەرێکی زۆرەوە مێکزیک شتێکی ئەوتۆی نییە پێشکەشی ئەو مرۆڤانەی بکات کە لەگەڵ ئاستی ژیانی ئەمریکادا بگونجێت. حکومەتی مێکزیک تەنانەت بۆ کۆنترۆڵکردنی خاکی خۆی کێشەی هەیە - پێناچێت بتوانێت لە

داهاتوویەکی نزیکدا زۆر زیاتر لەوە هەڵسوکەوت بکات. مێکزیک مەحکومە کە لە سایەی ئەمریکادا بژی و هەر بۆیە هەمیشە لە پەیوەندییە دووقۆڵییەکاندا ڕۆڵی لاوەکی دەگێڕێت. هیچ هێزێکی دەریایی نییە کە توانایی پاراستنی کەنداوی مێکزیک یان پێشڕەویکردن بۆ ناو زەریای ئەتڵەسی هەبێت، بەم شێوەیەش بۆ دڵنیابوون لەوەی ڕێڕەوی دەریایی بە کراوەیی و پارێزراوی بمێنێتەوە، پشت بە هێزی دەریایی ئەمریکاوە دەبەستێت.

کۆمپانیای تایبەتی هەردوو وڵات لە سنووری باشووری وڵاتەکە بۆ کەمکردنەوەی تێچووی کار و گواستنەوە، کارخانەیان دروستکردووە، بەڵام ناوچەکە هەر وەک پێشووش بە ناوچەیەکی گوماناویی دادەنرێ و وەک ناوچەی پارێزەر دەمێنێتەوە کە زۆرێک لە هەژارانی ئەمریکای لاتین لە ڕێگەیەوە بە شێوەیەکی یاسایی یان نایاسایی، بۆ ئەوەی بگەنە ئەو زەوییە بەڵێندراوەی باکوور، لێیەوە تێدەپەڕن.

سیرا مادری ئۆکسیدەنتال "Sierra Madre Occidental" و سیرا مادری ئۆریێنتاڵ "Sierra Madre Oriental" گەورەترین زنجیرە چیای مێکزیکن و بەسەر ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەدا زاڵن. لە نێوانیاندا فەلاتێک و لە باشوورەوە لە دۆڵی مێکزیک پێتەختی مێکزیکۆ سیتی هەڵکەوتووە. ئەم

شاره نزیکەی ٢٠ ملیۆن دانیشتووی هەیە و یەکێکە لە شارە گەورەکانی جیهان.

لە ڕۆژئاوا خاکی بناری شاخەکان و دۆڵەکان گەلێک خراپە و ڕووبارەکان سوودێکی کەمیان بۆ گواستنەوەی کاڵا بۆ ناو بازاڕەکان هەیە. لە ڕۆژهەڵات زەوی تا ڕادەیەک بەپیترە، بەڵام زەوی گەلێک نارێک و پێک ڕێگری لە گەشەکردنی مێکزیک بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت دەکەن. لە باشووریش سنووری هاوبەشی لەگەڵ بیلیز و گواتیمالا هەیە. مێکزیک تامەزرۆیی کەمی هەیە خۆی بەرەو باشوور بەربڵاو کاتەوە، چونکە زەوی لەوێ بە خێرایی بەرەو بەرزایی دەڕوات و چەشنە زەوییەکی شاخاوییە کە دەستبەسەرداگرتن و کۆنترۆڵکردنی گەلێک ئەستەمە. ئاوەدانکردنەوەی ئەم خاکانە بەهرەیەکی ئەوتۆی بۆ وڵاتی مێکزیک نییە. هەروەها لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە هیچ ئیدیعایەکی ئەرزی نییە و زیاتر خۆیان لەسەر پەرەپێدانی پیشەسازی نەوت و دۆزینەوەی وەبەرهێنەری دەوڵەمەند بۆ دانانی کارخانەی زیاتر چڕ کردۆتەوە. جگە لەوەش، مێکزیک جیا لە خۆ خەریککردن بە ڕووداوە بیانییەکەن کێشەی ناوخۆیی ئەوەندەی هەیە کە دەتوانێت ماوەیەکی زۆر خۆی پێیانەوە خەریک بکات - ڕەنگە گەورەترینیان

ڕۆڵی خۆی بێت لە تێرکردنی برسێتی تێرنەکراوی ئەمریکییەکان بۆ ماکە هۆشبەرەکان.

سنووری مێکزیک هەمیشە پەناگەیەک بووە بۆ قاچاخچییەکان، بەڵام هەرگیز هێندە زۆر نەبووە وەک بیست ساڵی ڕابردوو. ئەمەش دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی سیاسەتەکانی حکومەتی ئەمریکایە لە کۆڵۆمبیا کە ٢٥٠٠ کیلۆمتر لە باشوورەوە دوورە.

سەرۆک نیکسۆن یەکەم کەس بوو کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا "شەڕی دژی ماکە هۆشبەرەکان"ی ڕاگەیاند، کە وەک "شەڕ دژی تیرۆر"، دۆخێکی تا ڕادەیەک ناڕوونە و هیچکام لە لایەنەکان تێیدا سەرکەوتوو نەبوون. پاشان لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان، واشنگتۆن ڕاستەوخۆ دژی کارتێلەکانی ماکە هۆشبەرەکانی کۆڵۆمبیا کەوتە شەڕەوە. بە پشتیوانی فەرمی حکومەتی کۆڵۆمبیا، زۆرێک لە ڕێگا ئاسمانی و دەریاییەکان بۆ گواستنەوەی ماکە هۆشبەرەکان لە کۆڵۆمبیا بۆ ئەمریکا داخراون.

کارتێلەکان هەڵسوکەوتیان نیشان دا و چەند ڕێگای وشکانییان لە ئەمریکای ناوەڕاست و مێکزیکەوە بۆ باشووری ڕۆژئاوای ئەمریکا دۆزییەوە. ئەمەش بە نۆبەی خۆی بووە هۆی ئەوەی باندەکانی ماکەی هۆشبەری

مێکزیکیش هەڵسوکەوت بگرن و بەرهەمەکانی خۆیان لەو ڕێگایانەوە پێشکەش بکەن. ئەم گرێبەستە چەند ملیارد دۆلارییە بووە هۆی شەڕی ناوخۆیی، پاشان باندە سەرکەوتووەکان دەسەڵات و پارە تازە دۆزراوەکانیان بەکارهێنا بۆ دزەکردن و بەرتیلدان بە پۆلیس و سوپای مێکزیک هەروەها دەستڕاگەیشتن بە نوخبەی سیاسی و ئابووریی وڵات.

لێرەدا ئەم کارە هاوتەرییەکی لەگەڵ بازرگانی هێرۆین لە ئەفغانستاندا هەیە. زۆرێک لە جووتیارانی خەشخاشی ئەفغانستان بۆ هەڵسوکەوت لە هەنبەر ناتۆ بۆ لەناوبردنی بژێوی نەریتی خۆیان، یان بە هەڵگرتنی چەک یان بە پشتیوانی لە تاڵیبان وەڵامیان دایەوە. ڕەنگە سیاسەتی حکومەت بێت "شەڕ دژی ماکە هۆشبەرەکان"ی ڕاگەیاندبێت، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ڕێنماییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی پەیڕەو دەکرێن، کە لەلایەن سەرکردەی ماکە هۆشبەرەکانی ئەفغانستانەوە دەستیان بەسەرداگیراوە. لە مێکزیکیش دۆخەکە بە هەمان شێوەیە.

تەنانەت لە ڕابردووشدا حکومەتەکانی مێکزیکۆ سیتی دەستێکی پتەویان بەسەر وڵاتەکەدا نەبوو. ئێستاش نەیارەکانیان، کارتێلەکانی ماکە هۆشبەرەکان، باڵی نیمچە سەربازییان هەیە کە بە شێوەی هێزی چەکداری دەوڵەت

چەکیان پێیە، زۆرجاریش مووچەیان باشترە، پاڵنەرێکی بەرزتریان هەیە و لە چەند ناوچەیەکدا لەلایەن بەشێک لە خەڵکەوە وەک خاوەنکار سەیر دەکرێن و ڕێزیان لێدەگیرێ. ئەو قازانجە زۆرەی ئێستا باندەکان بەدەستی دەهێنن لە سەرانسەری وڵاتدا دەسوڕێنەوە و تاڕادەیەکی زۆر لە ڕێگەی ئەو مامڵانەوە کە وێدەچێت یاساییش نەبن، شوشتنی پارە بەڕێوەدەچێ.

ڕێڕەوی دابینکردنی ماکە هۆشبەرەکان بە توندی جێگیر بووە و کەم نیشانە هەیە کە داواکاریی ئەم ماکانە لە ئەمریکا کەم بێتەوە. هەموو حکومەتەکانی مێکزیک هەوڵدەدەن لە بەرەی دراوسێ بەهێزەکەیاندا بمێننەوە و لەژێر گوشاری ئەمریکادا "شەڕی زەرگەڕیی خۆیان دژی ماکە هۆشبەرەکان" بەڕێوەبەرن. بەڵام دیارە ئەمە خۆی لەخۆیدا دژایەتییەک زیاتر نییە. مێکزیک بژێوی ژیانی خۆی بە دابینکردنی ماکەی هۆشبەر بۆ ئەمریکا دابین دەکات و تا ئەو کاتەی ئەمریکییەکان ئەم ماکەیەیان لێ بکڕن و بەکاربهێنن، مێکزیکییەکان لە دابینکردنی بەردەوام دەبن - ئاخر بیرۆکەی بازرگانی ئەوەیە شتگەلێک بەرهەمبهێنرێت کە دروستکردنی هەرزان بێت و بە نرخێک بە بەکاربەری بفرۆشی کە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ بازاڕە یاساییەکان گەلێک بەرزتر بێت. بەبێ ماکە هۆشبەرەکان وڵاتەکە لەوە

هەژارتر دەبوو کە ئێستا هەیە، چونکە ژمارێکی زۆر پارەی بیانی نەدەهاتە ناو وڵاتەکە. لەگەڵ ماکە هۆشبەرەکاندا، توندوتیژیش لەوەی کە هەیە زیاتر بۆتەوە. ئەمەش هەندێک وڵاتانی باشووری مێکزیکیش دەگرێتەوە.

تێکنۆلۆژیای مۆدێرن بۆ چینییەکانی گونجاو دەکات بتوانن تەنیا لەڕووی چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر وێنەی ماهوارەدا بزانن ئەم زەوییە تەسکە چ دەرفەتێکی بازرگانی پێشکەش بە مرۆڤ دەکات. لە ساڵی ١٥١٣دا، ڤاسکۆ نونیز دی بالبۆا "Vasco Núñez de Balboa" پشکێنەر و جیهانگەڕی ئیسپانی ناچار بوو بە کەشتی بەسەر زەریای ئەتڵەسیدا تێپەڕێت و لە شوێنێکی پانەما لەنگەر بگرێت و بەناو جەنگەڵەکان و بەسەر شاخەکاندا تێپەڕێت پێش ئەوەی زەریایەکی دیکەی مەزن لەبەردەمی قوت بێتەوە – واتە زەریای هێمن. سوودەکانی بەستنەوەی ئەو دوو زەریایە گەلێک دیار بوو، بەڵام ٤٠١ ساڵ کاتی پێویست بوو تا تێکنۆلۆژیا بتوانێت خۆی لەگەڵ هێزی جوگرافیادا بگونجێت. کاناڵی پاناما کە دواتر دروستکراوە و درێژییەکەی ٨٠ کیلۆمترە و لە ژێر کۆنترۆڵی ئەمریکادایە، لە ساڵی ١٩١٤ کرایەوە و گەشتەکەی لە زەریای ئەتڵەسیەوە بۆ زەریای هێمن بە بڕی ٨ هەزار مایلی دەریایی کورتکردەوە

و بووە هۆی گەشەسەندنی ئابووریی لە ناوچە و دەوروبەری کاناڵەکەدا.




لە ئەمریکای ناوەڕاست پێشبینی دەکرێت گۆڕانکاریی زۆر لەو ناوچانەدا ڕوودات کە وەبەرهێنانی چینی تێدا دەکرێت، نموونەیەکیان دروستکردنی کاناڵی گەورەی نیکاراگوایە.

کاناڵەکە لە ساڵی ١٩٩٩ەوە لەژێر کۆنترۆڵی پانامادایە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بە ڕێڕەوێکی ئاوی نێودەوڵەتی بێلایەن دادەنرێت کە لەلایەن هێزەکانی دەریایی ئەمریکا و پاناما پارێزراوە. هەروەها کێشەیەکیش لەوێدا هەیە – دیارە لە ڕوانگەی چینییەکانەوە.

پاناما و ئەمریکا هاوڕێن - لە ڕاستیدا ئەوەندە هاوڕێی باشن کە ڤەنزوێلا لە ساڵی ٢٠١٤ پانامای بە " ئەمریکی

لاکی(US-Lakai)"[23] ناوبرد و بۆ ماوەیەکی کورتخایەن پەیوەندیی نێوانیان پچڕا. بەڵام زانینی ئەوەی ئەمریکا گرنگترین هاوبەشی بازرگانی ڤەنزوێلایە و نزیکەی لەسەدا ١٠ی هاوردەکردنی نەوتی ئەمریکا لە ڤەنزوێلاوە دێت، کاریگەریی ئەم چەشن رێتۆریک یاخود زمانەوانییە لە وڵاتێکەوە کە شۆڕشی بۆلیڤارییەکەی "Bolivari" تادێت زاڵ دەبێت، لاواز دەکات. ئەگەری ئەوە هەیە ڕێککەوتنی وزەی نێوان ئەو دوو وڵاتە تێکبچێتەوە ئەگەر شۆڕشی فراکینگی "Fracking-Revolution" ئەمریکا دەستی پێبکات، بەڵام پەکین دڵخۆش دەبێت بە هاوردەکردنی نەوتی ڤەنزوێلا و بیر لەوە دەکاتەوە کە چلۆن نەوتی ڤەنزوێلا بگەیەنێتە وڵاتەکەی بەبێ ئەوەی پێویست بکات لە ڕێگەی پاناماوە تێپەڕ بێت.

چین، وەک لە بەشی دووەمدا بینیمان، پلانی هەیە ببێتە زلهێزێکی جیهانی و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، دەبێت ڕێگا دەریاییەکان بۆ بازرگانی و هێزی دەریایی بە کراوەیی بهێڵێتەوە. ڕەنگە کاناڵی پاناما ڕێڕەوێکی بێلایەن بێت، بەڵام لە کۆتاییدا تێپەڕبوونی پەیوەستە بە نیازپاکیی ئەمریکاوە. کەواتە بۆچی چەند بلۆکێک دوورتر لە نیکاراگوا کاناڵێکی

[23] لاکی ئاماژە بۆ خزمەتکارێکی مووچەخۆرە و بە کارمەندێکی مل کەچ و ژێر فەرمان دەوترێت.

تایبەت بە خۆی دروست نەکات؟ چونکە ٥٠ ملیارد دۆلار بۆ زلهێزێکی گەشەسەندوو، پارەیەکی ئەوتۆ نییە؟

پڕۆژەی کانالی گەورەی نیکاراگوا لەلایەن بازرگانێکی هۆنگ کۆنگییەوە بە ناوی وانگ جینگ "Wang Jing" پشتیوانی دەکرێت. پارەیەکی زۆری لە ڕێگای پەیوەندییەکان بەدەستهێناوە، بەڵام هیچ ئەزموونێکی لە زانستی ئەندازیاریدا نییە، چ جای بەڕێوەبردنی یەکێک لە گەورەترین پڕۆژەکانی بیناسازی لە مێژووی جیهاندا. دیارە بەڕێز وانگ بە توندی جەخت لەوە دەکاتەوە کە حکومەتی چین لەم پڕۆژەیەدا بەشدار نییە. بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی کولتوری بازرگانی چین و بڕیاردانی حکومەتەکەی لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا، ئەمە شتێکی نائاساییە.

تێچووی ٥٠ ملیارد دۆلاری مەزەندەکراوی پڕۆژەکە کە بڕیارە لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٢٠دا تەواو بێت، چوار هێندەی تەواوی بەرهەمی ئابووری نیکاراگوایە و تەرخانکردنی ئەم سەرمایەیە بەشێکە لە وەبەرهێنانە گەورەکەی چین لە ئەمریکای لاتین، کە بە هێمنیی بەڵام بە دڵنیاییەوە مەترسی بۆ ئەمریکا وەک هاوبەشی بازرگانی سەرەکی ناوچەکە پێکدێنێت. تا ئێستا ڕوون نییە لە ڕووی داراییەوە کێ بەڕاستی پشتگیریی لە بەڕێز وانگ دەکات، بەڵام دانیال ئۆرتیگا "Daniel Ortega" سەرۆکی نیکاراگوا بە

ئامادەییەوە بەو پلانەوە پابەند بووە و نیگەرانییەکی کەم لە خۆی بۆ زیاتر لە ٣٠ هەزار کەس کە پێدەچێت بەهۆی پرۆژەکەوە ناچار بە کۆچ بکرین نیشان نادات.

شۆڕشگێڕی پێشووی حیزبی سۆسیالیستی ساندینیست ڕووبەڕووی ئەو تۆمەتە بۆتەوە کە لایەنگریی کاپیتالیستیی گەورە دەکات. بە تەمان کانالێک لێبدەن کە وڵاتەکە لێکداەبڕێت، شەش شارەوانیش بەهۆی کانالەکەوە دابەش دەکرێن. بە درێژایی تەواوی کانالەکە تەنیا پردێک پلانی بۆ دانراوە. بۆ ئۆرتێگا "Ortega" دەبێت گەلێک ڕوون بێت کە مەترسی چاندنی ناتەبایی و کێشەی دووبەرەیی لەسەرە، بەڵام ئارگومێنتەکەی ئەوەیە: "پرۆژەکە دووەم وڵاتی هەژاری نیوەگۆی ڕۆژئاوا دەیان هەزار هەلی کاریی، هەروەها وەبەرهێنان و داهاتی حکومەت کە زۆر پێویستە، گونجاو دەکات."

بڕیارە کانالی نیکاراگوا درێژتر و، پرۆژەیەکی گرنگتر بێت، بە شێوەیەکی بەرچاو بەربڵاو و قووڵتر بێت لە کانالی پاناما، ئەمەش ڕێگە بۆ تانکێر و کەشتییە کۆنتێنە گەورەکان خۆش دەکات لێیەوە تێپەڕێن - لەبیرمان نەچێت کەشتییە دەریاییە گەورەکانی چینێش دەبێ لەوێوە تێپەڕن. ڕێگاکە ڕاستەوخۆ لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا دەڕوات، لە کاتێکدا کانالی پاناما لە ڕاستیدا لە باکوورەوە بۆ باشوور دەڕوات.

بڕیارە بەشی ناوەندیی لە ڕێگەی دەریاچەی نیکاراگواوە هەڵکەندرێت و چالاکوانانی ژینگەپارێزی لە ئەگەری پیسبوونی گەورەترین دەریاچەی ئاوی شیرینی ئەمریکای لاتین ووشیار کردۆتەوە.

بەو پێیەی کانالی پاناما کە تەنیا چەند سەد کیلۆمترێک لە باشوورەوە دوورە، گەورەتر دەکرێتەوە، ڕەخنەگەران پرسیار دەکەن وەشانی نیکاراگوا بۆچی پێویستە. چین کۆنترۆڵی یەک لە کانالەکان دەکات کە دەکرێ کەشتییە گەورەکانی تێدا جێگیر بکات، ئەمەش خۆی یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەردەوامبوونی دۆخی ئابووریی لەسەر ئاستێک کە تەنیا چین توانایی ئەوەی هەیە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا کانالی نیکاراگوا لە داهاتوودا بە قازانج دەبێت - ڕەنگە دەیان ساڵ بخایەنێت تا بگاتە قازانج - بەڵام وادیارە ئەمە بە ڕوونی پڕۆژەیەکە کە زیاتر پەیوەندیی بە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی چینەوە هەیە نەک قازانجی بازرگانی.

نەخشاندنی پەیوەندیی نێوان دوو ئۆقیانوس لە ڕێگەی دەوڵەتێکی نەتەوەییەوە ناودارترین وەبەرهێنانی چینییە لە ئەمریکای لاتین. ئێمە خوومان گرتووە چینییەکان وەک ئاکتەر یان یاریزانێکی گرنگ لە ئەفریقا ببینین، بەڵام زیاتر لە بیست ساڵە بە هێمنی دەیەوەێت بەرەو باشووری ڕیۆ گراندە "Rio Grande " پێشڕەوی بکات.

چین نەک هەر وەبەرهێنان لە پڕۆژەکانی بیناسازیدا دەکات بەڵکوو پارەیەکی زۆریش بە حکومەتەکانی ئەمریکای لاتین بەتایبەتی ئارژانتین و ڤەنزوێلا و ئیکوادۆر بە قەرز دەدات. لە بەرامبەردا چین چاوەڕوانی پشتیوانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بۆ ئیدیعاکانی خۆی لە ناوچەکە، بە تایبەت پرسی تایوان کە بەردەوام جەختی لەسەر دەکاتەوە. هەروەها پەکین خەریکی کڕینیشە. وڵاتانی ئەمریکای لاتین بە تایبەت لەلایەن ئەمریکاوە جیا دەکرێنەوە، چونکە ڕێککەوتنی بازرگانی دوولایەنەیان پێ باشترە لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو هەرێمەکە بە گشتی، تەواو بەو شێوەیەی دەبێت لەگەڵ یەکێتی ئورووپاشدا بیکات. لە کاتێکدا چینییەکان هەمان کار دەکەن، بەڵام لانیکەم ئالْتێرناتیڤێک پێشکەش دەکەن و پشتبەستنی هەرێم بە ئەمریکا وەک تاکە بازاڕ کەمدەکەنەوە. بۆ نموونە لە بەرازیل، چین گوشاری بۆ ئەمریکا وەک هاوبەشی بازرگانی سەرەکی خۆی هێناوە و لە وڵاتانی دیکەی ئەمریکای لاتینیش دەشێت هەمان شت ڕووبدات.

وڵاتانی ئەمریکای لاتین هیچ پەیوەندییەکی سروشتییان لەگەڵ ئەمریکادا نییە. پەیوەندییەکان لەڕووی پێگەی سەرەتایی ئەمریکا کە بەسەریاندا زاڵە دیاری دەکرێت، کە لە دوکتورینی سەرۆک مۆنرۆی "Monroe " ساڵی ١٨٢٣ی

دۆخی نیشتمانی، کە باوەڕی مۆنرۆیە (لە بەشی سێیەمدا ڕوون کراوەتەوە)هاتووە. [وڵاتانی ئەمریکای لاتین لە ڕووی کولتووریی، مێژوویی و سیاسییەوە هەست بە "نزیکبوون" لە ئەمریکا ناکەن. ئەوان ناسنامەیەکی هاوبەشی ڕەگداکوتاوی قووڵیان نییە، بەڵکوو پەیوەندییەکی تا ڕادەیەک دوور، یان تەنانەت گرژیان لەگەڵ ئەمریکا هەیە. لە لایەلیشەوە دەزانین کە دینامیکی ئەمریکا بە شێوەیەکی نەریتی لە لایەن بڕیاردەرانی واشنگتۆنەوە دیاریی کراوە نەک بە هاوبەشی یەکسان. ئەم دوکتورینە ئەمریکییە ڕایگەیاند کە نیوەگۆی ڕۆژئاوا (ئەمریکای باکوور و باشوور) لە چوارچێوەی یاریی کاریگەری ئەمریکادایە و چیتر نابێت زلهێزەکانی ئورووپا دەستوەردان لە "قورنەی نوێ"دا بکەن. لە بنەڕەتدا بەرگرییەک بوو لە دژی سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی ئورووپا، بەڵام لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا گەشەی کرد و بووە بنەمایەک بۆ فەرمییەتدان بە هەژموونی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئەمریکای لاتین. شوانە] ئەو دوکتورینە تەماحەکانی کۆلۆنیالیزمی ئورووپای ڕەتکردەوە و بە وشە ڕایگەیاند کە ئەمریکای لاتین حەوشەی پێشەوە و شوێنی کاریگەریی ئەمریکایە. لەو کاتەوە ئەم دوکتورینە ئاهەنگی ڕووداوەکانی ڕێکخستووە و زۆرێک لە خەڵکی ئەمریکای لاتین لەسەر ئەو باوەڕەن ئەنجامەکانی هەمیشە ئەرێنی نەبوون.

نزیکەی ٨٠ ساڵ دوای دوکتورینی مۆنرۆ (واتە لە سەرەتای سەدەی بیستەم)، سەرۆک تیۆدۆر ڕۆزڤێڵت (١٩٠١-١٩٠٩) عەقیدەی مۆنرۆی گرتە ئەستۆ و هەمیسان نۆژەنی کردەوە. ڕۆزڤێڵت لە وتارێکیدا لە ساڵی

۱۹۰٤دا وتی: "پابەندبوونی ئەمریکا بە دوکتورینی مۆنرۆ ڕەنگە ئەمریکا ناچار بکات، هەرچەندە بە دوودڵیەوە، بەڵام وەک هێزێکی پۆلیسی نێودەوڵەتی لە نیوەگۆی ڕۆژئاوا لە دۆخە ئاشکراکانی تاوان یان ناکارامەییدا هەڵسوکەوت بکات". بە واتایەکیتر، ئەمریکا هەرکاتێک بیەوێت دەتوانی دەستوەردانی سەربازی لە نیوەگۆی ڕۆژئاوادا بکات. بەبێ حسابکردنی پشتیوانی دارایی بۆ شۆڕشەکان و چەکدارکردنی گروپەکان و دابینکردنی ڕاهێنەری سەربازی، ئەمریکا لە ساڵی ۱۸۹۰ تا کۆتایی شەڕی سارد نزیکەی پەنجا جار هێزی سەربازی لە ئەمریکای لاتین جێگیرکرد.

پاشان دەستێوەردانی ئاشکرا بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکرد و لەساڵی ۲۰۰۱دا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا میساقی دیموکراسی نێوان ئەمریکای واژۆکرد، کە ۳٤ ئەندامی چالاکی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکا لەسەری ڕێککەوتبوون، و لەسەرەتایدا هاتووە: "گەلانی ئەمریکا مافی دیموکراسییان هەیە، حکومەتەکانیشیان ئەرکی پێشخستنی و بەرگریکردنیان لەسەرە." لەو کاتەوە ئەمریکا سەرنجی لەسەر بەستنەوەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین لە ڕووی ئابوورییەوە بە خۆیەوە و بە پەرەپیدانی ڕێککەوتنە بازرگانییەکانی ئێستای وەک ڕێککەوتنی بازرگانی ئازادی ئەمریکای باکوور (NAFTA) و ئەنجامدانی ڕێککەوتنە

نوێیەکانی وەک ڕێککەوتنی بازرگانی ئازادی ئەمریکای ناوەڕاست(CAFTA) چڕ کردەوە.

نەبوونی گەرمیی نێوان پەیوەندیی مێژوویی و ئابووری باشوور و باکوور بەو مانایە بوو کە دەرگاکان بە خێرایی کرانەوە کاتێک چینییەکان لە دەرگەیان دا. ئەمڕۆ پەکین چەک بە ئۆرۆگوای، کۆلۆمبیا، شیلی، مێکزیک و پیرۆ دەفرۆشێت یان دەیانداتێ و ئاڵوگۆڕی سەربازییان پێشکەش دەکات. هەوڵدەدات پەیوەندیی سەربازی لەگەڵ ڤەنزوێلا دروست بکات، بەو هیوایەی لە ئەگەری دارمانی شۆڕشی بۆلیڤاریا پەیوەندییەکەی دەوامی زیاتری بێت. ناردنی چەک بۆ ئەمریکای لاتین تارادەیەک کەمە، بەڵام تەواوکەری هەوڵەکانی چینن بۆ بەکارهێنانی هێزی نەرم[٢٤]. تاکە کەشتیی نەخۆشخانە کە بە کەشتیی ئاشتیی نێونرا و لە ساڵی ٢٠١١ گەیشتە ناوچەکە، تەنیا ٣٠٠ جێ خەفی هەیە، ئەمەش بچووکە بە بەراورد بەو وەشانە ئەمریکییە هەزار تەختەی کە لە ناوچەکە دامەزراون، بەڵام ئەم کارە مەبەستی چینی ڕوونکردەوە و وەک بیرخستنەوەیەک بوو کە وڵاتەکە بە پێی کات خەریکی بەدەستهێنانی هێزی نەرمە.

[٢٤] "هێزی نەرم" (*soft power*) ڕێبازێکە بۆ پێشخستنی گەشەکردن یان کاریگەریی پێشکەوتوویی و سەرهەڵدانی ئابووریی بەبێ ئەوەی وڵاتێک پێویست بکات ڕاستەوخۆ هێزی سەربازی یان تەنیا ئابووریی بەکار بهێنێت، واتە دەوڵەتێک لە ڕێگەی سەرنجڕاکێشی، کولتوور، بەها و دیپلۆماسییەوە کاریگەری لەسەر ئەوانی دیکە دروست دەکات.

بەڵام بە بازرگانی یان بەبێ بازرگانی لەگەڵ چین، وڵاتانی ئەمریکای لاتین بە شێوەیەکی هەمیشەیی بەهۆی شوێن و دۆخی جوگرافی خۆیانەوە گیریان خواردووە - واتە ئەمریکا هەمیشە وەک یاریزانێکی سەرەکی لەسەریان دەمێنێتەوە.

بەرازیل باشترین نموونەیە. خاکەکەی یەک لەسەر سێی رووبەری ئەمریکای باشوور دەگرێتەوە و بەقەد ئەمریکا گەورەیە و ٢٧ ویلایەتەکەی رووبەرێکی گەورەتر لە هەر ٢٨ دەوڵەتی یەکێتی ئوروپا پێکەوە پێکدێنێت، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوان ژێرخانی کەمی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەی ئەوان دەوڵەمەند بێت. یەک لەسەر سێی بەرازیل جەنگەڵە و کەڵکوەرگرتن لە زەوی لەوێ بۆ گەشەپێدانی مۆدێرن لە روانگەی ماڵییەوە گەلێک گرانە و لە هەندێک ناوچەشدا نایاساییە. لەناوچوونی دارستانە باراناوییەکانی ئەمازۆن کێشەیەکی ئیکۆلۆژی درێژخایەنە بۆ هەموو جیهان، بەڵام بۆ بەرازیل کێشەیەکی مامناوەندیشە: حکومەت رێگە بە جووتیاران دەدات دارستانی زەوییەکان ببڕن و بسووتێنن و زەوییەکە بگۆڕن بۆ زەویی کشتوکاڵیی، بەڵام خاکەکە ئەوەندە خراپە کە لە ماوەی چەند ساڵێکدا چیتر کاری کشتوکاڵی لەسەری نەگونجاو دەبێت. پاشان جووتیارەکان لەوەش زیاتر دەڕۆن و بەشێکی دیکەی دارستانەکان دەسڕنەوە، بەڵام کاتێک دارستانەکان

دەبڕدرێن، ئیتر دارستانە باراناوییەکان گەشە ناکەنەوە. هاوکاتیش کەش و هەوا و خاک، دژی گەشەپێدانی کشتوکاڵی دەوەستێت.

لە کاتێکدا بەشێک لە ئەمازۆن دەتوانرێت کەشتیوانی تێدا بکرێت، کەنارەکانی تالاون و زەویەکانی پشتیان گەلێک زەحمەتە بۆ چاندن. هەروەها ئەم کێشەیە ژمارە یاخود بڕی ئەو زەویانە سنووردار دەکات کە دەتوانرێت بە قازانج بەکاربهێنرێن. لە باشووری ناوچەی ئەمازۆن دەشتێکی بەرز هەیە کە بە ساڤانا داپۆشراوە و چیرۆکێکی سەرکەوتوویی هەیە. بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر ئەم ناوچەیە بە نەگونجاو بۆ کشتوکاڵ دادەنرا، بەڵام بە تێکنۆلۆژیای بەرازیل گۆڕاوە بۆ یەکێک لە گەورەترین ناوچەکانی چاندنی سۆیا "Soja" لە جیهاندا - کە هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەرهەمی دانەوێڵە، بەو مانایەیە بەرازیل لە ڕێگادایە بۆ ئەوەی ببێتە بەرهەمهێنەری سەرەکی کشتوکاڵی.

لە باشووری ساڤانا "Savanne" زەوییە کشتوکاڵییە تەقلیدییەکانی بەرازیل هەڵکەوتووە، کە لە گۆچکەی باشووری ئەمریکای باشووردایە، و هاوبەشیی بەرازیل لەگەڵ ئارژانتین، ئۆرۆگوای و شیلی پێکدێنێت. بەشی تاڕادەیەک بچووکی بەرازیلی ئەو ناوچەیەیە کە یەکەم کۆلۆنیالیستی پورتوگالیی تێیدا ژیاون و ٣٠٠ ساڵی خایاند تا

دانیشتوانی ئەم ناوچە ناوەندییە بتوانن پێشڕەوی بۆ باقی وڵاتەکە بکەن و تا ڕادەیەکی بەرچاو تێیدا نیشتەجێی بن. تا ئەمڕۆش زۆربەی مرۆڤ لە ناوچە کەنارییەکان دەژین، هەرچەندە لە کۆتاییەکانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا بە مەبەستی پەرەپێدانی ناوەندی وڵاتەکە بڕیاری گواستنەوەی پێتەخت لە ڕیۆ دی جانیرۆوە بۆ شاری برازیلیا کە بەو مەبەستە دروستکرابوو و چەند سەد کیلۆمەترێک لە ناوخۆی وڵاتەوە هەڵکەوتبوو، درا.

ناوچەی کشتوکاڵی باشوور کە بە گەورەیی ئیسپانیا، پورتوگال و ئیتالیا بە یەکەوەیە، زۆر لە باقی وڵاتەکە تەختترە و تاڕادەیەکیش ئاوی دەوڵەمەندی هەیە. بەڵام بەشە سەرەکییەکەی لە ناوەوەی وڵات جێی گرتووە و ڕێگای گواستنەوە و هاتوچۆی باشی نییە.

ئەمەش زۆربەی بەرازیل دەگرێتەوە. ئەگەر لە ڕوانگەی ئاوەکانییەوە سەیری شارە کەنارییەکانی بەرازیل بکەین، زۆرجار گاشەبەردی گەورە دەبینین کە لە ئاوەکەوە یان بەرەو لای بیناکان یان لە پشتیانەوە بەرز بوونەتەوە. ئەم بەناو بەرزاییە گەورەیە زاڵە بەسەر بەشێکی گەورەی کەنارەکانی بەرازیلدا و لێواری دەرەوەی قەڵغانی بەرازیل لە ناوەوەی وڵاتەکە پێکدەهێنێت.

بەو پێیەی وڵاتەکە زەوی یاخود دەشتی کەنار دەریای نییە، دەبێت ڕێگاکانی گواستنەوەی نێوان شارە گەورەکانی کەنار دەریاکان لەم ڕێگا لێژانەوە وەسەرکەوێ، پاشان بە درێژایی ئەو بەرزاییە بۆ شاری دواتر و ئینجا جارێکی دیکە بگەڕێنەوە خوارەوە. نەبوونی ڕێگاوبانی مۆدێرن و هێڵی کەمی شەمەنەفەریش کێشەکە هێندەیتر گەورەتر دەکەنەوە. ئەمە ڕێچکەیەکی باش بۆ بازرگانی قازانجدار یان یەکێتی سیاسی خاکێکی گەورە نییە.

بەڵام دۆخەکەی لەوەش خراپترە، چونکە بەرازیل هیچ دەستڕاگەیشتنێکی ڕاستەوخۆی بە ڕووبارەکانی ناوچەی ڕیۆ دی لا پلاتا "Río-de-la-Plata" نییە. ڕیۆ دی لا پلاتا لە خاکی ئارژانتین دەڕژێتە ناو زەریای ئەتڵەسی، واتە بەو مانایە لەبری ئەوەی کاڵای بازرگانی بەسەر بەرزاییدا بۆ بەندەرە پەرەنەسێنراوەکانی بەرازیل ڕاگوێزرێن بۆ چەندین سەدەیە بازرگانان کاڵاکانیان بە کەشتی بۆ بوینس ئایرێس دەنێرن. بە پێی ماڵپەڕی "Stratfor.com" حەوت بەندەری گەورەی بەڕازیل پێکەوە ساڵانە کەمتر مامەڵەی کاڵایان لەگەڵ دەکرێت لە چاو بەندەری نیو ئۆرلینزی ئەمریکا.

لە ئەنجامدا دۆخی بازرگانی بەرازیل ئەو قەبارە بازرگانییەی نییە کە خۆی حەزی لێیەتی و بە هەمان شێوە گرنگە زۆربەی بەرهەمەکانی لەسەر ڕێگا و بانە خراپەکانی ناو

وڵاتەکەیەوە دەگوازرێنەوە نەک لە ڕێگای ڕووبارەکاندا، ئەمەش تێچوونەکانی تا ڕادەیەکی زۆر بەرز دەکاتەوە. لە ڕوانگەی ئەرێنییەوە، بەرازیل کار لەسەر ژێرخانی گواستنەوەی خۆی دەکات. سەرچاوەی گاز کە ئەم دواییانە لە کەنارئاوەکان دۆزراونەوە یارمەتیدەرن بۆ دابینکردنی دارایی ئەم پرۆژانە کەڵکیان لێ وەرەگیرێ، کەمکردنەوەی پشتبەستن بە هاوردەکردنی وزە لە بۆلیڤیا و ڤەنزوێلا کەم دەکاتەوە و دەبێتە هۆی دابەزینی ئەو تێچووانەی زۆربەی وڵاتان تووشی دەبن. سەرەڕای ئەوەش: بەرازیل دەبێت بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی دۆخی جوگرافی بۆی دروستکردووە، ئەرکە سەرەکی و گرنگ بە ئەنجام بگەیەنێت.

نزیکەی لەسەدا ٢٥ی خەڵکی بەرازیلی لە ناوچە هەژارەکاندا دەژین. کاتێک لە هەر چوار کەسی وڵاتێک یەکێکیان لە دۆخی هەژاریدا بژی، گەلێک سەختە وڵاتەکەی پێ دەوڵەمەند بێت. ئەمە بەو مانایە نییە کە بەرازیل وڵاتێکی تازەپێگەیشتووە، بەڵکوو تەنیا ئەوە دەگەیەنێت کە پەرەسەندنی گەلێک سنووردار و بە سەبرا بەڕێوەدەچێت.

ڕێگایەکی کورت کراوە بۆ گەشەکردنی وڵاتێک دەتوانێت هێزی نەرم بێت، بۆیە بەرازیل بەدوای کورسییەکی

هەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەگەڕێت و بەشدارە لە پێکهێنانی هاوپەیمانییە ئابوورییە ناوچەییەکانی مێرکۆسۆر "Mercosur" (بازاڕی هاوبەشی ئەمریکای باشوور) کە بە سادەیی بەرازیل، ئارژانتین، پاراگوای، ئۆرۆگوای و ڤەنزوێلا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. هەر چەند ساڵ جارێک، خەڵکی ئەمریکای باشوور کە زۆرجار بەرازیل سەرۆکایەتییان دەکات، هەوڵدەدەن وەشانی تایبەت بە خۆیان وەک یەکێتی ئورووپا دروست بکەن - دوایین وەشان بریتییە لە "UNASUR" (یەکێتی نەتەوەکانی ئەمریکای باشوور) کە دوانزە دەوڵەتی ئەمریکای باشوور لەخۆدەگرێت. شوێنی دانیشتنیان لە ئیکوادۆرە، بەڵام بەرازیل بەرزترین دەنگی هەیە. لەم ڕووەوە هاوشێوەی یەکێتی ئورووپایە کە ناوەندی سەرەکیی وەک هێزی پێشەنگ لە بلژیک و ئەڵمانیا هەیە. بەڵام هەڵسەنگاندنەکە هەر لێرەدا کۆتایی دێت. دیارە "UNASUR" ئامادەییەکی سەرنجڕاکێشی ئۆنلاینی هەیە، بەڵام وەک یەکێتییەکی ئابووریی سەیر ناکرێت. وڵاتانی یەکێتی ئورووپا سیستمی سیاسی و ئابوریی هاوشێوەیان هەیە و زۆربەی ئەندامەکانیان دراوێکی هاوبەشیان پێکهێناوە، لەکاتێکدا وڵاتانی ئەمریکای لاتین لەڕووی سیاسەت و ئابووریی هەروەها دراو و ئاستی خوێندن و یاساکانی کار و ڕاهێنانەوە گەلێک جیاوازن. جگە لەوەش

دەبێت بەسەر بەربەستی دووربوون لەیەکتر و بەرزیی شاخ و چڕیی جەنگەڵەکاندا زاڵ بن کە لەیەکتر جیایان دەکەنەوە.

بەڵام بەرازیل بەردەوام بە بەکارهێنانی هێزی دیپلۆماسی هەروەها، بە پێی کات، ئابووریش هەوڵی خۆی بۆ بەدەستهێنانی ئەم پێگەیە بۆ بەشداریکردن لە دروستکردنی هێزێکی ئەمریکای باشوور دەدا. ئەم وڵاتە لە ڕووی سروشتییەوە گونجاو نییە؛ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی دژی دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکەیە و شەڕی ئەگەریی لەگەڵ یەکێک لە دراوسێکانیدا گەلێک کەمە. سەرەڕای ئەوەی سنوورەکانی لەگەڵ نۆ ویلایەتدا هاوبەشە، توانیویەتی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ هەر یازدە ویلایەتی ئەمریکای باشوور کە لە پەیمانەکەدا ماونەتەوە، بپارێزێت.

دیارە ناکۆکی سنووریشی لەگەڵ ئۆرۆگوای هەیە، بەڵام پێناچێت ئەو کێشەیە پەرەبستێنێت و ئەم ڕکابەرییەی نێوان بەرازیل و ئارژانتین بە دەگمەن لە هیچ شوێنێکی دیکە جگە لە گۆڕەپانی تۆپی پێ بەڕێوەبچێت. لە ساڵانی ڕابردوودا بەرازیل هێزە سەربازییەکانی لە سنوورەکانی ئارژانتین کشاندەوە و دراوسێی ئیسپانی زمانەکەشی هەمان کاری کردووە. چەند ساڵێک لەمەوبەر، کەشتییەکی دەریایی

ئارژانتین لە بەندەرێکی بەرازیل پێشوازیی لێکرا بەڵام کەشتییەکی هێزی دەریایی بەریتانیا بۆ هاتنەژووری بەندەرەکە ڕەتکرایەوە – ئەم هەڵسوکەوتە لە ژێر ڕۆشنایی شەڕی دیپلۆماسی بەردەوامیان لەگەڵ شانشینی یەکگرتوو لەسەر دوورگەکانی فاڵکلاند"Falkland" دڵخۆشی ئارژانتینییەکانی دایەوە.

بەرازیل یەکێکە لە وڵاتانی بریکس "BRICS" – کۆمەڵێک وڵاتی گەورە کە لە ڕووی ئابووریی و سیاسییەوە بە گەشەکردوو دادەنرێن، باوەکوو ڕەنگە هەریەکەیان لە بەرزبوونەوەدا بن، بەڵام ئەم گرووپبەندییە زیاتر بە شێوەی چێکراو بنیاتنراوە نەک لەڕووی دۆخی ڕاستەقینەی وڵاتەکانەوە. ناتوانرێت بەرازیل، ڕووسیا، هیندوستان، چین و ئەفریقای باشوور بە شێوەیەکی مانادار، لە ڕووی سیاسی یان جوگرافییەوە گرووپ بکرێن چونکە هاوبەشییەکی زۆر کەمیان لەگەڵ یەکتر هەیە. ئەگەر پیتە سەرەتاییەکان شتێکیان پێک نەهێنابا کە وەک وشەیەک دەنگ بداتەوە، ئەوا تیۆری بریکس دەنگی بەدەست نەدەهێنا. بریکس ساڵانە کۆنفرانسێک وەڕێدەخەن، و بەرازیلیش بەشداریی تێدا دەکات - لە دەنگدانەوە یان پڕواکی ناڕوونی بزووتنەوەی بێلایەن لە سەردەمی شەڕی سارددا - هەندێکجار هاوپەیمانیی خۆی لەگەڵ هیندوستان و

باشووری ئەفریقا لەسەر پرسە نێودەوڵەتییەکانیاندا ڕادەگەیێنێت، بەڵام کاتێک ڕووسیا و چین هەڵوێستێکی دوژمنکارانە بەرامبەر ئەمریکا دەگرنەبەر، بەشداریی تێدا ناکات. داوای لێبووردن نەکردن لەلایەن ئیدارەی ئۆباماوە، ئەوە دەردەخات کە ئەمریکییەکان تووڕەن لەوەی لەلایەن چینەوە وەک هاوبەشی سەرەکی بازرگانی بەرازیل لەبەرچاو نەگیرێن. بڕیاری دواتری بەرازیل بۆ کڕینی فڕۆکەی شەڕی سویدی بۆ هێزی ئاسمانی خۆی لەبری مۆدێلەکانی بۆینگ بە هۆکاری کێشە و ناکۆکی نێوانیان دادەنرێت. سەرەڕای ئەوەش پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت تا ڕادەیەک بوژاوەتەوە، بەرازیلیەکان دەزانن جیهان وەک هێزێکی داهاتوو سەیریان دەکەن، بەڵام ئەوەش دەزانن دەسەڵاتەکەیان هەرگیز هاوتای هێزی ئەمریکییەکان نابێت.

هەروەها دەسەڵاتی ئارژانتینیش بۆ ئەوەی ببێتە وڵاتێکی جیهانی یەکەم ئەوکارە ناکات، تەنانەت ئەگەر لە هەندێک ڕووەوە پێگەیەکی باشتریان لە بەرازیل هەبێت. بۆ ئەوەی ببێتە هێزی ناوچەیی، قەبارە و ژمارەی دانیشتووانەکەی بەس نییە بۆ بوون بە پێشەنگی ئەمریکای لاتین. پێدەچێت ئەوە چارەنووسێکی تاڵی بەرازیل بێت. بەڵام ئارژانتین چەشن خاکێکی بەپیتی هەیە کە بتوانرێت لەگەڵ ئاستی

ژیانێکی ئورووپی بەراورد بکرێت. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پێداویستییەکانی خۆی بەرهەم دەهێنێت- تەنیا ئەوەیە کە دۆخی جوگرافیاکەی ڕێگە بۆ ئارژانتین خۆش دەکات ببێتە ئەو هێزەی هەرگیز نەبووە، ئەگەر دۆخی ئابوورییەکەی بخاتە ژێر کۆنترۆڵەوە.

بناغەکانی ئەم توانایيەی بەهۆی سەرکەوتنی سەربازیی بەسەر بەرازیل و پاراگوای لە سەدەی نۆزدەهەمدا دانرا، کە بووە هۆی کۆنترۆڵکردنی ناوچە تەختەکانی کشتوکاڵی بەدرێژایی ڕیۆ دی لا پلاتا "Río de la Plata"، سیستەمی کەشتیوانی لەسەر ڕووبارەکانی و بەم پێیەش ڕەوتی بازرگانی کە تا بوینس ئایرێس و بەندەرەکانی دەگرێتەوە. ئەم ناوچەیە بەنرخترین زەوییە لە هەموو قورنەکەدا و ڕاستەوخۆ سوودێکی ئابووریی و ستراتیژیی بە بەراورد لەگەڵ بەرازیل، پاراگوای و ئۆرۆگوای کە تا ئەمڕۆش بەردەوامن، بە ئارژانتین بەخشیوە.

بەڵام ئارژانتین هەمیشە سوودی لەو دەرفەتەی وەرنەگرتووە. سەد ساڵ لەمەوبەر یەکێک لە دە وڵاتانی دەوڵەمەندی جیهان بوو – تەنانەت پێش فەرەنسا و ئیتاڵیا کەوتبوو. بەڵام هەرەسهێنان لە فراوانکردنی ئاسۆکانی، کۆمەڵگەیەکی چیندار و نایەکسان، سیستمی پەروەردەیی گەلێک خراپ، زنجیرەیەک کودەتا هەروەها گۆڕانکاریی

زێدەڕۆی سیاسەتی ئابووریی لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا لە دوای گەڕانەوەی بۆ دیموکراسی، ئارژانتینی بەرەو دابەزینێکی بەرچاو بردووە.

بەرازیلییەکان وتەیەکیان هەیە کە تێڕوانینی خۆیان بۆ دراوسێ لوت بەرزەکانیان دەردەبڕێت: "دەبێت بە تایبەتی کولتوور و کلاسەیەکی باشت هەبێت بۆ ئەوەی ئاژاوەیەکی لەو شێوەیە دروست بکەیت". ئارژانتین پێویستی بە ڕێڕەوێکی ڕاست هەیە و تەنانەت مانگایەکی مردووش دەتوانێت یارمەتیدەری بێت.

مانگای مردوو یان ڤاکا موێرتا "Vaca Muerta" پێکهاتەیەکی پاشەکەوتکراوە کە لەگەڵ شوێنی نەوتی دیکەی وڵاتەکەدا دەتوانێت پێداویستییەکانی وزەی ئارژانتین بۆ ١٥٠ ساڵی داهاتوو دابین بکات و تەنانەت ڕێگە بە هەناردەکردنیش بدات. ئەو شوێنە دەکەوێتە زەریاچەی پاتاگۆنیا "Patagonien"، واتە بە درێژایی باکوور-باشوورە و دەگاتە سنووری شیلی لە ڕۆژئاوا. گەورەییەکی هاوتایە لەگەڵ قەبارەی بلژیک- کە ڕەنگە بۆ پێکهێنانی وڵاتێک زۆر بچووک بێت، بەڵام بۆ پێکهاتەی نەوتی گەلێک گەورە بێت. تا ئێستا، دۆخی باشە، بە مەرجێک وزەی نەوتی بەلاوە گرنگ بێت - بەڵام لێرەدا بەربەستێک هەیە. دەرهێنانی گاز و نەوت لێرە پێویستی بە وەبەرهێنانی

بەرچاوی وڵاتانی دەرەکی هەیە و وێناچێت ئارژانتین بە وڵاتێک دابنرێت کە بەڕووی وەبەرهێنەرانی بیانیدا کراوە بێت.

تەنانەت لە باشووری وڵاتەکە لەوەش زیاتر نەوت و گاز هەیە. لە ڕاستیدا هێندە لە باشوور هەڵکەوتووە کە زۆربەی سەرچاوە نەوتە دۆزراوەکانی لە ژێر بنی دەریا و نزیک ئەو دوورگانە هەڵکەوتوون کە لە ساڵی ١٨٣٣ لە ژێر کونترۆڵی بەریتانیادا بوون. هەروەها لەوێدا کێشەیەک هەیە کە مێدیاکان بەردەوام دووپاتی دەکەنەوە.

ئەو شوێنەی ئینگلیزەکان پێی دەڵێن دوورگەکانی فاڵکلاند "Falkland"، ئارژانتینیەکان بە ئیسلاس مالڤیناس " Islas Malvinas" دەیناسن. دەرکردنی نەخشەیەک کە دوورگەکان بە ناوی مالڤیناس ناوزەد نەکات، بە سووکایەتیکردن بە ئارژانتین دادەنرێت و هەموو منداڵانی قوتابخانەی سەرەتایی فێر دەکرێن هێڵی دوو دوورگە سەرەکییەکە بە باشیی بکێشنەوە. وەرگرتنەوەی "خوشکە بچووکە ونبووەکەیان" بۆ چەندین نەوە نیگەرانیەکی مەزنی خەڵکی ئارژانتینی بووە و زۆربەی دراوسێکانی ئەمریکای لاتین پشتگیری ئەم هەوڵەیان کردووە.

له نیسانی ساڵی ١٩٨٢دا، ئینگلیزەکان وشیار نەبوون، بۆیە دیکتاتۆری سەربازی ئارژانتین لە ژێر دەستی ژەنەڕاڵ گالتیێری"Galtieri"دا فەرمانی داگیرکردنی دوورگەکانی دا - کە بە سەرکەوتنێکی مەزن دادەنرا، هەشت حەوتوو دواتر، کاتێک سەربازە شەڕکەرەکانی بەریتانیا گەیشتن و دوای پرۆسەیەکی کورت لەسەر سوپای ئارژانتین، دوورگەکانیان کۆنترۆڵکردەوە. ئەمەش لە بەرامبەردا بووە هۆی ڕووخاندنی ڕژیمی دیکتاتۆریی. ئەگەر لەشکرکێشییەکەی ئارژانتین لەم دەیەی ئێستادا ڕوویدابا، بەریتانیا نەیدەتوانی دوورگەکان کۆنترۆڵ بکاتەوە، چونکە لە ئێستادا خاوەنی کەشتییەکی فڕۆکەهەڵگری کارا نییە. لەوانەیە ئەم دۆخە تا ساڵی ٢٠٢٠ چارەسەر بکرێت، دواتر دەرفەتی ئارژانتین لەدەست بچێت. بەڵام سەرەڕای دۆخی هاندەرانەی نەوت و گاز، پێناچێت ئارژانتین دوورگەکانی فاڵکلاند داگیربکاتەوە لەبەر دوو هۆکار:

یەکەم: ئارژانتین ئێستا دۆخێکی دیموکراسیی تێدا حاکمە و دەزانێت زۆرینەی ڕەهای خەڵکی فاڵکلاند دەیانەوێت لەگەڵ بەریتانیا بمێننەوە. دووەم: بەریتانیا لە هەڵەکانی ڕابردووی فێربووە. هەرچەندە لە ئێستادا کەشتییەکی فڕۆکە هەڵگری نییە کە بتوانێت ٨ هەزار مایل ببڕێت بۆ ناو زەریای ئەتڵەسی باشوور، بەڵام دوورگەکان شوێنی چەند

سەد سەربازی شەڕکەرن کە بە سیستەمی ڕاداری مۆدێرن و مووشەکی سەرزەوی بۆ ئاسمان و چوار فڕۆکەی یۆرۆفایتەریی "Eurofightern" تەیار کراون و ڕەنگە زۆربەی کاتیش ژێردەریاییەکی بەهێزی ئەتۆمی لە نزیکەوە چاوەدێرییان بکات. ئینگلیزەکان دەیانەوێت ڕێگری بکەن لە ئارژانتینیەکان تەنانەت بیر لەوە بکەنەوە کە بگەنە کەنار دەریاکە یان تەنانەت هەوڵی داگیرکردنی دوورگەکان بدەن.

بۆ پشتیوانیی هێزی ئاسمانی ئارژانتین لەو فڕۆکانە کەڵکوەردەگرێت کە دەیان ساڵ لە یۆرۆفایتەر کۆنترن و دیپلۆماسیی بەریتانیا دڵنیای کردووە کە هەوڵی ئارژانتین بۆ کڕینی مۆدێلی مۆدێرن لە ئیسپانیا وەدوا بخرێت. بەدەستهێنانیشی لە ئەمریکا بەهۆی پەیوەندیی تایبەتی نێوان بەریتانیا و ئەمریکا، گەلێک مەحاڵە، هاوڕێیەتییەک کە بەڕاستی هەندێکجار تایبەتە. کەواتە ئەگەری ئەوەی ئارژانتین تا ساڵی ٢٠٢٠ بتوانێت هەوڵی هێرشی دووەم بدات زۆر کەمە.

بەڵام ئەمە شەپۆلی شەڕی دیپلۆماسی هێور ناکاتەوە؛ ئارژانتین لەم بەرەیەدا چەکەکانی تیژتر کردۆتەوە. بوینس ئایرێس بەڕوونی ئەوەی خستۆتەڕوو کە هەر کۆمپانیایەکی نەوت کە لە نزیک دوورگەکانی فاڵکلاند/ماڵڤیناس خەریکی هەڵکۆڵین بێت، ناتوانێت داوای ئێزن بۆ وەبەرهێنان لە

سەرچاوەکانی نەوت و گاز لە ناوچەی ڤاکا موێرتا "Vaca-Muerta"ی پاتاگۆنیا بکات. تەنانەت یاسایەک دەرچووە کە پارەی کەسیی یان زیندانیکردن بۆ هەر کەسێک کە بەبێ ئیزنی ئارژانتین بەناو ئیشکانی فاڵکلاندا بگەڕێت دیاری دەکرێت. ئەمەش زۆرێک لە کۆمپانیا گەورەکانی نەوتی ڕاگرت، بەڵام بێگومان ئینگلیزەکان نا. بەڵام هەرکەسێک بیەوێت بەدوای دەوڵەمەندییە ئەگەرییەکانی ژێر زەریای ئەتڵەسی باشووردا بگەڕێت، لە یەکێک لە ژینگە هەرە چالاکەکاندا کاردەکات کە بۆ ئەم بازرگانییە ناسراوە. شوێنێکی تا ڕادەیەک سارده و بەردەوام بای لێوە دێ.

گەشتەکەمان تا ئەو شوێنەی گونجاو بوو بەرەو باشوور بردینی، پێش ئەوەی بگەینە بیابانی سەهۆڵاوی ئەنتارکتیکا "Antarktis". زۆرێک لە وڵاتان حەز دەکەن لەوێ کۆنترۆڵی خۆیان بەدەست بینن، بەڵام بارودۆخی کەشوهەوای زۆر سەخت، هەروەها پەیمانی جەمسەری باشوور و نەبوونی سەرچاوەی دەستڕاگەیشتنی بەنرخ، ڕێگری لە کێبڕکێی کراوە دەکات - لانیکەم بۆ ئێستا. ناتوانرێت هەمان شت سەبارەت بە هاوتاکەی لە باکوورەوە بگوترێ. کەواتە با لە ئەنتارکتیکا دوور بکەوینەوە و ڕاستەوخۆ بەرەو باکووری دوور بڕۆین، ئەو شوێنەی کە لە سەدەی بیست و یەکەمدا دەبێتە گۆڕەپانی شەڕی دیپلۆماسی، لە کاتێکدا وڵاتانی گەورە

و بچووک لەوێ کێبڕکێ لەسەر پێگەی جەمسەریی دەکەن - جەمسەری باکوور.

## بەشی دە

### جەمسەری باکوور "Arktis"

"دوو چەشن کێشەی جەمسەری باکوور هەیە، خەیاڵی و ڕاستەقینە. لە نێوان ئەو دووانەدا، خەیاڵکراوترینیان ڕاستەقینەترینیانە. "Vilhjálmur Stefánsson"، جەمسەری باکوور لە ڕاستی و ئەفسانەدا ( The Arctic in Fact and Fable).



کاتێک ئیسکیمووەکان دێن، بە کۆمەڵ دێن.

بەڵام کێ ئەم هێزەی هەیە؟ ڕووسەکان. کەسی دیکە بەو شێوەیە بەهێز، نوێنەرایەتی لە ناوچەکەدا نییە و ئامادە نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخەی سەختی ئەو ناوچانە. هەموو ویلایەتەکانی دیکە دوای ئەوان کەوتوون و دیارە تەنانەت هەوڵی ئەوەش نادەن پێشیان بکەون - لانیکەم تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندیی بە ئەمریکاوە هەیە: ئەمریکا دەوڵەتێکی جەمسەری باکوورە بە بێ ئەوەی ستراتیژی جەمسەری باکووری لە ناوچەیەکدا هەبێت کە بەردەوام کەشوهەوای گەرم دەبێتەوە.

کاریگەریی گەرمبوونی جیهان لە هەموو کاتێک زیاتر لە جەمسەری باکووردا دیارە: سەهۆڵەکانی خەریکن بە پتوونی دەتوێنەوە، ئەمەش دیارە ئاسانکاریی بۆ گەیشتن بە ناوچەکە دەکات و ڕێگە بە دۆزینەوەی سەرچاوەکانی وزە و پەرەپێدانی تێکنۆلۆژیاکان بۆ دەرهێنیان دەدات. هەموو ئەمانە وا لە وڵاتانی جەمسەری باکوور دەکات کە سەرنجیان لەسەر ئەو دەستکەوت و زیانانە چڕبکەنەوە کە لە ڕووی کەشوهەواوە لە ئاستەنگترین ناوچەی جیهاندا جێی گرتووە. زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکە ئەو ئیدیعایەیان کردووە، و زۆربەیان لەسەر کۆدەنگییەک چڕ بوونەتەوە، بەڵام تا ئێستا، خۆیان بە جێبەجێکردنیانەوە سەرقاڵ

نەکردووە. بەڵام ئێستا زۆر شت هەیە کە ئیدیعای لەسەر بکرێ و زۆر شت هەیە کە تەنانەت شەڕیشی لەسەر بکرێت.

چەمکی جەمسەری باکوور"Arktis" لە زمانی یۆنانی و لە وشەی "arktikos" ەوە سەرچاوەی گرتووە و لە نیزیک ورچەکە هەڵکەوتووە و ئاماژەیە بۆ وێنەی ئەستێرەی ورچی گەورە کە دوو ئەستێرەی دواوەوەی ئاماژەیە بۆ ئەستێرەی جەمسەریی. زەریای جەمسەری باکوور کە ڕووبەرەکەی ١٤ ملیۆن کیلۆمتری چوارگۆشەیە، بچووکترین ئوقیانووسە، بەڵام هێشتا نزیکەی قەبارەی ڕووسیا یان یەک و نیو ئەوەندەی ئەمەریکایە. ئیشکانییەکانی دەوروبەری ڕووبەرێکی گەورەتر لە هەموو زەریاکانی دیکەی داگیرکردووە، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ڕێککەوتن لەسەری گەلێک ئەستەمە.

ناوچەی جەمسەری باکوور، ناوچە وشکانییەکانی کانەدا، فینلاند، گرینلاند، ئایسلەندا، نۆرویژ، ڕووسیا، سوید و ئەمریکا (ئەلاسکا) لەخۆدەگرێت. وڵاتێکی سەیرە: لە هاویندا پلەی گەرما دەتوانێت بۆ ماوەیەکی کورت لە هەندێک شوێن بگاتە ٢٦ پلە، لەکاتێکدا لە زستاندا دەتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ بۆ ژێر"٤٥ -" پلەی سانتیگراد دابەزێت. ڕووبەری گاشەبەردی فەراوانی هەیە کە بای

سەهۆڵاوی بەسەریدا تێپەڕ دەبێت، تاڤگەی سەرنجڕاکێش، بیابانی سارد و تەنانەت ڕووبارەکان، شوێنگەلێکی لەڕادەبەدەر بۆ ژیان نەگونجاو بەڵام شوێن و دیمنێکی جوانیان پێکهێناوە کە هەزاران ساڵە مرۆڤیان سەرسام کردووە.

یەکەم گەشتی تۆمارکراو لە ساڵی ٣٣٠ پێش زایین لەلایەن کەشتیوانی یۆنانی پیتیاسی ماسالیاوە "Pytheas Massalia" ئەنجامدرا، کە خاکێکی نامۆی دۆزیەوە بە ناوی تولێ "Thule". لە وڵاتەکەی لە دەریای ناوەڕاست، کەم کەس باوەڕیان بە چیرۆکە سەرسوڕهێنەرەکانی دەکرد کە باسیان لە دیمەنی سپی درەوشاوە، دەریای بەستوو و بوونەوەری سەیری وەک ورچی سپی گەورە دەکرد. پیتیاس یەکەم کەس بوو لە زۆر کەس کە بە درێژایی سەدەکان باسی سەرسوڕهێنەری جەمسەری باکووری کردووە و ملکەچ و تاقمەزرۆی ئەو هەستە ورووژێنەرانە بووە.

هەروەها زۆرێکیان ملکەچی بێبەشییەکانی ئەوێ بوون، بە تایبەت ئەوانەی کە لە دەرەوەی لێواری جیهانی ناسراودا گەشتیان دەکرد بۆ ئەوەی بەدوای ئەو شتەدا بگەڕێن کە گومانلێکراوەکان پێیان دەگوت ڕێڕەوی "عیرفانیی" واتە باکووری ڕۆژئاوا بەناو زەریای جەمسەری باکووردا، هەروەها پەیوەندیی نێوان زەریای ئەتڵەسی و زەریای هێمن.

یەکێک لەوانە هێنری هادسۆن "Henry Hudson" بوو. لە کاتێکدا دووهەم کەنداوی درێژ لە جیهاندا ئەمڕۆ بەناوی ئەوەوە ناونراوە، بەڵام لەوسەردەمەدا و لە ساڵی ١٦١١، بە دڵنیاییەوە پێی باشتر دەبوو تا تەمەنێکی پیری ژیانێکی ئاسایی بکات، نەک ئاوارەی دەریاکان بێت و لەلایەن تیمێکی یاخیبووەوە کە لە دۆزینەوەی گەشتەکانی بێزار ببوون، بەرەو مردنی ببات.

ئەو پرسیارەی کێ یەکەم کەس بوو کە گەیشتە "جەمسەری باکوور"، وەڵامدانەوەی ئاسان نییە. هەرچەندە خاڵێکی جێگیر هەیە لەسەر گۆی زەوی کە شوێنی جەمسەرەکە دیاری دەکات، بەڵام سەهۆڵەکەی ژێرەوەی بەردەوام لە جووڵانەوە دایە و بەبێ سیستەمی جی پی ئێس "GPS" ئەستەمە مرۆڤ بتوانیت بە تەواوی بزانێ لە کوێ وەستاوە. سێر ویلیام ئێدوارد پاری " Sir William Edward Parry" لە ساڵی ١٨٢٧ هەوڵی ئەم کارەی بە شێوەیەکی سروشتی بەبێ جی پی ئێس دا، بەڵام سەهۆڵەکە خێراتر بەرەو باشوور دەڕۆیشت، پێش ئەوەی ئەو بە باکوور بگات، بۆیە لە کۆتاییدا بۆ دواوە گەڕایەوە. بەڵام لانی کەم گیانی خۆی ڕزگار کرد.

کاپیتان سێر جۆن فرانکلین "Sir John Franklin" کەمتر بەختەوەر بوو کاتێک هەوڵیدا لە دوایین بەشی

ڕەچەنەشکاوی ڕێڕەوی باکووری ڕۆژئاوا لە ساڵی ١٨٤٥دا تێپەڕ بێت، دوو کەشتییەکەی لە نزیک دوورگەی کینگ ویلیام "King-William" لە سەهۆڵەکەدا گیریان خوارد کە بەشێکە لە دوورگەکانی کانەدا. هەر ١٢٩ ئەندامی ئەو گەشتە گیانیان لەدەستدا، هەندێکیان لەناو کەشتییەکەدا مابوونەوە و ئەوانی دیکەش دوای جێهێشتنی کەشتییەکان هەوڵیان دابوو بە پێ بەرەو باشوور بڕۆن. چەندین گەشت بۆ گەڕان بەدوای ڕزگاربوواندا نێردرا، بەڵام تەنیا مشتێک ئێسکەپەیکەریان دۆزیەوە و لە ڕاوچییە ئینویت "Inuit"ەکانەوە سەبارەت بە دەیان پیاوی سپی پێست کە لەکاتی ڕۆیشتن بەسەر بیابانی سەهۆڵاویدا گیانیان لەدەستدابوو، ئاگادار کرانەوە. کەشتیەکان بەبێ ئەوەی شوێنپێیان دیار بێ گوم ببوون، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ تیمێکی گەڕانی کانەدایی بە کەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژیای سۆنار "Sonar" بۆ دۆزینەوەی یەکێک لە کەشتیەکان بەناوی "HMS Erebus" توانیان شوێنەکەی لەژێر دەریا لە پاساژی باکووری ڕۆژئاوا دیاری بکەن و لەت و کوتەکانی بەجێماوە لەژێر دەریاکە بهێننە دەرەوە.

چارەنووسی گەشتەکەی فرانکلین لە گەڕان بەدوای ڕێگا بەناو دوورگەکاندا زۆرێک لە ڕووداوەکانی زامار نەکرد، بەڵام ساڵی ١٩٠٥ پسپۆری گەورەی نۆروێژی ڕۆالد

ئامۆندسن "Roald Amundsen" لە دۆزینەوەی ئەو ڕێگایە سەرکەوتوو بوو. ئەو کەشتییەکی بچووکتری بەکارهێنا کە تەنیا شەش مرۆڤی جێ دەبۆوە. بە دوورگەی کینگ ویلیامدا تێپەڕی و دواتر بە کەشتی بە تەنگەی بێرینگدا بۆ ناو زەریای هێمن ڕۆیشت. ئەو کاتێک هەستی کرد سەرکەوتوو بووە، کە چاوی بە ڕاوکەرێکی نەهەنگ لە سانفرانسیسکۆ کە ڕووبەڕووی دەهات کەوت. لە یاداشتنامەکەیدا دان بەوەدا دەنێت کە هەستەکانی بەسەریدا زاڵ بوون، شتێک کە بەقەد دۆزینەوەکەی دەگمەن بوون: "ڕێڕەوی باکووری ڕۆژئاوا کامیل و تەواو ببوو. خەونی منداڵیم - لەو ساتەدا، هاتبووە دی. هەستێکی سەیر لە قوڕگمدا سەری هەڵدا؛ تا ڕادەیەک هەستم بە ماندوویی و بێ هێزی دەکرد- لاوازیی تەواوی دەروونمی داگرتبوو - فرمێسک بە چاوەکانمدا دەهاتنە خوارەوە".

دوای بیست ساڵ بڕیاریدا ببێتە یەکەم کەس کە بەسەر جەمسەری باکووردا دەفڕێت. هەرچەندە هاسانتر بوو لەوەی بە پێ بپەڕێتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش چالاکییەکی ئاسایی نەبوو. لەگەڵ فڕۆکەوانە ئیتاڵییەکەی ئومبێرتۆ نۆبیل "Umberto Nobile" و تیمێکی چواردە کەسی بە کەشتییەکی ئاسمانی بەسەر سەهۆڵەکەدا فڕی و لە بەرزی ٩٠ میتریەوە ئاڵای نۆروێژ، ئیتاڵیا و ئەمریکایان

خستە خوارەوە. ڕەنگە ئەمە کارێکی قارەمانانە بووبێت، بەڵام لە سەدەی بیست و یەکدا وەک شتێک سەیر ناکرێت کە فەرمییەتێکی زیاتر بە ئیدیعای سێ وڵات بۆ خاوەندارێی ئەم ناوچەیە بدات. هەمان شت بۆ ئەو کارە سەرنجڕاکێشەی شینجی کازاما "Shinji Kazama"ی ژاپۆنی دەگونجێت کە لە ساڵی ١٩٨٧ بووە یەکەم کەس کە بە موتۆڕسکلێتێک گەیشتە جەمسەری باکوور. ئەو مرۆڤە ئەوەندە ئازا بوو کە پشتی بە توانەوەی سەهۆڵی جەمسەری باکوور نەبەست، بەڵام ئەو لەو چەشن مرۆڤانە بوو بە ئوتومۆبیلێک بەناو لافاوێکدا بڕوات تەنیا بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەک بێت بچێتە ناو لاپەڕەی مێژووییەوە. بەڵام گومانی تێدا نییە کە ئێستا بۆ پەڕینەوە لەو ناوچەیە سەهۆڵی گەلێک کەمتری تێدا ماوە.

دیارە بە دڵنیاییەوە سەهۆڵەکە لە توانەوە دایە – وێنەکانی مانگی دەستکرد لە دە ساڵی ڕابردوودا بە ڕوونی نیشانی دەدەن ناوچەی سەهۆڵەکە گەلێک بچووک بووەتەوە – بەڵام ناکۆکی لەسەر هۆکارەکانی لە ناو پسپۆڕاندا هەیە. زۆربەی زانایان لەوە دڵنیان مرۆڤیش بۆ ئەو ڕووداوە بەرپرسیارە. نەک هەر خولەکانی کەشوهەوای سروشتی و پشکنینی داهاتوو بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی وزە ئەم

پرۆسەیەی خێراتر کردۆتەوە بەڵکوو مرڤ خۆشی کارتێکەرییەکی بەرچاوی هەبووە.

گوندەکانی نیزیک بە زەریای بێرینگ "Bering" و زەریای چوکچی "Tschuktsch" پێشتر ناچار بوون بگوازرێنەوە، چونکە کەنارئاوەکان بچووک بوونەتەوە و شوێنی ڕاوکردن لەدەستچووە. گۆڕانکارییەکی بایۆلۆژی لە ئارادایە. ورچە جەمسەرییەکان و ڕێویی جەمسەری باکوور ناچار ئەو ناوچانەیان بەجێ هێشتووە، کێبڕکێ لەسەر شوێنی ژیان لە ئارادایە و ماسییەکان لە سنوورە گۆماناوییەکانەوە بەرەو باکوور کۆچ دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بوونەوەرانی هەندێک وڵات و بەرزبوونەوەی هەندێکی دیکە. لەمرۆدا ماکرێل و ماسی کاد کە لە باکوور نەدەبینران، لە تۆڕی کەشتییە ڕاوکەرەکانی جەمسەری باکووردا دەبینرێن.

کاریگەرییەکانی توانەوەی سەهۆڵەکان تەنیا لە جەمسەری باکووردا سنووردار نین: وڵاتانی دووری وەک ماڵدیڤ "Malediven"، بەنگلادیش "Bangladesch" و هۆڵەندیش بەهۆی توانەوەی سەهۆڵەکە و بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریاکان مەترسی بەرزبوونەوەی لافاویان لەسەرە. ئەم کاریگەرییە شەپۆلاوییانە هۆکارن بۆ ئەوەی

جەمسەری باکوور وەک پرسێکی جیهانیی سەیر بکرێت نەک وەک پرسێکی ناوچەیی.




وێنە مانگە دەستکردەکان بە ڕوونی دەریدەخەن کە سەهۆڵەکانی جەمسەری باکوور پاشەکشە دەکەن، ئەمەش وایکردووە ڕێگا دەریاییەکانی ناوچەکە بۆ ماوەیەکی درێژتر لە ساڵدا بتوانرێت کەشتیوانی تێدا بکرێت و زیاتر دەستیان پێی ڕابگات.

لەگەڵ پاشەکشەی سەهۆڵەکە و دەرکەوتنی توندرا "Tundra"[٢٥]، ئەگەری زۆرە دوو هۆکار ڕەوتی سەرپۆشی خۆڵەمێشی سەهۆڵەکە خێراتر بکەن. لەگەڵ دەستپێکی بەرهەمهێنانی پیشەسازی پاشماوەی ماکەکان لەسەر بەفر و سەهۆڵ دەنیشێتەوە، ئەمەش توانایی خۆراگریی لەهەنبەر تیشکی تاویان لێ کەمدەکاتەوە (Albedo)[٢٦]. زەوی تاریک و ئاوی کراوە گەرمای زیاتر لە پلەی سەهۆڵ و بەفر هەڵدەمژن و جێگەیان دەگرنەوە، بەم شێوەیە بەردەوام ڕووبەری ناوچە تاریکەکان گەورەتر دەبنەوە. ئەم ڕەوتە جگە لە دەرئەنجامی نەرێنیی، دەرئەنجامی ئەرێنیشیان هەیە: گەرمبوونی توندرا دەبێتە هۆی گەشەکردنی زیاتری ڕووەک و کشتوکاڵ، ئەمەش بۆ پەرەپێدانی سەرچاوەی خۆراکی نوێ ئاسانکاریی بۆ دانیشتوانی ناوچەکە پێکدێنێ. لە هەر حاڵەتێکدا چیتر ناتوانین خۆمان لەو ڕاستییە بەدوور بگرین کە یەکێک لە دوایین ناوچە گەورە و دەست لێنەدراوەکانی سەر زەوی ڕووبەڕووی گۆڕانکاریی دەبێتەوە. هەندێک لە مۆدێلەکانی کەشوهەوا پێشبینی دەکەن کە جەمسەری باکوور بە تایبەت لە هاویندا تا کۆتایی ئەم

---

[٢٥] توندرا (بە دەشتی ساردیش ناسراوە) زاراوەیەکی گشتییە بۆ ناوچە وشکانییە کراوەکانی ناوچەی کەشوهەوای جەمسەری.

[٢٦] ئالبێدۆ پێوەرێکە بۆ هێزی ڕەنگدانەوە (ڕەنگدانەوەی تیشک) واتە ڕووبەرێکی دیار بەڵام ناڕوون.

سەدەیە سەهۆڵی تێدا نامێنێتەوە؛ چەند کەسێک گومانیان هەیە کە ئەم حاڵەتە گەلێک زووتر ڕوودەدات. ئەوەی دڵنیایە ئەوەیە کە ئەم دابەزینە هەرچەندە خێرا و دراماتیکیش بێت، لە ئێستاوە دەستی پێکردووە.

توانەوەی سەرپۆشی سەهۆڵەکە لە ئێستاوە ڕێگە بە کەشتییە بارهەڵگرەکان دەدات لە هاویندا بۆ چەند هەفتەیەک لە یەک کاتدا بە ڕێڕەوی باکووری ڕۆژئاوای نێوان دوورگەکانی کانەدادا تێپەڕن، ئەمەش لانیکەم هەفتەیەک ماوەی گواستنەوەی نێوان ئورووپا و چین کورت دەکاتەوە. لە ساڵی ٢٠١٤ یەکەم کەشتی بارهەڵگر بەبێ ئەوەی کەشتییەکی سەهۆڵ شکێنی لە پێشەوە بێت بەو ڕێگایەدا تێپەڕ بوو. کەشتیی نوناڤیک "Nunavik" ٢٣ هەزار تۆن کانزای نیکلی لە کانەداوە بۆ چین دەگواستەوە . ڕێگای جەمسەرییەکان بە ڕێژەی لەسەدا ٤٠ کورتتر بووەوە و لە چاو ئەو ڕێگایەی کە لە کاناڵی پەنەمادا تێدەپەڕێت بە ناو ئاوە قووڵەکاندا تێپەڕیبوو. ئەمەش وایکرد لە لایەکەوە باری زیاتر بۆ ناو کەشتیەکان تەرخان بکرێت، لەو لاشەوە دەیان هەزار دۆلار لە تێچووی سووتەمەنی پاشەکەوت بکرێت، هەروەها دەردانی گازی گەرمخانەی کەشتییەکە بە بڕی ١٣٠٠ تۆن کەم بکاتەوە. پێشبینی دەکرێت تا ساڵی ٢٠٤٠ لەم ڕێگاە بۆ ماوەی دوو مانگ لە ساڵدا بتوانرێت

کەشتیوانی تێدا بەڕێوەبچێت، ئەمەش گۆڕان بەسەر پەیوەندییە بازرگانییەکانی سەرانسەری "باکوری دوور"دا دێنێ و کاریگەریی دۆمینۆ لەسەر میسر و پانامای دوور دادەنیت، چونکە داهاتی کاناڵەکانی ئەو شوێنانە کەم دەبێتەوە.

دەروازەی باکووری ڕۆژهەڵات، یان ڕێگای دەریای باکوور وەک ئەوەی لە ڕووسیا ناویان ناوە، لە کەناراوەکانی سیبیریاوە تێپەڕ دەبێت و ئێستا ساڵانە چەند مانگێک کراوە دەمێنێتەوە، و بووەتە ڕێگایەکی دەریایی گەلێک بەناوبانگ.

هەروەها سەهۆڵە پاشەکشەکراوەکان پۆتێنسیالی ئەگەریی دیکە ئاشکرا دەکات. پێدەچێت لە ناوچەکانی جەمسەری باکووردا سەرچاوەی گازی سروشتی و نەوتی بەرفراوان هەبێت کە دواتر دەستی مرۆڤی پێ بگات. لە ساڵی ٢٠٠٨، لێکۆڵینەوەی جیۆلۆژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا "United States Geological Survey"مەزەندەی کردووە کە جەمسەری باکوور ٥٠ ملیارد کۆبیک متر گازی سروشتی و ٤٤ ملیارد بەرمیل گازی سروشتی تەڕ (NGL) و ٩٠ ملیارد بەرمیل نەوتی تێدایە کە زۆرینەی ڕەهایان لە ژێر دەریا هەڵکەوتوون. لە ئەگەری دەستڕاگەیشتن بە ناوچەکانی دیکە، دەتوانرێت جگە لەو سەرچاوە کانزاییانەی

که لە بەشێک لە جەمسەری باکووردا دەبینرێن، پاشماوەی زیاتری زێڕ، زینک، نیکل و ئاسن بدۆزرێتەوە.

کۆمپانیا گەورەکانی وزەی ئێکسۆن مۆبیل "ExxonMobil"، شێڵ "Shell"، ڕۆسنەفت "Rosneft" و کۆمپانیاکانی دیکە لە ناو پرۆسەی داواکاریی مۆڵەت و دەستپێکردنی هەڵکۆڵین و گەڕانی سەرچاوەکاندان. ئەو وڵات و کۆمپانیایانەی ئامادەن بەشداری لە ڕووتاندنەوەی ئەو سەرچاوانەدا بکەن، دەبێت لە کەشوهەوایەکدا چالاکی بکەن کە زۆربەی ساڵ شەو حاکم بێت، زۆربەی کات دەریا بە قووڵایی نزیکەی دوو مەتر بەستبێتی و شەپۆلەکانی ئاوی کراوە بتوانن بگەنە زیاتر لە دوانزە متر بەرزایی.

کارێکی پیس و سەخت و مەترسیدارە، بە تایبەت ئەگەر بتەوێت بە درێژایی ساڵ لە کارەکە بەردەوام بیت، هەروەها پێویستی بە وەبەرهێنانی بەرچاو دەبێت. لوولەی گاز لە زۆر شوێندا ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت و دروستکردنی وێستگەیەکی شلکردنەوەی ئاڵۆز لە دەریادا لە ڕوانگەی ماڵییەوە زۆر گرانە، بە تایبەت لە بارودۆخێکی ئاوا سەختدا. بەڵام ئەو دەستکەوتە دارایی و ستراتیژیانەی کە چاوەڕوان دەکرێن، دەبێتە هۆی ئەوەی حاکمانی ناوچەکان سەرووەریی خۆیان دووپات و سێ پات بکەنەوە، دەست بە هەڵکۆڵین

بکەن و کاریگەریی ئەگەریی ژینگە نەتوانێت ڕێگرییان لێ بکات.

بانگەشەی سەروەریی و مافی دەستبەسەرداگرتن بە ئاڵای یەکەمین پشکێنەرانەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکوو لە ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریا[٢٧] (SRÜ)سەرچاوە دەگرێت. ئەمەش بەو مانایەیە کە دەوڵەتێکی واژۆکار دەتوانێت داوای مافە ئابوورییە تایبەتەکانی لەو ناوچەیەدا بکات کە تا ٢٠٠ مایلی دەریایی لە کەنارئاوەکانییەوە دوورە و ئەم ناوچەیە بە ناوچەی ئابووری تایبەت بناسێنێت، بە مەرجێک لەگەڵ سنوورەکانی وڵاتانی دیکەدا ناکۆکی نەبێت. ئینجا نەوت و گازی ئەم شوێنە دیاریکراوە بە موڵکی ئەو دەوڵەتە دادەنرێت. لە هەندێک بارودۆخدا وڵاتەکە دەتوانێت تا ٣٥٠ مایلی دەریایی داوای درێژکردنەوەی ناوچەی ناوخۆیی خۆی بکات.

توانەوەی سەهۆڵبەندانەکانی جەمسەری باکوور هەڵوێستی هەشت وڵاتی ئەندامی ئەنجومەنی جەمسەری باکوور ئاڵۆزتر دەکات، ئەو مەکۆیەی جیۆپۆلەتیک دەکاتە

[٢٧] ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە یاسای زەریاکان ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتییە بەپێی یاسای دەریا کە مەبەست لێی ڕێکخستنی هەموو بەکارهێنانێکی زەریاییە. لە ١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٨٢ لە مۆنتیگۆ بەی "Montego Bay" کۆتایی هات و لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٩٤ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەمەش ساڵێک دوای دانانی ٦٠مین بەڵگەنامەی پەسەندکردن.

تاکتیکی جیۆپۆلار. وڵاتانی ئەندامی بریتین لە ”پێنج وڵاتی جەمسەری باکوور” – ئەو وڵاتانەی هاوسنوورن لەگەڵ زەریای جەمسەری باکوور، واتە کانەدا، ڕووسیا، ئەمریکا، نۆڕوێژ و دانمارک (بەهۆی دەسەڵاتی دادوەریی خۆی بەسەر گرینلاند) – هەروەها ئایسلەندا، فینلاند و سوید. هەموویان ئەندامی تەواون. هەروەها دوانزە وڵاتی دیکەش هەن کە پێگەی چاودێریی هەمیشەییان هەیە و دانیان بە "سەروەریی و ماف دەسەڵاتی دەوڵەتانی جەمسەری باکوور" بەسەر ناوچەکەدا ناوە. بۆ نموونە، ژاپۆن و هیندوستان کە پارەیان بۆ گەشتە زانستییەکانی جەمسەری باکوور دابین کردووە هەروەها چین کە بنکەیەکی زانستی لە دوورگەیەکی نورڕوێژ داناوە و کەشتییەکی سەهۆڵشکێنی مۆدێرن بەکاردەهێنێت، لە ساڵی ٢٠١٣وە لەلایەن ئەنجومەنی جەمسەری باکوورەوە پلەی چاودێریان پێدراوە.

بەڵام وڵاتانی دەرەوەی ئەنجومەنیش هەن بانگەشەی ئەوە دەکەن ئیدیعای ڕەوایان هەیە و دەڵێن، بەپێی "میراتی هاوبەشی مرۆڤایەتی"، جەمسەری باکوور دەبێت بۆ هەمووان کراوە بێت.

لە ئێستادا لانیکەم نۆ ناکۆکی یاسایی و ئیدیعای سەروەریی لە زەریای جەمسەری باکووردا هەن. هەموویان لە ڕووی یاساییەوە ئاڵۆزن و هەندێکیان توانایی ئەوەیان

هەیە گرژییەکی جددی لە نێوان ویلایەتەکان دروست بکەن. سەیر و سەمەرەترینیان لە ڕووسەکانەوە دێت: "مۆسکۆ پێشتر نیشانەی خۆی چەقاندووە - ئەویش لەژێر زەوییەکی قووڵ". لە ساڵی ٢٠٠٧ دوو ژێردەریایی بە قووڵایی ٤٢٦٠ مەتر ڕەوانەی خوارەوەی بنی دەریا لە جەمسەری باکوور کران، لەوێ بۆ ئەوەی ئیدیعای خۆیان ڕابگەیەنن ئاڵایەکی ژەنگاویی ڕووسیایان لە ناو دەریاکەدا چەقاند کە لە تیتانیۆم دروستکرابوو. تا ئەو شوێنەی ئێمە ئاگادارین، هێشتا لەوێ "دەسوڕێتەوە". کۆمیسیۆنێکی پسپۆڕانی ڕووسیا پێشنیاری گۆڕینی ناوی زەریای جەمسەری باکووریان کرد و تەنانەت بەدیلێکیشیان پێشکەش کرد: "دەریای ڕووسیا."

لە شوێنێکی دیکەدا ڕووسیا بەو ئارگۆمینتەوە دەڵێت کە زنجیرە شاخی"Lomonossow" لە کەنارئاوەکانی سیبیریا درێژکراوەی فەلاتی قوڕنەی سیبیریایە، بەو هۆیەوە تەنیا سەر بە ڕووسیایە. ئەمەش لە بەرامبەردا بۆ وڵاتانی دیکە بەو پێیەی ئەم زنجیرە شاخانە تا جەمسەری باکوور درێژ دەبێتەوە، کێشەی ساز کردووە. دۆخەکە بە تایبەتی بۆ ڕووسیا و نۆرویژ لە زەریای بارێنتس "Barents" گەلێک قورسە. نۆرویژ ئیدیعای ناوچەیەک وەک درێژکراوەی خاکی ناوخۆیی خۆی لەوێ دەکات، بەڵام ڕووسیا ئەمە

ڕەتدەکاتەوە. خاڵێکی مشتومڕی دیکە بریتییە لە دورگە و لووتکەی چیاکان کە باکووریترین خاڵی سەر زەویین و بەردەوام شوێنی نیشتەجێ بوونی مرۆڤە. زۆربەی وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئەو دوورگانە بە خاکی (سنووردار)ی نۆڕوێژ دەزانن، بەڵام لەسەر دوورگە سەرەکییەکە ژمارەی دانیشتوانی ڕووسی، واتە ئەو کۆچبەرانەی وەک بەشێک لە پیشەسازی کانگاکانی خەڵوز لەوێ نیشتەجێ بوون، لە زیادبووندایە. دیارە ئەو شاخ هەڵکەنانە قازانجێکی ئەوتۆ ناکەن، بەڵام کۆمەڵگەی ڕووسیا وەکوو ئەهرۆمێکی بەسوود بۆ پشتیوانیکردن لە ئیدیعای مۆسکۆ بۆ خاوەندارێی دوورگەکانی ئەو ناوچەیە کەڵکیان لێوەردەگرێ. ڕووسیا دەتوانێت لە هەر کاتێکدا گرژییەکان زیاتر بکات و بە ئیدیعای جوگرافی و ژمارەی دانیشتوانی ڕووسیا لەو ناوچانە وەک "ڕاستییەکی سەر زەوی" پاساو بۆ کارەکانی بهێنێتەوە.

دەوڵەتی ئەندامی ناتۆ نۆڕوێژ دەزانێت چی لە ئارادایە و باکووری دووری کردووەتە جێی سەرنجی سیاسەتی دەرەوەی خۆی. هێزی ئاسمانی وڵاتەکەی بەردەوام ڕێگری لە فڕۆکە جەنگییەکانی ڕووسیا دەکات کە لە سنوورەکانی نزیک دەبنەوە و بەهۆی بەرزبوونەوەی گرژییەکانیشەوە ناوەندی چالاکییە سەربازییەکانی لە باشوورەوە بۆ باکووری

وڵاتەکە گواستۆتەوە و خەریکی کۆکردنەوەی ستوونێکی جەمسەری باکوورە. کانەدا بۆ باشترکردنی توانایيەکانی سوپای وڵاتەکەی لە کەشوهەوای سارددا تێدەکۆشێ، دانمارکیش بە دروستکردنی هێزێکی کاردانەوەی خێرا لە جەمسەری باکوور وەڵامی زەق کردنەوەی ماسولکەکانی مۆسکۆی داوەتەوە.

هاوکات ڕووسیا سەرقاڵی پێکهێنان و ڕێکخستنی سوپای جەمسەری باکوورە. شەش بنکەی سەربازی نوێ لە قۆناغی دروستکردندان و چەندین بنکەی سەردەمی شەڕی سارد وەک ئەوانەی لە دوورگەکانی سیبیریای نوێن و پێشتر وێرانە بوون، ئاوەدان و ڕێڕەوی فڕینیش بەردەوام نۆژەن دەکرێنەوە. هەروەها هێزێکی سەربازی کە لانیکەم لە شەش هەزار شەڕکەر پێکهاتوون ئامادەکاریی بۆ ناوچەی مورمانسک "Murmansk" دەکەن. ئەمەش دوو تیپی پیادەی میکانیزەکراو دەگرێتەوە کە بە ئۆتۆمبێلی بەفر و کەشتیی ئاسمانی تەیارکراون.

بە هەڵکەوت نییە کە ئێستا بە مورمانسک ناودەبرێت "دەروازەی وزەی باکووری ڕووسیا" و سەرۆک پوتین بە ئاماژەدان بە دابینکردنی وزە وتوویەتی: "کێڵگە دەریاییەکان، بەتایبەتی لە جەمسەری باکوور، یەدەگی ستراتیژی ئێمەن و ئەمەش بۆ سەدەی بیست و یەکەم زێدەڕۆیی نییە ."

تیپەکانی مورمانسک دەبێتە بناغەی ئەو هێزانەی کە مۆسکۆ بۆ هەمیشە لە جەمسەری باکوور جێگیری کردوون. ڕووسیا توانایی شەڕ لە دۆخی کەشوهەوای ساردی خۆی لە ساڵی ٢٠١٤ بە مانۆڕێک نیشان دا کە ١٥٥ هەزار سەرباز و هەزاران تانک و فڕۆکە و کەشتی تێیدا بەشداربوون. وەزیری بەرگریی ڕوسیا ڕایگەیاند، ئەم مانۆڕە گەلێک گەورەترە لەوانەی لە سەردەمی شەڕی ساردا بەڕێوەچوون.

لەم یاریی شەڕەدا، سەربازانی ڕووسیا ئەرکی بەرپەرچدانەوەی لەشکرکێشیی زلهێزێکی بیانی بە ناوی "میسۆری(Missouri)"یان پێسپێردرا، کە بە ڕوونی مەبەست ئەمریکا بوو. سیناریۆکە ئەوە بوو کە سەربازانی "میسۆری" لە نیمچە دورگەی چوکچی "Tschuktschen"، کامچاتکا "Kamtschatka"، دوورگەکانی کوریل "Kurilen" و ساخالین "Sachalin" بۆ پشتیوانی لە دەوڵەتێکی بێناو لە ئاسیا کە پێشتر لەگەڵ ڕووسیا تێکهەڵچووبوو، جێگیر کرابوون. ئەو دەوڵەتەی ناوی نەهێنراوە ژاپۆن بوو و ململانێی ناو سیناریۆکە لە ئەنجامی ناکۆکییەکی خاکییەوە سەریهەڵدابوو، کە وەک چاودێران ڕوونیان کردەوە، لەسەر دوورگەکانی باشووری کوریل بووە. مەبەستی سەربازیی سیناریۆکە لە ڕووی سیاسییەوە کاتێک سەرۆک پوتین بۆ

یەکەمجار ناوچەی جەمسەری باکووری وەک کایەی بەرژەوەندیی ڕووسیا لە ڕێنماییە فەرمییەکانی سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا خستە لیستی بەرژەوەندییەکانییەوە، جەختی لەسەر کرایەوە.

سەرەڕای بچووکبوونەوەی هێزی ئابووریی ڕووسیا کە بووەتە هۆی کەمکردنەوەی بودجە لە زۆرێک لە بوارەکانی حکومەتدا، بەڵام بودجەی بەرگری ، بەشێکیش بۆ دابینکردنی دارایی بۆ بەهێزکردنی پلانی دارێژراوی قۆڵی سەربازی لە جەمسەری باکوور تا ساڵی ٢٠٢٠ زیادکراوە. مۆسکۆ خاوەنی پلانی داهاتوو، ژێرخانی ڕابردوو هەروەها سوودیشی لە بارودۆخی شوێنەکە وەردەگرت. وەک مێلیسا بێرت "Melissa Bert"، کاپتنێکی ژنی پاسەوانی کەنارئاوەکانی ئەمریکا بۆ سەنتەری توێژینەوە نێودەوڵەتی و ستراتیژییەکان لە واشنگتۆن دی سی ڕوونیکردەوە: "ئەوان شاریان لە جەمسەری باکوور هەیە؛ ئێمە تەنیا گوندمان هەیە".

لە زۆر ڕووەوە هەموو ئەمانە درێژەپێدەرن، یان لانیکەم بوژانەوەی سیاسەتی جەمسەری باکووری ڕووسیایە لە سەردەمی شەڕی سارددا. ڕووسەکان دەزانن کە ناتۆ دەتوانێت بە داخستنی تەنگەی سکاگێراک "Skagerrak"، ناوگانی باڵتیکیان لێ گەمارۆ بدات. ئەم گەمارۆ ئەگەرییە لەو ڕاونگەیەوە سەرنجڕاکێشە چونکە ناوگانی باکوور تەنیا

١٨٠ مایل ئاوی کراوەی دەریایی لە جەمسەری باکوور لە نێوان نیمچە دوورگەی کۆلا "Kola" و سەهۆڵبەندی جەمسەری باکوور لەبەر دەستدایە. کەشتییەکان دەبێت لەم کۆریدۆرە تەسکەدا چالاک و دواتر بە دەریای نۆرویژدا بەرەو باشوور برۆن، لەوێ پێش ئەوەی بگەنە زەریای ئەتڵەسی ڕووبەڕووی تونگەی تەنگاوی گیۆک"GIUK" دەبنەوە. لە سەردەمی شەڕی ساردا ئەم ناوچەیە لەلایەن ناتۆوە بە "ناوچەی مردوو" ناسرابوو، چونکە لێرەوە بوو بڕیار درا فڕۆکە، کەشتی و ژێردەریاییەکانی ناتۆ ناوگانی سۆڤیەت چاوەدێری بکەن.

ئەمەش شەڕێکی ساردی نوێیە، کە ستراتیژییەکانی وەک خۆیان ماونەتەوە. بەڵام ئەمریکییەکان هێزەکانیان لە خاکی ئایسلەندای هاوپەیمانی ناتۆ کشاندەوە. دیارە ئایسلەندا هیچ هێزێکی چەکداری تایبەت بە خۆی نەبوو و کشانەوەی ئەمریکا لەلایەن حکومەتی ئایسلەندا بە کردەوەیەکی "کورتبینانە" وەسفکرا. لە وتارێکیدا بۆ ئەنجومەنی ئەتلانتیکی سوید، بیۆرن بجارناسۆن"Björn Bjarnason"، وەزیری دادوەریی ئایسلەندا وتی: پێویستە ئامادەییەکی دیاریکراوی سەربازی لە ناوچەکەدا بپارێزرێت بۆ ئەوەی بەرژەوەندیی و تەماحەکانی دەوڵەتێک لەم ناوچە دیاریکراودا ڕوون بکرێتەوە. دەکرێت بۆشایی سەربازی

وەک نەبوونی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ئەولەویەت بە هەڵە لێکبدرێتەوە.

بەڵام بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی دە ساڵە ڕوون بووەتەوە کە جەمسەری باکوور ئەولەویەتێکی دیاریکراوی بۆ ڕووسەکان هەیە کە بۆ ئەمریکییەکان گەلێک کەمترە. ئەمەش بۆ گرنگیدانی هەردوو وڵات بە ناوچەکە ڕەنگ دەداتەوە - یان باشتر بڵێین، گرنگینەدانی ڕێژەیی، وەک لە دۆخی ئەمریکادا لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتەوە پیشە کراوە. دروستکردنی کەشتییەکی سەهۆڵشکێن تا ملیاردێک دۆلاری تێدەچێت و دە ساڵی کات پێویستە.ڕووسیا بە گەورەترین ناوگانی سەهۆڵشکێن لە جیهاندا - بەپێی ڕاپۆرتێکی پاسەوانی کەنارئاوەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٣دا، کە بە گشتی ٣٢ ناوگان لەخۆ دەگرێت - بە ڕوونی هێزی پێشەنگی جەمسەری باکوورە. شەش لەو کەشتییە سەهۆڵشکێنانە بەهێزی موتوڕی ئەتۆمی کار دەکەن – کەشتییەک کە لە چەشنی خۆیاندا تاقانەن - هەروەها ڕووسیا بەنیازە لە ساڵی ٢٠١٨ بەهێزترین کەشتی سەهۆڵشکێن لە جیهاندا بخاتە بازاڕەوە. دەتوانێت سەهۆڵ بە ئەستووری سێ مەتر بشکێنێت و هێزی ڕاکێشانی تانکەری نەفتی تا ٧٠ هەزار تۆن لە ڕێگەی کێڵگە سەهۆڵییەکانەوە هەیە.

له بەرامبەردا، ناوگانی ئەمریکی تەنیا له یەک کەشتی سەهۆڵشکێنی قورس پێکدێت – واتە کەشتی " USS Polar Star". له ساڵانی شەستەکاندا هەشت کەشتی سەهۆڵشکێن هەبوون، بەڵام هیچ پلانێکیش نییه بۆ دروستکردنی زیاتر. تەنانەت له ساڵی ۲۰۱۲دا ئەمریکا ناچار بوو بۆ گەیاندنی پێداویستییەکان بۆ وێستگەی توێژینەوەکەی له ئەنتارکتیکا "Antarktis" پەنا بۆ کەشتییەکی ڕووسی ببات – له لایەک پێشکەوتنێکه له هاوکاریی نێوان زلهێزەکان، بەڵام له لایەکی دیکەشەوه بەڵگەیه لەسەر ئەوەی ئەمریکا لەو ڕەوەوه چەنده له ڕووس لەدوایه.

لەو تێکنۆلۆژیایەدا هیچ وڵاتێکی دیکه نییه ببێته کێبەرکێکاری ڕووسیا: کانەدا شەش کەشتی سەهۆڵشکێنی هەیه و حەوتەمیش له قۆناغی دروستکردندایه، فینلاند هەشت، سوید حەوت، دانمارک چوار و چین و ئەڵمانیا و نۆڕوێژ هەرکامیان خاوەنی یەک کەشتین.

ئەمریکا کێشەیەکیتریشی هەیه. دانی به ڕێککەوتننامەی نەتەوه یەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریادا نەناوه و به کردەوه ٥٠٠ هەزار کیلۆمتری چوارگۆشه له ژێر ئاوی جەمسەری باکووری ڕەها کردووه، چونکه ئیدیعای ناوچەی ئابووریی ئەو شوێنەی نەکردووه.

سەرەڕای ئەوەش، ناکۆکی لەگەڵ کانەدا هەیە لەسەر مافی هەڵکۆڵین و کونکردنی کاناڵی دەریایی و دەستڕاگەیشتن بە ئاوەکانی دوورگەکانی کانەدا. کەنەدا بانگەشەی ئەوە دەکات ئەمە "ڕێڕەوێکی دەریایی نیشتمانییە"، لە کاتێکدا ئەمریکا دەڵێت تەنگەیەکی دەریاییە و مافی تێپەڕبوونی نێودەوڵەتی هەیە و ناچێتە ژێر یاساکانی کانەداوە. ئەمریکا لە ساڵی ١٩٨٥ کەشتییەکی سەهۆڵشکێنی ناردە ناوچەکە بەبێ ئەوەی پێشوەختە کانەدا ئاگادار بکاتەوە، ئەمەش ناکۆکییەکی توندی نێوان ئەو دوو دراوسێیەی لێکەوتەوە، کە زۆرجار پەیوەندیی دۆستانە و جاروباریش گرژیان پێکەوە هەیە.

جگە لەوەش ئەمریکا لەسەر دەریای بێرینگ و زەریای جەمسەری باکوور و باکووری زەریای هێمن لەگەڵ ڕووسیا ناکۆکی هەیە. لە ساڵی ١٩٩٠ ڕێککەوتنێک لەسەر سنووری دەریایی نێوان سیبیریا و ئەلاسکا لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی ئەوکات واژۆ کرا و تێیدا مۆسکۆ دەستبەرداری ناوچەیەکی ڕاوە ماسی کرا. بەڵام دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، پەرلەمانی ڕووسیا ڕەتیکردەوە ئەو ڕێککەوتنە پەسەند بکات. هەردوولا ئەو ناوچەیە بە خاکی ئەمریکا دەزانن، بەڵام ڕووسەکان بە مافی خۆیان دەزانن دووبارە دانوستان لەسەر بابەتەکە بکەنەوە.

ناکۆکییەکانی دیکە بریتین لە کێشەی نێوان کانەدا و دانمارک لەسەر دوورگەی هانس "Hans" کە دەکەوێتە سەر شەقام یاخود تەنگەی نارێس "Nares" لە نێوان گرینلاند و دوورگەی ئێلێسمێر"Ellesmere". گرینلاند- کە ژمارەی دانیشتووانی ٥٦ هەزار کەسە - ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی هەیە بەڵام لە ژێر سەروەری دانمارکدا ماوەتەوە. ڕێککەوتنێک کە لە ساڵی ١٩٥٣ لە نێوان دانمارک و کەنەدا ئەنجامدرا، پرسی دوورگەی هانس بە کراوەیی هێشتەوە و لەو کاتەوە هەردوو وڵات کێشەیان بۆ دروست بووە بۆ ئەوەی بچنە ئەو دوورگەیە و ئاڵای خۆیان لەوێ هەڵبکەن.

هەموو ئەم چەشن پرسیارانەی سەروەریی لە خواست و ترسەکانەوە سەرچاوە دەگرن - خواستی دەستەبەرکردنی ڕێگاکان بۆ هەردوو کەشتیوانی سەربازی و مەدەنی، خواستی کۆنترۆڵکردنی سامانە سروشتییەکانی ناوچەکە و ترسی ئەوەی مرۆڤ ئەو خاکەی لەدەستی دەدات، وڵاتانی دیکە بیخەنە ژێر کونترۆڵی خۆیانەوە. تا ئەم دواییانە سامانە سروشتییەکان بابەتێکی تیۆری بوون، بەڵام توانەوەی سەهۆڵ وایکردووە ئەو تیۆرییە گونجاو بکرێت و لە هەندێک حاڵەتدا تەنانەت دڵنیاییش پێک بێنێت.

توانەوەی سەهۆڵ، جوگرافیا و گرەوەکان دەگۆڕێت. ئێستا دەبێت وڵاتانی جەمسەری باکوور و هێزدارانی وزە

سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم گۆڕانکاریانە بڕیار بدەن و ڕوونی کەنەوە تا چ ڕادەیەک دەتوانن ڕەچاوی ژینگە و گەلانی جەمسەری باکوور بکەن. پێداویستییەکانی وزە ئەوە پیشان دەدەن کە لەم "یارییە گەورە نوێیەدا" وەک هەندێک لە پسپۆڕانی جەمسەری باکوور ناویان ناوە، کێبەرکێیەکی حەتمییە.

کەشتییەکی زۆرتر دێنە باکووری دوور، چەندین سەکۆی هەڵکۆڵین و کونکردنی زیاتر دروست دەکرێن- لە کۆتاییدا، ڕەنگە زۆر زیاتر لەوانەش بێت کە باسی لێوەدەکرێ. تەنانەت ڕووسەکان جگە لە کەشتییە سەهۆڵشکێنە ئەتۆمییەکانیان کە بەرگەی گوشاری زیاتر لە سێ مەتر سەهۆڵ دەگرێت بیر لە دروستکردنی وێستگەیەکی ئەتۆمی ئالۆزیش دەکەنەوە.

بەڵام سەرەڕای ئەوانەش جیاوازیی هەیە لە نێوان بارودۆخی ئێرە و "کێبەرکێی لەسەر ئەفریقا" لە سەدەی نۆزدەهەمدا یان فێڵی زلهێزەکان لە "گەمەی مەزن"ی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هیندوستان و ئەفغانستان. ئەمجارە یاسا و مەکۆیەک هەیە کە بڕیارەکانی تێدا دەدرێت. ئەنجومەنی جەمسەری باکوور لە دەوڵەتانی پێگەیشتوو پێکهاتووە کە زۆربەیان کەم تا زۆر دۆخێکی دیموکراسی بەسەریاندا حاکمە. یاسایەکی نێودەوڵەتی هەیە

که ناکۆکییەکانی خاک، پرسەکانی پیسبوونی ژینگە، سەروەریی ئاو و هەڵسوکەوت لەگەڵ کەمینەکان ڕێکدەخات. زۆربەی ئەو ناوچە یاخود خاکانەی کە باسی لێوە دەکرێت نە وەک بەشێک لە ئیمپریالیزمی سەدەی نۆزدەهەم و نە لە شەڕەکانی نێوان دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا داگیرکراون یان دەستیان بەسەرداگیراوە.

وڵاتانی جەمسەری باکوور دەزانن کە نیشتمانیان کەمتر بەهۆی شەڕی لایەنەکانەوە، شوێنێکی گەلێک مەترسیدارە، بەڵکوو بەهۆی ڕووبەڕووەوەستانی جوگرافییەوە بۆیان دروست بووە. ناوچەی جەمسەری باکوور ١٤ ملیۆن کیلۆمتری چوارگۆشە ئاوی تێدایە کە دەتوانێت تاریک، مەترسیدار و گەلێک کوشندە بێت. ئەمە شوێنێک نییە کە مرۆڤ بێ هاوڕێ بهێڵێتەوە. هەمووان دەزانن کە تاکە ڕێگای سەرکەوتن لەم هەرێمەدا هاوکاریی گشتییە. ئەمەش بە تایبەتی هەموو پرسەکانی وەک ڕاوەماسی، قاچاخچێتی، تیرۆر، ئۆپەراسیۆنەکانی ڕزگارکردن و کارەساتی ژینگەیی دەگرێتەوە.

بەو پێیەی بەریتانیا و ئایسلەند نزیک بوو لە کاتی "شەڕ بۆ مافی ڕاوەماسی" لە ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٧٠دا، پێکدادان لە نێوانیاندا پێک بێت، پێدەچێت ئەگەری ئەوە هەبێت کە ناکۆکی لەسەر مافەکانی ڕاوەماسی بۆ

ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جددیتر بتوانێت پەرەبستێنێت. قاچاخچێتی لەسەر هەموو ڕێگاکانی گواستنەوە ڕوودەدات و هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی بڵێین لە جەمسەری باکووردا جیاوازی دەبێت؛ بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئەوێ، کۆنترۆڵکردنەکان گەلێک ئاڵۆز و قورسترن. لەگەڵ هاتنی زیاتری کەشتییە بازرگانی و گەشتیارییەکان بۆ ناوچەکە، پێویستە تواناییەکانی وڵاتانی جەمسەری باکوور بۆ ڕزگارکردن و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر گەشە بکەن. هەمان شت بۆ توانایی وەڵامدانەوەی کارەساتێکی ژینگەیی لە ئاوە قەرەباڵغەکاندا دەگونجێت. هەر وەک دەزانین کارەساتێکی ڕیاکتۆر لە دەریادا لەسەر کەشتی سەهۆڵشکێنی لینین لە ساڵی ١٩٦٥ ڕوویدا. دوای گەڕانەوەی بۆ سەر ئیشکانی، بەشێک لە ڕیاکتۆرەکە لەگەڵ سووتەمەنی پیس لەناو تابوتێکی پۆڵاییدا ڕاگیران، کە دواتر بۆ ناو دەریا نوقم کرا. بە دڵنیاییەوە ئەم چەشنە ڕووداوانە زیاتر دەبن کاتێک جەمسەری باکوور کراوەتر بێت، بەڵام بەڕێوەبردنیان تا ئێستاش وەک ڕووبەڕووەوەستانێک دەمێنێتەوە.

ڕەنگە جەمسەری باکووریش بیسەلمێنێت کە گۆڕەپانی شەڕێکی دیکەیە بۆ دەوڵەتە نەتەوەییەکان - چونکە هەم ترس لە یەکتر و هەم تەماح، هۆکاری پێکهێنانی شەڕن. بەڵام جەمسەری باکوور جیاوازە و ڕەنگە هەر بۆیەش

شێوازی مامەڵەکردنمان لەگەڵیدا جیاواز دەنوێنێ. لە فیلمی 'کالیفۆرنیا'دا، ئەو کارەکتەرەی براد پیت "Brad Pitt" ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت دەڵێت: "سەرما خەڵک گەمژە دەکات، دەبێت باوەڕم پێبکەن". بە دڵنیاییەوە پێویست ناکات باوەڕی پێ بکەین.

## گوتەی کۆتایی

ئێمەی مرۆڤ دواجار وەسەر لوتکەی گۆی زەوی کەوتبووین، بۆیە ئێستا تاکە ڕێگەمان بەرەو بۆشایی ئاسمانە.

ئەم قۆناغە کۆتاییە هەمیشە خەیاڵی ئێمەی بە خۆوە خەریک کردووە، بەڵام ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە مرۆڤایەتی خەونەکەی بەدیهێناوە و هەنگاوی بۆ بۆشایی ئاسمان هەڵێناوە - یەک ملیمتر بۆ ناوەوەی بێکۆتایی لەو گەشتەماندا بۆ داهاتوو. ڕۆحی نائارامی مرۆڤ خەمی ئەوە دەخوات کە سنوورەکانمان لەسەر ئەو شتەی کارل ساگان "Carl Sagan" ناوی لێنابوو "خاڵە شینەکەی بۆشایی ئاسمان" سنووردار نییە. بەڵام ئێمە دەبێت هەمیشە لەسەر ڕاستەقینەبوونی شتەکان بمێنینەوە – هەندێکجار بە شێوەیەکی نائاساییش، چونکە هێشتا بەسەر جوگرافیای خۆمان یان مەیلمان بۆ مشتومڕکردن لەسەری گونجاو نەکردووە. جوگرافیا هەمیشە وەک جۆرێک لە زیندان کاردەکات - زیندانێک کە پێناسەی ئەوە دەکات دەوڵەت چییە یان دەتوانێت چی بێت. هەروەها دۆخێک کە

سەرکردەکانی جیهانی زۆرجار هەوڵیان داوە لێی ڕزگاریان بێت.

ڕەنگە ڕووسیا ڕوونترین نموونە بێت: لەو ناوچە بچووکە نزمەی کە لە سەرەتادا کۆنترۆڵی دەکرد، بە شێوەیەکی ئۆرگانیک خۆی فراوانتر کردەوە تا خاکێکی ناوەکیی فراوانی پێکهێنا، کە تا ڕادەیەکی زۆر بە شاخ و دەریا دەورە دراوە – تەنیا یەک لایەنی کراوەی هەیە، دەشتی باکووری ئورووپا. کاتێ سەرکردەکانی ڕووسیا دەیانویست دەسەڵاتێکی گەورە دروست بکەن، کە کردیشیان، هیچ بژاردەیەکیان نەبوو جگە لە فاکتەری خاڵی لاواز. بە هەمان شێوە لە ئورووپادا، هیچ بڕیارێکی هۆشیارانە نەبوو بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی بازرگانی فراوان - لە ڕاستیدا تۆڕێکی ڕووباری درێژ و پڕئاو کە لە کردەوەدا و لە ماوەی هەزارەکاندا ئەو کارەی گونجاو کرد.

تەنانەت لەگەڵ پێشکەوتنی سەدەی بیست و یەکەمدا، ئەو فاکتەر و هۆکارە جوگرافیانەی کە مێژووی ئێمەیان لە قاڵب داوە، بەردەوام دارشتنی داهاتوومان بۆ دیاری دەکەن: سەدان ساڵیتریش، ڕووسیا بەردەوام دەبێت بە شێوەیەکی ترسهێنەرانە سەیری ڕۆژئاوا بکات، بەسەر ئەو دەشتەدا کە هەمیشە وەک دەشتێکی لاواز بۆی دەمێنێتەوە. هیندوستان و چینیش بەردەوام بەهۆی هیمالایا لێک جیا دەمێننەوە. ئەگەری ئەوە هەیە

ململانێیەک لە نێوانیاندا دروست بێت، بەڵام ئەگەر ئەوە ڕوویدات، جوگرافیا سروشتی شەڕەکە دیاری دەکات: یان دەبێت تێکنۆلۆژیا پەرەپێبدەن کە ڕێگە بە هێزێکی گەورە بدات لە چیاکان بپەڕنەوە، یان ئەگەر ئەوە گونجاو نەبێت و هیچ لایەنێک شەڕی ئەتۆمییان نەوێت، ئەوا ناچار دەبن لە دەریادا شەڕ بکەن. فلۆریدا لە پاراستنی دەروازەی چوونە ژوور و دەرچوون بۆ کەنداوی مکزیک بەردەوام دەبێت. گرنگ شوێنی کەنداوەکەیە نەک ئەوەی کێ کۆنترۆڵی دەکات. با سیناریۆیەکی زێدەڕۆ و دوور لە چاوەڕوانی لەبەرچاو بگرین: فلۆریدایەک کە زۆرینەی لاتینین، لە ئەمریکا جیا دەبێتەوە و لەگەڵ کوبا و مکزیک دەچێتە ناو هاوپەیمانییەوە. ئەمەش تەنیا دینامیکی کۆنترۆڵکردنی کەنداو دەگۆڕێت نەک گرنگی شوێنەکەی.

بێگومان جوگرافیا ڕەوتی هەموو ڕووداوەکان دیاریی ناکات. ڕوانگەی جیاواز و سەرکردە لێهاتووەکان بە هەمان شێوە یاریزانێکی گرنگن لە هەوراز و نشێوەکانی مێژوویدا. بەڵام هەموویان دەبێت لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدا کاربکەن کە جوگرافیا بەسەریاندا دەسەپێنێت. ڕەنگە سەرکردەکانی بەنگلادیش خەون بەوەوە ببینن کە ئاوەکانی کەنداوی بەنگال نەچێتە ناو وڵاتەکەوە، بەڵام دەزانن کە لەسەدا ٨٠ی وڵاتەکە لەسەر ناوچەیەک هەڵکەوتووە کە

هەڕەشەی لافاوی لەسەرە. لە بەنگلادیش تەنیا شتێک کە دەتوانن بیکەن وەڵامدانەوەی ئەو چەواشەکارییە سروشتیانە و جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی زیاتری کۆنترۆڵکردنی لافاوە و هیوادارن پێشبینییەکانی بەرزبوونەوەی ئاستی دەریا بەهۆی گەرمبوونی جیهانەوە زێدەڕەوییان تێدا کرابێت.

ڕاستییەکانی جوگرافیای نوێ، وەک ئەو دۆخەی گۆڕانی کەشوهەوا هێناویەتییە ئاراوە، بە مانای دەرفەت و ڕووبەڕوووەستانی نوێ سەیر دەکرێت. گەرمبوونی جیهان بە ئاسانی دەتوانێت ببێتە هۆی کۆچی بەکۆمەڵی مرۆڤ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر. ئەگەر ماڵدیڤ "Malediven" و زۆرێک لە دوورگەکانی دیکە بەڕاستی لەلایەن دەریاوە قووت بدرێن، کاریگەرییەکە نەک هەر لەسەر ئەو کەسانە دەبێت کە توانیویانە لە کاتی خۆیدا شوێنەکە بەجێبهێڵن، بەڵکوو کاریگەریی لەسەر ئەو وڵاتانەش دادەنێ کە پەنایان بۆ دەبەن. ئەگەر دۆخی لافاو لە بەنگلادیش خراپتر بێت، داهاتووی وڵات و ١٦٠ ملیۆن دانیشتووەکەی گەلێک تاریک دەبێت. ئەگەر ئاستی ئاو زۆر زیاتر بەرزبێتەوە، ئەوا دەکرێت ئەو وڵاتە هەژارە بە تەواوی ژێرئاو بکەوێت. هەروەها ئەگەر دۆخی بیابانبوونی خاکی وڵاتەکە لە نێو کەنارئاوەکانی درێژەی بێت، شەڕەکانی وەک ئەوەی لە دارفۆر "Darfur"ی سودان ڕوویدا(کە بەشێکی بەهۆی

هەراسانکردنی کۆچەرییەکانی باکوور بەهۆی بیابانەکانەوە بووە، ناچاری کردوون بەرەو باشوور بەرەو خەڵکی فور "Fur" بڕۆن) توندتر و زۆرتر دەبنەوە.

کێشەیەکی دیکەی ئەگەریی شەڕ و کێبەرکێ لەسەر ئاوی شیرینە. تەنانەت ئەگەر لە دەیەکانی داهاتوودا دیموکراسی سەقامگیر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرهەڵبدات، دابەزینی ئاستی ئاوی ڕووباری "Euphrat" کە سەرچاوەی ڕووباری فوراتە و لە تورکیاوە سەرچاوە دەگرێت، بە ئاسانی دەتوانێت شەڕ لەگەڵ وڵاتانی خوارەوەی سوریا یان عێراق دەستپێبکات ئەگەر تورکیا بۆ دەستەبەرکردنی بژێوی ژیانی خۆی ناچار بێت بەنداو دروست بکات.

بە چاوخشاندنێکی زیاتر بۆ داهاتوو، لەگەڵ دەرچوونمان لە زیندانی جوگرافیای خۆمان و چوون بەرەو بۆشایی ئاسمان، ناکۆکییە سیاسییەکان لە بۆشایی ئاسمان، لانیکەم لە داهاتوویەکی نزیکدا بەردەوام دەمێننەوە. مرۆڤێک بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦١ توێژی سەرەوەی ستراتۆسفێری "Stratosphäre"[٢٨] شکاند، کاتێک یوری گاگارین "Gagarin" گەردوونناسێکی بیست و حەوت ساڵان بە کەشتیی فەزایی ڤۆستۆک ١ "Wostok" گەیشتە بۆشایی ئاسمان، ئەوە

[٢٨] ستراتۆسفێر توێژی دووەمی بەرگەهەوای زەوییە، دەکەوێتە سەرووی ترۆپۆسفێر"Troposphäre"ەوە و بۆ بەرزی نزیکەی ٥٠ کیلۆمتر بەرز دەبێتەوە.

ڕووناکییەکی خەمناک دەخاتە سەر مرۆڤایەتی کە ناوی هاو وڵاتییەکەی، "کڵاشینکۆڤ"، زۆر زیاتر ناسراوە.

گاگارین و بوز ئاڵدرین "Buzz Aldrin" و چەندین کەسی دیکە لە نەوەی مارکۆ پۆلۆ و کریستوفر کۆلۆمبۆسن، ئەم پێشەنگانە سنوورەکانیان بەزاند و جیهانیان گۆڕی. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە بە باش یان بە خراپ ئەو کارانە بەڕێوەچووبێت؛ ئەوان فەزا و دەرفەتێکی نوێیان دۆزیەوە، کە دواتر وڵاتان کێبڕکێ لەسەر دەکەن بۆ ئەوەی زۆرترین سوود لەو شتانە وەربگرن کە سروشت دابینی کردوون. ئەمەش پێویستی بە چالاکیی نەوەیەکی زۆرە، بەڵام تەنانەت لە بۆشایی ئاسمانیشدا ئاڵاکانمان بەرز دەکەینەوە، خاکەکان "داگیر دەکەین"، داوای زەوی دەکەین و بەسەر ئەو ئاستەنگانەدا زاڵ دەبین کە گەردوون بۆی گونجاو کردووین.

لەمڕۆدا نزیکەی هەزار مانگی دەستکرد(ماهوارە)ی کارا لە بۆشایی ئاسمان و لانیکەم دوو هەزار مانگی دەستکرد کە ئیتر کارناکەن، بوونیان هەیە. نزیکەی ٢٤٠٠ لە سەرجەم مانگە دەستکردەکان لەلایەن ڕووس و ئەمریکییەوە نێردراون، نزیکەی ١٠٠ مانگی دەستکرد لە لایەن ژاپۆنەوە و نزیکەی هەمان ژمارەیان هی چینە و ئەوانی دیکەش لەلایەن کۆمەڵێک وڵاتەوە بە هاوبەشی کاریان لەسەر

کراوە. لە ژێر مانگە دەستکردەکاندا ئەو وێستگە بۆشاییانە هەن کە مرۆڤ بۆ یەکەمجار بەبێ هێزی کێشیی زەوی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن تێیدا دەژین و کاردەکەن. لەوەش زیاتر، لەسەر مانگ، ڕەنگە لانیکەم پێنج ئاڵای ئەمریکا هێشتا دەشەکێنەوە و تەنانەت مەودایەکی دوورتر، زۆر دوورتر، زانستی پیشەسازیی مرۆڤ توانیویەتی لە مەریخ و موشتەریش تێپەڕێت. هەندێکیان لە ڕێگادان. تەنانەت بۆ ئەو شوێنانەی لە دەرەوەی ئەو شتانەن کە بە چاومان دەتوانین بیبینین یان هەوڵی تێگەیشتنی دەدەین.

بیرکردنەوەیەکی سەرنجڕاکێشە چالاکیی و هەوڵەکانمان لە بۆشایی ئاسمان لە داهاتوودا و لەسەر هاوکاریی هاوبەش مرۆڤایەتی یەکدەخات. بەڵام جارێ پێشبڕکێی باڵادەستی بۆشایی ئاسمان لەناو هێزەکاندا بەردەوام دەبێت. دیارە مانگە دەستکردەکان تەنیا بۆ بڵاوکردنەوەی وێنە تەلەفزیۆنییەکان یان پێشبینیکردنی کەشوهەوا کەڵکیان لێ وەرناگیرێ - ئەوان سیخوڕی بەسەر وڵاتانی دیکەدا دەکەن، چاودێری دەکەن کێ لە کوێ و بە چییەوە خۆی سەرقاڵ کردووە. جگە لەوەش ئەمریکا و چین پەرە بە تێکنۆلۆژیای "لەیزەر" دەدەن کە دەتوانرێت وەک چەک بەکاربهێنرێت و هەردووکیان بەدوای سیستەمی مووشەکیدا دەگەڕێن کە دەتوانن لە بۆشایی ئاسمان بۆ

بێلایەنکردنی وەشانی نەیارەکانیان جێگیری بکەن. زۆرێک لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی تێکنۆلۆژیا لە ئێستادا خۆیان ئامادە دەکەن لە ئەگەری ناچاربوونیان لە بۆشایی ئاسمان شەڕ داگیرسێنن. ئەگەر بمانەوێت خۆمان بخەینە ناو دنیای ئەستێرەکانەوە، ئەوا ئەو ڕووبەڕووەوەستانەی تووشی دەبین بە چەشنێک دەبێت کە ڕەنگە ناچار بین بۆ تێپەڕاندنیان هێزەکانمان یەکبخەین - هەروەها گەشتکردن بە بۆشایی ئاسماندا نەک وەک ئامانجی ڕووسی، ئەمریکی، یان چینی، بەڵکوو وەک نوێنەری مرۆڤایەتی بەڕێوەبچێت. هەرچەندە لەو شوێنانە توانیومانە خۆمان لە کۆت و بەندەکانی هێزی کێشیی زەوی ڕزگار بکەین، بەڵام هێشتا دیلی مێشکی خۆمانین، بەهۆی بێمتمانەییمان بە "ئەوانی دیکە" هەروەها کێبڕکێی دێرینەمان بۆ خاوەندارێی سەرچاوەکان، سنوورداری کردوین. هێشتا ڕێگایەکی دوور و درێژمان لە پێشە.

تەواو